هاوڕێ باخەوان

# وشە پەرتەوازەکان

## بەرگی یەکەم




سەرجەمی 100وتارو کورتە لێکۆڵینەوەیە کە لەنێوان ساڵانی 1995و 2005دا لەگۆڤارو ڕۆژنامەو ماڵپەڕە کوردی و بێگانەکانی کوردستان و هەندەران بڵاوکراونەتەوە

وشە پەرتەوازەکان

هاوڕێ باخەوان

بەرگی یەکەم



لە ڕۆژی 28ی فێبریوەریی ساڵی 1966لە گەڕەکی (گۆیژە)ی شاری سلێمانی لەدایکبووم. هەر لە سلێمانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی ڕشتەی وێژەییم تەواو کردووە. ساڵی 1984 چوومەتە بەشی یاسای کۆلیژی یاسا و رامیاریی زانکۆی موسڵی کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێراق. لە تەمەنی منداڵیمەوە حەزم لە خوێندنەوە و نووسینی هەڵبەست کردووە, بەڵام تائێستا یەك دێڕە هۆنراوەم بڵاونەکردووەتەوە. هاوینی 1978بەشێکی ماڵەکەمان سووتا و ئەوکاتیش دەفتەری شیعرەکەی منیش بووە خۆراکی ئاگر و ئیتر بەلای نووسینی هەڵبەستدا نەچوومەوە. پاشتر دەستمکردە خوێندنەوەی چڕی مێژوویی و رامیاری و یەکەمین لێکۆڵینەوەی مێژوویی خۆمم ساڵی 1986نووسی. ئەو لێکۆڵینەوەیەم لە دەمەدەمی ئەنفالەکاندا لەگەڵ دەفتەری بیرەرەوەریی پێشمەرگایەتیم لە گوندی (شەمە)ی شارەزوور شاردەوە و بەڵام بەداخەوە پاشان لەناوچوون و هەرگیز دەستم نەکەوتنەوە. لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە بوومەتە ئەندامی پاسۆك، چ وەك ڕێکخستن, چ وەك پێشمەرگە. هەندێك جار زۆر چالاك بووم و هەندێکجاریش سست. بەڵام پێش ئەوەی پاسۆك لەگەڵ هەندێك حیزبی تردا یەکبگرێت وازم لە پاسۆکایەتی هێنا. ڕۆژی 5ی مارتی 1992وڵاتم بەجێهێشت و بەرەو سووریا و پاشان لوبنان کەوتمەڕێ و لەکۆتایی ئەوساڵەدا لە وڵاتی هۆڵاند گیرسامەوە.
لەوکاتەوە لەگەڵ بەنازی خێزانم لەوێ دەژین و کوڕێك و کچێکمان بەناوی (میتان و ئارتین) ەوە هەیە. ساڵانێکە کارمەندی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانم و ئێستا لە دادگای لاهای لە بەشی یۆگۆسلاڤیای پێشوو کاردەکەم.



**هاوڕێ باخەوان**

# وشە پەڕتەوازەکان

**بەرگی یەکەم**

سەرجەمی 100 وتار و کورتە لێکۆڵینەوەیە کە لە نێوان ساڵانی 1995 و 2005دا لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردی و بێگانەکانی کوردستان و هەندەراندا بڵاوکراونەتەوە



ناوی پەڕتووک: وشە پەرتەوازەکان

نووسەر: هاوڕێ باخەوان

**بابەت: کۆمەڵە وتار و کوورتە لێکۆڵینەوە**

**ساڵی چاپ: 2009**

**نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم**

**بەرگ: یەکەم**

**کێشانی بەرگ: حسێنی هیممەتی**

**ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان: ژمارەی سپاردنی (1994)ی ساڵی (2008)ی پێدراوە.**

**چاپخانەی سیما – سلێمانی**

# ناوەڕۆک

ناوەڕۆک ........ 3
وتەیەك ........ 11
ئەو وشانەی دوو "حکومەت" لێی دەترسن! ........ 13
بەسەرکردنەوەی پێشمەرگەیەکی کۆن ........ 22
داگیرکردنی ڕێکخراوە کلتوورییەکان ........ 30
دەربارەی رای گشتیی کوردی ........ 36
نێوانی یەکێتی و پارتی، دوژمنایەتیی راستینە و ئاشتیی درۆیینەیە! ........ 48
لێدوانێك دەربارەی دەستووری هەرێمی باشووری کوردستان ........ 66
بروسکەی شەرمەزاری ........ 87
روونکردنەوەیەك لەسەر (ئەنسیکلۆپیدیای مێژووی کوردستان و کورد) ........ 90
مێژوو، بۆ فرۆشتن؟! ........ 103
رۆڵی پارتی ئۆپۆزیسۆن لە رووداوەکانی باشووری کوردستاندا ........ 110
العوسج أو أنجة ممند ........ 124
گورگە بۆر بوو بە تاوانبار لە میدیای هۆڵەندیدا ........ 129



وشه پەڕتەوازەکان (بەرگی یەکەم) هاوڕێ باخەوان

گرفتی کورد، گرفتی رووناکبیرانێتی ........ 136
ئاڵەکۆکێك بۆ گڵکۆی (رەهبەر جەلال مامەش) سەربازی ونی هونەر و وشەی کوردی ........ 144
لۆبیی کورد ........ 152
بەهای مێژوویی یاداشت و بیرەوەری نووسین ........ 187
گرنگترین رووداوەکانی کوردستان لە دوو هەزارەی رابردوودا ........ 205
چارەنووسی PKK لە باشووری کوردستان و ڕێکەوتنی ئەم دواییەی پارتی و یەکێتی ........ 215
ئایا ئنتەرنێت سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە؟! ........ 225
هەڤپەیڤینێك لەگەڵ هاوڕێ باخەوان (بەشی یەکەم) ........ 229
هەڤپەیڤینێك لەگەڵ هاوڕێ باخەوان (بەشی دووەم) ........ 240
ڕەوشی پەناهاندەی کورد لە هۆڵندا ........ 252
تووڕەیی کورد لە هۆڵندا - (خۆپیشاندانەکەی لاهای) ........ 256
تیرۆری سیاسی ........ 259
هێزکاری وەستانی شەڕ بەسەر ئابووریی تورکیاوە ........ 263
زەماوەندێك لە هەندەران ........ 266
صور مرتكب الأنفال... في تظاهرات فلسطينية! ........ 269
چۆن کۆیانبکەمەوە؟! ........ 278
ڕۆژی شۆڕش.. ڕۆژی تیرۆر ........ 283

**دەستی بەخوێنی نەزار خەزرەجی بە(کەسایەتییە عێراقییەکان) ناشاردرێتەوە** ........ 288

من یدافع عن المجرم! فهو ایضا مجرم ........ 292

**بیرەوشتیی چەند تورکمانێك لەسەر سنووری باکوور** ........ 295

**نەباشووری کوردستان و نەکوردستانی ئێراق!** ........ 301

**خۆرهەڵاتی تیمۆر، دەبێتە نوێترین دەوڵەتی سەرزەمین** ... 304

**راسیستەکانی ئەوروپا!** ........ 308

**خۆشبەختانە شادیی تۆرانییەکان تاسەر نەبوو** ........ 312

**من لەمێژە دەستم لە حیزبەکان شوشتووە** ........ 316

**پێشبینییەکی ناخۆش بۆ پەیوەندیی نێوان کورد و تورکمان** ........ 319

**وەرگرتنی تایبەت لە زانکۆکانی کوردستاندا (قبول خاص)** ... 324

**نەباشووری کوردستان و نەکوردستانی ئێراق!** ........ 327

**بۆچی پێم ناخۆش بوو مەلا کرێکار گیرا!** ........ 330

**ئاشتیی ڕاستینە** ........ 333

**داوای لێبووردن دەکەم!** ........ 337

**هیوادارم پێشبینییەکەم راست دەرنەچێ** ........ 342

**سووڕی ژیانی کۆمۆنیستەکانی کورد لە سروشتدا** ........ 348

**نامەی شادمانی** ........ 351




وشە پەڕتەوازەکان (بەرگی یەکەم) هاوڕێ باخەوان


**من بوومایە لەجیاتیی کاك فەلەکەدین کاکەیی وام دەگووت!** ........ 353

**پانۆرامای ڕووداوەکانی جەنگی کەنداوی سێیەم و پەیوەندییان بە کوردەوە** ........ 356

**کەمبوونەوەی دۆستەکانی ئامریکا و دەوڵەتی کوردی** ........ 357

**کەرکوك و سیناریۆکانی** ........ 360

**کورد و بەغدا** ........ 371

**کورد و جامیعەی عەرەبی** ........ 374

**سیناریۆیەکی دی بۆ کەرکوك؟!** ........ 379

**دەنگی زوڵاڵی شۆڕش، حەمە ڕەشید هەرەس** .. ........ 385

**پرۆلیتاران؟! ئەمەتان لەچی؟! و ئەوەتان لەچی؟!** ........ 390

**کراسێك لە حیزبوڵڵای کورد دادڕن!** ........ 393

**نامەیەك بۆ عەبدولباری عەتوان** ........ 395

**بڕیارێکی نادادپەروەرانە** ........ 398

**پێشگیریی جەنگی ناوخۆ لە کەرکوکدا بڕیاری بوێرانەی دەوێت** ........ 411

**کەری زێڕین؟!** ........ 415

**هەواڵێك لە خاتوو "تادوهیبا"ی میتانی، "نێڤەرتیتی"** ........ 420

**چەند مەرجێکی سەرکەوتنی ریفراندۆم** ........ 424

**بیرخستنەوە و پێشنیار** ........ 431

دەستوور و تەنەکەی خۆڵ! ........ 434
شتەکە عاممەیە! ........ 437
کاشکی نەتەوەیی بوونایە؟! ........ 438
دوو سێزدەی دوازدە ........ 440
ڕاپرسییەکی عەرەبییانە و چەند سەرنجێك ........ 442
لە "ڕیفراندۆم" گرنگتر ........ 445
ڕووداوەکانی ساڵی 2003 لە (هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد)دا ........ 449
خۆخواردنەوە ........ 450
زمانی وێنە (بەشی 1ەم – سنوور) ........ 454
زمانی وێنە (بەشی 2ەم – عەرەبێکی بوێر) ........ 458
بەرگری لە خودا ........ 463
کە دوژمنتان یەکە، بۆ خۆتان یەك نین؟! ........ 465
شین و شادی ........ 468
زمانی وێنە (بەشی 3یەم – تیرۆریست) ........ 471
هەورامان، لە "ئەنسارولئیسلام"ەوە بۆ تۆڕی ئنتەرنێت! ........ 475
ئێوە فایلتان ببێت و نەبێت هەمان شتن ........ 477
خوێندنەوەیەکی خێرای "دەستووری کاتیی ئێراق" ........ 479
هەڵەبجەیەکی دی و بێدەنگییەکی تر! ........ 491





دیالۆگ.. خوێن.. ئاشتبوونەوە.. و پاشەڕۆژێکی نادیار! ........ 495
پەرلەمانی ئەوروپا و بڕیارێکی نادادپەروەرانە ........ 500
مۆبایلەکانیش ئەنفالکران! ........ 502
قەیرانی شۆڤێنیزمی عەرەبی ........ 504
چاوەڕوانی دوو بڕیاری گرنگی پەرلەمانم ........ 509
پیرۆزتان نەبێت ........ 512
خەرواری (نووسین و بیر) و بێگوێیی دەستەڵاتی کوردی!.. 514
ئایا دەزانیت! ........ 520
چیم دی و چیم بیست! ........ 522
ئایا ئێمە نەتەوەین؟ ........ 541
دیارە ئێمە "نەتەوە" نین! ........ 543
بگەڕێوە بۆ ڕیزی ئازادی و یەکسانی! ........ 549
دیسان گورگەبۆر! ........ 558
پاشەکشەی دوا سەربازی ئامریکی کەی دەبێت؟! ........ 562
کوردستان و کورد بوونی نییە! بیرەوەریی ڕۆژێکم ........ 564
ئاست و چۆنایەتیی "دەنگوباس" لە ڕاگەیاندنی کوردیدا ........ 568
باشترین هاوڕێ ........ 572
لە (هۆمەری خاوەر)ەوە بۆ (تەیۆ فان خۆخ) ........ 574
کاشکی کەرکوکیش "بودجە" بووایە! ........ 579

**بوختانی "کەسێك" بۆ شەماڵ سائیب** ............................. 581

**دەبووایە ئێستا کێشەکەمان کوردستانیبوونی (موسڵ) بووایە! نەك کەرکوك!** ............................. 584

**کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکانی ساڵی 2004** ............................. 595

**لیستەی گۆڤار، ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکان** ............................. 596

**پەڕتووکەکانی نووسەر** ............................. 598

# وتەیەك

هزری مرۆ, بیرکردنەوەی, هەڵسوکەوتی و هەموو دیاردە مرۆییەکانی تری وەك هەنگامەکانی تەمەنێتی. منداڵێکی شیرەخۆرە زۆرترینی هزر و بیرکردنەوەی بۆ شیرەکەیەتی, هزر و هەڵسوکەوتی مێرمنداڵێك لە زۆربەی کاتدا یاخی و سەرکەشە. بەڵام پاش خۆناسینی ئەو مێرمنداڵە, ئەو بیرکردنەوەیە هێمن دەبێتەوە و تاوای لێدێت لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا ئەو بیرەش لە چوارچێوەیەکدا خۆیدەگرێت.

دیارە ئەم هاوکێشەیە بەسەر هەموو مرۆڤێکدا ناسەپێت و مرۆڤایەتی و کوردایەتی گەلێك ریزپەڕی بەخۆیەوە دیتووە.

لە رەوەندی هزری ئێمەدا کەسانێکمان هەن خاوەن هزری لەرزۆك و بەپێی هەر کات و ساتێك و لەبەرژەوەندیی خۆیان, هەر جارەی رەنگێکیان لەخۆیانداوە, هزر و بیرکردنەوەی ئەوانە ئەگەرچیش لەباری فیزیکییەوە تەمەنیان بەرەوخوارچووە, بەڵام بیریان لە چوارچێوەیەکی ئاشکرا و هێڵێکی یەکئاڕاستەدا خۆیی نەبینیوەتەوە. زۆر جارانیش ئەم هزرە لەرزۆکە کارەساتی گەورەی نەك تەنها بۆ خودی ئەو مرۆڤە, بەڵکو بۆ نەتەوەکەشمانی لێکەوتووەتەوە.

مایەی خۆشبەختی و شانازیمە, کە بیرکردنەوەم هەر لە سەردەمی مێرمنداڵیمەوە لەیەك ئاڕاستەدا خۆیی بینیوەتەوە. تەواوی ئەو نووسین و وتار و کورتە لێکۆڵینەوانەشی کە پێشکەشی خوێنەرانم کردووە,





هیچیان ئەم سەنگەر و ئەو سەنگەر نین و هەموویان سەنگەری نەتەوەکەمن..[1]

هاوڕێ باخەوان

2003-06-16

---

[1] زۆربەی ئەو وتارانەی کە لە رۆژنامە و گۆڤارەکان و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە, دەستم نەکەوتوون و هەندێکیانم لە رێی ئنتەرنێتەوە بینیوە. هەر بۆیە کۆکردنەوەیانم لەم پەرتووکەدا بەپێویست زانی و ناویشم نا "وشە پەرتەوازەکان".. هەندێك نووسینم لە جارێك زۆرتر بڵاوکراوەتەوە, هەندێکیشیان بە ویستی خۆم نەبووە و هەندێك رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕ سەربەخۆ و بەبێ پرسی من بڵاویان کردووەتەوە. هەربۆیە لێرەوە تکا لەو کەناڵە بەڕێزانە دەکەم کە بەبێ پرسی خۆم هیچ نووسینێکم بڵاونەکەنەوە. ئەمە مافی رەوای خۆمە و هیوادارم رەچاوی بکەن.

شایانی باسە کە شێوەی رێکخستنی وتارەکان بەپێی مێژووی بڵاوکردنەوەیانە.

ئەو پەراوێزە نوێیانەی کە بۆ وتارەکان دانراون, بۆ ئەوەی لە پەراوێزە کۆنەکان جوودا بکرێنەوە, لە کۆتاییاندا نووسراوە "وشە پەرتەوازەکان".

# ئەو وشانەی دوو "حکومەت" لێی دەترسن!

ماوەی دوو ساڵێکە نزیکەی 100 وتار و کورتە لێکۆڵینەوەی خۆمم لە دوو تویّی کتێبێدا کۆکردووەتەوە. سەرجەمی ئەو نووسینانەم لەنێوان ساڵانی 1995 و 2005 لە رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕە کوردی و بیانییەکاندا بەزمانی کوردی و بێگانە بڵاوکردووەتەوە. ئەم کتێبەم ناو ناوە "وشە پەڕتەوازەکان" و ماوەیەکیشە وەکو بەرگی یەکەم لەسەر ماڵپەڕەکەی خۆم دامناوە. بەرگی دووەمیشی هەر درێژەپێدانی کۆکردنەوەی نووسینە کورتەکانی خۆمە لە ساڵی 2005ەوە, بەڵام جارێ هێشتا وا گەشەی نەکردووە کە بکرێتە کتێبێك و ئامادەی چاپ و بڵاوکردنەوە ببێت.

مانگی مایی ساڵی پار دۆستێکم بەناوی کاك کاوە پێنجوێنی پێی راگەیاندم کە چاپخانەی هەیە و کاری چاپەمەنی و وەشان دەکات و ئەگەر بمەوێت, ئەوا پێی خۆشە کە کتێبێکم بۆ چاپ بکات. منیش یەکسەر بیرم لە چاپکردنی ئەم وشە پەڕتەوازانە کردەوە و ئەویش خۆشحاڵیی خۆیی نیشاندام. هەربۆیە پاش ماوەیەکی کورت تەواوی بەرگی یەکەمم بەشێوەیەکی دیجیتاڵ بۆ نارد تاوەکو دەست بەکاربێت. ئیتر لەو کاتەوە هیچم لێی نەبیستەوە.


مانگی مایی ئەمساڵ بە گەشتێکی کتوپڕ و کورت چوومەوە کوردستان و لە سلێمانی بۆ چاپی ئەو کتێبەم دیسانەوە کاك کاوەم دییەوە و وتی چاپی کتێبەکە دەمێکە ئامادەیە, لێ (بەڕێوەبەری چاپ





و بڵاوکراوەی سلێمانی) ئامادە نییە ژمارەی سپاردن بداتە کتێبەکەت. چونکە لەلایەن "شارەزا"ی ئەو فەرمانگەیەوە هێڵێکی راست و چەپی بەسەردا هاتووە.

منیش دەستبەجێ خۆمم گەیاندە ئەو فەرمانگەیە و لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەیدا دەربارەی هۆی نەدانی ژمارەی سپاردن کەوتمە گفتوگۆ. ئەو یەکسەر نەدانی ژمارەی سپاردنی لەسەر خۆی لابرد و لە ناو فایلێکدا راپۆرتێکی کورتی بۆ دەرهێنام, کە گوایا بەناو شارەزای فەرمانگەکەی کتێبەکەم بەباش نازانێت و بڵاوکردنەوەشی بەتاوان دەزانێت!. ئەمە راپۆرتی ئەو "شارەزا"یەیە کە دەربارەی کتێبەکەی من پێشکەشی بەڕێوەبەری کردووە:







ئەمە سەر لەنوێ نووسینەوەی ڕاپۆرتی ئەو شارەزایەیە وەکو خۆی:

2007\5\3

بۆ: بەڕێز بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکراوەی سلێمانی

بابەت: ژمارەی سپاردن

ناوی کتێب: ووشە پەرتەوازەکان

بە هەلسەنگاندن و خوێندنەوەی دەقی ئاماژە پێکراو ئەم تێبینیانەی خوارەوە بەمەبەستی وەرگرتنی بڕیاری پێویست ئاراستەی جەنابتان دەکەم.

1) هەر وەك نووسەر خۆیشی ئاماژەی پێداوە دەقەکە کۆمەڵێك ووشەی پەرتەوازە و بێ سەروبنن و لە هەندێ شوێن بەبێ بەڵگە و لەبەرچاو گرتنی ڕاستیەکان زانیاریی ناڕاست دەرخواردی خوێنەر دەدات.

2) هێرش کردنی توند و نالوژیکیانە و تۆمەت و سووکایەتی لەئاست هەردوو حیزبی سەرەکی کوردستان و ڕێبەران و سەرکردە کوردەکان ناچێتە خانەی ڕۆشنبیری و ڕۆشنگەرییەوە.

چاپ و بڵاوکردنەوەی ووشە پەرتەوازەکان؟! نەتەنیا هیچ سوودێك بە مێژو و کەلتوور و روشنبیری گەلەکەمان ناگەیەنێ بەڵکو تاوانێکە لە ئاست مێژو و خەباتی گەلەکەمان

---

جارێ واز لە نەشارەزاییی ئەم شارەزایە دێنم و بازدەدەم بۆسەر رووداوێکی تر و لە کۆتاییدا لەگەڵ ئەم شارەزایەی لەمەڕ چاپ و بڵاوکراوەی سلێمانیدا گرێی دەدەمەوە.

ساڵی 1999 کە دەزگای سەردەم لە سلێمانی کتێبی هاوڕێنامەی بۆ چاپ کردم, پاش ماوەیەك بانگەوازێکم بڵاوکردەوە کە دەمەوێت هاوڕێنامە زۆر فراوانتر و باشتر بکەم و بۆ ئەو مەبەستەش یارمەتیی هەموو کەس و لایەنێکم پێویستە. جارێ باس لە کۆکردنەوەی هاوڕێنامە ناکەم لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە و ئەو قسانەی کە سەرۆکی دەزگای سەردەم لە هۆڵندا بۆی کردم و ئەوە لە پێشەکیی چاپی دووەمی هاوڕێنامەدا باسدەکەم. بەڵام بانگەوازەکەم بەهۆی چەند هاوبیرێکمەوە گەیاندە کوردستان تاوەکو لە گۆڤار و رۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاوبکرێتەوە, هاوبیرێکم کە سەرنووسەری کوردستانی نوێ زۆر هاوڕێیەتی, چوو بووە لای و بانگەوازەکەی منی دابوو پێی تاوەکو لە کوردستانی نوێدا بڵاوبیێتەوە, بەڵام ئەو یەکسەر راشکاوانە پێی گوتبوو (کاکە بەپێی بڕیاری سەرۆکی دەزگای راگەیاندنی ناوەندی یەکێتی, یەك وشەی هاوڕێ باخەوان لە دەزگاکانی یەکێتیدا نابێت بڵاوبکرێتەوە)!.





ئێستا هەشت ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەڕ بووە. لەو ماوەیەدا چەندین گۆڕانکاری لە وڵاتدا روویداوە, هەر لە یەکگرتنەوەی هەدوو پارتی و یەکێتییەوە تاوەکو رووخانی بەغدا و زۆر رووداوی تر. کەچی هێشتا بڕیارەکەی دەزگای راگەیاندنی ناوەندیی سلێمانی هەر کاری پێدەکرێت و ژمارەی سپاردن نادرێتە کتێبەکەم!!.

دیارە بڕیاری نەدانی ژمارەی سپاردن بەنووسینی من بڕیارێکی سیاسیە و پەیوەندیی بەناوەڕۆکی نووسینەکەمەوە نییە. بەڵکو پەیوەندیی بەو رووداوانەوە هەیە کە من لە هاوڕێنامەدا بێباکانە باسم کردوون.

وشە پەڕتەوازەکان بریتین لە کۆمەڵێك وتار و کورتە لێکۆڵینەوە کە زۆربەیان باس لە رووداوەکانی ئەو دە ساڵەی مێژووی نەتەوەکەم دەکەن. ئەو وتارانە بریتین لە دژایەتیکردنی براکوژی و گەندەڵی, هۆیەکن بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی رامیاری لە کوردستاندا و زۆرینەیان باس لە رۆژەڤەکانی ئەو کاتە دەکەن, دژی تیرۆرن, باسی ئەنفال و ئەنفالچی و دژایەتیکردنی فایلدارانن و گوڕێکن بۆ پتەوترکردنی یەکانگیربوونی نەتەوەییمان و زۆریتر...

نەشارەزاکەی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی, ئەوەندە کۆڵەوارە تەنانەت ناوی کتێبەکەشمی دووجار بەهەڵە نووسیوە و "وشە"ی بە

دوو "واو" نووسیوە کە ئەمە ئەلفوبێی رێنووسی کوردییە. لەوەوە بڕواننە ئەوەی کە ئەم بەناو شارەزایە چەندێك شارەزایە.

بەلای ئەم "شارەزا"یەوە دژایەتیی شەڕی براکوژی و گەندەڵی و تیرۆر و رەخنە لە رابەرانی کورد تاوانە. چونکە چاپکردنی کتێبەکەی من بەڕای ئەو تاوانێکە لە ئاست مێژوو و خەباتی گەلی کورد!..

ئەی نەشارەزاکەی چاپ و بڵاوکراوەی سلێمانی و فەرمانگەکەشت!

من لەبەرئەوەی خۆم بەکەسێکی خوێندەوار دەزانم, ویستم لەڕێگای یاساییەوە کتێبەکەم چاپ بکەم. بەڵام تۆ (بڵێیت و نەڵێیت) من "وشە پەڕتەوازەکان" هەر چاپ دەکەم و دەیخەمە بازاڕەوە, ئەوسا خوێنەریش بۆی دەردەکەوێت کە ڕاپۆرتەکەی تۆ چەند ناهەقییە و چەند پەیوەندیی بەجێبەجێکردنی بڕیارێکی سیاسییەوە هەیە.

بەڵام من لێت ناشارمەوە یەك داخم هەیە, لەوانەیە تۆ یەکێك بیت لەو نووسەرانەی سەردەمی بەعس کە بۆ قادسیەت دەنووسی, لەوانەیە بەشان و باهووی هێرشی ئەنفالیشدا هەڵتدابێت, خۆ ئێستا کێ بەکێیە! کۆنە موستەشار ئێستا هەر فەوجەکەی ماوە, فایلداران هەر لەسەر کارەکانی خۆیانن و تۆش وەکو ئەوان ئەوساش دەتخوارد و ئێستاش نووسینەکانی من بەتاوان دەزانیت لە ئاست مێژوو و خەباتی گەلەکەتدا!.





پاش ئەوەی لە بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکراوەی سلێمانی بێهیوا بووم, ناچار بۆ وەرگرتنی ژمارەی سپاردن رووم کردە هەولێر و بەهۆی هاوبیرم کاك (بەختیاری شەمەیی)یەوە لە رۆژی 03-07-2007 کاك (ئاسۆ حەسەن)ی بەڕێوەبەری چاپ و کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی دایە کتێبەکەم. بەڵام ئەوان نەیانزانی کە من دەمەوێت لەلایەن چاپخانەی (سیما)وە لە سلێمانی بەڵێنی چاپکردنی کتێبەکەمم وەرگرتووە و ئەوان ناوی چاپخانەی "شەهاب"یان لە هەولێر خستبووەسەر. ناچار جارێکی تر بۆ رۆژی دوایی هەر بەهۆی هەمان هاوبیرمەوە رووم لە بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و کتێبخانەکان نایەوە و کارمەندانی ئەوێ یەکسەر پسووڵەی ژمارەی سپاردنەکەیان لەو هاوبیرەم وەرگرتبوو و کتێبەکەشیان لێوەرگرتبوو و نەیاندابووەوە, بەبیانووی ئەوەی کە ئەوان بەهەڵە ژمارەی سپاردنیان داوەتە کتێبەکەی من و من لەو کتێبەمدا هەندێك شتم باسکردووە کە ئەوان ژمارەی سپاردنی نادەنێ!.

ئەم رووداوە زۆر من و کاك بەختیاری پەست کردوو و کاك بەختیار ناچار بۆ رۆژی دووایی واتە 05-07-2007 سەردانی کاك ئاسۆ حەسەنی کردەوە تاوەکو بزانێت کێشەکە چییە! ئەویش کتێبەکەی دابووەوە و پێی گووتبوو کە ناتوانن ژمارەی سپاردن بدەنە کتێبەکەم چونکە من هەندێك شتم نووسیوە کە زیانی بۆ پەزەکان هەیە و پێشتریش نەمانزانی بوو بۆیە ژمارەی سپاردنمان دابوویە!.

پرسیارەکە لێرەدایە: ئایا دەبێت کتێبێت لەماوەی 24 کاژێردا ژمارەی سپاردنی بدرێتێ و پاشان لێی وەربگیرێتەوە! ئەمە کردەوەیەکە مەگەر هەر لە "حکومەت"ی کوردستان بوەشێتەوە.

من پێشتر بەڵێنم بە حکومەتی سلێمانی دا، ئێوە بڵێن و نەڵێن من کتێبەکەم هەر چاپ دەکەم. ئیتر لەسەر ئەم کێشەیە درێژدادڕی ناکەم و هەر ئەوەندە دەڵێم "حکومەت"ی هەولێر: تۆش بڵێیت و نەڵێت من کتێبەکەم هەر چاپ دەکەم و لەتەنیشت ژمارەی سپاردنەکەشیەوە دەنووسم: ئەم کتێبە لەلایەن هەردوو حکومەتی هەولێر و سلێمانییەوە ژمارەی سپاردنی پێنەدرا! چونکە هەردووکیان لە وشەی راست دەترسن!.

2007-07-08

هۆڵندا

hawreh@bakhawan.com
http://www.bakhawan.com





# بەسەرکردنەوەی پێشمەرگەیەکی کۆن[1]

شۆڕش و ڕاپەڕین کە هەژاران و خەڵکی ستەمدیدە پێی هەڵدەستن، هەر بۆ ئەوە نییە لە بندەستی داگیرکار و بێگانە ڕزگاریان بێت و هیچی تر، بەڵکو بەپیرەوەچوونی چاکسازیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاسایش و دادپەروەرییە...

ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان، کە هەژاران و دڵسۆزانی کورد بوونە سووتەمەنیی و بەهۆیەوە بەشێکی باشووری کوردستانی لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی پێ ڕزگارکرا، و بەهۆی چەند هۆکارێکی نێودەوڵەتیشەوە، کەمێك ئاساییش کەوتە ناوچەکەوە، دواتر ئاکامی بەپێچەوانەی ئامانجی ئەو هەژار و دڵسۆزانەی لێکەوتەوە کە پێی هەڵسان.

هەمان ئەو هەژار و دڵسۆزانە جگە لە ڕزگاربوونیان لەدەستی داگیرکار، کە ئەوەیش هەموو ئەو بەشەی باشووری کوردستانی

[1] گۆڤاری دڵانپار – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – ژمارە (3 و 4) – فینلاند –25-12-1995.
ئەم یەکەم نووسینی کورتی من بوو کە لە گۆڤاری دڵانپاردا بڵاوبکرێتەوە، بەهۆی ئەم وتارەوە بوومە هاوڕێی ڕەوانشاد کاکە ڕەهبەر جەلال و بەدواییدا وتاری تریشم زۆر لەو گۆڤارەدا بڵاوکردەوە کە بەڕای من لەو کاتەدا یەکێك بوو لە باشترینی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە هەندەران دەردەچوون، بەڵام بەداخەوە کاکە ڕەهبەر جوانەمەرگ بوو و دڵانپاریش بەدووایدا. (وشە پەڕتەوازەکان).

نەگرتەوە, هیچ کام لەو دەسکەوتە پیرۆزانەی کە بەهیوایەوە بوون بۆیان نەهاتەدی؟...

خەڵکی کوردستان, لە ژێرسایەی ڕاپەڕین و دەستەڵاتی بەرەی کوردستانی و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان, چاوەڕێی چاکسازی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی ئابووری و ئاسایش و ڕۆشنبیری و بەکوردیبوونی پەروەردەی منداڵ و لاوەکان و چی و چیی تر بوون!... بەڵام مەخابن جگە لەبێدادی و بێئاسایشی و گرانی و شەڕی براکوژی و ... زێتر! هیچی وایان لەو پارت و ڕێکخراوانە دەستگیر نەبوو, و تووشی نائومێدی و بێهوودەیی بوون, چونکە تا دوێنێ بوو خەڵکی بەهیوای شۆڕش و ڕاپەڕین بوون بۆ چێتربوونی بارودۆخی گوزەرانیان... لێ پاش ڕاپەڕینیش ژیانیان نەك هەر بەرەو باشتر نەچوو! بەڵکو ڕۆڵەکانیشیان دەکرێنە سووتەمەنیی ئاگری جەنگێکی ڕووهەڵماڵراوی وەك شەڕەکورد و سامانی وڵاتەکەشیان, ئەگەرچی دەبوایە ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی بۆیان! کەچی چەند مافیایەکی بەنێو شۆڕشگێڕ! بۆ خۆیان و دوروبەریان, مۆنۆپۆڵیانکردووە!...

هەژارانی کورد نەك هەر لە سامانی وڵاتەکەیان هیچ پشکێکیان بەرناکەوێت, بەڵکو بەهۆی باجی گەنم و جۆ و شمەکی تر.. قازانجەکەیان سەری مایەکەشیان دەخوات؟!. ئەمە جگە لە ڕۆژ بە ڕۆژ گرانتربوونی پێداویستییەکانی بەکارهێنان کە ئەویش دووبەشی





بەهۆی گومرگی چەند بارەی مافیای خاوەن دەسەڵاتە... مووچەخۆرانیش بەچەندین مانگ, مانگانەیەك وەرناگرن, ئەمە لە کاتێکدا مانگانەی چەکدارەکانیان بەبێ دواکەوتن دابەشدەکەن و لەکاتی شەڕەکورددا هێندە و نیو و دوو هێندەیان پێدەدەن؟!...

پاش ڕاپەڕین, ئەو کەسانەی کە پێشمەرگەی کۆن بوون, یان دڵسۆزی نەتەوەکەیان بوون, یاخود ئەدیب و نووسەری بەهەڵوێست بوون و ئێستێ بەهۆی باری سەختی ئابووریی وڵاتەوە, تووشی دەستکورتی و نەهامەتی بوون, جێی خۆی بوو کە لە لایەن دەستەڵاتدارانەوە بەسەربکرابانەوە. ئەو پێشمەرگە کۆن و نووسەرە دڵسۆزانە, هەر لەسەر داوای حکومەتی هەرێم, کە گوایە ئەو کەسانە بەسەردەکاتەوە کە دڵسۆزی نەتەوەکەیان بوون و ئەمڕۆ پێویستیان بەباربۆکردنە, هیوایەك کەوتبووە دڵیانەوە بەوەی کە هەوڵ و خەباتی سەختیان بەهەدەر نەچووە و ئەوەتا ئەمڕۆ بەسەردەکرێنەوە!!!.

هەربۆیە مامۆستا (سەعید ناکامیش) لە ڕۆژی 1993-04-06دا بیرخەرەوەیەکی بە سیاسەتمەداران و هەندێك لە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا!! تاوەکو وەبیریان بێنێتەوە کە ئەمیش جگەلەوەی نیو سەدە پێشمەرگە بووە, هەروەها ئەدیبێکی بەهەڵوێستیش بووە و خاوەن گەلێك نووسین و وەرگێڕان و سەرنووسەری ڕۆژنامەی (کوردستان)ی کۆماری دیموکراتی کوردستان و گەلێکی تریش بووە و جگەلەوەی مێژوونووسە, هەر ئەنسیکلۆپیدیایەکە بۆخۆی. لێ مەخابن بەهۆی چوونە تەمەن و

خراپیی باری ئابووری کوردستان, ئەوەتا ئیمڕۆ لە خانوویەکی بچووکی بەکرێ لە شارۆچکەی شەقلاوادا خاوەنی دوو دۆشەکلە و تەلەڤزیۆنێکی گچکەی ڕەشوسپی, هەندێك کتێبە کۆنە و چەند نەخشەیەکی جیهان و وڵاتانی دراوسێیە بەسەر دیوارە زەردەکانی ژوورەکەیەوە و هیچی تر؟!.

مامۆستا سەعید ناکام و زۆری تری وەك ئەو تەنیا بەپارەی بەنزینی ئۆتومبیلێکی یەك تاکە لێپرسراو! کە هەر دەڵێی تیسکەی تفەنگن بەشەقامەکانی دهۆك و سلێمانیدا بۆ دەردەچن!, باری ئابووری و گوزەرانیان دەبووژێتەوە و ئەو ماوەیەی ژیانیان بەبێ کێشە و دەستکورتی بەسەردەبەن, لەوانەشە ببێتە هۆی لەدایکبوونی چەندین کاری مێژوویی و ئەدەبیی مەزن. بەتایبەتی مامۆستا سەعید ناکام کە ئێستا خەریکی لێکۆڵینەوەی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستانی ئەم سی ساڵەی دواییە, بێجگە لەوەی کە فلسە سوورێك چییە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە نەیدراوەتێ!!, هەروەها دەرگای ئەرشیڤەکانی هەردوو پاڵەوانی شەڕەکوردی لەسەرداخراوە, نەوەکا سوود لە کەرەستە مێژووییە شاردراوەکانیان ببینێت!... کەچی خامەفرۆشانێك کە تا دوێنێ بوو زمانی بەعس بوون لە ڕۆژنامەکانی هاوکاری و بزاڤ و ئاسۆ!... ئەمڕۆش لە میدیای ئەو سیاسەتمەدارانەدا گوڕ بە شەڕەکورد دەدەن, باشترین خزمەت دەکرێن و باخەڵیان دەئاخندرێت!...





ئەوڕۆ لە کوردستان هەزارانی وەك مامۆستا سەعید ناکام پێویستی بەبەسەرکردنەوەیە, ئەم دێکومێنتەی بەردەستتان بیرخەرەوەکەی مامۆستا سەعید ناکامە, کە پێشکەشی سەرانی باشووری کوردستانی کردووە تاکو ئێستێ لە هیچ لایەکدا هەر باسیشی نەکراوە؟!....

## نامەکەی مامۆستا سەعید ناکام

بۆ:

هەڤاڵی تێکۆشەر کاك مەسعود بارزانی بەڕێز
هەڤاڵی تێکۆشەر مام جەلال تاڵەبانی بەڕێز
هەڤاڵی تێکۆشەر کاك سامی عەبدالرحمن بەڕێز
برای بەڕێز کاك جەوهەر نامق
برای بەڕێز کاك دوکتور فوئاد معصوم
شاعری کوردستان کاك شێرکۆ بێکەس
ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ
ڕۆژنامەی خەبات
ڕۆژنامەی یەکگرتن

سڵاوی گەرمی کوردانە

واقاوە گوایا حکومەتی کوردستان ئەو کەسانە بەسەر دەکاتەوە کە پێشمەرگەی کۆنن و ئەمڕۆ پێویستیان بە لالێکردنەوەیە. منیش بێ

ئەوەی کەس پێی ڕاگەیاندبم یا بە تەمای شتێك بم حەزم کرد ڕابوردووی تێکۆشانی خۆمتان بۆ بخەمەڕوو وەکو بیرخەرەوەیەك:

– من لەدایکبووی ساڵی 1917م و ئێستا تەمەنم گەیشتۆتە هەفتا و شەش ساڵی, بەدرێژایی ئەم ژیانەم کە لەڕێی کوردایێتیدا بەختم کردوە. ڕۆژێك لە ڕۆژان دەستم نەخستۆتە دەستی داگیرکەران و شتێك لە قەڵەم و زمانم دەرنەچوو دژی کوردایێتی و ڕێبازی شۆڕشی کوردستان بێ, ئەمەیش کورتەی ژیانمە کە زۆر کەس دەیزانێ و خۆیان دیویانم.

– ساڵی 945 فەرمانبەربوم لە متصرفیتی هەولێر, بەهۆی تێوەگلانم لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی بارزانی, دادگای عورفی ڕاوی نام و ماڵ و ژیانم لێ تێکچو.

– ساڵی 946 خۆم گەیاندە مەهابادی پێتەختی کۆماری کوردستان, لەوێ کرام بە سەرنوسەری ڕۆژنامەی (کوردستان)ی زمانی کۆماری و مامەوە تا کۆمارەکەمان ڕوخا.

– ساڵی 965 گەیشتمە ریزی شۆرشی کوردستان و لە دەزگای ڕاگەیاندندا کارم کرد, پاشان چاپخانەی خەباتم پێ سپێردرا و گۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە)م دەرهێنا.

– ساڵی 970 لە بەغدا گۆڤاری (برایەتی)م بڵاوکردەوە.

– ساڵی 970 یەکێك بوم لە دامەزرێنەرانی (یەکێتی نوسەرانی کورد) لە بەغدا.





– ساڵی 971 لە بەغدا گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)م بڵاوکردەوە.

– ساڵی 973 لە ناوپردان بڵاوکراوەی (دەنگ و باسی شۆڕش)م دەرهێنا.

– ساڵی 977 لە هەولێر بە سەرۆکایەیێتی یەکێتی نوسەران هەڵبژێرام بەڵام حکومەتی بەعس قایل نەبو و پەڕی کردم.

– لە ساڵی 980وە لە شەقڵاوە دانیشتوم, خانوێکی پەنجا دیناریم بەکرێ گرتوە, بەڕێچونم لەسەر ئەو مانگانە تەقاویتییەیە کە سندوقی ڕۆژنامەنوسان بۆی بڕیومەتەوە.

– سەربە هیچ حزب و ڕێکخراوێك نیم.

– کتێب و بەرهەمی نوسراوم زۆرە کە دەرفەتی چاپیان بۆ نەرەخساوە.

– لە ژیانما بێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشت بم ئەرکی نیشتمانی خۆمم بەجێ هێناوە, بەڵام هەرگیز دەستم بە سنگمەوە نەگرتوە.

– من هەقێکم بەسەر ئەم خاکەوە هەیە, ئەو هەقەیش ئەرکێکە لەبەر دەم ئەوانەدا کە ئەمڕۆ جڵەوی کوردستانیان گرتوە بەدەستەوە, ئەم نوسینەم نەداواکاری و نەپاڕانەوەیە, تۆمارکردنی ڕاستەقینەیێکە بۆ ڕۆڵەکانی دوارۆژم.

بژی کورد

بژی کوردستان

ئیمزا

سەعید ناکام

شەقلاوە – 06-04-993





# داگیرکردنی ڕێکخراوە کلتوورییەکان[1]

ژمارەی کورد ڕۆژ بە ڕۆژ لە دەرەوەی وڵاتدا لە زێدەبووندایە, هەڵبەت ئەویش بەهۆی باری ئاڵۆزی رامیاریی کوردستانەوەیە.

کورد لە دەرەوەی وڵاتدا نامۆیە و لە شوێنی ئاسایی خۆیدا هەڵکەندراوە و ناتوانێت جارێکی تر هەروەك لە کوردستاندا دەژیا, بژیت. هەموو ئەو کۆمەڵگانەی کە ئەمڕۆ کورد لە دەرەوە تێکەڵیان بووە پێیان نامۆیە, هەر بۆیە زۆر کەس لەو کۆمەڵگەیانە رانایەن و تووشی گەلێك گرێی دەروونی دەبن. چونکە ئەوەی لە کوردستان بۆیان دەلوا لە دەرەوە ناکرێت و ئەوەشی کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگە بێگانەیە دەیکەن, بەتەواوەتی بۆی ناگونجێت.

هەربۆیە دەبێت هاوسەنگییەك لە نێوان هەردوو کۆمەڵگەدا پەیدابکات. کورد لە دەرەوەی وڵاتدا پێویستی بە پشووی دەروونی هەیە و دەبێت لەگەڵ کلتوور و داب و نەریتی رەسەنی خۆیدا بەردەوام بێت, تاوەکو هەستی نامۆیی و بێگانەیی لەوە زێتر پەکی نەخات.

بەردەوامبوونی تاکێکی کورد لە دەرەوەدا لەگەڵ کلتووری کوردیدا کارێکە بەتەنێ ناکرێت و دەبێت ڕێکخراوێکی کلتووری بکەوێتە خزمەتکردنی تاکەکانی کورد لە ناوچەیەکی دیاریکراودا.

---

[1] گۆڤاری دڵانپار – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – ژمارە 2, خولی شەشەم, ساڵی دەیەم – فینلاند – 25-06-1996.

به بەرزبوونەوەی ژمارەی کورد لە دەرەوەی وڵاتدا، ژمارەی ڕێکخراوە کلتوورییەکانیش بەرزبوونەتەوە. بەڕادەیەك شاری وا هەیە دووان و سیان و بگرە زێتریشی تێدایە و هەمووشیان لە پێناوی خزمەتکردنی کلتووری کوردی و تاکەکانی کورد لە دەرەوەی وڵاتدا هاتوونەتەکایەوە.

مێژووی ئەو ڕێکخراوانە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئەم سەدەیە، لەکاتێکدا کە زۆربەیان لە شاری ئەستەمبوڵی پێتەختی ئەوسای تورکیا دەهاتنە دامەزراندن. چونکە زۆربەی ڕۆشنبیرەکانی ئەوسای کورد لەوێ دەیانخوێند و دەژیان.

ئەو ڕێکخراوانە سەرەتا وەك ڕێکخراوی پیشەیی یا خوێندکاری، سەربە یانەیەکی کوردی خۆیان دەنواند و پاشان لەشێوەی ڕێکخراوێکی رامیاریدا خۆیان دەبینییەوە.

زۆر جاران دووبەرەکی گەورە کەوتووەتە نێوان ئەو ڕێکخراوە پیشەییانە و پارتە رامیارییەکانەوە. کە ئێستا نموونەیان بە خەروارە و هەمووی لەبەرئەوەیە کە پارتە رامیارییەکان دەستدەگرن بەسەر ئەو ڕێکخراوانەدا و لەبۆ مەبەستی رامیاری و تایبەتیی خۆیان بەکاریان دێنن.

ئەم نموونانەی کە ئێستا لە دەرەوەی وڵات بەرچاومان دەکەون نوێ نین، بەڵکو لەمەوبەریش روویداوە، کە بەرچاوترینیان کێشەی (یانەی سەرکەوتن)ی کوردەکانی بەغداد بوو لەگەڵ (پارتی هیوا). یانەی سەرکەوتن بەمەبەستی خزمەتکردنی تاکەکانی کورد لە





دەرەوەی کوردستان و لە شاری بەغدا بە سەرۆکایەتی (مەعروف جیاووك) هاتەکایەوە و زۆربەی کوردەکانی بەغدا هاتووچۆیان دەکرد و گەلێك کۆبوونەوە و ئاهەنگی کوردیی بۆ ئەو کوردانەی ئەوێ ڕێکدەخست.

پارتی هیوا، زانی کە یانەی سەرکەوتن، بووە بە کایەیەکی گرنگی کۆبوونەوەی کوردان، ویستی ئەم هەلە لەکیس نەدات و لەڕێی ڕێکخستنەکانی خۆیەوە داگیری بکات. کە ئەویش چەند خوێندکارێك کە ئەندامی هیوا بوون، بوونە ئەندامی یانەکە و لە کاتی هەڵبژاردنەکانی بەهاری 1945 بۆ دیارکردنی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی نوێی یانەکە، ئەندامانی هیوا لیستێکی تایبەتیی خۆیان بۆ یانەکە پێشکەش کرد و بووە هۆی پێکدادانی پارتی هیوا و مەعروف جیاووکی سەرۆکی یانەی سەرکەوتن.

مەعروف جیاووك بەهۆی ئەو دەستێوەردانەی پارتی هیواوە سکاڵای خۆی بردە لای داگیرکاری عێراقی و هەڵبژاردنەکەشی هەڵوەشاندەوە و سەرەنجام چەند خوێندکارێکیش گیران و زۆر بەئەستەم زرگاریان بوو.

ئەو هەڵوێستەی مەعروف جیاووك بۆ گیرانی ئەو خوێندکارانە، چەند نالەباربوو، هەڵوێستی پارتی هیوا و خواستی داگیرکردنی یانەکە دەئەوەندە. چونکە کایەی خەبات و کارکردنی پارتی هیوا کوردستان بوو، نەك یانەی سەرکەوتنی کوردەکانی بەغدا. پاش ئەو رووداوە یانەکەش هەرگیز وەکو جارانی لێنەهاتەوە و بۆ هەتاهەتایە لەنێوچوو.

ئەوانەشی کە زیانیان لێکەوت هەر کوردەکانی دانیشتووی بەغدا بوون و یانەکەیان نەما, کە جارجارە تێیدا کۆدەبوونەوە و ئاهەنگیان تێدا رێکدەخست.

ئێستا لە دەرەوەی وڵات و بەتایبەتی لە ئەورووپا, ژمارەیەکی زۆر رێکخراوی کلتووریی کوردی هەن. ئەو رێکخراوانە یان لەلایەن پارتە رامیارییەکانەوە داگیرکراون, یاخود هەوڵی داگیرکردنیان دەدرێت!, کە ئەویش هەر بەهەمان فێڵی پارتی هیوا دەیبەنەسەر و ژمارەیەکی ئەندامانی خۆیان دەکەنە ئەندامی ئەو رێکخراوە و لەکاتی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیدا بەزۆرینەی دەنگ کاندیداتەکانی سەربەو پارتە رامیارییە دەبنە دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی رێکخراوەکە و بەو شێوەیە رێکخراوەکەش دەبێتە هی ئەوان و پاشان ئەوەی سەربەو پارتە نەبێت لەو رێکخراوەدا ناحەوێتەوە و بەدڵێکی بێ گرێوە بەشداریی چالاکییەکانیان ناکات.

لە شارێکی وەکو ئەمستەردامی هۆڵەندا, دوو رێکخراوی کلتووریی سەربە کوردەکانی باشوور تێدایە و هەر یەکەیان سەربە پارتێکی رامیاریی زلن, یەکێك لەو دووانە کە بێلایەن بوو و لەکاتی خۆیدا گەلێك چالاکیی باشی ئەنجامدا. بەڵام پارتێکی رامیاری کەوتە فرووفێڵی داگیرکردنی. بەڵام ئەمجارەیان نەك وەك پارتی هیوا بەڵکو وەکو مەعروف جیاووك کەوتنە شکات لێکردنی لایەنە بێلایەنەکە و تەنانەت پارێزەریشیان لەدژی گرت, تاوەکو داگیریانکرد.





بەم شێوەیە هەر شارێك رێکخراوێکی سەربە پارتێکی رامیاریی تێدا بێت, پارتەکەی بەرامبەری دەیەوێت ئەویش رێکخراوێکی ببێت و بۆ مەبەستەکانی خۆی بەکاری بهێنێت.

داگیرکردنی ئەو مەڵبەندە بێلایەنانەی کە خەڵکی کورد لە دەرەوەی وڵات دەیەوێت پشوویەکی دەروونی و کلتووریی تێدا بدات, کارێکی خراپە و کوردی هەندەران زێتر لەیەکتری دەکات و دەیانکات بە چەند بەشێکەوە. ئەو رێکخراوانە هی خەڵکی ئاسایی کوردن نەك هی پارتێکی رامیاری و کایەی خەباتی ئەوانیش کوردستانە نەك داگیرکردنی ئەو رێکخراوانە.

ئەو کەمینە رێکخراوە بێلایەنەی کە ئێستێ لە دەرەوەی وڵاتدا ماونەتەوە و هەوڵی خزمەتکردنی کلتووری کورد و خەڵکی کورد دەدەن, چەند دێوەزمەیەك لەپشت پەردەوە خۆیان لێ مەڵاس داون تاوەکو داگیریان بکەن و بیانکەنە دەستکەلای خۆیان, بۆ رووپۆشکردنی هەڵە و دیاردە دزێوەکانی خۆیان. بۆیە باشتروایە ئەو رێکخراوانە گەلێك ئاگاداربن, چونکە لەدەست دەردەچن و ئەو ئامانجانەشی کە لە پێناویاندا هاتوونەتە دامەزراندن دەکەونە مەترسییەوە.

ئەوەی جێی سەرسوورمانە ئەمەیە کە ئەو پارتە رامیارییانە هەر بەهۆی پرۆسەکانی دیموکراسییەوە, کە ئەویش دەنگدان و بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکانە! دەست بەسەر ئەو رێکخراوانەدا دەگرن. بەڵام ئەو پرۆسە دیموکراسییە بۆ کارێکی زۆر نادیموکراسی

بەکاردەهێنن, کە ئەویش داگیرکردنی وێستگەی پشووی دەروونی و کلتووریی خەڵکی کوردە و گواستنەوەی شەڕەگورزی خۆیانە بۆ نێو ئەو رێکخراوانە.

هەربۆیە دەکرێت بڵێین: "ئەو پارتانە لە هیچ شتێکدا دیموکراسی نین, تەنها لە داگیرکردنی رێکخراوە کلتوورییەکاندا نەبێت!...".

بەداخەوە!!....





# دەربارەی رای گشتیی کوردی[1]

**نووسینی**: **هەژار کامەلا**

هەولێر – 1996-02-01

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: هاوڕێ باخەوان

بابەتی رای گشتی (Public opinion), یەکێکە لە بابەتە زیندووە گرنگەکان, کە لە کاتی ئێستادا جێگایەکی دیاری لە دامەزراوە رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمییەکاندا داگیرکردووە و بووەتە هێزێکی مەزن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هاوچەرخدا, کە ئەویش لە ئەنجامی گەشەسەندنی بارودۆخە رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژی و رۆشنبیرییەکانەوەیە.

رای گشتی, وەك دیاردەیەکی بەرفراوان, هەر دەبێت جێگەیەکیش لە پێشەوەی لێکۆڵینەوە دەروونناسییە کۆمەڵایەتییەکان Social psychology و بەتایبەتیش لە خووڕەوشتی بەکۆمەڵدا Collective behavior داگیربکات, بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە رای گشتی پەیوەست نییە بە زانستی رامیارییەوە, بەڵکو پەیوەندییەکی

[1] ئەم وتارە بەزمانی عارەبی لە ژمارە 2ی گۆڤاری (الوفاق)دا لە هەولێر لە مارتی 1996دا بلاوکراوەتەوە, لاپەڕە 64 بۆ 68.
وەرگێڕانەکەی لە (گۆڤاری هەڤوت – ژمارە 11– سێپتەمبەری 1996 – سویسرا)دا بلاوکراوەتەوە.

زۆر بەهێز لە نێوانیاندا هەیە, چونكە هێزكاری –تأثیر– ئەو رایە تەواوی دامەزراوە دەوڵەتی و شێوەی دەستەڵات و جۆرەكانیشی دەگرێتەوە[1].

نووسەران و لێكۆڵەوان گەلێك رێچكەیان لە پێناسەكردنی رای گشتیدا رەچاوكردووە و دەتوانین لەوانەوە بەم شێوەیە پێناسەی رای گشتی بكەین: (كە هەڵوێستی كۆمەڵێك خەڵكە دەربارەی كێشەیەك یان رووداوێكی دیاریكراو لە ماوەیەكی دیاریكراودا).

پێش باسكردنی رای گشتیی كوردی, پرسیارێك دێتە پێشەوە, كە ئەویش ئەوەیە: ئایا رای گشتیی كوردی بوونی هەیە؟.

بەر لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە, پێویستە ئەوە بڵێم كە زۆربەی نووسەر و رووناكبیرانی كوردستان گومانیان لە رای گشتیی كوردیدا هەیە, هەرچەندە باوەڕیان بەوە هەیە كە گەل سەرچاوەی دەستەڵاتەكانە, وا دەردەكەوێت كە راكەیان بەوە پشتبەست دەكەن كە كۆمەڵانی كوردستان لە ئاست شەڕە كوردی هەردوو پارتە سەرەكییە دژبەیەكەكەی كوردستاندا (یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان), بێدەنگن. ئەمە و سەرباری ئەو بارودۆخە گرانەی گوزەرانی خەڵكی و خراپیی كارگێڕیی هەرێم, كە بووەتە هۆی ئەوەی كە هەموو ئەو دەسكەوتانەی گەلی كورد كە چەند ساڵانێكی درێژ خەبات و قوربانیی بۆداوە, بكەونە مەترسییەكی راستینەوە و لەلایەكەوە هەڕەشە

[1] سعدالدين خضر – الرأي العام وقوى التحريك – الطبعة الاولى – الموصل – 1968 – ص 13.





لە ئێستا و پاشەڕۆژی گەلی كورد دەكات و هەروەها هێزكاریشی بۆسەر دژایەتیی رژێمی سەددامی دیكتاتۆر دەبێت.

پێدەچێت لە سەرەتادا رای ئەو نووسەر و رووناكبیرە كوردانە راست بێت, بەڵام پاش تۆژینەوەی كۆمەڵگەی كوردی و لێكۆڵینەوەی مێژوو و كلتوور و بارودۆخی دەروونی و كۆمەڵایەتی و رامیاری و ئابووری و رۆشنبیرییەكانی و هەروەها بەهۆی دەگەڵ ژیان (یاخود بەرەوڕووبوونەوەی) بارودۆخە نوێیەكانی پاش راپەڕینی مارتی 1991 تا كاتی ئێستا, دەبینین كە ئەو رایە راست نییە, چونكە رای گشتی لە هەموو كۆمەڵگەیەك و لەژێر دەستەڵاتی هەموو رژێمێكدا هەیە, ئنجا ئایا دیكتاتۆری بێت یان دیموكراتی و ئەو رایەش بەرچاو بێت یان شاردراوە, دژ بێت یان لایەنگیر یاخود بێلایەن. بەڵام پێویستە هزر و هێزكاری رای گشتیی كوردی بەوە پێوانە نەكەین كە لە كۆمەڵگا ئەورووپییەكاندا هەیە و تەنانەت لە وڵاتە دراوسێكانیشماندا.

رای گشتی رووكەشێكی راستەوخۆی بوونی كۆمەڵگەیەكی رامیارییە و لەگەڵ بوونی كۆمەڵگا مرۆڤایەتییەكان و دیاردە مرۆییەكاندا دەژی, رای گشتی –بەبوون یان نەبوون– بەهۆشی رامیاریی هەر گەلێكەوە پەیوەستە, ئەم رای گشتییە لە ئەنجامی گەشەسەندنی هۆشی رامیاری لەلایەن كۆمەڵانی خەڵكەوە پەرەدەستێنێت, كە یارمەتیدەرێكە بۆ بەرهەمی بیروڕا و دەربڕینی سەرنج و بۆچوون دەربارەی گفتوگۆ و

دانوستاندنی ئەو کێشە گشتییانەی کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندییە گرنگەکانی گەلەوە هەیە[1].

کۆمەڵگەی کوردیش وەك هەر کۆمەڵگەیەکی تری ئەم جیهانە, ملکەچی هەمان رێسای زانستی کۆمەڵناسیی رامیارییە, بەڵام دەبێت لەوەدا ئاستی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی کوردەواری لەبەرچاو بگرین کە چەندین سەدە لەژێر دەستەڵاتی بێگانەدا بووە و بووەتە هۆی ئافراندنی چەندین هێزکاری نێگەتیڤانە لەسەر پێکهاتەی دەروونیی گەلی کورد, ئەگەرچی کە کوردستان لەبارەی ژیارییەوە لانکەی مرۆڤایەتی بووە.

مرۆڤ بەبارودۆخی شارستانییەوە بەندە و کاری تێدەکرێت, کە تێیدا دەژی و پەرەی تێدا دەسەنێت و هێزکاری لەسەر دروستبوونی دەروونی و ژیری هەیە و بەو بیروڕایانە گۆش دەبێت و خووڕەوشت و بیروڕاکانی هەڵدەهێنجێت[2].

بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە پلەی وەستان و بێ گەشەدایە, تاکی کورد بۆی نییە بەهرە و توانا سروشتییەکانی وەگەڕخات, بەتایبەتی لەنێو هۆزەکاندا, کە کەسایەتیی تاکێك لە نێو هۆزێکدا بەشێوەیەکی وا ماوەتەوە کە باس ناکرێت, تاوەکو بەرێوەبەر و سەرۆك هۆزەکان بتوانن لە بەرژەوەندیی خۆیان سوود لەو تاکانە وەربگرن, بۆیە سیستمە رامیاری و ئابوورییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی هەر بەبێ پەرەسەندن ماوەتەوە و هەر بۆیەش بارودۆخی

1 مجموعة مؤلفين – الرأي العام – بغداد – 1988 – ص 104.
2 سعد الدين خضر – المصدر السابق – ص 24-25.





کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا کەم توانا بووە و نەبووەتە هۆی یارمەتیدانی تاکی کورد بۆ گەشەسەندنی کەسایەتی و پێشکەوتنی ئاکار و خووڕەوشتی و داپڵۆسین و داڕووخان مرۆڤی کوردی بەرنەداوە, هەر لەبەرئەوەیە کە سەیر نییە کە لە خووڕەوشتی لایدابێت و لە هەندێك جاردا زیانی بە کۆمەڵگەی کوردەواری بەشێوەیەکی گشتی گەیاندبێت, چونکە پایە سروشتییەکانی دەروونی کورد بەهۆی پایە کۆمەڵایەتییە باڵاکانەوە مووتووربە نەکراوە, ئەویش بەهۆی نەبوونی ئەو پایە کۆمەڵایەتییە باڵایانەوە, چونکە تا ئێستا بۆ مرۆڤی کورد دەستی نەداوە[1].

هەر بۆیە بینای کۆمەڵگای کوردەواری نەبووەتە دامەزراوێکی رامیاری[2] و هەر لەسەر شێوازە کۆنەکەی ماوەتەوە و کە ئەویش سیستمی هۆزایەتی یان ڕژێمی ئیمپریالییە کە کوردستانی داگیرکردووە.

1 هاشم طه عقراوي – الاسس النفسية و الاجتماعية للقبائل الكردية – مطبعة بلدية كركوك – 1973 – ص 11.
2 مەبەست لە دامەزراوی رامیاری: دروستکردنی چەند دامەزراوێکی کردە و بەتوانایە بۆ وەدەستهێنانی بارودۆخێکی بەبەها و جێگیر بوونێکی گونجاو یاخود یاخود وەدەستهێنانی رەوایەتیی خودی (الشرعية الذاتية). کە ئەویش ناوەرۆکی پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتە بەپێی رای زۆربەی زانایانی رامیاری. بەڵکو یەکێك لە جیاوازییە گرنگەکانی نێوان کۆمەڵگەیەکی رامیاریی پێشکەوتوو و یەکێکی دواکەوتوو ئەوەیە کە یەکەمیان چەند دامەزراوێکی جێگیر بەرێوەی دەبات و ئەوەی دووەمیان چەند کەسانێك. بۆ زانیاریی زێتر بڕوانە:
د. كمال المنوفي – نظريات النظم الساسة – الطبعة الاولى – الكويت – 1985.

ڕەفتاری گەلەکەمان لەژێر سێبەری ئەو ڕژێمە ڕامیارییە داگیرکارییە داپڵۆسێنەرانەدا کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردی لە بەشداریکردنی ڕامیاری و بڕیاردان و پیادەکردنی سەربەستییە گشتییەکاندا بێبەش کردووە و بەزۆری زۆردارەکی دەربڕینی هەر ڕایەکی گشتی دیار (ڕاستینە)ی لە کوردستاندا سەرکوتکردووە.

هەروەك ئاشکرایە ئەو کۆمەڵگایانەی کە سیستەمی سەرکووتکەر بەڕێوەیان دەبات, ڕای گشتی بەژێر لێوەوە دەکرێت و هێزکاریشی لەسەر کاری ڕامیاری نامێنێت, کە ئەویش هەر لەبەر داپڵۆسین و دابڕانی سەربەستییەکانی کۆمەڵانی خەڵکە و ڕای گشتیش لە ڕایەکی گشتیی دیارەوە دەبێتە شاردراوە, پاشان بە نێگەتیڤی و ملکەچی دەمێنێتەوە و توانای ئەوەی نامێنێت کە دەربارەی بەرژەوەندییە بنچینەییەکان بیر و بۆچوون دەربڕێت[1].

ئاستی فێربوونیش ڕۆڵی لە چەسپاندنی ڕەوشت و بیروڕاکاندا یاری دەکات, هەروەك ئاشکرایە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری لەبارەی فێربوونەوە لاوازە, ڕێژەی نەخوێندەواری زۆرە و کادری زانستیشی کەمە, هەروەکو هەر گەلێکی وڵاتانی جیهانی سێیەم, ئەم فاکتۆرە بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕۆڵی هێزکاری ڕای گشتیی کورد لەسەر ڕێڕەوی ڕووداوەکان بێ توانا بکات و کەمی بکاتەوە.

## سروشتی ڕای گشتیی کوردی لەم هەنگامەدا:

[1] مجوعة مؤلفين – المصدر السابق – ص 16.





سروشتی ڕای گشتیی کوردی لە باشووری کوردستاندا و لەم پێنج ساڵەی ڕابردوودا بەوە جودادەکرێتەوە کە لە هەنگامی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا (Social change) دەژی.

ڕای گشتیش لەم هەنگامەدا بەوە دەناسرێت, کە ڕاڕا و ناجێگیرە و بەخێرایی دەگۆڕێت, بەتایبەتی لە کاتە ناسکەکاندا و ئەو کاتانەی کە گۆڕانکاری لە باری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا ڕوودەدات, کە زۆر ئەستەمە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لە دەوری مەبەستێکی بنچینەیی یەکگرتوو لەسەر شێوەی دامەزراوە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان یەکبگرنەوە[1], هەروەها دەستەڵاتی تاکە سەرکردەییش لە پێش هەموو شتێکەوە هێزکاری خۆیی هەیە[2].

لە کەس شاردراوە نییە کە کۆمەڵگەی کوردەواری لە یەك کاتدا لە ماوەی ڕابردوودا چووەتە هەنگامێکی نوێی گۆڕانکاریی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی مەزن و ئاڵۆزەوە, کە بووەتە هۆی گۆڕانی زۆربەی بیر و بۆچوونە کۆنەکان و جێگرتنەوەیان بەهی نوێ لە بینا و دەروونی گەلی کوردا, دەتوانین ئەو گۆڕانکارییانە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیاری بکەین:

[1] سعد الدين خضر – المصدر السابق – ص 38-39.
[2] د. هشام الشاوي – مقدمة في علم السياسة – دار الكتب – الموصل – 1981 – ص 190.

یەکەم:

گۆڕانی کۆمەڵگەی کوردەواری لە بوونی دەستەڵاتێکی نێوەندیی بەهێزی وەك سەددامی دیکتاتۆر بۆ سیستمی دەستەڵاتی شۆڕشگێڕانە و فەرمانڕەوایی میلیشیاکان, کە ئەمانیش بارێکی گێرەشێوێنییان هێناوەتەکایەوە و بووەتە هۆی لاوازیی یاسا و ڕێسا, ئەوە لەگەڵ سەرباری هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمدا, کە هەر بە دامودەستەیەکی پارتییانەی بێ دامەزراو مایەوە و شێواز و سیستمی هۆزایەتی و پارتایەتی نەبووە دامەزراوێکی ڕامیاری و حکومەتی یاسا.

دووەم:

کۆمەڵگەی کوردەواری لە باری ئابوویی گەشەسەندووی (بەر لە ڕاپەڕینەوە) چووە باری ئابووریی خراپ و برسێتییەوە, ئەویش لە ئەنجامی گەمارۆی دوو جەمسەرەی سەر کوردستانەوە (گەمارۆی نێودەوڵەتی لەسەر ئێراق و گەمارۆی ڕژێم لەسەر کوردستانی ئازادکراو), جگە لە خراپیی کارگێڕیی هەرێم و چەسپاندنی ڕێژەی گومرگی بەرز لەسەر شمەك و ئازووخە و خواردەمەنی لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە.





سێیەم:

ڕای گشتی کوردی پەیوەستە بە ڕابەر و تاکە سەرۆکەکانەوە و بەتایبەتی کە لە هەردوو بەڕێزان (مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی)دا بەرجەستە بووە, چونکە پارتە کوردستانییەکان بریتین لە پارتی تاکە کەس نەك پارتی پرۆگرام و دامەزراوەکانی, کە ئەوانیش هەروەکو پارتەکانی جیهانی سێیەم وان (بەڵام بەبەرچاوگیریی چەند جوداوازییەکی کەم).

هەردوو سەرۆك, توانیویانە لە دەروون و سروشتی کۆمەڵگەی کوردەواری و ڕای گشتیی کوردی بگەن و توانیویشیانە هەست و پێداویستیی ئەو خەڵکانەی کە پەیوەستن پێیانەوە, بەکاربهێنن و بۆ خۆیانی ڕاکێشن و وایان لێبکەن کە بیانگلێننە نێو دووبەرەکییە خودی و پارتایەتییەکانیانەوە و بەوەش بیانسازێنن کە ڕزگارکردنی کەرکوك و ژەنگار لە قەڵاچوالان و سەری ڕەشەوە دەبێت.. لە ئەنجامی پیادەکردنی ئەو ئایین و ئۆیینەدا گەلی کورد زیانێکی مەزنی گیانی و ماڵیی زۆری لێکەوتووە و بووەتە هۆی ئەوەی کە خێزانێکی زۆر ئاوارە بێن و سەرنجامێکی دەروونیی خراپی بۆ مرۆڤی کورد هێناوەتە کایەوە, ئەمە جگەلەوەی کە نێو و نێوبانگی کێشەی کوردی لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و ڕای گشتیی جیهانی پێ هاتووەتە خوارەوە.

چوارەم:

هۆیەکانی راگەیاندن بە رۆژنامە و رادیۆ و ئەوانی ترییەوە, چووەتە هەرماڵێك و شوێنێکەوە, بەشێوەیەك کە لەمەوبەر وێنەی نەبووە, دەیان رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و رادیۆ و تەلەڤزیۆن هاتوونەتەکایەوە, کە هێزکارێکی گەورەی لەسەر رای گشتیی کوردی هەیە, بەو پێیەی کە راگەیاندن هێزکارێکی مەزنی لەسەر فراوانی و ئاڕاستەکردن و باشترکردنی رای گشتی بۆ ئامانجە هەمەجۆرەکانی هەیە.

بەڵام مەخابن کە رامیاریی راگەیاندن بەوشێوە لەبەرچاوگیراوەی لە کوردستاندا, سەرەنجامێکی نێگەتیڤانەی لەسەر ئەرکی رای گشتی کوردی هەبوو, ئەویش بەهۆی ناکۆکیی سەرچاوەکانی راگەیاندنەوەیە, کە لێرەدا مەبەستم لە راگەیاندنی حکومەتە, کە ئەوانیش هی دوو پارتە سەرەکییەکەیە و راگەیاندنی ئۆپۆزسیۆنیش کە هی پارت و رێکخراوە رامیارییەکانی ترن و بەم شێوەیەن:

1- هەردوو پارتە سەرەکییەکە هۆیەکانی راگەیاندنیان خستووەتە خزمەتی ئامانجە تایبەتییەکانیان و کۆمەڵانی کوردستانیان لە بەرژەوەندییە سەرەکییەکەی خۆیان دوور





خستووەتەوە, بەهۆیەوە رای گشتیش بووەتە دواکەوتەی ئەو رامیارییە و بەتایبەتی کە هەردوو پارتەکە خاوەن دەستەڵاتێکی میللییی گەورەن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا, بەڵام بەرەبەرە لایەنگریان کەم دەبێتەوە.

2- لاوازی و ناکردەیی راگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن, کە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بێ توانایی ئابوورییان لەلایەکەوە و رەچاوکردنی رامیاریی سازشکردن و لەگەڵدا رۆیشتن لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا و سووڕانەوەیان لەو گێژاوەدا لەلایەکی ترەوە.

لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی کە باسکران, رای گشتیی کوردی لەماوەی رابردوودا بەوە جوودا دەکرێتەوە کە راڕایە و ناجێگیرە و بەخێرایی دەگۆڕێت و لە هەندێك کاتیشدا گوێ پێنادات و بێلایەنە, بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە رای گشتیی کوردی بەم شێوەیە دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت, بەڵکو ئەم هەنگامەی کاتییە و هاکا ماوە سروشتییەکەی تەواو دەکات و خۆی بۆ بارودۆخێکی بابەتی ئامادە دەکات, رای گشتی بێدەنگ و شاردراوەی نێو ناخی کۆمەڵانی خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستانیش دەبێتە رایەکی گشتیی هەبوو و بەرچاو و دەبێتە هۆی رەنگدانەوەی خود و ئامانجەکانی بەشێوەیەکی سروشتی

و پێویست, کە دەکرێت ببێتە کارێکی مەزن و گەورە و پاشان شۆڕشێك.. هەموو کەسێکیش پێویستە دان بەو راستییەدا بنێت.

پارت و رێکخراوە رامیارییە کوردییەکان, بەتایبەتی دوو پارتە سەرەکییەکە, پێویستە هەر ئەمڕۆ نەك درەنگتر, گرنگی بەڕای گشتیی کوردی و خەڵکی کوردستان بدەن و بەشداریان بکەن لە دروستکردنی بڕیاری رامیاریدا و لە بەڕێوەبردنی کاروباری حوکم و دامەزراوە رەسمییەکاندا کاریکەن, تاوەکو لەو گێژاوە گەورەیەی کە بەرەورووی قەیرانی حوکمکردن لە کوردستاندا دەبنەوە, رزگاریان ببێت, کە لە پێش هەموویانەوە کۆتایی پێهێنانی ئەم بارودۆخەی ئێستایە پێش ئەوەی لەدەست دەربچێت, چونکە مێژوو بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە...





# نێوانی یەکێتی و پارتی, دوژمنایەتیی راستینە و ئاشتیی درۆیینەیە![1]

تەواوی داگیرکەرانی کوردستان, تاڕادەیەك دژایەتیی هەمیشەییی یەکدی دەکەن و ناتەبان. بەڵام هەموو ئەوانە تەنێ لەیەك خاڵدا ئێکن, ئەویش دژایەتیکردنی کورد و لەنێوبردنی شۆڕشەکەیان و هەوڵەکانیانە بۆ سەرخوابوون.

هەوڵەکانی داگیرکاران لەم کاتەدا, بەزۆری ئاڕاستەی باشووری کوردستان کراوە, تاوەکو ئەو دەستەڵاتە سەربەخۆیەی کورد, لە بەشێکی باشووری وڵاتدا لەنێوبەرن, دیارە لەوەشدا بەرژەوەندییەکی گەلێك مەزنیان هەیە.

لەو بەشەی باشووری کوردستاندا, دوو لایەنی سەرکەشی دژبەیەك, هەر لەدوای راپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستانەوە, دەستەڵاتیان گرتووەتە دەست و لە کوردکوژی و دزی و تاڵانی زێتر, چیی دییان بۆ رۆڵەکانی نەتەوەکەمان نەهێناوەتە دی. ئەمە جگەلەوەی بوونەتە هۆ و مەترسییەکی گەورە بۆ پووچەڵکردنەوەی

[1] گۆڤاری هەڤوت – ژمارە 12 – دیسەمبەری 1996 – سویسرا.

تێبینی: لەبەرئەوەی گۆڤاری هەڤوت بەشێوەیەکی دیاریکراو بڵاودەبووەوە, بەتایبەتی لە کوردستاندا, هاوبیری بەڕێزم کاك (هەژار کامەلا) ژمارەیەکی لەم وتارە کۆپی کردبوو و بەناو خەڵکدا لە هەولێر لە کاتی خۆیدا بڵاویکردبووەوە... (وشە پەرتەوازەکان).

(پرۆسەی ناردنی ئاسوودەیی و دڵنیایی)ی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لە بڕیاری 688دا، خۆی دەنوێنێت. کە پێنج ساڵێك دەبێت بەهۆیەوە بەشێکی کورد لەو بەشەی وڵاتەکەیدا، دوور لە داگیرکەری ئێڕاقی گوزەران دەکات. خۆ باسی کەرتکردنی ئەو بەشەی کوردستان لەلایەن ئەو دوو هێزە سەرکەشەوە، بۆ دوو هەرێمی "بادینان" و "سۆران" هەر ناکرێت!، کە شەرمەزارانە و نا بەرپرسیارانە لە مێژووی نەتەوەکەمان، کارەکانی داگیرکەری ئێڕاقی لە وڵاتەکەماندا بە دەستپاکیی سیخوڕانەیانەوە، بۆ تەواو کردن!، و ئەگەرچی داگیرکەر پاش ئەو هەموو هەوڵەی، نەیتوانی ئەو دوو هەرێمە لە یەکدی دابڕێت، بەڵام ئەمانە لە ماوەی پێنج ساڵدا، ئەوەیان بۆ داگیرکەر هێنایە دی؟!.

هەروەکو چۆن داگیرکەران، تەنێ لە دژایەتیکردنی هەموو هەوڵێکی سەربەخۆیی کوردستاندا یەکن، ئەو دوو لایەنە سەرکەشە دژبەیەکەش، لە هیچ شتێکدا یەکناگرنەوە، تەنێ لەوەدا نەبێت کە لێ ناگەڕێن "هێزێکی سێیەم"، لە باشووری کوردستاندا سەرهەڵبدات و جێیان بگرێتەوە!... دیارە لەمەدا بەرژەوەندیی تەسکی پارتییانەیان پاڵی پێوەناون، کە بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن!، ئەو رێکەوتننامە ستراتیژییە هەتا هەتاییە، لەگەڵ یەکدیدا ببەستن!. تاوەکو لە پێناوی بەرژەوەندییە مادی و کارە سەرچڵەکانیاندا، بەزۆری زۆرداری لە کوردستاندا بمێننەوە، ئیتر گرنگ نییە، تەنها هەرێمی سۆرانیان لە ژێر چنگدا بێت، یان بادینان...





ئەو دوو هێزە دژبەیەکە، هەر لە دوای هەرەسەوە، لەدژایەتییەکی راستینە، یان ئاشتییەکی درۆیینەدان. کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لێکدابڕانەکەی ساڵی 1964، لەنێوان هەندێك لە ئەندامانی (بیرۆی رامیاری)ی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەروەها سەرکردایەتیی (مەلا مستەفا بارزانی)دا.

ئێستێ، مێژووی دژایەتیی راستینەی ئەو دوو لایەنە سیودوو ساڵی تەواوە، کە بووەتە هۆی ئەوەی لە رەگەوە دەستیان بچێتە گۆشت و خوێنی یەکترەوە و کارێکی وایان کردووە، کە خێزانی واهەیە لە شەهیدێك زێتری بەدەستی لایەنەکەی تر، لە شەڕی براکوژیی کوردکوژیی خۆکوژیدا دابێت!. کە بەداخەوە بووەتە هۆی کەرتبوونی بزووتنەوەی رزگاری خوازانەکەمان. هەربۆیە دەکرێت بڵێین، ئەو دوو لایەنە، بەشێوەیەکی رەها و بەدرێژایی ئەو دەیان ساڵ دوژمنایەتییەیان، هیچ (بڕوا و متمانە)یان بەیەکتری نەماوە و پەیوەندیی نێوانیان بووەتە دوژمنایەتییەکی راستینە و ئەگەر جار جارێکیش، بەکوتەکی ئێران! و ئامریکا، رێکبکەون، ئەوا ئەو ئاشتییەشیان بەپێچەوانەی دوژمنایەتییەکەیانەوە، درۆیینەیەکی تەواوە.

ئەو دوو لایەنە دژبەیەکە، سیودوو ساڵە، هەر خەریکی رەخنەگرتن و تاوانبارکردنی یەکترین، هەڵبەت ئەو رەخنانەی کە لە یەکتریی دەگرن، زۆربەیان راستن. بەڵام ئەگەر بەرەوڕووی خۆیان بکرێتەوە، ئەوا لە راست، راستر دەردەچێت!.بەڵکو دەبێتە راسترینیش!.

یەکەمین رەخنەی پارتی لە دەستەی جیابووەوەی (ئیبراهیم – جەلال), کە لە دواتر بوونە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان), پاڵیاندایە رژێمی بەعسی داگیرکەرەوە و لەنێو تانکی دوژمندا, هێرشیان بۆسەر پێشمەرگەی کورد دەبرد, لە ساڵی 1966دا. (دیارە ئەمە راستە و یەکێتی ئەوەی کردووە). هەر بۆیە پێیان دەڵێن, جاشی شەست و شەش. ئەمە ئەو رەخنەیەیە کە سی ساڵی رێك, هەمان پارتیی رەخنەگر!, ئەگەرچی لە 1966دا, کوردستانی ئازادیش نەبوو, بەڵام ئەمان لە رۆژی 31-08-1996دا بەهەزاران سەرباز و دەیان تانکەوە !, داگیرکەری ئێراقیی هێنایە نێو کوردستانی ئازادەوە !.

هەڵبەت ئەم کارە هیچ پۆزش و پاکانە و بەهانەیەکی نییە. ئەمە بە گەورەترین خیانەت دادەنرێت لە مێژووی نەتەوەکەماندا, کە هەزار بەردی داوە بە پشتی "یەزدان شێر و موشیری حەمەی سلێمان و دەستەی ئیبراهیم – جەلال"یشتدا. دیارە هەر دەستەیەکی تری نێو بزووتنەوەکە بەو کارە هەڵستایە, هەر دەبوایە وا هەڵبسەنگێندرایە, کە (گەورەترین خیانەت)ە. بەڵام بۆ پارتی هەر زۆر سەختتر دەبێت, چونکە رژێمی بەعس لە یەك رۆژدا, هەشت هەزار بارزانیی سەرنگووم کرد؟!.

ئێستێ, یەکێتی بە پارتی دەڵێت, جاشی 1996, ئەمە دوا ڤێرشنی نوێی جاشایەتییە !.

هەمان لایەنی رەخنە لێگیراو, کە یەکێتییە, ئەوانیش لە دوای هەرەسەوە, تاوەکو ئێستێ, کە بیست ساڵ زێترە, دەڵێن: پارتی لە





دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردەکانی خۆرهەڵاتە و ژمارەیەك لە سەرکردەکانی لە ساڵی 1968دا, داوەتەوە دەست رژێمی شا, کە شەهید (سلێمانی موعینی), یەکێکە لەوان و پاشان, لە پاش هەرەسەوە و لە سەردەمی سەرکردایەتیی کاتییاندا "قيادة مؤقتة", دژایەتییەکی زۆری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)یان, لە بەرژەوەندیی ئێراندا کرد و پێیان دەگووتن (جاشەکانی قیادە موەقەتی گرێدراو لە کوردەکانی ئێران دەدەن), ئەمە ئەو دروشمە بوو کە لایەنگرانی ی.ن.ك, لەسەر دیوارەکانی شاری سلێمانی و شوێنەکانی تر دەیاننووسی.

هەڵبەت ئەوانە هەموویان بەجێی خۆیان و زۆر تەواون, دیارە خەڵکانێك هەبوون کە دەیانگووت ی.ن.ك, بە دڵسۆزییەوە بۆ کوردەکانی ئێران دەلاوێنێتەوە و داکۆکییان لێدەکات!. دیارە لە سەرەتادا وابوو. نێوانی ی.ن.ك و حدکا, خۆشبەختانە زۆر رێك بوو و تەنانەت دەیانگووت "ئێمە رێکەوتننامەیەکی ستراتیژی لە نێوانماندا هەیە و پەیوەندیمان لەگەڵ ئێران و ئێراقدا, هیچ شتێك لە پەیوەندیی برایانەی نێوانمان ناگۆڕێت", هەڵبەت ئەمە ئەو پەیوەندییەیە کە هەر کوردێك ئاواتێتی. دیارە یەکێتی گەلێك کاری دڵسۆزانەی بۆ حدکا کرد, کە لەگەڵ پارتیدا لە دژایەتیدا بوو!. لەوانە هێزەکانی حدکا پاش ئەوەی لەلایەن داگیرکەری ئێرانییەوە دەرپەڕێنران, تاوەکو ساڵی 1988, باشترین میوانداریيان لە سنوورەکانی ی.ن.ك دا لێکرا. بەڵام پارتی ئەمەی نەکرد. ئەمە جگەلەوەی کە هێزەکانی ی.ن.ك لە ساڵی

1981دا یارمەتیی حدكا یان لە دژی ئێراندا و چەندین شەهیدیشیاندا, كە یەكێكە لەو كارانەی كە دەبێت هەموومان شانازیی پێوە بكەین, لەلایەنی دڵسۆزیی ئەو پێشمەرگانەوە, كە هاوكاریی كوردی باشوورما بۆ كۆماری مەهاباد وەبیر دێنێتەوە.

پتەویی پەیوەندیی نێوان حدكا و ی.ن.ك, لەو ماوەیەدا هەرچەندە پرنسیپی (دوژمنی دوژمنەكەم دۆستمە), لە دژی پارتیدا, ڕۆڵی خۆیی تێدا دەگێڕا, لەوانەشە یارمەتییەكانی ی.ن.ك بۆ حدكا لە دژی ئێران, لە ساڵی 1981دا, پەیوەندیی بەگفتوگۆی 1984ی یەكێتی و داگیركەری ئێراقییەوە هەبێت, چونكە هەرچییەك ئێمە دەربارەی پارتی و یەكێتی تێی رامێنین, لەوانەیە راست بێت!.

ئەو ڕێكەوتنە ستراتیژییەی نێوان حدكا و یەكێتی, تاسەر نەبوو!. بەڵام هەڵوەشاندنەوەی "لە سەدا سەدی", لەلایەن یەكێتییەوە بوو, بەوەی كە لە ڕۆژی 18–03–1995, لە شاری كۆیە, یەكێتیی دۆستی بەئەمەكی حدكا, رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێرانی, سەربە حدكای داخست و هەموو چالاكییەكانی حدكاش لەلایەن یەكێتییەوە وەستێنرا. دیارە بەو كارە نرخەكەیان لە ئێرانی داگیركەر و دوژمنی حدكا و كوردەوە, پێ وەرگرتووە.

كار هەربەوەشەوە نەوەستا, تا لە ڕۆژی 27–07–1996, نزیكەی 2000 پاسدار بە 200 ئوتۆمبیلەوە, سنووری باشووری كوردستانیان بڕی و هێرشێكی زەوی ئاسمانییان كردە سەر بنكەكانی حدكا و ماڵە ئاوارەكانی كوردی خۆرهەڵات, كە بووە هۆی شەهید و





بریندار و دیلكردنی چەند ئەندامێكی حدكا و چەند كوردێكی خۆرهەڵات. لە كاتێكدا كە یەكێتی فەرمانڕەوای ڕەهای ئەو ناوچانە بوو, بەبێ پێشبڕكێی هیچ لایەنێكی تر!. چونكە یەكێتی تا دوێنێ بوو ئێمەی بەوە هەڵدەخەڵەتاند!, كە پارتی لە كوردەكانی ئێران دەدات, و ئەم لە بەرژەوەندیی ئەوان هەڵدەداتێ!. بەڵام خۆی پاش سی ساڵ یان هەڤدە ساڵ!, ئەرتەشی ئێرانی هێنانەسەر؟!...

لە ڕۆژی 20–03–1995, واتە دوو ڕۆژ دوای داخستنی رادیۆی حدكا!, 35 هەزار ژەندرمەی تورك, بە یارمەتیی تانك و زرێپۆش و فڕۆكەی جەنگییەوە, سنووری باشووری كوردستانیان بڕی و چەندین دژە هێرشیان كردە سەر پێشمەرگەكانی PKK. كە بووە هۆی شەهیدكردنی چەندین كەس لە ڕەشە خەڵكی كورد و پێشمەرگە. دیارە ئەو هەڵوێستەی كە پارتی لەو هێرشەدا هەیبوو, هەڵوێستی سیخوڕانە و یاریدەدەرانەی تورك بوو. هەربۆیە یەكێتی بۆ بازاڕگەرمیی خۆی, كەوتە هەڵڵا و ڕەخنەگرتن!, دیارە ڕەخنەكان هەموویان راست بوون. بەڵام هەمان ئەو هەڵوێستەی پارتی هیچی لەوەی یەكێتی كەمتر نییە, كە ئەویش ڕێگای بۆ داگیركەری ئێرانی پاك دەكردەوە, تاوەكو لە پێشمەرگەكانی حدكا بدەن!.

ڕەخنەكەی یەكێتی لەو هەڵوێستەدا بۆ خۆشی پڕاوپڕە, چونكە دوو هەڵوێستی هاوچەشنی كوردفرۆشین و هیچی تر.

یەكێتی, لەو هەڵوێستی دژە هێرشەی ئێران بۆسەر حدكا, كەوتە هەڵەیەكی رامیاریی گەلێك گەورەوە, كە لەوە دەچێت تا ماوەیەكی زۆر

پێوەی بنالێنێت, چونکە ئەگەرچی بەم هێرشەی بەعس و پارتی بۆسەر یەکێتی, هەندێك هەست و سۆزی خەڵکیی بۆ خۆی راکێشا!, بەڵام ئەوە سەنگینیی تای تەرازووەکەی تر نییە بۆ یەکێتی, کە لە رای گشتیی جیهانی و رامیاریی نێودەوڵەتیدا, بووەتە (پرۆ ئێران), بەو مەرجەی کە ئێران خراپترین نێو و رووخساری نێودەوڵەتیی هەیە.

یەکێتی, ئەگەرچی لەو هێرشەی ئێران بۆسەر حدکا, بەرژەوەندیی هەبوو و کەوتە ژێر پاڵەپەستۆی ئێران و کردنەوەی سنوورێك بۆ خۆیەوە. بەڵام ئەگەر ئەو فرمانەی ئێرانی بدایەتە دواوە, ئەوا لەوانە بوو ئێستێ, لەوپەڕی هەڵوێستی بەهێزیدا بوایە و رێڕەوی گۆڕانکارییەکانیش بەم شێوەیە نەدەبوون. دیارە ئەو هەڵوێستەی یەکێتی سوودێکی تریشی بەخشی, بەوەی کە نێوەڕۆکی پارتیی بەتەواوەتی بۆ دەرخستین. بەڵام بەهانەگرتنی پارتی بەوەی, یەکێتی ئێرانی هێناوەتە نێو چوارچێوەی خاکی ئێڕاقەوە, تاوەکو رەوایەتییەك بەهێنانەناوەوەی سووپای ئەنفال و گارزی کیمیاوی بدات!, ئەوەیان هیچ دروستاندنێکی (مبرر) بۆ نییە و ئەویش جۆرێکە لە هەڵخەڵەتاندنە بێهێزەکانی تری پارتی.

هەر لە باسی پەیوەندیی نێوان پارتەکانی باشووری کوردستان بە داگیرکەری باشووری کوردستان بە داگیرکەری ئێرانەوە, یەکێتی تاکاتی سەرنەکەوتنی گفتگۆی ساڵی 1984یش, بە ئێمەی (جەماوەر) دەگووت, پارتی جاشی ئێرانە و پەیوەندییان بە ئێرانەوە هەیە. کەچی لە دوای گفتوگۆکەیانەوە, لە پارتی زێتر خۆیان خزاندە باوەشی





ئێرانەوە, زۆرجار دەیانگووت کە پارتی پاسداری هێناوەتە ناوچەی (سوورێن)ی نزیك سلێمانییەوە و یەکێتی دەیکردە خیانەتێکی گەورە!, (هەڵبەت ئەمە وایە و منیش پێم خیانەتە). کەچی خۆیان پاسداریان بە جلی کوردییەوە!, بردە سەر بیرە نەوتەکانی کەرکوك لە 10-10-1986دا, کە 100 کیلۆمەتر زێتر قوڵایی کوردستانە؟!. بردنی ئەو پاسدارانە بۆسەر بیرە نەوتەکانی کەرکوك, هەڵەیەکی گەورە بوو لەلایەن یەکێتییەوە, چونکە جگەلەوەی کە هیچ زیانێکی ئەوتۆ لە بیرەکان نەکەوت, هێندەی تریش رکی داگیرکەری ئێڕاقیی لە کورد ئەستوورتر کرد و گوڕێکی تری دایە ئەوەی کە ئەو هەموو ماڵوێرانییانەی دواتر رووبدەن.یەکێتی پاشان لە رەخنەکەی خۆی پەژیوان بووەوە و لەگەڵ پارتیدا, هەردووکیان بوونە جاشی ئێران و بوو هاوجاش. پاش رزگارکردنی هەڵەبجەش, لە (داستانی رزگاریی نیشتمانی)!دا, دایانە دەست ئێران, یان هێشتیان ئێران بێتە نێویەوە. تاوەکو داگیرکەر بە گازی کیمیاوی بۆمبارانی بکات...؟!.

دیسان هەر لە هەمان پەیوەندی پارتی و یەکێتی بە لایەنەکانی تری کوردستانەوە, هەر یەکێتی بوو شانبەشانی پارتی دڕندانە و بەفیتی تورك کەوتنە گیانی پێشمەرگەکانی PKK و دەیانگووت تورکیا وڵاتێکی زۆر دیموکراتییە!. ئەوکاتەیان رەوا بوو بۆ یەکێتی!, چونکە خۆشی بەشداربوو!. بەڵام کە پارتی و PKK لە ساڵی 1995دا, کە لە شەڕی براکوژیدا بوون, ئەوەیان خیانەتێکی گەورە بوو لەلایەن پارتییەوە و فرمێسکی بۆ پارتیا کاریگەرێن کوردستانێ

دەڕشت؟!. هەڵبەت PKK, هەر ئەوەی ساڵی 1992 بوو, کە دووقۆڵی لەگەڵ پارتیی هاوپەیماندا هەڵیانکوتایە سەری و پارتیش هەر ئەو پارتییە هاوپەیمانەی نێو (بەرەی کوردستانی) و (پەرلەمانی فیفتی فیفتی) بوو! . ئەمجارەیان بۆچی بووە خیانەتێکی مەزن و ئەوەی ساڵی 1992, بۆچی رەوا بوو؟!.

پاش داگیرکردنی هەولێر لەلایەن پارتی و بەعسەوە, پارتی رەخنەی لە یەکێتی دەگرت کە لە بەستی دوکانەوە, هێزی کارەبا و ئاوی نێو شاری هەولێریان بڕیوە و فرمێسکی کرۆکۆدایلانەی بۆ سێ رۆژ ژیانی ناخۆشی شاری هەولێر دەڕشت! . هەربۆیە دەیویست رەوایەتییەك بە هێرشە دوو قۆڵییەکەی لەگەڵ بەعسدا بۆسەر دێگەڵە و دوکات, بدات! .

بڕینی کارەبا و ئاوی هەولێر لەلایەن یەکێتییەوە بەجێی خۆی و دزینی تۆربینەکانی بەشتەکەش, کارێکی نامەردانەیە. ئەی ئەو ملیۆنان دۆلارەی گومرگەکەی ئیبراهیم خەلیل بۆ کوێ چوو و بۆ کوێ دەچێت؟!, لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا؟!. بەمەرجێك نەتەوەکەمان لە رۆژانی پێش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە, برسێتیی وای بەخۆیەوە نەدیوە و بەچارەکی داهاتی ئەو گومرگە!, بێجگە لە داهاتی تریان!, گوزەرانی چێتر دەبێت, پارتی ئەو کاتە فرمێسکی بۆ شاری هەولێر بڕشتایە؟!.

بەرامبەرەکەشی کە یەکێتییە, بە ئەندازەی پارتی نا, بەڵام ئەویش داهاتی گومرگی و دزیی وای هەیە کە بە نیوەی ئەو داهاتانە, گوزەرانی





خەڵکی سلێمانیی پێ چێتر ببوایە و تاوەکو ئێستێ (سێ جار) بانکی هەولێر و سلێمانی و شارۆچکەکانی دەوروبەریان وەکو مافیاکانی ئیتالیا بڕیوە؟!, کە ئەوانیش (لە کاتی راپەڕینەکە و هێرشەکانیان بۆسەر پارتی و لەم دوادواییەشدا), کە بەعس و پارتی هێرشی بۆ کردن. بەڵام ئەمجارەیان نەخۆشخانەی سلێمانیشیان بەپێویست نەزانی بۆ خەڵکەکە و ئەویشیان بۆ دۆڵی (گۆخلان وقاسمەڕەش) گواستەوە! . بەوەشەوە نەوەستان بنکەکانی خۆشیان لە قەڵاچوالان تەقاندەوە! . چونکە بەپێی ئایدۆلۆژیای پارتی و یەکێتی, یان دەبێت کوردستان (یەك لەوان) رزگاری بکات!, یان نا؟!. خانووبەرەکانی قەڵاچوالانیش یان دەبێت یەکێتیی تێدا بێت, یان پێویست نییە! . یان وایانزانیوە, کە پارتی هەر تەختی دەکات, ئیتر بۆچی ئەمان خۆیان نەیکەن!. هەروەکو چۆن شیراتۆن و لکی چواری پارتییان لە رەگەوە دەرهێنا. وەکو ئەو دوو باڵەخانەیە هی شاری هەولێر نەبن؟!.

یەکێتی بیست ساڵە بە ئێمە دەڵێت: کە پارتی ئاشبەتاڵی بە شۆڕشی کورد کرد و دەبووایە لە دژی رژێم شەڕی بکردایە و گوێی بە پەیوەندیی ئێران نەدایە. من هەرچەندە وایدەبینم کە لە ساڵی 1975دا, یەکێتیش بووایە لە جیاتی پارتی و (جەلال تاڵەبانی)ش بووایە لە جیاتی بارزانی, ئەوا سەرەنجامێکی هەر بەوە دەشکایەوە, PKK و (عەبدوڵڵا ئوجەلان)یش بووایە, هەروا دەبوو. چونکە بارودۆخەکە لە دەستی پارتی و شەڕکردنەوەدا نەبوو. بەڵام ئەمجارەیان نە ئێران دەستی لە یەکێتی بەردا بوو و نە کۆمەڵگەی

نێودەوڵەتیش لە پشتی ڕژێمی ئێڕاقە!, ئەی بۆچی پاشەکشەیان لە ناوچەکانیان کرد و چوونەوە بۆ بنکەکانی پێش ڕاپەڕین؟!. (واتە قاسمە ڕەش و شوێنەکانی تری). یان بۆ لە هەولێردا بەرگری بکەن و لە سلێمانی نا؟!. هەڵوێستی پاشەکشەیان بەتایبەتی لە شاری سلێمانی لە دڵسۆزییانەوە نەبوو بۆ شاری سلێمانی, هەروەکو بانگەشەی بۆ دەکەن و دەڵێن وێران دەبوو!. بەڵکو پەیوەندیی بەبێ ورەیی چەکدارەکانیانەوە هەیە و کەس شەڕی نەدەکرد, دیارە شەڕی دێگەڵە گەواهیی ئەوە دەدات. کەچی پێش دوو ساڵ دەیانگووت هێرش بۆسەر کەرکوك دەکەین و ڕزگاری دەکەین؟!. دیارە ئەمە بۆ چەکدارەکانی پارتیش هەروایە و گەر یەکێتی و بەعس هێرشی بۆ پارتی بکردایە!, ئەوانیش لە یەکێتی زێتر خۆیان نەدەگرت و هیوادارم پاشەکشەکەی یەکێتی ئاشبەتاڵ نەبێت!. پاشەکشەیان لەچی و دژە هێرشی بەرامبەری دواتریان بۆ کوڕی کورد بەکوشتدانیان لەچی؟!...

لە گفتوگۆی ساڵی 1984ی نێوان یەکێتی و میری!دا, پارتی کەوتە ڕەخنەگرتنی یەکێتی, بە جاشایەتی و خۆبەدەستەوەدانی ڕژێم و زۆری تر... تاوانباری دەکردن. هەموو ڕۆژێك لەسەر دەنگی کوردستانی ئێڕاق, پێیان دەگووتن: (تەنسیق مەمسیق نەباشە, ناڤێ پیرۆزتان جاشە).

دیارە یەکێتی زیانێکی زۆر مەزنی لەو گفتوگۆیەدا کرد. پاش چوار ساڵ و بە کوتەکی ئێران, بەرەی کوردستانی هاتەکایەوە و پارتی و یەکێتی, ئاشتییەکی درۆیینەیان کردە ڕووپۆشی دوژمنایەتییە





ڕاستینەکەیان, تاکاتی ڕەوەکەی دوای ڕاپەڕینەکەی 1991, کە ئەم جارەیان لەگەڵ یەکێتیدا!, چووە گفتوگۆوە لەگەڵ داگیرکەری ئێڕاقیدا. بەمەرجێك هێرشی گازی کیمیاوی و ئەنفال, دەکەوێتە دوای گفتوگۆکەی ی.ن.ك و ڕاپەڕینەکەی 1991ەوە!.

ئەم جارەیان لەبەرئەوەی پارتی خۆیی تێدا بوو, جاشایەتی نەبوو! چونکە سێ ملیۆن مرۆڤی کورد بەو چیا و سنوورانەوە لە ئاوارەییدا بوون!. سەرۆکی پارتیش (مەسعود بارزانی), جگەلەوەی کە جەماوەری نەتەوەکەمان لە ڕۆژی 30-04-1991دا, لە دەرکی (گەلی عەلی بەگ)دا, ڕێیان لێگرت کە نەچێتە بەغداد, بەڵام ئەو, هیچ نرخێکی بۆ دانەنان و چل دانە شەو کەس نەیزانی لە بەغداد چیی کرد؟!. تەنانەت ترس پارتی و ئەندامانیشی داگرتبوو, نەکا دوژمن تەڕنێك بە مەسعود بکات!. باسی ماچەکەی جەلال, هەر ناکەم!, چونکە ڕەخنەکە هی پارتییە!.

یەکێتی, لەدوای هەرەسەوە: هەڕەشەی ئەوەیەتی لە پارتی, کە دەیەوێت هێزەکانی بنێرێتە بادینان و لەوێ پەرە بە ڕێکخستنەکانی خۆی بدات. بەڵام پارتی لێ ناگەڕێت. (ئاشکرایە کە پارتی ناوچەی بادینانی بۆ خۆی مۆنۆپۆڵ کردووە و بێ لەخۆی!, هیچ لایەنێکی دیکە بۆی نییە جموجۆڵی ڕامیاریی تێدا بکات).

ڕەخنەکەی یەکێتی زێتر لەوەدایە کە پارتی, نێوی (پارتی دیموکرات)ە و, کەچی هەرچی دیموکراتی هەبێت تێیدا نییە!. چونکە

رێی بە ی.ن.ك نەدەدا, بچێتە بادینان. هەڵبەت ئەمە لەلایەن پارتییەوە بۆ لایەنەکانی تریش وابوو, لەوانە کۆمۆنیستەکان.

ئەم رەخنەیەی یەکێتی بەجێی خۆی و لە بادیناندا رێکخستن "تابوو"ە, بۆ هەر ناپارتییەك. بەڵام وەنەبێت یەکێتیش لەو بارەیەوە لە پارتی چێتر بێت!.

لە پێش گفتوگۆکەیاندا لە ساڵی 1982دا, هێزەکانی یەکێتی کەوتنە گیانی تەواوی هێزە کوردستانییەکانی تر بە پارتیشەوە, و هەموویانیان کرد بەودیوی سنووردا, بەزۆری چەك و هەڵگیرسانی شەڕێکی براکوژی کە شەش ساڵ درێژەی هەبوو و بەبێ ئەوەی هیچ دروستاندنێکی هەبێت. دیارە ئەمەیان ئەو دیموکراتییەیە, کە کۆمەڵەی مارکسی – لینینی و ی.ن.ك, کە نوێخوازە و هاوچەرخانە بیردەکاتەوە و رووناکبیرانی لەخۆی کۆکردووەتەوە و بیری کوردستانییان هەیە!, بانگەشەی بۆ دەکات. ئەم دیموکراتییەی یەکێتی!, هەردەم هۆیەك بووە بۆ لێکدابڕانی بزووتنەوەکەمان و لە پێناویدا سەدان و لەوانەیە زێتری رۆڵەی گەلەکەمانی تێدا چووبێت, ئەمە جگە لە دروستکردنی گیانی رووخان و بێهوودەیی لەنێو جەماوەری گەلەکەماندا. لە دوژمنان زێتر هیچ لایەنێك بە یەکێتیشەوە, سوودی لەو شەڕانەی (قڕناخە و پشت ئاشان)ی ساڵی 1982 نەبینی. وەکو گووترا, هەموو شتێك لە پارتی و یەکێتیدا رێی تێدەچێت, دوور نییە ئەو شەڕانەش شەڕی گفتوگۆ نەبووبێت, لەگەڵ میری!دا.





پارتی رەخنەیەکی تریشی هەیە, بەوەی کە دوای کودێتاکەی یەکێتی لە ساڵی 1994دا, یەکێتی کەوتە لابردنی وێنەکانی بارزانی و دەرکردنی ماڵە پارتییە تۆخەکان و هەروەها ئەوانەشی کە زۆر تۆخ نەبوون, لەلایەن یەکێتییەوە پاکانەیان پێ نووسرا. ئەمەیان زۆر تەواوە, چونکە یەکێتی, دیارە بە پارتی خۆشییەوە, ئەوەیان لەگەڵ ماڵە بەعسییەکاندا لە دەمەدەمی راپەڕیندا نەکرد؟!. چونکە ئەوان هەر بۆ یەکتری ئازان.

لە رۆژی 06-10-1993دا, تەرمی بارزانی و ئیدریسی کوڕی لە خۆرهەڵاتی وڵاتەوە, بە پێنجوێندا هێنرانەوە سلێمانی, ئەو کاتە, کاتی ئاشتییە درۆیینەکەی یەکێتی و پارتی بوو. یەکێتی پاش ئەوەی کە بیست ساڵە بە ئێمە دەڵێت بارزانی عەشایەر و پیاوی بێگانەیە, لە پارتی زێتر خۆیی بۆ پێشوازیکردنی تەرمەکان ئامادە کردبوو, بەجۆرێك ئەگەر (عەزیز نەسین)ێکمان ببوایە!, باشترین رۆمانی کۆمیدیی لەسەر دەنووسی. تەواوی رێیەکانی نێوان پێنجوێن و سلێمانی بە چەکداری یەکێتی پاسەوانی دەکرا و زۆری تر, بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە کە دوژمنە گەورەکەی بارزانی, واتە (جەلال تاڵەبانی), لە مزگەوتی گەورەی سلێمانیدا, وتارێکی دووروودرێژی بۆ خەڵکەکەدا و گووتی: (من ئەمشەو وەکو "پاسەوانی شەرەف" لێرە تا بەیانی بەدیار ئەم تەرمە پیرۆزانەوە دەبم) و هەر نەیهێشت مەسعود, هیچ بۆ هێنانەوەی تەرمی باوك و براکەی بڵێت!.

ئەم ئاشتییە درۆیینەیە هێندەی نەخایاند و دوژمنایەتییە راستینەکە هاتەوە کایە, ئەو بارزانییەی کە جەلال تاڵەبانی وەکو پاسەوانی شەرەف بە دیارییەوە ئێشکی دەگرت, یەکەمین گوللەی شەڕی براکوژیی ئەمجارەی بەرکەوت, چونکە یەکەمین گوللە نرا بە وێنەکەی ئەوەوە!. ئیتر داستانی عەشایەری و خۆفرۆشیی بارزانی لەسەر تەلەڤزیۆن و رادیۆ و رۆژنامەی یەکێتی باوی هاتەوە. دیارە پارتیش لەولاوە هەرچەندە راگەیاندنی زۆر لاوازە, بەڵام ئەویش ئاگری جاشایەتیی 66 و 84ی دەکردەوە, پیلانی بۆ جاشایەتیی 1996ی خۆی دادەنا!, چونکە هەروەکو دەنگ و باسەکان وا رادەگەیەنن, پارتی زۆر دەمێکە پەیوەندیی بە بەغدادەوە هەیە.

رەخنەکانی پارتیش بەجێی خۆی, بەڵام هەر ئەو پارتییە رەخنەگرە, کە بە یارمەتیی سووپای ئەنفال سلێمانیی گرتەوە. ئەویش لە یەکێتی باشتری نەکرد, دیارە نابێت دەرکردنی پارتییەکانی بە دەهۆڵ و زووڕناوە بۆ هەڵەبجە بیر بچێتەوە!. بۆیە ئەمیش واکەوتۆتە تۆڵە سەندنەوە و بەدوای ماڵە یەکێتیدا دەگەڕێت و لە تۆڵەی ئەو گوللەیەی نرا بە وێنەکەی بارزانییەوە, ئەمیش کەوتە رووخانی پەیکەرەکانی شەهیدانی کورد, کە یەکێتی بوو لە کاتی خۆیدا. بەڕادەیەك پەیکەری یەکێك لەو شەهیدانە, بە وتەی پارتی خۆی!, دەستکوژی یەکێتییە و سەردەمانێك فرمێسکیان بۆی هەڵدەڕشت؟!.

هەڵبەت رەخنەی بەرامبەر زۆرە و هەمووشیان بەتەواوی بەرەوڕووی خۆیان دەبێتەوە!, مێژووی ئەم بیست ساڵەی نێوان





یەکێتی و پارتی, بریتییە لە مێژووی دووبارە, هەروەکو چۆن مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە, لای یەکێتی و پارتی چەند بارەش بووەتەوە؟!. هەر لە جاشایەتی و گفتوگۆ و نادیموکراتی و کوڕی کورد بەکوشتدان و تا هەرچییەك ئێمە بیری لێبکەینەوە, هەردوولایان کردوویانە. ئەمانە هەردووکیان دوو شێرپەنجەی گەورەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەمانن, بە نەمانی ئەمانە نەتەوەکەمان, پشوویەکی دەروونی دەدات و چیدی ئەو کارەسات و ماڵوێرانییانەی بەسەردا نایەت. رووداوەکان زۆر سەیر و خێران, بەڵکو بەم کارەی پارتی, ئەگەرچی یەکێتی جارێ لە گۆخلان و قاسمەڕەش!, قەتیس بووە, بەداخەوە هێشتا لەوانەیە سەر هەڵبداتەوە. بەڵام بەڵکو پارتیش لە داهاتوودا بە "دوو رۆژ", کوردستان چۆڵ بکات, هەروەکو زۆر کەس بەناچارییەوە بۆ کۆتایی هێنان بەو گاڵتەجاڕییە, ئاواتی بۆ دەخوات و لەوەشدا بووردراون. بەو کارە ئەگەرچی باشووری کوردستان دەکەوێتە ژێردەستی داگیرکەر, بەڵام چ نەبێت لە دوو شێرپەنجەی خۆماڵی رزگاری دەبێت, کە بووەتە مشتەی نێو هەمانەکە و بڕستی لە هەموو هەوڵێکی کورد بڕیوە بۆ ژیانێکی ئازاد و یەکسان.

مانەوەی پارتی و یەکێتی, لە خزمەتی داگیرکەراندایە, چونکە دوو پارتی سەوداکەر و سازشکارن و هەردەم بە فیتی داگیرکەرێکی کوردستان لە دژی بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان, دەچنە سەودا و مامەڵەی واوە, کە لە مێژووی هیچ نەتەوەیەکدا روویندابێت. هەڵبەت پارتی و یەکێتیش بەبێ ئێمە ئەو سازشانەیان بۆ ناکرێت!, چونکە گەر

کورد نەبێت, ئەی پارتی و یەکێتی بۆچی؟!. دیارە خەتای یەکەمین و دوایەمین, هەر هی خۆمانە و چەکدارەکانی ئەو دوولایەنەش هەر خۆمانین!, بۆیە ئەوانە شارەزای تەواوی بیرکردنەوەی نەتەوەکەمانن و بە ئارەزووی خۆیان بە نشێوی و نەمان و سازشیدا دەبەن. هەر بۆیە تەواوی چەکدارەکانی پارتی و یەکێتی, بەشدارن لەو تاوانانەی کە ئەم دوو لایەنە کردوویانە. هەڵبەت هەرکەسێك پارتی بێت یان یەکێتی, یان تەنانەت لایەنگریشیان بێت, ئەوا لایەنگری شەڕی براکوژی و هێنانەوەی داگیرکەر و ڕوودانی ئەو هەموو پاشاگەردانییەیە!, کە بەسەر نەتەوەکەماندا دێت, زۆر بەداخەوە!...

پارتی و یەکێتی, بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی نەك خەبات, بەڵکو تێکدەرییان, وڵاتەکەیان کردە دوو بەشەوە و شەڕە گورزی خۆیانیان خستۆتە نێو جەماوەری کوردەوە. بەڕادەیەك ئەو دووبەرەکییە گوێزراوەتەوە بۆ نێو بنەماڵە و خێزانەکانی کوردیش, کە خێزانی وا هەیە باوکەکە پارتییە و کوڕەکانی شی پڕۆ یەکێتین یان بە پێچەوانەوەن, ئا ئەمەیە پاشاگەردانی؟!...

هۆڵندا

ئۆکتۆبەری 1996





# لێدوانێك دەربارەی دەستووری هەرێمی باشووری کوردستان[1]

بەڵگە نەویستە, کە هەر کارێکی چاك و سەرکەوتوو, سەرئەنجامی نەخشەیەکی ڕێکوپێکی لێتۆژراوەیە, هەر بۆیە کە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و هەروەها کۆمەڵگەکانیش دەبێت بەپێی نەخشە و پڕۆگرام بێت, هەروەکو چۆن پارتە ڕامیارییەکان و تەنانەت سادەترین ڕێکخراوی پیشەییش دەبێت خاوەن پڕۆگرام بێت و سەرکەوتنی ئەو پارتە یان ئەو ڕێکخراوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتوویی ئەو پڕۆگرامانەی کە لە پێناوییدا هاتوونەتە بوون, بەڵام بەو مەرجەی کە ئەو پڕۆگرامانە بە تەواوی پراکتیك بکرێن.

دەوڵەتیش کە دەزگەیەکی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتییە, ئەگەر هەڵسووڕاندنی کارەکانی بۆ فەرمانڕەوایی گەل پەیوەست نەبێت بە پڕۆگرامێکەوە, ئەوا دەبێتە هۆی گێرەشێوێنی و شیرازەی دەوڵەت و فەرمانڕەوایی تێدەچێت, جابۆیە پێویستە هەموو دەوڵەتێك و هەرێمێکی سەربەخۆ, خاوەن پڕۆگرامێکی تایبەتیی خۆی بێت, بۆ هاسانکردنی بەڕێوەبردنی کارەکانی.

[1] گۆڤاری هەڤوت – ژمارە 13 – ئاپریلی 1997 – سویسرا.

ئەو پرۆگرامەش پێی دەگووترێت (دەستوور), کە نوێترین پێناسە لە فەرهەنگی یاسایی و رامیاریدا بۆی, ئەمەیە:

دەستوور: بریتییە لەو کۆمەڵە یاسا و رێسا گشتی و جەختکارانەی کە دەوڵەت بەرێوەدەبەن و تێیدا رژێمی رامیاریی ئەو دەوڵەتە دیاری دەکەن, کە ئایا سۆسیالیستی بێت, یان سەرمایەداری, یاخود ئایینی, و ... هتد.

لەو پێناسەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت, کە دەستوور گرنگترین یاسایە لە هەر دەوڵەتێکدا, بۆیە یاساناسەکان پێی دەڵێن سەروەری یاساکان, هەروەکو چۆن بەیاسای مەدەنی دەڵێن دایکی یاساکان.

جگە لەو پێناسەیە, پێناسەیەکی یەك وشەییش بۆ دەستوور هەیە, ئەویش ئەوەیە کە, دەستوور بریتییە لە (دەوڵەت).

ئەوەی کە زێتر گرنگێتیی یاسای دەستووری دەردەخات ئەوەیە کە دەستوور بەشێوەی مادەیەکی زانستی یاسایی و ڕامیاری لە هەموو زانکۆکانی جیهاندا دەخوێندرێت.

لەوانەی سەریشەوە گرنگتر, ئەوەیە کە دەستوور باشترین پێوانەی جیاوزیکردنە لە نێوان کودێتا و شۆڕشدا (الانقلاب و الثورة), هەرچەندە ئەگەر چەندین کاری پارتیزانانەش دژی دەوڵەتی نێوەندی بکرێت و لە ئەنجامدا دەوڵەت بروخێت, بەو کارە ناگووترێت شۆڕش لە





فەرهەنگی رامیاریی نوێدا, هەتاکو دەستووری ئەو دەوڵەتە پووچەڵ نەکرێتەوە, بەڵام هەر هەڵگەڕانەوەیەك لەنێو دەوڵەتەکە خۆیدا رووبدات و فەرمانڕەوا نوێیەکان دەستووری دەوڵەتە کۆنەکە پووچەڵ بکەنەوە, ئەوا بەو هەڵگەڕانەوەیەش دەگووترێت شۆڕش, با بەیەکدادانیش لەنێوان فەرمانڕەوا کۆنەکان و بەرهەڵستکاراندا روونەدات, "لێرەدا مەبەست بەیەکدادانی چەکدارانەیە".

بەو پێیەی کە دەستوور هێزێکی جەختکاری بەسەر یاساکانی تردا هەیە, ئەوا ئەگەر هەر یاسایەك لەلایەن دەوڵەتەوە دەربچێت, پێویستە دژی دەستوور نەوەستێتەوە, ئەگەر نا, ئەوا ئەو یاسایە ناڕەوایە و پێویستە هەڵبوەشێنرێتەوە, بێگومان ئەگەر وانەبێت, ئەوا رێزی دەستوور پێشێل دەکرێت و دیسانەوە دەوڵەت دەبێتە دەزگەیەکی ناڕێکوپێك.

هەر گۆڕانکارییەکیش لە دەوڵەتدا بکرێت, پێویستە بەپێی دەستوور بێت, بۆ نموونە, دامەزراندنی سەرۆك کۆمار یان فەرمانبەرێکی مەزن یاخود هەڵگیرساندنی جەنگ, پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا, بەشداریکردن لە پەیمانێکی سەربازی, ئابووری, و ... هتد.

کەواتە لە هەموو ئەو شتانەی سەرەوە بۆمان روونبووەوە کە "دەستوور دڵ و گیانی دەوڵەتە و لەهەمان کاتدا بەرنامە بنچینەییەکەیەتی".

کورد, لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا دەزگەیەکی دەوڵەتیی نەبووە, بەدەستووریش نامۆیە, چونکە سەردەمێکی دوور و درێژ بەشبەش و

ژێردەستەی بێگانە و دەستووری داگیرکەرە, لە تەواوی دەستووری ئەو داگیرکارانەدا جگە لە داگیرکەری ئێراقی, لە هیچیاندا هەر نێویشی نەبراوە, تەنیّ لەوەی ئێراقدا نەبێت, کە ئەویش تێیدا کراوەتە بەشێك لە عارەب و نیشتمانەکەیان[1] و چەند مافێکی درۆییەنەی ئۆتۆنۆمیشی هەر لەو وڵاتەدا بەپێی دەستوور پێدراوە[2], کە هەردەم مەرەکەبی سەر پەڕەی دەستووری ئێراقی بوون و چاوبەستێك بوون بۆ رای گشتیی جیهانی[3].

[1] بڕوانە مادەی پێنجەم, بڕگەی (ا و ب)ی دەستووری کاتیی ئێڕاق, کە لە 16-07-1970 لەلایەن ئەنجوومەنی بەنێو سەرکردایەتیی شۆڕشی بەعسییانەوە دەرچووە, کە ئەویش بەم شێوەیەیە:

مادەی پێنجەم:

ا- ئێڕاق بەشێکی نەتەوەی عارەبە.

ب- گەلی ئێڕاق لە دوو نەتەوەی سەرەکیی, نەتەوەی عارەب و نەتەوەی کورد پێکهاتووە و ئەم دەستوورەش دان بە مافەکانی گەلی کوردا دەنێت و مافە رەواکانی کەمەنەتەوەییەکانی تریش لە چوارچێوەی یەکێتیی ئێڕاقدا پارێزراوە.

[2] بۆ نموونە بڕوانە بڕگەی (ب) مادەی هەفتەمی دەستووری کاتیی ئێڕاق کە ئەویش دەڵێت:

ب- زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عارەبی, زمانێکی رەسمییە لە ناوچە کوردییەکاندا.

[3] شایانی باسە کە ئەو مافانەی کە لە دەستووری کاتیی ئێڕاقیدا دراوە بە کورد, هیچ شتێکی ئەوتۆی لە پڕۆژەی دەستووری نوێی ئێڕاقدا لیّ زۆر نەکراوە کە لە





لە سەردەمانی دەوڵەتی پاشانشینی کوردستان, بەسەرۆکایەتیی شێخ مەحمودی نەمر و کۆماری دیموکراتیکی کوردستان, بەسەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەمەد, چونکە ماوەی فەرمانڕەوایی کورد زۆر کورت بوون و هەردووکیان بەهۆی نالێزانیی خۆمان و چەند گەمەیەکی نێودەوڵەتییەوە رووخێنران, کورد فریای ئەوە نەکەوت کە دەستوورێکی کوردی بۆ دەوڵەتێکی کوردی بهێنێتە بوون, تاوەکو ئێستا بمانگووتایە کە کورد لە دەستوور و دەستوورواندا مێژووی هەیە. بەڵام هەر لەپاش هەڵگیرسانی راپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان و دامەزراندنی پەڕلەمانی باشووری کوردستان لە 1992دا و بڕیاردانی پەڕلەمان لەسەر ئەوەی کە سیستمی فیدراڵی بکاتە سیستمێك بۆ پاشەڕۆژی دەوڵەتی ئێڕاقی لە 04-10-1992دا, گرنگیی هاتنەکایەی دەستوورێك بۆ کورد هاتە کایەوە, دەوڵەتی فیدراڵیی ئێڕاق لە پاشەڕۆژدا پێویستی بە دەستووری فیدراڵیی نێوەندی و دەستووری هەرێمە فیدراڵییەکان هەیە, لەمەدا رەخنە و کەمتەرخەمییەکی زۆر دەرێتە پاڵ حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان, وەکو هەموو ئەو رەخنانەی تر, کە تاوەکو ئێستیّ هیچ کارێکی ئەوتۆی بۆ هێنانەدیی ئەو دەستوورە نەکردووە, بەڵام

07-07-1990دا دەرچووە, بەڵام ئەم دەستوورە تاوەکو ئێستیّ هەر بەپڕۆژەیی ماوەتەوە.

بۆ زانیاریی زێتر بڕوانە: مشروع الدستور 07-07-1990, هدية دار العراق للصحافة و النشر, جريدة العراق, يوزع مجانا.

خۆشبەختانە, یاساوانی کورد, مامۆستا (د. نووری تاڵەبانی), هەر لەدەمێکەوە هەستی بەم بۆشاییە کردووە و لە هاوینی ساڵی 1992دا دەستوورێکی بۆ هەرێمی باشووری کوردستان ئامادەکرد و پێشکەشی پەرلەمانی باشووری کوردستانی کرد.

هەڵبەت هەر دیاردەیەکی بیری مرۆڤ, سەرەتا وەك پرۆژەیەك لەلایەن کەسێك یان چەند کەسانێکەوە دێنە بوون و پاشان خەڵکان و لایەنانی دیکە بەرۆگری دەبن, تاوەکو دەبێتە کارێکی پووختەی رێکوپێك, پرۆژەکەی مامۆستا نووریش, بەو شێوەیە پاش ئەوەی کەوتە سەر کاغەز, بووە هی هەمووان و لەسەر رووناکبیران و یاساوانانی کورد بەتایبەتی پێویستە کە خۆیان بکەنە خاوەنی و هەوڵی ئەوە بدەن لە چاکترەوە بیکەنە چاکترین. هەربۆیە منیش وەك یاساوانێکی کورد دەمەوێك گفتوگۆیەکی ئەو پرۆژە بەپێزە بکەم, بەو هیوایەی گورێك, ئەگەرچی بچووکیش بێت بخەمەبەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی باشووری کوردستان[1].

[1] دیارە بەپێی بیروباوەڕی نەتەوەییانەی من, پێم خۆشتر و شانازیتر دەبوو کە گفتوگۆی پرۆژەی دەستووری کوردستانم بکردایە نەك باشووری کوردستان و سەربە دەوڵەتێکی فیدراڵیی ئێراقی لە پاشەڕۆژدا, بەڵام لەم بارودۆخەدا بەشێوەیەکی کاتی ئەگەر خۆمان بدەینە دەست ئەم راستینەیەی جیهان و ناوچەکە و کوردستان, ئەوا ئەویش دەبێتە هەنگاوێك بۆ چارەسەری کێشەی رەوای نەتەوەکەمان بەگشتی.





هەمان ئەو پرۆژەیە لەلایەن مامۆستاوە و بەهۆی مەڵبەندی رۆشنبیریی کوردەوە لە لەندەن, لەشێوەی کۆڕێکدا پێشکەشی کوردی دانیشتووی دەرەوە کرا و, مەڵبەندیش لە شێوەی نامیلکەیەکدا بڵاویکردەوە[1].

بەر لە هەرشتێك دەمەوێت ئەوە بڵێم, کە من نامەوێت پرۆژەی دەستوورەکەی مامۆستا, لە دەستوورێکی فیدراڵییەوە بکەمە دەستوورێکی کۆنفیدراڵی, ئەگەرچی لەسەر هەندێك ماف زۆرتر بۆ هەرێمی باشووری کوردستان پێدادەگرم, بەڵام ئەوەی کە زێتر جێ سەرنجی منە, ئەوەیە کە ئەم دەستوورە پەیوەستە بەڕووخانی دەوڵەتی ئێراقی ئێستێی بەعسییانەوە, ئەگینا کەس لەو باوەڕەدا نییە کە ئەم رژێمە ئێستێ دەستوورێکی لەم شێوەیە بۆ باشووری کوردستان پیادە بکات, بەڵام پاش رووخاندنی رژێم و هاتنە سەرکاری حکومەتێکی نوێ, ئەوا پیادەکردنی ئەم دەستوورە کارێکی ئەستەم نییە, ئەویش بەو مەرجەی کە ئەو حکومەتە نوێیە لە بیرکردنەوەیدا وەکو زۆربەی

[1] هەڵبەت من تەنێ ئەو نامیلکەیەم بەرچاو کەوتووە کە مەڵبەند دەریکردووە, ئەویش هەموو مادەکانی پرۆژەی دەستوورەکەی تێدا نییە, بەڵام ئەو مادانەی کە لەو نامیلکەیەدا بڵاوکراوەتەوە, گرنگترینی مادەکانی دەستوورەکەیە کە گفتوگۆ زێتر هەڵدەگرن و مادەکانی تری, هەروەکو مامۆستا خۆی دەڵێت پرنسیپی گشتین و لە هەموو دەستوورێکی دەوڵەتاندا بەگشتی هەیە.

بڕوانە: (دەربارەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراق), دکتۆر نووری تاڵەبانی, لە بڵاوکراوەی مەڵبەندی رۆشنبیریی کورد لە لەندەن, 1993.

ئۆپۆزیسیۆنی ئێستێی ئێراقی نەبن, ئەگینا بەرایی بیرکردنەوەی زۆرینەی ئەوانیش هیچی وای لەگەڵ بەعسییاندا کەم نییە؟!.

پرۆژەکەی مامۆستا, تاڕادەیەك پرۆژەیەکی تەو و گشتگرە, بەڵام لە یەك خاڵدا نەبێت, کە ئەویش ئەوەیە, دەبوایە مادەیەکی تەرخان بکرایە بۆ ئەوەی کە "پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی نێوەندیدا لیژنەیەکی باڵای چاودێریی داوەری دابنێن لەبۆ چاودێریی پراکتیك کردنی دەستووری حکومەتی نێوەندی و حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان"[1], چونکە تاوەکو ئێستێ لەلایەن دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستانەوە گەلێك گفتی شیرین دراوەتە کورد و هیچیان نەبراونەتە سەر, هەر بۆ نموونە با بگەڕێینەوە سەر

[1] شایانی باسە کە مامۆستا نووری, تەنها ئاماژە بۆ پێشنیازێك دەکات کە ئەگەر ئێراقی عارەبی کرایە دوو هەرێمەوە (بۆ نموونە: شیعە و سوننە), ئەوا هەرێمی باشووری کوردستان دەبێت خاوەنی مافی (ڤیتۆ) بێت لە ئەنجوومەنی هەرێمەکاندا, بەڵام ئەو مادەی چوارەمەی کە مامۆستا باسی دەکات و دەربارەی دانانی دەستووری فیدراڵییە, مافی ڤیتۆی هەرێمی کوردستان بە کارێکی پێویست دەزانێت بێ ئەوەی لە چوارچێوەی مادەکەدا بێت, واتە ئەویشیان وەك پێشنیارزێکە و تەنێ بۆ ئەوەیە کە هەرێمەکانی تر ڕەوایەتی لە دەستووری هەرێمی باشووری کوردستان نەسەندنەوە, بەو پێیەی کە دەنگەکانی کورد کەمترن لەوانەی هەرێمەکانی تر, لە کاتێکدا کە ئێراق کرایە چەند بەشێکەوە. ئاشکرایە کە ئەم مافی ڤیتۆیە هەر بۆ ڕەوایەتیی دەستووری باشووری کوردستانە, نەك بۆ چاودێری لەسەر کارەکانی حکومەتی نێوەندی, کە دەبێت هەر لە ڕێی لیژنەیەکی باڵای تێکەڵی هەردوولاوە بێت.





دەستووری کاتیی ئێراق لە ساڵی 1970 و پرۆژەی دەستووری 1990, هەرچەندە لەو دەستوورەدا کە کورد و باشووری کوردستان کراونەتە بەشێك لە عارەب و نیشتمانەکەیان, بەڵام گەر بێت و تەواوی ئەو مادانەی کە دەربارەی کورد و مافە بنچینەییەکانی مرۆڤی ئێراقین بە کوردیشەوە, پراکتیك بکرانایە, ئەوا لەو باوەڕەدام کە بەدرێژایی ئەو بیست و شەش ساڵەی مێژووی ئەو دەستوورە لە ئێراقدا هیچ کامێك لەو نەهامەتی و ماڵوێرانییانە بەسەر کوردا نەدەهات, کە هەمووبان دەیانزانین و پێویست بەباسکردن ناکات[1]. کەواتە پراکتیك کردنی دەستووری هەرێمی باشووری کوردستان کارێکە هێندەی دانانی دەستوورەکە گرنگە و پێویستە هەر دەستوورەکە خۆشی مادەیەکی بۆ تەرخان بکات و هەردوو حکومەت, "نێوەندی و باشووری کوردستان", بەکردار ئەو لیژنەیە پێکبهێنن, تاوەکو کورد لە باشووری وڵاتەکەیدا لەژێر سێبەری کۆمەڵگەیەکی یاسایی و ڕێکوپێکدا بژی, دیارە ئەو

[1] یاسای ئۆتۆنۆمیش بۆ ناوچەی کوردستان, کە لە 11-03-1974دا لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە دەرچوو, بێگە لەو بارودۆخەی کە تێیدا هاتە بوون و هەروەها جگە لەو مادانەشی کە کورد و باشووری کوردستان دەکاتە عارەب و نیشتمانەکەیان و سنووری نێوچەی باشووری کوردستانیش تەنگە دەکاتەوە, گەر بەشێوەیەکی تەواو پراکتیك بکاریە, ئەوا ئێستێ ڕێڕەوی گۆڕانکارییەکان بەجۆرێکی دی دەبوون.

بڕوانە: یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستان, لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕاگەیاندن, کۆماری ئێراق, زنجیرەی وثائقی 33, دار الحرية للطباعة, بغداد, 1974

لیژنەیە دەستەبەرییەك بۆ پراكتیك كردنی دەستوور دێنێتە كایەوە و ڕێزی دەستووری باشووری كوردستان پێشێل ناكرێت.

سەرجەمی پڕۆژەكەی مامۆستا, 114 مادەیە, بەڕای من هەندێكی ئەو مادانە زۆر پێویست بەوە ناكات كە لە لایەن ڕۆشنبیران و یاساوانانەوە ڕەخنەی لێبگیرێت, چونكە هەموویان مایەی ڕەنجی بیركردنەوە و ماندووبوونی زۆری مامۆستان و زۆر بەباشی لە سنووری فیدراڵیدا تانوپۆی چنیون, بەسوپاسەوە, بەڵام پیاچوونەوەی زمانەوانیی زۆر پێویستە, چونكە زمانی یاسایی دەبێت زۆر بەڕەوانی بنووسرێت, چ جای دەستوور, كە زمانەكەی دەبێت هەر زۆر بەهێز و تایبەتی بێت, كە ئەمەیان بەرەوڕووی زمانەوانەكان دەبێتەوە.

لە مادەی یەكەمی دەستوورەكەدا, باسی سنووری هەرێمی باشووری كوردستان كراوە, كە ئەمەیان جێی سەرنجە بۆ زۆر كەس, چونكە تەنێ شارۆچكە كوردییەكانی شاری موسڵ خراوەتە نێو سنوورەكەوە, بەبێ شاری "موسڵ", دانانی ئەم سنوورە لەدەست "یەك كەس و دوو كەسدا" نییە و باشتر وایە بەهۆی كۆنگرەیەكی نیشتمانیی كەس و هێزە نیشتمانییەكانی كوردستانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت, یاخود بەهۆی گشت پرسێكەوە (ریفراندۆم) لە شاری موسڵدا, كە ئەمەیان هەر بەڕووخانی دەوڵەتی ئێستێی ئێراقەوە دەبێت, بەو مەرجەی كە ڕەفتار و بۆچوونی فەرمانڕەوای پاشەڕۆژی ئێراقیش تێبخوێندرێتەوە.





هەروەها لە هەمان مادەدا كە باس شارۆچكەكانی "چەم چەماڵ و كەلار" كراون, و دەبێت بخرێنە سەر شاری كەركوك, ئەمەیان جارێ زۆر پێویست نییە, چونكە كەركورك بێت یان سلێمانی, هەردووكیان دوو شاری كوردستانن, ئێمە دەبێت زۆرتر هەوڵی ئەو شار و شارۆچكانە بدەین كە ئێستێ لە دەرەوەی سنووری باشووری كوردستانن, بەڵام پێشنیازی مامۆستا بۆ دروستكردنی پارێزگاری "گەرمیان" یان "سیروان", كارێكی زۆر بەجێیە, تاوەكو شارۆچكەكانی "كفری و كەلار و خانەقین و مەندەلی و ..." هتد بخرێتە سەر.

مادەی چواری پڕۆژەكە دەڵێت: (گەلی كوردستانی ئێراق یەكێتییەكی ئازەزوومەندانەی لەگەڵ گەلی عەرەب لە بەشی عەرەبی ئێراقدا پێكهێناوە, لە چوارچێوەی كۆمارێكی فیدراڵی كە دوو هەرێمە یان زیاتر لە دووان).

بەڕای من ئەم مادەیە لە پڕۆژەكە دەربهاوێژرێت چێترە, یاخود دەستەواژەی (یەكێتییەكی ئارەزوومەندانە)ی تێدا نەبێت, چونكە جگەلەوەی كە ئەمە هیچ ڕاستینەیەكی مێژوویی نییە, لەهەمان كاتدا دەبێتە كۆسپێك بۆ بەرەو كۆنفیدراڵی و پاشان پێكهێنانی دەوڵەتی كوردی, لەبەرئەوەی ئەوە دانپیانانێكی ڕەسمییە كە ئێمە هەرگیز داوای جیابوونەوە لە ئێراقی عارەبی ناكەین, هەروەها پێكەوە ژیانێكی فیدراڵییانە لەگەڵ عارەبی ئێراقدا, ناكرێت ویست و خواستی تەواوی جەماوەری باشووری كوردستان بێت, بەڵكو ئەمە لەم هەنگامەی ئێستێ و پاشەڕۆژێكی ناڕەهادا كارێكی ناچارییە و هەروەها یەكێتیی

ئارەزوومەندانە لەگەڵ عارەبدا زێتر سنووره دابەشکارەکانی کوردستان چەسپتر دەکات.

مادەی یازدەی پڕۆژەکە دەڵێت: (هەرێمی کوردستان بەهیچ شێوەیەك نابێت و ناکرێت هەڵوەشێتەوە, هەروا ناکرێت بەشێك لە خاکی ئەم هەرێمە بخرێتە سەر سنووری هەرێمێکی تر مەگەر بەڕەزامەندیی (3\2)ی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و زۆربەی رای خەڵکی کوردستان لە راوەرگرتێکی گشتیدا).

ئەمە وەك پرنسیپ, بیرێکی جوانە, بەڵام لەبەرئەوەی کە ئێمە هیچ دەستەبەرییەکمان بەدەستەوە نییە کە کۆماری فیدراڵیی ئێراقی لە پاشەڕۆژدا دان بەتەواوی نێوچە کوردییەکانی "باشووری" باشووری کوردستاندا دەنێت, واتە هەر لە "ژەنگار"ەوە تاوەکو "بەدرە" و "جەسان". ئەوا دەبوایە لەنێو ئەم دەستوورەدا مادەیەکی وا بووایە کە بە روونی داوای لە کۆماری پاشەڕۆژ بکردایە کە تەواوی ئەو نێوچە کوردییانە بخاتە سەر هەرێمی فیدراڵیی باشووری کوردستان, بۆ نموونە بەم شێوەیە: (دەوڵەتی نێوەندیی ئێراقی پێویستە دان بەو نێوچە کوردییانەدا بنێت کە رژێمە یەك لە دواییەکەکانی ئەوسای ئێراق, لە کوردستانیان جوداکردووەتەوە و بە بەشێکی جیانەبووەوەی کوردستانیان بزانێت, کە ئەو نێوچانەش لە مادەی یەکی ئەم دەستوورەدا ئاماژەی بۆ کراوە). هەڵبەت ئەمە دەستەبەریی زێتری تێدایە و مادەی یەکەمینی پڕۆژەی دەستوورەکەش بەهێزتر دەکات, کە





سنووری باشووری کوردستانی دیاریکردووە, چونکە ئەو سنوورە بەو شێوەیەی, لەلایەن هیچ رژێمێکی ئێراقییەوە دانی پێدا نەنراوە.

مادەی پازدەهەم, کە باسی ئەوە دەکات و دەڵێت: (پێویستە رای هەرێمی کوردستان وەربگیرێت هەر کاتێك حکوومەتی فیدراڵی ویستی پەیمانێکی دارایی یا پەیمانێکی تر ببەستێت لەگەڵ دەوڵەتێکی بێگانەدا, ئەگەر ئەو پەیمانە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی دەستەڵاتەکانی هەرێم).

ئەم مادەیە زۆر پێویستە لە دەستوورەکەدا, بەڵام پێویستی بە مادەیەکی تری تەواوکار هەیە, کە ئەویش هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئەو پەیمانانەی کە رژێمی ئێراق لەگەڵ دەوڵەتانی تردا لە دژی کورد بەستوویەتی, لە کاتێکدا کە رژێمی ئێستێ لەسەر کاربێت یان رژێمێکی تر, هەروەها باشتریش وایە کە هەر رێکەوتننامەیەکی تریش لەلایەن دەستوورەوە بدرێتە دواوە, کە ئێراق تێیدا بەشداربێت و دژی هەرێمەکانی تری کوردستان بێت, بۆ نموونە لەوانەیە دەوڵەتی ئێراق لە پاشەڕۆژدا پەیمانێك لە دژی کورد لە باکوری کوردستاندا لەگەڵ داگیرکەری تورکدا ببەستێت, بێگومان ئەمە ناچێتە نێو ریزی مادەی پازدەهەمەوە, چونکە ئەو پەیمانە لە دژی هەرێمی باشووری کوردستان نەبووە؟!. هەربۆیە دەبێت ئەو پەیوەندییانە زۆر بە هووردی باس بکرێن لە دەستوورەکەدا.

مادەی شازدەهەم, کە دەستەڵاتی حکوومەتی نێوەندیی ئێراقیی دەستنیشان کردووە, کە ئەوانیش هەفت خاڵن, دەستەڵاتی هەرێمی

باشووری کوردستانی گەلێك کەم کردووەتەوە, هەرچەندە مامۆستا بەباشی دەزانێت و دەڵێت: پێویستە وریا و ئازا بین تاوەکو ئەو دەستەڵاتانەی دەوڵەتی نێوەندی زۆرتر نەبن.

خاڵەکانیش ئەمانەن:

1- کاروباری بەرگریکردن لە وڵات.
2- پەیوەندیی دەرەوە.
3- کاروباری رەگەزنامە (جنسیة).
4- دەرهێنانی دراو.
5- گومرگ و باجە نێوەندییەکان (الجمارج و المکوس المرکزیة).
6- پۆستە و تەلەفۆنی نێوەندی.
7- کاروباری فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی (المطارات الدولیة).

هەروەکو لەمەوبەر باسمکرد, من نامەوێت پرۆژەی دەستوورەکە لە فیدراڵییەوە بکەمە کۆنفیدراڵی, بەڵام گەر بێت و تەواوی ئەو خاڵانە تایبەت بن بە دەوڵەتی نێوەندیی ئێراقییەوە, ئەوا کورد و مافەکانی لە کۆڕی زانیاریی کورد و چەند مافێکی تر تێپەڕناکات, چونکە ئەو خاڵانە زۆر لە کەسایەتیی کورد لە چوارچێوەی رامیاری و ئابووری و سەربازیی ئێراقدا دێنێتە خوارەوە, هەر بۆ نموونە دەربارەی خاڵی یەکەم, هەرچەندنە مادەی هەشتی پرۆژەکە گۆڕانکاریی هێزەکانی سوپا لە





نێوان کوردستان و ئێراقدا جێگیر دەکات, مەگەر بەخواستی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بێت, بەڵام پێویستە لە کاروباری بەرگریکردن لە وڵات, هەرێمی کوردستانیش جێ دەستی لە بڕیارەکانیدا ببێت و لە دەستوورەکەیدا دەستەبەریی هەبێت, بۆ نموونە لە گریمانێکدا گەر کۆمۆنیستەکانیش بێتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی ئێراقی لە پاشەڕۆژدا!, ئەوا بێ دوودڵی لە دەستوورەکەیاندا مادەیەکی واهیی تێدایە کە بەرگری لە دەوڵەتێکی تری عارەبی بکەن لە کاتی دەستدرێژیی بێگانەدا, هەرێمی کوردستانیش پێویستە هەمان ماف ببێت لە بەرگریی نەتەوەییانەی کوردا و هەمان ماف عارەبی ئێراقیی هەیە.

لە خاڵی دووەمیشدا هەر بەو جۆرە, کە دەبێت پەیوەندیی هەرێمی باشووری کوردستان لەگەڵ هەرێمەکانی تری کوردستاندا لەلایەن هەرێمەوە و لە سنووری یاسادا رێکبخرێت, بەتایبەتی کاروباری ڤیزە و هاتووچۆ, گەر بۆ عارەبێکی "ئوردونی" هەبێت بە بێ ڤیزە بێتە نێو ئێراق و باشووری کوردستانەوە, ئەی بۆچی بۆ کوردێکی دیاربەکری و ئیلامی و خەڵکی سەری کەهنیێ نا؟!...

دەربارەی کاروباری رەگەزنامەش, کە خاڵی سێیەمی مادەی شازدەهەمە, پێویستە هەروەکو چۆن ئێستێ لە یاسای رەگەزنامەی ئێراقیدا, چوارچێوەی ئێراق بە باشووری کوردستانیشییەوە! بە وڵاتی

دووەم دادەنرێت بۆ هەموو عارەبێك[1], ئەوا باشووری کوردستانیش لەم هەنگامی فیدراڵییەدا پێویستە وڵاتی دووەم بێت بۆ هەموو کوردێك, ئینجا ئایا خەڵکی باکوور بێت یان لوبنان و پاکستانیش, چونکە گەر هەر رژێمێکی دی فەرمانڕەوایی ئێراق بگرێت بەدەستەوە, ئەوا لەو بڕوایەدام ئەو مادەیە لە یاسای رەگەزنامەی ئێراقیدا هەر دەمێنێتەوە, دیارە ئێمە بەوە زۆرمان داوا نەکردووە و بەپێی دەستووری بەعسییانیش بێت "هاووڵاتیان یەکسانن لەبەردەم یاسادا, بەبێ جیاوازیکردن لە رەگەز و بنەچە و زمان و ئایین و .." هتد[2], ئنجا ئەگەر دەستووری بەعسییان وابڵێت, ئەوا دەبێت دەستووری رژێمی پاشەڕۆژ لەمە چێتر ببێت و ئەو مافانە بداتە کورد کە وەکو عارەب لە نیشتمانەکەیدا رەفتار بکات. دیارە لە پڕۆژەی دەستوورەکەدا باسی مافی پەناهاندەیی تایبەتی کراوە بۆ کوردی هەرێمەکانی تر کە ئەوەیان پێم وایە پرنسیپی گشتییە, بەڵام هەر زۆر باشترە گەر رەفتاری تایبەتییان بەپێی دەستوور لەگەڵدا بکرێت.

دەرهێنانی دراڤ, دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتی نێوەندی, بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەرێمی کوردستان بەشداریی رازاندنەوەی وێنەکانی نەکات بەپێی یاساکانی بانك, بۆ نموونە دراوی (10 دینار)یی پێشتر وێنەی بەستی دوکانی تێدا بوو, ئێستێ کراوەتە زانایەکی عارەب!.

[1] بڕوانە یاسای رەگەزنامەی ئێراقی, بەزمانی عارەبی, بەداخەوە ژمارەی مادەکەییم بیر نەماوە.

[2] بڕوانە بڕگەی ئەلیفی مادەی نۆزدەی دەستووری کاتیی ئێراقی.





ئەگەر شانبەشانی زمانی عارەبی, بەکوردیش لە چوارچێوەی یاسادا, لەسەر کاغەزی دراوەکان بنووسرێت, ئەوەش کارێکی باشە.

لە باسی کاروباری فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیدا, کە خاڵی هەفتەمی مادەکەیە, پێویستە هەرێمی کوردستانیش زۆر بەباشی بەشدار بێت تێیدا و تەنها کاری دەوڵەتی نێوەندی نییە, هەموومان بینیمان کە چۆن فەلەستینییەکان فرۆکەخانەی (غەززە)ی نێودەوڵەتییان کردەوە, بە مەرجێك هەموو ئەو زەوییانەی کە بەدەست ئەم دامەزراوە نوێیە فەلەستینییەوەیە هێندەی نێوچەی گەرمیان نابێت.

مادەی بیست, کە باسی بەشداریکردنی خەڵکی کوردستان لە دەوڵەتی نێوەندیدا دەکات, خاڵی یەکەمی دەڵێت: (جێگری سەرۆك کۆماری فیدراڵی ئێراق دەبێت کورد بێت و ...). پێم وایە گەر مادەیەکی واهی بکەوێتە دەستوورەوە, واتە ئەوە دەگەیەنێت کە لە "سەدا سەد" دەبێت سەرۆك کۆمار عارەب بێت و کورد مافی سەرۆك کۆماریی نییە, کە ئەمە لە هیچ دەستوورێکی فیدراڵیی نێوەندیدا نییە و کوردیش بۆی هەیە ببێتە سەرۆك کۆماری ئێراق, ئەگەر هاووڵاتییان هەموویان یەکسان بن لەبەردەم یاسادا بەبێ جیاوازی لە رەگەز و چی و چیی تریان, باشتر وایە بنووسرێت: (جێگرێکی سەرۆك کۆمار...) نەك (جێگری سەرۆك کۆمار), چونکە دەشێت سەرۆك کۆمار لە یەك جێگر زێتری ببێت, ئەو کاتە دان بەوەدا نانێین کە سەرۆك کۆمار هەر دەبێت عارەب بێت, پاشان دەتوانرێت خاڵێکی تری بۆ زۆرتر بکرێت, ئەویش

لە کاتی ئەوەی کە سەرۆك کۆماری ئێڕاق کورد دەبێت, لەو کاتەدا کورد دەشێت جێگری سەرۆك کۆماری نەبێت و با ئەوان هەموویان عارەب بن.

لەو مادانەی کە باسی ئازادییە گشتییەکان دەکات "واتە مادەی 40 تا 51" و یەکێکیان کە دەڵێت: (نابێت هیچ ڕێکخراوێك چەکدار بێت و یارمەتی لە دەرەوەی کوردستان وەربگرێت), ئەمەیان زۆر باشە, بەڵام هەندێك ڕێکخراو هەن کە جیهانین و لکیان لە کوردستاندا هەیە, دەبێت لەم کاتەدا بەپێی یاسا یان "ریزپەڕێك" لە دەستوورەکەدا ئەو پەیوەندییەیان بۆ دابین بکرێت, بۆ نموونە گەر ڕێکخراوی (گرین پیس) لکی لە کوردستاندا هەبوو, ئەوا هەر ملکەچی ڕێکخراوە دایکەکە دەبێت و زۆر ئاساییە کە یارمەتیشی لێوەربگرێت, بەمەرجێك ئەو یارمەتییە لە دژی ئاسایشی کوردستان نەبێت.

هەروەها هەر لەم مادانەدا کە کارکردنی رامیاری لەلایەن پارتەکانەوە لە نێو هێزە چەکدارەکانی سووپا و پۆلیس و ئاسایشدا یاساغ کردووە, ئەوا هەمان شت بۆ پارتی دەستەڵاتداریش لە ئێڕاقدا دەبێت پیادەبکرێت, بۆ نموونە سەردەمانێت کە پارتی کۆمۆنیستی ئێڕاقی لەگەڵ بەعسییاندا لەبەرەیەکدا بوون, بەعسییەکان بۆیان هەبوو لەنێو سووپادا ڕێکخستنی خۆیان پەرە پێبدەن, بەڵام بۆ کۆمۆنیستەکان "تابوو" بوو.

مادەی پەنجاوچوار دەڵێت: (ئەو کەسەی بەشداریی کردووە لەو تاوانانەی کە رژێمی دیکتاتۆری کردوویەتی یا پلانی بۆ داناوە لە





کوردستاندا, مافی خۆ پاڵاوتنی نییە تاکو ببێت بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان).

لەڕاستیدا ئەم مادەیە زۆر پێویستە لە پرۆژەکەدا, هەرچەندە ئەمەشیان وەکو هەندێك مادەی پێویستی تر پەیوەستە بە پاشەڕۆژی گۆڕانکارییەکانی دەستەڵاتی نێوەندیی ئێڕاقییەوە, بەڵام هەرچۆنێك بێت هەموومان دیمان کە لە پاش ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستانەوە تەواوی ئەو تاوانبارانە لە نێو ریزەکانی پارتە کوردستانییەکانی باشووردا پێشوازییان لێکرا و هەندێکیشیان کرانە پاڵەوانی شۆڕش و پەیتا پەیتا هەر خەریکی خۆ دەوڵەمەندکردن و تاڵانکردنی دەستکەوتەکانی جەماوەرن, ئەمانە نەك هەر نابێت خۆیان بۆ شوێنی واهی بپاڵێون, بەڵکو دەبێت مادەیەکی تری دەستووری ببێت تاوەکو بە هاوکاریی دەوڵەتی نێوەندی یان "هەرێم هەر خۆی", دادگایەکی باڵا بۆ داوەریکردنی ئەو تاوانبارانە دابنێت بۆ داوەریکردنیان, چونکە بەڕاستی هەندێك لەوانە دەستیان لە ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستانیشدا هەیە کە دەکرێت پێی بگووترێت "گەورەترین خیانەت", هەروەها ئەو دادگایە بۆ ئەو کەس و لایەنانەش بن کە لە نێو شۆڕشدا سازشیان بەمافی رەوای نەتەوەکەمان کردووە. هەروەها مادەی 89ش کە باسی کابینەی سەرۆکی وەزیران و وەزیرەکانی دەکات و کە بە پێی ئەم مادەیە نابێت پێشتر بەشداریان کردبێت لە تاوانەکانی داگیرکەری ئێڕاقی لە کوردستاندا, ئەمەش زۆر پێویستە, هەرچەندە ئەمە و بگرە هەموو پرۆژەی دەستوورەکەش

بەستراوەتەوە بە رووخانی رژێمی بەعسەوە و چۆنێتیی بیرکردنەوەی ئەو رژێمە نوێیەش بەرامبەر بە کورد, دەبێت لەبەر چاوان بگیرێت.

مادەی سەردوهەشتیش کە باسی (دەستەی قانوونیی باڵای کوردستان) دەکات بۆ لێکۆڵینەوە و رادەربڕین لەسەر یاساکانی کوردستان, پێویستە لە "پێنج" قانوونیی شارەزا و رابردوو پاک پێك بێت, هەڵبەت ئەم دەستەیە زۆر پێویستە, بەڵام دیاریکردنی ژمارەیان بە پێنج کەس, ئەوەیان پێویست نییە, چونکە تا ژمارەیان زۆرتر بێت چێترە و باشتر دەتوانن لێی بکۆڵنەوە و رادەربڕن, گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ژمارەیان تاك بێت, بەڵام دیاریکردنی بۆ پێنج کەس بۆچی؟, یان باشتر وایە کە بگووترێت "ژمارەیان لە پێنج کەس کەمتر نەبێت".

لە کۆتاییدا دەڵێم, پرۆژەکەی مامۆستا نووری زۆر پیرۆزە و هیوادارم توانیبێتم وەك یاساوانێکی نەتەوەیی کورد هەڵسەنگاندبێت, دیارە چونکە ئەم دەستوورەش, "پرۆژە"یە, هەموو رووناکبیرێك و یاساوانێك دەتوانێت رای خۆیی بەرامبەر دەربڕێت, بەئومێدی ئەوەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەوانەوە بەباشی گفتوگۆ بکرێت و لێی بتۆژرێتەوە, تاوەکو ئێمەی کورد بۆ پاشەڕۆژی ئەو ئێراقەی کە هەر یەکێك رایەکی لە چارەنووسیدا هەیە! نەخشەیەکمان پێ بێت و بەهیوای بینینی ئەو پاشەڕۆژە و کارکردنی کوردی بۆی.

هۆڵندا





سێپتێمبەری 1996

# بروسکەی شەرمەزاری[1]

لە مانگی یەکدا, 67 ساڵ بەسەر دامەزراندنی سووپای داگیرکەری ئێراقدا تێپەڕی. ئەو سووپایەی کە ئێمەی کورد نێومان لێناوە, "سووپای ئەنفال, گازی ژەهراوی, بکاری جەنگی ژینۆساید, بارزانییەکان و هەڵەبجە و زۆری تریش". دیارە پێویست بەوە ناکات کە باسی کارە دژبەمرۆییەکانی ئەو سووپا بەدنێوە بکرێت, چونکە هەمووومان زۆر باشی دەناسین و ڕۆژی 6ی جەنیوەریش, بەو بۆنەیەوە بەڕۆژێکی ڕەش و شووم دادەنێین و لەوەشدا مافی خۆمانە..

بەڵام ئەوەی کە ئەو سووپایە ناناسێت!, یان لەبەر بەرژەوەندیی ناکوردانەی, وای لەخۆی کردووە کە نەیناسێت؟!, "عەبدولکەریم محۆ"ی سەرۆکی ناوبراو بە "پارتی دیموکراتی کورد لە لوبنان"ە کە بە دوکانەکەی دەڵێن "پارتی"!.

بڵاوکراوەی "صوت الاکراد – دەنگی کوردان"[2] کە بەزمانی عارەبی لە لەندەن دەردەچێت و ئۆرگانی نێوەندیی ئەو پارتەیە یان "بڵاوکراوەی ڕێکلامای ئەو دوکانەیە"!, لەجیاتی بەسەرکردنەوەی ئەو شەهید و کەنەفت و ماڵوێرانییانەی کە کورد, بەهۆی ئەو سوپایەوە,

[1] مانگنامەی هەتاو – ژمارە 13 و 14 – ژونی 1997 – لەندەن – بەریتانیا.

[2] نازانم چۆن و بە چ شێوەیەك ئەم ڕۆژنامەیە ناوونیشانی منی دەستکەوتبوو و بەردەوام ڕۆژنامەکەیان بۆ دەناردم, بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە چاوم بەو ڕۆژنامەیە نەکەوتەوە. (وشە پەڕتەوازەکان).





بەدرێژایی 67 ساڵ تووشی بووە و تووشی دەبێت.. کەچی لە ژمارە "25ی 11-01-1997"یدا, "پارتی"ی لوبنان لەسەر زمانی سکرتێرە گشتییەکەیەوە "عەبدولکەریم محۆ", "بروسکەی پیرۆزبایی"ی بۆ "حەزرەتی فەخامەتی سەرۆك کۆماری ئێراق, سیادەتی سەرۆك سەددام حسێن" ناردووە و بە محۆ و مەکتەبی سیاسییەکەیەوە پیرۆزبایی ئەو ساڵڕۆژە شوومە لە یەکێك لە دڕندەترین بکوژانی کوردی ئەم سەدەیە دەکەن..؟! و زۆر بێشەرمانە لە بڵاوکراوەکەیاندا پەخشیان کردووە!. ئەمە جگەلەوەی کە ساڵڕۆژی ئەو سوپایە بۆنەیەکی مەزنە لای پارتی و بەبگێڕی چەندین داستانی نەمرێتی دادەنێن لەژێر "قیادەی حەکیم"ی سەددامدا, کە دیارە هەر مەبەستیان "ئەنفال و هەڵەبجە"یە!! و باوەڕیشیان بەوە هەیە کە سووپای ئێراقی بە سووپەرێکی بەهێز لە ژێر سەرکردایەتیی سەددامدا دەمێنێتەوە, تاوەکو پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم! لەدژی زەوی و گەلی ئێراقدا پووچەڵ بکاتەوە؟!.

بڵاوکراوەکە بەوەشەوە نەوەستاوە, بەڵکو لە لاپەڕە چواریدا, کورتەیەکی وتارەکەی سەددامی بڵاوکردووەتەوە, کە بەو بۆنەیەوە خوێندوویەتییەوە نەوەکو ئێمەی دوورە وڵات وتەکانی سەرۆکی حەکیممان لەکیس بچێت... دیارە بیستنی ئالەم بابەتە لە پارتێکی کوردی! و ڕابەرێکی کوردەوە! زۆر ناخۆشە, بەڵام چێترە کە هەمووومان ببینین و بیزانین. چونکە "گرفتی کورد, گرفتی خۆنەناسینێتی و باشتروایە خۆمان پێش دوژمنانمان بناسین".

لەوانەیە ئەم پارتییەی لوبنان, هێشتا لەژێر هێزکاری پارتیی ئێڕاقدا مابێت و وابزانێت جارانە! کە لە هەر بەشێکی کوردستاندا, پارتییەکی لەو شێوەیەی باشووری کوردستان هەبوو و هەر ئەویش ئاڕاستەی ڕامیاری و پەیوەندییەکانی دەکرد.

پارتیی ئێڕاق سوپای لەنێوبردنی 8 هەزار بارزانیی جارێکی دی هێنایەوە باشوور! بۆیە پارتیی لوبنانیش بروسکەی "شەرمەزاری" بۆ سەددامی کوردکوژ دەنێرێت؟؟!!.. زۆر بەداخەوە.





# ڕوونکردنەوەیەك لەسەر (ئەنسیکلۆپیدیای مێژووی کوردستان و کورد)[1]

پێشکەشە:

بەیادی (شەرەفخانی بەدلیسی), یەکەمین مێژوونووسی کورد...

هاوزمانانم:

ئەنسیکلۆپیدیای مێژووی کوردستان و کورد[2] بۆشاییەکەی گەورەیە لە کتێبخانەی کوردیدا... من ماوەی چەند ساڵێکە خەریکی دانانی ئەو ئەنسیکلۆپیدیایەم, کە تاڕادەیەك ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە. هەرچەندە هیچ نووسینێك و بەرهەمێکی بیری مرۆڤ نموونەیی نییە و بێ کەموکوڕی نابێت, بەڵام ئەنسیکلۆپیدیای مێژووی کوردستان و کورد هی هەموومانە

[1] گۆڤاری هەڤوت – ژمارە 14 – ئۆگەستی 1997 – سویسرا.
ئەم وتارە بۆ دووەمجار لە گۆڤاری ڕاماندا بڵاوکراوەتەوە – ژمارە 18 – مانگەنامەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە – دەزگای گوڵان دریدەکات – 05-12-1997 – هەولێر.

[2] زۆربەی هێڵەکانی ئەم وتارەم لەو پێشەکییە وەرگرتووە کە بۆ ئەنسیکلۆپیدیای مێژووی کوردستان و کوردم نووسیوە.

پاشتر ناوی ئەم پەڕتووکە بووە (هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد), بڕوانە پێشەکیی چاپی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمی ساڵی 1999ی ئەم پەڕتووکە. (وشە پەڕتەوازەکان).

و پێویستە زێتر و زێتر بە زانیاری و ڕووداوی ڕاستینەی مێژوو و کلتووری نەتەوەییمان دەوڵەمەندتری بکەین... هەربۆیە من ڕووی هاوکاری و دەستی یارمەتی لە هەموو کوردێك و دۆستانی دەنێم, تا لە داهاتوویەکی نزیکدا, ببینە خاوەنی ئەنسیکلۆپیدیایەکی مەزن بۆ کوردستان و کورد... بۆ ئەو مەبەستە لە ڕۆژی (28–05–1996)دا, بانگەوازێکم ئاڕاستەی هەموو کوردێك و ڕێکخراوێکی کوردی لە کوردستان و دەرەوەیدا کرد, تا یارمەتیی کارەکەم بدەن[1].

بەداخەوە ئەو ئەنسیکلۆپیدیایە لەبەرئەوەی بە پیتی عارەبی و شێوەزمانی کرمانجی خواروو (سۆرانی) دەنووسرێت, تەنێ ئەوانە کەڵکی لێوەردەگرن کە بەو ڕێنووس و دیالێکتە دەخوێننەوە, کە ئەویش سەرنجامێکی ناخۆشە و هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەرتبوونی زمانی کوردی بۆ چەند شێوەزمان و ڕێنووسێك. بەڵام بەهیوای ئەوەی کە لە داهاتوودا وەربگێڕدرێتە سەر شێوەزمانی کرمانجیی سەروو و تیپی لاتینی, تا هاوزمانانی باکووریش بێبەش نەبن لە ئەنسیکلۆپیدیای وڵات و نەتەوەکەیان.

نێونانی ئەم ئەنسیکلۆپیدیایە بە (ئەنسیکلۆپیدیای کوردستان و کورد) لەوەوە هاتووە کە ئەو بەرهەمە کۆمەڵێك ڕووداوی گرنگی زۆر کۆنی کوردستانی گرتۆتە خۆی, کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ پێش

[1] لێرەدا جێی خۆیەتی کە سوپاسی ئەو کوردە دڵسۆز و ڕێکخراوانە بکەم کە هەر زوو بەزوو هاتن بەدەم بانگەوازەکەمەوە و ئامادەیی خۆیانیان بۆ هەموو جۆرە یارمەتییەك دەربڕی, هیوادارم وێنەیان زۆرتر بێت.





دروستبوونی کورد وەك نەتەوەیەك, بەڵام لەبەرئەوەی کە ئێستێ کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا دەژیت, بەو پێیە ئەو ڕووداوانەش دەبنە مێژووی وڵاتەکەی و خۆی. هەربۆیە نێوی کوردستان خراوەتە پێش نێوی کوردەوە.

ئەو ئەنسیکلۆپیدیایە بریتییە لە خشتەیەکی مەزنی زۆربەی ڕووداوە مێژوویی و ئەدەبی و هونەری و دیاردە کلتوورییەکانی تری کوردستان و کورد هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ئێستێ. کە بەشێوازێکی زۆر تایبەتی و هاسان نووسراوە.

شێوازە تایبەتییەکەی ئەوەیە, کە ئەو ئەنسیکلۆپیدیایە وەك ئەو شێوازە کلاسیکییانە نییە کە هەر ئەنسیکلۆپیدیایەکی پێ نووسراوەتەوە و بەپێی لیستەی ئەلف و بێی نێوەکان باسی لێوەکرابێت, بەڵکو بەپێی زنجیرەی مێژووی ڕووداوەکان ڕێکخراوە بەڕادەیەك کە خوێنەر دەتوانێت زۆر بە ئاسانی شارەزایی لە هەنگامێکی مێژوویی نەتەوەکەیدا, هەر بەو مێژووانە پەیدا بکات. ئەو شێوازەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەس و ڕووداوانەی کە زۆر بەرچاو نین, تێیدا بنووسرێن و مافی خۆیانی پێبدرێت چونکە بۆ ئێمە گەلێك گرنگە کە بەشە وردەکانی مێژووەکەشمان تۆمار بکەین و ئەوانە پێکهێنەری هەموو مێژووی نەتەوەییمانن. دیارە ئەگەر ئەو بەشە hووردانە نەبن, یان نەبوونایە, ئەوا ڕووداوە مەزنەکان و کەسە مێژووییە مەزنەکانی نێو مێژووش نەدەبوون و نەدەناسران, هەربۆیە بۆ من گەلێك گرنگە, کە ئەو بەرهەمە, هوورد و درشتی مێژووی نەتەوەکەمان بگرێتەوە, تاوەك هەموو کەسێك زۆربەی ڕووداوە

مێژووییەکانی لێوە هەڵبهێنجێت و سوودیان لێوەربگرێت. بەڕاستیش ئێمە نەتەوەیەکین کە خاوەنی گەلێك سەربازی ونین و کەم کەس دەیان ناسێت و نێویان دەبات, هەربۆیە وەك ئەمەکێك و دڵسۆزییەك بۆ ئەو سەرباز و رووداوە ونانە, جێگای خۆیان بەشانازییەوە لە ئەنسیکلۆپیدیای مێژووی کوردستان و کوردا, ون ناکەن و دەڵێن ئێمەش هەبووین و بەکردەوە و خەبات و گیانفیدایی ئێمە گەورە پیاوانی وەك (بەدرخان و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفید و پێشەوا) و گەلێکی ترمان لە مێژووی نەتەوەکەماندا مەزن کرد...

بەڵام لایەنە هاسانەکەی ئەوەیە کە لە کۆتایی ئەو ئەنسیکلۆپیدیایەدا خشتەیەکی گەورە (ریژستەر), بەپێی ئەلف و بێی نێوەکان رێکخراوە, کە لە تەنیشتییەوە ژمارەی لاپەڕەکانیش دراوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی ئەو رووداوە.

ئەو بەرهەمە جگەلەوەی کە ئەنسیکلۆپیدیایە, لە هەمان کاتیشدا (بیبلۆگرافیا)شە, چونکە لە کۆتاییدا نێوی هەموو ئەو سەرچاوانە تۆمارکراوە کە زانیاریی دەربارەی رووداوەکانی لێوەرگیراوە. سەرچاوەکانیش هەمە چەشنەن و بەو زمانانەن کە من شارەزاییم تێیاندا هەیە. کە سوودێکی زۆر بە لێکۆڵەرەوان و مێژوونووسان دەگەیەنێت, چونکە زێتر ئاشنایان دەکات بەو سەرچاوانەی کە رووداوەکانی لێوە وەرگیراوە و دەتوانرێت زانیاریی زێتری لێوەربگیرێت و بچنەوەسەری..

زۆرینەی رووداوەکان لە سەرچاوە کوردی و عارەبییەکانەوە وەرگیراون, دیارە ئەو سەرچاوانەش هەڵە و کەموکورتییان تێدایە و





دەشێت منیش هەمان هەڵە و کەموکورتیم لەوانەوە وەرگرتبێت و پەییم پێیان نەبردبێت, بەڵام بەهیوای ئەوەی کە هەر کەسێك ئەو هەڵە و کەموکورتییانەی بەرچاو دەکەوێت ئاگادارم بکاتەوە... هەروەها هەندێك مێژوو و ساڵی چەند رووداوێك هەیە دوودڵم لێیان و بەڕاستیان نازانم, بەڵام هەر تۆماریان دەکەم, تا لە داهاتوودا رووداوە راستەکەم دەست دەکەوێت, ئەو رووداوانە نیشانەیەکی پرسیار (؟) لە تەنیشتیانەوەیە. شێوازی نووسینی رووداوەکان وەك ئەو سەرچاوانە نین کە من لێیانم وەرگرتووە, بەڵکو بەپێی شێوازی نووسینی خۆم دامرشتووەتەوە و کورت و چڕ و پڕم کردووەتەوە. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نووسینی کوردیدا, شێوازی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەم ئەنسیکلۆپیدیایەدا بەکاردەهێنرێت بۆ بەدەستخستنی زانیاری. چونکە ئەو ئەنسیکلۆپیدیایە جگەلەوەی لە شێوەی کتێبێکدا بڵاودەکرێتەوە. هەروەها لە شێوەی (دیسك)ی کۆمپیوتەریشدا بڵاودەکرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە کۆمپیوتەریان هەیە. چونکە دۆزینەوەی زانیاری بەهۆی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە گەلێك هاسانترە وەك بەهۆی کتێبەوە... ئەمە جگەلەوەی کە لە پاشەڕۆژیشدا هەوڵی ئەوە دەدەم کە بەهۆی (CD-ROM)ەوە بڵاوییبکەمەوە, کە ئەمەیان هەر زۆر هاسانتر و هاوچەرخانەتر دەبێت بۆ زانیاری وەدەستخستن.

لەو ئەنسیکلۆپیدیایەدا بۆ ئاسانکردن و کورتکردنەوەی تۆمارکردنی رووداوەکان چەند کورتکراوەیەك بەکارهێنراون کە ئەمە واتای چەند نموونەیەکیانە:

باکوور: باکوری کوردستان (کوردستانی بندەستی تورکیا).

باشوور: باشووری کوردستان (کوردستانی بندەستی عێراق).

خۆرهەلات: (کوردستانی بندەستی ئێران).

خۆرئاوا: (کوردستانی بندەستی سووریا).

ژێ. کاف: کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد.

د.ت: داگیرکەری تورك.

د.ا: داگیرکەری ئێران.

د.ع: داگیرکەری عێراق.

د.س: داگیرکەری سووریا, تاد...

لە پاش هەر رووداوێکەوە نێوی سەرچاوە و ژمارەی لاپەڕەکەی دەدرێت, کە خوێنەر یان نووسەر دەتوانێت گەلێك بەهاسانی بچێتەوە سەر سەرچاوەکە و زانیاریی زۆرتر وەدەست بهێنێت. سەرچاوەکانیش چەند هێمایەکیان دراوەتێ کە لە نێوان دوو کەوانەی لەم شێوەیەدا نووسراوە: (...). دوای کەوانەی یەکەم برگەی (لا) هاتووە کە ئاماژەیە بۆ (لاپەڕە), ئنجا ژمارەیەك دێت کە (ژمارەی لاپەڕەی سەرچاوەکەیە), پاشان تیپێکی لاتینی دێت لەدوای پونتێکەوە (.) کە ئاماژە بۆ جۆری سەرچاوەکە دەکات کە ئایا کتێب بێت یان گۆڤار یان هەر سەرچاوەیەکی تر, هەروەها پاش تیپە لاتینییەکە ژمارەیەکی تریش دێت کە جۆری زمانەکەشی دیاریدەکات. لە دواییدا داشێك دێت (–) و ژمارەیەکی تری بەدواوەیە, ئەوە ژمارەی سەرچاوەکەیە لە لیستەی سەرچاوەکاندا, کە ئەمە روونکردنەوەی هێمای چەند نموونەیەکی سەرچاوەکانە:





*S*: واتە سەرچاوەکان بەگشتی

*A*: سەرچاوە کوردییەکان

*IA*: کتێبی کوردی

*IB*: گۆڤاری کوردی

*IC*: رۆژنامەی کوردی

*ID*: رادیۆی کوردی

*IE*: تەلەڤزیۆنی کوردی

*IF*: رووبەڕووی کوردی

*IG*: دەستنووسی کوردی

*IH*: بلاوکراوە (بەیان)ی کوردی

*II*: بەلگەنامە, (دێکومێنت)ی کوردی

*IJ*: نامەی کوردی, ئەو نامانەی ئاڕاستەی دانەر کراون.

*IK*: هەروەها گەلێك دەنگوباسی تر کە دەماودەم لە خەلکیم وەرگرتوون و بەپێی راستیی ئەو دەنگوباسانە بلاوم کردوونەتەوە.

پاشان دوای ئەمە هێمای سەرچاوەی عارەبی, فارسی, ئیگلیزی, هۆلندی... یەکانیش دێن.

لە هەندێك رۆژ یان مانگ یان سالدا دوو رووداو یان زێتری تێدا رووداوە, بۆ جوواکردنەوەی ئەو رووداوانە هەریەکەیان ئەستێرەیەك (*) دەخرێتە بەردەمی. هەروەها هەندێك رووداو لە رۆژێك یان مانگێك یان سالێك زێتری پێچووە کە لە نێوان ئەو رووداوانە برگەی (تا) دانراوە, واتە لەو رێکەوتە تا ئەو رێکەوتە.

چۆنێتیی بەکارهێنانی ئەو ئەنسیکلۆپیدیایە بەهۆی کۆمپیوتەرەوە لەنێو پێشەکیی بەرهەمەکەدا بەدرێژی روونکراوەتەوە, تا لەکاتی بەکارهێناندا خوێنەر تووشی هیچ کێشەیەك نەبێت و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و بەماوەیەکی زۆر کورت بچێتە سەر ئەو بابەتەی کە دەیەوێت زانیاریی لێوەربگرێت و هەر بەو شێوەیەش دەتوانێت نێوی سەرچاوەکان بدۆزێتەوە...

لەکاتی تۆمارکردنی رووداوەکاندا, ساڵە کۆچی و هەتاوییەکان کێشەیەکی زۆرم بۆ دروست دەکەن, بەڵام هەرچۆنێك بێت بەسەریاندا تێدەپەڕم و هیوادارم ئەگەر هەر هەڵەیەکتان دەربارەی ئەو ساڵانە بەچاو کەوت, لێتانی ببیستم. ساڵی کۆچی ئەگەر بکرێتە ساڵی زایینی ئەوا دوو ساڵی یەك بەدواییەکمان دەست دەکەوێت, کە من هەردووکیان دەنووسم و لە تەنیشتیشیانەوە ساڵە کۆچییەکەش لە نێوان دوو کەوانەی لەم جۆرەدا ((ساڵی کۆچی)) تۆمار دەکەم.

خوێنەری بەڕێز دەبێت تێبینیی ئەوەش بکات ك ساڵەکانی پێش زایین بەپێچەوانەوە دەست پێدەکەن, واتە لە زۆرەوە بۆ کەم و تا دەگاتە ساڵی (1)ی زایینی, بەو پێیە زنجیرەی رووداوەکانی پێش زایین لە زۆرەوە بۆ بچووك لەو ئەنسیکلۆپیدیایەدا دێتە خوارەوە, بەپێچەوانەی ساڵەکانی دوای زایینەوە کە بەشێوەیەکی سرووشتی لە ساڵی (1)ەوە تا ئێستە بەرز دەبنەوە, کە ئەویش زنجیرەی تۆمارکردنی رووداوەکان هەر لە سەرەتای مێژووی زانراوەوە تا ئێستە هاسانتر دەکات.....





تەواوی ئەو رووداوانەی کە لەو ئەنسیکلۆپیدیایەدا هاتوون هیچیان لەخۆوە نەهاتوون و هەموویان مێژوو و کلتووری نەتەوەییانەی ئێمەیە, هەندێك جار کارێکی ناڕوا یان رووداوێکی ناخۆشت دێتە بەرچاو کە بەداخەوە لە مێژووی نەتەوەکەماندا روویانداوە, بەڵام دەبێت خۆمان بدەینە دەست ئەو راستینەیەی کە مێژووی تەواوی نەتەوەکانی سەر زەمین کاری خراپ و ناجۆریان تێدایە هەروەك چۆن پڕیشن لەکاری جوان و پڕشانازی. مێژووی ئێمەش هەر بەو شێوەیەیە و کردەوەی گەلێك جوان و پڕشانازیی تێدایە و بەڵام جار جارێکیش کردەوەی نابەجێ دەبینین, کە لە مێژووی زۆر نەتەواندا روویانداوە و روودەدەن.

هەندێك رووداو هەن کە لە کوردستاندا روویان نەداوە بەڵکو جیهانین و یاخود پێوەندیی بەداگیرکارانی کوردستانەوە هەیە, بەڵام لەبەرئەوەی ئەو رووداوانە پێوەندییەکی راستەوخۆ و کاریگەریان لەسەر مێژووی کوردستان و کورد هەیە, تۆمار دەکرێن.

لە دانانی ئەو ئەنسیکلۆپیدیایەدا, تا ئێستە زۆر کەس لە هاوبیرانم و هەڤاڵانم یارمەتییان داوم, بەجۆرێك کە گەلێك بەرهەمەکە بەرو پێشەوە دەبات. زۆر سوپاسیان دەکەم و لە کۆتایی ئەنسیکلۆپیدیاکەشدا نێویانم بردووە و نێویان دەبەم, دووبارە سوپاس.

ئەمەش نموونەیەکی هەر زۆر بچووکی ئەنسیکلۆپیدیاکەیە:

120000 پ.ز: سەردەمی چاخی بەردینی کۆن, کە لە باشووری کوردستاندا مرۆڤی تێدا ژیاوە و

زانایان پاشەڕۆکی ئارکیۆلۆژییان تێدا دۆزیوەتەوە. (لا.302−IA.14).

401 پ.ز. تێپەڕبوونی (10) هەزار سەربازە یۆنانییەکە بە کوردستاندا کە (گەزنەفۆن)ی مێژوونووسیان لەگەڵدا بوو و چاویان بە (کاردۆخی)یەکان کەوتووە و شەڕیان لەگەڵدا کردوون. (لا.9. A−45). (لا.31−IA.41).

1898-04-28: دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بەنێوی (کوردستان)ەوە, لەلایەن (میر میقداد مەدحەت بەدرخان) لە قاهیرە. (لا.130.IA.139).

1919-07-15: راپەڕینی شاری ئامێدی و خەڵکی بەرواری لە دژی داگیرکەری ئینگلیز بەسەرۆکایەتیی (شێخ شەعبان ئاغا), کە بووە هۆی کوشتنی فەرماندەی رامیاریی ئینگلیز (ماکدۆناڵد) و سەرۆکی پۆلیس. (لا.A2.55.51).

1946-01-22: دامەزراندنی (کۆماری دیموکراتی کوردستان) لە خۆرهەڵاتی کوردستان کە پێتەختەکەی (مەهاباد) بوو, رێبەرەکەشی





پێشەوا (قازی محەمەد)ی شەهید بوو. کۆمارەکە لە مەیدانی (چوارچرا) راگەیەنرا. (لا.1−2A.37). (لا.A2.243. 22). (لا.A2.190. 20). (لا.A1.269−40).

1996-07-03: دوا رۆژی بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی (MED-TV). (5CI).

بۆ بەدەستخستنی سەرچاوەکان, خوێنەر زۆر بەهاسانی دەتوانێت بزانێت ئەو زانیارییەی کە دەیخوێنێتەوە لە کوێوە وەرگیراوە, بۆ نموونە سەرچاوەی IA−40 واتە کتێبی کوردیی ژمارە (40) کە ئەمەیە: کرێس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی (19) و (20)دا – وەرگێڕانی: محەمەدی رەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران (1369)ی هەتاوی.

بەڕێزان: تا ئێستا خەریکی پڕکردنەوە و تۆمارکردنی ئەو رووداوانەم کە لە نێوان (120000) پ.ز و ئەمڕۆدا لە مێژووی وڵات و نەتەوەکەماندا رووی داوە و تا ئەم کاتە نزیکەی (800) پەڕەم لێی کردووە. بەهیوام کە لە داهاتوودا بەیارمەتیی ئێوە لە هەنگاوی یەکەمدا بیگەیەنمە (1000) پەڕە زێتر.

ئەم كارەی كە من خەریكیم, چوار خاڵی جیاكەرەوەی هەیە كە ئەمانەن:

1- لەبەرئەوەی ئەنسیكلۆپیدیایە و تا ئێستە لە مێژووی نووسینی كوردیدا دانەنراوە[1].

2- دەبێتە یەكێك لە مەزنترین كتێبە كوردییەكان.

3- بۆ یەكەمجار سەرچاوەیەكی وا زۆر لە دانانی كتێبێكی كوردیدا بەكاربهێنرێت.

4- بۆ یەكەمجار كتێتبێكی كوردی بەهۆی كۆمپیوتەرەوە بەكاردەهێنرێت و زانیاریی لێوەردەگیرێت.

ئیتر بەهیوای وەدیهێنانی ئەنسیكلۆپیدیای مێژووی كوردستان و كورد, لە داهاتوویەكی نزیكدا و هەربژین...

لاهای – هۆڵندا

[1] شایانی باسە من لە ساڵی (1995)ەوە دەستم كردووە بە دانانی ئەو ئەنسیكلۆپیدیایە. كاتێك نزیكەی (200) لاپەڕەیەكیم لێی تەواو كردبوو, هەڵبەت چەند مامۆستایەك لەوانە دەیانزانی كە من خەریكی ئەو كارەم , بەڵام كارەكەی من دەگەڵ ئەواندا زۆر جوداوازە و ئەوان بەپێی ئەلف و بێی نێوەكان زانیاری كۆدەكەنەوە, بەهیوای سەركەوتنیانم... هەڵبەت هەردوو شێوەكە گەلێك پێویستن..





مارتی 1997

* تێبینی: هیوادارم هەر كەسێك هەر رەخنە و باری سەرنجێكی هەبوو. لەڕێی گۆڤاری هەڤووتەوە پێمی رابگەیەنێت و زۆر سوپاس.

# مێژوو، بۆ فرۆشتن؟![1]

کوردستان یەکێکە لەو نێوچانەی کە لە مێژووی کۆندا ڕۆڵێکی کاریگەر و ترسناکی گێڕاوە، هەر بۆیە بەیەکێك لە دەوڵەمەندترین شوێنەوارستانەکانی جیهان دادەنرێت، ئەگەرچی تاکو ئێستا بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و زانستییانە، پشکنین و توێژینەوەی ئارکیۆلۆژییانەی تێدا نەکراوە، کەچی تەنێ لە باشووری کوردستاندا و تاوەکو ساڵی 1970، بەپێی ئاماری ئەو شوێنەوارانەی کە فەرمانگەی شوێنەواری ئێراقی تۆماری کردوون و پەیی پێبردوون، ژمارەی ئەو شوێنەوارانە خۆیان لە 3364 دەدەن[2]، ئەگەرچی ئەو ژمارە مەزنە هێشتا ناتەواوە و هەموو کون و کەلەبەرێکی باشووری وڵات نین و لەپاش ئەو ساڵەوە شوێنەواری تریش دۆزراونەتەوە یا هێشتا هەر دەدۆزرێنەوە. بەڵام بەبەراورد لەگەڵ ئەو ڕووبەرە بچووکەی باشووری کوردستان یا لەگەڵ وڵاتانی تردا ژمارەیەکی زۆر و بەرزە.

شوێنەوارەکانی کوردستان هەر لە تەمەنی بوون بە شوێنەوارییانەوە، بێخزمەت و فەرامۆشکراو ماونەتەوە، چەند ناوچەیەکی کەم نەبێت کە لەلایەن هێندێك لە تیپە ئارکیۆلۆژییە

[1] گۆڤاری دڵانپار – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیریی نیشتمانیی کوردستان – ژمارە 2، خولی هەفتەم – فینلاند – 1997.

[2] بڕوانە، لاپەڕە 29 – هاوڕێ باخەوان – کوردستان نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە – چاپی یەکەم – هۆڵەندا – 1996.





جیهانییەکانەوە، بەشێوەیەکی سەرپێیی هەڵکۆڵراون و لێتۆژراون، ئەوانی تر هیچ لایەك بەسەری نەکردوونەتەوە و بوونەتە خۆراکی داشۆرین و لەنێوچوون، بەهۆی دیاردە سروشتی و مرۆکردەکانەوە، کە دیارە ئەمەی دواییان هەر لە دزیدا خۆی دەنوێنێت.

داگیرکارانی کوردستان، نەك هیچ هەوڵێکی بەرچاویان بۆ ڕزگارکردنی ئەو شوێنەوارانە نەداوە، بەڵکو هەردەم لە پیلانی ئەوەدان لە گرنگییان کەم بکەنەوە و فەرامۆشیان بکەن، هەر بۆ نموونە چەند ساڵێك بەر لە ئێستێ و لە سەردەمی داگیرکاریی بەعسییاندا، بەڕێکەوت (بنپیڤ[1] – تونێل – نفق)ێك لە قەڵای هەولێردا دۆزرایەوە، کە لەوانە بوو ببێتە کلیلی بازنەی نهێنییەکانی کۆنترین شاری کوردستان کە تاوەکو ئێستا بەپێوە و بەزیندوویی ماوەتەوە. بەڵام بەپێی فەرمانێکی داگیرکاری ئێراقی، سەری ئەو بنپیڤە داخرا و، دەرگای لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانیان لەسەر مێژووی قەڵاکە داخست.

لەمێژە قاچاخچیی کۆنینە ڕژاونەتە کوردستان و کەوتوونەتە کڕینی ئەو کەرەستە ئارکیۆلۆژییانە و فرۆشتنیان بە مۆزەخانەکانی داگیرکاران و جیهانی، کە بەبێ هیچ گومانێك بەنێوی خاك و نەتەوەی خۆیانەوە، لە جامخانەی هۆڵی مۆزەخانەکانیانەوە، پیشانی خەڵکی دەدەن. ئەمەش دوو زیانی گەورە دەبەخشێت، کە یەکەمیان لەدەستچوونی هەزاران و

[1] زاراوەی "بنپیڤ"م لە ژیانمدا نەمبیستووە و نەمزانیوە واتای تونێلی هەبێت، ئەم وشەیە هاوبیری ڕەوانشادم کاك (ڕەهبەر جەلال مامەش) لە کاتی تایپکردندا خستوویەتیە سەری... یادت بەخێر کاکە ڕەهبەر.. (وشە پەڕتەوازەکان).

زێتریش کەرەستەی مێژووی وڵاتەکەمانە[1] و سامانێکی نەتەوەیی زۆر پیرۆزی ئێمەیە. دووەمیشیان, چەواشەکردنی ڕاستییەکانە و نووسینەوەی مێژوویەکی ساختەی ناڕەوایە, بۆ مۆزەخانەکانی ئەو وڵاتانەی کەرەستەی بێوێنە و دێرینی مێژووی کوردەواریمان بەنێوی خۆیانەوە تۆماردەکەن و پیشاندەدەن, ئەمەش دەبێتە هۆی نادیاریی مێژووی وڵاتەکەمان و لەبیرچوونەوەی, چونکە ئەو کەرەستانە چەند رووپەلێکی شاراوەی هەنگامێکی بنچینەیی مێژووی کوردستانە و بەهۆی ئەوانەوە دەتوانین لە پاشەڕۆژدا بەشێوەیەکی باشتر و ڕوونتر و ئەکادیمییانەتر, مێژووەکەمان بنووسینەوە.

هەر لەدوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری وڵاتەوە, چەند جۆرە بازاڕێك هاتنەکایەوە, کە لەوەوپێش نەبوون یان زۆر کەم بوون. لەوانە, بازاڕی فرۆشتنی خوێنی شەهیدان و سازشکردن پێیانەوە, بازاڕی فرۆشتنی ئەو بەڵگەنامانەی لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا دەستیان بەسەرداگیرا, بازاڕی فرۆشتنی ژێرخانی ئابووریی وڵات, بازاڕی فرۆشتنی چەك, بازاڕی فرۆشتنی کەرەسەی نێومالْ –بەدەرگای ژووریشەوە– بەناچاری لەلایەن هاووڵاتیانی کوردەوە, کە ئەمەیان

[1] لەڕاستیدا تاوەکو ئێستا کەس نازانێت لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا, چەند کەرەستەی مێژووی تالانفرۆشکراون و دزراون, بەلام بەپێی گووتەی خەڵك و ئەو دەنگوباسانەی کە بلاون, ژمارەیان گەلێك زۆرە و باسی کەرەستەی وا نایابی کۆنی وڵاتەکەمان دەکرێت! کە لەلاینە ئەو قاچاغچییانەوە بۆ چەند سەفتە دینارێك دزراون و فرۆشراون, مرۆ شەرمەزار دەبێت؟!... زۆر بەداخەوە...





شاهۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دزینی سامانی ئابووریی وڵات لەیەن پارتەکانەوە و بێبەشکردنی خەڵکی لێی, بازاڕی لەشفرۆشی بەشێوەیەك کە لەوەوبەر نموونەی لە کوردستاندا نەبووە؟! بازاڕی فرۆشتنی – تۆسیرام, حەشیش و ماکی گێژگەر–ی تر, بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لەجاران, هەروەها بازاڕی هێنانەناوەوەی سووپای دوژمن و پێشبڕکێکردن لەسەری و بازاڕی فرۆشتنی مێژوو کە زێتر لە فرۆشتنی کەرەستە ئارکیۆلۆژییەکاندا خۆدەنوێنێت.

هەڵبەت هەریەك لەو بازاڕانە بەزیانێکی گەلێك مەزن بۆ سەرباری ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕامیاری و ... هتدیی وڵاتەکەمان دەشکێیەوە, بەلام ئەگەر لەڕووی ستراتیژی نەتەوەییەوە لێیان بڕوانین, لەگەڵ هەموو ڕێزێکمدا بۆ ئەو شەهیدانەی کە سازش بە خەبات و خوێنیانەوە دەکرێت و ئێستێ چەند مافیایەك هەڕاجیان دەکەن, ئەوا بازاڕی فرۆشتنی ئەو کەرەستە کۆنانە –کۆنینە–ی کوردستان, لەهەموویان جەرگبڕترە.

ماوەی چەند ساڵێکە مێژووی کۆنی وڵاتەکەمان تووشی خوێن لەبەرڕۆیین بووە و کەرەستەکانی تالانفرۆش دەکرێن, ئێستا لە باشووری کوردستاندا دزی شوێنەوار هێندە زۆرن لە ژمارە نایەن و لە ڕادەیان تێپەڕاندووە. دیارە ئەویش نەك بەمەبەستی پەرەپێدانی زانست و لێکۆڵینەوەی ئارکیۆلۆژییانەیی, بەڵکو بەمەبەستی دزین و فرۆشتنیان بە مۆزەخانەی وڵاتانی دەر و دراوسێ.

هەریەك لەو كەرەستانە, خاوەن چیرۆكێكی مێژوویی و كلیلی كۆمەڵێك نهێنیی رابردووی وڵاتەكەمانە, هەڵكۆڵینی ئارکیۆلۆژی لەلایەن دزی شوێنەوارەوە لەبەرئەوەی لێكۆڵینەوە و نووسینی لەسەر ناكرێت, دەبێتە هۆی مردنی ئەو شوێنەوارانە و لەنێوچوونی راستییەكان.

لەم چەند ساڵەی دواییدا و بگرە پێشتریش, لەمەیدانی شوێنەوارناسیدا, زانا و شوێنەوارناسی كورد, مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف دەستێكی باڵای لە گەڕان و دۆزینەوەی كۆنینەكانی كوردستاندا بووە و هەر لێكۆڵینەوەیەكیشی كردبێت, پاشان ئەنجامەكەی بەنووسین بڵاوكردووەتەوە, تاوەكو لەنێونەچن و نووسەران و رۆشنبیران وەكو سەرچاوە كەڵكی لێوەربگرن, كە دواینیان لێكۆڵینەوەیەكە لەسەر نێوچەی –نەوێ– لە چیای سوورێنی نێزیك سلێمانی.

دۆزینەوەی شوێنەوارەكان بۆ دزی شوێنەوار, گەلێك هاسانە, چونكە لە كوردستان كۆمەڵێك شوێن هەن زۆر بەرچاون و پێویستی بەچاوی پسپۆڕ نییە, لەوانە گۆڕستانە كۆنەكان, گردە توورەكەڕێژەكان یان تەپە دەستكردەكان, ئەشكەوتەكان و زۆر شوێنی تر. كە ماوەی چەند ساڵێكە هەزاران لەو گۆڕانە هەڵدراونەتەوە و لەلایەن ئەو دزانەوە بۆ دۆزینەوەی كەرەستەی كۆن و فرۆشتنیان, كەیەكێك لەو هەڵكۆڵینانە, گۆڕی شەهیدێكی شۆڕشی ئەیلوولی گرتەوە لە نێوچەی





مێرگەپانی نێزیك بە سلێمانی, كە لە دزەكە وابوو گۆڕێكی چەند هەزار ساڵەیە؟!.[1]

رێنەگرتن لەو دزانە لەلایەن پارتەكانی كوردستان و حكومەتەكانیانەوە!! دەبێتە هۆی بەردەم چوونەدەرەوەی ئەو كەرەستانە و شێواندنی مێژووی نیشتمانی و نەتەوەییمان, كە هۆیەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بێیاساییەی لە باشووری وڵاتدا لەلایەن ئەو پارتانەوە هاتووەتە ئارا بەم شەش ساڵەی فەرمانڕەوایی كردنیان لە باشووری كوردستان, لەدەیان ساڵی دوژمنی داگیركەر زێتر وڵاتەكەیان وێرانكرد و لە كەسایەتیی مرۆڤی كوردیان كەمكردەوە. لەبەرئەوە گەر بەهیوای پارتەكان بین ئەو شوێنەوارە كۆنینانەمان بۆ بپارێزن! ئەوا ماوەیەكی تر دزی شوێنەوار, ئەو كەرەستانەشی كە ماون هەر بە پسووڵەی ئەو پارتانە ئاودیو دەكرێن. هەر بۆیە رووی دەمم لە تەواوی دڵسۆزانی كورد دەكەم كە هەموو پێكەوە ئاوڕێك لەم كێشە نەتەوەییە بدەینەوە و شانبەشانی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف هەوڵی رزگاركردنیان بدەین. گەر هەر هیچمان لەدەست نەیێ, ئەوا ناوناوە لە گۆڤار و رۆژنامەكاندا باسی ئەو دزی و تاڵانییە ناڕەوایەش بكەین, لەوانەیە كەڵكێك بگرێت. بەڵكو پارت و حكومەتەكانی باشووری

---

[1] بڕوانە, لاپەڕە 7 – عەبدولرەقیب یوسف – شوێنەوارەكانی نەوێ لە شاخی سوورێن – بەیارمەتیی رێكخراوی مێدیكۆی ئەڵمانی چاپكراوە – باشووری كوردستان 1994.

کوردستان لێیان ببێتە کوردە نامووسی و کەمێك بەتەنگ شوێنەوارەکانی کوردستانەوە بێن و بیانپارێزن...

مەخابن, کەوەکو پارتەکان وڵاتەکەمان بەهی خۆیان نازانن و گوێ بەم کارەساتە نادەن, دزینی ئەو کەرەستە مێژووییانە لەلایەن رۆشنبیرانیشەوە ناوناوە و زۆر کەم نەبێت گرنگییەکی ئەوتۆیان بێنەدراوە. کە دەبووایە پێش سەرهەڵدانی ئەو رووداوە دزێوە خەڵکیی لێ هۆشیار بکەنەوە, کە سەریشی هەڵدا پێشی پێبگرن, رێکخراوی تایبەتی پارێزگاریکردنی شوێنەوارەکان دابمەزرێنن.

هاوزمانان: وڵاتەکەمان بەرەورووی دیاردەیەکی ترسناك بووەتەوە, کە فرۆشتنی مێژووەکەیەتی؟! با هەموو پێکەوە هەوڵبدەین شوێنەوارە دێرینەکانی مێژوومان بپارێزین, رێگە نەدەین لەو زیاتر وێرانکرێن, چونکە مێژوو بۆ ئێمە ئەو پەند و وانە گرنگەیە کە دەبوایە لێوەی فێرببین! دەترسم مێژوومان لەکیسبچێت و بدزرێت و بفرۆشرێت, پێش ئەوەی شتێکی لێوە فێرببین! دیارە ئەو کاتە هەر فێرنابین؟!.





# رۆڵی پارتی ئۆپۆزیسۆن لە رووداوەکانی باشووری کوردستاندا[1]

پارتی ئۆپۆئیسیۆن: بریتییە لەو پارتەی کە لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا, رێژەیەکی واهی بەدەست ناهێنێت کە سەروەری حکوومەت بەرێوەبردن بێت. هەربۆیە بەهۆی ئەو دەنگە کەمانەی کە هەیەتی, لە پەرلەماندا رۆڵی ئۆپۆئیسیۆن بەرامبەر پارتی دەستەڵاتدار دەبینێت و دەبێتە سێبەری حکوومەت.

پارتی ئۆپۆئیسیۆن لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا, رۆڵێکی کاریگەر لە ئاراستەکردن و پێشکەوتنی حکوومەتدا دەگێرێت. هەربۆیە پێیان دەگووترێت "حکوومەتی سێبەر". زمان و کردەوەی ئەم پارتە ئۆپۆئیسیۆنانە بریتییە لە (راگۆڕینەوە, بەرامبەرکێی هزری, نهێنی هەڵماڵینی پارتی دەستەڵاتدار لە کردەوە خراپەکانیدا, فراوانکردنی بنچینە جەماوەرییەکەی تاوەکو لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگی زۆرتر بەدەست بهێنێت, هەروەها بەشداریکردن و بەرێوەبردنی حکوومەت بەو نوێنەرە کەمانەی کە هەیەتی لەگەڵ پارتە دەستەڵاتدارەکاندا و زۆری تر,...).

پارتی ئۆپۆزیسیۆن, لەم وڵاتانەدا هەرگیز پەنا نابەنە بەر بەکارهێنانی هێز بۆ لێخستنی بەرامبەرەکەیان و دەستەڵات گرتنە

[1] گۆڤاری هەڤوت – ژمارە 15 – فێبریوەریی 1998 – سویسرا.

دەست, چونکە ئەمانیش خۆیان بەخاوەنی حکوومەت دەزانن و ئاسایشی نەتەوە لە سەروو هەر شتێکی دییەوە دادەنێن. ئەگەرچی جارجارێك لەنێو هۆڵی پەرلەمانەکاندا شەڕە دەست و شەڕە کورسی روودەدات, بەڵام هەر زوو دادەمرکێنەوە... چونکە بەکارهێنانی هێز بۆ جەختکردنی بیروڕا, دیاردەیەکی هاوچەرخ و شارستانی نییە لەم وڵاتانەدا و باوی نەماوە...

لە وڵاتی ئێمە, لە مایی 1992دا, بەسەربەرشتیی چەندین نوێنەری نێودەوڵەتی و هەرێمی و نیشتمانی, هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە باشووری کوردستاندا سازدرا و بەپێی رای تەواوی نوێنەر و سەرپەرشتکارە نێودەوڵەتییەکان, یەکێك بووە لە رێکوپێکترین و دیموکراتیترین هەڵبژاردنێك, کە لە جیهانی سێیەمدا پیادەکرابێت.

لە هەڵبژاردنەکەدا, پارتی "فراکسیۆنی زەرد" زۆرتر لە ٪50ی دەنگەکانی بەدەستهێنا و یەکێتیش "فراکسیۆنی سەوز" لە خوار ٪50وە. ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە, خەریك بوو ببێتە هۆی روودانی جەنگێکی میللیی سەرتاسەری. بەڵام بەپێی رێکەوتنی هەردوولا, پارتی لە رێژەیەکی دەنگەکانی خۆشبوو و لە ٪50شی بۆ یەکێتی تەواوکرد. بەو پێیە هەردوو لایان بوون خاوەنی نیوەی دەنگەکانی پەرلەمان و بۆ یەکەمجار لە فەرهەنگی رامیاریدا, سیستمی (فیفتی – فیفتی)یان هێنایە کایەوە. کە وایکرد پەرلەمانی باشووری کوردستان لە رۆژانی یەکەمییەوە هیچ (رەوایەتییەکی یاسایی – الشرعية القانونية)ی





نەمێنێت, چونکە یەکێتی لە پارتی نیمچە ئۆپۆزیسیۆنەوە, بووە پارتی دەستەڵاتدار, بەبێ ئەوەی جەماوەر هیچ رایەکی خۆیی دەربڕیبێت. لەبەرئەوەی بڕیاری (پەنجا بە پەنجا), تەنێ بڕیاری پارتی و یەکێتی بوو, نەك هی دەنگدەران.

هەرچەندە بڕیاری پەنجا بە پەنجا, بووە هۆیەکی گرنگی دەستپێکردنی شەڕی براکوژی لە پاشتردا و گەورەترین زیانیشی گەیاندە ئەو ئەزموونە دانستەیەی باشووری کوردستان لە مێژووی نوێی نەتەوەکەماندا. لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارێکی کورتبین و نەشارەزایانە بوو لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بەتایبەتی و هەروەها لەلایەن پارتیشەوە. یەکێتی بەهۆی دژایەتییە مێژووییەکەیەوە لەگەڵ پارتیدا, دەیویست سەنگ و پایەی لەو کێمتر نەبێت لە پەرلەمانی کوردستاندا و بەئەندازەی پارتی بەشداری لە دەستەڵاتدا بکات. هەڵبەت لەبەرئەوەی ئەوە یەکەمین ئەزموونیش بوو, گەلێك چەند و چوونی بۆدەکرا, تەنانەت لەلایەن پارتەکانی تریشەوە...

بڕیاری پەنجا بە پەنجا, درا و هەموو حکوومەتی باشووری کوردستانی گرتەوە, هەر لە وەزیرێکەوە تاوەکو گزیرێکی بەر دەرگاکەی, بەجۆرێك تەواوی دەستگاکانی حکوومەتی ئیفلیج کرد و لە پەرلەماندا هێزێکی سەنگین و دەست رۆیشتووی نەیار بەدی نەدەکرا, کە دەبووایە یەکێتی بەپێی سەرئەنجامی هەڵبژاردنەکەی ساڵی 1992, رۆڵەکەیی ببینایە!. هەرچی پارتەکانی تریش بوو (پارتە بچکۆلەکان), بەهۆی سیستمی رێژەیی هەڵبژاردنەوە (النظام النسبي) کە

سنوورەکەی ٪7 بوو, نەبوونە خاوەنی هیچ کورسییەکی وا لە پەڕلەماندا کە رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن ببینن. (تەنێ پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان نەبێت, کە ئەویش بەهۆی یەکێتییەوە و لەلیستی فراکسیۆنی سەوزدا کورسییەکی پەڕلەمانی بەرکەوت, کە ئەویش ناچێتە نێو سنووری ئۆپۆزیسیۆنەوە چونکە لەگەڵ هاوبەرەکەی و هاوفراکسیۆنەکەی بوونە پارتێکی دەستەڵاتدار لە پەڕلەماندا, نەک ئۆپۆزیسیۆن). هەرچی فراکسیۆنی شینیشە, واتە (حسک و پاسۆک و گەل), ئەمانە وەکو دەمکوتکردنێك و دڵڕاگرتنێك سووچێکی بچکۆلەیان بەرکەوت, کە ئەویش هیچ پاڵپشتێکی یاسایی نەبوو, چونکە رێژەی لە ٪7یان بەدەست نەهێنابوو. واتە پەڕلەمانی کوردستان دوو پارتی گەورەی دەستەڵاتدار بەڕێوەیدەبرد, بێ ئەوەی هیچ ئۆپۆزیسیۆنێك ببێت و جەماوەر بەهۆیەوە کار و کردەوەکانی حکوومەت, کە پارتی دەستەڵاتدار بەڕێوەیدەبات, هەڵبسەنگێنێت و لە مەنگەنەی بدات و رەخنەی لێبگرێت. واتە هیچ بەربەستێك لەبەردەم پارتە دەستەڵاتدارەکاندا نەبوو...

**لەژێر سایەی سیستمی پەنجا بەپەنجادا, (شەڕی براکوژی, پێشێلکردنی مافی مرۆڤ, بێ هێزیی یاسا, هەرەسی پەڕلەمان و داگیرکردنی بۆ دووجار, هێنانی سووپای داگیرکەران بۆ چەند جارێك,...) و گەلێك تشتی نابەجێی تر روویاندا. بەڵام ئەی ئەگەر سیستمی پەنجا بە پەنجا نەسەپێنرایە و پەڕلەمان و حکوومەت بەپێی**





**سەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەی ساڵی 1992 کاریان بکردایە, (ئایا چی دەبوو؟)...**

لەڕاستیدا یەکێتی, دەبووایە لەوە دووربینتر بووایە کە بووە هۆی ئەوەی سیستمی پەنجا بە پەنجا بێتە کایەوە و بە سەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە بسازایە و لە پەڕلەمانی باشووردا بە نیمچە ئۆپۆزیسیۆنی بمایەتەوە. چونکە جگەلەوەی خاوەنی زۆرینەی کورسییەکان دەبوو لەدوای پارتییەوە, کە ئەویش جووداوازییەکی ئەوتۆی نەدەبوو و خۆی لە چەند کورسییەکی کێمدا دەنواند کە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕی نەدەکرد. پاشانیش دبووە هێزێکی گەورەی ئۆپۆزیسیۆن لە پەڕلەماندا و ئەو کاتە پارتی مامەڵەی زۆرتری بۆ دەکرد, وەك لەوەی کە بەشدارکاری نیوەی پەڕلەمان بێت. دیارە ئەو کاتە گووتە و رەخنەکانی یەکێتیش رەواتر دەبوون و دەیتوانی هەرچی خراپە و ئیفلیجییەکانی حکوومەتی باشووری کوردستان هەیە, بداتە پاڵ پارتی و هەوڵی زۆرکردنی بنچینەی جەماوەریی خۆی بدایە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو کە لە ٪100 دەبووە خاوەنی زۆرینەی دەنگەکان لە پەڕلەماندا و لە کابینەی دووەمدا بەڵنیاییەوە حکوومەتی بەڕێوەدەبرد. بەڵام بەداخەوە یەکێتی بۆ (چۆلەکەیەکی نێودەست, چەندینی سەردارەکەی)ی لەکیش خۆشی و گەلی کوردیشدا. پارتیش ئەگەرچی بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەگەر دەست بەرداری ئەو رێژە دەنگەی خۆی نەبووایە, ئەوا جەنگی میللی هەڵدەگیرسا. ئەمە لەوانەیە لە هەندێك باردا راستییەکی تێدابێت, بەڵام بڕیاری پەنجا بە پەنجا لەدژی ویست و خواستی گەل بوو و گەل بەو

شێوەیە نوێنەرەکانی هەڵنەبژاردبوو. هەروەها هەر ئەم بڕیاری پەنجا بە پەنجایەش بوو کە بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی. واتە لە هەردوو باردا شەڕ هەر دەبوو, ئەگەرچی ئەوەی یەکەمیان, واتە بڕیارنەدانی پەنجا بە پەنجا هێشتا دڵنیا نەبوو. هەرچەندە بەهۆی سەرئەنجامی هەڵبژاردنەکەوە باری نێوخۆیی باشووری کوردستان بەتەواوی تێك چووبوو و ئەگەری پێکدادان نزیك بووبووەوە, بەڵام هێشتا دڵنیا نەبوو و لەوانە بوو یەکێتی بۆ راگرتنی بارودۆخەکە پشتێوی دروست نەکات, هەروەکو پارتی بانگەشەی دەکرد, چونکە روودانی هەر پشێوییەك زێتر بەرەورووی یەکێتی دەبووەوە وەك لە پارتی, چونکە دەنگە بەدەستهێنراوەکانی لە هیی پارتی کێمتر بوون و لەوەشدا یەکێتی زیانێکی رامیاریی زۆری دەکرد...

بۆ هەڵبژارنەکەی ساڵی 1992, دوو فراکسیۆنی تریش لە سەنگەردا بوون, کە ئەوانیش (فراکسیۆنی سوور) کە لە پارتی کۆمۆنیستی ئێراقیدا خۆیی دەنواند و ئەوی تریان (فراکسیۆنی مۆر) بوو کە لە کەمەنەتەوەیی ئاشوورییەکاندا خۆیی دەنواند. ئەم دوو فراکسیۆنە خاوەن دەستەڵات و بنچینەیەکی جەماوەریی ئەوتۆ نەبوون لە کوردستاندا, هەربۆیە ناکرێت وەکو هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن لە پەرلەمانی کوردستاندا پشتیان پێ ببەسترێت... چونکە یەکەمیان کە پارتی کۆمۆنیستە, رۆژ بە رۆژ بنچینەی جەماوەرییان لە کوردستاندا کێم دەبێتەوە و ئەو دەمەش پارتی کۆمۆنیست بەرەو دابڕانێکی گەورە دەبووەوە کە ئەویش جیابوونەوەی هەرێمی کوردستانی ئەو پارتە بوو





بۆ چەند پارت و رێکخراوێکی کۆمۆنیستیی کوردستانیی تر. دووەمیان کە بزووتنەوەی ئاشوورییەکانە, ئەمانیش لە نێوچەیەکی بچووکی کوردستاندا دەژین و هێزێکی وایان لە پەرلەماندا بەدەست نەهێنا کە پێیان بگووترێت ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز...

ئیسلامییەکانیش بەنێوی (فراکسیۆنی سپی)یەوە, بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد, ئەمانە لەبەرئەوەی کە دوژمنایەتییەکی مێژوویی سەختیان لەگەڵ یەکێتیدا هەیە و یەکێتیش پارتێکی دەستەڵاتدارە, ناتوانین پێیان بڵێین (ئۆپۆزیسیۆن), چونکە مەرجەکانی ئۆپۆزیسیۆنیان بەسەردا ناچەسپێت و دەکرێت بڵێین دوژمنێکی وان لەگەڵ یەکێتیدا کە بە خوێنی سەری یەکدی تینوون, ئەمە هەرچەندە بۆ پەیوەندیی نێوان یەکێتی و زۆربەی پارتە کوردستانییەکانی تری باشوور راستە, بەتایبەتی لە رابردوودا, (تەنانەت ئەو پارتانەشی کە ئێستا لەگەڵ یەکێتیدا لەبەرەی هاوپەیمانیی دیموکراتیی کوردستاندان لە دژی پارتی), بەڵام دوژمنایەتیی ئەو دووانە دەکرێت بڵێین زۆر تایبەتییە و تاسەر ئێسکەکانیانە؟!, هەر بۆیە کە ئیسلامی بە شەڕی براکوژیی نێوان خۆیان و یەکێتی دەڵێن (غەزا)؟!!. ئەمە جگەلەوەی کە جەماوەری باشووری کوردستان بە پارێزگارییەکەوە دەڕوانێتە بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان, وەکو ئۆپۆزیسیۆنێك لە پەرلەمانی باشووردا, کە دەستنێژی ئێرانن و دەشتوانین بڵێین کە بزووتنەوەی ئیسلامی لە هیچ کار و کردەوەیەکی پەرلەمانی کوردستان رازی نابێت؟!, چونکە پەرلەمانی باشوور تاڕادەیەك پەرلەمانێکی علمانی

بوو و ئەمانیش موسوڵمانن. ئەوا دەبێت لە هەموو بڕیارێکدا دژ بن, کە دەبێتە هۆی دوژمنایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ پەرلەمان و لە سنوور و مەرجەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەردەچێت...

گرنگترین پارتێك لە باشووری کوردستاندا لە دوای پارتی و یەکێتییەوە کە بەشداریی هەڵبژاردنەکەیانکرد, (حسك, پاسۆك و گەل) بوون, کە بەنێوی (فراکسیۆنی شین)ەوە چوونە نێو هەڵبژاردنەکەوە. ئەمانە دەبووایە شانبەشانی فراکسیۆنی سەوز – یەکێتی, گەورەترین رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنییان لە پەرلەماندا بگێڕایە و حکوومەتیان بەباشی ئاڕاستە بکردایە و ببوونایەتە سێبەرەکەی. بەڵام سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمان هەڵە بوو و دەبووایە سیستمی زۆرینە (الاکثرية) بەکاربهاتایە.

دیارە ئیئتیلافی ئەو پارتانە هەر لەبەرئەوە بوو کە هیچیان بەتەنێ نەیاندەتوانی ٪7ی دەنگەکان بەدەست بهێنن, بۆیە لەژێر یەك فراکسیۆندا چوونە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە. بەهۆی ئەوەی کە فراکسیۆنی شین هیچ دەنگێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا, نەیان توانی ببنە ئۆپۆزیسیۆنی رەسمی لە پەرلەماندا. بەڵام دەیانتوانی هەر هەمان رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن ببینن لە دەرەوەی پەرلەماندا, چونکە ئەوانە بریتی بوون لە سیان لە گرنگترینی پارتەکانی باشوور لەدوای یەکێتی و پارتییەوە و کەم تا زۆر خاوەنی بنچینەی جەماوەرین لە کوردستاندا. هەر بۆ نموونە تەنێ حیزبی سۆسیالیستی کوردستان – حسك, خاوەنی زێتر لە سێ هەزار شەهیدە.





فراکسیۆنی شین, بەهۆی سیستمی رێژەییەوە نەبوونە هیچ و نەشیانویست لە دەرەوەی پەرلەماندا بە ئۆپۆزیسیۆنی بمێننەوە. چونکە ئەوانیش وەکو یەکێتی وایاندەزانی کە یەك هەڵبژاردن هەیە و پێویستە دەستی خۆیان بوەشێنن و چەند کورسییەك دابین بکەن, ئەمە لە کاتێکدا کە حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان, کە ئەوان وایاندادەنا کە پارتێکی نوێیە و بە ژمارەش لە چاو ئەماندا زۆر کەمن و خاوەنی کورسیی پەرلەمانیی خۆیانن. هەربۆیە بڕیان لەوە کردەوە کە لەنێو پارتیدا خۆیان بتوێننەوە (واتە حەل ببن). ئەو سێ پارتە بچووکە بەو کارەیان جگەلەوەی کە زلهێزێکی کلاسیکیی نێو بزووتنەوەی باشووری کوردستانیان بەهێزتر کرد, کە پێشتر ئەدەبیاتی ئەو پارتانە هەمووی رەخنەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بوو بۆ پارتی. لەگەڵ ئەوەشدا لە ریزی ئۆپۆزیسیۆنەوە بوونە پارتی دەستەڵاتدار..؟!...

پرۆژەی تواندنەوەی ئەو پارتە بچووکانە (بچووك لە چاو پارتی و یەکێتیدا), کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی 1992. دیارە پارتی و یەکێتی هەردەم ئەو پارتە بچووکانەیان لە خشتەی کارەکانیاندا داناوە و هەر لە سەردەمانی دروستکردنی (بەرەی کوردستانی) لەلایەن ئێرانی داگیرکەرەوە, دەیانەوێت لەنێو خۆیاندا بیانتوێننەوە و لەدژی یەکتری بەکاریان بهێنن. هەڵبژاردنەکەی ساڵی 1992 و سەرەنجامەکەی باشترین هەل بوو بۆ ئەو پارتانە, تاوەکو هیواکەی پارتی و یەکێتی بێتە دی. هەربۆیە (ئاڵای شۆڕش – ئاش) پاش ئەو هەموو دەردەسەرییەی کە لەلایەن یەکێتییەوە تووشی بوو,

به رابەر و بنچینەوە خۆیان کردەوە بەنێو یەکێتیدا و بەشێکی حسکیش کە هێڵی (ڕەسوڵ مامەند) بوو, ئەویش بەوشێوەیە لە ڕیزی ئۆپۆزیسیۆن چوونە دەرەوە و بوونەوە یەکێتی, پاش ئەوەی لە پارتی یەکگرتن جوودابوونەوە...

سێ پارتەکە (حسك, پاسۆك و گەل), پاش دانوستاندنێکی کێم!, لەنێو یەکتریدا توانەوە و (پارتی یەکگرتنی کوردستان)یان پێکهێنا. ئەم پارتە گەر هەر لە ڕیزی ئۆپۆزیسیۆندا بمایەتەوە, جگەلەوەی کە باشتر گەشەی دەکرد, هەروەها دەشیتوانی ببێتە ئاڕاستەکارێکی باشی حکوومەت لە دەرەوەی پەڕلەماندا. بەڵام مەخابن ئەمیش لەبەر بەرژەوەندیی پارتییانە و کەسییانەی رابەرانی, خۆیی لە نێو پارتیدا تواندەوە و بەو شێوەیە زۆربەی ئەو پارتانە بوونە پارتی دەستەڵاتدار لە پەڕلەماندا و ئۆپۆزیسیۆن هیچ بوونێکی نەما. دیارە لێرەدا مەبەست لە ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕەسمی و بەهێزە...

**تواندنەوەی ئەو پارت و ڕێکخراوانە لە نێو پارتی و یەکێتیدا, سوودێکی گەورەی پارتییانەی گەیاندە پارتی و یەکێتی, چونکە پارتێکی وا نەما لە ئاستیاندا بوەستێت و هێزکارێکی ئەوتۆی ببێت. هەرچەندە لەم دوادواییانەدا چەندین پارت و ڕێکخراو لە باشووری کوردستاندا دروستبوون و بەپێی بانگەشەی خۆیان ئۆپۆزیسیۆنن, بەڵام ئەوانە هیچیان خاوەنی بنچینەی جەماوەری و مێژوویەکی ئەوتۆ نین, تاوەکو لەلای یەکێتی و پارتی تێبخوێندرێنەوە. هەروەها زۆربەی ئەو پارتانەش دەستنێژی یان پارتی یان یەکێتین و ئەگەر بەڕاستی**





**ئۆپۆزیسۆن بن, ئەوا وەکو چارەنووسی (پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان)یان لێدێت, کە 12 ئەندامیان دەستکوژکران...**

هەروەکو باسکرا, پیلانی تواندنەوەی ئەو پارتە بچووکانە هەر لە پێش هەڵبژاردنەکەوە نەخشەی بۆ کێشراوە, کە ئەوانیش لەلایەن پارتە گەورەکان و لێپرسراوە بەرژەوەندپەرستەکانی ئەو پارتە بچووکانەن. هەر بۆ نموونە, بەستنی کۆنگرەی یەکەمی (پاسۆك) لە ڕۆژی 07 تا 10-09-1991 لە قەڵاچوالان, زێتر لەبەرئەوە بوو کە ڕێڕەو و پرۆگرامی پاسۆك لە پارتی نزیك بکاتەوە, نەك لەبەرئەوەی کە پاسۆك لەوەتەی هەیە کۆنگرەی نەبەستووە؟! و ئێستێ کەشێکی ئازادی و زەمینەی بەستنی کۆنگرەیەك هەیە. ئەو کۆنگرەیە –من خۆم ئەندامی کۆنگرەکە بووم–, هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لە هزری پاسۆك و کاروباری پارتایەتییدا نەهێنایە کایەوە, جگەلەوەی کە کرایە تۆڕێکەوە و ڕابەرانی پێشکەشی (پارتی)یانکرد. جارێ بەر لە هەر تشتێك بەرگە نەتەوەییەکەیان لە پاسۆك کردەوە و لە (پارتی سۆسیالیستی کورد)ەوە, بەزۆر و بەشێوەیەکی ناڕەوا کردیانە (پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کوردستان). لەڕاستیدا نێوگۆڕینی پاسۆك گێرمە و کێشمەیەکی زۆری لەسەر دروست بوو. کە جارێك خرایە دەنگەوە و تێیدا بە زۆرینەی دەنگ نێوی (پارتی سەربەخۆیی کورد) هەڵبژێردرا, بەڵام چەند دەستەیەکی نێو کۆنگرەکە بەوە نەسازان, ئەوانە بریتی بوون لە ئەندامانی سەرکردایەتیی پێش کۆنگرەکە و سەرلەنوێ نێوەکەیان خستەوە دەنگەوە و دیسانەوە هەر نێوی یەکەم هەڵبژێردرا,

کە بووە هۆی ئافراندنی بارێکی ناخۆش و ئەگەری دابڕانی لەنێو پاسۆکدا نزیك کردەوە، هەربۆیە بۆ جاری سێیەم! کە ئەمە لە هیچ کۆنگرەیەکدا رووی نەداوە؟!، نێوی پاسۆك خرایە دەنگەوە و پاش ژماردنی دەنگەکان، پاسۆك بە تۆپزی و بەدەنگدانێکی ناڕەوا کرایە (پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کوردستان). بەو شێوەیە و لەو کۆنگرە ناڕەوایەدا هەنگاوی یەکەمی تواندنەوەی پاسۆك نرا و بەنێوەکەی لە (پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان)یان نزیك کردەوە و پاشانیش بووە بەشێکی (ونی فەرامۆشکراو)ی نێو (پارتی دیموکراتی کوردستان). **ئەوانەشی بەشداریی ئەم پیلانە بوون، بوونە چەند ئەندامێکی بێدەستەڵات و هیچ لەباردانەبووی نێو سەنگەری نوێیان و ئێستێ خۆزگە بەنانە رەقەکەی نێو ئەشکەوتەکەی (سوورێن)ی بارەگای ئەوسای پاسۆك دەخوازن؟!...[1]**

[1] مەسەلەی ئەم (بەزۆر) نێو گۆڕینەی نێو کۆنگرەی (پاسۆك)م هەر بۆ نموونە هێنایەوە، ئەگینا لەو کۆنگرەیەدا کاری گەلێك نابەجێ و ناڕەوا روویدا، لەوانە هەر کەسێك بەشداری ئەو پیلانەی تواندنەوەی پاسۆك لە یەکگرتندا سەرەتا و پاشان لە پارتیدا نەبووایە، نەدەبووایە خۆی بۆ ئەندامی سەرکردایەتیی نوێی پاسۆك کاندیدات بکردایە؟! – هەڵبەت یەك دووانێکیانی لێدەرچێت، کە بەشداریی ئەو پیلانەیان نەکرد و بووشنە ئەندامی سەرکردایەتی –، یەکێك لەوانەی کە ویستی خۆی کاندیدات بکات بۆ ئەندامی سەرکردایەتی، نووسەری ئەم وتارەیە، بەبیانووی ئەوەی کە ئەوسا تەمەنی 25 ساڵ بوو، نەیان هێشت بچێتە نێو سەرکردایەتیی پاسۆکەوە (ئەگەرچی هەڵبژاردنیشی دڵنیا بوو)، چونکە لای ئەوان تەمەنی یاسایی 30 ساڵ بوو؟!، نەك 18 ساڵ و بەرەوژوور. نەوەکو ئەو رەگەزە نوێیانەی کە دەچنە نێو سەرکردایەتیی پاسۆکەوە پیلانی مامەڵەی تواندنەوەی پاسۆك لەنێو پارتیدا هەڵبوەشێننەوە و مایە پووچ بمێننەوە. کۆنگرەکەی پاسۆك تاکە هەوڵی ئەو پیلانە نەبوو، بەڵکو دوای کۆنگرەش، ئەندامانی سەرکردایەتیی پاسۆك و حسك و گەل، چەندین کۆبوونەوەیان کرد و خۆیان لەنێو یەکدا تواندەوە و پاشان یەکگرتنیشیان لەگەڵ پارتیدا هاسانتر کرد. واتە پارتی یەکگرتن تەنێ تاکتیکێك بوو بۆ چوونە نێو پارتییەوە...





بەوشێوەیە تەواوی پارتە بچووکەکانی کوردستان، لە پارتی و یەکێتیدا تووانەوە، بەبێ ئەوەی ببنە هۆی هیچ گۆڕانکارییەك لە پارتی و یەکێتیدا و بەو کردارەیان جگە لەوەی خەباتی چەند ساڵەیان لەنێو شەڕی براکوژیدا سڕییەوە، هەروەها هێزی ئۆپۆزیسیۆنیشیان لەنێو پەرلەمانی کوردستاندا نەهێشت، کە یەکێکە لە بنچینە بنەڕەتییەکانی هەر پەرلەمانێك لە هەر لایەکی جیهاندا.

**تێستێ لە باشووری کوردستاندا، جگەلەوەی کە دوو پەرلەمان و دوو حکوومەتی سەربە پارتی و یەکێتی هەن. پارتی ئۆپۆزیسۆنیش دەکرێت بڵێین بوونی نییە، هەرچەندە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا گەلێك پارتی بچووك دەبینین و هەندێکیان لاف ئۆپۆزیسۆنی لێدەدەن، بەڵام ئەوانە هەموویان بەکارتی سەوز و یارمەتیی یان یەکێتی یان پارتی دروستکراون و هیچ هێزکارێکی ئەوتۆیان نییە.** باشترین بەڵگەش تاوەکو ئێستێ نەیانتوانیوە تەنێ رۆژێك شەڕی براکوژیی نێوان پارتی و یەکێتی رابگرن و بگرە ئەوانەش ی کە دەستنێژی ئەو دوو زلهێزەن،

**هەڵوێست لە دژی ئەوی تر دەگرن و هەندێکیشیان بەکردەوە بەشداریی شەڕی براکوژی دەکەن, کە نموونەکانیان لەبەر چاومانن...**

**لەماوەی ئەم پێنج ساڵەی ئەزموونی پەڕلەمانی باشووری کوردستاندا کاری گەلێك نابەجێ روویداوە, کاری ئەو پاشاگەردانییەی کوردستان بە دوو پەڕلەمان و دوو حکوومەتی زەرد و سەوز چارەسەر ناکرێت, باشترین چارە ئافراندنی هەڵبژاردنێکی نوێیە لەژێر چاودێریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا و بەپێی سیستمی زۆرینە, تاوەکو گەل نوێنەرەکانی خۆی هەڵبژێرێت و هەر پارتێکیش زۆرینەی بەدەست نەهێنا, لە ریزی ئۆپۆزیسیۆندا و لە نێو پەڕلەماندا ببێتە حکوومەتی سێبەر. دیارە دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە و زۆر درەنگیشە کە لایەنە نەیارەکانی کوردستان, تەنها وانەیەك لە کارەساتەکانی پێشوو وەربگرن, کە ئەویش (سەروەریی یاسا و زمانی گفتوگۆ و راگۆڕینەوەیە, کە زمانێکی هاوچەرخ و شارستانییە)....**

هۆڵندا – سێپتێمبەری 1997





## العوسج أو أنجة ممند[1]

يعرض على شاشة تلفزيون الشرق الاوط (m.b.c) المسلسل السوري المميز (العوسج) للمخرج نجدة اسماعيل انزور و الكاتب غسان نزال. يعالج المسلسل مشاكل المزارعين و صراعهم مع الآغاوات و أسياد المدينة, و اخذت احداث هذا المسلسل كليا من رواية (أنجة ممند) أو (محمد الصغير أو محمد القصير) و هي من روائع الروائي الكوردي يشار كمال, الذي يكتب باللغة التركية. تتكون هذه الرواية الفريدة من نوعها من خمسة اجزاء, و ترجمت الى لغات شرقية و غربية, و منها اللغات الفارسية, الكوردية, و الفرنسية و غيرها. و نجحت الرواية في كسب رضا قراء الروايات بصورة لامثيل لها. و قرأها الرئيس الفرنسي الراحل فرانسوا ميتران عدة مرات مما جعله يلتقي مرارا مع الروائي يشار كمال و ان يرحب بصداقته.

وقعت احداث الرواية في جنوب شرق تركيا أو (شمال كوردستان – كوردستان تركيا), و انجة ممند (محمد الصغير)

[1] ڕۆژنامەی ئەلحەیات – لەندەن – ژمارە 12751 – 29-01-1998.
هەروەها ئەم وتارە لە ژمارە 863ی ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئۆرگانی پارتی لە 20-02-1998دا لە هەولێر بە زمانی عەرەبی و کۆمینتارێکی خەبات خۆی دووبارە (بەبێ پرسی من) بڵاوکراوەتەوە.
تێبینی: ئەمە یەکەم بەرهەمی منە کە بەزمانی عەرەبی بڵاوبکرێتەوە, لەڕاستیدا ئەم نووسینە خۆی کەمێك درێژتر بوو, بەڵام رۆژنامەی ئەلحەیات کورتی کردووەتەوە و هەندێك شتی لێ پەڕاندبوو..

الذي سماه الاستاذ غسان نزال (عمران) هو شاب قصير القامة و بعكس قيافة و طول عمران.

انجة ممند, هو شاب قصير القامة, و بسبب الظلم و قساوة المعاملة التي تعرض لها من قبل الآغاوات, جعله يقتل آغا قريته و يلتحق بقطاع الطرق, و يصبح اسطورة في المنطقة و يقاتل آغاوات المنطقة و أسياد المدن و عساكر الترك.

احداث (العوسج) كلها مطابقة تقريبا لرواية (محمد الصغير) من دون أن يذكر اسم الكاتب (يشار كمال) الى ذلك, غير الكاتب, المشاهد و أسماء الشخصيات, و قام بتغيير اسم الرواية الى (العوسج). و من غير المعقول ان ينتج خيال الكاتب غسان نزال رواية أنجة ممند نفسها نصا و روحا. و ارجو من القراء العرب قراءة رواية (انجة ممند) و مقارنتها بأحداث مسلسل (العوسج), و يحكموا على صحة كرامي, و شكرا.

**ئەمە كۆمێنتارەكەی رۆژنامەی خەباتە, كە بەشێوەیەكی زۆر جوان بەراوردێكی تری لەو بابەتەی من كراوە..**

**تعقيب (خه بات):**

اظن ان السيد (هاوري باخوان) على حق.. و ليست هي المرة الاولى التي يجري فيها تغيير اسم و معالم و هوية النتاجات الادبية الكوردية, فرواية (انجة ممند) في لكاتب كوردي معروف (يشار كمال) و تدور احداثها في بيئة كوردستانية.

ففي اواسط الثمانينات عرضت التلفريونات العربية نتاجا آخر على نفس المنوال, و قد انتج في الاردن, و كان يستند في الاصل الى مسرحية (شيرين و فرهاد) للشاعر التركي (ناظم حكمت) و الذي استقاها بدوره من الملحمة الكوردية المعروفة





(خسرو و شيرين) و ملحمة (شيرين و فرهاد) و هما وجهان لملحمة واحدة تدور احداثها في قصر شيرين و كرماشان في كوردستان ايران. و الطريف ان النتاج التلفزيوني العربي قد استبدل اسم (جبل بيستون) الذي تدور احداث الملحمة الكوردية حوله الى (جبل الصوان) و حول اسم (شيرين) الى (شهد)... تماما مثل (العوسج), و تم تماما اغفال اسم الملحمة و هويتها و اصلها.. علما ان (جبل بيستون) جبل معروف و موجود.[1]

---

[1] وەرگێڕانە كوردییەكەی:

(تێبینی: ئەم وەرگێڕانە, وەرگێڕانی وشە بە وشە نییە).

**عەوسەج یان ئینجە مەمەند**

لەم رۆژانەدا تەلەڤزیۆنی خۆرهەڵاتی نێوین (M.B.C) زنجیرەی تەلەڤزیۆنی سووری (عەوسەج) پیشاندەدات. ئەم زنجیرەیە لە دەرهێنانی (نەجدەت ئسماعیل ئەنزور) و لە نووسینی (غەسسان نیزال)ە. رووداوەكانی چیرۆكەكە بریتییە لە كێشەی جووتیاران و ئاغاكان و كاربەدەستانی شار, رووداوەكانی ئەم زنجیرەیە كتومت لە رۆمانی (ئنجە مەمەند – حەمەدۆك)ەوە وەگیراوە, ئەویش بریتییە لە یەكێك لە شاكارەكانی رۆماننووسی كورد یەشار كەمال, كە بە زمانی توركی دەنووسێت و ئەم رۆمانە دانستەیەشی پێنج بەشە و بۆ چەندین زمانی خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی وەرگێڕدراوە, لەوانە زمانی فارسی, كوردی و فەرەنسی و هی تر. ئەم رۆمانە بەشێوەیەكی سەركەوتووانەی زۆر باش خوێنەرانی بەلای خۆیدا راكێشاوە. هەروەها سەرۆكی پێشووی فەڕەنسا فڕانسوا میتیرانیش چەند جارێكی خوێندووەتەوە و بەهۆیەوە چەند جارێكیش چاوی بە مامۆستا یەشار كەمال كەوتووە و بە هاوڕێیەتیی خۆشحاڵ بووە.

ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە باکووری کوردستاندایە, حەمەدۆك کە مامۆستا غەسسان نیزال ناوی ناوە (عەمران) لاوێکی کورتەباڵایە و بەپێچەوانەی باڵای عەمرانەوەیە.

حەمەدۆکی کورتەباڵا, بەهۆی زۆرداری و خراپیی ئەو مامەڵەیەی کە لە لایەن ئاغاکانەوە تووشی بوو, ئاغای گوندەکەی دەکوژێت و پەیوەندی بە جەردە و ڕێگرەکانی ناوچەکەوە دەکات, و دەبێتە ئەفسانەیەك لە ناوچەکەدا و دەکەوێتە کوشتنی ئاغاکان و دەستڕۆیشتووانی شار و سەربازە تورکەکان.

ڕووداوەکانی (عەوسەج) بەتەواوەتی هاوتایە لەگەڵ ڕۆمانی حەمەدۆك, بەبێ ئەوەی ناوی نووسەر یەشار کەمال بهێنرێت, نووسەر ناوی دیمەن و کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەی گۆڕیوە, تەنانەت ناوی ڕۆمانەکەشی کردووەتە (عەوسەج). دیارە ڕێی تێناچێت ئەندێشەی نووسەر غەسسان نیزال هەمان ڕۆمانی حەمەدۆکی وەك خۆی ئافراندبێت, هیوادارم خوێنەرانی عەرەب ڕۆمانی حەمەدۆك بخوێننەوە و بەراووردێکی بە ڕووداوەکانی زنجیرەی عەوسەج بکەن, با خۆیان حوکمی ڕاستیی ئەم قسەیەم بدەن و سوپاس.

## کۆمێنتاری (**خەبات**):

لەو بڕوایەدام کاك (هاوڕێ باخەوان) لەسەر هەقە. ئەمە جاری یەکەم نییە ناو و ڕووخسار و پێناسی بەرهەمە ئەدەبییە کوردییەکان دەگۆڕدرێت, ڕۆمانی (ئنجە مەمەند) هی نووسەری بەناوبانگی کورد (یەشار کەمال)ە و ڕووداوەکانی هەر لە کوردستاندایە.

لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا, تەلەڤزیۆنە عەرەبییەکان بەرهەمێکی تری هەمان شێوەیان پیشاندا کە لە ئوردون بەرهەمهێنرابوو, زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکە بەتەواوەتی لە شانۆیی (شیرین و فەرهاد) شاعیری تورك (نازم حیکمەت)ەوە وەرگیرابوو, کە ئەویش لە داستانی بەناوبانگی (شیرین و خەسرەو)ی کوردی و





داستانی (شیرین و فەرهاد)ەوە وەریگرتووە کە هەردووکیان دوو ڕووی یەك داستانن و ڕووداوەکانیش لە ناوچەی قەسری شیرین و کرماشانی کوردستانی ئێران دەسووڕێنەوە. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەی ئەو زنجیرەیەی بەرهەم هێناوە ناوی (کێوی بێستون)ی کردووەتە (چیای سەووان) و ناوی (شیرین)یشی کردووەتە (شەهد) و بەوشێوەیە... هەروەك چۆن لە عەوسەجدا ڕوویداوە, بەتەواوەتی ناو و پێناس و ڕەسەنی داستانەکە ونکراوە.. کەچی (کێوی بێستون) کێوێکی بەناوبانگ و دیاریشە.

# گورگە بۆر بوو بە تاوانبار لە میدیای هۆڵەندیدا[1]

ماوەی چەند ساڵێکە کە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە تێڕوانینی میدیای جیهانیدا بە تیرۆریست پیشان دەدرێت. دیارە ئەمەش هەر لە خۆوە نییە، بەڵکو داگیرکەری تورک و رێکخراوە تۆرانییەکان هەردەم لە پشتی ئەم جۆرە دیاردانەوەن. میدیای جیهانیش، بەتایبەتی هی خۆرئاوا، لە بەرژەوەندیی خۆیان و تورکیای پارێزەری بەرژەوەندییەکانیان، زێتر پێ لە تیرۆریستیی ئەم پارتە کوردستانییە دادەگرن و هەموو کردەوە دژبەمرۆییەکانی تورکیای داگیرکەر و رێکخراوە تۆرانییەکانیان خستووەتە پشت گوێ و وەکو لە کوردستان چ روونەدات و تەنێ هەر لەم ساڵانەی دواییدا هەزاران گوندی کورد تەخت نەکرابێت و سەدان هەزار کوردیش لە خاکی چەند هەزار ساڵەیان رانەگوێزرابێتن و زۆری تریش..؟!. کەچی تیرۆریست لەلای ئەوان هەر (پارتی کرێکاران)ە و تەنانەت لەم رۆژانەدا بەپێی راپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، کە لە وڵاتان و رێکخراوانی تیرۆریستی دەکۆڵییەوە، نێوی پارتی کرێکارانیشی تێدا بوو و بێ ئەوەی کە هیچ

[1] رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی ئۆرگانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان – ژمارە 266 – دووشەممە 16-03-1998 – کوردستان – سلێمانی.





تشتێکی دەربارەی تورکیای داگیرکەر و رێکخراوە تۆرانییەکان درکاندبێت؟!.

(گورگە بۆر). ئەو رێکخراوە تۆرانییە رەگەزپەرستە دژبەکوردەیە، کە ساڵانێکە بەئاشکرا و بەنهێنی لەدژی کورد لەسەنگەردایە. ئەگەر راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بیویستایە کە نێوی تیرۆریستە راستینەکانی جیهانی لە لیستەکەی خۆیدا تۆمار بکردایە، ئەوا دەبووایە پاش نێوهێنانی داگیرکارانی کوردستان، کە لە هەموو دەوڵەتێکی ئەم زەمینە تیرۆریستترن، دەبووایە لە بەشی رێکخراوەکانیشدا نێوی گورگە بۆر لە سەری سەرەوەدا بووایە.

گورگە بۆر، ئەو رێکخراوە تۆرانییە راستە زۆرڕەوەیە کە هیچ مافێك لە باکووری کوردستان و شوێنانی تریشدا بەکورد رەوا نابینێت و هەمیشە دەستێکی شاردراوە بووە لەنێو تورکاندا بۆ ئەوەی کورد بەم رۆژە بگات کە ئێستا لە باکووری وڵاتدا تێیدا دەژیت، هەندێکیشیان ئەم سەرەنجامەی ئێستێ بەباش نازانن و داوای زێتر چەوساندنەوەی کورد و تواندنەوەی دەکەن...

سەرۆکی پارتی (رەفای ئیسلامی) لە تورکیا (نەجمەدین ئەربەکان)، لە وتارێکی خۆیدا ماوەیەك لەمەوبەر رایگەیاند: (کە ئەگەر مستەفا کەمال ئەتاتورك بمایە، ئەوا دەبووایە ئەندامی پارتەکەی ئەم بێت). بەڵام نەجمەدین راستی نەگووت. چونکە ئەگەر ئەتاتورك بمایە ئەوا ئەندامێکی چالاکی گورگەر بۆر دەبوو. چونکە گورگە بۆر تاکە

ڕێکخراوە کە کەسانی وەك ئەتاتورك و تۆرانیی لەو بابەتەی پێ تینووشکێن بێت.

هەڵبەتە نامەوێت تەواوی کار و کردەوە خراپەکانی گورگە بۆر و ڕێکخراوی تۆرانیی وەکو ئەو نێونووس بکەم، بەڵام ئەوەی جێی داخە کە هەر ئەو میدیای خۆرئاواییەیە، هیچ پێناسێکی ڕاستینەی ئەو ڕێکخراوەی نەکردووە و کەم کەمە نەبێت بەخراپە نێوی نەبردووە. دیارە ئەویش لەبەرخاتری خاترانە کە تورکیای ئەندامی ناتۆ و پیاوماقوڵی ئاغایانی ئەمریکا و ئەوروپییەکانە.

خۆشبەختانە ماوەی مانگێك زیاترە کە گورگە بۆر لە وڵاتی هۆڵند بۆتە کایەیەکی گرنگی میدیای ئەم وڵاتە و بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە لەسەریان دەنووسرێت و دەگووترێت. کە ئەویش بەهۆی ڕووداوێکی زۆر بوێرانەوەیە. ئەو ڕووداوە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبێکە لەسەر گورگە بۆر، لەلایەن دوو ڕۆژنامەنووسی هۆڵەندییەوە کە یەکێکیان بەڕەچەڵەك خەڵکی تورکیایە، (ئەمانیش (ستێلا برام Stella Braam) و (مەهمەت ئۆلگەر Mehmet Ulger)ن. ئەم دوو ڕۆژنامەنووسە کتێبێکیان نووسی لەسەر ڕێکخراوی گورگە بۆر بە زمانی هۆڵندی، بەنێوی (گورگە بۆرەکان، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر تورکە ڕاستە زۆرڕەوەکان). ئەم کتێبە لە کۆتایی سێپتێمبەری ئەم ساڵدا بڵاوبووەوە.

کتێبەکە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە دەربارەی ڕێکخراوی گورگە بۆر و تێیدا گەلێك نهێنیی کارەکانی گورگە بۆری بە





بەڵگەنامەوە بڵاوکردووەتەوە. لەوانە بازرگانیی هیرۆیین و مادەی سەرخۆشکەری تر، کە گورگە بۆر خەریکێتی و لە ئاسیاوە بۆ ئەورووپا دەیهێنێت. هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە چۆن گورگە بۆر بەشێکی دانەبڕاوی پارتی (میللی خەلق پارتسی MHP)ن. ئەم پارتە ڕەگەزپەرستی ڕاستڕەوە و لە پەرلەمانی تورکیادا بەشدارە. کتێبەکە باسی هەندێك لە ڕێکخراوی تریش دەکات کە لە ئەوروپا و بەتایبەتی لە هۆڵندادان و هەمان پرۆگرامی گورگە بۆریان هەیە و هەموو ئەوانە بەشێوەیەکی نهێنی سەبە پارتی (MHP)ن. ئەمەش لەوەوە هاتووە کە لە دەستووری تورکیادا ئەوە قەدەخەکراوە کە نابێت پارتەکانی نێو تورکیا لەدەرەوەدا ڕێکخراوی سەربەخۆیانیان ببێت. هەر بۆیە گورگە بۆر و چەندین ڕێکخراوی تر لە دەرەوەدا دامەزراون کە لە ڕاستیدا تەنێ نێوێکی جیان بۆ پارتی (MHP) و هیچی تر. گورگە بۆر و ئەو ڕێکخراوانە لە دەرەوەی تورکیا کار بۆ ئەو پارتە دەکەن، ئەو ڕێکخراوانە دوو ئامانجی سەرەکییان هەیە کە ئەوانیش دەوڵەمەندکردنی پارتەکەیە بەهۆی بازرگانی هیرۆیینەوە. هەروەها دژایەتیی ڕێکخراوە کوردییەکانە لە دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی (پارتی کرێکارانی کوردستان)و ئەو ڕێکخراوە پیشەییانەی کەسەر بەون. کتێبەکە باسی ئەوەش دەکات کە چۆن گورگە بۆر بەرپرسیاری (کۆنترا-گەریللا)یە لە تورکیادا بۆ لێدانی گەریللاکانی کورد لە باکووری وڵاتدا.

پاش بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە ئەو دوو ڕۆژنامەنووسە کەوتنە بەر هەڕەشەی گورگە بۆر و بۆیە ئەمانیش ناچاربوون لە ترسی تیرۆری

گورگە بۆر خۆیان بشارنەوە. هەڵبەت ئەو خۆشاردنەوەیە لە ترسێکی بێ بنچینەوە نەبوو. چونکە پۆلیسی هۆڵەندی پاش چەند رۆژێك چوار کەسی بەربە گورگە بۆر گرت. ئەوانە فرمانی تیرۆرکردنی ئەو دوو رۆژنامەنووسەیان لەلایەن گورگە بۆرەوە پێدرابوو. یەکێك لەو تاوانبارانە پیاوکوژێکی بەکرێگیراو بوو, کە لەیەن گورگە بۆرەوە بۆ کوشتنی ئەو دووانە لە تورکیاوە بۆ هۆڵەندا نێردرابوو.

ئەو رووداوانە بوونە هۆی ئەوەی کە زۆربەی رۆژنامەکانی هۆڵەندا بەخراپە باسی گورگە بۆر بکەن, تاڕادەیەك گەیشتە ئەوەی کە بەنێوبانگترین رۆژنامەی هۆڵەندی (رۆژنامەی گەل – De Volkskrant), لەسەرەتای مانگی نۆڤەمبەردا رێکخراوی گورگە بۆر بە رێکخراوێکی تاوانبار دابنێت کە دەستی هەیە لە کورشتنی چەندین کەسدا و هەوڵی کوشتنی دوو رۆژنامەنووسی هۆڵەندیی داوە کە ئەوانیش ئەوانەن کە ئەو کتێبەیان لەسەر گورگە بۆر نووسیوە.

(یانەی رۆژنامەنووسانی هۆڵندا – NVJ), گرنگییەکی زۆری داوەتە ئەم بابەتە و لە گورگە بۆری کردووەتە هەڵلا. لەوەشدا کارێکی باش دەکەن چونکە دوو هاوکاریان لەلایەن گورگە بۆرەوە ترسی کوشتنیان هەیە. هەروەها هەمان یانە لەم نزیکانەدا هەر بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ (دایکستاڵ)ی وەزیری نێوخۆی هۆڵەندا و نوێنەرێکی وەزارەتی داد کۆدەبنەوە. رۆژنامەکانی هۆڵندا ئەوەشیان بڵاوکردەوە کە دایکستاڵ بەڵێنی داوە ئەم کێشەیە زۆر بەدڵسۆزی بگرێت و چاریشی بکات.





لەبەرامبەر ئەمانیش, گورگە بۆر لە درۆ و دەلەسەکانی خۆیدا هەر بەردەوامە و ویستی تیرۆرکردنی ئەو دوو رۆژنامەنووسە بەدرۆ دەخاتەوە. هەروەها دەڵێن کە (ستێللا برام) لەلایەن (مەهمەت ئۆلگەر)ەوە بەکارهێنراوە و ئەو هیچ شتێك دەربارەی رێکخراوەکەیان نازانێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گورگە بۆر لە (مەهمەت ئۆلگەر) خۆش نابێت, دیارە (مەهمەت)یش ئەمە باش دەزانێت, هەر بۆیە تاکو ئێستا خۆیی شاردووەتەوە, بەڵام (ستێلا برام) لە هەشارگەکەی هاتووەتە دەرەوە و بوێرانە ئەوەی راگەیاند کە هەر کەسێك شتێکی دەربارەی کتێبەکە هەیە, ئەوا دەرگای دادگا بۆ هەموو کەسێك ئاوەڵایە...

ئەم رووداوە ئەوەی بۆ خەڵکی هۆڵەندا و ئەوروپا سەلماند کە گورگە بۆر چەند رێکخراوێکی تیرۆریستن و کارێکی وایکرد کە میدیای هۆڵەندی گورگە بۆر بەتاوانبار نێو ببات. دیارە ئەمە سوودێکی گەورەی بۆ ئێمە تێدایە, هەرچەندە ئەم تاوانبارکردنەی میدیای خۆرئاوایی زۆر درەنگە, چونکە دەبووایە هەر لە رۆژانی یەکەمی دامەزراندنی کۆنترا–گەریللاوە, گورگە بۆریان بەم شێوەیە تاوانبار بکردایە. لەنێوهێنانی (پارتی کرێکاران)یش بەتیرۆریست, وازیان بهێنایە. بەڵام ئەگەر وشەی تیرۆریست لە پارتی کرێکارانی کوردستان نەکەنەوە, ئەوا گورگە بۆریش بەتاوانبار دابنێن, ئەوەشیان هەر سوودێك بەئێمە دەگەیەنێت.

بەهیوای ئەوەی کە ڕاستینەی تیرۆریستیی گورگە بۆر و پارت و ڕێکخراوە تۆرانییەکان بەم زووانە بۆ میدیای خۆرئاوایی! دەرکەوێت و بیرێکیش لە تیرۆریستیی پارتی کرێکارانی کوردستان بکەنەوە.

سەرچاوەکان:

* ژمارەکانی ڕۆژنامەی (De Volkskrant)ی هۆڵەندی لەسەرەتای مانگی نۆڤەمبەردا.
* ڕۆژنامەی (Contrast)ی هۆڵندی لە ڕۆژی 06-11-1997.





## گرفتی کورد, گرفتی ڕووناکبیرانێتی[1]

وەك دەڵێن, ڕووناکبیران ئەو توێژەن کە دەبنە ڕابەری کۆمەڵگە, گەل یان نەتەوەیەك, کە مامۆستایانن و ئەو کۆمەڵگەیە لە خراپەوە بەرەو باش و لە باشەوە بۆ باشترین دەبەن. هەر بەو پێیە ئەم توێژەی کە دڵسۆزی ئەو کۆمەڵگە دیاریکراوەن, دەبنە خزمەتکاری ئەو کۆمەڵگەیە, کە لە قەیرانە نەتەوەییکان و کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و ... هتد, ئامۆژگاریی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەن, تاوەکو کۆمەڵگەکە لەو قەیرانە دێتە دەرەوە.

شێوازەکانی ئامۆژگاریی توێژی ڕووناکبیر بۆ کۆمەڵگەکەی گەلێك زۆرن, کە لە تێکەڵاوبوونی ئاسایی ڕۆژانەی ئەو توێژەوە دەست پێدەکات لەگەڵ خێزان و هاوڕێ و کەسانی نزیك و نەناسیاودا, تادەگاتە سەر هۆیەکانی ڕاگەیاندن, کە ئەمەیان گەلێك گرنگە و دەچێتە هەموو لایەك و دەکەوێتە بەر گوێ و چاوی هەر کەسێك.

مێژووی دوێنێی ئێمە, ژیانی ئەمڕۆمان و ڕووداوەکانی سبەینێشمان, کە دەبێتە پاشەڕۆژمان, بریتییە لە کۆمەڵێك کۆسپ و قەیران و هەرەس و خیانەت و براکوژی و گەلێك دەردی گورچکبڕی تر, کە دەبووایە

[1] ئالای ئازادی - ژمارە 267 - 30-03-998 - سلێمانی. (ئەم وتارە بۆ دووەمجار لە گۆڤاری هەڤوتدا بڵاوکراوەتەوە - ژمارە 16 - سویسرا - ژونی 1998).

ڕووناکبیرانمان باشترین هۆی چارەساز و شیکارکاری ئەو گرفتانە بوونایە. بەڵام ئەوەی جێی داخە نەك هەر چارەساز نین, بەڵکو بووینەتە تێکدەر و زێتر ئاگر خۆشکەری کێشەکانین و ڕووداوەکان لە باشترینەوە دەبەین بەرەو باش و لە باشەوە بۆ خراپ و لە خراپیشەوە بۆ خراپترین...

بەو پێیە ڕووناکبیرانمان, نەك هەر لە خزمەتی نەتەوەکەماندا نەبوون, بەڵکو ئەمە دەبێتە دوژمنایەتی و لەباتی ببینە خزمەتکاری نەتەوەکەمان. بەڵکو بووینەتە باری منەت و خۆبەزلزانێکی هیچ لەباردانەبوو بەسەریانەوە. بەڕادەیەك هاوکێشەکە لەلای ئێمە پێچەوانە ببووەتەوە, واتە کۆمەڵگەکەمان لە خزمەتی ڕووناکبیراندایە. دەبێت ڕێزیان لێبگیرێت, چاویان لێبپۆشرێت و وەکو مشەخۆریش بەخێوبکرێن.

بەرداشی شەڕی نەفرەتلێکراوی براکوژیی خۆکوژی, دەیان ساڵە گەورەترین گرفتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئێمەیە. ئەو شەڕە کوردکوژییە, هەندێك جار گوللە, پێش خامەی بەنێو ڕووناکبیران کەوتووە و هەندێك جار هەردوو پێکەوە لەشەڕدا بوون و زۆر جاریش (شەڕی خامەکوژی) پێش گوللەی پێشمەرگەکان کەوتوون بۆ یەکتر کوشتن؟!...

خامەی ڕووناکبیران, دەبووایە هەردەم لە هێورکردنەوەی سەرکەشیی مێشکی ڕابەرانی بزووتنەوەکەدا بووایە. کەچی جێی داخە لەوان خراپتر, خەریکی خۆشکردنی ئاگری خۆکوژین...





لە ساڵانی دوای ڕاپەڕینەوە, لە باشووری کوردستاندا, دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و کەناڵی تەلەڤزیۆنی هاتنە کایەوە. دیارە بەڕێوەبردنی ئەو ئامرازە ڕاگەیاندنانە, پێویستیی بێجگە بەلایەنی مادی, بەسەدان کادری ڕووناکبیر دەبێت, تاوەکو پەڕەی ڕۆژنامەکان و ڕیپۆرتاژی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان ڕەش و پڕبکەنەوە...

زۆربەی ئەو ئامرازانە, جگە لە بابەتی کات بەسەربردن و شتی لابەلا و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و هونەری نەتەوە سەردەستەکانمان, خۆشکەری شەڕی براکوژی و خراپترکردنی بارودۆخی کوردستان و چەواشەکردنی ڕای گشتی بوون. هەر وتارێك و هەر بەرنامەیەکی ڕادیۆ یان تەلەڤزیۆنی, بەرمیلێك بەنزین بووە و کراوە بە شەڕی براکوژیدا, کە دەبووایە ئاوێکی سارد بووایە بۆ کوژاندنەوەی ئەو شەڕە. دیارە خاوەنی ئەو بەرمیلە بەنزینانەش هەر ڕووناکبیران بوون, چونکە بەڕێوەبردنی ئەو هەموو دەزگا ڕاگەیاندنانە, نەك بە دوو کەسی وەك (جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی) ناکرێت, بەڵکو هەر ناشیانەوێت کاری واهی بکەن و ئەوان بەدەستی ڕووناکبیران ئەژدیهای دێوەزمەی شەڕ دەگرن. چونکە ئەوان ئەو ڕۆژەیان هەر لەبیردایە کە بەتەنیشت یەکترەوە دادەنیشن و وەك نەبایان دیبێت و نەباران و نە هەزاران کوڕی کوردیشیان بەکوشت دابێت...!. ئەوەشی لێرەدا دەکەوێتە نێو قەیرانی تەریقبوونەوە و ڕووڕەشییەوە, هەر ئەوانەن کە بە خامەکانیان گوڕی زێتریان بەو شەڕە داوە. دیارە بابەتەکانیان لەنێو کتێبخانەی کوردیدا وەکو چەندین بەڵگەنامەی دزێو بۆ مێژوودەمێنێتەوە. هەڵبەت

کەمینەیەکی زۆر کەم, لەنێو ئەو دەزگا راگەیاندنانەدا, هەندێك جار بابەتی لێپرسراوانە و خاوەن هەڵوێست دەنووسن, بەڵام ئایا ئەوانە بەرامبەر ئەو هەموو رۆژنامە و کەناڵانەی تر چییان پێدەکرێت و چ کارێکی دەبێت..؟!...

رووناکبیری کورد, دەبووایە ببوایەتە خزمەتکاری رووداوەکان و هێمنکەرەوەی و بەرەوپێشی بخستایە. هەر بەو پێیە دەبووایە لە شەڕی براکوژیشدا دژ بووایە, خاوەن هەڵوێستی نەتەوەیی بووایە و لە هەموو کات و بارێکدا بەلایەوە نەیار بووایە. پشتی لایەنێکی نەگرتایە لە دژی ئەوی تر و خۆبژێنی وای لێنەکردایە کە لە دژی ستراتیژی نەتەوەیی, لە رۆژنامەکاندا بلێسەی ئاگری شەڕی براکوژیی بەهێزتر بکردایە...

لە دیسەمبەری 1997دا, Med-TV رووبەڕوویەکی لەگەڵ هۆزانەوانی نەتەوە (عەبدوڵڵا پەشێو)دا بەئەنجامدا. ئەو رووبەڕووە دەنگۆیەکی وای لە نێو خەڵکیدا دایەوە کە چەندین جار داوا لە کارگێڕانی Med-TV کرا, کە ئەو رووبەڕووە دووبارە و سێبارە بکەنەوە. تاوای لێهات کە ئێستا کاسێتی ڤیدیۆی ئەو رووبەڕووە لە نێو خەڵکانی تامەزرۆی وتە و هۆنراوەکانی پەشێودا دەستاودەستی پێدەکرێت.

**لەوانەی بڵێن بۆچی پەشێو ببێتە نموونەیەك لەم وتارەدا؟!...**





پەشێوە لەو رووبەڕووەدا وەك رووناکبیرێکی نەتەوەیی خاوەن هەڵوێستی جێگیر, لەدژی شەڕی براکوژی دووا, پڕوپاگەندەی بۆ هیچ لایەکیان نەکرد و ئاگری شەڕەکەشی خۆش نەکرد, کە دەبووایە ئەمە کاری تەواوی رووناکبیرانی کورد بووایە, هەموویانی تاوانبار کرد, تەواوی وزە و تینی خامەی لە خزمەتی ئاشتی و تەبایی لە نێو لایەنەکانی کوردستاندا خستە گەڕ. کە بووە مایەی خۆشحاڵیی تەواوی ئەوانەی کە ئاگاداری رووبەڕووەکە بوون. تەنها کەسانێك کە دژی وتەکانی پەشێو و هەڵوێستە نەتەوەییەکەی بووبێتن, ئەوانەن کە لە ژێر سێبەری دووکەڵاویی ئەو شەڕەدا بوونەتە مشەخۆر و خۆیان دەژێنن...

دیارە ئەوانە بە خۆخواردنەوە و پەنگخواردنەوە دەروونییەکانیان نەوەستان, هەربۆیە کە کاك (نەهرۆ هەینی) کە یەکێکە لەوانە و لە ژمارە (260)ی رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستاندا, کە لە رۆژی 22–12–1997دا دەرچووە, لەژێر نێونیشانی (عەبدوڵڵا پەشێو, ئاو لە ئاشی خائین و داگیرکەران دەکات)دا وتارێکی لەدژی رووبەڕووەکەی پەشێودا نووسیوە و بەداخیشەوە ئاڵای ئازادی بۆیی بڵاوکردووەتەوە.

وتارەکە تەنێ سووکایەتی نییە بۆ هۆزانەوانێکی خاوەن هەڵوێستی نەتەوەیی, بەڵکو سووکایەتییە بۆ من و تۆی خوێنەر و هەموو ئەوانەشی کە تامەزرۆی راوبۆچوونەکانی پەشێون. سووکایەتییە بۆ ئەوانەی کە نەفرەت لە شەڕی براکوژی دەکەن, بۆ ئەوانەی کە

دەیانەوێت کوردستان و کورد ئازاد و یەکسان بژین و باوەڕیان بە ئاڵای ئازادی هەیە.

پەشێو بەو ڕووبەڕووەی ئاو لە ئاشی خائین و داگیرکەران ناکات, بەڵکو ئاو لە ئاشی ئاشتی و تەبایی دەکات و دەیەوێت ئاو لە بەرداشی شەڕی براکوژی ببڕێت کە سەری هەزاران ڕۆڵەی ئێمەی هوورد و خاش کردووە و ڕابەرانی ئەو شەڕەش گوێ نادەنە ئەوەی کە ئەم شەڕە بۆچی و تاکەی. تۆ کاك (نەهرۆ) لەباتی دوو قسەی خێر, ئاوا لە دژی هۆزانەوانێك دەنووسیت کە شەڕخواز نییە. پەشێویش و منیش و هەموو ئەوانەی کە دژی شەڕی براکوژین, دڵنیابە کە دژی کارەساتی (31ی ئاب)ین و بەگەورەترین خیانەتی دادەنێین لە مێژووی نەتەوەکەماندا, بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شەڕی براکوژیمان بەلاوە پەسەندبێت و پارتیش بەپارتێکی نیشتمانی بزانین...؟!... و هەروا بەهاسانی 31ی ئابمان بیر بچێتەوە...

دەپرسیت کە پەشێو لەدوای (فەشەلە عاتیفییەکەی), لە کارەساتەکانی کوردستاندا لەکوێ بووە؟. هەرچەندە ئەمە شتێکی کەسیی تایبەتییە بەپەشێوەوە و پێویست ناکات نە تۆ و نە منیش باسی بکەین, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەشێو هەر لە کوردستان بوو, پەشێو (نالی) ئاسا, هەر چۆن لەو بیابانانەوە هۆنراوەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم)ی بۆ (سالم) و باووباپیرانمان ناردەوە, ئەمیش بەبای هەناسەی تووڕەییدا هەڵبەستی ئاگرین و بەهەڵوێستی بۆ ئێمە ڕەوانە کردووە, تەنانەت لەو تاقیکردنەوە دڵدارییەشی کە تۆ ناوت ناوە (فەشەلی





عاتیفی), ئێمە سوودمان وەرگرتووە, ئەی گوێت لە هەڵبەستی (لەدەستم دێ کاتژمێری کامەرانیت بوەستێنم)ی نەبووە, کە دڵی هەزاران دڵشکاوی کورد دەداتەوە و زۆربەی گۆرانیبێژە بەنێوبانگەکان کردوویانەتە گۆرانی. پەشێو فەشەلەکانیشی سرووشی هۆنراوەی پێدەبەخشێت و بۆ ئێمەش دەبێتە وانە. ئەوەشی کە پەشێو دەیڵێت نەتەوەپەرستی نییە, بەڵکو بیری نەتەوەییە, ڕێزگرتنە لە ئاڵای ئازادی, ڕێزگرتنە لە مرۆڤی کورد و پێدانی ماف یەکسانی بۆی.

هۆنراوەکانی پەشێویش, وەك تۆ نێوت لێناون, (نووزە)نین!, گڕن, هاواری ئەو کەسانەن کە دژی هەرەسن, دژی شەڕی براکوژین, دژی گفتوگۆن لە کاتی ڕەوی چەند ملیۆن کورد, دژی تیرۆرن, دژی کوژرانی هەزار ئافرەتی کوردن, هەڵوێستن و زۆری تر...

پەشێویش بەنێوی خائین و داگیرکەرانەوە قسان ناکات, پەشێو بەنێوی بیرێکی پیرۆزەوە قسە دەکات کە ئەویش (کوردایەتی)یە, کە زۆر سادە و ئاسان دەبێژێت (ئێمەش مرۆڤین و دەبێت خاوەن ئاڵای خۆمان بین و بەیەکسانی بژین).

بەڵام ئەوەی بەلای منەوە سەیرە, من نازانم تۆ بەنێوی کێوە دەدوێیت و لەدژی پەشێو پێمان دەڵێیت (... هەموو گاڵتە بەقسەکانت دەکەن و کەسیش بە فلسێکی قەڵپ نایکڕێ). ببوورە, من یەکێکم لەوانەی کە بەو شێوەیە نامەوێت بەنێومەوە قسەبکەیت و گاڵتە و سووکایەتی بە یەکێك لە باشترین هۆزانەوانە هاوچەرخەکانی کورد

بکەیت, دڵنیابە کە زۆری تریش هەیە کە (نایەوێت –نەهرۆ هەینی– بەو شێوەیە بەنێوییەوە قسە بکات).

کاك نەهرۆ: لەسەرەتای وتارەکەتدا دەڵێیت (نەك باشە, بەڵکە پێویستیشە لە بەرامبەر کاری هەڵە و نادروست قسە بکرێ...). لەمەیاندا زۆر لەگەڵتدام, ئەوا من قسەکانی تۆم بەکاری هەڵە و نادروست زانی, هەربۆیە بەباش و پێویستم زانی کە ئەو چەند دێڕەت بۆ رەش بکەمەوە.

دوا وتە دەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم کە ئەوەندە (ئاو لە ئاشی شەڕی براکوژی مەکە), –دیارە ئەم پەندەم لەسەر ئاواز و مەقامی پەندەکەی خۆتان داڕشتووە– چونکە رۆژێك دێت سەرانی ئێستای یەکێتی و پارتی پێکەوە دادەنیشنەوە و قسەکانی تۆش کەس ئاوڕی لێناداتەوە. دیارە دانیشتن و ئاشتبوونەوەی ئەوانیش بێگومان تاسەر نابێت, چونکە رووناکبیرە نەهرۆییەکان دەکەونەوە خۆشکردنی ئاگری بنکای شەڕی براکوژی... زۆر بەداخەوە...

دەبا رووناکبیران چیدی و لەوە زێتر ئاگری ئەو شەڕە نەفرەتلێکراوە خۆشتر نەکەن, دەبا هەموو دژی ببینەوە و لە خزمەتی نەتەوەکەماندا بن و فێریان بکەین کە چۆن کار بۆ ژیانێکی ئازاد و یەکسان بکەین...

ژەنیوەریی 1998

**لاهای – هۆڵندا**





# ئاڵەکۆکێك بۆ گڵکۆی (رەهبەر جەلال مامەش) سەربازی ونی هونەر و وشەی کوردی[1]

**لاهای – هۆڵندا**

چەند ساڵێك بوو بەهۆی گۆڤاری (دڵانپار)ەوە, بوومە هاوڕێی (رەهبەر جەلال)ی جوانەمەرگ. هاوڕێیەتییەکەمان زێتر پتەو بوو و چەند جارێك, هەرچەندە زۆر لێك دوور بووین, یەکترمان بینی. لەو ماوەیەدا, پێکەوە چەند نامەیەکی زۆرمان گۆڕییەوە و (دڵانپار)یش چەند نووسینێکی منی بڵاوکردەوە, هاوڕێیەتییەکەی من و رەهبەر گەشەی کرد و بووینە دوو هاوبیر, دوو هاوبیری وا کە هەردەم لەسەر کێشەی رەوای نەتەوەکەمان خەریکی باس و خواس و گۆڕینەوەی را و بۆچوونەکانمان بووین.

ماوەیەك بوو رەهبەر دەنگی نەبوو. تاوەکو بەداخێکی گرانەوە لەچەند هاوڕێیەکمم بیست, کە رەهبەر تووشی شێرپەنجەی گەدە و جگەر بووە و بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی لە نەخۆشخانەی هێلیسینکیی پێتەختی وڵاتی فینلاند کەوتووە.

[1] ئالای ئازادی – ژمارە 274 – 22–06–1998 – سلێمانی. (ئەم وتارە بۆ دووەمجار لە گۆڤاری هەڤوتدا بڵاوکراوەتەوە – ژمارە 17 – سویسرا – ئۆگەستی 1998.

دەردی هاوبیری جوانەمەرگم بێ دەرمان بوو. هەربۆیە بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە لە رۆژی 6ی ئەپریلی ئەمساڵدا چاوی لێکنا. پاش چەند رۆژێکیش لە رێکەوتی 17ی هەمان مانگدا تەرمی جوانەمەرگیان لەسەر داوای خێزانەکەی کە خەڵکی فینلاندە, لە ئاپۆڕایەکی زۆر و ماتەمدا, لە گۆڕستانێکی شاری هێلیسینکیدا ناشت.

جوانەمەرگ, تا ئەو رۆژەی کۆچی دوایی کرد, (مام هێمن) ئاسا, رێبواری رێگای (عەشق و ئازادی) بوو. چونکە زۆربەی تەمەنی خۆیی بۆ ژیانێکی ئازاد و یەکسانی خەڵکی کوردستان تەرخان کردبوو و لەسەرەمەرگیشدا زۆری لە هاوڕێیانی دەکرد کە گۆرانیی (کراس زەردێ)ی بۆ بلێن و خۆشی جارجارە ئەگەر ئازاری شێرپەنجەکەی وادەی دەنگ و هەناسەی بدایە, بەشداری کۆڕی خەمی گۆرانیی هاوڕێ ی کەس و کاری بە وشەیەکی ئەو گۆرانییە دەکرد. پاش ئەم گۆرانییە دیسانەوە جەخت لە هاوڕێیانی دەکات کە گۆرانیی (قژکاڵی لێوئاڵی)ی بۆ بلێن و جوانەمەرگ بە بیستنی ئەم وشە جوانانەی گۆران و هەندێك جاریش گوتنی, بۆ هەتاهەتا, چاولێك دەنێت و کوردستان و کورد و هونەر و وشە و سێ منداڵی جوان و خێزانەکەی و کەس و کار و هاوبیرانی و هەموومان بەجێدێڵێت. بەڕادەیەك کە کۆچی دوایی, زیانێکی نەتەوەیی بوو لە هونەر و وشەی کوردەواری کەوت و خەڵکانێکی زۆر کە جوانەمەرگیان ناسیبێت و نەناسیبێت, بۆ خەفەتباربوون. تاکە راسپاردەشی لەسەرەمەرگدا بۆ هاوڕێیانی ئەوە بوو, کە گۆڤاری دڵانپار بەردەوام بێت.





جوانەمەرگ لە رۆژی (12–07–1953) لە شاری کۆیەی باشووری وڵات لەدایکبووە, خوێندنی سەرەتاییشی لەو شارە تەواوکردووە. لەکاتی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول و بەهۆی خێزانەکەیەوە, هەر بە منداڵی دەربەدەری ئەم شار و ئەو شار بووە و دەکرێت بگووترێت کە کوردایەتیی بەشیرەوە خواردووە و هەر لە تەمەنێکی زۆر زووەوە هەستی بە چەوساندنەوەی داگیرکەران کردووە. بەگووتەی جوانەمەرگ خۆی ئەو ساڵەی کە لە خوێندنگەی شۆڕش لە شاری قەڵادزێدا خوێندوویەتی, باشترین قوتابخانەی ئەو بووە.

خێزانی جوانەمەرگ لە ساڵی 1963دا دەگەڕێنەوە کۆیە و پاشان روو لە شاری هەولێر دەکەن و لەوێ نیشتەجێ دەبن, رەهبەر قوتابخانەی ناوەندی لە هەولێر تەواو دەکات. لەساڵی 1970دا دەچێتە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغداد لە بەشی (نیگارکێشان) و بەسەرکەوتوویی خوێندن تەواو دەکات. لەکاتی هەڵگیرساندنی شەڕی نێوان داگیرکەری ئێراقی و شۆڕشی کورد لە ساڵی 1974دا دەبێتە پێشمەرگە و هەر لەو ساڵەشدا بەشداری پێشانگای هونەرمەندە پێشمەرگەکانی کوردستان لە ناوپرداندا دەکات. پاش هەرەسی شۆڕش ئەمیش بەدڵشکاوییەوە دەگەڕێتەوە و لە ساڵی 1977دا دەبێتە پشکنەری وانە هونەرییەکانی قوتابخانەکانی هەولێر. جوانەمەرگ لەبەرئەوەی بەرنگاری ئەوە دەبێتەوە کە ئاڵای داگیرکەری ئێراقی بۆ ڤیستیڤاڵی قوتابخانەکان بنەخشێنێت, دەگوێزرێتەوە بۆ قوتابخانەی گوندی (شیری ژێری) لە ناوچەی سیدەکان و دەبێتە مامۆستای

منداڵانی ئەو گوندە. جوانەمەرگ لەوێ یەکەم سەرنجی ئەوە دەبێت کە خەڵکی گوند تەنێ کوڕەکانیان دەنێرنە بەر خوێندن, هەر بۆیە ئەویش لەناو گوندەکەدا مان لەخواردن دەگرێت بۆ ئەوەی کچەکانیان بنێرنە بەر خوێندن. بەهۆی ئەم مانگرتنەی جوانەمەرگەوە خەڵکی گوند کچەکانیان دەنێرنە فێرگەی گوند و فێری خوێندەواری دەبن.

رەهبەر جەلال, قوتابخانەی گوندی شیری ژێریی کردبووە بنکەی پشوودانی پێشمەرگە و شوێنی کێشانی نیگارەکانی.

لە ساڵی 1977دا بەهۆی بیروباوەڕی کوردایەتییەوە, خەباتی رامیاریی خۆی لە دژی ئۆتۆنۆمیخوازان دەست پێدەکات. پاش هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژی, جوانەمەرگ بڕیاری هاتنە دەرەوەی کوردستان دەدات, تاوەکو خوێندنی باڵا بەدەست بهێنێت.

لە ساڵی 1983دا دەگاتە یۆگۆسلاڤیا و لەهەمان ساڵدا دەچێتە ئەکادیمیای هونەری کۆماری مەکدۆنیا و بەپلەی یەکەم خوێندن تەواو دەکات. لەساڵی 1984 لە ئەکادیمیای (سوریکەڤ) لە مۆسکۆ وەردەگیرێت و لە ماوەی پێنج ساڵدا ئەویش تەواو دەکات و لە ساڵی 1990دا پلەی ماجستێر لە هونەردا وەردەگرێت.

جوانەمەرگ لە رووسیا دەبێتە هاوڕێی خانمێکی فینلاندی بەنێوی خاتوو (میریا) و هەر بەهۆی ئەویشەوە دەبێت کە پاشان نیشتەجێی وڵاتی فینلاند دەبێت و تا تێیدا کۆچی دوایی دەکات و لەو خانمە فینلاندییە سێ منداڵی بەنێوی (رۆژە, کوردستان و ئاسمان)ەوە هەیە.





رەهبەر جەلال لەو ماوە ناجیگیر و کورتەی ژیانیدا گەلێك کاری کردوون, کە هەموویان جێی شانازین بۆ ئێمەی کورد, کە ئەمانە گرنگترین کارەکانی هونەرمەندن.

- لە ساڵی 1970دا بەیارمەتیی کۆمەڵێك لاوانی کۆیە (تیپی شانۆیی کەکۆن) دادەمەزرێنێت و دەبێتە سەرپەرشتیاری تیپەکە.
- هەر لە ساڵی 1970دا دەبێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی گۆڤاری (رەهێڵە)ی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان.
- تا ئەم ساڵی 1970یەش, بەشداریی لە هەموو پیشانگاکانی هاوبەشی هونەرمەندە پێشمەرگەکانی کوردستانی لە ناوپرداندا کردووە.
- ساڵی 1977 دەبێتە ئەندامی بەڕێوەبەری (کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی – لکی هەولێر).
- هەر لەم ساڵەدا, یەکەمین پێشانگای تایبەتیی خۆی لە شاری هەولێر دەکاتەوە و لەم پێشانگایەدا, تابلۆی (راپەڕین)ی پیشانداوە, کە یەکێکە لە بەناوبانگترین تابلۆکانی هونەرمەند و خەڵکانێکی زۆر هاتوون بۆ سەیری.
- لە ساڵی 1979دا لەگەڵ سێ هونەرمەندی تردا پێشانگای هاوبەشی لە هەولێر کردووەتەوە.

- لە ساڵی 1980دا پێشانگایەکی تایبەتیی تری لە هەولێر کردۆتەوە.
- لە ساڵی 1983دا دەبێتە بەڕێوەبەری گۆڤاری (کورد), کە دەنگی خوێندکارانی کورد بووە لە یۆگۆسلاڤیا.

هەروەها لە هەندەرانیش ئەم پێشانگایانەی کردووەتەوە:

- 1988, پێشانگایەکی تایبەتی لە فینلاند.
- 1988, پێشانگایەکی هاوبەش لە لەندەن.
- 1988, پێشانگایەکی هاوبەش لە تەبلیس.
- 1991, دوو پێشانگای هاوبەش, لە فینلاند و یەکێکی تایبەت هەر لەوێ.
- 1992, پێشانگایەکی تایبەتی لە فینلاند و یەکێکی هاوبەشیش لە رووسیا.
- 1993, پێشانگایەکی تایبەتی لە فینلاند.
- 1994, دوو پێشانگا لە فینلاند.
- 1995, پێشانگایەك و سیمینارێك لەسەر هونەری کوردی لە سوید.
- جوانەمەرگ دوا پێشانگای خۆی لە رۆژی (09-10-1995)دا لە شاری هێلیسنکیی فینلاندا کردووەتەوە.



وشە پەرتەوازەکان (بەرگی یەکەم)    هاوڕێ باخەوان

سەرەڕای ئەو کارە هونەرییانەی کە باسکران, هونەرمەند رەهبەر جەلال, ساڵانێکی زۆر خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوەیە. چەندین باسی بەپێزی لە گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوکردووەتەوە.

لە ساڵی 1986ەوە دەستی کردووە بە دەرکردنی گۆڤاری (دڵانپار), کە تا ئەو رۆژەی کۆچی دوایی کرد, 25 ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە, کە دوا ژمارەیان لە هاوینی 1997دا دەرچوو. شایانی باسە ئەم گۆڤارە, یەکێکە لەو گۆڤارە چاکانەی کە لە هەندەران دەردەچن و زۆربەشی بەهۆی ماندووبوون و دەستڕەنگینی و پەیوەندییەکانی جوانەمەرگەوە دەردەچوون.

نێوبراو, هەردەم جێگای بڕوای هاوڕێیانی وپتەوکاری گیانی تەبایی بوو لە نێوانیاندا, چونکە دەیزانی دابڕان و بەشبەشی لە نێو کوردا گەورەترین هۆی ژێردەستەییمانە.

هەوڵەکانی بۆ یەکگرتنی هەر چوار کۆنگرەکەی کورد لە هەندەران باشترین نموونەیە. کە هەردەم خەمی 30 ملیۆن کوردی دابوو بەکۆڵیدا و ئازادی و بەختەوەریی نەتەوەکەی ببووە یەکەمین و دوایەمین هیوای ژیانی...

رەهبەر جەلال, جێی هێشتین و ئەو هەموو کارە هونەری و وێژەیی و هەڵوێستە جوانانەی بۆ کورد جێهێشت. منیش لەلایەن خۆمەوە, وەك ئەمەکێکی هاوبیرێتیمان هەر ئەم چەند دێڕەم لە دەست هات و کردمە ئاڵەکۆکی دەستی شوانانەم و پێشکەشی گڵکۆی جوانەمەرگی

ڕەوانشادم کرد. بەهیوای ئەوەی چیدی دڵسۆزانی وەکو ڕەهبەر جەلال، داخ و خەفەتی نەتەوەکەیان تووشی دەردی کوشندەیان نەکات و لە بەهاری تەمەنیاندا هیوا پیرۆزەکانیان نەبەنە ژێر گڵەوە و لە هەندەرانیش بەخاك نەسپێردرێن. چونکە نە ئەوە مردنی ئەوانە، نە ئەوەش دوا جێنزرگەیان....





# لۆبیی کورد[1]

لـۆبی —Lobby— بەگشـتی، بریتییـە لـە ڕۆڵـەکانی نەتەوەیـەك یـان ڕەگـەزێك کـە لـە دەرەوەی وڵاتەکەیانـدا دەژیـن و هـەموویان پێکـەوە خاوەنی بەرژەوەندییـەکی هاوبەشـن و هـەردەم لـە خزمـەتی خۆیـان و وڵاتەکەیاندان.

مێـژووی کـورد لـە دەرەوەی وڵاتەکـەی هێنـدە کـۆن نییـە، ئەگـەر بەراوورد بکرێت بە میللەتانی دیکـە،مرۆڤـی کـورد، هـەردەم پەیوەسـت

---

[1] گۆڤاری زوروان – ژمارە سفر – گۆڤارێکی تیۆری، کلتوورییە – مەڵبەندی کلتووریی کورد لە دەنهاخ دەریدەکات – ساڵی یەکەم – لاپەڕە 11 – 39 – هۆڵندا – 1998.

هەمان وتار بۆ جاری دووەم لە گۆڤاری (سەربەخۆبوون)دا بڵاوکراوەتەوە:

سەربەخۆبوون – گۆڤارێکی هزری سیاسیی وەرزییە – یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات – ژمارە 7 و 8 – لاپەڕە 49 – 66 – هەولێر – کوردستان.

ماڵپەڕی کوردستان نێت – 01-04-2004.

ماڵپەڕی پاسۆك – 07-04-2004.

هەمان ئەم لێکۆڵینەوەیە لە هەفتەنامەی پەیامی کورد لە ئەڵمانیا بەزنجیرەیەك لە 4 ژمارەدا بڵاوبووەتەوە. بڕوانە پەیامی کورد ژمارەکانی 92، 93، 94 و 95ی ساڵی 2006.

بـووه بـه خاکەکـەی خۆیـەوە. ڕوویـداوه کـه پیرەمرۆڤێکـی 70 سـاڵە یاخود پیرتری کورد له گوندەکەی خۆیدا نەچووەته دەرەوە و خـەڵکی گونـد و مزگـەوت و ڕەز و باخەکـەی تاکـە جیهـانی ئـەو بـوون, تـاوەکو ژیانی کۆتایی پێهاتووه. خۆ ئەگەر زۆر ژیابێت, ئەوا چەند ساڵ جارێك گەشتێکی بـۆ شـار کـردووه, یـاخود لـە زەماوەنـدی کەسـێکی نزیکیـدا چووه بۆ گوندێکی تر و پاشان گەڕاوەتەوه و هەمان ژیانی کولەمەرگیی له جیهانه بچووکەکەی خۆیدا دەست پێکردووەتـەوە... ئەمـەش زیـاتر پەیوەندیی به ژیرێتیی —Mentality— کوردەوه هەیـه, کـه هەمیشـه بـه بەشێکی کەم سازاوه و گوێی به پێشـکەوتن و زانـینی جیهـانی دەرەوه نەداوە.

کورد نەتەوەیەکه ئارەزووی فراوانخوازیی نەبووە, تاوەکو بەهۆیەوه به دەرەوەی وڵاتەکەیدا پرش و بڵاوببێتەوە. دیاره ویستی فراوانخوازی, جەنگەکانی سەلاحەدینی ئەییوبی ناگرێتەوه له سەدەی دوازدەهەمدا له دژی خاچپەرستەکان و هەروەها ئەو جەنگانەش ناگرێتەوه که کورد به زۆری تورك و فارس و عارەب و ڕووس و ... تێوەی گلاوه. چونکه زۆربەی ئەو جەنگانه بەویستی کورد خۆی نەبووه و له بەرژەوەندیی نەتەوەییانەی نەبووە, بەڵکو له بەرژەوەندیی ئایینیی بێگانه و نەتەوه سەردەستەکانی کورد بووە. بەڵام دەکرێت ئەو جەنگانه به چوونەدەرەوەی هێندێك له تاکەکانی کورد دابنرێت بۆ دەرەوەی وڵاتەکەی. که گرنگترینیان جەنگەکانی سەلاحەدینی ئەییوبییه و بەهۆیەوه ژمارەیەکی زۆری کورد پەڕیوەی





وڵاتی شام و میسر بوون, ئەم کوردانه نەیانتوانی لەو وڵاتانەدا لۆبییەك دروست بکەن و هەر زوو له بۆتەی کلتووری ئەو وڵاتانەدا توانەوه و زمان و داب و نەریتی خۆیانیان ونکرد و ئێستا هێندێکیان بەهۆی نازناوەکانیانەوه نەبێت که دەزانن ڕەچەڵەکیان کوردە, هیچ پەیوەندییەکیان به کوردستان و کوردەوه نەماوە. جگە له کەمینەیەکی هەر زۆر کەمیان, هیچ چاکەیەکی ئەوتۆیان بۆ خاك و نەتەوەکەیان نەبووە. لەو کەمینەیە جارجارە چەند نێوێکی وەکو (محەمەد عەلی عەونی) و (عەلی سیدۆ گۆرانی) و هەندێکی تر دەبیستین, بەڵام ئەوانی تریان هەموو لە ژێر باری سەختی ژیان و کاروباری ڕۆژانەیاندا هەموو شتێکی تریان بیرکردووه, ئەوانەشی که کەسێکی نێودار و خاوەن دەستەڵاتی لێ دروست بووە, هەردەم له خزمەتی مێژوو و کلتووری بێگانەدا بوون. که (محەمەد عەلی پاشا)ی میسر و (ئەحمەد شەوقی) و (عەبباس مەحموود عەققاد) باشترین نموونەی ئەمانەن. که بەڕێکەوت یان له سەرەمەرگدا نەبێت, بیریان نەکەوتووەتەوه که ئەمانه کوردن و خەڵکی ئەم وڵاته نین و دیاره بەبیریشیاندا نەهاتووه که هەوڵ و کۆششی ئەوان دەبووایه له خزمەتی کوردستان و کوردا بووایه؟!.

له جەنگەکانی تری نێوان ڕووس و تورك و فارس و تورك و هیی تردا, ژمارەیەکی زۆری کوردی تێوەگلاوه و بەهۆیەوه چوونەته دەرەوەی کوردستان, بەڵام ئەمانه نەیانتوانیوه لەو نێوچانەدا بمێننەوە, دیاره یان کوژراون, یا له برسا مردوون, یاخود بەبرینداری و

نەخۆشی و پاش وەستانی ئەو جەنگانە بە ناچاری گەڕاونەتەوە کوردستان. بەتایبەتی لە (سەفەر بەلك)دا ئەو کوردانەی کە بەشداربوون تیایدا, بەشێکی کەمیان نەبێت هیچیان نەگەڕاونەتەوە.

ڕاگواستنی کورد لە لایەن داگیرکەرانەوە, ئەگەرچی بە تۆپزی بووە, بەڵام هۆیەکی ترە بۆ چوونە دەرەوەی کورد لە خاکەکەیدا. کە بەگشتی بەسێ هەنگامدا تێپەڕیوون:

یەکەم: سەردەمی کۆن, کە ئاشوورییەکان ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوردستانیان لە 750ی پێش زایینەدا بۆ وڵاتی شام دوورخستووەتەوە.[1]

دووەم: لە سەردەمی نادرشادا, لە ساڵی 1736 تا 1747, ژمارەیەکی زۆری کورد, بۆ خۆراسان دوورخراونەتەوە و تا ئێستاش هەر لەوێ ماون و ئەم کوردانە زۆربەیان داب و نەریتی خۆیانیان پاراستووە و تا ئێستاش بە زمانی شیرینی کوردی ئاخاوتن دەکەن.[2]

سێیەم: ڕاگواستنی کورد لە سەدەی بیستەمدا, کە ئەمەشیان لە چەند شوێنێکی جیاوازی کوردستان و بەهۆی چەند داگیرکەرێکی

[1] بڕوانە لاپەڕە 228 – محەمەد مەردۆخی کوردستانی – مێژووی کورد و کوردستان – وەرگێڕانی عەبدولکەریم محەمەد سەعید – چاپخانەی ئەسعەد – بەغداد – 1991.

[2] بڕوانە لاپەڕە 37 – کرێس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەییانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی.





جووداوە پیادە کراوە, کە زۆر بە کورتی و بەگشتی چەند هەنگامێکی هەیە:

- لەوانە ڕاگواستنی نزیکەی ملیۆنێکی کورد لە سەردەمی تورکە کەمالییەکاندا لە باکووری کوردستانەوە بۆ ناوچەکانی ناوەوەی تورکیا.
- دروستکردنی پشتوێنەی ئاساییش لە خۆرئاوای کوردستان لەلایەن داگیرکەری سوورییەوە و ڕاگواستنی بەشێکی زۆری کورد لە ناوچە کوردییەکان و نیشتەجێکردنی عارەب تێیاندا.
- ڕاگواستنی خەڵکێکی زۆری کورد لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوولەوە بۆ باشووری ئێراق لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە. هەروەها ڕاگواستنی فەیلییەکان بۆ ئێران.
- بەهۆی ڕووداوەکانی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی شۆڕەوییەوە, زۆربەی کوردەکانی کوردستانی سوور لە ناوچەکانی خۆیان هەڵهاتن و ئێستا زۆربەیان لە شوێنە جیاجیاکانی کۆمارەکانی ئازربایجان و ئەرمەنستاندا دەژین.
- بێجگە لەوانەی سەرەوە, هەندێك جار تاکی کورد بەشێوەی جیاجیا لەلایەن داگیرکەرانەوە دوورخراونەتەوە, کە زۆربەیان ڕابەرانی کورد بوون و پاش ئەوەی شۆڕش و ڕاگەڕینەکانیان سەری نەگرتووە, دوورخراونەتەوە. هەر بۆ نموونە دوورخستنەوەی (شێخ مەحموودی بەرزنجی)ی نەمر لەلایەن داگیرکەری ئینگلیزەوە بۆ هندستان, پاش ئەوەی لە جەنگی بازیاندا بەبرینداری دەستگیرکرا.

دیارە ڕەوی کورد لە چەند ماوەیەکی دیاریکراودا لە نێو کوردستانیشدا ڕوویداوە, هەروەك بۆ نموونە ڕەوی هۆزی (باجەلان) لە باکووری وڵاتەوە بۆ باشوور. ئەم جۆرە ڕەوانە ئەگەرچی بەهۆی خراپیی باری ڕامیاری و بەزۆری داگیرکەران بووە, بەڵام ناچنە ناو چوارچێوەی ئەم باسەوە چونکە هەر لە ناو کوردستاندا ماونەتەوە.

بێجگە لەوانەی باسکران, کورد بەهۆی بەجێهێنانی یەکێك لە پێنج پایە گرنگەکانی ئایینی ئیسلام, کە ئەویش (حەجکردن)ە, ماوەیەکی زۆرە دەچێتە دەرەوەی وڵاتەکەی, دیارە زۆربەی ئەوانەی کە تا ئێستا چوون بۆ حەج هەر پیاو بوون. لەم دوادواییەدا نەبێت, کە بەهۆی ئاسانیی هاتووچۆوە, ئافرەتی کوردیش دەچێتە حەجکردن. بەهۆی ئەم گەشتی حەجەوە, مرۆڤی کورد لە بینینی چەند بیابانێك و بەشداریکردن لە ئاپۆڕای دەوری بەردە ڕەشەکەی کابە و بەردبارانکردنی شەیتان زیاتر, هیچ شتێکی تری ئەوتۆ فێرنەبووە و پاش ئەوەی کە تەواوبووە گەڕاوەتەوە و نازناوی (حاجی)ی وەرگرتووە. ئەوەشی کە بەیەکجاری لەو دوو شاری (مەککە) و (مەدینە)یەدا ماوەتەوە, هەر خەریکی خواپەرستی و خزمەتی ئەو شوێنانە بووە, دیارە نەك کوردستان و کورد, بەڵکو خۆشی لەبیرکردووە. لەمەشدا گوناهی نەبووە, چونکە یەکێك لە پرنسیپەکانی ئەو ئایینە ئەوەیە کە ئەم دنیا بفرۆشێت, تاوەکو ئەو دنیای پێ بکڕێت!. ئیتر ئایا ئەم دنیا کوردستان و کورد بێت, یاخود هەر شتێکی تر, ئەوا بەهایەکی ئەوتۆی نییە؟!.





زۆربەی ئەو کوردانەی کە چوون بۆ حەج و نەگەڕاونەتەوە, زۆر بە دەگمەن تیایاندا هەڵکەوتووە و کوردستانیان بیرماوە و لەوێوە کارێکیان بۆ وڵاتەکەیان کردبێت. لەو مێژووە دوور و درێژەی کورد لەگەڵ حەجکردندا, تەنیا هەڵبەستە بەنێوبانگەکەی (نالی)مان هەیە کە لەو شوێنانەوە بۆ (سالم)ی ناردووە. هەڵبەستەکەش (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادەکەی خۆش مرور)ە...

لە سەدەی نۆزدە و بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمدا, کورد زیاتر ئاشنای دەرەوەی وڵاتەکەی بووە. کە هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ خراپیی باری ڕامیاری و ئابووریی کوردستان. کە بەهۆیەوە هەندێك لە مرۆڤی کورد, چ تاکە تاکە بێت و چ بە کۆمەڵ ناچاری ئەوە بوون کە بچنە دەرەوەی وڵات. هۆیەکی تری ئەم ئاشنابوونەش, پێشکەوتنی هۆیەکانی هاتووچۆ و ڕاگەیاندنە.

لە سەدەی نۆزدەدا, بەهۆی سەرهەڵدانی هەندێك شۆڕش و ڕاپەڕینەوە خەڵکێکی زۆر ئاوارەی وڵاتانی دەوروبەر و بەتایبەتی وڵاتی شام بوون, بەڵکو چەند کەسێکیشیان گەییشتنە ئەوروپا. لە ناو ئەوانەدا بنەماڵەی (بەدرخان) لە هەموویان بەنێوبانگترن, ئەمیش لەبەر دوو هۆ, یەکەمیان ئەوەیە کە خۆیان لە کوردستاندا خاوەن دەستەڵات بوون و ڕابەرایەتیی شۆڕشیان لە دژی داگیرکەری تورك کردووە, دووەمیان ئەوەیە کە ئەم بنەماڵەیە لە دەرەوەی وڵاتیشدا هەر لە خزمەتی کێشەی کورد و وشەی کوردیدا بوون, کە ئەمە پیشەی

هەموو ئەو کوردانە نەبووە کە بە درێژایی مێژوو و تا کاتی بەدرخانییەکان لە دەرەوەی کوردستاندا بوون.

کورد چەند سەدەیەکە بەهۆی ئەوەی کە لەلایەنی ئابووری و ڕامیارییەوە پەیوەستی وڵاتە داگیرکەرەکانێتی, ناچار بووە پەیوەندییەکی دانەبڕاو و پتەوی لەگەڵ پایتەختی ئەو وڵاتانەدا ببێت. هەر بۆیە زۆر جار ناچاربووە بەیەکجاری و بێ گەڕانەوە, ببێتە دانیشتووی شارەکانی ئەستانە و تاران و بەغدا و دیمەشق و شارە گەورەکانی تری نەتەوە سەردەستەکانمان. ئەمانە یان بوونەتە ساماندارێکی گەورە و لەبەر پاراستنی خۆیان و موڵکەکانیان دەستیان بەکڵاوی خۆیانەوە گرتووە و هیچ بیرێکیان لە خاك و نەتەوەکەیان نەکردووەتەوە و هەندێك جاریش لەبەر پاراستنی سەرمایەکەیان بوونەتە نۆکەری داگیرکەران. یاخود هەندێکی تریان چینێکی هەژار بوون و لەو شارانەدا هەر خەریکی نان پەیداکردن بوون, باشترین نموونە بۆ هەردوو ئەو دوو چینە (فەیلی)یەکانی شاری بەغداد بوون, کە داگیرکەری ئێراقی لە هەفتاکان و هەشتاکانی ئەم سەدەیەدا بەزۆر بۆ ئێرانی ڕاگواستن. بە تاوانی ئەوەی کە ئەمانە ئێرانین.

هێندێکی تر لە دانیشتوانی کوردی ئەو شارانە, توێژی ڕووناکبیرانن, کە بەتایبەتی لە هەردوو شاری ئەستانە و بەغدادا لە ماوەیەکی دیاریکراودا نیشتەجێ بوون. ئەمانە بەگشتی لە خزمەتی کێشەی ڕەوای نەتەوە و وشەی کوردیدا بوون. هەربۆیە لە کاتی خۆیدا بوونەتە هۆی دامەزراندنی چەندین یانەی کلتووری و پارت و کۆمەڵەی ڕامیاری و کەم





و زۆر هێزکاریان لەسەر ڕووداوەکانی ناوەوەی کوردستاندا هەبووە. بەڵام لەبەرئەوەی ئەم توێژە ڕۆشنبیرە لە نێو جەرگەی دوژمندا بوون, هەمیشە بوونەتە نێچیرێکی هاسان و کەوتوونەتە تۆڕی داگیرکەرانەوە و یانە و کۆمەڵەکانیان پاش ماوەیەکی کەم داخراوە و خۆشیان یان تیرۆرکراون یا زیندانی یاخود خۆیان شاردووەتەوە و گەڕاونەتەوە بۆ وڵات. هەربۆیە ئەم توێژە هێزکارێکی ئەوتۆی لەسەر ڕای گشتیی جیهانی لە بەرژەوەندیی کێشەی نەتەوەکەماندا تاڕادەیەك وەك پێویست نەبووە.

لە چلەکانی ئەم سەدەیەدا دوو دەستە لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ خوێندنی کۆلێژی سەربازی گەیشتنە شاری باکۆی پایتەختی ئازربانجانی یەکێتیی شۆڕەویی ئەوسا, کە ئەمە گەشتێکی بەسوود بوو بۆ ئەو لاوە کوردانە, تاوەکو جیهانی دەرەوەی کوردستان ببینن و لە دەرەوە سوودێك بە خاك و نەتەوەکەیان بگەیەنن. بەڵام بەهۆی تێکچوونی کۆماری دیموکراتیکی کوردستانەوە, ئەو لاوانە بێ ئەوەی خوێندنەکەیان تەواو بکەن گەڕانەوە.

دووەمین گەشتی بەکۆمەڵی کورد لە سەردەمی کۆمارەکەدا, لە دوای ڕووخاندنییەوە دەست پێدەکات, لە ساڵی 1947دا پاش ئەوەی کە بارزانییەکان بەوە نەسازان کە خۆیان نە بدەن بەدەست ئێرانەوە و نە بەدەست ئێراقەوە, ناچاربوون لە ڕەوێکی 52 ڕۆژەی سەخت و بەرگریدا خۆیان بگەیەننە ئازربایجانی یەکێتیی شۆڕەوی. ئەمانە تا

ساڵی 1959 وەك پەنابەری ڕامیاری لەوێ مانەوە. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە دەستبەسەر بوون و هەر دووان و سیانیان لە شوێنێکدا دانابوون, نەیانتوانی وەك پێویست هێزکارێکی ئەوتۆیان هەبێت و ئەمە جگە لەوەی کە زۆربەی ئەو بارزانییانەی شۆڕەوی نەخوێندەوار بوون. بەڵام لە کاتی گەڕانەوەیاندا بۆ کوردستان و لەبەرئەوەی یەکێتیی شۆڕەوی لە ناوچەکەدا دەستەڵاتێکی زۆری هەبوو و باو باوی پەیڕەوی ڕامیاریی (مارکسیزم — لینینیزم) بوو لە ئێراق و کوردستاندا, بوونی ئەو بارزانییانە لە شۆڕەوی تاڕادەیەك سوودێکی گەیاندە کێشەی کورد.

ئەمە زۆر بەکورتی مێژووی ڕەوی کورد بوو بۆ دەرەوەی وڵات. بەڵام ئەگەر بەراووردی ئەو ڕووداوانەی پێشەوە بەم سی ساڵەی دوایی بکەین, دەبینین کە ڕەوی کورد بە شێوەیەکی بەردەوام لە شەستەکانی ئەم سەدەیەوە دەست پێدەکات. هەروەها هێزکاری ئەم کوردانەی کە لەم دوادواییەدا هاتوونەتە دەرەوەی کوردستان گەلێك زۆرترە لەسەر ڕای گشتیی جیهانی بۆ کێشەی کورد وەك لەو کوردانەی کە لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە دەرەوەی کوردستاندا بوون. ئەگەرچی هێزکارەکەیان وەك پێویست کاریگەر نییە.

دەکرێت ئەو ڕەوانە بکرێت بە چەند بەشێکەوە, کە هۆی سەرەکییان باری ڕامیاری و لە هەندێك جاریشدا بەهۆی خراپیی باری ئابووریی





کوردستانەوە بووە, هەندێك جاریش بۆ بەدەستهێنانی خوێندنی بەرز بووە.

ئەمانە زۆر بەکورتی ئەو ڕەوانەن کە بەکۆمەڵ و تاکە تاکە لەم سی ساڵەی دواییدا ڕوویانداوە:

1– لە تەواوی شەستەکان و هەفتاکان و تەنانەت هەشتاکانیشدا, ژمارەیەکی زۆری لاوی کورد چوونەتە دەرەوەی کوردستان بۆ خوێندن, کەزۆربەی ئەوانە چوونە ئەورووپا و بەتایبەتی یەکێتیی شۆڕەوی, لەمانە هەندێکیان خوێندنیان تەواوکردووە و گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان و هەندێکیشیان تاوەکو ئێستێ لەو وڵاتانەدا ماونەتەوە.

2– لە شەستەکان و هەفتاکاندا, ژمارەیەکی زۆری کوردی باکوور بۆ کارکردن ڕوویانکردە وڵاتانی خۆرئاوای ئەورووپا و بەتایبەتی ئەڵمانیا. ئەمانە زۆربەیان گوندی بوون و زۆربەشیان تاوەکو ئێستێ لەو وڵاتانەدا ماونەتەوە و ژیانێکی لەچاو کوردستاندا, نوێیان بۆ خۆیان پێکهێناوە.

3– لە شەستەکان و هەفتاکاندا ژمارەیەك لە کادر و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران, لە ترسی زیندانیکردنیان بە تاوانی ئەندامێتیی حدکا لەلایەن ئێرانەوە, ڕوویانکردە باشووری کوردستان و ئێراق و پاشان ژمارەیەکیان خۆیان گەیاندە وڵاتانی ئەورووپا و تاوەکو ئێستێش هەر لەو وڵاتانەدا ماونەتەوە.

4– لە پاش هەرەسی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستاندا لە ساڵی 1975دا, ژمارەیەکی زۆر نەگەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان و

پەڕیوەی شارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان و ئێران بوون. پاشان ژمارەیەکی زۆریان وەك پەنابەری رامیاری ڕوویانکردە وڵاتەکانی ئامریکا و خۆرئاوای ئەوروپا و تاوەکو ئیستاش لەوێن.

5–بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی ئێراق – ئێران و خراپتربوونی باری رامیاریی تەواوی بەشەکانی کوردستانەوە, خەڵکێکی زۆر لە هەشتاکاندا کوردستانیان بەجێهێشت و نیشتەجێی وڵاتانی خۆرئاوای ئەوروپا و ئامریکا بوون.

6– پاش هەڵگیرساندنی جەنگی کەنداوی دووەم و ڕوودانی ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستان لە بەهاری 1991دا, خەڵکێکی زۆری باشوور ڕوویان لە وڵاتانی دەرەوە کرد. بەشێوەیەك کە لەمەوبەر ڕووینەداوە, ئەم ڕەوە بووەتە باو و تەواوی خەڵکی بیر لە کۆچکردن دەکەنەوە و ئەو کەسەی بگاتە یەکێك لە وڵاتە ئەوروپییەکان, دەبێتە دەسکەوتێکی مەزن بۆی و لە کوردستان وا بیردەکاتەوە کە ئەگەر پێی گەییشت, ئەوا لە هەموو کێشەیەك ڕزگاری دەبێت و تەواوی هیوا و ئاواتەکانی دێتە دی. بەڵام ئەوان لە کوردستان هەست بەوە ناکەن کە بێنە هەندەران چ باجێکی دەروونیی سەخت دەدەن, باجێکی وا کە گەلێك لە کێشە کەسییەکانی نێو کوردستانیان گرانترە. ئەم ڕەوە تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆ هەر بەردەوامە و لە ژەنیوەریی ساڵی 1998دا بووە هۆی ئەوەی کە ململانێیەك لە نێوان توکیا و وڵاتانی ئەوروپادا دروست بکات و کێشەی پەنابەرە کوردەکان گەییشتە نێو پەڕلەمانی ئەوروپا.





7– ماوەی بیست ساڵ زێترە, کە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە خۆرئاوای کوردستان, تاکە تاکە لە داگیرکەری سووری خۆیان ڕزگار دەکەن و نیشتەجێی وڵاتانی ئەوروپا و هیی تر دەبن. ئەمانە لە چاو بەشەکانی تری کوردستاندا بە ژمارە کەمن و لەبەرئەوەی لە خاکی خۆیاندا بە بێگانە دەژمێردرێن و پاسپۆرتیان نییە, خۆ ڕزگارکردنیان لەو زیندانە گەورەیەی داگیرکەری سووری بە هیوایەکی گەورە دەزانن.

هەرچۆنێك بێت ئێستێ ژمارەیەکی زۆری کورد لە دەرەوەی کوردستان دەژین. بەجۆرێك کە بەتەواوی وڵاتانی ئەوروپا و ئامریکا و کەنەدا و ئۆستراليا و تەنانەت پاکستان و لیبیا و مۆریتانیا و سوداندا بڵاوبوونەتەوە, دیارە کە یەکەمین وڵات کە ژمارەیەکی زۆری کوردی تێدا بێت ئەڵمانیایە.

ژمارەی کورد لە دەرەوەی وڵات تاوەکو ئێستێ نەزانراوە, چونکە سەرژمێریی تەواو لەبەردەستدا نییە. بەڵام گەر بێت و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ژمارەیەکی بۆ دابنێین, ئەوا دەتوانین بڵێین کە ژمارەی کورد لە دەرەوەی کوردستان لە سێ تا چوار ملیۆن زیاترە, دیارە ئەم ژمارەیە پایتەخت و شارەکانی وڵاتە داگیرکارەکانی کوردستان و لوبنان و هەرێمی خۆراسانیش دەگرێتەوە.

جارجارە وڵاتە ئەوروپییەکان ئاماری ئەو کوردانەی کە لە خاکەکەیدا دەژین بڵاودەکەنەوە, بۆ نموونە دوا ئاماری کوردی هۆڵندا

کە (نووسینگەی نێوەندی بۆ سەرژمێری — CBS) بڵاویکردەوە, گەبیشتە نزیکەی 35 هەزار کورد, لە ساڵی 1996دا.[1]

کورد ئێستێ بەتەواوی جیهاندا بڵاوبووەتەوە, تێکەڵی کۆمەڵێك لە نەتەوە و کلتوور و زمانی جیاجیا دەبێت, کە لە چاو تورك و فارس و عارەبدا گەلێك جوودان. بەڵکو ئەم نەتەوانە گەلێك لەو نەتەوە سەردەستانەمان پێشکەوتووترن و هەر ئەمانیش بوون لە سەدەی نۆزدەیەمەوە یاری بە کێشەی کورد و مافی چارەی خۆنووسینی دەکەن. بەو شێوەیە تێکەڵبوونی کورد لەگەڵ ئەم نەتەوانەدا هۆیەکی گەلێك باشە بۆ زیاتر ناسینی کێشەی کورد بە ڕای گشتیی جیهانی. ئەم تێکەڵبوونە وا لە کورد دەکات کە بزانێت لە جیهاندا چی ڕوودەدات و لە جیاتی فێربوونی زمانانی عارەبی و تورکی و فارسی, فێری زمانە زیندووەکانی سەردەم دەبێت و لەگەڵ ڕۆشنبیریی ئەو نەتەوانەدا ئاشنایی پەیدا دەکات, کە بنچینەی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیا و زانستەکانی سەردەمن.

کورد هەر کورد بووە لە هەر شوێنێك بووبێت, چ لە کوردستان چ لە هەندەران. کورد کە لە وڵاتەکەی خۆی هاتۆتە دەرەوە کلتوور و بیروباوەڕی خۆشی لەگەڵ خۆیدا بەشێوەیەکی خۆکارانە هێناوەتە دەرەوە. هەر بەو شێوەیە ئەو دواکەوتن و دووبەرەکی و ململانێیانە,

[1] ئەم ئامارە لە بڵاوکراوەیەکی ڕێکخراوی پەنابەرانی هۆڵەندادا بەزمانی هۆڵەندی لە کۆتایی ساڵی 996دا بڵاوکرایەوە.





ئنجا ئایا بنەماڵەیی بێت یان خێڵەکی یاخود بەهۆی بیروباوەڕی ڕامیارییەوە بێت, لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە دەرەوە. هەر بۆ نموونە لە باری بیروباوەڕەوە, هەروەکو چۆن لە کوردستان داکۆکیی لە لایەنێکی ڕامیاری کردووە و خەباتی بۆ کردووە و تەنانەت براکانی خۆشی لە پێناودا کوشتووە. لە هەندەرانیش هەر بەو شێوەیە بەڵام بە شێوازێکی تر.

ئەمڕۆ خەڵکی کورد لە هەندەران بابە ژمارە زۆریش بن, بەڵام ناکرێت بە مانای وشە پێیان بڵێین (لۆبی). چونکە خەڵکێکی پرش و بڵاو و نایەکگرتوون لەبەر چەند هۆیەك, کە ئەمانە گرنگترینیانە:

1– کورد چ لە وڵات و چ لە هەندەران, ستراتیژێکی نەتەوەیی یەکگرتووی بەگشتی نەبووە, خاڵی سەرەکی لەلای کورد یان بنەماڵەکەی بووە یان هۆز یاخود ئەو پارتەی کە کاری تێدا کردووە. هەربۆیە کورد لە هەندەران هەمان ململانێی هۆزایەتی و پارتایەتیی پێوە دیارە و زۆر ئاستەمە دوو کوردی سوورچی و بارزانی, یاخود یەکێتی و پارتی یان پارتی و PKK بەدڵێکی پاکەوە لە دەرەوە کۆببنەوە و هەرچی ململانێیان هەیە وەلای بنێن و لەسەر هێڵی ستراتیژی نەتەوەیی, خەبات بۆ کێشەی ڕەوای نەتەوەکەیان بکەن.

2– تاکی کورد یان خێزانی کورد, لە دەرەوە چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەیە, بەتایبەتی ئەوانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا ڕوویان بۆ دەرەوە کردووە. زۆربەی ئەوانەی لە دەرەوەن

خێزانەکانیان دوو کەرت بووە. بۆ نموونە یان پیاوەکە لە دەرەوەیە و ژن و منداڵەکانی لە وڵاتن یاخود بە پێچەوانەوە و یان بە جۆرێکی تر. کە هەرچی بیرکردنەوەی تاکی کوردە داگیری کردووە و تاکە هیوایان بووەتە یەکگرتنەوەی خێزانەکانیان. ئەم هۆیە کارێکی گەورەشی کردووەتە سەر باری ئابووریی ئەو خێزانە, کە ئەگەر نەتوانن بەڕێگەی یاسایی بێنە دەرەوە, ناچار دەبن کە سەرمایەیەکی زۆر بکەنە دەستی چەند قاچاخچییەکەوە, تاوەکو — بەبیرکردنەوەی خۆیان — بۆ بەهەشتی هەندەرانیان بهێنێت!.

هۆیەکی تری ئەم خراپبوونی باری ئابوورییە, بارودۆخی کوردستانە. کە خەڵکی کورد پەیتا پەیتا لە هەندەران پارە لە دەمی خۆیان دەگرنەوە و دەینێرنەوە بۆ کەس و کاریان, تاوەکو بژێویی خۆیانیان پێ دابین بکەن. بەڕادەیەك کەس نییە لە هەندەرانەوە چەند هەزار دۆلارێکی بۆ کوردستان نەناردبێتەوە. هەڵبەت ئەم یارمەتیدانە کارێکی پیرۆزە و بەجێهێنانی ئەرکێکی نەتەوەیی و ئەمەکێکی خێزانییە. بەڵام چارەسەرێکی زۆر کاتییە بۆ ئەو خەڵکەی کە لە کوردستانن و لە چەند سەرێکەوە زیانی تری زۆری هەیە. بۆ نموونە ئەم یارمەتیدانە خەڵکێکی زۆری لە کوردستانی تەمبەڵ کردووە و خەریکی هیچ کارێك نین و تاکە بژێوییان یارمەتیی کەس و کاریانە لە هەندەران, یان بەشێوەیەکی تر یارمەتیی دەستەبەریی کۆمەڵایەتی (Social) وەردەگرن و بێ ئەوەی هیچ خەمی کارکردنیان ببێت؟!.



وشە پەڕتەوازەکان (بەرگی یەکەم)    هاوڕێ باخەوان

زیانێکی تری ئەم یارمەتیدانە, کە بەڕای من لەوەی باسکرا کاریگەرترە, کە ئەویش ئەوەیە ئەو یارمەتیدانە هەمووی بەکاردەهێنرێت و هیچی وای لێ بەرهەم ناهێنرێت. کە ئەمە دەبێتە زیانێك بۆ ئابووریی نەتەوەیی. واتا ئەگەر ئەو هەموو یارمەتیدانە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ئەگەر نیوەشی لە کوردستاندا بەرهەم بهێنرایە, ئەوا ئێستێ ئابووریی کوردستان گەلێك باشتر دەبوو و ڕادەی بێکاریش لە کوردستان لە کەمیی دەدا.

3— کێشەیەکی تری کورد لە دەرەوەی وڵات کە ئەمەیان باسێکی زۆر دوور و درێژ و بەلك و پۆپە و هەر دەچێتە نێو خانەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە, ئەویش خۆگونجانی تاکی کوردە لە هەندەران —Integration—, کە دەبێت زمانێکی نوێ فێر ببێت و بەپێی کلتوور و یاسای ئەو وڵاتە نوێیە بجووڵێتەوە کە تێیدا دەژی. کە ئەمە بۆ هەندێك کەس زۆر گرانە و هۆیەکی کاریگەرە بۆ ئەوەی خێزانی کورد لە دەرەوەی وڵاتدا ببێتە دوو کەرتەوە. بۆ نموونە لە خێزانێکدا دوو کلتوور دەبینین, کە یەکێکیان کلتووری کوردەواریی باوك و دایکە و زۆر کاتیش کۆنسێرڤاتیڤە, ئەوی تر کلتووری هەندەرانییانەی منداڵانی ئەو خێزانەیە و هەردەم لە ململانێدان. دیارە ئەم هۆیە تەنێ پەیوەست نییە بە کوردەوە, بەڵکو بۆ تەواوی خێزانە خۆرهەڵاتییەکان ڕاستە.

هۆیەکی تری ئەم دووکەرتبوونەی خێزانی کوردە, نێوانی ژن و پیاوەکەیە. ئێمە لە کۆمەڵگەیەکەوە هاتووین کە تاوەکو ئێستێ

سیستمی باوکسالاری تێیدا پەیڕو دەکرێت. هەرچەندە ئافرەتی کورد لە چاو میللەتانی تری خۆرهەڵاتدا خاوەن سەربەستییەکی زۆرە. بەڵام هێشتا هەر پیاو سەرچاوەی ئابووری و دەستەڵاتی خێزان و کۆمەڵگەیە. پیاوی کورد لە هەندەران سەرچاوەی ئابووریی خێزان نییە بەگشتی. لەبەرئەوە لەو دەستەڵاتەی کە لە کوردستان هەیبووە دادەشۆرێت. هەربۆیە لە هەندەران لە باری ئابوورییەوە هیچ جیاوازییەك لە نێوان ژن و پیاودا نامێنێت و ملدانی پیاوی کوردیش بۆ ئەو ڕاستینەیە زۆر ئاستەمە و واهەست دەکات کە لە پیاوەتی کەوتووە, هەربۆیە دەبێتە کێشە و ململانێی لەگەڵ ژنەکەیدا و زۆربەی ئەو جیابوونەوانەی نێوان ژن و پیاوی کورد لە هەندەران ڕوودەدات, دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیە.

ئەگەر لە هەر خێزانێکدا ئەم کێشەیەی تێدابوو, ئەوا خێزانەکە لە جیاتی دوو کەرت دەبێتە سێ کەرتەوە. لە لایەك منداڵ, لە لایەك دایك و ئەوی تریشیان باوکەکەیە. دیارە ئەگەر خێزانیش یەکگرتوو نەبێت, ئەوا هەرگیز کۆمەڵگە یەکگرتوو نابێت.

4- باری دەروونیی خەڵکی کورد لە دەرەوە گەلێك خراپە, کە سەرچاوەکەی ئەو سێ هۆیەی پێشەوە بوون کە باسکران و هەروەها خراپیی بارودۆخی ناوەوەی کوردستانە بە هەموو لایەنەکانییەوە. کەوای لە تاکی کورد کردووە هەردەم لە بیریدا بێت و زۆر جاریش تووشی بێهوودەیی دەبێت. هەر بۆیە تاکی کورد بە هاسانی لە هەندەران دانامەزرێت و لە باری سایکۆلۆژییەوە ئامادەی ئەم ژیانە





نوێیەی نییە بە هەموو لایەنەکانییەوە و خاوەن وزەیەکی کەمە بۆ پێکهێنانی دواڕۆژێکی ڕۆشن. دیارە ئەمە پەیوەندیی بە مینتاڵێتیی کورد خۆیەوە هەیە, کە هەردەم بە بەشێکی کەم لە ژیاندا سازاوین. هەر بۆیە کە کورد پارەی سۆسیاڵ (دەستەبەریی کۆمەڵایەتی) لە هەندەران وەردەگرێت, دەڵێی (هەنگوینی لە داردا دۆزیوەتەوە) و لەم هەنگامەی ئێستێدا خەڵکانێکی کەم نەبێت, خەریکی خوێندن و کارکردن نین. تەنانەت ئاستی فێربوونی زمانە ئەورووپییەکانیش وەك پێویست نییە. کە ئەویش هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیانە.

5- هۆیەکی تری پەرش و بڵاویی کورد لە دەرەوەی وڵاتدا ئەوەیە کە بەسەر چەند وڵاتێکی زۆردا دابەش بوون. کە زۆر جار پەیوەندی و هاتووچۆکردن زۆر گران دەوەستێتەوە لە نێوانیاندا. بەڵام ئەم دابەشبوونە لایەنێکی باشەشی هەیە, کە کورد شارەزای زمان و کلتووری چەند وڵاتێکی جوودا دەبێت و بۆ ئەوەی هێزکارێکیان بەسەر ڕای گشتیی جیهانییەوە هەبێت گەلێك باشە.

لەبەر ئەو هۆیانەی کە باسکران, کورد هەروەك چۆن لە کوردستاندا بەش بەشە و هەر کۆمەڵە و لە دەوری پارتێك و ڕێکخراوێکدا کۆبووەتەوە, لە هەندەرانیش بەو شێوەیەیە.

کوردی هەندەران بە گشتی یەك پارچە نین و لەوەشدا پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان, تاڕادەیەك بەرپرسیارن و نەبوونی کۆمەڵەیەکی بێلایەنی کوردی یاخود کۆنگرەیەکی نیشتمانی و یاخود نەتەوەیی لە دەرەوە, ئەوەندەی تر تاکی کوردی لە یەکتری دابڕیوە. ئەوەی هەیە,

ئەو مەڵبەند و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییانەیە کە بەژمارە زۆرن و هێزکارێکی ئەوتۆیان لەسەر کۆمەڵگای کوردی لە دەرەوەدا نییە. لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو مەڵبەند و کۆمەڵانە, سەربە پارت و ڕێکخراوەکانی ناوەوەی کوردستانن, یاخود کە ئەمە لە هەموویان ترسناکترە, سەر بە کوردی بەشێکی کوردستانن. کە بووەتە هۆی ئەوەی کوردی باشوور وەکو پێویست هاتووچۆی مەڵبەندەکانی کوردی باکوور نەکەن و بەپێچەوانەوە. هەروەها ئەو مەڵبەندانەشی سەربە پارتی یا یەکێتی یان PKKن, تەنێ ئەو کەسانە هاتووچۆیان دەکەن کە هەواداری خۆیانن.

توێژی ڕۆشنبیرانیش لە هەندەران, هەروەکو چۆن لە کوردستان چەند بەشێکن و زۆر جاریش هەندێکیان خۆشکەری ئاگری شەڕی براکوژین, بەوەی کە جەنگی ڕاگەیاندنی نێوان پارتی و یەکێتی و PKK لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا دەبەن بەڕێوە. لە هەندەرانیش ناڵێم بەو شێوەیەن, بەڵام بەگشتی و وەك پێویست ڕۆڵی خۆیان ناگێڕن, یان ئەو مەڵبەند و کۆمەڵە کوردییانە بەڕێوە دەبەن کە سەربە و پارتانەن و ئەوەندەی تر کۆمەڵگەی کوردی لە دەرەوە لە یەکتری دادەبڕن. یان کەسانی بێ لایەنن و دوان و سیان لە دەوری چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەك کۆبوونەتەوە, کە هەندێك لەو بڵاوکراوانە بووەتە شوێنی ململانێی و شەڕەجنێوی پارتەکانی کوردستان و زۆر جار خوێنەر والێدەکەن کە بەزەیی بەو کاغەزانەدا بێتەوە کە لەو جۆرە نووسینە تێکدەرانەدا





بەفیڕۆ دراون و ئەوەندەی تر بار و دۆخەکان لە خراپەوە بەرەو خراپترین دەبەن.

(لۆبیی کورد) بە هەموو مەرج و پێداویستییەکانییەوە, ناتوانین بڵێین لەم کاتەدا و لە دەرەوەی کوردستان بوونی هەیە. ئەگەر بەراووردی بکەین بەو نەتەوانەی تر کە لە دەرەوەی وڵاتەکەیاندا دەژین, بەڵام کارکردن بۆ پێکهێنانی (لۆبیی کورد) کارێکی ئەستەم نییە. بەڵام ئەمە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و درێژخایەنە و دەکرێت بگووترێت کە کورد کۆمەڵێك مەرجی تێدایە بۆ ئەوەی لە دەرەوەی خاکەکەیدا ببێتە لۆبی. دیارە گرنگترینی ئەو مەرجە بابەتییانە بوونی ئەو ژمارە زۆرەیە کە لە دەرەوەی وڵاتن و ژیانێکی تریان بۆ خۆیان دامەزراندووە.

هەڵبەت مەرجە خودییەکان گەلێك گرنگترن بۆ پێکهێنانی لۆبیی کورد. کە گرنگترینیان مانەوەی ئەو کوردانەیە لە دەرەوەی وڵات بە (کوردی). واتە ئەم کوردانە لە پاشەڕۆژدا و بۆ ماوەیەکی درێژ و پاش بەسەرچوونی چەند نەوەیەك هەر بە کورد بمێننەوە و زمانی دایکیان بیرنەچێتەوە و کوردستان هەر بە وڵاتی یەکەمیان بزانن و ئەو وڵاتەی کە لە هەندەران تێیدا دەژین وڵاتی دووەمیان بێت. کە ئەمە هۆیەکی گەلێك گرنگە و بەرایی سەرئەنجامی ئەو خێزانانەی کە دە ساڵ یان زیاترە لە دەرەوەن, بەداخەوە لەم بارەیەوە دڵخۆشکەر نین و منداڵەکانیان کوردییەکانیان باش نییە و بەڵکو هەندێکیشیان هەر نایزانن, کە لەوانەیە منداڵەکەی (تۆ), یەکێك بێت لەوان.

مەرجێکی گرنگی تر, ویستی کۆمەڵگەی کورد خۆیەتی تاوەکو لە هەندەران ببێتە لۆبی. کە دەبێت کورد لە دەرەوە بەگشتی و بەشێوەیەکی جدی و دڵسۆز هەست بەوە بکات کە وڵاتەکەی پێویستی بە یارمەتیی ئەمە و لە کاتی کارەسات و بارودۆخە سەختەکاندا یەکەمین یارمەتیدەری بێت و لە هەمووشی گرنگتر بەهۆی ئەو دەزگا کلتووری و ئابوورییانەی کە لۆبیی کورد دەبێت ببێتە خاوەنی, کار لە ڕامیاریی نێودەوڵەتی بکات, تاوەکو یارمەتیدەرێك بێت بۆ کێشەی کورد و بەدەستهێنانی مافە ڕواکەی کە ئەویش دروستکردنی دەوڵەتی کوردییە, ئەگەرچی لە دەرەوەی وڵاتیش بێت.

زۆربەی نەتەوەکانی جیهانی سێهەم لە دەرەوەی وڵاتەکەیاندا, خاوەنی سەکۆیەکی تایبەتین کە هەموویان خۆیانی تێدا دەبیننەوە. ئنجا ئایا ئەو سەکۆیە کۆمەڵەیەك بێت یان کڵێسە یاخود مزگەوت یان سیناگۆگ بێت.

کورد هەرچەندە یەکێکە لە موسڵمانترینی نەتەوەکانی جیهانی ئیسلامی, کەچی لە دەرەوەی کوردستاندا خاوەنی مزگەوتی تایبەتیی خۆیان نین. ئەگەر بەراوردییان بکەین بە عارەب و تورك و نەتەوەکانی تر. دەبینین ئەمانە بەتایبەتی تورك, لە هەرلایەکی دەرەوەی وڵاتەکەیاندا خاوەنی مزگەوتی خۆیانن و لەکاتی نوێژ و ڕۆژانی هەینی و جەژنە ئیسلامییەکاندا تێیدا کۆدەبنەوە و بووشەتە سەرچاوەیەکی





ئابووریی باش بۆ لۆبیی تورك لە دەرەوە. بۆ نموونە ئەم مزگەوتانە بەگشتی کراونەتە بازاڕێك بۆ خۆیان. دوکانی شتومەکی وشکە و بژیویی تری تێدایە. تەنانەت ئەم مزگەوتانە خەتەنە سووران و سەرتاشیشی تێدا دەکرێت. زۆربەی ئەو شمەکانەشی کە تێیدا دەفرۆشرێت لە تورکیاوە دەهێنرێتە دەرەوە. کە بووەتە هۆی ئەوەی کە سەرەڕای سوودێکی نەتەوەییە بۆ ئابووریی تورکیا. هەروەها دەبێتە هۆی گەشەکردنی سەرمایەکەشیان لە دەرەوەی وڵاتدا. چونکە تاکی تورك لە سوپەرمارکێتی تورکی پێویستیی ڕۆژانەی دەکڕێت و بەهێڵی ئاسمانیی تورکیش هاتووچۆ دەکات و کاتی پشوودانیشیان هەر لە چاخانە و مەڵبەندە تورکییەکاندایە. کە بووەتە هۆی ئەوەی سەرمایەکەیان هەر لە نێو خۆیاندا گەشە بکات و زیاتری بێتە سەر, بەڵام نەچێتە دەرەوە, تەنها سەرمایەیەکی ئەو تورکانە کە لە دەرەوە خەرج بکرێت, کرێ خانوو و جل کڕین و لەوانەیە هەندێك شمەکی دیی تر بێت.

ئەم مزگەوتانە بەشێوەیەکی سەیر ژمارەیان لە زۆربووندایە و بووەتە بژێویی زۆر کەس و تورکێکی زۆر پێی بووەتە سەرمایەدار. بۆ نموونە لە ساڵی 1993دا, تورکەکان لە شارۆچکەی (زان دام – Zaan dam)ی هۆڵندادا گەورەترین مزگەوتیان لە هۆڵندا دروستکرد, هێزی لۆبیی تورك لە هۆڵندا لەوەدایە کە بتوانن لە گەورەترین بانکی هۆڵندی کە ناوی (ABN AMRO)یە, نزیکەی شەش ملیۆن گڵدنی هۆڵندی (3 ملیۆن دۆلار), قەرز بکەن بۆ تەواوکردنی مزگەوتەکە. مزگەوتەکە تەواو

بوو و داهاتێکی واهیی بۆ هێنان کە بتوانن سالآنە نیو ملیۆن گڵدن بدەنەوە بە بانکەکە.[1]

ئەو تورکانە بەوەشەوە نەوەستاون, بەڵکو مرخی خۆشیان لە کڵێسەی دیانەکانی هۆڵندا خۆش کردووە, چونکە چۆڵن و خەڵکی ڕوویان تێ ناکات و دەیانەوێت بیانکەنە مزگەوت. بۆ نموونە ساڵی 1997 یەکێك لە گەورەترین و کۆنترین کڵێسەکانی شاری (گرۆنینگن — Groningen) لە باکووری هۆڵندادا کرایە مزگەوت؟!.[2]

ئەم مزگەوتانە تەنیا نموونەیەك بوو, وەك سەکۆیەکی یەکگرتنەوەی ئەو نەتەوانە و بەتایبەتی تورك, دیارە مزگەوت نابێتە سەکۆیەکی گرنگ بۆ یەکگرتنەوەی کورد و پێکهێنانی لۆبی, لەبەر چەند هۆیەکی زۆر کە مەبەستی ئەم نووسینە نییە. بەڵام دەکرێت مەڵبەند و کۆمەڵە و کۆنگرە کوردییەکان بەڕۆڵی ئەو سەکۆیە هەڵبستن و ببنە خاڵی یەکگرتنەوەی کورد لە دەرەوە و پێکهێنانی لۆبیی کورد لە پاشەڕۆژدا, ئەگەرچی دووریش بێت. تاوەکو ئەم لۆبییە مافی کورد لە دەرەوەی وڵاتدا بپارێزێت و بەهۆیەوە کوردی دەرەوە هەر بە کوردێتی بمێنێتەوە و یارمەتیدەرێکیش بن بۆ نەتەوەکەمان لە کوردستاندا.

[1] ڕیپۆرتاژێکی تەلەڤزیۆنی لە کەناڵی 3ی هۆڵندا, لە هاوینی 1993.

[2] ڕیپۆتاژێکی تەلەڤزیۆنی لەسەر ئەم باسە لەلایەن تەلەڤزیۆنی باکووری هۆڵنداوە.





دیارە ئەم مەڵبەند و کۆمەڵە و کۆنگرە و گۆڤار و ڕۆژنامانە نابنە هاندەر و هۆکاری دروستبوونی لۆبیی کورد, ئەگەر بەم شێوەکارەی ئێستایان بڕۆن بەڕێگاوە. بەڵکو دەبێت هەموو ئەو دامەزراوانە ببێتە پلاتفۆرمێکی گەورەی کورد لە دەرەوە و هەموویان لە سایەی ئەودا کاربکەن, ئنجا ئایا کۆنگرەیەك بێت یاخود فیدراسیۆنێك, ئەو کاتە ئەو دامەزراوانە بەهۆی ئەو پلاتفۆرمەوە دەبنە خاوەن ستراتیژێکی گشتی و کاریگەر کە دەتوانن کۆمەڵگەی کورد لە دەرەوە ئاراستەی بەرەو لۆبیبوون بکەن. لەم ئەرکە نەتەوەییەدا دەبێت تەواوی ئەو دامەزراوانە ملکەچی هەر پلاتفۆرمێکی گشتیی کوردی بێت کە لە پاشەڕۆژدا دێتە کایەوە و ڕووناکبیرانی کوردیش دەبێت بە دڵسۆزانە و لێپرسراوانە ڕۆڵی سەرەکیی خۆیانی تێدا ببینن. هەڵبەت دەبێت زۆر بە ووردی و لە هەموو لایەنێکەوە دەستێوەردانی پارتە کوردستانییەکان بۆ نێو ئەم دامەزراوانە وەلا بنرێت, تاوەکو ئەو ڕووپۆشە ڕامیارییەی لەسەر نەبێت کە بەو شێوازەی لە کوردستان کاری پێدەکرێت. یان بەشێوەیەکی تر ئەم دامەزراوانە لە خزمەتی کۆمەڵگەی کوردیدا بن لە دەرەوەی وڵات و ئامانجێکی ڕامیاریی هەبێت, بەڵام بەشێوەیەك کە لەگەڵ ڕامیاریی نێودەوڵەتی و کلتووری ئەو وڵاتانەدا بگونجێت کە کوردی تێدا دەژی. دیارە ئەم جۆرە شێوازە گەلێك هاوچەرخانەتر و کاریگەرترە وەك لەو شێوازە دواکەوتووە نابەرپرسیارانەی کە ئەو پارتە کوردستانییانە پیادەی دەکەن و لە کارەسات و شەڕی براکوژی زیاتر هیچ کارێکی تریان بۆ کورد و کوردستان لەباردا نەبووە.

پێکهێنانی ئەو پلاتفۆڕمە لە هەندەران بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵ و ڕێکخراوە کوردییەکان, سوودیشی بۆ خودی ئەو ڕێکخراوانە تێدایە, کە دەبنە خاوەنی سەیوانێکی مەزن بۆ ڕێکخراوەکانیان و دەتوانن کارەکانیان باشتر جێبەجێ بکەن.

کەواتە لۆبیی کورد هەرچەندە دروستبوونی کارێکی ئاڵۆز و تاڕادەیەك درێژخایەنە, بەڵام ئەستەمیش نییە. ویستی خۆمان بۆ پێکهێنانی گرنگترین مەرجە بۆی. دیارە بەدرێژایی ئەم سی ساڵەی دوایی کە لە چەند هەنگاوێکدا کوردێکی زۆر ڕژاوەتە دەرەوە, بەڵام هیچ کارێکی ئەوتۆ بۆ پێکهێنانی لۆبییەکی کورد لە دەرەوەی وڵاتدا نەکراوە.

ئێمەی کورد لە دەرەوە کۆمەڵێك نموونەی زۆرمان لە بەردەستدایە و ڕۆژانە هەست بە لۆبیی میللەتانی تر دەکەین لە هەندەران کە چۆن هەموویان بەگشتی یەك بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە. بۆ نموونە لەهەر کونجێکی ئەم ئەورووپایە, چینییەکان چێشتخانەیەکیان هەیە و بەڵکو لە شاری نیۆرکی ئامریکادا یەکێك لە گەورەترین گەڕەکەکانی ئەوێیان داگیرکردووە کە پێی دەگووترێت (شاری چین – China town). ئەمانە زۆر جار هێزکارێکی وا لە ئابووریی ئامریکی دەکەن کە چین و ئامریکا بکەونە ململانێیەکی بەردەوامەوە.

لۆبیی جوولەکە لە ئامریکا و ئەورووپا باشترین نموونەن, کە چۆن بوونە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل و گەر پاڵپشتی ئەوان نەبوایە بۆ جوولەکەکانی فەلەستین, ئەوا ئەستەم بوو لە ماوەی ئەو





پەنجا ساڵەی ڕابردوودا بەهێزترین و پێشکەوتووترین دەوڵەت لە خۆرهەڵاتی نێویندا دابمەزرێنن. پێشکەوتنی ئەم لۆبییە گەیشتووەتە ئاستێکی وا کە هەندێك جار کۆنگرێسی ئامریکی ناچار بکەن بڕیارێك لە بەرژەوەندیی جوو دەربکات.

نموونەیەکی تر بۆ ئێمەی کورد ئەو دووسەد کەسەی خەڵکی وڵاتی (کامیرۆن)ی کیشوەری ئافریکایە, کەلە ماوەیەکی کەمدا هاتوونەتە هۆڵەندا. خەڵکی کامیرۆن ژمارەیان دە ملیۆن کەسە و نزیکەی 200 کەسیان لە هۆڵەندایە. ئەم 200 کەسە بە هەموو لایەکی هۆڵەندادا بڵاوبوونەتەوە, خاوەنی یانەیەکی تایبەت بە خۆیانن لە شاری (ڕۆتەدام – Rotterdam). کە هەموویان ئەندامن تێیدا و (هەر یەکەیان) مانگانە سەد گڵدنی هۆڵەندی (پەنجا دۆلار) ئابوونەی مانگانە بۆ یانەکەیان دەدەن. واتە داهاتی مانگانەی یانەکە بیست هەزار گڵدنە. زۆربەی ئەم 200 کامیرۆنییە مانگی جارێك لە یانەکەی ڕۆتەردامیان کۆدەبنەوە, کە هیچ کۆبوونەوەیەکیان لە 150 ئەندام زیاتر بووە کەمتر نەبووە. کۆبوونەوەکەیان ڕۆژێکی تەواو دەخایەنێت و هەیانە لە دوورترین شوێنی هۆڵنداوە بۆ ئەو ڕۆژە دێت, کە تێیدا باس و خواستی خۆیان و وڵاتەکەیان دەگۆڕنەوە و کێشەکانی لۆبییە بچووکەکەی خۆیان چارەسەر دەکەن. بۆ نموونە ئەگەر ئەندامێکی یانەکە کەسێکی نزیکی لە کامیرۆن مرد, ئەوا یانەکە دوو هەزار گڵدن (هەزار دۆلار)ی بە دیاری پێشکەش دەکات تاوەکو پێی بگەڕێتەوە بۆ کامیرۆن و لە پرسەی ئەو کەسەیدا بەشداری بکات. ئەگەر کامیرۆنییەك منداڵی بوو

ئەوا 500 گڵدن بە دیاری لە یانەکەوە وەردەگرێت. هەموو ئەندامێکی یانەکە, ئەگەر دوو ئەندامی تر بە بارمتە بۆی بوەستن, ئەوا یانەکە دە هەزار گڵدنی بە قەرز دەداتێت, بەڵام بەمەرجێك لە ماوەی شەش مانگدا بۆ یانەکەی بگەڕێنێتەوە. دیارە بڕی دە هەزار گڵدن یاخود پێنج هەزار دۆلار, پارەیەکی زۆرە تاوەکو ئەو ئەندامانە چارەسەری کێشەکانی خۆیانیان پێ بکەن. کەچی کە کوردێك لە هەندەران کۆچی دوایی دەکات, هەموو سەرمان لێ دێتەوە یەك کە چۆن تەرمەکەی بەرینەوە بۆ کوردستان, چونکە نزیکەی پێنج هەزار دۆلارێکی تێدەچێت؟!.

تاکە جیاوازییەك کە لە نێوان کوردستان و کامیرۆندا هەبێت, ئەوەیە کە کامیرۆن دەوڵەتی هەیە و کوردستان کۆلۆنییە. ئەگینا کامیرۆن وڵاتێکی زۆر بەش بەش و دواکەوتووە و سیستمێکی هۆزایەتیی توند و کۆنسێرڤاتیڤ بەڕێوەی دەبات و لەو وڵاتەدا نزیکەی دوو سەد شێوەزمانی تێدایە. بەڵام زمانی ستانداردیان ئینگلیسی و فەڕەنسییە. ئەوەی جێی سەرسووڕمانە کە ئەو 200 کەسەی خەڵکی ئەو وڵاتە پەرت پەرتە و کە هەر هۆزێکیان بە زمانێکی تر دەدوێن, لە هۆڵەندادا ئەو لۆبییە بچووکە ڕێکوپێکەیان بۆ خۆیان پێکهێناوە, بەڵام ئێمەی کورد تەنها لە وڵاتێکی بچووکی هۆڵەندادا, بە ژمارە دەیان هەزارمان لەوان زیاترە, کەچی بۆ خۆمان هیچ کارێکی ئەوتۆمان نەکردووە و هێندەی ئەوانیشمان پێ ناکرێت. هەڵبەت گرنگترین هۆی ئەو پەیوەندییە پتەوەی نێو ئەو 200 کامیرۆنییە ویستی خۆیانە بۆ بە



وشە پەڕتەوازەکان (بەرگی یەکەم) هاوڕێ باخەوان

لۆبیبوون و هەروەها بوونی تەنها (یەك) یانەیە بۆ هەموو کامیرۆنییەکانی هۆڵندا. بەڵام کورد چارەکی ژمارەی ئەو کامیرۆنییانە مەڵبەند و یانە و گۆڤاری تەنها لە هۆڵندادا هەیە!, کەچی جێی داخە دەکرێت بەو کامیرۆنییانە بڵێین لۆبی. بەڵام بە کوردیش هیچ؟!.[1]

ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆری کورد لە هەندەران دەژین. ئەم کوردانە ئەگەرچی هەندێکیان بە شێوەی کۆمەڵی زۆر بچووك و تاکە تاکە, لە خزمەتی کورد و کێشە ڕەواکەیدان وو هەریەکە و بە شێوازی خۆی, بەڵام هێزکارێکی ئەوتۆی بۆ دروستبوونی لۆبیی کورد نابێت, ئەگەر ئەو هەوڵانە زۆرینەی کورد لە هەندەران نەگرێتەوە.

لەبەرئەوەی بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کورد لە هەندەران دیاردەیەکی نوێیە, ئەگەر ئەو هەوڵانەی کورد بۆ خزمەتی نەتەوەکەمان گڕ و فڕی ئەوە بێت کە تازە لە کوردستان هاتوونەتە دەرەوە و پاش ماوەیەك لەو هەوڵانەیان بکەون. ئەوا دەبێتە کارەساتێکی ترسناك بۆ نەوەکانی داهاتووی کورد لە هەندەران. دڵسۆزی نەوەکانی کورد لە داهاتوودا لە هەندەران, بەستراوەتەوە بە دڵسۆزی و کارکردنی ڕێکوپێکی ئەو کوردانەی کە ئێستێ لە هەندەرانن. ئەگەر ئەوان ئەمڕۆ دڵسۆزانە نەکەونە کار بۆ پێکهێنانی لۆبیی کورد لە پاشەڕۆژدا, ئەوا نەوەکانی داهاتوومان هیچیان لەو کوردانە باشتر نابێت کە کاتی خۆی

[1] تەواوی ئەو زانیارییانەم دەربارەی کامیرۆنییەکان لە هاوڕێیەکی کامیرۆنیم وەرگرتووە کە ناوی (شەیك – Shake)ە و ئەندامی یانەی کامیرۆنییەکانە لە هۆڵندا.

بەهۆی جەنگەکانی سەلاحەدینەوە, گەیشتوونەتە میسر و ئەمڕۆ هەموویان بوونەتە عارەب و کوردستان و کوردیان بیرچووەتەوە. هەڵبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا بەهۆی زۆربوونی ژمارەی کورد لە هەندەران, کاری گەلێك نابەجێ لەلایەن بەشێکی ئەو کوردانەوە و بەتایبەتی لە ئەوروپادا ڕوویداوە. ئەو کارانە هەموومان دەیانزانین و پێویست ناکات بیانخەینە سەر کاغەز, تاوەکو نەبێت بە ماڵ بەسەرمانەوە. هەرچەندە ڕۆژنامە ئەوروپییەکان جارجارە باسی لێوە دەکەن. دیارە ئەو کارانە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی خراپی کوردستانە و گەر خەڵکی کورد لە دەرەوەدا بەردەوام بێت لەسەری و گوێ نەداتە کەسایەتیی نەتەوەکەی, ئەوا بەزیانێکی گەورە بەسەر خۆمان و نەوەکانی داهاتووماندا لە هەندەران دەشکێتەوە. چونکە نەتەوەیەکی بێ ئاڵای وەکو کورد تەنها باڵوێزێك کە لە دەرەوە هەیبێت ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیەتی. هەر بۆیە دەبێت گەلێك لە کار و کردەوەکانماندا بەئاگابین.

ڕۆژنامە ئەوروپییەکان لە مانگی ئۆکتۆبەری 1997دا لە سوید و هۆڵندا و لەوانەیە لە شوێنانی تریش, باسی ئەوەیانکرد کە کوردەکان هەریەکەیان بە ناوێکەوە خۆیان دەناسێنن کە هی خۆیان نییە و هەیانە خەڵکی سووریایە و دەڵێت من کوردی ئێراقم و زۆری تر[1], لەوە دەچێت ئەمە سەرەتایەك بێت تاوەکو لەو بارانەوە شتی زیاتر لەسەر کورد

[1] بڕوانە ڕۆژنامەی هۆڵندی: Haagsche Courant, 6-10-1997.





بنووسن. هەربۆیە ئاگایی خەڵکی کورد لە دەرەوە گەلێك پێویستە, چونکە میدیای خۆئاوایی تاوەکو شتی خراپی ئێمە وەستابێت, ئەوا باسی کاری چاکە ناکەن. ئەمە هاوکێشەیەکی جێگیرە و هەردەم کاریان پێکردووە و پێی دەکەن.

با سەیری جوولەکەکان بکەین کە ماوەیەکی زۆر دوور و درێژە لە فەلەستین دابڕاون, کەچی بەهۆی ئەوەی کە لۆبییان هەبوو, تاوەکو ئێستێ بە جوولەکەیی ماونەتەوە. کە ئەمە هەرچەندە ئایینەکەیان هەردەم پاڵپێوەنەریان بووە, تاوەکو لە نێویەکدا یەکگرتووبن و تەواوی نەوەکانیان بەوە گۆش کردووە کە هەر دەبێت ڕۆژێك لە ڕۆژان بگەڕێنەوە بۆ زەویی (چاوەڕوانکراو – میعاد). بەڵام ویستی خۆیان و مینتاڵیتییان هۆکارێکی گرنگی تر بووە کە ئەوەش پەیوەندییەکی پتەوی بە ئایینەکەیانەوە هەیە. هەربۆیە سەرباری ئەو هەموو لێکدابڕان و ڕێڕەوی ئایینییانەی کە لە نێو جوولەکە و ئایینی جوولەکەدا هەیە, کەچی مەسەلەی جوولەکە و پاراستنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە سەروو هەموو شتێکەوە دادەنێن. واتا دەوڵەتی ئیسرائیل تاکە ستراتیژی نەتەوەییانە و هەر شتێکی تر ببێت تاکتیکی کاتین و لە گرنگیی ستراتیژی نەتەوەییان تێپەڕ ناکات.

دیارە ڕووداوەکانی جەنگی جیهانیی دووەم و تیرۆرکردنی ملیۆنان جوولەکە لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە, هۆیەکی گرنگی تر بوو بۆ هۆشیارکردنەوەی جوولەکە و بەرزکردنەوەی گیانی بەرەنگاربوون

تێیاندا, تاوەکو کیانێکی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن, کە لەمەدا لۆبیی جوولەکە یەکەمین و کاریگەرترین پاڵپێوەنەر بووە.

کورد ئەگەرچی ئەو کارەساتانەی بەسەریدا هاتووە لەوانەی جوولەکە کەمتر نین, بۆ نموونە کارەساتی ڕاگواستنی کورد لە باکووردا و لەلایەن تورکە کەمالییەکانەوە و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالەکان و زۆری تر. کەچی ئێمە وەك پێویست پێیان هۆشیار نەبووینەوە و نە لە ناوەوەی کوردستان و نە لە هەندەرانیش وەك پێویست گرنگیمان پێیان نەدا. تێڕامێنن, لە کاتی ڕوودانی کارەساتی هەڵەبجەدا لە ساڵی 1988, لە باتی هەرچی کوردی هەندەران هەیە بکەونە کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ لێقەوماوانی ئەو کارەساتە و دەنگی ناڕەزایی لەو وڵاتانەدا کە تێیدا دەژین بەرز بکەنەوە و هێزکارێکی گەورە لەسەر ڕای گشتیی جیهانی بکەن, کەچی ڕێکخراوی کوردکوژی (موجاهیدینی خەڵق) ئەو هەلەی قۆزتەوە و لە وڵاتانی ئەورووپا پارەیەکی زۆریان بە نێوی کوردەوە و گوایا بۆ لێقەوماوانی هەڵەبجەیە, بۆ گیرفانی ڕێکخراوەکەی خۆیان کۆکردەوە؟!. کە بووە هۆی شەرمەزاریی هەموو ئەو کوردانەی کە لە هەندەران بوون و هیچیشیان پێ نەکرا کە شایانی باس بێت. چونکە خۆیان بەگشتی نەیانویست.[1]

[1] ئەمە ڕووداوێکی گەلێك ناخۆشە بۆ ئێمە, لە کاتی کارەساتێکی وا گەورەدا, کە دەبووایە هەزار و یەك دادگامان لە دژی ڕێکخراوی (موجاهیدینی خەڵق) بگرتایە, نەك بۆ ئەو پارەیەی کە کۆیانکردووەتەوە. بەڵکو بۆ ئەو کەم فرسەتییەی ئەوان کە زوڵمێکی گەورە بوو لە شەهیدان و کەنەفتانی هەڵەبجە و کورد کرا...





دیارە خەڵکی کورد لە دەرەوەدا کەم کەمە و بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ و ناڕێکوپێك یارمەتیی کوردستانی داوە, بەڵام ئەو یارمەتییانە نە هەموو کوردی لە دەرەوەی کوردستان گرتووەتەوە, نە یارمەتییەکانیش بۆ خەڵکی کوردستان بوون بە گشتی. بۆ نموونە لە هەندەران لە چەند کات و شوێنێکی جیاجیادا پارەیەکی باش کۆکراوەتەوە, بەڵام ئەو پارانە یان لەلایەن چەند کەسانێکەوە خوراون. یاخود کراونەتە دەستی پارتەکانی کوردستانەوە و ئەوانیش سەرلەنوێ گەڕاندوویانەتەوە بۆ هەندەران, بۆ سەر ژمارە بانکی سەرکردەکانیان؟!. هەڵبەت ناکرێت بگووترێت کە تەواوی ئەو یارمەتییانەی کە نێردراونەتەوە بۆ کوردستان هەموویان خوراون, بەڵکو بەشێکی گەیشتووەتە وڵات. بەڵام ئەم بەشە لە چاو ئەو یارمەتییانەی کە بەڕێ کراوە, هەر زۆر کەمە. زۆربەی ئەو یارمەتییانەش لەلایەن ڕێکخراوە خێرخوازە جیهانییەکانەوە بوون, نەك لەلایەن کورد خۆیەوە. دیارە خەڵکی کوردیش بەشداریی ئەو یارمەتییانەیان کردووە. بەڵام بەشێوەیەکی ڕێکوپێك نا. بۆ نموونە (کۆمیتەی قەرەداخ) کە بە مەبەستی یارمەتیدانی ناوچەی قەرەداخی باشووری کوردستانەوە چوار ساڵێك دەبێت هاتووەتە کایەوە, تاوەکو ئێستا (هەزار دۆلار)یان بۆ هەژار و کەنەفتەکانی ئەو ناوچەیە

ناردووەتەوە. بەڵام ئایا پارەیەکی وا کەم و لە ماوەی چوار ساڵدا و بۆ شوێنێکی دیاریکراو دەبێت چ کاریگەرییەکی ببێت؟!.[1]

دیارە ڕێکخراوی تری لەم جۆرەی قەرەداخیش هەن و هەموویان یارمەتییەکانیان دیاریکراوە. هەر بۆیە ئەو ڕێکخراوانە پێویستیان بە پلاتفۆڕمێك هەیە تاوەکو یارمەتییەکانیان زۆرتر و بەردەوام و کاریگەر بێت.

پێکهاتنی لۆبیی کورد لە دەرەوەی وڵات, بووەتە پێویستییەکی مێژوویی. کە لە هەنگامی یەکەمدا خزمەتی خودی کۆمەڵگەی کورد دەکات لە دەرەوەدا و پاشانیش کێشە ڕواکەمان لە کوردستاندا.

کۆمەڵگەی کورد, ئەمڕۆ لە هەندەران بەرامبەری دروستکردنی ئەو ئەرکە مێژووییە بوونەتەوە. کە دەبێت توێژی ڕووناکبیرانی دڵسۆز ببنە پێشەنگی دروستکردنی یەکەمین هەوڵی ئەو پرۆسەیە. ڕووناکبیران و خەڵکی کورد نابێت چیدی دەستە و ئەژنۆ لە هەندەران دابنیشن و چاوەڕوانی حوکمی مێژوو بن, چونکە لەوانەیە حوکمی مێژووی

[1] کۆمیتەی قەرەداخ, لە ساڵی 1996دا لە هۆڵندا دامەزراوە و 7 کەس کە خەڵکی قەراخن بەبەردەوامی پارە بۆ قەراخ کۆدەکەنەوە. هەڵبەتە ئەمە ڕێژەیەکی زۆر کەمە, چونکە تەنها لە هۆڵندادا سەدان قەراخیی تێدایە. دیارە ئەمە ئەرکی هەر کوردێکە یارمەتیی ئەم کۆمیتەیە بدات نەك تەنیا قەراخییەکان. (ئەم زانیارییانەم لە برای خۆشەویستم کاك حسێن قەراخی وەرگرت, کە خۆی یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمیتەکە).





داهاتوومان, تۆپزێکی تر بێت و هێندەی تر خۆمان و کێشەکەمان بباتە ناخی زەویدا و بیربچینەوە. چونکە مێژوو بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە و دەبێت ئێمە خۆمان دڵسۆزی کێشەکەمان بین.

مێژوو هەردەم لە تاکە کەس و دەستەیەکی کەمەوە کاری تێکراوە و گوڕدراوە. گەر ئێمە بمانەوێت دەتوانین مێژووی ژێردەستەیی وڵات و لێکدابڕانی نەتەوەکەمان بگۆڕین. دیارە پێکهێنانی هەر کۆمەڵەیەك ئنجا ئایا هەر جۆرێك بێت, لە چەند کەسانێکی کەمەوە دەست پێدەکات و پاشان بەپێی پێویست و هەوڵی دڵسۆزانە و ویستی ئەو کەسانە گەشە دەکات...

بەهیوای پێکهاتنی لۆبیی کورد لە داهاتوودا...[1]

مایی 1998

لاهای – هۆڵندا

[1] تێبینی: ئەم باسە زیاتر باسێکی مەیدانییە و ئەو سەرچاوانەی کە بۆ ئەم نووسینە بەکار هاتوون هیچیان باسی لۆبیی کوردیان لە دەرەوەی وڵاتدا نەکردووە, بەڵکو لێرەدا بەمەبەستی بەراووردکاری بەکارهێنراون. دیارە ئەو سەرچاوانەشی کە باسی خەڵکی کورد وەك لۆبی دەکات لە هەندەران, یان نین یاخود زۆر کەمن.

# بەهای مێژوویی یاداشت و بیرەوەری نووسین[1]

مێژوو ئەو زانستەیە کە لە ڕابردووی نەتەوەیەك یان نیشتمانیك یاخود هەر شتیکی تر دەکۆڵێتەوە. نووسینی مێژوو، بەبێ سەرچاوە کارێکی ئەستەمە، بەتایبەتی ئەگەر مێژوونووس لەنێو ڕووداوەکاندا نەژیابێت. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە مێژوونووس سوودێکی زۆر لەو سەرچاوانە وەربگرێت کە پەیوەندییان بەو لێکۆڵینەوە دیاریکراوەوە هەیە کە مێژوونووس خەریکێتی. لەوانە لێکۆڵینەوەی مێژوونووسانی پیش خۆی دەربارەی هەمان بابەت، یان ئەو بابەتە مێژوویی و ئەدەبی و هونەرییانەی کە پەیوەندیی بە باسە دیاریکراوەکەی مێژوونووس یان (تۆژەر)ەوە هەیە. کە بەهۆی بەراوردکردن و تانوپۆکردنی ئەو باسانە، لەوانەیە نووسەر بگەیەنێتە سەرئەنجامیکی زۆر باش. دەشێت مێژوونووس هیچ کامیك لەو سەرچاوانەی دەست نەکەوێت، بەڵام ئەو ڕووداوەی کە لێی دەکۆڵێتەوە هێندە کۆن نییە و دەتوانێت بەهۆی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییەوە بگاتە ئاکامێکی باش و لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا دەکرێت سوودیکی باش لە ڕووبەڕووی شارەزایان و بەساڵداچوواندا وەربگرێت. دیارە ئەوانە تەنیا سەرچاوەی مێژوو نین، لەوانەشە مێژوونووس خەریکی زمانیکی مردوو یان ساخکردنەوەی ڕەسەنی ڕەگەزێکی وابێت، کە چەند هەزار ساڵیك لەمەوبەر لە

[1] گۆڤاری سیمرغ – ژمارە 6 – ساڵی 1999 – لیوڤن – بەلژیك.





ناوچەیەکی دیاریکراودا ژیابێتن. ئەو کاتە مێژوونووس ناچارە پەنا بەرێتە بەر تەپۆڵکە و کەلاوەکانی ئەو شوێنەی کە کاتی خۆی ئەو ڕەگەزەی تیدا ژیاوە، تاوەکو شتیکی دەستگیر ببێت بۆ لێکۆڵینەوەکەی. یاخود پەنا بەرێتە بەر ئەو تەختەگڵێن و کەرەستە کۆنانەی کە ئەو ڕەگەزە بۆ مرۆڤایەتییان بەجێهێشتووە... دیارە لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەمەش گرانتر و کۆنتر هەیە، کە ئێستێ زانایان خەریکی مێژووی گەردوون و گیانەوەری دوابڕاوی وەك (دیناسۆر) و زۆر کاری ترن کە زانستی بایۆلۆژی یارمەتیدەریکی باشی ئەم جۆرە زانستە–مێژوویە...

هەندێك جار نووسەر یا گێڕەرەوە، یان لە هەندێك ڕووداودا مێژوونووس، هاوکات لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەژی. ئەوەی کە دەینووسیت، یان لە شێوەی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دایە، کە دەبێتە بابەتیکی زانستییانەی مێژوویی. یان لە شێوەی یاداشت یان بیرەوەریدایە (بیۆگرافی)، کە دەبێتە (سەرچاوەیەکی مێژوویی). ئەم سەرچاوەیەش هەمان بەهای ئەو سەرچاوانەی تری هەیە کە لە پێشەوە باسکران. بەڵام لە هەندێك باردا بە پارێزییەوە.

ئەوەی کە من لێرەدا مەبەستمە، ئەو لێکۆڵینەوە زانستییە نییە کە مێژوونووسیك یان نووسەریك دەینووسێت. بەڵکو ئەو یاداشت و بیرەوەرییانەیە کە لەلایەن کەسانێکەوە دەنووسرین کە خۆیان لە ڕووداوەکاندا بوون، یان بەشیك بوون لە ڕووداوەکان، یاخود خۆیان

دروسکەری ڕووداوەکانن, یان بە واتایەکی تر ئەوانە لایەنێکی نێو ڕووداو و کێشەکانی مێژوون.

بەڵام ئایا ئەو (یاداشت و بیرەوەرییانە) مێژوون؟, یان نا؟, باشە ئەگەر مێژوو نین, ئەی چین؟!.

لێرەدا دەمەوێت چەند ڕایەک دەربارەی ئەو یاداشت و بیرەوەرییانە بخەمە ڕوو, کە ئەویش ئەمانەن:

– یان مێژووە, وەک هەر نووسینێکی تری مێژوویی.

– یان مێژوو نییە, بەڵکو سەرچاوەیەکە بۆ مێژوو. چونکە ئەوانەی ئەو یاداشت و بیرەوەرییانە دەنووسنەوە مێژوونووس نین. بەڵکو کەسێکی ئاساین و بەهۆی پلە و پایەیەکەوە, کە یان بە ڕێکەوت یان بە هەوڵدانی کەسیی ئەو خاوەن بیرەوەرییە, پێی گەیشتووە. یاخود بە پشتاوپشت بۆی ماوەتەوە...

– یان ئەم بیرەوەرییانە, نووسینێکی ئاساییە و بەهایەکی مێژوویی ئەوتۆی نییە, چونکە خاوەن یاداشت لایەنیکی ڕووداو و کێشەکانە ناکرێت بەشێوەیەکی بابەتی نووسینەکەی نووسیبێت و هەروەکو چۆن و بە چ چاوێک لە لایەنەکانی تر دەڕوانێت, هەر بەو چاوە بابەتییە لە خۆشی بڕوانێت کە لایەنی بەرامبەرە. کە دیارە ئەم چاوە بابەتییە (نابینا)یە. یاخود لەبەرژەوەندیی خۆی, خۆیی کوێر کردووە.

– ڕایەکی تر ئەوەیە کە ئەم بیرەوەرییانە, تەنیا باسی ژیانی تایبەتیی ئەو کەسە خۆیەتی و دەکرێت پێی بگووترێت, (الترجمة





الذاتیة) یان (السیرة الذاتیة)... و هیچی تر. چونکە هەندێک جار بیرەوەریی کەسێک بریتییە لە ژیانیکی سەرکەشی وا, کە خۆیی کردووەتە پاڵەوانی سەردەم لە ڕووداوەکاندا و کەچی لە ڕاستیدا لە چاو چیرۆکەکانی (دۆنکی شۆت)دا هیچ جووداوازییەکی ئەوتۆی نییە.

لەوانەیە ڕای تریش ببێت و هەر یەکە بەجۆرێک تییان بڕوانێت, بەڵام ئەو چوار ڕایەی سەرەوە گرنگترینیانن دەربارەی بەهای مێژوویی یاداشت و بیرەوەری.

کتێبخانەی کوردی, کتێبخانەیەکی هێندە دەوڵەمەند نییە بە نووسینی یاداشت و بیرەوەری و لە چەند کتێبێک تیپەڕ ناکەن, کە ئەمە گرنگترینییانە, یاخود هەموویانە:

– (چیم دی)ی مامۆستا ئەحمەد خواجە, لە 3 بەرگدا. ساڵی 1968 تا 1970 دەرچووە.

– (یاداشت)ی مامۆستا ڕەفیق حیلمی, لە 2 بەرگدا. ساڵی 1988 دووبارە چاپکراونەتەوە.

– بیرەوەرییەکانی ئەحمەد تەقی دەربارەی شۆڕشەکانی شیخ مەحموود و سمکۆ – جەلال تەقی ئامادەی کردووە و پەراویزی بۆ نووسیوە – سلیمانی – 1998. (بیرەوەریی ئەو مامۆستایانە, تایبەتن بە شۆڕشەکانی شیخ مەحموودی نەمرەوە).

– (گەشتی ژیانم)ی مامۆستا مەسعود محەمەد، کە لە هەشتاکاندا بە زنجیرە لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا دەرچوو و لە ساڵی 1993دا لە سوید لە شێوەی کتێبێکدا چاپکرایەوە.

– یاداشتەکانی ( – مەلا ماتۆڕ)، ئەم کابرایە بیرەوەرییەکانی خۆیی نووسیوەتەوە و لە بەغداد چاپی کردووە، کە ساڵانیکی زۆر لە سەنگەری دوژمندا بووە. بەڵام بۆیە نێوم خستە نێو ئەم لیستەیەوە، چونکە لە یاداشتەکانیدا باسی کوردستانی کردووە و دەچێتە خانەی کتیبی یاداشت و بیرەوەرییە کوردییەکانەوە.

– (ئاڵەکۆك)ی غەنی بلوریان، (مامە غەنی).

– (لە بیرەوەرییەکانم)ی کەریمی حیسامی لە 8 بەرگدا. لە وڵاتی سوید دەرچوون.

– یاداشتەکانی (مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانی).

– بیرەوەرییەکانی (عەبدوڵڵا سۆفی کەریم سەراج).

– بیرەوەرییەکانی (سەید کاکە).

– بیرەوەرییەکانی (فاتیح ڕەسوڵ) لە 3 بەرگدا، بە ناوی چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کوردمان – ڕووداو و بەڵگەنامە، کە لە سوید دەرچووە.

– (قەندیل بەغدای هەژاند)ی (ڕێباز) لە 2 بەرگدا. ئەمە یاداشتی پێشمەرگایەتیی پێشمەرگەیەکی یەکێتییە، کە هەر لە سەرەتای مەفرەزە سەرەتاییەکانی دوای هەرەسەوە یاداشتی پێشمەرگایەتیی خۆیی نووسیوە و گەلێك ڕووداوی بەکەڵکی تۆمار کردووە. نێوبراو





نیازی وابوو کە بەشی سێیەمی یاداشتەکانیشی بنووسێت، کە تایبەت بوو بە ڕووداوەکانی ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستانەوە. بەڵام بەداخەوە پێڕانەگەیشت و لە شاری ئاکری لە شەڕی براکوژیدا لەلایەن پارتییەوە دەستکوژکرا. خۆزگە هەموو کادرە ڕامیاری و سەربازییەکانی نێو تەواوی لایەنەکان یاداشتەکانی خۆیانیان وەکو ڕێباز دەنووسییەوە، تاوەکو بەهۆیانەوە ببووینایەتە خاوەنی بیۆگرافیایەکی زۆر لە ژیانی ئەو کەسانەی کە دەستیان لە بزووتنەوەی کوردا هەبووە...

– (لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ) و (پەنجەکان یەکتری دەشکێنن)ی نەوشیروان مستەفا، کە ئەمە دوو بەرگی یاداشتەکانییەتی و وەك خۆی لە پێشەکیی بەرگی یەکەمیدا دەڵێت 5 بەرگە.

– (بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێت)ی فرانسۆ هەریری، کە لە شێوەی ڕووبەڕووی تەلەڤزیۆنییەوە کراوەتە کتێبێك.

– (چیشتی مجەور)، ئەمە بیرەوەرییەکانی (مام هەژار)ە کە لە ساڵی 1998 لە لایەن ئەنیستیتوی کوردەوە لە پاریس چاپکرا.

– بیرەوەرییەکانی (بەهادین نوری).

– خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا – دەقی چاوپێکەوتن و دەمەتەقێیەك لەگەڵ جەرجیس فەتحوڵڵای پاریزەردا. ئەم چاوپێکەوتنە کە لەلایەن (حسێن محەمەد عەزیز)ەوە لەگەڵ مامۆستا جەرجیسدا ئەنجامدراوە، دەکرێت بخرێتە خانەی بیرەوەرییەوە، چونکە مامۆستا لە ئەنجامی وەڵامی پرسیارەکانی (حسێن محەمەد عەزیز)دا باسی

بیرەوەرییەکانی خۆیی کردووە. بەڵام ئەم کتێبە ناشێت وەکو سەرچاوەیەکی زانستی پشتی پێ ببەستین, چونکە هەروەك مامۆستا جەرجیس لای زۆر کەس باسی کردووە, کە (حسێن محەمەد عەزیز) دەستکاریی وەڵامەکانی کردووە و هەندێك ڕووداوی وەکو ئەوە تۆمار نەکردووە کە مامۆستا جەرجیس پێی گووتووە, کە بەداخەوە ئەم جۆرە ڕەفتارانە دوورن لە ئەمانەتی زانستییەوە.

– هەروەها لە هەندێك گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیدا, چەند زنجیرەیەکی کورت یان تایبەت بە هەنگامێکی ژیانی چەند کەسانیك بڵاوکراوەتەوە, کە گرنگترینیان دوو بەشی بیرەوەرییەکانی مامۆستا (جەمال نەبەز)ە, بەنێوی (ڕۆژانی ئاوارەییم لە سویسرا), کە لەم دوادواییەدا لە دوو ژمارەی گۆڤاری (دڵانپار)دا بڵاوکراوەتەوە. ئەوەندەی من بزانم سەرجەمی یان بەشێکی بیرەوەرییەکانی مامۆستا نەبەز لە داهاتوودا بەشێوەی کتێبێك بڵاودەبێتەوە.

– جگە لەوانەی کە باسکران, هەندێك یاداشت و بیرەوەریی تریش هەن کە تاوەکو ئێستا بڵاونەکراونەتەوە. لەوانە یاداشتەکانی مامۆستای ڕەوانشاد (سەعید گەوهەر). کە ئەویش یاداشتەکانی خۆیی نووسیوە و لە ساڵی 1991دا دایە دەست من و هاوڕێیەکی ترم تاوەکو لە هەندەران بۆی چاپ و بڵاوبکەینەوە, بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە ئاواتەکەی مامۆستای کۆچکردوو بهێنینە دی و بەهیوای پاشەڕۆژین.





ئەوانەی کە باسکران, لەوانەیە یەك دووانیکم بیرچووبێت, بەڵام ئەوانە هەموو ئەو بیرەوەری و یاداشتانەن کە تاوەکو ئێستێ کتێبخانەی کوردی خاوەنیان بێت. ئەوانەی مامۆستایان ئەحمەد خواجە و ڕەفیق حیلمی نەبێت, ئەوانی تر هەموویان لەم چەند ساڵەی دواییدا دەرچوون.

ئێستا, بابێینە سەر بەراوردکردنێکی خێرای ئەو چوار ڕایەی سەرەوە دەربارەی ئەو یاداشت و بیرەوەرییانەی کە کەسانێکی کورد بە کوردی و دەربارەی ڕووداوەکانی کوردستان نووسیوویانە, کە خۆیان لایەنێك بوون تێیدا.

ئەوەی کە یەکەم شت پێویستە بگووترێت, ئەوەیە کە ئەو یاداشت و بیرەوەرییانە ناکرێت پێیان بگووترێت (مێژوو). چونکە زۆربەیان لە شێوازی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانەی مێژووییدا نەنووسراون و هەندێکیشیان بە چاوێکی بابەتییانە ڕووداوەکانیان تۆمار نەکردووە. چونکە زۆربەیان لایەنێکی نێو ئەو کێشە و ململانێیانە بوون کە لەم دوادواییانەدا لە کوردستان ڕوویانداوە. لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەبێت بە شێوەیەکی بابەتییانە بنووسرێت و دوور بێت لە هەر هەست و سۆز و داشکان و پیاهەڵدانێك بۆ لایەنێکی دیاریکراو. بەڵام هەندێك لەو یاداشتانە لەو ڕوانگەیەوە نەنووسراون, بەڵکو لە هەندێکیاندا لادانی تەواو لە ڕاستییەکاندا هەست پێ دەکرێت. کەئەمە لە بەهای مێژوویی و

زانستییانەی هەندێك لەو یاداشتانە دێنێتە خوارەوە. بۆ نموونە گەر لە یاداشتەکانی کەسێکی یان پارتی یان یەکێتی بڕوانین, دەبینین خۆیانیان کردووەتە فریشتەی ئاسمان و یەکەمین دڵسۆزی کورد و هەرچی خراپە و ڕووداوەکانی شەڕی براکوژی و چی و چیی تر هەیە داویانەتە پاڵ لایەنەکەی بەرامبەر, بەبێ ئەوەی سادەترین ڕەخنەیان لە خۆیان گرتبێت. کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر ڕاستییەکانی لێ ونبێت و نەزانێت ئایا ئەوەی بابای پارتی ڕاستە, یان ئەوەی یەکێتی. هەر بۆیە ناکرێت بەو یاداشت و بیرەوەرییانە بگوترێت نووسینی مێژوویی, دیارە لە ڕوانگەی زانستەوە.

باشترین بەهای مێژوویی بۆ ئەم یاداشت و بیرەوەرییانە ئەوەیە, کە ببنە سەرچاوەیەکی مێژوویی, واتە مێژوونووسان وەك سەرچاوەیەك بۆ هەنگامێکی دیاریکراوی مێژوو بەکاریبهێنن, دیارە ئەویش بە پاریزگارییەکی زۆرەوە, چونکە هەرچی لەو یاداشتانەدا هاتووە, ناکرێت پێیان بگوترێت ڕاستە, هەر بۆیە باشتروایە کە مێژوونووس یان نووسەر لە بەکارهێنانی هەر کەرەستەیەکی ئەو یاداشتانەدا بە تەواوی ئاگاداربێت و خۆ ئەگەر لە یاداشتیکی تردا یان لە هی لایەنێکی بەرامبەردا پێچەوانەی ئەمەی بینی, باشترە کە ئاماژەی بۆ بکات و لێکۆڵینەوەیەکی کورتی بەراوردکاریی تێدا بکات. تاوەکو بڕیاری ڕاستیی لایەکیان دەدات و دەبێتە سەرچاوەیەکی مێژوویی.

لە ڕایەکانی تردا, دەربارەی نووسینی یاداشت, کە دەڵێت, ئەمانە تەنێ نووسینێکی ئاساییە و نووسەری یاداشت ڕاستگویانە بابەتەکانی





تۆمار نەکردووە و لە تەرجەمەیەکی کەسیی ژیانی ئەو کەسە تێناپەڕێت. ئەمە لەوانەیە لە هەندێك باردا ڕاست بێت, بەڵام بەگشتی ڕاست نییە, چونکە یاداشتی ئەو کەسە هەرچییەك بێت و هەرچۆنێك بێت, لەوانەیە شتی ڕاستی تێدا بێت و ببێتە سەرچاوەیەکی بەکەڵکی مێژوو. دیارە زۆر ئاساییە کە بەشێکی ئەم یاداشتانە, تەنێ ژیانی تایبەتی و ئاسایی ئەو کەسە بێت, کە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕووداوە مێژوویی یا وێژەیی یان هونەرییەکانەوە نەبێت. لەم ڕووەوە نووسەری وا هەیە باسی ژیانی دڵداری و گینسیی خۆی دەکات. یاخود خوێنەر دەباتە نێو بابەتی وا و ڕووداوی واوە, کە هیچ بەهایەکی مێژوویی ئەوتۆی نییە, بەڵام هیچ نەبێت جارجارە یان زۆر جار باسی ڕووداوی واهیی تێدا کراوە, کە ئەو یاداشتە یەکەمین سەرچاوەیە کە لەو ڕووداوە دوابێت. هەر بۆیە لە هەندێك کاتدا دەبێتە گرنگترین سەرچاوەی مێژوویی بۆ ڕووداوێك.

کەواتە دەکرێت بێ دوودڵی بەو سەرچاوانە بڵێین (سەرچاوەی مێژوویی), بەڵام (بە پارێزەوە). چونکە مەرج نییە هەرچی لەو یاداشتانەدا هاتبێت ببنە نەخشی سەر بەردێکی چەند هەزارساڵەیی و پێویستی بە گفتوگۆ نەبێت. لەبەرئەوەی زۆرجار ئەو یاداشتانە مرۆ دەخەنە گێژاوێکی واوە کە نەتوانێت سەری لێدەرکات و نازانێت کامەیان ڕاستە و بڕوا بە کامیان بکات. هەر بۆ نموونە (مامە غەنی) لە بیرەوەرییەکانیدا (ئاڵەکۆك), دەڵێت کە (د. ئەوڕەحمانی قاسملۆ), کە کاتی خۆی لە لایەن (ساواك)ەوە گیراوە, پاکانەی کردووە و بووەتە

ساواك, ئنجا بەربووە و ئاماژە بۆ بڵاوکراوەیەکیش دەکات کە لە ساڵی 1979دا کەوتووەتە دەست حیزبی دیموکراتی کوردستان, کە ئەوە دەسەلمێنێت. بەڵام ئەو دێکومێنتە لە بیرەوەرییەکانیدا نابینین. بەرامبەر ئەمیش (جەلیلی گادانی) لە کتیبی (50 ساڵ خەبات)دا کە تایبەتە بە مێژووی (حدکا)وە, باسی ئەم گرتنەی د. قاسملۆ دەکات و دەڵێت بە ڕووداوێکی زۆر سەیر و سەمەرە بەردرا, ئەو ڕووداوە سەیرە چییە؟! نەیگوتووە و باسی نەکردووە. بەڵام لە کتێبەکەی (عەبدوڵڵا حەسەن زادە – مەلا ئەوڵا)دا کە نیوی (نیو سەدە تێکۆشان)ە و باسێکی مێژوویی حدکایە, باسی ئەم ڕووداوە هەر نەکراوە, (کەریمی حیسامی)ش هەر نەچووە بەلایدا. ئنجا ئەمە تا چ ڕادەیەك ڕاستە, ئەوە دەبوایە مامە غەنی باشتر وەدووی بکەوتایە, تاوەکو ئێمەش بۆمان ڕوون ببوایەتەوە.

لێرەدا دەمەوێت گفتوگۆی لایەنیکی تری ئەو کتێبانە بکەم کە یاداشت نین و بەڵکو لە شێوەی لێکۆڵینەوەی مێژووییدا نووسراون, بەڵام نووسەرانی ئەو لێکۆڵینەوە مێژووییانە, خۆیان لایەنێك بوون لە ڕووداوەکاندا. ئنجا ئایا ئەو نووسەرانە بە شێوەیەکی بابەتی و زانستی لە ڕووداوەکان دەکۆڵنەوە؟!, یان بەهۆی تێوەگلانی خۆیان لە هەندێك هەڵە و کەموکوڕی و لە هەندێك جاریشدا خیانەت, کە لەوانەیە خۆشیان بەشداربووبێتن, لێکۆڵینەوەکە بە لایەکی تردا دەبەن و ڕاستیش لە ئێمە ون دەبێت. ئەو دوو کتێبەی بەڕێزان جەلیلی گادانی و مەلای ئەوڵا, لە شێوەی لێکۆڵینەوەی مێژووییدا نووسراون, بەڵام خۆیان لایەنێکی





بەشداركار بوون لە ڕووداوەکاندا, بەتایبەتی لەم ڕووداوانەی ئەم دواییانەدا, ئنجا ئایا تا چ ڕادەیەك توانیویانە بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە ڕووداوەکان تۆمار بکەن؟, ئەوە پرسیاریکە و بەرەوڕووی ئەو نووسەرانە دەبێتەوە... باشتر بوو ئەو نووسەرە بەڕێزانە و ئەو کەسانەی کە لایەنێکی ڕووداوەکانن, یاداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیان بنووسنەوە, تاوەکو ببنە سەرچاوەیەکی مێژوویی بۆ مێژوو, نەك خۆیان مێژوو بنووسنەوە. چونکە ئەوانەی بەشداریی ڕووداوە مێژووییەکان دەکەن, خۆیان دروستکەری مێژوون, ئنجا ئایا دروستکەری باش بن یان خراپ... ناکرێت مرۆ لە یەك کاتدا دروستکەری مێژوو و نووسەریشی بێت. هەروەکو چۆن نابێت تاوانبار و تاوانلێکراو لە یەك کاتدا و لە هۆڵی دادگادا, تاوانلێکراو و داوەر یان تاوانبار و داوەر بن. چونکە مێژوو حوکمێکە بۆ ڕووداوەکان, ئەم حوکمە دەبێت کەسێکی دەرەوەی ڕووداوەکان, یاخود کەسێك کە بەشداریی لە دروستکردنی ڕووداوەکاندا نەکردبێت, بڕیاری تێدا بدات, ئەگینا هیچ جوداوازییەکی لەگەڵ تاوانبار و تاوانلێکراودا نییە و هەردوولا لە بەرژەوەندیی خۆیان بڕیاری بێتاوانی بۆ خۆیان دەردەکەن؟!... هەر لەم ڕووەوە, کتێبی (کورد و عەجەم)ی نەوشیروان مستەفا, دەبێتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی زانستی, چونکە باس لە دەور و سەردەمێك دەکات کە خۆی هیچ بەشدارییەکی تێدا نەبووە. بەڵام هەمان ئەو نەوشیروان مستەفایە, بکەوێتە نووسینی لێکۆڵینەوەیەك لەسەر مێژووی ئەم چەند ساڵەی دوایی بزووتنەوەی کورد, ئەوا باسەکەی زانستییانە نابێت, چونکە

خۆی لایەنێکی ڕووداوەکان بووە و بەڵکو لە هەندێك کاتیشدا دروستکەری بڕیارەکان بووە. بۆیە ئەو کەسانە خۆیان بە نووسینی یاداشتەوە خەریك بکەن خزمەتی باشتر دەکەن, وەك لەوەی خەریکی نووسینی مێژووی سەردەمی خۆیان بن, کە خۆیان دروستکەرین.

نموونەیەکی تری ئەم چەواشەبوونە, (کارەساتی هەکاری)یە, پارتی و یەکێتی بە دوو شێوەی زۆر جیاواز باسی دەکەن, دیارە ئەمە تاکە شت نییە کە ئەو دوولایەنە وا ناڕێك بن لەسەری. بەڵکو هەر یەکەیان لە لای خۆیەوە تەواوی ئەو کارەساتانە دەدەنە پاڵ یەکتری و خۆشیان لە هیچ کامێکیاندا بە هەڵە نازانن. کارەساتی هەکاری بەپێی ڕای یەکێتی, یاخود بەپێی بیرەوەرییەکانی نەوشیروان مستەفا, ڕاستییەکەی بەم شێوەیەیە: کە پێش ئەوەی داگیرکەری ئێراقی بە قووڵایی 20 کیلۆمەتر گوندەکانی سەر سنوور بۆ نێو ئۆردوگا زۆرەملێکان دابگرێت, ئەمان ویستیان کە هەرچی هێزیان هەیە کە بریتی بوو لە هەزار پیشمەرگە بەرەو بادینان بەڕێی بکەن و لەوی بەهۆی هاوکارانیان لە سووریا و تورکیادا کە لە ڕیکخراوی (دەدەقادە)دا خۆی دەنواند, ژمارەیەکی باش چەك و چۆڵ پەیدا بکەن و کارێکی وا بکەن کە بەر بە داگرتنی گوندەکان بگرن. لە بەرامبەر ئەمانیشدا پارتی دەڵێت: یەکێتی لە ساڵی 1978دا هەرچی هێزی خۆی لە نێوچەی سۆراندا هەبوو کۆکردبووەوە و بۆ لێدان و تواندنەوەی هیزەکانی پارتی کە ئەوسا نێوی (قیادە موەقەتە) بوو, بە فیتی داگیرکەری ئێراقی ناردنی بۆ بادینان, ئێمەش بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆمان و هیزەکانمان بکەین,





ناچار بووین لێیان بدەین. ئەو دوو لایەنە ئەو کارەساتەمان بەو شێوەیە بۆ دەگێڕنەوە, هەر لایەکیشیان هەزار و یەك بڕوبیانوویان پێیە, بەڵام کامیان ڕاستە و تا چ ڕادەیەك بە شێوەیەکی بابەتی ڕووداوەکان تۆمار دەکەن؟!, ئەوە منیش وەکو ئێوە هەمان پرسیارم هەیە؟!. هەرچی چۆنێك بێت کارەساتی هەکاری بووە هۆی کوژرانی سەدان پێشمەرگە و بەپێی ئەو یاداشتانە یان پارتی لێپرسراوی یەکەمە و یەکێتی تاوانی لێکراوە, یان یەکێتی تاوانبارە و پارتیش فریشتەی ئاسمان!!... لەمەوە بڕواننە کێشەی داگیرکردنی هەولێر و پەرلەمان و هەڵگیرساندنی ئەو شەڕە کوردکوژییانەی تاوەکو ئێستی هەزاران کورد, بووەتە سووتەمەنیی... پارتی بە ڕووداوەکانی 31ی ئۆگەستی 1996 دەڵێت: ڕزگارکردنی هەولێر و لە لای خۆیەوە کردوویەتیە ڕۆژیکی پیرۆزی نەتەوەیی؟!, بەو پێیە یەکێکی پارتی کە دەستی لەو ڕووداوانەدا هەیە, گەر لە پاشەڕۆژدا یاداشتەکانی خۆی بنووسیتەوە, هەر بەو پیرۆزییەوە باسی هێنانی لەشکری ئەنفال دەکات. هەر بۆیە ئەم یاداشتانە لە هەندێك جار و باردا گەلێك ترسناکن و دەبێت بە پارێزەوە وەکو سەرچاوەیەکی مێژوویی بەکاربهێنرێت. بەرامبەر ئەمانیش زۆربەی لایەنەکانی تر و نووسەران و ڕووناکبیران, ئەو ڕۆژە بە گەورەترین خیانەت دادەنێن, دیارە هەمان ئەم پێوانەیە بۆ هێنانی سوپای ئێران و شەڕەکانی قڕناقە و پشت ئاشانیش ڕاستە...

نووسینی یاداشت و بیرەوەری، بێجگە لەو دوو هەوڵە بەنرخەی مامۆستایان ئەحمەد خواجە و ڕەفیق حیلمی، بابەتێکی نوێیە لە نووسین و کتێبخانەی کوردیدا. باشترین شێواز بۆ نووسینی ئەو یاداشتانە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی کە باس دەکرێن، نووسەر دێکومێنتیان لەگەڵدا بڵاوبکاتەوە. چونکە ئەو دێکومێنتانە دەبنە گەواهێك بۆ نووسەر و ئاستی نووسینەکەشی دیاریدەکات، کە ئایا نووسینێکی بابەتیی زانستییە یان بیرەوەرییەکی سەرکەشی بێ بناغەی کەسێکە. دیارە بڵاوکردنەوەی ئەو دێکومێنتانەی کە پەیوەست و تایبەتن بە ڕووداوێکەوە، تەمی بێبڕوایی خوێنەر دەڕەوێنێتەوە و نووسەریش بەرەوڕووی تانە و تەشەری خوێنەران نابێتەوە... لەم ڕووەوە دەکرێت بگووترێت کە مامۆستا (فاتیح ڕەسوڵ) کۆمەڵێك دێکومێنتی زۆری لە یاداشتەکانیدا بڵاوکردووەتەوە، کە گەلێك ڕووداوی یاداشتەکانی پشتڕاست کردووە.

ماوەیەکە هەندێك لە نووسەران و ئەو کەسانەی کە لە بزووتنەوەی کوردیدا دەستیان هەبووە، کەوتوونەتە نووسینەوەی یاداشتەکانیان، دیارە ئەوە کارێکی زۆر دڵخۆشکەرانەیە و بەهیوای خەڵکانی تریش چاو لەوان بکەن، چونکە ئەو یاداشتانە دەبنە سەرچاوەیەکی گەلێك گرنگ بۆ مێژوونووسان، تاوەکو بە شێوەیەکی زانستی مێژووی نەتەوەییمان بنووسنەوە. بەڵام بەمەرجێك ئەو سەرچاوانە کە لە هەندێك جاردا لە یاداشت و بیرەوەریی ئەو کەسانەدا خۆیان دەنوێنن، بە ڕاست و دروستی نووسرابێتنەوە. کە ئەمە بەشێوەیەکی بەرچاو لە نیوەی زۆری



وشە پەڕتەوازەکان (بەرگی یەکەم) هاوڕێ باخەوان

ئەو بیرەوەرییانەدا نایانبینین. کاشکی هەموو ئەو کەسانەی خاوەن یاداشت و ئەزموونەکانی ڕۆژگاری ڕابردوون، دەستیان دەدایە پێنووس و کوڵ و کۆڤانی خۆیانیان بۆ تۆمار دەکردین، تۆمارکردنێکی وا کە هەرچی چاك و خراپی خۆیان و بەرامبەرەکانیان هەیە بۆ بنووسینایە و هەروەکو چۆن بیرەوەرییە ڕاستگۆکانی ژان ژاك ڕۆسۆمان دەخوێندەوە، کە نکوڵیی لە زۆرڕۆییە گینسییەکانی خۆشی نەکردووە و تۆماری کردوون. بەو شێوەیەش هەندێك لە ڕابەر و سەرکردەکانی بزووتنەوەی کورد، وازیان لە درۆ و شتی بێ بناغە بهێنایە و بۆ ئێمەیان تۆمار بکردایە. بەداخەوە ئێمە هیچ یاداشتێکی سەرکردە کلاسیکییەکانمان نەبینی، تاوەکو بمانزانییایە کێن و چۆن ڕەفتاریان لەگەڵ ڕووداوەکاندا کردووە. بەڵام بەهیوای ئەوەی بیرەوەرییەکانی ئەم سەرکردانەی ئەم دواییەی بزووتنەوەی کورد ببینین.

نۆڤەمبەری 1997

لاهای – هۆڵندا

سەرچاوەکان:

* غەنی بلوریان – ئاڵەکۆك – ستۆکهۆڵم – 1997.
* کەریمی حیسامی – بیرەوەرییەکانم – سوید – 1986 تا 1994.
* نەوشیروان مستەفا – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ – بەرگی یەکەم – ئەڵمانیا – 1997.

* نەوشیروان مستەفا – پەنجەکان یەکتری دەشکێنن – بەرگی دووەم – ئەڵمانیا – 1998.

* فراسوا هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – لە بڵاوکراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995.

* بیرەوەرییەکانی ئەحمەد تەقی دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و سمکۆ – جەلال تەقی ئامادەی کردووە و پەراوێزی بۆ نووسیوە – سلیمانی – 1998.

* جەلیلی گادانی – 50 ساڵ خەبات، کورتە چیرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەریمی کوردستان – ساڵی چاپی لەسەر نەنووسراوە.

* عەبدوڵڵا حەسەن زادە – نیو سەدە تیکۆشان، ئاوڕیک لە ڕابردووی خەبات و تیکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – 1995.

* گۆڤاری دڵانپار – ژمارە 2 – خولی شەشەم – ساڵی دەیەم – 20\12\1996.

* گۆڤاری دڵانپار – 3و4 – خولی شەشەم – ساڵی دەیەم – 20\12\1996.





* عەبدوڵڵا سۆفی کەریم سەراج – سەربازیکی ون لە تاکە کۆمارەکەی کوردا – یاداشت – چاپی یەکەم – 1995 – بڵاوکراوەکانی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – چاپگەی ئاگری – فینلاند.

* خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا – دەقی چاوپیکەوتن و دەمەتەقییەک لەگەڵ جەرجیس فەتحوڵڵای پاریزەردا – حسین محەمەد عەزیز – 1997 – APEC – سوید، ستۆکهۆلم.

* هەروەها هەندێك سەرچاوەی تر کە نێویان لە وتارەکەدا هاتووە...

# گرنگترین ڕووداوەکانی کوردستان لە دوو هەزارەی ڕابردوودا[1]

* کوردستان وەك ناوچەیەکی گرنگی جوگراف بەدرێژایی مێژوو ڕووداوی مێژوویی بەخۆیەوە دیوە وەك شەڕ و شۆڕ و داگیرکردن و شۆڕش و ڕاپەڕین و ئازادکردن و سەربەخۆبوونی میرنشینان.

هەندێك لەو ڕووداوانە گۆڕانی مێژوویی بەدوای خۆیدا هێناوە و ڕەوتی ڕووداوەکانی بە ئاقارێکی دیکەدا گۆڕیوە. هەندێ لەو ڕووداوانە کورد وەك دانیشتووی ناوچەکە ڕۆڵی خۆی تێدا گێڕاوە، بەڵام لە هەندێکیدا بەشداری نەکردووە ئەگەرچی لەناو ماڵی ئەودا ڕوویانداوە. لەکاتێکیشدا بەرەو هەزارەی سێیەم دەچین بەو بۆنەیەوە بە کورتی سەردێڕی ئەو ڕووداوە گرنگانە دەهێنیتەوە یاد کە لەپێش زایینەوە تاکو کۆتایی سەدەی 19 ڕوویانداوە. ڕووداوەکانی سەدەی بیستەم بەجیا باس دەکەین.

**ڕووداوەکانی پێش زاین**

2649 پ.ز: گۆتیەکان دەستیان بەسە وڵاتی سۆمەر و ئەکاد داگرت.

[1] ئەم نووسینە گۆڤاری گوڵان بەبێ ئاگاداریی من لە هاوڕێنامەوە ئامادەیکردووە، شایانی باسە نەناوی من هێنراوە و نە سەرچاوەکەش بەڕاستی نووسراوە – گوڵان – ژمارە 259 – 30-12-1999 – هەولێر.





2524 پ.ز: پاشەکشەی گۆتیەکان لە باشووری میزۆپۆتامیاوە بۆ کوردستان لە سەردەمی پادشا تیریکان–ی گۆتیدا.

1595 پ.ز: هێرشی کاشییەکان بۆ سەر باشووری وڵاتی میزۆپۆتامیا و گرتنی ئەو ناوچانە. کاشییەکان بۆ ماوەی چوار سەد ساڵ فەرمانڕەوایەتییان تێداکرد.

1300 پ.ز: لە شاری بەڵخ دەوڵەتێکی بچووکی ماد پەیدا بووە و باجی نەداوەتە ئاشوورییەکان.

1098 پ.ز: هێرشی ئاشوورییەکان بۆ سەر کوردستان بەڵام تێکشکان.

885 پ.ز: هێرشێکی دیکەی ئاشوورییەکان بۆ سەر کوردستان.

834–788 پ.ز: هێرشەکانی ماد بۆسەر ئاشوورییەکان.

814 پ.ز: مێژووی دروستکردنی میلەکەی (کێلەشین)ی نێوان ڕواندز و شنۆ کە پاشای خالیدییەکان بە زمانی خالیدی و ئاشووری مێژووی خۆیانی لەسەر تۆمارکردووە.

700 پ.ز: دامەزراندنی دەوڵەتی میدییەکان لە کوردستان.

680 پ.ز: دیاکۆی پاشای میدییەکان میدییەکانی یەکخست.

612 پ.ز: میدییەکان شاری نەینەوایان لە ئاشوورییەکان سەند و خستییانە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

553 پ.ز: تاکو 550: شەڕ لە نێوان پارسەکان و میدییەکان ڕوویدا و لە ئەنجامدا میدییەکان شکان و دەوڵەتەکەشیان ڕووخا.

401 پ.ز: تێپەڕبوونی 10 هەزار سەربازە یۆنانییەکە بە کوردستاندا کە کەزنەفوون–ی مێژوونووسی یۆنانی باسی دەکات کە چاویان بە کاردۆخییەکان کەوتووە و میللەتێکی ئازا و چاونەترس بوونە.

331 پ.ز: ڕوودانی شەڕەکەی نێوان ئەسکەندەری مەکدۆنی و دارای سێیەمی پاشای فارسەکان لە نزیك شاری هەولێر کە بووە هۆی ڕووخانی دەوڵەتی هەخامەنشی. ئەم شەڕە نێوی شەڕی (گەوگەمیلا) بوو. لەو شەڕەدا کوژراوێکی ئەوەندە زۆر کەوتەوە نەکرا تەرمەکان هەمووی بنێژن و سوپای ئەسکەندەر زوو ئەوێی بەجێهێشت, بەڵام کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی یۆنانیەکانەوە.

36 پ.ز: ڕۆمەکان بەسەرۆکایەتی ئەنتوان کوردستانیان داگیرکرد.

**ڕووداوەکانی پاش زایین**

115: ڕۆم و فارسەکان لە هەولێر شەڕیان کرد و لە ئەنجامدا ئیمپراتۆر تراجان–ی ڕۆمی شارەکەی داگیرکرد.

216: کڕاکلا–ی ڕۆمی هەولێری داگیرکردەوە و قەڵاکەی ڕووخاند.

300: شاری هەولێر بووە نێوەندێکی مەزنی ئایینی مەسیحییەکان.

420: سەلجوقییەکان کوردستانیان داگیرکرد.

637: عەرەبە موسڵمانەکان هێرشیان کردە سەر ناوچەی جەلەولای کوردستان و فارسەکانیان لەوێ شکاند. هەر لەو ساڵەشدا شاری موسڵیشیان کۆنترۆڵ کرد.





642: دەسەڵاتی عومەری خەتاب گەیشتە ناوچەی شارەزوور.

730: عەرەبەکان بە تەواوەتی دەستیان گرت بەسەر کوردستاندا.

931: دامەزراندنی دەوڵەتی دۆسکی لەلایەن (دۆستەك) ناوێکەوە کە لە خانەدانەکانی حەمیدی بوو.

959–1015: فەرمانڕەوایی (دەوڵەتی حەسنەوی) لە کوردستاندا.

990–1096: دەوڵەتی مەڕوانییەکان لە کوردستان دروست بوو.

1015: فەرمانڕەوایی شەدادیەکان لە کوردستان ڕووخا.

1029: دامەزراندنی فەرمانڕەوایی کوردە ڕەوادیکان کە شاری تەورێز پایتەختیان بوو. ئەم فەرمانڕەوایەتیە ساڵی 1033 ڕووخا, بەڵام لە هەمان ماوەدا فەرمانڕەوایی شوانکارەی کوردەکان لە وڵاتی فارس دامەزرا.

1071: لە شاری مەلاگز شەڕێکی دژوار لە نێوان سەلجوقیەکان و ڕۆمەکان ڕوویدا. کوردەکان یارمەتی سەلجوقیەکانیان داو ڕۆمەکانیان شکاند و کوردستان بووە داگیرکراوێکی سەلجوقی.

1078: لەدایکبوونی شێخ عەبدولقادری گەیلانی (خوالێی ڕازی بێت) کە پاشان بووە داهێنەری تەریقەتی قادری کە تەریقەتێکی ئایینییە و لە کوردستاندا ئێستاش موریدێکی زۆری هەیە.

1086: سەلجوقیەکان دەوڵەتی دۆسکی–ی کوردیان ڕووخاند.

1142: هێرشی عیمادەدینی زەنکی بۆ سەر هەولێر.

1173: دامەزراندنی فەرمانڕەوایی ئەیوبی لە میسر.

00–03–1193: سەلاحەدینی ئەیوبی کۆچی دوایی کردو لە شام نێژرا.

1198: دەسەڵاتی شەدادیەکان لە ناوچەی ئەریوان رووخا.

1220: میرنشینی ئەردەلان بەبێ کێشە سەری بۆ جەنگیزخان دانواند.

1245: دامەزراندنی حکومەتی (مەلیک کورد) لەلایەن هۆزی کورد گەلیەوە.

1262: دامەزراندنی میرنشینی بادینان لەلایەن (شێخ بەهادین شێخ شەمسەدین)ەوە. هەر بەناوی ئەویشەوە ناونرا بادینان.

1316: تەیمووری لەنگ قەڵای کەرکوکی داگیرکرد.

1342: کتێبی (مەسحەفا رەش)ی یەزیدیەکان نووسرا کە باسی ئاینی یەزیدی و دابونەریتەکانیان دەکات.

1355: رووخانی فەرمانڕەوایی شوانکارەی کوردی.

1401: گەڕانەوەی تەیمووری لەنگ بە کوردستاندا کە هەرچی ئاوەدانی هاتە پێشی کاولی کرد.

1421: رێکەوتنی میرنشینە کوردیەکانی بەدلیس, هەکاری, حەسەنکێف, خێزان) لەگەڵ شارووخ میرزای کوڕی تەیمووری لەنگ تاکو بە ئاشتی بمێننەوە.

23–08–1514: روودانی شەڕی چاڵدیران لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەویدا کە عوسمانیەکان بەسەر سەفەویەکاندا سەرکەوتن و بۆ یەکەمجار کوردستان کرایە دوو بەشەوە.





09–08–1515: میرنشینە کوردەکان بە یارمەتی (مەلا ئیدریسی بەدلیسی) رێکەوتنێکیان لەگەڵ سوڵتان سەلیمی تورك مۆرکرد کە بە ئاشتی بژین, بەڵام تورکەکان پاش 15 ساڵ پەشیمان بوونەوە. مەلا ئیدریسیش لە ساڵی 1520 کۆچی دوایی کرد.

21–03–1590: سەفەرویەکان و عوسمانیەکان لە ئەستەمبوڵ رێکەوتن لەسەر ئەوەی لوڕستان و شارەزوور بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان.

13–08–1597: شەرەفخانی بەدلیسی لە نووسینی بەرگی یەکەمی کتێبی (شەرەفنامە) بووەوە.

1599: تەواوکردنی بەرگی دووەمی کتێبی شەرەفنامە.

1608: داگیرکردنی قەڵای دم دم لە ناوچەی برادۆست لەلایەن شا عەباس—ی سەفەویەوە. ئەو شەڕە چەند مانگێکی خایاند.

1639: بەستنی رێکەوتننامەی زەهاو یان (قەسری شیرین) لەنێوان عوسمانیەکان و سەفەویەکاندا. بەپێی ئەو رێکەوتنە کوردستان بە تەواوەتی و بەشێوەیەکی قانونی دوولەت کراو سنوری دەستکری بەناودا کێشرا.

1655: رووخانی فەرمانڕەوایی بەدلیس.

1663: دەستپێکردنی فەرمانڕەوایی بابانیەکان بە سەرۆکایەتی میر بابا سلێمان و 1669 قەلاچوڵان کرایە پێتەختی میرنشینی بابان.

1784: دروستکردنی شاری سلێمانی لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە کە پایتەختی بابانی لە قەلاچوڵانەوە گواستەوە سلێمانی.

1799: بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی (بێرگ) لە ئەڵمانیا کە باسی کورد و کوردستانی کردووە.

1809: تورکەکان لە سلێمانی کشانەوە و بابانەکان بوونەوە میری شارەکە.

1820-04-01: دەستپێکردنی گەشتەکەی (کلۆدیۆس جیمس ریچ) بۆ کوردستان.

1830: پاشای کۆرە جاڕی سەربەخۆیی داو لە عوسمانیەکان جیابووەوە, هەر لەو ساڵەشدا لە دوای دەوڵەتی عوسمانی نامەیەکیان لەگەڵ یەکتری گۆڕیەوە و ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی پەیوەندیەکانیان بە هێزو پتەو بکەن.

1836: لە ئەنجامی هێرشی تورکەکان بۆ سەر میرنشینی سۆران, پاشای کۆرە لە شاری رواندز خۆی دایە دەست هێزەکانی تورك و ئەوانیش بەدیلی بردیان و لە ساڵی 1837 لە تەرابزۆن شەهیدیان کرد.

1842: (بەدرخان پاشا) جاڕی سەربەخۆیی کوردستانی داو شاری جزیرەی کردە پایتەخت. لە هەمان ساڵدا دراوێکی دەرکردو لە دیوێکی نووسرابوو میری بۆتان و لە دیوەکەی دیکەشی نووسرابوو 1258ی کۆچی واتە 1842ی زایینی.

1843: میر بەدرخان لە باکووری کوردستان شۆڕشی هەڵگیرساند و لە هەمان ساڵیشدا تورکەکان هەردوو میرنشینی بادینان و بۆتان-ی رووخاند.





1847: شۆڕشی بەدرخان تێکشکاو بەدرخانیش خۆی دایە دەست هێزەکانی حافیز پاشای تورکەوەو ئەوانیش رەوانەی دورگەی کریت-یان کرد. پاشان ڕێگەیان پێدا بچێ لە شام دابنیشێ.

1848-11-00: لیژنەی دەستنیشانکردنی سنووری نێوان عێراق و ئێران دەستی بە کارەکانیان کردو بەو جۆرە سنوورێکی رەسمیان بە ناوەڕاستی کوردستان کێشا.

1851: رووخانی میرنشینی بابان بەدەستی تورکەکان کە دوا میریان (عەبدوڵا پاشا) بوو.

1854-12-00: هەڵگیرسانی راپەڕینی یەزدان شێر لە دژی تورکەکان کە ژمارەی هێزەکانی گەیشتە نزیکەی 100 هەزار کەس و توانیان تا شاری موسڵیش ئازاد بکەن. بەڵام لەبەغدا سوپایەك لە دژی یەزدان شێر کۆکرایەوە ئەم شۆڕشە ساڵی 1864 بەردەوام بوو لە ئەنجامدا شکستی هێناو خۆشی کوژرا.

1868: چاپکردنی یەکەم بەرگی شەرەفنامە بە زمانی فەڕەنسی لەلایەن (شارەوا)وە.

- هەر لەو ساڵەدا ئامادەیی موڵکی شاری سلێمانی دامەزرا.

1879: نەوەکانی بەدرخان (حوسێن کەنعان پاشا و عوسمان پاشا) لە جۆلەمێرگ راپەڕین و جاڕی سەربەخۆییان داو زاخۆو ئامێدی و ماردین و میدیان و نوسەیبینیان خستە ژێر رکێفی خۆیانەوە.

1880: هەڵگیرسانی شۆڕشی (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) لە کوردستانی تورکیادا و رۆژنامەکانی (دیلی نیوز, تایمس, وەقت,

حشان, ئەردزاگانك, گۆلەس و کەفکاس و...) باسی ئەو راپەرینەیان کردووە.

لەهەمان ساڵدا شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ئەوەی سەلماند کە دەبێ کورد و دیانەکان بە تەبایی بژین. ئەو شۆڕشە توانی ناوچەکانی مەنگوڕ و لاهیجان و شووشەوان و مهابادو میاندواو رزگار بکات. ئەم شۆڕشە تا ساڵی 1882 بەردەوام بوو پاشان شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بەدیل گیراو رەوانەی مەککە کراو ساڵی 1883ش لە مەککە کۆچی دوایی کرد.

1889: کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن لە تورکیا دامەزراو کۆمەڵێك رۆشنبیری کورد تیایدا بەشدار بوون.

1892: تورکەکان هێرشێکی توندیان کردە سەر یەزیدیەکانی ناوچەی سنجار و شێخان بە بیانووی گەڕاندنەوەیان بۆسەر ئایینی ئیسلام. لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر لە یەزیدیەکان کوژراو لەنێو ولاتاندا دەنگی دایەوەو ولاتانی بێگانە تێکەوتن لە ئەنجامدا دەسەلاتدارانی تورك سەرکردەی سوپاکەیان لەسەر کار لابرد.

1894: تورکەکان بەناوی سنووردانان بۆ سوارەی حەمیدی لیژنەیەکیان ناردە کوردستان کە لە راستیدا بۆ سەرکوتکردنی راپەڕینی دەرسیم بوو کە لەو کاتەدا لە ئارادا بوو.

22-04-1898: دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) لەلایەن میر میقداد مەدحەت بەدرخان. کە لە قاهیرەو لە چاپخانەی (الهلال) دەرچوو. ئەم رۆژنامەیە لە قاهیرەو جنێف و لەندەن





و فۆلکستۆن لە چاپ دراوە, هەموو ساڵێکیش یادی ئەو رۆژە وەك جەژنی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی دەکرێتەوە.

**سەرچاوە:**

**هاورێنامە بۆ کوردستان و کورد 1999**

# چارەنووسی PKK لە باشووری کوردستان و ڕێکەوتنی ئەم دواییەی پارتی و یەکێتی[1]

لاهای – هۆڵندا

پاش دامەزرانی پەرلەمانی باشووری کوردستان لە مانگی مایی 1992دا، یەکێتی و پارتی کە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان و دوو زلهێزی باشووری کوردستان بوون، بۆ ئەوەی باشتر خۆیان لە داگیرکەری تورک نزیك بکەنەوە، بەهۆی بڕیارێکی هەمان پەرلەمانەوە لە هاوینی هەمان ساڵدا ڕەوایەتییان دابە هێرشێکی بەرفراوانی هەردوولایان بۆ سەر هێزەکانی PKK لە ناوچەکانی سنووری پارتیدا (بادینان). ئەم شەڕە ماوەیەکی زۆری خایاند و سەدان چەکداری کورد لە هەر سێ لا کوژران. لەو شەڕە ناڕەوایەدا خوێنی چەکدارە کوژراوەکانی پارتی و یەکێتی لە یەك سەنگەردا و لە دژی PKK تێکەڵ بوون؟!. ئەم یەك سەنگەرییە تاسەر بەردەوام نەبوو، بەڵکو ئەمجارە و بەتایبەتی لە ساڵی 1994ەوە هاوکێشەکە گۆڕانکارییەکی سەیری بەسەردا هات و تەرازووی هێز و سەنگەرەکان جێگۆڕکێی سەیرتریان بەخۆیانەوە بینی! کە دەتوانرێت لە چەند خاڵێکدا چڕوپڕ بکرێتەوە، کە ئەمە گرنگترینیانە:

[1] هەڤوت – ژمارە 18 – ئەپریلی 1999.





- یەکێتی و پارتی هاوسەنگەرییەکەیان نەما، بەڵکو کەوتنە شەڕێکی درێژخایەنی کوردستان وێرانکەرەوە. کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە پارتی پەنا بەرێتە بەر سووپای پەنفال بۆ دەرکردنی یەکێتی لە هەولێر. (سەرچاوەکان وای ڕادەگەیەنن کە تاوەکو ئێستا سێ هەزار کەسیان لە یەکتری کوشتووە).
- یەکێتی و PKK ئەمجارەیان لە دژی پارتی بوونە هاوسەنگەر و کەوتنە پیلانی هێرشی (گەردەلوولی تۆڵە) لە دژی پارتی.
- هەردوو پارتی و یەکێتی بۆ بەهێزکردنی سنووری دەستەڵاتیان پاڵیان دایە ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە. پارتی بە داگیرکەری ئێراق و تورکیاوە، بۆ ڕازیکردنی ئەمەی دوایییان کەوتنە تەك لەشکری تورك لە دژی PKKدا. یەکێتیش بۆ ئەوەی لە دژی پارتی خۆی بە داگیرکەری ئێرانەوە بەهێز بکات، هێرشی ئێرانی بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران – حدکا، ئاسانتر کرد.
- PKKش بۆ بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆی و مانەوەی بنکەکانی لە باشووری کوردستاندا، هەردەم شەڕی نێوان پارتی و یەکێتیی خۆشدەکرد، بەڕادەیەك هەر ڕێکەوتنێکی نێوان ئەو دووانە بە خەنجەرێکی دەزانێت کە لە پشتی خۆی بدرێت.
- قۆناغی نە شەڕ نە ئاشتی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا، بەڵام شەڕی نێوان پارتی و PKK تا ئێستا هەر بەردەوامە.

دەکرێت ئەو خاڵانە زۆر بەکورتی, بە تایبەتمەندییەکانی ئەو ساڵانەی پاش دامەزرانی پەرلەمانی باشووری کوردستان دابنرێت.

لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی شەڕی کوردکوژیی نێوان پارتی و یەکێتییەوە, خەڵکی کورد بەگشتی دژی ئەو شەڕە بووە و کەم تا زۆر هەوڵی دامرکاندنەوەی دراوە. لە کوردستان دەیان خۆپیشاندانی گەورە و چەندین وەفدی ڕۆشنبیران و پیاوماقوڵان و زۆری تر بۆ ئاشتبوونەوەی هەردوولایان ڕێکخراوە و پێکهێنراوە, نووسەران وەك پرۆتستۆکردنی ئەو شەڕە چەندین کتێبی خۆیان لەبەر پارێزگای هەولێردا سووتاند, ژنانی کورد لە سلێمانییەوە بە (پێ) چوون بۆ هەولێر بۆ تکاکردن لە هەر دوولا. لە هەندەران چەندین وەفدی ناوبژیکەر چووەوە کوردستان بۆ ڕێکەوتنەوەی هەردوولا, تەنانەت هەوڵی دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەییش درا. بەڵام پارتی و یەکێتی لە بەڵێنی درۆ زیاتر هیچیان بەو خەڵکە نەگووت. بە کورتی پارتی و یەکێتی گوێیان لە جەماوەر نەگرت و هەر شەڕ بەردەوام بوو یان نە شەڕ نە ئاشتی.

لە پاییزی ئەمساڵدا بەهۆی هەندێك گۆڕانکاری لە خۆرهەڵاتی نێویندا, کە ئەویش بەرزبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان داگیرکەرانی سووریا و تورکیا و ویست و بەرژەوەندیی ئامریکا بۆ ڕێکخستنەوەی پارتی و یەکێتی, هەردوو سەرۆکی هاوڕێ (جەلال و مەسعود) بانگکران بۆ ئامریکا و بە ئامادەبوونی (دێڤید وێڵش)ی نوێنەری ئامریکا لە بنکەی



وشه پەرتەوازەکان (بەرگی یەکەم) هاوڕێ باخەوان

وەزارەتی دەرەوە, پارتی و یەکێتی پەیمانی ئاشتییان مۆرکرد و پاشان چاویشییان بە وەزیری دەرەوە (مادلین ئۆڵبرایت) کەوت.

یەکێتی و پارتی بە درێژایی شەش ساڵ هیچ وەڵامێکی خەڵکی کوردیان نەدایەوە, تاوەکو کۆتایی بە شەڕی نێوانیان بهێنن. بەڵام بە بانگهێشتنی ئامریکا لە واشنتۆن دەستیان خستە ناو دەستی یەکترەوە.

گەلێك جاران پارتی و یەکێتی ئاگربەستیان مۆر کردووە و پاشان کەوتوونەتەوە شەڕ و دیسانەوە ڕێکەوتن و هەمدیسانەوە شەڕ... بەڵام دەتوانین بڵێین کە ڕێکەوتنی ئەم دواییەیان گەلێك لەوانی پێشوو (سەرەتا کە گوێ بیستی بووین) دڵخۆشکەرترە, لەبەر چەند هۆیەك, کە ئەوانیش ڕێکەوتنی ئەمجارەیان لەسەر دەست و بە نێوبژیی زلهێزێکی وەکو ئامریکایە و لەوانەیە لە ڕێکەوتنەکانی پێشووتریان کاریگەرتر و درێژخایەنتر بێت, (بەداخەوە هەڵبەت هەتا هەتایی نییە). هۆیەکی تری گرنگیی ئەو ڕێکەوتننامەیە دانپیانانێکی نێودەوڵەتییە بە کێشەی لەبیرکراوی کورد. کە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لایەنێکی مەزنی وەکو ئامریکا ببێتە نێوبژیکاری دوولایەنی ڕکەبەری کورد و لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا و بە ئامادەبوونی خودی وەزیر ڕێکەوتننامەی ئاشتی ئاشکرا بکەن. کە ئەمە ڕووداوێکە پێشتر ڕووینەداوە. هەروەها هەردوولا بەڵێنی ئەوەشیاندا کە لە مانگی ژونی 1999دا هەڵبژاردن سازبکەن بۆ دامەزراندنی پەرلەمان و ڕازیبوونیان بە سەرەنجامی هەڵبژارنەکە.

ئامریکا لە جەختکردنە سەر ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی مەبەستی بەرژەوەندیی کورد نییە, ئەگەرچی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە چاکەیەك بۆ کورد دەشکێتەوە و ئاوێکە و بە ئاگری کورد کوژیدا دەکرێت. بەڵکو جگە لە بەرژەوەندیی ئامریکا خۆی بۆ ئەو ڕێکەوتننامەیە, بەرژەوەندیی تورکیای دۆستی ئامریکا لە پلە یەکدا تێخوێندراوەتەوە.

داگیرکەری تورك ماوەیەکی زۆرە PKK کێشەیەکی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی بۆ دروست کردووە. ساڵ نییە سەرۆك کۆمار و سەرەك وەزیران و ژێنەڕاڵەکانی تورك بەڵێنی ئەوە بە تورك و بە جیهان نەدەن, کە بە گووتەی خۆیان ساڵی ئایندە PKK بە تەواوەتی لەناو دەبرێت!, بەڵام ساڵی داهاتوو دێت, کەچی PKK یان لە جێی خۆیەتی یان بەهێزتر بووە!. هەر بۆیە تورك بە یارمەتی ئامریکا دەیەوێت بەشێوەیەکی تر کێشەکەی لەگەڵ PKKدا چارەسەر بکات. لەبەرئەوەی تورك تاوەکو ئێستا نیازی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی نییە و هەر گفتوگۆیەکیش لەگەڵ PKKدا بە تابوو دەزانێت چونکە ساڵانێکی زۆرە بە تیرۆریست نێویان دەبات و تەنانەت ڕای گشتیی جیهانیشی چەواشە کردووە, کە ئەوانیش بە تیرۆریستی بزانن. هەر بۆیە تورك ناچار بوو بەهۆی بەرزکردنەوەی کێشەکەی لە مانگی ئۆکتۆبەری 1998دا لەگەڵ سووریادا بکەوێتە چارەسەر و پشتگیرییەکی نێونەتەوەیی بۆ دوایی هێنان یاخود لاوازکردنی PKK. لەمەدا تورك سەرکەوتنێکی کەمی بەدەست هێنا و سووریای ناچارکرد کە مل بۆ ڕێکەوتننامەیەك بدات کە





چیدی هاوکاریی PKK نەکات و لە سنووری سووریاوە هیچ هێرشێك لە لایەن PKKەوە نەکرێتە سەر تورکیا, هەروەها بەهۆی ئەم ڕێکەوتننامەیەشەوە (عەبدوڵڵا ئوجەلان) ناچار بوو کە سووریا بەجێبهێڵێت و بنکەی سەرۆکایەتیی PKK بۆ ماوەیەکی کاتی بگوێزێتەوە بۆ مۆسکۆ و پاشان چوونی ئاپۆ بۆ ئیتالیا و یۆنان و کینیا و ڕوودانی کارەساتی ڕفاندنەکەی.

ڕێکەوتننامەکەی نێوان داگیرکەرانی سووریا و تورکیا کە لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری 1998دا بەسترا, ڕێکەوتننامەیەکی کاتییە و هێشتا کێشەی نێوان ئەو دوو داگیرکەرە لەسەر PKK و کێشەی ئاوی فورات بەتەواوەتی بنەبڕ نەکراوە و ئەگەری پووچەڵکردنەوەی گەلێك زۆرە و بەو شێوەیە PKKش هەمان یارمەتیی داگیرکەری سووریی دەبێتەوە.

پاش چارەسەری کاتیی کێشەی نێوان داگیرکەرانی سووری و تورکی لەسەر PKK, لە ڕۆژی 6–11–1998, جێگری سەرۆك وەزیرانی تورك لە تەلەفزیۆنی MBCیەوە هەڕەشەی ئەوەی لە ئێران کرد کە یارمەتیی PKK دەدات و لە ناوچە سنوورییەکانییەوە PKK هێرش دەکەنە سەر بنکەکانی تورك. هەروەها سەرۆك وەزیری جێگر, ئێرانیشی بەوە تاوانبار کرد کە دەیەوێت شۆڕشی ئیسلامی بنێرێتە دەرەوە و تورکیا بگرێتەوە, چونکە هاوکات لەگەڵ هەڕەشەکەی تورکدا, خۆپیشاندانێکی گەورەی موسڵمانە زۆرڕەوە تورکەکان لە هەمان ڕۆژدا لە ئەستەمبوڵ و شارەکانی تردا ڕوویدا و لەلایەن پۆلیسەوە سەرکووتکرا. داگیرکەری تورك دەیەوێت هەروەك چۆن

لەگەڵ داگیرکەی سووریدا کێشەکەی تاڕادەیەك (ئەگەرچی کاتیش بێت) چارەسەر کرد, هەر ئاواش لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی لەگەڵ داگیرکەری ئێراندا چارەسەری بکات, تاوەکو یارمەتیی ئێران لە PKK ببڕێت. بەڵام سەرکەوتنی تورك لەمەیاندا گەلێك کەمترە ئەگەر بەراوورد بکرێت بە داگیرکەری سووری. چونکە داگیرکەری سووری لە چاو داگیرکەری تورکدا ئابوورییەك و هێزێکی سەربازیی لاوازی هەیە و لە سەروو ئەمانەشەوە داگیرکەی سووری دەبێت هەردەم بەهۆی هاوسنوورییی لەگەڵ ئیسرائیل و لوبناندا هۆشیاری ئەو بەرە مێژووییە بێت و کردنەوەی بەرەیەکی جەنگی چ ڕامیاری چ سەربازی لەگەڵ داگیرکەری تورکدا بردنەوەی ئەستەم دەبێت و هەر بە خراپە بۆ داگیرکەری سووری دەشکێتەوە. هەربۆیە ملی بۆ ئەو ڕێکەوتنەدا.

داگیرکەری تورك لەگەڵ داگیرکەری ئێراقیشدا کێشەی PKKی هەیە, بەوەی کە PKKهەندێك بنکەی سەربازیی لە ناوچەکانی موسڵ هەیە و داگیرکەری ئێراقی یارمەتیی سەربازیی PKKدەدات. بەڵام داگیرکەری ئێراقی زۆر لەوە لاوازترە کە داگیرکەری تورك بیری لێ بکاتەوە, چونکە داگیرکەری ئێراقی هیچ دەستەڵاتێکی ڕاستەوخۆی بەسەر باشووری کوردستاندا نییە, کە بووەتە دڵی هێزەکانی PKK و زۆرینەی هێرشەکانی PKK بۆ سەر بنکەکانی تورك لە باشووری کوردستانەوەیە. هەربۆیە باشووری کوردستان و هەردوو هێزی بەڕێوەبەری کە (پارتی و یەکێتی)ن, دەبوایە بێنە ناو ئەم بازنەیەی تورك و ئامریکاوە کە مەبەستی لەناوبردن یان لاوازکردنی PKKیە.





بەڵام بۆچی پارتی و یەکێتی بێنە نێو ئەم کێشەیەوە؟, ئەگەرچی تا ئێستا پارتی لە دژی PKK دەجەنگێت و سوپای تورکیش چەندین جار بەنێو هێزەکانی پارتیدا هێرش دەکەنە سەر PKK و یارمەتیی زۆریشییان لە پارتی وەرگرتووە.

داگیرکەری تورك و ئامریکا لەو بڕوایەدان کە تورك تەنها بە هاوپەیمانیی پارتی ناتوانێت هێزەکانی PKK لە ناوچەکەدا بکاتە دەرەوە, چونکە با لە ناوچەکانی ژێردەستی پارتیدا بنەبڕ بکرێن, بەڵام لە ناوچەکانی ژێردەستی یەکێتیدا لە بەهێزبووندان و بنکەیەکی ڕاهێنانی سەربازیی گەورەشیان لە ناوچەی (قۆپیی قەراخ) دامەزراندبوو. داگیرکەری تورك بیر لەوە دەکاتەوە کە جارێکی تر ڕووداوەکانی ساڵی 1992 دووبارە بکاتەوە. بەوەی کە پارتی و یەکێتی شانبەشانی یەکتری هێرش بکەنە سەر PKK و هێزەکانی تورکیش هێرش بکەنە سەر تەواوی باشووری کوردستان و یارمەتیی پارتی و یەکێتی بدەن تا سەر سنوورەکانی داگیرکەری ئێرانی. کە ئەمەیان تاڕادەیەك ئامانجی یەکێك لە خاڵەکانی ڕێکەوتنەکەی پارتی و یەکێتییە لە واشەنتۆن. بەو پێیە هێزەکانی تورك ئەو کاتە دەتوانێت تا ناوچەکانی سلێمانیش پێشڕەوی بکات و PKKش ئاودیوی ئێران بکرێت. بەهاتنەدیی ئەم ئاواتەی تورك سنوورەکانی سووریا و ئێراقی لە PKK قەدەغە کردووە و تەنها ئێرانی دەمێنێت, کە ئەویش هەر لە کارکردندایە بۆی تاوەکو شانبەشانی ئامریکا و ئیسرائیل کێشەکەی لەگەڵ ئەویشدا بەرز دەکاتەوە و تاوەکو چارەیەکی ئەو سنوورانەش دەکات.

ئەوانە یەکێك لە ئامانجەکانی ڕێکەوتننامەکەی نێوان پارتی و یەکێتی بوون. کە چەندێك سوودی بۆ باشووری کوردستان تێدایە, بەوەی چارەسەرێکی کاتیی شەڕی براکوژی دەکرێت و سەرلەنوێ هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی هەموو پارتەکان دەکرێت و بۆ ماوەیەك ئاساییش دەکەوێتە ناوچەکەوە, تاوەکو هێرش بۆسەر PKK دەست پێدەکات. ئەو کاتە ئەو هێرشەی هێزەکانی باشوور و داگیرکەری تورك بۆسەر PKK دەبێتە هۆی تێکدانی ئاساییشی ناوچەکە و زیانێکی گەورەش بە PKK و بزووتنەوەی کورد لە باکوردا دەگەیەنێت.

جێبەجێکردنی ئەم پیلانەی تورك تەنها بە یارمەتیی هێزەکانی باشووری کوردستانەوە دەبێت کە سوودێکی گەورەی بۆ داگیرکەری تورك تێدایە و زیانێکی نەتەوەیی گەورەشە بۆ نەتەوەکەمان.

دووبارە کردنەوەی ڕووداوەکانی هاوینی 1992 لەلایەن هێزەکانی باشووری کوردستانەوە و یارمەتیدانی داگیرکەری تورك, خیانەتێکی نەتەوەیی گەورەیە و دەبێت هەردوو زلهێزەکەی باشووری کوردستان باشتر بیر لەو خاڵەی ڕێکەوتننامەکە بکەنەوە کە ڕێگا بە هێزەکانی PKK نەدەن لە باشووری کوردستاندا بن و سنووری تورکی بپارێزن, چونکە ئەوان (پاسەوانی سنووری تورك) نین. هەڵبەت بوونی هێزەکانی PKK لە باشووردا بووەتە هۆی نائارامیی زیاتری ناوچەکە و خۆشکردنی زۆرتری ئاگری نێوان پارتی و یەکێتی. بەڵام هێرشی هەردوولای پارتی و یەکێتی بەشانبەشانی داگیرکەری تورك بۆسەر PKK چارەسەری کێشەکان ناکات و هەرگیز ناتوانێت PKK بەتەواوەتی لەو سنوورانەدا





بنەبڕ بکات. بەڵکو چارەسەری ئەو کێشانە, تەنها بە گفتوگۆی ئاشتییانەی هەر سێ لای (پارتی و یەکێتی و PKK) چارەسەر دەکرێت, بەڵام بەو مەرجەی سەرکردایەتیی ئەو سێ هێزە گەیشتبنە ئەو هۆشە ڕامیاری و هەستە کوردایەتییە و ئاستە شارستانییە و پێویستیشە کە PKK لەم دانوستاندنانەدا دەست پێشکەر بێت, چونکە بوونی ئەو لە باشووری وڵاتدا ئاساییشی ناوچەکەی تێکداوە و بەهۆی ئەو پیلانەی تورکەوە بەرەوڕووی مەترسییەکی گەورە بووەتەوە, هەڵبەت PKK دەمێکە هەستی بەمە کردووە, هەر بۆیە نێوانیان لەگەڵ یەکێتیدا ساردبووەتەوە و بە هەموو شێوەیەك دژی ڕێکەوتننامەی واشنتۆنن و لە شاری سلێمانیدا کەوتوونەتە نانەوەی ئاژاوە و پشێوی, بەوەی کە بۆمبایەکیان لە مزگەوتی (حسێنییە)دا تەقاندەوە و ڕۆژانە بەیانەکانی PKK بەشاردا هەڵدەواسن و ڕەگەزەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا لە دژی ڕێکەوتننامەکە هان دەدەن.

ڕێکەوتننامەی پارتی و یەکێتی ئەگەرچی تاوەکو ئێستا هەر لە دانوستاندایە و هێشتا جێبەجێ نەکراوە. بەڵام بەهۆیەوە باشووری کوردستان و ناوچەکە دەچێتە هەنگامێکی ترەوە. بەڵام ئایا بەرەو باشتر یان خراپتر؟! یان بە پێچەوانەوە.... ئەمانە چەند پرسێکن کە پێویستە لە خۆمانی بکەین و بەرەوڕووی سەرانی ئەو پارتە کوردستانییانەی بکەینەوە...

بەهیوای ئەوەی کە ڕێکەوتننامەکە ئاشتییەکی سەرتاسەری و هێنانەکایەی ژیانێکی ئازاد و یەکسان بێت.

# ئایا ئنتەرنێت سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە؟![1]

لاهای – هۆڵندا

ئنتەرنێت Internet ئەو کەناڵە نوێیەیە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان بۆ وەدەستخستنی زانیاری بەکاردەهێنرێت, بەڕادەیەك وای لێهاتووە کە لای کەسانێك جگە لە ئنتەرنێت هیچ کەناڵێکی راگەیاندنی تر بۆ زانیاری وەدەستخستن بەکارناهێنرێت.

هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ئنتەرنێتەوە و بڵاوبوونەوەی بەنێو خەڵکی ئاساییدا, مشتومڕێکی زۆر لەسەر باوەڕپێکراوێتیی پەیدابووە. چونکە ئەمیش وەك گۆڤار و رۆژنامە و رادیۆ و تەلەڤزیۆن و کەناڵەکانی تری راگەیاندن سەرچاوەیەکە بۆ زانیاری پەخشکردن و گۆڕینەوەی بیروڕا و شمەك کڕین و زۆر کاری سەیری تر. بەڵام ئەو زانیارییانەی کە لە ئنتەرنێتدا بەرچاومان دەکەوێت تا چ رادەیەك سەلمێنراو و باوەڕپێکراون؟ ئەوەیان جێگای گومان و گفتوگۆیەکی زۆرە.

[1] گۆڤاری هەڤوت – ژمارە 21 – مایی 2000.

تێبینی: ئەم وتارە کاتی خۆی نێردرا بۆ رۆژنامەی ئاڵای ئازادی, بەڵام لەبڵاوکردنەوەی دڵنیا نیم, چونکە لەو ماوەیەدا ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیەم بەدەست نەدەگەیشت. (وشە پەڕتەوازەکان).





ماوەیەك هەندێك لە نووسەرانی کورد (ئنتەرنێت) وەك سەرچاوەیەك بۆ نووسینەکانیان بەکاردەهێنن, یاخود وتارێك یان کورتە باسێك یا هەواڵێك وەردەگێڕنە سەر زمانی شیرینی کوردی و بۆ سەرچاوەی وتارەکەیان ئاماژە بۆ ئنتەرنێت دەکەن یان دەنووسرێت ((لە ئەنتەرنێتەوە))؟!. هەندێك لە وتارەکانی ئەم دواییەی رۆژنامەی بەڕێزی (ئاڵای ئازادی) باشترین نموونەن.

بردنەوەی سەرچاوەیەکی نووسینێك یان وەرگێڕدراوێك بۆ ئنتەرنێت, کارێکی زانستانەیە, چونکە ئنتەرنێت کەناڵێکی گشتییە و دۆزینەوەی ئەو سەرچاوەیە لە نێو دەریای ئنتەرنێتدا کارێکی لەوانەیە ئەستەم بێت و جگە لە نووسەر یان وەرگێڕ کەس نازانێت ئەو زانیارییە لە چ (وێب سایت)ێکەوە Web site وەرگیراوە, یان لەوانەیە کەسانێك کە بەرێکەوت چاویان بەو لاپەڕانە کەوتبێت.

هەروەك چۆن کتێبخانەی گشتیی دهۆك و کتێبخانەی گشتیی لەندەن و پاریس بەشێوەیەکی گشتی نابنە سەرچاوە بۆ (سیتات)ی نووسینێك, بەڵکو کەرەستەیەکی دیاریکراوی نێو ئەو کتێبخانانە بە پێناسەی تەواوییەوە (لەوانە: ناوی کەرەستەکە, ساڵی دەرچوونی, نووسەری, ژمارەی لاپەڕەکەی و هتد), ئنجا ئایا پەڕتووك بێت یان گۆڤار یان هەر شتێکی تر, دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی نووسینێك. ئنتەرنێتیش بەو شێوەیە نابێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی نووسینێك, چونکە سەرچاوەیەکی زۆر گشتییە و دیارینەکراوە. ئەگەرچی بەراوردی کتێبخانەکە لە هەندێك باردا

باوەڕپێکراوترە و هەرچەندیشە ناوی سەرچاوەیەکی دیاریکراوی نەبراوە. بەڵام کتێبخانەکە راستییەکی جێگیرە و رۆژ بە رۆژ لە فراوانبووندایە و بەبێ ئەوەی هیچی لێ کەم ببێتەوە (هەڵبەت جگە لە رووداوەکانی سووتان و دزی و قەدەکردن و هیی تر).

دیارە ناوبردنی کتێبخانەیەک بەگشتی وەک سەرچاوەی نووسینێک کارێکی نازانستییانەیە، بەڵام ئەمە وەک نموونەیەک بوو بۆ بەراووردکردنی بە ئنتەرنێت.

ئنتەرنێت ناجێگیرترین سەرچاوەی زانیارییە چونکە خاوەن دۆماینەکان Domain یاخود وێبەکان رۆژ بە رۆژ لاپەڕەکانیان دەگۆڕن، کەمی دەکەنەوە یان زۆرتری دەکەن یان هەندێک جار بەتەواوەتی کۆمەڵێک لاپەڕەی زۆر لادەبەن و ئیدی کەس ناتوانێت بیانبینێتەوە.

نموونەیەکی ئەم ناجێگیرییەی ئنتەرنێت ژمارەی ئەو لاپەڕانەیە لەسەر کوردستان و کورد، لە مانگی مارتدا بەپێی (بەرنامە یان وێبی گەڕان) Search engine ی ئەلتاڤیستا com.altavista.www نزیکەی 32.800 لاپەڕە لەسەر کورد هەبووە کەچی لە مانگی ئاپریلدا 62.972 لاپەڕە هەیە و ئەم ژمارانە بەردەوام لە بەرز و نزمیدان و لەوانەیە لە مانگی داهاتوودا هەزاران لاپەڕە کەم یان زۆرتر ببێت.

سەرچاوەی زانستی بۆ هەر نووسینێک دەبێت باوەڕپێکراو بێت کە ئەمە یەکێکە لە مەرجەکانی باسی زانستی. بەو پێیە هەر کەسێک ویستی بچێتەوە سەر سەرچاوەی بەکارهێنراو پێویستە بتوانێت دەستی





بکەوێت، بەڵام ئەمە لە Word Wide Webدا ناگونجێت. هەربۆیە ئنتەرنێت سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو نییە و دەبێت نووسەرە بەڕێزەکانمان بە پارێزەوە ئاماژەی بۆ بکەن، یان چ نەبێت ناوی ئەو وێبسایتە و ئەو رۆژەی کە لێی وەرگیراوە بهێنرێت. هەرچەندە ئەمەش نایکاتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بەڵام لە ڕستەی (لە ئنتەرنێتەوە) باشترە کە چوونەوە سەری و دۆزینەوەی ئەستەمە، ئەمە ئەگەر ئەو لاپەڕانە نەمردبێتن و هێشتا لەسەر وێبسێرڤەرێک Web server هەڵبسووڕێن. سەربارى ئەوەش ئەگەر ئەو لاپەڕانە لەلای یەکێک لە Search engine ەکان نێونووس نەکرابێتن ئەوا هەر نادۆزرێنەوە، مەگەر ئەدرەسی تەواوی ئەو لاپەڕەیە لەبەردەستدا بێت. هەر بۆیە ئنتەرنێت سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو نییە...

1999-05-04

# هەڤپەیڤینێك لەگەڵ هاوڕێ باخەوان (بەشی یەکەم)

ئامادەکردنی ئاکۆ گەردی

## بەشی یەکەم: ئەوروپا[1]

*هاوڕێ باخەوان, ڕۆشنبیرێکی لێزان و هاوبیرێکی هزرمەندی ڕێبازی نەتەوەیی کوردییە و, دەرچووی کۆلیژی یاسا و رامیاری زانکۆی موسڵە و خاوەن چەندین پەرتوك و لێکۆڵینەوە و وتاری بڵاوکراوەیە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی نێوخۆ و دەرەوەی کوردستاندا. لەکاتی سەردانەوەی ئەمجارەدا لە هۆڵنداوە بۆ باشووری کوردستان لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەڤانیدا دەربارەی دیرۆك و پێکهاتەی سیاسی وڵاتی هۆڵەندا و چەندین پرسی نەتەوەیی کوردی ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵدا سازکرد.*

هەڤپەیڤین: سەرنووسەر

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 90 – 21–3–2001 – بەشی یەکەم – هەولێر – کوردستان.





*** ئەگەر بکرێت کورتەیەك دەربارەی مێژوو و سیستەمی سیاسیی هۆڵندا و چۆنیەتیی سیاسەتی مامەڵەکردنی هۆڵندا لەگەڵ کێشەکانی جیهاندا ڕوون بکەنەوە؟.**

لە زۆر کات و باردا مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی هۆڵندام وەك تارادەیەك کوردستان دێتە بەرچاو. هۆڵندا بریتی بووە لە چەند میرنشینێك و هەریەکەیان نێوچەیەکی کەمیان کۆنترۆڵ کردووە و دژایەتیی یەکترییان کردووە. پاشان ( فان ئۆڕانیا — van Oranja) ناوێك ئەم میرنشینانەی ڕێکخستووە و وڵاتێکی پادشانشینی لێپێکهێناوە. شاژنی ئێستای هۆڵندا (بیاتریکس) نەوەی ئەو فان ئۆڕانیایەیە.

دیارە ئێمەش وەك ئەوان میرنشینمان هەبووە و هەریەکەشیان دژایەتیی یەکتریان کردووە, بەڵام ڕەوەندی مێژوو زۆرجار ڕێکەوت و ڕووداوی سەیر بەئارەزووی خۆی گوزەری پێدەکات. مەبەستم لە بەراووردکردنی هەوڵەکانی (فان ئۆڕانیا) و میر پاشا کۆرە و میر بەدرخانی خۆمانە, کە چۆن هەوڵی بابای هۆڵندی ئەو دەوڵەتە بەهێزە شارستانییەی لێپێك دێت و ئەو دوو هەوڵەی لەمەڕ نەتەوەکەی ئێمەش بەو دەردەچوو کە ئێوە لە من باشتری دەزانن.

پرسیاری یەکەمی بەڕێزتان لە ڕاستیدا سێ پرسیار و سێ وەڵامی درێژە. نامەوێت لە یەکەمین پرسیارەوە بە درێژدادڕی دەست پێبکەم, بەڵام تەنها نموونەی ئەو میرنشینانەی هۆڵندام بەپێویست زانی بۆ بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان.

سیستمی ڕامیاریی هۆڵندا جگە لەلایەنی پادشایەتییەکەی کە بووەتە دابونەریتێکی ڕامیاریی هۆڵندا, بەڵام ئەم خێزانە شاهانەیە جگە لەوەی مانگانە باجی مفتی خۆیان لە دەوڵەت وەردەگرن و بەشداریی بۆنە نەتەوەییەکانی هۆڵندا دەکەن, بەشێوەیەکی بەرچاو دەست ناخەنە نێو کاروباری ڕامیاریی وڵاتەوە.

هۆڵندا پەرلەمانێك بەرێوەی دەبات کە پێی دەگوترێت (ژووری دووەم — Tweede Kamer) و سەرۆکی حکومەتیش, سەرۆکی وەزیرانە و دەتوانین بڵێین سیستمێکی سۆشیالیست — دیموکراتییە و گرنگترینی ئەو پارتە ڕامیارییانەشی کە ژووری دووەم پێکدێنن (PVDA, D66 و CDA)ن.

وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا سەرمایەدارین و نێوەندی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشەکانی جیهاندا تەنها سەرمایە و بەرژەوەندییە. بەڵام ئەم ڕاستینەی مامەڵەیەیان بە ڕووپۆشی درۆی مافی مرۆڤ و پاراستنی ئاژەڵ و قەدەغەکردنی فەرۆ و ڕاوکردن و شتی ترەوە ڕووپۆش دەکەن کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدا ناوەستێتەوە کە وڵاتێکی وەك هۆڵندا شانبەشانی ئەڵمانیا و هیی تر بەشدارن لە کیمیابارانەکەی ساڵی 1988ی هەڵەبجەدا. چونکە هۆڵنداش یارمەتیی داگیرکەری ئێراقیی بە چەکی فرەکوژ داوە.

هەرچۆنێك بێت هۆڵندا وەك وڵاتێکی دەوڵەمەندی ئەوروپای خۆرئاوا و ئەندامێکی چالاکی ئەوروپای هاوبەش کەم تا زۆر هێزکاری لەسەر کێشە





نێودەوڵەتییەکان هەیە, بەتایبەتی وڵاتانی (سورینام و ئەندەنووسیا و ئەروبا) چونکە ئەم سێ وڵاتە سەردەمانێکی زۆر کۆڵۆنیی هۆڵندا بوون.

*** وڵات و گەلی هۆڵەندی بەچ تایبەتمەندییەکەوە ناسراوە؟**

هۆڵندا وڵاتێکی بچووکی دەوڵەمەندە. هەرچەندە پرسیارەکە زۆر گشتییە, بەڵام هۆڵندا وڵاتێکی تاڕادەیەك گشتگرە و لە پیشەسازی و کشتوکاڵدا لە تۆپەکاندایە و پێم وابێت هەموومان مێرکی فیلیپس و بەروبوومی شیریی هۆڵندیمان ئەگەر نەبینیبێت و نەچەشتبێت, ئەوا بیستووە.

گەلی هۆڵندی, یەکێکە لە گەلە شارستانییەکانی جیهان. ئەم گەلە یەکێکن لە قوربانییەکانی جەنگی جیهانیی دووەم, کە وڵاتەکەیان لەلایەن ئەڵمانیای دراوسێیانەوە داگیر و کاولکرا, هەربۆیە ئەم گەلە تاوەکو ئێستاش ترسی شەڕ و کاولکاری لە دڵیاندا ماوە, بەتایبەتی لە نێو نەوەی پێشوویاندا.

بەڵام لەماوەی ئەم نیوسەدەیەی دواییدا توانیویانە وڵاتەکەیان بەباشترین شێوە دروستبکەنەوە, تێڕامێنن کە ئەڵمانیا لە جەنگی جیهانیی دووەمدا شاری ڕۆتەردامی بەتەواوەتی تەختکرد. دڵسۆزیی ئەم گەلە بۆ وڵاتەکەی لەوەدایە کە لەو ماوەیەدا جگە لەوەی کە شاری ڕۆتەردامیان دروستکردەوە, بەڵکو کردیشیانە گەورەترین بەندەری جیهان و ئێستا یەکێکە لە شارە گەورەکانی ئەوروپا و جیهان.

*** نێوەندەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی هۆڵەندی چین؟**

بەبێ دوودڵی گرنگترینیان ڕاگەیاندن و پارتە ڕامیارییەکانە. ئەمانە کێشەیەك بەرزدەکەنەوە بۆ ژووری دووەم و پاش دانوستاندنی تەواو یان دەکرێتە بڕیارێکی ڕامیاری یان هەڵدەپەسێردرێت, یاخود دوادەخرێت.

*** سەرەتاکانی ناسینی کورد لەلایەن هۆڵەندییەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ چ کاتێك؟**

ئەگەر بەراووردی هۆڵەندا بە بەریتانیا و ڕووسیا و ئەڵمانیا و هەندێك وڵاتی تر بکەین, ئەوا دەتوانین بڵێین کە کوردناسی لە هۆڵەندادا نوێیە, چونکە کورد لەم سی ساڵەی دواییدا نەبێت ڕێی نەکەوتۆتە هۆڵەندا و ئەوەشی من بیستبێتم یەکەمین کەسی ناسراوی هۆڵەندی کە هاتبێتە کوردستانەوە (دیارە بەمەبەستی تاڕادەیەك کوردناسی) ناوی (پیت میوللەر) بووە لە هەفتاکاندا. ئەم کابرایە بە گەشتێکی دیدەوانی هاتووەتە باشووری کوردستان و چاوی بە بارزانی کەوتووە. ئنجا ئایا مەبەستی ئەو گەشتەی چی بووە؟ ئەوەیان هەریەك بەجۆرێك باسی دەکات. ئەم کابرایە تاوەکو ئێستێش ماوە و بڵاوکراوەی (کوردستان کوریر – پەیامبەری کوردستان) بەزمانی هۆڵەندی دەردەکات, کە دەنگوباسەکانی کوردستان بە زمانی هۆڵەندی بڵاودەکاتەوە.





پاش ئەو (مارتن فان بڕاونسن)یش گەشتێکی بۆ کوردستان کردووە و پەڕتووکی (ئاغا و شێخ و دەوڵەت)ی بەزمانی ئەڵمانی لەسەر کوردستان نووسیوە.

ئێستا لە هۆڵندا لەبەرئەوەی کوردێکی زۆر ڕووی تێکردووە و بەهۆی ڕووداوەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و جەنگی کەنداوی دووەمەوە, زۆرینەی خەڵکی هۆڵندی کورد دەناسن.

دیارە پێش (پیت میوللەر و مارتن فان بڕاونسن), خەڵکانی تری هۆڵەندی چوونەتە کوردستان, بەڵام ئەوانە بەهۆی بازرگانی و کڵێسەوە چوونەتە کوردستان و هیچ نووسینێکی ئەوتۆیان لەسەر کوردستان بڵاونەکردووەتەوە. هەروەها لە کتێبی کوردناسیشدا باسێکی ئەوتۆی هۆڵندا نەکراوە.

*** بەبیروڕای ئێوە ڕەڤەندی کوردی چۆن دەتوانێت ببێتە کۆمەڵێکی فشار و بنەماکانی دروستبوونی لۆبی کوردی لە ئەوروپادا چین؟**

دەربارەی لۆبیی کورد (لێکۆڵینەوەیەکی کورتی مەیدانی)م هەیە هەر بەناوی (لۆبیی کورد)ەوە و ئەم باسە باسێکی گرنگ و درێژە. با لەبەشی دووەمی پرسیارەکەتانەوە دەست پێبکەم.

بنەماکانی لۆبیی کورد نەك هەر تەنها لە ئەوروپا بەڵکو لە هەندەران بریتین لە:

- ژمارەیەکی بەرچاوی کورد لە دەرەوە.

- خۆبەستنەوەی ئەم کوردانە بە کوردستانەوە و لە هەمان کاتیشدا تێکەڵاوبوونی کۆمەڵگە هەندەرانییەکان.
- بوونی چەند ڕێکخراوێکی بەهێزی (تەبا) لەنێویەکدا.
- خەڵکی کورد ببێتە خاوەنی کایەی پێکهێنانی سەرمایە لە هەندەراندا.
- بەشداریی خەڵکی کورد لە سیاسەتی وڵاتانی دەرەوەدا, بۆ نموونە بوونە ئەندامی پارتە ڕامیارییە هەندەرانییەکان, خۆهەڵبژاردنیان بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی و پەرلەمان, بوونە وەزیر و ئەگەر بکرێت بەرزتریش. (جوولەکەکان لەم خاڵەدا سەرکەوتنێکی باشیان بەدەستهێناوە).

ئەوانە زۆر بەگشتی بنەماکانی دروستبوونی لۆبیی کوردن لە هەندەران. ئێمە جارێ نەبووینەتە کۆمەڵێکی فشار لە هەندەراندا, ڕوویداوە جارجارە لێرە و لەوێ لە یادێکی هەڵەبجە, ڕۆژێکی نەورۆز, بەبۆنەی کۆڕەوەکەی باشووری کوردستان و فڕاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و هتد, هەندێك ناڕەزایی و خۆپیشاندان و مانگرتن و تەنانەت خۆسووتاندنیش (کە من زۆر دژیم) پیادەکراوە. کە هەموویان هەوڵی دڵسۆزانە بوون بۆ ڕەوشی کورد. بەڵام ئەو چالاکییانە لەبەرئەوەی بە پشتگیریی لۆبییەکی بەهێز و یەکڕیزەوە نەبووە و لەلایەن وڵاتانی هەندەرانەوە وەك پێویست گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە.





کۆمەڵی فشار و لۆبی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیان هەیە و واتە تاوەکو لۆبییەکی بەهێز نەبێت کۆمەڵی فشاریش نابێت. باشترین نموونەش جوولەکەکانی ئەمریکا و ئەوروپان, چونکە ئەمانە لۆبییەکی بەهێزن, کۆمەڵی فشاریشن لەسەر ڕامیاریی نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل.

*** بەشێوەیەکی گشتی کورد چۆن دەتوانێت نێوەندەکانی بڕیاری سیاسی ئەوروپا بۆ بەرژەوەندی کێشەی کورد ببزوێنێت؟**

ئەم پرسیارەش پەیوەندییەکی زۆری بە پرسیاری پێشووەوە هەیە. بەڵام دەڵێم جارێ خەڵکی کورد یاخود بابڵێم ڕێکخراوە پیشەییەکانی کورد لە هەندەران نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە و هەمان ناتەبایی وڵاتیان گواستووەتەوە بۆ هەندەرانیش. زۆرجار هەندێك لەو ڕێکخراوانە ئەوەندەی خەریکی شەڕە دەنووکی ڕامیارین, ئەوەندە خەریکی خەڵکی کورد لە هەندەران و کێشە ڕەواکەی کورد نین لە کوردستاندا. بەڵام لە نێو ڕامیاریی ئەوروپی و ئەمریکیدا هەرچییەك بکرێت و بگووترێت پێویستە لەیەك تەوەرەدا بخولێتەوە تاوەکو داواکانمان ناوەندێکی هەبێت کە ئەویش (ڕەوشی کورد ڕەوشێکی ڕامیارییە, کێشەی نەتەوەیەکی 30 تا 40 ملیۆن مرۆڤی بێ ئاڵایە و پێویستی بە دامودەزگای نەتەوەیی خۆی هەیە لەسەر خاکەکەی خۆیدا کە ئەویش کوردستانە). نابێت بەهیچ جۆرێك باسی ئۆتۆنۆمی و چارەسەری

ناچارەسەری لەو جۆرە بکرێت. چونکە (ئۆتۆنۆمی چارەسەری ناچارەسەرە بۆ کێشەی کورد).

*** دیارە تورکیا ئێستا بەڕەسمی بووەتە کاندیداتی EU, لەو ڕووەوە هێندێك بیروڕای وا هەیە کە تورکیا لەوانەیە لە پرۆسەیەکی سازشکارانەدا بکرێتە ئەندامی EU بەتایبەتی بەخۆبێدەنگکردنی یۆنان بەرامبەر ڕازیبوونی تورکیا بەمەرجە یۆنانییەکان لە مەسەلەی قوبروسدا. ئایا لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟.**

بنچینەکانی دروستبوونی حکومەتی داگیرکەری توورك لەسەر گەمەیەکی نێودەوڵەتی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و زۆر کاری نابەجێی تر دروستبووە, هەربۆیە تورك هەردەم خاوەنی دەوڵەتێکی لەرزۆك و سازشکاربووە. سازشکاری لەلای داگیرکەری تورك بووەتە دەستووری کاری دەوڵەتەکەیان و هەر بەتەواوەتی یەکێکە لە خاڵە جیاکەرەوەکانی دەوڵەتی تورك. چونکە ئەم دەوڵەتە بەبێ سازش بەردەوامبوونی ئەستەمە.

تورك بۆ مانەوەی خۆی سازشی کردووەتە ستراتیژی ڕامیاری, چونکە ئابووری تورك ڕۆژ بە ڕۆژ لە خراپیدایە. بۆ نموونە ڕۆژانە نرخی لیرەی توورکی بەرامبەر دۆلار لە کەمیدایە. وڵاتەکە پاشخانێکی پیشەسازی و کشتوکاڵی و نەوتیی پێشکەوتووی نییە تاوەکو گورێك بە ئابووریی وڵاتەکە بدەن. هەروەك دەزانن ئەوەشی وەبەردەهێنرێت بەشی هەرە زۆری دەچێتە گیرفانی ژێنەراڵەکانی تورکەوە.





ئاشکرایە بەردەوامبوونی هەر دەوڵەتێك بەهۆی ئابوورییەکی بەهێزەوەیە. تورکیا لە قەیرانێکی ئابووری و ڕامیاریی گەورەدایە کە هێزکارێکی خراپیشی کردووەتە سەر پێکهاتەی دەروونی کۆمەڵایەتیی خەڵکی تورك. ئەگەر تورکەکان نەتەوەیەکی ڕەگەزپەرست نەبوونایە کە بەهۆیەوە زۆر چاوپۆشی لە کەموکوڕی و لایەنە خراپەکانی دەوڵەتەکەیان دەکەن, ئەوا دەمێك بوو دەوڵەتی تورکی بوونی نەدەبوو. تورکیای سازشکەر بۆ ڕزگاربوون لەم قەیرانە ئابووری و ڕامیارییە ئامادەی هەموو شتێکە بە هەر سازشێکەوە. یەکێتیی ئەورووپاش بۆ تورکیا ئەو چڵە پووش و هیوایەیە. بەڵام تاچ ڕادەیەك تورك وڵاتە ئەورووپییەکان بەخێرهاتن دەکرێت, ئەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕامیاری و بەرژەوەندیی ئەو وڵاتە ئەورووپییانە. ئەوەی من بە درێژایی ئەم چەند ساڵەی کە لە هەندەراندام و هەستم پێی کردووە کە تورکیا لەلای خەڵکی ئەورووپی خۆشهاتن ناکرێت, چونکە دەوڵەتێکی دواکەوتوون و لەچاو هەموو شتێکی ئەورووپادا جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە. دیارە ئەو جیاوازییەش لایەنە ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و تەنانەت مینتاڵیتیش دەگرێتەوە.

*** ڕایەکی وا هەیە دەڵێت بەبوونی تورکیا بە ئەندامی EU بەشی گەورەی کوردستان دەبێتە بەشێك لە ئەورووپا و بەشەکانی دیکەش دەبنە دراوسێی ئەورووپا و ئەوەش بایەخێکی بەرچاوی دەبێت بۆ کێشەی کورد, بیروڕای ئێوە چییە لەوبارەیەوە؟.**

ئەمە ڕاستە ئەگەر تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا, چونکە هەموو ئەو کارە نابەجێیانەی کە ئەمڕۆ لە باکووری وڵاتدا ڕوودەدەن, ئەو کاتە لە ناو ئەورووپای هاوبەشدا ڕوودەدەن و هێزکارێکی پۆزەتیڤانەی دەبێت بۆ سەر ڕەوشی کورد و خۆشگوزەرانیی خەڵکەکەی بەتایبەتی لە باکووری کوردستاندا.

دیارە تورکیا بۆ ئەوەی شایانی ئەندامێتیی یەکێتیی ئەوروپا بێت و بەردەوامی بەو ئەندامێتییەی بدات, دەبێت کۆمەڵێك شتی زۆر بۆ کوردی باکوور بسەلمێنێت.

لەلایەکی ترەوە هێزکارێکی نێگەتیڤانەشی دەبێت بۆ سەر ڕەوشی کورد, چونکە ئابووری دەوڵەتی داگیرکەری تورك دەبووژێتەوە و دەوڵەتە ئەوروپییەکان سەرمایەیەکی زۆر لە تورکیا وەبەردێنن و لیرەی بێنرخی تورکیش دەبێتە یۆریۆی بەهێزی ئەوروپی. بەڵام ئەم لایەنە لەوانەیە بەجۆرێکی باشتر بەسەر کوردا بشکێتەوە ئەگەر ئەو سەرمایە ئەوروپییەی کە لە تورکیادا بەکاردەهێنرێت بەیەکسانی بێت و ناوچە کوردییەکانیش بگرێتەوە و بەمەرجێك بەهۆی یەکێتیی ئەوروپاوە کوردیش نوێنەری لە دەوڵەتی تورکدا ببێت و پێبەپێی تورکەکان کوردیش بەشداریی بڕیاری ڕامیاریی تورك و یەکێتیی ئەوروپا بکات.

ئەمانە هەموویان لەلایەك. لەلایەکی ترەوە ئەگەر تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا, ئەوا بۆ کوردی باکوور هەیە کە لای یەکێتی ئەوروپا داوای گشتپرسێك بکات بۆ بڕیاردانی چارەنووسی خۆی کەمن ئەم خاڵەیان لە هەموویان بەگرنگتر دەزانم.





# هەڤپەیڤینێك لەگەڵ هاوڕێ باخەوان (بەشی دووەم)

ئامادەکردنی ئاکۆ گەردی

## بەشی دووەم: نەتەوەیی[1]

*هاوڕێ باخەوان, ڕۆشنبیرێکی لێزان و هاوبیرێکی هزرمەندی ڕێبازی نەتەوەیی کوردییە و, دەرچووی کۆلیژی یاسا و ڕامیاری زانکۆی موسڵە و خاوەن چەندین پەرتوك و لێکۆڵینەوە و وتاری بڵاوکراوەیە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی نێوخۆ و دەرەوەی کوردستاندا. لەکاتی سەردانەوەی ئەمجارەدا لە هۆڵنداوە بۆ باشووری کوردستان لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەڤانیدا دەربارەی دیرۆك و پێکهاتەی سیاسی وڵاتی هۆڵەندا و چەندین پرسی نەتەوەیی کوردی ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵدا سازکرد.*

هەڤپەیڤین: سەرنووسەر

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 91 – 1–4–2001 – هەولێر – کوردستان.

*** دوای چل ساڵ لە دەرچوونی کاژیکنامە بەبیروڕای ئێوە دەبێت چ بکرێت بۆ زۆتر خورتترکردن و دەوڵەمەندکردنی فەلسەفەی نەتەوەیی کوردی؟**

ئایا چی بکرێت؟ ئنجا ئایا تاوەکو ئێستا ئێمە چیمان کردووە؟.
ئەوەی تاوەکو ئێستا کرابێت کارێکی ئەوتۆ نییە کە زۆر شایانی باس بێت. لەپاش چل ساڵی نووسینی کاژیکنامە, دەبووایە ئێمە ئێستا تەواوی بیری نەتەوەییمان تانوپۆ بکردایە و بە دەیان و سەدان کتێبی هزری و مێژووییمان دەربارەی ببوایە و هاوبیرانیش خاوەنی ڕێکخراوێکی بەهێزی سەربەخۆ بوونایە کە ئەمڕۆ هێزی سێیەمی لە کوردستاندا پێکبهێنایە و هێزکارێکی کاریگەریشی لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان ببوایە.
کە دەڵێم ئایا تاوەکو ئێستا ئێمە چیمان کردووە؟ مەبەستم لە پەرتەوازەیی هاوبیرانی نەتەوەییشە, کە هەریەکەمان لە ئاوازێك لێدەدەین و بە وتەی خۆشمان خاوەنی یەك بیرین. باشە ئەگەر هەموومان نەتەوەیین! کاژیك چییە و پاسۆك چییە؟ بۆچی دەبێت بیری نەتەوەیی چەند پارت و لایەنێکی جوودای ببێت و هەریەکەیان خۆی بە پێشڕەو و نوێنەری بیری نەتەوەیی بزانێت؟!.

*** ئەگەر هەڵسەنگاندنێکی کورتی سەرپێیی بزاڤ و پارتە نەتەوەییەکانی کورد بکەیت, دەتوانیت چییان دەربارەی بڵێیت؟**





ئەو هەڵسەنگاندنە کورتە سەرپێییە خۆی لە خۆیدا کوورتە لێکۆڵینەوەیەکە. بەڵام دەڵێم لە ڕەوەندی ئەم چل ساڵەی ڕابردوودا چەند پارتێك و ڕێکخراوێکی نەتەوەیی گوزەریان بە مێژووی کوردا کردووە بەبێ ئەوەی هیچیان تاسەر کاروانەکەیان بە مرۆڤی کورد گەیاندبێت. هەریەك لەوانە بەشی خۆی کەم تا زۆر ئەگەر چیشی نەکردبێت, کاروانەکەی بە نیوەناچڵی بەڕێوەبردووە لە شوێنێکی دیاریکراوی کوردستاندا کە زۆر کات تەنها شاری سلێمانی بووە. بەڵام بردنەوەی گرەوی مێژوویی لەو کاتەدا دەبێت کە پارتێك لەو پارتانە تاسەر کاروانەکە بەبێ نووچدان بەڕێوەبەرێت و ببێتە یەکەمین دەستەڵاتی ڕەوای نەتەوەکەی, بەڵام ئەو پارتانە هیچیان ئەوەیان بۆ نەکرا و چوونە نێو مێژووی ڕابردوویەکی نزیکمانەوە.

*** دوای شکستی سەرکردایەتی پاسۆك و هەڵوەشاندنەوەی جووڵانەوەی نەتەوەیی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

ئەو شکستە من لە نزیکەوە ئاگاداری بووم و نەخشەیەکی پلان بۆکێشراوی سەرکردایەتیی دۆڕاوی پاسۆك بوو, کەبووە هۆی ئەوەی کە ئەو ڕێکخراوەی کە (تاڕادەیەك) نوێنەرایەتی هاوبیرانی نەتەوەیی دەکرد بوونی نەمێنێت و بەهۆشییەوە لەبەرئەوەی ئەو پلانە کۆمەڵێك پارتی

بچووکی تریشی گرتەوە, هێزی ئۆپۆزیسۆن لە باشووری کوردستان نەمێنێت و پارتە گەورەکانیش بەئارەزووی خۆیان چییان بوێت بیکەن.
ئێستا لە کوردستان و لە هەندەران چەند ڕێکخراوێکی نەتەوەیی و بەنێونەتەوەیی هەن, کە هەندێ لەوانە یان سەربە پارتی و یان سەربە یەکێتی یان پارتی کرێکارانن, بەشێکی دیکەی هاوبیرانیش, کەنارگیر و سەربە هیچ لایەك نین, کورتەی وتە ئەوەیە کە ئێستا لە جاران خراپتر و پەرتەوازە ترین, زۆر بەداخەوە. چونکە ئێمە خاوەنی یەك بیرین و دەبێت یەك ڕێکخراومان ببێت و هەموو هاوبیرانیش ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەبن.

*** گلەیی ئەوە لە ئێوە هەیە کە لە پەڕتووکی (پڕۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد)دا ناهەقیتان بەرامبەر شەهید ئازاد مستەفا کردووە؟**

خوالێخۆشبوو ئازاد مستەفا کە ئێوە پێی دەڵێن (شەهید), شەهید نەبووە, شەهید لای ئێمە واباوە و بەیەکێك دەگووترێت کە لە جەنگی پێشمەرگەییدا بکوژرێت, یان لەلایەن دوژمنەوە تیرۆر یان بە هەرجۆرێك بێت لەناو ببرێت. بەڵام ئازاد مستەفا بەنەخۆشی لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کرد.
من لە نزیکەوە ئازاد مستەفام ناسیوە و دەتوانم بڵێم تەواوی نووسینەکانیشیم خوێندووەتەوە, من گومانم لەوەدا نییە کە ئازاد مستەفا کەسێکی بەتوانا بووە, بەڵام نەك وەك سکرتێری پارتێکی نەتەوەیی, بەڵکو وەك نووسەرێك یان لێپرسراوێکی ڕاگەیاندن لە





پارتێکی نەتەوەییدا, چونکە سکرتێری پارتێك دەبێت بە هەموو ماناکانی وشە کابرایەکی ڕامیار بێت, کە ئەمە لە خودی ئازاد مستەفادا نەبووە. وەکو واش نەبووە, بووەتە هۆیەك بۆ نانەوەی دووبەرەکایەتی لە ناو هاوبیراندا. من تەنها بۆ ئەمەی دوایی نموونەیەك دێنمەوە (ئازاد مستەفا چەندین جار و لە ناو زۆربەی هاوبیراندا ستایشی منی کردووە کە کوڕێکی وام و واو بردوومیەتە کەشکەلانی فەلەك و خەریك بووە هەڵمخلیسکێنێت, بەڵام هەر کە پشتم تێی کردووە کەوتووەتە وتنی چەندین قسەی ناشرین لەلای هەمان ئەو هاوبیرانەی کە پێشتر ستایشی منی لا کردوون بەئامادەبوونی خۆم). من تاکە هاوبیر نیم کە ئەمەم لە ئازاد مستەفا دیبێت, بەڵکو زۆربەی هاوبیران ئەمەیان لێی دیوە, تەنانەت ئەوانەشی کە ئێستا گلەیی لەمن دەکەن.
جگە لەوە من بەبێ دوودڵی دەڵێم کە دووبەرەکی نێوان هاوبیرانی کاژێك و پاسۆك دەگەڕێتەوە بۆ سەر خودی ئازاد مستەفا.
بەڵام ئەوەی جێی سەرسووڕمانە ئەو هاوبیرانەی کە ئەو گلەییە لەمن دەکەن, زۆر جار هەمان کێشەمان پێکەوە باسکردووە و ئەوانیش هەمان ڕایان بووە لەگەڵ مندا! بەڵام بۆچی لە پاش خۆم گلەییم لێدەکەن, ئەوایان هێزکاری ئازاد مستەفایە لەسەریان و ئەوانیشی تووشی (جیاکەرەوە و ببەرەوە) کردووە. من جگەلەوەی کە تووشی ئەوە نەبووم, لە قسە و نووسینەکانیشمدا لەو گلەییوانانە بوێرترم.
من هەردەم خۆم بە سەربازێکی ون و دڵسۆزی ئەو بیرە زانیوە و دەزانم, هەر شتێکی خراپم دیبێت باسم کردووە و باسی دەکەم, ئنجا

ئایا ئازاد مستەفا بێت یان هەرکەسێکی تر, من حەزم دەکرد لە پارتێکدا بوومایە و وەك کاژێر بەڕێوەبڕۆیشتایە سەرۆکەکەشی ماندێلا بووایە و ئێستاش من شانازیم پێوە بکردایە و خاوەنی زۆرینەی کورسییەکانی ناو پەڕلەمانی کوردستان بووایە؟!. بەڵام من شانازی بەچییەوە بکەم, بە پارتێك کە سفری دوای فاریزەش نەبووە؟.

لە ڕاستیدا زۆر باسوخواسی پاسۆکم لایە و هیوادارم لە داهاتوودا وەك کورتە باسێکی مێژووی پاسۆك بە ویژدانەوە بڵاوییبکەمەوە, ئیتر گلەییوانان و گلەییکارانیش با گلەیی خۆیان بکەن.

*** دیارە ئێوەش دان بەو ڕاستییەدا دەنێن کە پەرش و بڵاوی و هەڤرکییەکی زۆر لەنێو هاوبیرانی نەتەوەییدا هەیە, چۆن دەکرێت ئەو پەرش و بڵاوییە نەهێڵرێت؟.**

ئەمە ڕاستییەکی ناهەموارە, پەرش و بڵاوی و نائومێدی بووەتە هۆیەکی بەرچاو, بەڕای من هەر پارتێکی نەتەوەیی لێزان دەتوانێت ئەم پەرش و بڵاوییە نەهێڵێت و باوەڕی هاوکاری و هاوبیری بگێڕێتەوە نێو هاوبیران و هەوڵیش بدرێت کە ئەو دوورگانەی کە ئەمڕۆ لە نێو ڕیزی نەتەوەییەکاندا هەیە, مەبەستم لەو چەند پارتە نەتەوەییەیە! بکرێتەوە یەك پارت و هەوڵی یەکەمینی یەکخستنەوەی هاوبیران بێت پێش هەر شتێکی دی, چونکە هەر پارتێك بەبێ بوونی کادری پێویست هیچ ئامانجێکی بۆ ناچێتە سەر.





*** دیارە ئێوە پەڕتووکێکتان لەسەر هۆیەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی هەیە, ئەگەر بکرێت, ئەو هۆیانە بۆ خوێنەرانی میدیا ڕوونبکەنەوە؟**

ئەو پەڕتووکە لەساڵی 1994ەوە نووسراوە و تاوەکو ئێستا هەلی چاپی بۆ نەڕەخساوە, پەڕتووکەکە بریتییە لە پێنج بەش و بریتییە لەمانە:

- هۆی یەکەمیان کە بووەتە بەشی یەکەمی باسەکە: بریتییە لە (نووشووستیهێنانی قوتابخانەی بیریی کورد), کە تێیدا گفتووگۆی ئەو نووشووستیهێنانە کراوە و کوردی وەك نەتەوەیەکی بێ قوتابخانەی بیری هێشتووەتەوە, هەربۆیە نەبووەتە خاوەنی دەوڵەت.
- بەشی دووەم: بریتییە لە (خوێن بەربوونی ئابووریی کوردستان) کە ئەویش باس و خواسێکە لەسەر باری ئابووریی کوردستان بە درێژایی مێژوو و ئەو هەنگاوە ترسناکەی کە پێیدا تێپەڕیوە, کە ئەویش بەردەوام دزین و چوونە دەرەوەی سامانی کوردە, بۆ دەرەوەی کوردستان.
- بەشی سێیەم: (شوێنکەوتەی جوگرافیایی کوردستان)ە, کە ئەمیشیان بووەتە هۆیەکی تری دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردستان, کە بەهۆیەوە چەند دراوسێیەکی چاوچنۆك

دەورەیان داوە و هەمیشە كوردستانیان كردووەتە خاڵی فراوانخوازی و گۆڕەپانی شەڕو داگیركردنەكانی خۆیان.

– بەشی چوارەم: بریتییە لە (سستیی گەشەكردنی بیری نەتەوەیی كوردی)، كەبەهۆیەوە كورد لەم دوو سەدەیەی دواییدا نەبێت، زۆر خولیای سەرخوابوونی نەبووە و بەگشتی هەموو كورد هەستی بەوە نەكردووە كە ئەمانیش وەكو دراوسێكانیان دەبێت سەربەست بژین و برای ئەوان نین.

– بەشی پێنجەم: (دژایەتیی بەرژەوەندیی نێودەوڵەتییە لەسەربەخۆیی كوردستاندا)، كە ئەمەیان لەم سەدەی فەرمانڕەوایی زلهێزانەدا، بووەتە گرنگترین هۆكار و دروستبوونی دەوڵەتی كوردی، بە گەلێك مەرج و ڕامیارییە ئەوانەوە بەستراوەتەوە.

بەهیوای ئەوەی بەمزووانە پەڕتووكی (ئاڵای كورد.. بۆچی نا؟!.. تاكوكەی؟!..) بكەوێتە بەرچاوی تەواوی خوێنەرانی تینووی ئاڵای كورد و بە هیوای بینینی ئاڵای كورد.

*** وەك زەمانی هەڵچوونی كێرڤی كۆمۆنیستی لە كوردستاندا، ئێستاش لەو سەردەمەدا هێندێك كەسی واهەن تەنزیر بۆ ئەوە دەكەن كە گلۆبالیزم لەگەڵ خۆیدا سنوور و تایبەتمەندی و كێشە نەتەوەییەكان ڕەش دەكاتەوە، تۆ وەك هاوبیرێك بیروڕاتان چییە؟**





من ئەمە بەڕاست نازانم، جاران لە سووچێكی ڕۆژنامەیەكی جیهانی و تەنانەت لەسەر ڕادیۆیەكی عەرەبی یان هەر كەناڵێكی تری ڕاگەیاندن باسی كێشەی كورد بكرایە، دەبووە هەرا و تا چەند ماوەیەك باسدەكرا، ئێستا بەهۆی گلۆبالیزم و هۆیەكانی هاتنەكایەی گلۆبالیزمەوە كە تەكنۆلۆژیای نوێیە، جیهان بووەتە گوندێك و لەهەر سووچێكیدا هەرچییەك ڕوویدات دەستبەجێ دەزانرێت و دەبیسترێت. ئەمە لایەنێكی پۆزەتیڤانەی باشە بۆ كێشەكەمان كە ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەناسرێت. من ڕۆژانە تەماشای ڕۆژنامە هۆڵندییەكان دەكەم، ئەگەر هەموو ڕۆژێك ناوی كوردی (بەهەر جۆرێك بێت!) تێدا نەبینم، ئەوا ڕۆژ نا ڕۆژێك دەیبینم. كەچی هەر لەم هۆڵندایەدا و پێش هەفت هەشت ساڵێك لەلای زۆر كەس وتوومە من كوردم، هەر نەیزانیوە كورد كێیە و لەكوێ دەژین. ئێستا لای هەریەكێك بڵێم من كوردم دەڵێت خەڵكی چ پارچەیەكی!.

خۆ باسی ئنتەرنێت و كەناڵەكانی تر ناكەم. من وای بۆ دەچم كە گلۆبالیزم كێشە نەتەوەییەكان ڕەش ناكاتەوە بەڵكو باشتر بەجیهانی دەناسێت، (ئێستا هەموو جیهان دەزانێت، نەتەوەیەك هەیە ناوی كوردە و بەسەر چەند وڵاتێكدا دابەشبووە و تەواوی مافەكانی لێ زەوتكراوە، بەڵام پێش چەند ساڵێك ئەمە لای هەموو كەسێك ئاشكرا نەبوو).

*** كورد چ سوودێك لە گلۆبالیزم وەردەگرێت و چ زیانێك دەكات؟**

سوودەکانی هەروەك وتم ئێمەی بەهەموو جیهان ناساند. دیارە هەر دیاردەیەکی شارستانی، بەتایبەتی هی نوێ و هاوچەرخ بێ زیانیش نابێت، دەتوانم بڵێم گڵۆبالیزم هێندەی تر ڕۆشنبیر و هونەری کوردی کردووەتە دواکەوتەی بێگانە، بەتایبەتی هی نەتەوە سەردەستەکانمان، کە ئەمە سەربەخۆیی ڕۆشنبیر و هونەری کوردی ئەستەمتر کردووە. ئاسانترین نموونە زۆربەی گەنجی کورد ئەمڕۆ تا گۆرانییە عەرەبی، فارسی، تورکی و بیانییەکانی تر وەستا بێت، ئەستەمە گوێ لە حەیران، لاوك، قەتار و گۆرانییەکی ڕەسەنی کوردی بگرێت؟!، کە ئەمە بەداخەوە لەژێر سایەی ئەو حوکمە خۆماڵییەی باشووری کوردستاندا زۆر زۆرتر بووە و خۆشیان یارمەتیدەری بوون.

*** ئێوە وەك یاساناسێك، پرسی بوونی دەستوورێکتان بۆ باشووری ئازادکراوی کوردستان زیاتر وروژاند، بەڕای ئێوە گرنگیی بوونی دەستوورێك بۆ باشووری کوردستان لەچییەوە سەرچاوە دەگرێت.**

هەڵبەت لە (ڕەوایەتی)یەوە، هەر دامەزراوێك دەبێت دەستووری کاری خۆیی هەبێت. حکومەتێکی ڕێکخراو بەبێ دەستووری کار، کارێکی ئەستەمە. هەر ئەو بێ دەستوورییەشە کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا لە حکومەتێك زۆرتر هەیە. بەڵام گرنگترین خاڵ، تەنها بوونی دەستوور نییە، بەڵکو (هێزی ئیلزامیی دەستوورە) تاوەکو هیچ کەس و لایەنێك بێدەستووری نەکات و حکومەتیش ببێتە حکومەتێکی





خاوەن دامەزراوی یاسایی و بڕیارەکانیش لەو سەرچاوە یاساییەوە سەربگرێت، تاوەکو بەهۆیەوە کۆمەڵگە ببێتە کۆمەڵگەیەکی یاسایی و یاسا ببێتە سەروەری حکوومەت، پارت، کەس و هتد. ئەگەر نا ئەوا ئەفغانستان باشترین نموونەیە.

*** کورد بێجگە لە پەیمانی سیڤەر لە باشووری کوردستاندا چەند پەیماننامەیەکی لە بەرژەوەندیی خۆیدا هەن، بۆ نموونە ڕێکەوتنی 24–12–1922ی نێوان ئێراق و ئینگلیز سەبارەت بە دروستکردنی کارگێڕییەکی کوردی لە چوارچێوەی ئێراقدا و چەند ڕێکەوتننامەیەکی تر، باشە بۆچی کورد ئەو ڕێکەوتننامانەی نەوروژاندووە و سوودی لێوەرنەگرتوون، ئەرێ بێ ئاگایی کورد لە ڕووی یاساییەوە بەدەرناخات؟**

ئەرێ چۆن دەریناخات؟. کورد هەموو ئەو هەلانەی لەدەستدا کە ئێوە لەمن باشتری دەزانن و هەر خەریکی شەڕی براکوژیی خۆکوژی بووین و لە شەڕە تفەنگی نێو چیاکان زۆرتر هیچی وامان نەکرد. لەدوای ساڵی 1991ەوە کورد لە باشووری وڵاتەکەیدا بووە حکوومەت بەڵام هەر خۆمان لە خۆمانمان تێکدا. بەڵام ئێستا سەردەمێکی ترە و بەهۆی دیاردەی گڵۆبالیزمەوە کورد خۆشبەختانە ئاگاداری هەندێك شت بووە. ئەم باسانەم بەدرێژی لە پەرتووکی (ئاڵای کورد..)دا بەشی پێنجەم باسکردووە.

*** دیارە کورد بۆ یەکەمین جار لە ڕێگەی بڕیاری 688ەوە چووە نێو دیکۆمێنتەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە و بڕیارەکە لە خاڵی دواییدا بەکراوەیی هێڵدراوەتەوە, باشە کورد چۆن دەتوانێت زۆرتر بچێتە نێو بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە و کێشەی خۆی بکاتە ڕۆژەڤێکی UN و جیهان؟**

پرسیارێکی جوان و کارێکی گران. ئەمە دەکرێت لە چەند لایەنێکەوە بێت.

- ڕوودانی گۆڕانکارییەك بەسەر ڕامیاریی جیهان و خۆرهەڵاتی نێوین.
- هەوڵی پارتە کوردستانییەکان بۆ زۆرتر چوونە نێو ڕامیاریی نێودەوڵەتییەوە.
- هەوڵی کوردی هەندەران بۆ بوون بە لۆبی و هێزکاریان لەسەر ڕامیاریی وڵاتە هەندەرانییەکان.
- هەوڵی دڵسۆزانەی ڕووناکبیرانی کورد.





# ڕەوشی پەناهاندەی کورد لە هۆڵندا[1]

لاهای – هۆڵندا

2001-3-26

ڕەوشی پەناهاندەی کورد لەم ساڵانەی دواییدا لە ئەورووپا و بەتایبەتی لە هۆڵندادا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپی دەچێت. بەڕادەیەك کە لە وڵاتێکی وەك هۆڵندا بەدەگمەن نەبێت بەهیچ جۆرێك مافی پەناهاندەیی بە کورد نادرێت.

بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی دادی هۆڵندی ئەمڕۆ نزیکەی چل هەزار پەناهاندەی بێ (مافی مانەوە – الاقامە) لە هۆڵندا هەیە, کە نزیکەی نۆ هەزاریان کوردن.

کێشەی پەناهاندە و مانەوەیەیان لە هۆڵندا ماوەیەکە بووەتە باسوخواستی جەماوەری هۆڵندی و پەرلەمانی هۆڵندیش کۆمەڵێك دانیشتنی تایبەتیی لەسەر کردووە. کە ئەنجامەکانی هیچی دڵخۆشکەر نین بۆ تەواوی پەناهاندەکانی هۆڵندا بەگشتی و پەناهاندەی کورد بەتایبەتی.

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 91 – 1-4-2001 – هەولێر – کوردستان.

ئەمڕۆ لەنێو ڕای گشتیی هۆڵەندادا ڕایەکی وا هەیە کە تەواوی پەناهاندە کوردەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی کە تاوەکو ئێستا ماف پەناهاندەییان نەدراوەتێ, بگێڕنەوە بۆ کوردستان. بەڵام ئایا چۆن و لە کوێوە و بەچ شێوەیەك؟! ئەوەیان تاوەکو ئێستا کەس نازانێت.

ڕۆژنامە هۆڵەندییەکان ڕۆژانە لەسەر ئەم کێشەیە دەنووسن, بەتایبەتی لەسەر پەناهاندە کوردەکان. کە ئەویش زۆرترینی بەهۆی مانگرتنی ئەو پێنج پەنابەرە کوردەوەیە کە ماوەی چلوپێنج ڕۆژێك زۆرترە مانیان لە خواردن گرتووە و باری تەندروستییان ڕۆژ بە ڕۆژ لە خراپتردایە و بەبێ ئەوەی لەلایەن حکوومەتی هۆڵەندییەوە هیچی وایان بۆ کرابێت.

خەڵکی کورد تاوەکو دەگاتە ئەورووپا ماوەیەکی زۆری پێدەچێت و لە زۆر باردا ژیانیشی لە دەستدەدات و تووشی گێچەڵێکی زۆر دەبێت, ئەمە جگە لەوەی کە هەرچی هەیبووە و نەیبووە لە کوردستان فرۆشتوویەتی تاوەکو بیکاتە دەست چەند قاچاخچییەکی بێ ویژدانەوە تاوەکو بیگەیەنێتە بەهەشتی هەندەران؟!.

گێڕانەوەی ئەو خەڵکانە جارێکی تر بۆ کوردستان (هەرچەندە جارێ دڵنیا نییە) بەڵام دەبێتە کێشەیەکی گەورە بۆ هەزاران خەڵکی کورد و دەبێت ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگیی پێبدرێت.

پەنابەرانی کورد خۆشیان هەستیان بەم ترسی دەرکردنە کردووە و کەوتوونەتە خۆیان بەهۆی مانگرتن و خۆپیشاندانەوە. بەڵام مانگرتنی





تەنها پێنج کەس لە خواردن و جارجارە خۆپیشاندانێك چاری بارودۆخەکە ناکات و پێویستە بەهەموو لایەك گرنگییەکی تەواوی پێبدەین. تاوەکو هێزکارێکمان لەسەر دروستکردنی بڕیارێکی تایبەتی هەبێت لە بەرژەوەندیی ئەو پەناهاندانە.

حکوومەتەکانی ئەورووپا زۆر باش دەزانن کەدانی ماف پەناهاندەیی بەو ئاسانییەی جاران بە خەڵکی کورد, زۆرتر هانی خەڵکی دەدەن کە بەرەو ئەورووپا ڕەو بکەن و ئەمە کێشەیەکی زۆری بۆ دروستکردوون. بەڵام گێڕانەوەی ئەو هەموو خەڵکەش جارێکی تر بۆ کوردستان دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر زیانمەند بن چ لە باری دەروونییەوە و چ لەباری ماڵییەوە. هەڵبەتە سازاندنی حکوومەتەکانی ئەورووپا بەم ڕاستینەیە کارێکی ئاسان نییە بەڵام دەکرێت خەڵکی کورد چ لە هەندەران و چ لە کوردستان هەڵوێستێکی یەکگرتوویان ببێت لەم بارەیەوە کە ئەویش پشتگیری کردنی ئەو پەناهاندانەیە و کەمبوونەوەی ڕەوی کوردە لە کوردستانەوە بۆ ئەورووپا. چونکە وەرگرتنی ماف پەناهاندەیی بۆ کورد و لە هەندێك وڵات ئەمڕۆ بووەتە کارێکی ئەستەم, هەربۆیە هەر کەسێك کە ئەمڕۆ لە کوردستان دێتە دەرەوە یان دەیەوێت بێتە دەرەوە دەبێت ئەم گریمانانە بخاتە پێش چاوی.

* لەدەستدانی بەشێکی زۆر یان تەواوی ئەو موڵك و ماڵەی لە کوردستان هەیەتی, چونکە گەیشتنی لە کوردستانەوە بۆ ئەوروپا پێویستی بە پارەیەکی زۆرە.

* لەوانەیە جگە لەوەی کە ماڵی ڕۆیشتووە, سەریشی تێدا بچێت, چونکە تەواوی ڕێگاکان مەترسیی ژیانی تێدایە.

* پاش گەیشتن بە ئەوروپا و داواکردنی مافی پەناهاندەیی, مرۆ دەکەوێتە ڕۆتینێکی بێهوودەی چەند ساڵییەوە و کە لەوانەیە پاش چەند ساڵێك بڕیارێك لە دژت دەربکرێت و بکرێیتە دەرەوە. چونکە پاش داواکردنی ماف پەناهاندەیی یەکسەر وەڵامێکی ڕاست و دروست بەکەس نادرێتەوە.

* پاش چاوەڕوانییەکی زۆر مرۆ تووشی بێهوودەییەکی وا دەبێت, کە ئەمرۆ زۆربەی پەناهاندەکان تووشی بوون و نازانن سەربە چ لایەکدا بکەن. ئایا بچن بۆ وڵاتێکی تری ئەوروپی و سەرلەنوێ پاش ئەو هەموو ساڵە داوای پەناهاندەیی بکەن؟ یان چاوەڕوانی؟ یان گەڕانەوە بۆ کوردستان؟ بۆ کوردستانێك کە هەرچی هەیبووە و نەیبووە فرۆشتوویەتی؟! ئەمانە و چەندین پرسیاری تریش ---





# تووڕەیی کورد لە هۆڵندا - (خۆپیشاندانەکەی لاهای)[1]

بۆ پرۆتستۆکردنی دەرکردنی ئەو نۆ هەزار پەنابەرە کوردەی هۆڵندا, ڕۆژی 29-3-2001 نزیکەی 500 کەس بەپێی ڕەزامەندیی پۆلیسی هۆڵندی, خۆپیشاندانێك ڕێکخرا. خۆپیشاندانەکە لەلایەن چەند کۆمەڵەیەکی کوردییەوە بەڕێوەبرا و لە کاتژمێر 2ی پاشنیوەڕۆ دەستی پێکرد.

ئامانجی خۆپیشاندەران ئەوەبوو کە بە پەرلەمانی هۆڵندیی ڕابگەیەنن کە باشووری کوردستان ناوچەیەکی ئاساییش نییە و گێڕانەوەی ئەو نۆ هەزار کوردە بۆ باشووری وڵات کێشەیەکی گەورەیان بۆ دروستدەکات و ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە. هەروەها خۆپیشاندانەکە بۆ پشتگیریی ئەو پێنج کوردە بوو کە زۆرتر لە 50 ڕۆژە مانیان لە خواردن گرتووە و تاوەکو ئێستا وەزارەتی دادی هۆڵندی گوێی لە داواکانیان نەگرتووە و تەندروستییان لە مەترسیدایە.

بیرۆکەی ئەوەی کە پەرلەمانی هۆڵندی, باشووری کوردستان بەناوچەیەکی ئاساییش دابنێت لەوەوە هاتووە کە هۆڵندا لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەند شاندەیەکی ناردووەتە کوردستان و لەوێ وا بەشاندەکە

[1] ڕۆژنامەی میدیا - ژمارە 92 - 15-4-2001 - هەولێر - کوردستان.

ڕاگەیەندراوە کە لە باشووری کوردستاندا ئاساییش هەیە و هەر کوردێك بگەڕێتەوە تووشی هیچ کێشەیەك نابێت.

هەرچۆنێك بێت هیچ کەسێك نە لە پەڕلەمان نە لە پۆلیسی هۆڵندی، گوێی لەو خۆپیشاندەرانە نەگرت و ناچار خۆپیشاندانەکە بەبەکارهێنانی هێز شکایەوە.

خۆپیشاندەران داخی دڵی خۆیان و ئەو هەموو ماوەیەی کە بێهوودە لە کامپە ناخۆشەکانی هۆڵندادا ماونەتەوە و ئێستاش وابە ئاسانی دەردەکرێن، بە شووشەکانی باڵەخانەی پەڕلەمانی هۆڵندی ڕشت و پێکدادانێکی دەستەویەخە لەگەڵ پۆلیسی هۆڵندیدا ڕوویدا. دەیان شووشەی باڵەخانەی پەڕلەمانی هۆڵندی شکێنران، چەندین وێستانگە و شەمەندەفەری ناوشاری لاهای زیانیان بەرکەوت، ئەمە جگە لە شکاندنی دەیان ئوتومبیل. بۆ ماوەی چەند کاژێرێك ناوەندی شاری دەنهاخ لەلایەن پۆلیسەوە داخرا.

بەپێی ئاژانسی دەنگوباسی هۆڵندی 7 کورد گیراون و 2 پۆلیس بریندار و چەندین کوردیش برینداربوون، هەروەها کوردەکان بوونەتە هۆی زیانی 250 هەزار دۆلاری ئەمریکی لە ناوەندی شاری لاهای.

میدیای هۆڵندی گرنگییەکی ئەوتۆی لەچاو قەبارەی ئەم ڕووداوەدا بە خۆپیشاندانەکە نەدا. شایانی باسە لەکاتی خۆپیشاندانەکەدا، ئەندامانی پەڕلەمانی هۆڵندی بێ ئەوەی مێشێك میوانیان بێت لە پشت پەنجەرەکانی باڵەخانەی پەڕلەمانەوە دەیانڕوانییە خۆپیشاندەران و بەبەرچاوی ئەوانیشەوە پۆلیسی هۆڵندی بە کێبڵی ئەستوور و دار لە





خۆپیشاندەرانی دەدا و دەستی گیراوەکانیان پێوەند دەکرد. کەچی سەری زمان و بنی زمانی ئەو ئەندام پەڕلەمانانە، (مافی مرۆڤ و پارستنی ئاژەڵ و چەندین قسەی سەوز و سوور و بریسکەداری زلی تره). بەڵام وەك ئەو نۆ هەزار کوردە و کێشە ڕەواکەیان بەشێك نەبێت لە مافی مرۆڤ، بەڵام ئەگەر گوێت لێنەگرن ناچاریت پەنا بۆ هەر ڕێیەك بەریت.

کێشەی ئەو نۆ هەزار کوردەی هۆڵندا بووەتە کێشەیەکی گەورە و لەم ڕۆژانەوە دەستکراوە بەدەرکردنیان لە کامپە هۆڵندییەکاندا کە دەبێتە دووجار سەرگەردانیی ئەو نۆ هەزار کوردە. سەرگەردانی یەکەم و هەڵەی تەمەنمان هاتنەدەرەوەی کوردستانمان بوو، دووەمیشیان گێڕانەوەی ئەو کوردانەیە بۆ کوردستان. چونکە باشووری کوردستان ئەو کۆماری ئەفلاتۆنە نییە کە لایەنە کوردییەکانی باشوور بە شاندە هۆڵندی و ئەورووپییەکانی تری ڕادەگەیەنن.

هۆڵندا

2001-3-29

# تیرۆری سیاسی [1]

تیرۆری سیاسی, لە شەستەكانی سەدەی ڕابردووەوە زۆرجار بەرەوڕووی تێكۆشەران و نووسەرانی نەتەوەكەمان بووەتەوە. سلێمانی موعینی, سالح یوسفی, نوری حەمە عەلی, عەبدولخالق مەعروف, موسا عەنتەر, ڕێباز, ڕۆژبەیانی, هاوبیری لەیادنەچووم یەزدانپەنا و سەربەست مەحموود یەكێكن لە دیارترینی ئەو تیرۆركراوانە.

تیرۆری سیاسی لەهەندێك جاردا گەیشتۆتە ئاستێكی زۆر ترسناك, بەڕادەیەك لەماوەیەكی زۆر كورتدا دوو سكرتێری حیزبی دێموكراتی خۆرهەڵاتی گرتەوە. كە ئەوانیش قاسملۆ و شەرەفكەندنی بوون.

دووای ڕاپەڕینەكەی بەهاری 1991ی باشووری كوردستان, تێكۆشەرانی خۆرهەڵاتی كوردستان, لەجیاتی لەسایەی كوردستانێكی ئازاددا پشوویەك بدەن! كەچی بەرەوڕووی هەڵمەتێكی دڕندانەی تیرۆر بوونەوە و ژمارەیەكی زۆریان ژیانیان لەدەستدا. ئەم هێرشە دڕندانەیە لەلایەن لایەنە سیاسییەكانی كوردستانەوە گرنگییەكی ئەوتۆی پێنەدرا!, كەلە ڕاستیدا دەبووایە لێتۆژینەوەیەكی زۆری لەسەر بكرایە و تاوانباران دەستنیشان و سزا بدرانایە. دیارە پاش ڕوودانی هەر ڕووداوێكی تیرۆری وا, تەنها باسكردنی لە سووچێكی ڕۆژنامەیەكدا و

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 98 – 2001-06-16 – هەولێر – كوردستان.





سەرزارەكی سەرزەنشتكردنی تیرۆرستان بەس نییە بۆ كارێكی وادڕندە؟.

بەتێڕوانینێكی خێرای ئەو تیرۆركراوانە, تێبینی ئەوە دەكەین كە ژمارەی ئەوانەی كە بەدەستی كورد خۆی تیرۆركراون زۆر زۆرترن لەوانەی كەلەلایەن داگیركەرانی وڵاتەوە تیرۆركراون. دوا نموونەی ئەم بەراوردكارییە تیرۆركردنی فرانسوا هەریریی كەسی سێیەمی پارتی بوو لەلایەن دەستەیەكی موسوڵمانی كوردەوە.

تیرۆر, تیرۆرە ئەگەرچی لەلایەن خۆمان یاخود داگیركەرانمانەوە بێت, بەڵام تیرۆری كەسێكی كورد بەدەستی كورد خۆی و لەبەرژەوەندیی لایەنێكی سیاسیی كورد یان داگیركەرانی دەبێت بەیەكێك لە تاوانە مەزنەكان دابنرێت.

تیرۆر لەلایەن زۆرینەی دەوڵەت و لایەن و ئایین و كەسانی ئەم جیهانەوە ڕسوا كراوە و بەردەوام لە دەزگاكانی ڕاگەیاندنەوە ئەم شەپۆلی دژە تیرۆرە دەبیستین و پاش ڕوودانی هەر تیرۆرێك هەموو لایەنەكان بەرەوڕووی دەوەستنەوە خۆیان لەو تیرۆرە بێبەری دەكەن. ئەی كەواتە تیرۆر لەلایەن كێوە پیادە دەكرێ؟!.

زۆر بەدەگمەن دەوڵەتێك یان لایەنێك دان بەیەكێك لە تیرۆرەكانی خۆیدا دەنێت.

هاوبیرم سەربەست مەحموود یەكێك بوو لەو كەسە دڵسۆز و پێشمەرگە ونانەی كە لەلایەن لایەنێكی تاوەكو ئێستێ نەزانراوەوە تیرۆركرا.

بەتیرۆرکردنی هاوبیر سەربەست کۆستێکی گەورەی هاوبیرانی کەوت و لەلایەن هیچ کەسێك ڕوون نییە کە ئایا کەسێکی وەك سەربەست بۆچی تیرۆر بکرێت؟. کەسێك کە تاکە چەکی بەرگریی بیری نەتەوەیی و پێنووسەکەی بوو.

هەرچۆنێك بێت چەکی پێنووس و دیالۆگ بوێرترین چەکی مرۆڤێکی ژیرە و ئەو چەکەشی کە سەربەستی پێ تیرۆرکرا چەکێکی ترسنۆك و نەوێرە. چونکە ئەو لایەنەی سەربەستی تیرۆرکرد لایەنێکە کە نە بە دیالۆگ نەبە هزر توانی بەرامبەر سەربەست و بیروباوەڕی بوەستێتەوە, هەربۆیە بەناچاری دۆڕاویی بیروباوەڕی تەسکی خۆیی کردە گوللەیەك و فیزیکانە سەربەستی لێکردین.

پاش ئەم تیرۆرکردنە تەواوی لایەنەکانی کوردستان بەگشتی ئەم تیرۆرەیان بەتاوانێکی گەورە دانا و هەریەکە لەلایەن خۆیەوە بەڵێنی ئەوەیدا کە هەوڵی ڕووهەڵماڵینی لایەنی تیرۆریست بدات. بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە جێی داخە کە بووە قسەی سەوز و سوور و وەك دەڵێن مەرەکەبی سەر کاغەز, بەبێ ئەوەی تاڵە موویەك لە تیرۆرستان بدۆزرێتەوە. کە ئەمە گەلێك ترسناکە و گوللەی تیرۆرستان زۆرتر لە کەسانی ڕاست و خاوەن بیروڕا تیژتر دەکات.

دەبوایە و دەبێت لە کاتی ڕوودانی هەر تیرۆرێکدا تەواوی لایەنە کوردییەکان بەدڵسۆزییەوە بکەونە تۆژینەوە بۆ دۆزینەوەی تیرۆرستان و گەیاندنیان بەسزای پێویست. تاوەکو تەمی گومانی جەماوەر لە هەر یەکێك لەو لایەنانە بڕەوێتەوە و هەریەك لەلایەن خۆیەوە نەڵێت: (دەڵێن





ئەو بوو! !), (لەوانەیە ئەو لایەنە بووبێت! !) و (بیستم وتیان وابوو و ! !) و هتد.

زۆر بەداخەوەم بۆ تیرۆرکردنی هاوبیرێکی وا چالاکی بیری نەتەوەیی.. داخی زۆریشم بۆ ئەوەیە کە ناسینی من و سەربەست تەنها دوور بە دوور بووە و لە نزیکەوە و ڕوو بە ڕوو نەیەکترمان دیوە و نەیەکترمان دوواندووە. بەڵام سەربەست و بیر و نووسینەکانی هەمیشە لە دڵ و دەروونی من و هاوبیرانمدایە و دەڵێم ئەو لایەنەی کە سەربەستی تیرۆرکرد هەر دەبێت ڕۆژێك لە ڕۆژان نهێنیی هەڵبماڵرێت و ڕسوا بکرێت.

2001–05–25

# هێزکاری وەستانی شەڕ بەسەر ئابووریی تورکیاوە[1]

هۆڵندا – لاهای
2001-7-29

لەم ساڵانەی دواییدا ئابووریی تورك ڕۆژ بە ڕۆژ لە خراپیدایە, بەڕادەیەك ئەگەر نێوەڕاستی ئەمساڵ بانکی نێودەوڵەتی لەسەر داخوازیی ئامریکا 10 ملیار دۆلاری بۆ تورکیا دابیننەکردایە, ئەوا ئەو خۆپیشاندانانەی نێو شارە گەورەکانی تورکیا کە مەبەستی زۆرتر خۆشگوزەرانیی خەڵکی سادە و مووچەخۆر بوو, زۆرتر پەرەی دەسەند و ترسێکی گەورەتری دەخستە نێو دڵی کاربەدەست و ژێنەڕاڵەکانی تورکەوە.
بۆ بەردەوامبوونی خراپیی ئابووریی تورك دوو نموونەی مەیدانیی بێمەبەستی خۆم دێنمەوە:
یەکەم: لە مانگی هەشتی ساڵی 1995دا گەشتێکی وڵاتم بە تورکیادا کردەوە و 100 دۆلاری ئامریکیم بە 44 ملیۆن لیرە گۆڕییەوە!, (واتە بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا بوومە ملیۆنێر!). پاش پێنج ساڵ و لە مانگی 12ی 2000دا هەر بە تورکیادا گەشتێکی ترم بۆ وڵات کردەوە و ئەمجارەیان 100 دۆلارم بە هەفتاو ئەوەندە ملیۆن لیرە گۆڕییەوە!,

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 103 – 15-08-2001 – هەولێر – کوردستان.





(خۆ ئەگەر هەموو ئەو پارەیەی کە پێم بوو و ئەوانەشی کە هاوڕێ و ناسیاوان بەمندا ناردبوویانەوە بۆ کەس و کاریان, بمکردایە بە لیرە! ئەوا ئەمجارەیان دەبوومە موڵتی ملیۆنێر یان ملیاردێر!).
تێڕامێنن لە ماوەی پێنج ساڵدا نرخی لیرە بەرامبەر دۆلاری ئامریکی چەند بێنرخ بووە.

دووەم: لە گەشتی دووەمدا بۆ وڵات, لە مانگی 12ی 2000وە تا کۆتایی مانگی 1ی 2001 و لە ماوەی ئەو مانگەدا, تەواوی نرخی شمەك لە تورکیادا بەرزبووەوە. بۆ نموونە (لە کاتی چوونمدا نرخی ژوورێکی هۆتێلێکی مامناوەندی – ئەگەر دەستیان نەبڕیبێتم- 9 ملیۆن لیرە بوو, بەڵام کە گەڕامەوە هەر هەمان ژوور بوو بە 11 ملیۆن) لەوەوە بڕوانە بۆ خواردن, کرێیی گواستنەوە و .. هتد.
چەکدارکردنی سوپای تورك و گەشتوگوزاری هێزکارێکی پێچەوانەیان هەیە لەسەر ئابووریی تورکیا. بۆ یەکەمیان دەبێت ڕێژەیەکی زۆری لە بودجەی تورکیا بۆ تەرخانبکرێت, بەڵام دووەمیان دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئابووریی تورکیا.
هەردوو چەکدارکردنی سوپای تورك و ڕێژەی گەشتوگوزارکردن, پەیوەندییەکی گرنگیان بەشەڕی پکك و تورکەوە هەبووە و هەیە.
سەردەمی شەڕی پکك و تورك, تورکیا بەردەوام خەریکی خۆچەکدارکردن و هێنان و بردنی سوپا بوو. کە ئەمە هێزکارێکی خراپی هەبوو بۆسەر ئابووریی تورك. بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە شەڕ وەستاوە

و تورکیا وەك جاران ئەو خەرجییە زۆرەی سوپای نەماوە و ئەگەر کار وابڕوات پێدەچێت بەرێژەی خەرجیی خۆچەکدارکردنیشدا بچێتەوە کە ئەمە دەبێتە خاڵێکی پۆزەتیڤ بۆ ئابووریی تورك.

هەر لە سەردەمی شەڕدا ڕێژەی گەشتوەران بۆ تورکیا کە زۆربەیان خەڵکی خۆرئاوای ئەوروپان بەشێوەیەکی بەرچاو لە هاتنەخوارەوەدا بوو.. بەڵام لەوەتەی شەڕ وەستاوە ئەم ڕێژەیە لەسەرکردندایە و بۆ نموونە ئەمساڵ ژمارەی گەشتوەرانی هۆڵندی بۆ تورکیا لە 116٪ (لەسەدا سەدوشازدە!) بەرزبووەتەوە, کە داهاتێکی گەلێك باشە بۆ ئابووریی تورك.

لەمەوە دەتوانم بڵێم کە بەردەوامیی شەڕ زۆرترینی تەپینی ئابووریی تورکە, بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو شەڕە ماڵوێرانییەکی زۆری بەسەر کوردا هێنا. بەڵام ئەوەی جێی داخە کە ئەو شەڕی چەندساڵەیەی پکك و تورك هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی بەدەستنەهێنا و یەکلایەنە لەلایەن پکك وەستێندرا.. بێئەوەی تورك هیچ هەڵوێستێکی خۆیی بەرامبەر بە کێشەکەمان گۆڕیبێت..





# زەماوەندێك لە هەندەران[1]

**هۆڵندا – لاهای**

2001-7-29

ماوەیەکی زۆرە ئاشتی باڵی کێشاوە بەسەر باشووری وڵاتدا, هۆیەکەشی وەستانی شەڕی براکوژی و بەردەوامیی گفتوگۆی پارتی و یەکێتییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

ئەم دوو زلهێزەی باشوور ڕۆژ بە ڕۆژ نێوانیان باشتر دەبێت, دیارە باشتربوونی نێوانیان زۆرتر ئاستی باڵای هەردوولایان دەگرێتەوە. بەڵام شەڕەدەنووکی ڕەشە خەڵکەکە و هەوادارانیان هەر بەردەوامە و پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیوە, کە ئەمە گەلێك ترسناکە و پێویستە کاربەدەستانی ئەو دوو زلهێزە ئەگەر ئاشتیی ڕاستینە مەبەستییانە, بیرێك لەم مەترسییە بکەنەوە و هەوڵی زۆرتر هێورتربوونەوەی هەوادارە سادەکانیان بدەن. چونکە زۆرجار سەرکردایەتیی ئەم دوو زلهێزە بێئاگابوون لە شەڕێکی لاوەکیی هەوادار و چەکدارەکانیان و لە ئەنجامدا بووەتە شەڕێکی گەورەی سەرتاسەری.

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 104 – 01-09-2001 – هەولێر – کوردستان.

تێبینی: چیرۆکی ئەم زەماوەندەم لە بەڕێز کاك (دیاری سابیر ڕەشید)ەوە بیست, کە خۆی یەکێك بووە لە بەشداربووانی زەماوەندەکە و هاوڕێی زاواکە بووە. (وشە پەرتەوازەکان).

دیارە بەهاتنە دەرەوەی کورد بۆ هەندەرانیش هەمان ژیرێتیی ڕامیاری و هەمان شەڕەدەنووك نێردرایە دەرەوە. بۆیە هەوادارانی ئەو دوو زلهێزە لە هەندەرانیش هەر خەریکی ئەو جۆرە کارانەن و زۆرجاریش لە کوردستان خراپتر. بەڵام خۆشبەختانە لەبەرئەوەی ئەمانە لە هەندەران چەکدارنین, پەنادەبەنە بەر چەقۆ و جنێو و تف و زللە و ڕەفتاری تری لەو بابەتە. لەبەرئەوەی INC و تورکمانیش لێرە لە ئاستێکی وادانین کە نێوبژییان بکەن! ناچار پۆلیسی وڵاتێکی هەندەرانی لێکیان جوودادەکاتەوە و سەرسام دەمێنن!. چونکە پۆلیسەکان بۆیان ناچێتەوە سەریەك کە ئەم کوردانە بە وتەی خۆیان خاوەنی کێشەیەکن و دوژمنانیان داگیرکارانی کوردستانە, بەڵام ئایا بۆچی وادەکەن لەناوخۆیاندا؟!.

لەم جۆرە شەڕ و هەرایانەی هەوادارانی هەردوولا زۆرجار لە کامپی پەناهاندەکاندا ڕوودەدات و زۆرجار لە ئاهەنگی نەورۆز و هەندێك جاریش لە نێوجەرگەی شارێکی گەورەی وەك نۆرنبێرگی ئەڵمانیادا کە شەڕە چەقۆیەکی گەورەی تێدا ڕوویدا و پۆلیسی ئەڵمانی دەیانی لێگرتن و ڕەوانەی هەرێمەکانی تری ئەڵمانیای کردن.

بەڵام لە هەمووی سەیرتر پاش دووساڵ ئاشتی و مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی واشەنتۆن, لە شارۆچکەی (دۆکوم – Dokkum)ی هۆڵندا لە نێو زەماوەندێکی کچ و کوڕێکی گەنجی کوردا, کە لە وڵاتی نامۆییدا بۆ ئاهەنگەکەیان چل تا پەنجا کەسێکیان لە خزم و هاوڕێ و ناسیاوان لە ڕۆژی 10-4-2001دا بانگکردبوو, هەندێك لە





ئامادەبووان و ئاهەنگگێڕان, پاشئەوەی یەکێکیان جنێوی بەلایەنەکەی تردابوو, بووە هەرا و شەڕە دەست!. بەمجۆرە زەماوەندەکە تێکچوو و نیوەی زۆری ئامادەبووان ئاهەنگەکەیان جێهێشت و بووك و زاوای گەنجیش بەدڵی شکاوەوە ئەو ئاهەنگەی کە دەمێکە خەویان پێوەدەدی بەرەو ماڵ گەڕانەوە.

جێی داخە کە ئەمە یەکەم جارنییە کە ئەم کارە ناڕەوایانە لە نێو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان و بەهۆی ئەندامێتییان, یان هەواداریی یەکێك لەو دوو لایەنەوە ڕوویدابێت, بەڵام بەهیوای ئەوەی کە دوواجاربێت.

ڕابەرانی ئەو دوو لایەنە زۆرجار پێکەوە دادەنیشن و هەمیشە لە دانیشتنەکانیاندا ڕێز لەیەکتری دەگرن و زۆرجار نوکتە و قسەی خۆشیش بۆیەکتری دەگێڕنەوە. بەهیوای ئەوەی کە ئەو ڕابەرانە ئەو ڕێز و نوکتەگێڕانەوەیەش بگوێزنەوە بۆ نێو ڕەشە خەڵکەکە و چەکدار و هەوادارە سادەکانیان, چونکە ئاشتیی ڕاستینە لە بنچینەی جەماوەریی هەردوولاوە دەستپێدەکات..

بەهیوای بەرەو ئاشتیی ڕاستینە..

بەهیوای بەرەو بڵاوکردنەوەی هۆشی ئاشتیی ڕاستینە لەنێو جەماوەردا لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە..

# صور مرتكب الأنفال... في تظاهرات فلسطينية![1]

رفعت دعوى من قبل بعض الناجين من مجزرة صبرا و شاتيلا التي حدثت عام 1982 ضد رئيس الوزراء الاسرائيلي آرييل شارون الى محكمة بلجيكية, باعتبارها المحكمة التي لها صلاحية النظر في القضايا التي حدثت خارج اراضي بلجيكية, بغض النظر عن جنسيات مرتكبي و ضحايا هذه القضايا. و اهتم الاعلام بصورة عامة, و الاعلام العربي في الاشهر الاخيرة بصورة خاصة اهتماما كبيرا بهذه القضية. و يقف الاعلام العربي بجانب ضحايا صبرا و شاتيلا و ينقل اخبارهم, و جزئيات المرافعة, و تأثير المجزرة على الناجين منها الى المواطن العربي.

و تعتبر جرائم صبرا و شاتيلا من احدى الجرائم المدنية, بعد جرائم الانفال, في تاريخ ما بعد الحرب العالمية الثانية. صبرا و شاتيلا و الانفال جرائم لا تنسى, جرائم ارتكبت من قبل اناس لا يعرفون القيم الانسانية ضد اناس ابرياء, مجردين من السلاح, اطفالا و نساء و شيوخا. و ارتكبت هذه الجرائم امام عيون و آذان الرأي العام العالمي. و عند حدوث مجزرة صبرا و شاتيلا اصدر مجلس الامن بعض القرارات, و لكن بقيت هذه القرارات مثل قراراته الاخرى حبرا على الورق. اما في شأن الانفال التي ارتكبها النظام العراقي, فلم يصدر هذا المجلس اي قرار, و ذلك لأن المجني عليه كان شعبا مظلوما, و

[1] ڕۆژنامەی ئەلحەیات – بەزمانی عەرەبی – ژمارە 14056 – ڕۆژی 09-09-2001 – لەندەن. هەروەها هەمان وتار سەرلەنوێ لە ژمارە 107ی ڕۆژنامەی میدیای عەرەبیدا بڵاوکراوەتەوە – 08-10-2001 – هەولێر – کوردستان. ماڵپەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان – 09-09-2001.





ليس عضوا في المجلس. و بقيت هذه الجريمة مجهولة لدى الدول حتى وقوع جريمة الكويت. عندها صرخت هذه الدول, و عرضت ضحايا مدينة هلبجة (و ليس "حلبجة") الكوردية على شاشات تلفزيوناتها, و اعتبرتها جريمة كبيرة في حق الشعب العراقي و الانسانية.

و جرائم الانفال اكبر من جرائم صبرا و شاتيلا. فهي قتلت اكثر من مئتي الف كوردي. و مدينة هلبجة كانت حلقة في سلسلة جرائم الانفال. و من الغريب و العجيب ان كل تظاهرة فلسطينية ضد اسرائيل, او شارون, ترفع صور مرتكب الانفال. اذا كان شارون مجرما, فصدام تجاوز ما فعله شارون. ولا اجد كلمة في القاموس العربي تليق به. و اعتبار صدام حسين لفلسطين, و رفع صوره و تقديسه كبطل عربي قومي, يتعارض مع القضية الفلسطينية, و جريمة في حق الشعب الكوردي.

ارجو ان يعتبر ابطال الحجارة صدام مرتكبا في الكورد و الانسانية, وان يساندوا الكورد في قضيتهم العادلة و محاكمة صدام حسين.

تێبینی: ئەم وتارە ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی عەرەبی بەتەواوەتی تێکیدابوو, وابزانم ئەوەی کە وتارەکەی منی تایپ کردبوو خەڵکی فەلەستین بوو یان عەرەبێکی شۆڤێنیی سەددامی, هەربۆیە ناچار بووم تێکستە تەواوەکەی هەمان وتار بەهۆی ڕۆژنامەی (میدیا)ی عەرەبییەوە لە هەولێر بڵاوبکەمەوە.

ئەمە تێکستە تەواوەکەیە:

رفعت دعوى من قبل بعض الناجين من مجزرة صبرا و شاتيلا التي حدثت عام 1982 ضد رئيس الوزراء الاسرائيلي آرييل شارون الى محكمة بلجيكية, باعتبارها المحكمة التي لها صلاحية النظر في القضايا التي حدثت خارج اراضي بلجيكية, بغض النظر عن جنسيات مرتكبي و ضحايا هذه القضايا. و اهتمت اجهزة الاعلام بصورة عامة, و الاعلام العربي في الاشهر الاخيرة بصورة خاصة اهتماما كبيرا بهذه القضية. حيث يقف الاعلام العربي بجانب ضحايا صبرا و شاتيلا و بنقل اخبارهم, و جزئيات المرافعة, و تأثير المجزرة على الناجين منها الى المواطن العربي.

و تعتبر جرائم صبرا و شاتيلا من احدى اكبر الجرائم المدنية, بعد جرائم الانفال, في تاريخ ما بعد الحرب العالمية الثانية. صبرا و شاتيلا و الانفال جرائم لا تنسى, جرائم ارتكبت من قبل اناس لا يعرفون القيم الانسانية ضد اناس ابرياء, او بالأحرى اناس مجردين من السلاح, و كانت اكثرية الضحايا اطفالا و نساء و شيوخا. و ارتكبت هذه الجرائم امام اعيون و ملء آذان الرأي العام العالمي. دون وجود اية معارضة فعلية من قبل المجتمع الدولي.

عند حدوث مجزرة صبرا و شاتيلا اصدر مجلس الامن بعض القرارات, و لكن بقيت هذه القرارات مثل حال قراراته الاخرى حبرا على الورق. اما في شأن الانفال التي ارتكبت من قبل النظام العراقي, فلم يصدر هذا المجلس اي قرار, و ذلك لأن المجني عليه كان شعبا مظلوما, و ليس له اي عضو لدى هذا المجلس وعلمه او احد اعلام الدول الكوردية لا يرفرف فوق مبنى الامم المتحدة في نيويورك.

تعتبر الاراضي التي وقعت فيها جرائم الانفال من قبل الغالبية المطلقة من الدول العربية و كذلك الجامعة العربية جزءا





لايتجزأ من الوطن العربي!, لكن حين وقوع جرائم الانفال بدأ الامر كان هذا الجزء لم يكن موجودا على خارطة الوطن العربي يوما.

هذه الجريمة سميت بالانفال نسبة الى اية في القران, ارتكبت ضد اناس يقرأون هذه الايات على مدى اربعة عشرة قرنا دون اية معارضة من جيرانهم العرب.

بقيت هذه الجريمة منسية لدى الدول حتى وقوع جريمة الكويت. عندها صرخت هذه الدول, و عرضت ضحايا مدينة هلبجة[1] (و ليس "حلبجة") الكوردية على شاشات تلفزيوناته, و اعتبروها جريمة كبيرة في حق الشعب الكوردي و الانسانية.

ومن هنا سوال يطرح نفسه اين كانت هذه الدول او الاعلام العربي حين بدأت جرائم الانفال في ربيع 1988؟ و لماذا بقوا منتظرين ثلاث سنوات لأدانة هذه الجريمة؟. و لماذا صدرت عشرات من القرارات بشأن مجزرة صبرا وشاتيلا من قبل الجامعة العربية و لماذا بقيت هذه الجامعة عمياء وطرشاء وخرساء حيال جرائم الانفال؟, ومن العجيب ايضا ان المجرم (اي الحكومة العراقية و جيشها الاحتلالي) كرمت و لقبت من قبل الدول العربية و جامعتها بـ(حامي العروبة و حرس البوابة الشرقية للأمة العربية).

جرائم الانفال تعتبر اكبر خطورة من جرائم صبرا و شاتيلا حيث قتلت ووأدت بحياة اكثر من مئتي الف كوردي فيها و مدينة هلبجة كانت ايضا احدى هذه الجرائم ضمن سلسلة جرائم الانفال.

---

[1] يرد هذا الاسم في كافة قنوات الاعلام العربي خطأ. الاسم الحقيقي هو هلبجة حيث عرب هذا الاسم من قبل سلطات الاحتلال. شأنه شأن الاف الاسماء الاخرى مثل كوردستان اصبح (منطقة الحكم الذاتي) وكركوك اصبح التأميم و غيرها.

صبرا و شاتيلا اسمان لن ينسيان من قبل الكورد لانهما يدلان على جريمة شنيعة ارتكبت بحق الشعب الفلسطيني و الانسانية, جريمة ذبح فيها اطفال ابرياء, جريمة تذكرنا بمآسينا و خاصة كارثة الانفال.

لكن من الغريب و العجيب في كل مظاهرة فلسطينية ضد اسرائيل, او شارون, ترفع صور مرتكب الانفال (اي المجرم صدام حسين) الذي قتل حتى الان اكثر من ربع مليون كوردي. اذا كان شارون مجرما, فصدام تجاوزهذه الصفة ولا اجد كلمة في القاموس العربي تليق به. اذا كان يحق لضحايا صبرا و شاتيلا ان يجروا شارون الى محكمة بلجيكا لمحاكمته فهذا قليل جدا لصدام ارتكب الآف من صبرا و شاتيلا في كوردستان.

ان اعتبار هذا المجرم منقذا لقضية فلسطين, و رفع صوره و تقديسه كبطل عربي قومي, تتعارض مع القضيتهم وهم يرتكبون جريمة كبيرة بحق الشعب الكوردي. لان صدام يعتبر الف شارون و شارون للكورد.

ارجو ان يعتبر ابطال الحجارة صدام مجرما بحق الكورد و الانسانية ويساندوا الكورد في قضيتهم العادلة و محاكمة المجرم صدام حسين. كما ساند ويساند الكورد القضية الفلسطينية منذ عشرات السنين و يعتبروا ايضا جماعة (العشرة الاف[1]) مستوطنين على ارض كوردستان.

[1] جماعة العشرة آلاف هم عوائل من بعض قبائل البدو العربية في العراق التي تهجر من مناطقها و تستوطن في مدينة كركوك الكوردية وفقا لخطة عنصرية عراقية لتعريب كركوك وامحاء ملامحها الكوردية مقابل عشرة آلاف دينار عراقي لكل عائلة عربية.





ملاحظة:

هذا المقال نشر في صحيفة الحياة الصادرة يوم 18-09-2001 ولكن احذف الصحيفة المذكورة لقسم من المقالة ارتأى صاحب المقال نشرها في صحيفتنا كاملة. (ميديا).[1]

[1] ئەمە وەرگێڕانە کوردییەکەی تێکستەکەی میدیایە:

(تێبینی: ئەم وەرگێڕانە وشە بە وشە نییە).

**وێنەکانی تاوانباری ئەنفال لە خۆپیشاندانەکانی فەلەستیندا؟!**

هەندێك لەوانەی لە قەسابخانەکانی سەبرا و شاتیلای ساڵی 1982 رزگاریان بووە, سکاڵای خۆیان لەدژی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ئارییێل شارون بردووەتە لای دادگای وڵاتی بەلژیك. چونکە ئەم دادگایە دەتوانێت بڕیار لەسەر ئەو کێشانەش بدات کە لە دەرەوەی زەوییەکانی بەلژیك روویداوون, بەبێ گوێدانە رەگەزنامەی قوربانییان و تاوانبارانی ئەو تاوانانە.

کەناڵەکانی راگەیان, بەتایبەتی هی عەرەبییەکان لەم چەند مانگەی دواییدا گرنگییەکی زۆریان بەم کێشەیەی سەبرا و شاتێلادا. راگەیاندنی عەرەبی بەهەموو شێوەیەك لەپشتی قوربانییانی ئەم تاوانەوەیە و دەنگوباس و وردەکاریی ئەم دادگاییە و هێزکاری ئەو قەسابخانەیە بۆسەر ئەوانەی کە هێشتا ماون و لە ژیاندان دەگەیەنێتە عەرەبزمانەکان.

تاوانەکانی سەبرا و شاتێلا بە گەورەترین تاوانی سیڤیل دادەنرێت لە دوای تاوانەکانی ئەنفالەوە بەدرێژایی مێژووی دوای جەنگی جیهانیی دووەم. سەبرا و شاتێلا و ئەنفال, تاوانێکن و لەیادناچن, تاوانێکن لەلایەن خەڵکانێکەوە ئەنجامدراون کەهیچ بەهایەکی مرۆییان بەلاوە نییە و لە دژی خەڵکانێکی بێتاوان ئەنجامدراون, زۆرینەی ئەو قوربانییانەشیان منداڵ و ئافرەت و خەڵکی بەساڵاچوو بوون. ئەم

تاوانانه لەبەردەم چاو و گوێی رای گشتیی جیهانیدا پیادەکراون. بەبێ پیشاندانی هیچ بەرتەکێك لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.

پاش رووداني تاوانەکانی سەبرا و شاتێلا ئەنجوومەنی ئاساییش هەندێك بڕیاری دەرکرد, بەڵام ئەم بڕیارانەش وەك بڕیارەکانی تری بەمەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە. بەڵام پاش تاوانی ئەنفال لەلایەن رژێمی ئێڕاقەوە هیچ بڕیارێك لەلایەن ئەو ئەنجوومەنەوە دەرنەچوو, چونکە تاوانلێکراو گەلێکی زۆرلێکراوی بێچارە و هیچ ئەندامێکی لەو ئەنجوومەنەدا نەبوو و ئاڵاکەشی یان ئاڵای یەکێك لە دەوڵەتە کوردییەکان بەسەر باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نەدەشەکایەوە.

ئەو زەوییانەی کە تاوانی ئەنفالی تێدا روویدا لەلایەن تەواوی دەوڵەتە عەرەبییەکان و جامیعەی عەرەبییەوە بەشێکی دانەبڕاوی نیشتمانی عەرەبییە!, بەڵام کاتی رووداني تاوانەکانی ئەنفال, لەسەرەتادا ئەو زەوییانە واهاتە پێش چاویان کە رۆژێك لە رۆژان لەسەر نەخشەی نیشتمانی عەرەبی نەبووە!.

ئەم تاوانە بەناوی ئایەتێکی قورئانەوە ناونراوە, کە لە دژی کەسانێك پیادەکراوە کە بەدرێژایی چواردە سەدە خەریکی قورئان خوێندن و ئیسلامەتین بەبێ ئەوەی دراوسێ عەرەبەکانیان لەسەریان هەڵبدەنێ.

ئەم تاوانە تا رووداني داگیرکردنی کووەیت هەر بەلەبیرکراوی مایەوە. پاش رووداوەکانی کووەیت ئەو دەوڵەتە عەرەبییانە کەوتنە هاوار هاوار و وێنەکانی قوربانییانی هەڵەبجەیان* لەسەر سکرینی تەلەڤزیۆنەکانیان پیشاندا و بەتاوانێکی گەورەیان لە دژی کورد و مرۆڤایەتی زانی.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە, ئایا ئەو دەوڵەتانە و راگەیاندنی عەرەبی لە کاتی تاوانی ئەنفال لە بەهاری 1988دا لەکوێ بوون؟. بۆچی سێ ساڵی پێچوو تاوەکو ئەنفالیان بە تاوان زانی؟. بۆچی دەیان بڕیار لە جامیعەی عەرەبییەوە بۆ قەسابخانەی سەبرا و شاتێلا دەرچوو و بۆچی ئەم جامیعەیە کەڕ و کوێر و گێل بوو لەبەرامبەر ئەنفالدا؟, ئەوەشی جێی سەرسووڕمانە تاوانباری ئەنفال (واتە





حکومەتی ئێڕاقی و سووپا داگیرکەرەکەی) لەلایەن دەوڵەتانی عەرەبی و جامیعەکەیانەوە خەڵاتدەکرا و بە (پارێزگاری عروبە و پاسەوانی دەروازەی خۆرهەڵاتی نەتەوەی عەرەب) دادەنرا.

تاوانەکانی ئەنفال لە تاوانەکانی سەبرا و شاتێلا گەورەتر و ترسناکترە و بووە هۆی کوژرانی زۆرتر لە دووسەد هەزار کورد و شاری هەڵەبجەش یەکێکە لە زنجیرەی تاوانەکانی ئەنفال.

سەبرا و شاتێلا دوو ناون لای کورد بیرناچنەوە و ئاماژەن بۆ تاوانێکی گەورە کە لە دژی گەلی فەلەستینی و مرۆڤایەتی کراوە, تاوانێك منداڵانی بێتاوانی تێدا سەربڕڕاوە, تاوانێك کە بیریماڵوێرانییەکانمان دەخاتەوە, بەتایبەتی کارەساتی ئەنفال.

بەڵام ئەوەی جێی سەرسووڕمانە لە هەموو خۆپیشاندانێکی فەلەستینیدا لە دژی ئیسرائیل و شارون, وێنەی تاوانباری ئەنفال (واتە تاوانبار سەددام حسێن) بەرزدەکرێتەوە, کە تاوەکو ئێستا زۆرتر لە چارەکە میلیۆنێك کوردی کوشتووە. ئەگەر شارون تاوانبار بێت, ئەوا سەددام ئەو تاوانەی تێپەڕاندووە و وشەیەکی واهیی لە فەرهەنگی عەرەبیدا بۆ نادۆزمەوە کە پڕاوپڕی بێت. ئەگەر بۆ قوربانییانی سەبرا و شاتێلا بشێت شارۆن راکێشنە دادگای بەلژیك بۆ دادگاییکردنی, ئەمە کەمە بۆ سەددامێك کە هەزارانی وەك سەبرا و شاتێلای لە کوردستاندا پیادەکردووە.

کردنی ئەم تاوانبارە بە رزگارکەری فەلەستین و بەرزکردنەوەی وێنەکانی و پیرۆزکردنی وەك پاڵەوانێکی نەتەوەیی عەرەبی, دژی کێشەی فەلەستینە و ئەوان بەوە تاوانێکی گەورە دژی گەلی کورد دەکەن. چونکە سەددام بەرامبەر هەزار و یەك شارۆنە بۆ کورد.

هیوادار پاڵەوانانی بەرد سەددام بە تاوانبار دابنێن بەرامبەر بە کورد و مرۆڤایەتی و پشتی کورد بگرن لە کێشە رەواکەیان و دادگاییکردنی تاوانبار سەددام حسێندا. هەروەك چۆن کورد دەیان ساڵە پشتی فەلەستینییەکان دەگرێت لە کێشە

ڕەواکەیاندا و ئەوانەشی کە پێیان دەگووترێت کۆمەڵی دە هەزارەکە** بە داگیرکەریان بزانن لەسەر خاکی کوردستان.

* ناوی هەڵەبجە بەشێوەیەکی هەڵە لەسەر تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی بەکاردەهێنرێت. ناوە ڕاستییەکەی هەڵەبجەیە نەك حەلەبجە. ئەم ناوەش وەکو هەزاران ناوی تری شوێنەکانی کوردستان لەلایەن هێزەکانی داگیرکەرەوە عەرەبێنراوە وەك (کوردستان) بووەتە (ناوچەی ئۆتۆنۆمی) و کەرکوك بووەتە تەئمیم و هەروەها...

** کۆمەڵی دەهەزارەکە چەند خێزانێکن لە هەندێك تیرەی کۆچەری عەرەبی لە ئێڕاق کە ناوچەکانی خۆیان جێدەهێڵن و لە کەرکوکی کوردا نیشتەجێ دەبن. ئەمەش بەپێی پیلانێکی ڕەگەزپەرستانەی عێڕاقییەوەیە بۆ بەعەرەبکردنی کەرکوك و سڕینەوەی رووخساری کوردانەی بەرامبەر دەهەزار دیناری ئێڕاقی بۆ هەر یەکێك لە و خێزانانە.

**تێبینی:**

ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی عەرەبیی ئەلحەیاتی ڕۆژی 18-09-2001دا بڵاوکراوەتەوە, بەڵام ئەو ڕۆژنامەیە چەند بەشێکی وتارەکەی لێقرتاندبوو و خاوەنی وتارەکە بەباشی زانی هەموو وتارەکە بەتەواوەتی لە ڕۆژنامەکەماندا بڵاوبکرێتەوە (میدیا).





# چۆن کۆیانبکەمەوە؟![1]

**لاهای – هۆڵندا**

لەم ڕۆژانەدا, بەهۆی کاك (نەهرۆ هەینی)ی هاوڕێمەوە, وتارێکی برای بەڕێز (ئاکۆ ئاکۆیی)م بەدەست گەیشت. هێڵی گشتیی وتارەکەی کاك ئاکۆ لەسەر بەرگی دوا کتێبی بەندەیە کە لە دوو مانگی ڕابردوودا لەلایەن (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم) لە سلێمانی چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەو وتارە لە ژمارە 430ی ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)دا بڵاوکرابووەوە.

کتێبەکە ناوی (ئاڵای کورد)ە, بەکورتی باس لە هۆیەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی دەکات. من لە ساڵی 1994ەوە لە نووسنی ئەو کتێبە بوومەتەوە و ئامادەی چاپم کردبوو. هەر لەو کاتەشەوە دەمویست بەرگی کتێبەکە ئاڵای کوردستان بێت.

[1] ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی – ژمارە 433 – 24-09-2001 – کوردستان – سلێمانی.

تێبینی: پاش نووسینی ئەم وتارە هیچم لە کاك (ئاکۆ ئاکۆیی) نەبیستەوە, هیوادارم بەم وتارە وەڵامیم دابێتەوە. (وشە پەڕتەوازەکان).

بۆ ئەو مەبەستە سێ ساڵێك بەر لە ئێستا لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویستم کاك (سامانی کەریمی) کە دانیشتووی هۆڵندایە و لەو کارە هونەرییانەدا زۆر شارەزایە. نەخشەی بەرگی کتێبی ئاڵای کوردمان بەڕەنگاوڕەنگی کێشا. کە تەواوی بەرگەکەی لەمدیو بۆ ئەودیو ئاڵایەکی کوردستان بوو بەپانی و لەسەر بەرگی یەکەمی ناوی کتێبەکە و کورتەیەکی دوو دێڕی و ناوی نووسەرمان نووسی و لە بەرگی پشتیشەوە بەهەمان شێوە بەڵام بە کوردیی لاتینی. واتە ئاڵای کوردستان ببووە باکگراوندێکی نووسینەکانی سەر بەرگەکە.

ساڵی پار کە کتێبی ئاڵای کوردم بە تیپ و مۆنتاژکراوی نارد بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, دەبوایە هەمان ئەو بەرگەشم لەگەڵدا بناردایە. بەڵام من هەندێك کتێبی تری دەزگای سەردەمم دیبوو و بەرگەکانیانم زۆر پێ هونەری و جوان بوو و لای خۆمەوە وامدانا کە ناردنی ئەو بەرگە یەکەم پێویست نییە و خۆیان جێبەجێی دەکەن. دووەمینیش نەمویست ئاڵایەکی کوردستان بەو هاوڕێیەمدا بنێرمەوە کە کتێبەکەی بۆ بردمەوە, تاوەکو لەسەر ئەو سنوورانە تووشی کێشە نەبێت. بەڵام بەدەزگای سەردەمم ڕاگەیاندبوو کە بەرگی کتێبەکە دەبێت ئاڵای کوردستان بێت.

هەرچۆنێك بێت کتێبی ئاڵای کورد لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپکرا, سوپاسێکی زۆریاندەکەم. بەڵام کاشکی ئەو



وشە پەرتەوازەکان (بەرگی یەکەم) هاوڕێ باخەوان

ئاڵایەیان هەر نەخستایەتەسەر. کە من نازانم ئاڵای چ وڵاتێکە!, ئەوەی کە دڵنیام لێی ئەوە ئاڵای کوردستان نییە..

پاش چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاڵای کورد بە چەند هەفتەیەك لە ڕۆژنامەی (میدیا)دا وەك هەواڵێك بڵاوکرایەوە, کاك (ئاکۆ گەردی)ی سەرنووسەری میدیا تەلەفونی بۆکردم و گووتی "کتێبەکەت بە هەڵەوگێڕاوی چاپ بوو", لەمن وایە کە باسی ئەو هەواڵەی ڕۆژنامەی میدیا دەکات کە وێنەی کتێبەکەیان بەهەڵەوگێڕاوی چاپکردبێت!, هەر بۆیە زۆر گوێم پێنەدا و بە هەواڵێکی تێپەڕ وەرمگرت.

بەڵام پاش چەند ڕۆژێکی تر کاك (هەژار کامەلا)ی هاوڕێم لە هەولێرەوە تەلەفونی کرد و پێی ڕاگەیاندم کە ئاڵاکەی سەر بەرگی ئاڵای کورد بەهەڵەوگێڕاوی چاپکراوە. ئنجا بەتەواوی تێیگەیشتم. بەڵام پاش چی؟ ئەو کاتەی کە ئەم هەواڵەم بیست ئەگەر نیوەی زۆری نەفرۆشرابێت (بەپێی ئەو هەواڵانەی بیستوومن) ئەوا چەند سەد دانەیەکی هەر فرۆشرابوون.

کاك ئاکۆ ئاکۆیی: ئەم هەڵەیە لەمنەوە نییە. لە هەر کەسێکەوە بێت کارێکی نابەجێیە.

من سەرەڕای دەربڕینی سوپاس و پێزانینی خۆم بۆ دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم بۆ چاپکردنی کتێبەکە بە تیراژی هەزار دانە. بەڵام مافی ئەو گلەییەشم هەیە کە دەبوایە ئەوان پێش ئەوەی بیانخستایەتە بازاڕەوە بەرگەکەیان سەرەونخوون بکردایەتەوە! هەڵبەت ئەگەر ئەوان بەمنیان بگوتایە کارێکی وا ڕوویداوە. ئەوا من وازم لەو (هەزار و پێنجسەد دینار و چل دانە کتێبەی ئاڵای کورد) دەهێنا کەوەك دیاری دابوویانە دەست کەسوکارم لە سلێمانی. بۆ ئەوەی قەرەبووی هەزار بەرگی تری پێبکەن..

کاك ئاکۆ ئاکۆیی: پێشنیارەکەت زۆر جوانە, بەڵام بۆ من زۆر گرانە کە لەم دوورەوە کتێبی ئاڵای کورد بەنیوەناچڵی لە کتێبخانەکاندا کۆبکەمەوە. چونکە من مافی ئەو کتێبانەم نییە و موڵکی دەزگای سەردەمن. کاشکی ئەو پێشنیازەت زوو بۆ ئەوان بکردایە. چونکە وەك بیستوومە خوێنەرێکی باشیت و دڵسۆزی ئاڵای کوردستانیشی. هەڵبەت دڵنیام کە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کتێبی ئاڵای کوردت دیوە, دەبوایە تۆ و هاوبیرانت ئەو پێشنیارەتان بخستایەتە بەردەستی دەزگای سەردەم. دیارە نەك لەبەرئەوەی من کتێبێکی زۆر بێوێنەم نووسیوە!, بەڵکو تەنها لەبەر پیرۆزیی دەوڵەتی کوردی و ئاڵای کوردستان.

خوێنەرانی هێژا, کاك ئاکۆ: نامەوێت درێژدادڕ بم, بەڵام ئەگەر بێت و باسی هۆی هەڵەوگێڕاویی ئاڵای کورستان لەسەر کتێبی ئاڵای کورد





بکەم! ئەوا دەبێت دیسانەوە باسەکانی بەشی یەکەم و چوارەمی کتێبی ئاڵای کوردتان بۆ بنووسمەوە, کە ئەویش سستیی بیری نەتەوەییە لەلامان. تەنانەت لەلای دەزگا ڕۆشنبیرییەکانیشمان!, ئەگینا هەیە ئاڵای خۆی نەناسێت؟!..

لە کۆتاییدا دەڵێم: ئەو کاتەی کتێبی ئاڵای کوردم ئامادە کرد بۆ چاپ, نزیکەی سێسەد لاپەڕە بوو. پاشماوەیەك وام بەباشزانی کە نزیکەی چل لاپەڕەیەکی بەشێوەیەکی کاتی لێ لابەم. پاشان ساڵی پار کە ئاڵای کوردم نارد بۆ سەردەم, بەپێی ڕێکەوتنێکی (خۆم و دەزگای سەردەم) چەند بەشێکی بچووکمان لە کتێبەکە لابرد. بەڵام ئەگەر ئەمجارە ئاڵای کورد هەلی چاپی دووەمی بۆ بڕەخسێت, ئەوا بەرگەکەی ئەو بەرگەیە کە سامانی کەریمی نەخشاندوویەتی و ناوەڕۆکەکەشی ئەو سێسەد لاپەڕەیەیە کە لە بنی کولەکەکەی داوە..

تکایە گلەییم لێمەکەن, من وێنەکێش نیم.. کاك ئاکۆ, ئەوا پێشنیارەکەتم جێبەجێکرد.. هەربژین..

2001-09-10

# ڕۆژی شۆڕش.. ڕۆژی تیرۆر..[1]

ڕۆژی 2001-09-11 هێرشێکی گەورە کرایە سەر ئامریکا, ئەم هێرشە کە بەپێی نەخشەیەکی درێژخایەن و ڕێکوپێك پلانی بۆکێشرابوو, هەموو جیهانی هەژاند. ئەم هێرشە لەچاو هەموو ئەو ڕووداوانەی تری ئەم دوادواییە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی هەیە, لەوانە:

* بۆ یەکەمجارە لە مێژووی نوێدا هێرشێکی وا گەورە بکرێتە سەر زلهێزترین دەوڵەتی سەر ئەم زەمینە.
* هێرشەکە دڵی دەوڵەتی ئەمریکای گرتەوە کە ئەوانیش پنتاگۆن (دڵی سەربازیی ئامریکا) و وێرد ترەید سەنتەر (دڵی سەرمایەداریی ئامریکا), ئەگەر هەڵەیەك لە کاتی هێرشەکەدا ڕووینەدایە, لەوانەبوو کۆشکی سپیش بەدەردی توینگ تاوەر بچووایە.
* هێرشەکە هەربە تەکنەلۆژیای ئامریکی خۆی کرا, واتە بە فڕۆکەی بۆینگ.
* هێرشەکە هەر لەناو خاکی ئامریکادا و لە دژی ئامریکا پیادەکرا.

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 108 – 2001-10-15 – هەولێر – کوردستان.
ئەم وتارە بووە بیرۆکەی نووسینی شەشەمین پەرتووکم بەناوی (ڕۆژی شۆڕش یان ڕۆژی تیرۆر). (وشە پەرتەوازەکان).





* بۆ یەکەمجارە لە مێژووی نوێی ئامریکادا کە دوای ڕووداوی نقومبوونی کەشتیی تایتانیك ژمارەیەکی وا زۆر خەڵکی مەدەنیی ئامریکی بەکۆمەڵ لەناوبچێت.
* هێرشە ترسێکی زۆری کردە سەر دەوڵەتی ئامریکی و خەڵکەکەی, تەنانەت ئەم ترسە وڵاتە خۆرئاواییەکانیشی گرتەوە.

هەر لەدوای ڕوودانی هێرشەکەوە لەلایەن زۆربەی وڵاتانی دنیاوە ناڕەزایی دەربڕرا, بەتایبەتی لەلایەن وڵاتانی ئەورووپای خۆرئاواوە. بەڕادەیەك کە زۆرڕەوییەکی زۆری تێداکرا تاوەکو دڵی ئامریکا ئاغا ڕابگرن لەو نەهامەتییەی کە تێی کەوتووە.
لە وڵاتێکی وەکو هۆڵەندادا کە لە ڕۆژی شەهیدانی خۆیاندا ئەگەر چەند چرکەیەك بەبێدەنگی بۆ شەهیدانی هۆڵەندا بوەستن! کەچی بۆ قوربانییەکانی توینگ تاوەر سێ خولەك بەبێدەنگی وەستان. بەڕادەیەك کە ئەم وڵاتە بۆماوەی سێ خولەك وەستا. تەنانەت شەمەندەفەر و ئوتومبیلی سەر ئۆتۆبانەکانیش! . یارمەتییەکی زۆر کۆکرایەوە هەزاران نامە و بروسکەی ناڕەزایی نێردرا. سەرۆکی کۆمسیۆنی وڵاتانی ئەورووپا تکای لە بوش کرد کە ئەرکەکانیان بۆ دیاری بکات تاوەکو بەدڵسۆزییەوە پێی هەڵبستن. ڕادیۆ, تەلەڤزیۆن, ڕۆژنامە, گفتوگۆ, قسەی چاخانە و ناو ئۆتۆبوسەکان, .. هەموویان بۆ ماوەیەکی زۆر بوونە باسی توینگ تاوەر و خەڵکی هەژاری ئامریکی. چەندین گشتپرس بەڕێوەچوو کە ترسناکترینیان لە هۆڵندا پیادەکرا, بەوەی کە

لەسەدا شەستوپێنجی هۆڵندا دەنگی بۆئەوەدا کە ئەو موسوڵمانانەی لە هۆڵندان و هێرشەکەی توینگ تاوەریان پێناخۆشە بکرێنەدەرەوە.
بەکورتی هێرشەکە بەتەواوەتی جیهانی هەژاند, بەشێوەیەك کە تاوەکو ئێستا مێژوو بەخۆیەوە نەدیوە کە وەك میدیای جیهانی باسی دەکات و پڕوپاگەندەی بۆ دەکات. دەوڵەتانی جیهانی سێیەم و ئیسلامییەکان ئەگەرچی لە ژێرەوە ئەم هێرشەیان پێخۆشبوو, بەڵام لە ترسی کورسییەکانیان ناڕەزایی خۆیان دەربڕی.
ئەم هێرشە کاریشی کردە سەر من, پێم سەیربوو کە شتێکی وا گەورە لە دژی ئامریکا ڕوویدات. بە کارێکی تیرۆری دادەنێم بە تایبەتی ئەوەی توینگ تاوەر. ئەوەشی کە زۆرتر سەری سووڕهێناوم ئەوەیە کە یەکێکی وەك بین لادن کارێکی وا گەورە و نەخشەبۆکێشراوی لەدەست بێت. لەمەیاندا جارێ ناتوانم باوەڕی تەواو بهێنم کە بین لادن کاری وای لێبوەشێتەوە. وایبۆدەچم کە خۆرئاوا بیەوێت بە بەردێك چەند نیشانێك بپێکێت کە یەکێکیان بین لادن بێت..

11ی ئەیلوول جیهانی هەژاند, بەڵام زۆر درەنگ بوو. دەبووایە ئەم 11ی ئەیلوولە 40 ساڵ لەمەوبەر جیهانی بهەژاندایە. ئەو کاتەی کە سوپای داگیرکەری عەرەبی بە هەموو هێزێك و چەکێکی قورسەوە هێرشی کردە سەر باشووری کوردستان, بەجۆرێك کە تەڕ و وشکی پێکەوە دەسووتاند. ئێمە ناچار کراین ڕۆژی 11ی ئەیلوول بکەینە ڕۆژی شۆڕش, چەکمان هەڵگرت و لەو ڕۆژەدا شەهید (حەمە تەلانی)مان





لەدەست چوو. هەرچۆنێك بێت کەوتینە سەرپێ, توانیمان بەرگری لەخۆمان بکەین و ناوچەی ئازادکراومان ببێت. شۆڕشەکەمان پەرەیسەند و داگیرکەر کەوتە گفتوگۆ لەگەڵماندا, گفتوگۆمان درێژەی خایاند, ڕێکنەکەوتین و شۆڕش دەستیپێکردەوە, شۆڕشەکەمان دەیتوانی ژیانێکی ئازادمان بۆ وەدەستبهێنێت, ئەگەر ڕێکەوتننامەی 6ی ئازار مۆرنەکرایە. شۆڕشیان پێ لەناوبردین, دەستبەردارمانبوون, دووریانخستینەوە بۆ بیابانەکانی باشووری ئێراق, گوندەکانمانیان سووتاند, ژەهراوییانکردین, ئەنفالیانکردین..
لە ڕۆژی شۆڕشەوە تاوەکو ئەمڕۆ چارەکە ملیۆنێك قوربانیمان داوە, کەچی یەك لەسەر چارەکە ملیۆنی ئەو پێنج هەزارەی توینگ تاوەر باسیان نەکردین, گرنگییان پێنەداین, یارمەتییان بۆ کۆنەکردینەوە و بەرگرییان لێنەکردین.

پاش لەناوچوونی شۆڕشەکەمان ئامریکا ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە و پێی وتین: "ئێمە سیاسەتمان زۆر بێڕەوشتانە بوو لەگەڵ کوردا, نەوازمان لێهێنان لەگەڵ ئێراقدا بەهۆی گفتوگۆوە بگەنە ئەنجامێك و کێشەی خۆیان چارەسەر بکەن, نەهێشتیشمان شۆڕشەکەیان تاسەر بەردەوام بێت".
من تەنها یەك شت لەو ڕاپۆرتە تێدەگەم, ئەویش ئەو لایەنەی کە نەیهێشت بە گفتوگۆ چارەی کێشەکەی خۆمان بکەین و نەشیهێشت

شۆڕشـەکەمان تاسـەر بـەردەوام بێـت, یەکـەمین و بـەهێزترین هـۆی لەناوبردنی چارەکە ملیۆنێك کوردە.

تیرۆر هەر تیرۆرە بەهەر جۆرێك و لەهـەر لایەنێکـەوە بێت, وێرانکردنـی توینگ تاوەر و هەپرون بە هەپرونی زۆرتر لـە 5 هـەزار کـەس تێیـدا بـە دڵنیاییەوە کـارێکی تیرۆریسـتییە, بـەڵام لـەو تیرۆریسـتر جینۆسـایدی چارەکە ملیۆنێك مرۆڤە لە ماوەی 40 ساڵدا.

هەزاران کەس لە توینگ تاوەردا تێیدا چوون, ئامریکـاش و یاوەرانیشـی خەریکی جەنگی سەربەستیی درێژخایەنن, هیوادارم ئـەم جەنگـەی ئـەم دواییـەمان نەبێتـە هـۆی تیرۆرکردنـی ژمارەیـەکی زۆری تـری مرۆڤـی سـادەی بێدەسـتەڵاتی وەکـو کـورد. هەرچـەند بەداخـەوە لەوەدەچـێت کارەسـاتێکی گـەورە ڕووبـدات, کـە بەراییەکـەی دوای ئـەو 5 هـەزارەی تـوینگ تـاوەر بـە تیرۆرکردنـی دەیـان کـورد لەلایـەن جنـد الاسـلامەوە دەسـتی پێکـرد. کـە ئـەو ڕووداوە بەدڵنیاییـەوە زنجـیرەی تیرۆرکردنـی توینگ تاوەرە..

**لاهای – هۆڵندا**

2001-10-1





# دەستی بەخوێنی نەزار خەزرەجی بە(کەسایەتییە عێراقییەکان) ناشاردرێتەوە[1]

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

ئاکۆ گەردی – هەولێر

ژمارەیەك کەسایەتی عێراقی بۆ بەرگریکردن لە هەڵوێستەکانی تاوانباری جەنگ نەزار خەزرەجی نامەیەکیان ئاڕاستەی وەزیری دادی دانیمارکی فرانس جانسن کرد, تەنانەت ئەو کەسایەتییانە نەزاریان بەکەسایەتییەکی نێوداری نیشتمانی و خاوەن هەڵوێستی وڵاتپارێزانە و خودان نێوبانگێکی بەرز و نموونەیی ناساندووە. هەروەها لە نامەکەیاندا

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 110 – 15-11-2001 – هەولێر – کوردستان.
(تێبینی: ئەم وتارە بەزمانی عەرەبی نووسرا و نێردرا بۆ ڕۆژنامەی ((الزمان))ی عەرەبی, بەڵام بڵاویان نەکردەوە. تێکستە کوردییەکە لەلایەن کاك (ئاکۆ گەردی)ی سەرنووسەری ڕۆژنامەی میدیاوە لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراوە, سەرباسی وتارەکە لە تێکستە عەرەبییەکەدا بریتییە لە "ئەوەی بەرگری لە تاوانبار بکات, خۆشی تاوانبارە" بەڵام کاك ئاکۆ ئەو سەرباسی "دەستی بەخوێنی..."ی بەلاوە پەسەندتر بووە. کاك ئاکۆ ناوی خۆشی نەخستبووە سەر وتارەکە, من لێرەدا بەپێویستم زانی ناوی ئەو وەك وەرگێڕی وتارەکە دابنێم). تێکستە عەرەبییەکەی خۆم پاشتر لە (ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 112 – 15-11-2001 – هەولێر – کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە.

نووسیویانە کە تاوانبار نەزار خەزرەجی دوورە لەو تاوانانەی کە لەلایەن ژمارەیەك (نەزانی کورد) لە دانیمارك خراوەتە پاڵی. وێڕای ژمارەیەك درۆ و دەلەسەی تر کە لە نامەی ئەو کەسایەتییە عێڕاقییانەدا هاتووە.

نەزار خەزرەجی یەکێك بوو لە گەورە پلەدارەکانی رژێمی عێڕاق لەکاتی ئەنجامدانی جەنگی قڕکردنی رەگەزیی کورد کە هەموو چەکێکی قەدەغەکراوی تێدا بەکارهێنرا وەك گازە ژاراوییەکان کە بووە هۆی لەنێوچوونی پتر لە 200 هەزار مرۆڤی کورد.

لەو کاتەدا بەتایبەتی لە ساڵی 1988دا, واتە لە ساڵی کیمیابارنکردن و شەهیدکردنی هەڵەبجە و ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی ئەنفالدا, تاوانبار نەزار خەزرەجی یەکەمین دەرەجەداری سەربازی بوو دوای عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیاوی) و هەردووکیان پێکەوە فەرمانی دیکتاتۆر سەددام حوسێنیان جێبەجێکرد سەبارەت بەدەستپێکردن و ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی گوندە کوردییەکان.

تاوانبارکردنی ئەو تاوانبارە بەئەنجامدانی تاوانکاری دژی مرۆڤایەتی و دادگاییکردنی بەگوێرەی رێککەوتننامەی جنێڤ کارێکی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی سزای تاوانەکانی خۆی بکێشێ و ببێتە پەند بۆ تاوانبارە هاوبەشەکانی و بەرگری لێکەرەکانی.

بیرۆکەی بەرگریکردن  لەو تاوانبارە لە هەڵوێستی نانیشتمانی و نامرۆڤانەی ژمارەیەکی زۆر بەرپرس و لایەنگری ئۆپۆزسیۆنی بێ چارە و زەلیلی عێڕاقی هەڵقولاوە کە هیچ هێز و توانایەکیان نییە, بەخۆشیان





پیاوی رژێم بوونە و هەمان هەڵوێستی تاوانکارانەی تاوانبار نەزار خەزرەجیان هەبووە لەبەر هێندێش بەرگریکردنیان لە نەزار خەزرەجی بەرگریکردنە لە خۆشیان, هەموو عێڕاقییەکی بەشەرەفیش بەیەقینەوە دەزانی کە نەزار خەزرەجی یەکێکە لە بەرپرس و ئەنجامدەرە راستەوخۆ و مەیدانییەکانی هەڵمەتە قڕکارییەکانی ئەنفال لە کوردستاندا.

من چەندین جار بەچاوی خۆم ئەو تاوانبارەم لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن بینیوە, بەتایبەتی لەساڵی 1988 و رۆژانی هەڵمەتەکانی ئەنفالدا, کە لەلایەن سەددامەوە نیشانەی ئازایی و ویسامە پلە یەکەکانی رافیدەینی بەسینگەوە دەکرا و, ئەویش (شكرا سيدي, اللـه يحفظك)ی بەسەددام دەگوت, ئینجا بۆچی ئەو درۆ و دەلەسەیەی بۆ دەکرێ؟.

هەموو کەس دەبێت باش ئەوە بزانێ کە ئەوەی لە نامەی ئەوانەدا هاتووە کە خۆیان بە(ژمارەیەك کەسایەتیی بەرهەڵستکاری عێڕاقی) ناساندووە, فڕی بەسەر راستییەوە نییە و نەزار خەزرەجی وەکو عەلی حەسەن مەجید و ئەریێل شارۆن و ئەدۆلف هێتلەر و سەددام حوسێن... هتد یەکێکە لە تاوانبارانی جەنگ و قڕکردنی بەکۆمەڵ. هەروەها دەبێ ئەوانە بەناوی ئێمەوە درۆ و دەلەسە نەکەن, چونکە نەزار خەزرەجی بەهیچ شێوەیەك خاوەن نێوبانگێکی بەرز و بەڕێز نییە لەنێو کورددا هەروەکو لە نامەکەیاندا نووسیویانە بەڵکو بەپێچەوانەوە نەزار خەزرەجی وەکو کەسێکی تاوانبار و دەست بەخوێن لەنێو خەڵکی

کورددا دەناسرێ و ئەز لەو بڕوایەشدام کە سەرکردایەتی سیاسی پارتە کوردییەکان ئەو نامەیە ناپەژرێنن و پشتیوانی لێناکەن هەروەکو ئەوان لە نامەکەیاندا نووسیویانە, بەڵکو بەنای ئەوانیشەوە درۆیان کردووە, چونکە ئەوەی بەرگری لە ئەنفالچییان بکات ناتوانێ خۆی بەنوێنەری شەهیدانی ئەنفال دابنێ. لە کۆتایشدا دەڵێین ئەو کەسایەتییە عێراقیانەی بەرگری لە تاوانباران دەکەن خۆیشیان تاوانبارن چونکە هەر کەسێك بەرگری لە تاوانباران بکات بەخۆیشی تاوانبارە.





## من يدافع عن المجرم! فهو ايضا مجرم[1]

ارسلت نخبة من شخصيات عراقية رسالة اى وزير العدل الدانيماركي فرانس جانسن لتدافع عن مواقف مجرم الحرب نزار الخزرجي, بحيث وصفت هذه النخبة نزارا بشخصية وطنية بارزة و له مواقفه الوطنية ويتمتع بسمعة متميزة و عالية.

ووردت ايضا في هذه الرسالة بأن المجرم نزار الخزرجي بريء من التهم الموجه اليه من قبل بعض جهلة الكورد في دانمارك. كما وردت ايضا في هذه الرسالة بعض الاكاذيب والافتراءات الاخرى.

يعتبر نزار الخزرجي من كبار ضباط العراقيين ايام حرب الأبادة العنصرية ضد الكورد التي ادت بحياة اكثر من مائتي الف كوردي واستعملت فيها كافة الأسلحة المحظورة دوليا كالغازات السامة.

في ذلك الوقت وبالأخص في عام 1988, عام استشهاد مدينة هلبجة وعمليات الانفال, كان المجرم نزار الخزرجي, اول العسكريين بعد المجرم علي حسن مجيد (الكيمياوي) الذي طبق مع رفيقه علي اوامر الدكتاتور صدام حسين ببدء عمليات الانفال و قصف قرى الكورد بالغازات السامة.

ان محاكمة هذا المجرم و توجيه تهمة ارتكاب جرائم ضد البشرية بموجب معاهدة جنيف امر ضروري حتى ينال جزائه ويكون عبرة لشركائه ومدافعيه.

---

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 112 – 15-11-2001 – هەولێر – کوردستان.

تأتي فكرة الدفاع عن هذا المجرم من مواقف لاوطنية ولاانسانية لعدد كبير من مسؤولي و مؤيدي المعارضة العراقية البائسة التي لا حول لها ولا قوة, وكانو ايضا من عملاء النظام العراقي ولهم نفس مواقف المجرم نزار الخزرجي, ودفاعهم عن المجرم نزار الخزرجي دفاع عن انفسهم لان كل عراقي شريف يدرك ادراكا يقينا بأن المجرم نزار احد مسؤلي و مطبقي مجازر الانفال في كوردستان مباشرة و ميدانيا مع علي حسن المجيد.

انا بنفسي شاهدت هذا المجرم مرارا و تكرارا وهو يتسلم انواط الشجاعة واوسمة الرافدين من الدرجة الاولى من المجرم صدام حسين وبالأخص في سنة 1988 ايام مجازر الأنفال, وهو يقول لصدام (شكرا سيدي, اللـه يحفظك). فلماذا هذه الاكاذيب؟.

ارجوا ان يعلم القراء العرب بأن ماوردت في هذه الرسالة من هؤلاء الاشخاص الذين يسمون انفسهم بـ(بنخبة من شخصيات عراقية معارضة) بعيد عن الواقع و نزار الخزرجي احد مجرمي الحرب شأنه شأن علي حسن مجيد و ارييل شارون وادولف هتلر و صدام حسين و...

وارجوا ان لا يكذبوا نيابة عنا, لان نزار الخزرجي لا يتمتع بسمعة متميزة وعالية في وسط الكورد كما وردت في الرسالة, بل بتمتع بسمعة ملطخة بدماء الكورد و اعتقد ان القيادات والاحزاب الكوردية لاتؤيد هذه الرسالة كما كذبوا ايضا نيابة عنهم والا فهم ليسوا بأحزاب كوردية ولا يمثلون شهداء الانفال...

* سبق لكاتب المقال ان ارسل هذه المقالة الى صحيفة (الزمان) كرد على من سموا انفسهم بـ(نخبة من الشخصيات الوطنية





المعارضة) ولكن صحيفة "الزمان" لم تنشرها. لذا آثرنا نشرها. (ميديا)

# بیرەوشتیی چەند تورکمانێك لەسەر سنووری باکوور[1]

**لاهای — هۆڵندا**
2002-05-02

مانگی پێشوو خۆم و خێزانە بچووکەکەم بۆ سێیەمجار لە ماوەی دەساڵدا گەشتێکی وڵاتمان کردەوە, گەشتەکەمان گەلێك خۆش بوو و بە وڵات وخزمان و هاوڕێیان شادبووینەوە.. بەڵام بەداخەوە ئەو جۆرە گەشتانە چەندێك خۆشبن, هەر زوو تەواو دەبن و وادەی ماڵئاوایی دێت..

بۆ ئەوەی یادگارییەکانی ئەو گەشتەمان لەلا بمێنێت و پاش ماوەیەکی دیکە یادێکی خۆشی لێبکەینەوە, دەیان وێنەمان لەگەڵ کەسوکار و هاوڕێیانمان و لەنێو دیمەنە دلڕفێنەکانی ئەم بەهارە تەڕەی باشووری کوردستاندا گرت.

---

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 123 – 2002-05-15 – هەولێر – کوردستان.
تێبینی: من ناوی ئەم وتارەم نابوو (بیرەوشتیی تورکمانەکان لەسەر سنووری باکوور), بەڵام کاك ئاکۆ محەمەدی سەرنووسەری ڕۆژنامەی میدیا, "تورکمانەکان"ی کردبووە "چەند تورکمانێك". دیارە لەو گۆڕانکارییە نیگەران نیم. (وشە پەڕتەوازەکان).





لەگەڕانەوەماندا لە سلێمانییەوە بەڕێگای مێرگەسۆر, بلێ, بارزان و ئامێدییەوە چەندین وێنەی ترمان گرت... یازدە ساڵ بوو ئەو ڕێگایەم نەدیبوو و زۆرم پێخۆش بوو لەسەر گۆڕی سەرۆك بارزانی چەند وێنەیەك بگرم.

ڕۆژی 27-4 لە ئاوی خاپوور پەڕینەوە و گەیشتینە لای تورك, هەربە گەیشتنمان و پاش سەیرکردنی ڤیزا و پاسپۆرت و هەندێك پرسیار و وەڵامی وەك کارت چییە لە هۆڵندا؟ و بۆچی چوونەتە ئەوبەر؟ و ... هتد. هەرچی جانتامان پێبوو لەلایەن چەند تورکمانێکەوە پشکنران.. ئەم تورکمانانە لە پشتی سەریانەوە ڕۆژمێرێکیان هەڵواسیبوو و بەزمانی عارەبی لێینووسرابوو (الجبهه التورکمانیه العراقیه).
ئەو تورکمانانەی کە چەندین ساڵە لە کوردستاندا دەژین و ئێستاش ناوی کوردستان بەسەر دەمیاندا نایەت!. زۆر بێشەرمانە هەرچی کاسێت و سی دی و فلیممان پێبوو جیایانکردەوە, تەنانەت فلیمێکی نیوەگیراوی ناو کامێراکەشمانیان دەرهێنا و بە شۆفێری ئەو تاکسییەی کە لە خاپوور پەڕاندینییەوە فڕێیاندایە ئاوی خاپوورەوە و چەندین یادگاریی خۆشی ئێمەیان سڕییەوە و نائومێدیانکردین... پاشان وەك سەگی هار کەوتنە ئەو نامانەی کە بۆ هەندێك کەسمان هێنابوو و کەسوکاریان لە سلێمانی و هەولێرەوە بۆیان ڕەوانە کردبوون.. نامەکانیان هەموو بەشێوەیەکی ناشرین کردەوە و یەك بە یەك سەیری

وێنەکانیان کردن و هەموویان تێکەڵ و پێکەڵ کرد.. کە باوەڕناکەم جوداکردنەوەیان کارێکی ئاسان بێت بۆ ئێمە..
کورتەی قسە, تورك و تورکمان (بەتایبەتی تورکمانەکان) بەئاشکرا سووکایەتییان پێکردین..

بەرامبەر ئەم سووکایەتی پێکردنە, لەو شارانەی باشووری کوردستاندا کە خۆمان بەڕێوەیدەبەین, هەمان ئەو تورکمانانەی کە سووکایەتییان بە ئێمە و هەزارانی وەك کردووە و دەیکەن! خاوەن ڕێزێکی زۆرن, بارەگایان بەخەرواره و بەدەمی خۆیان و بەئاشکرا نیوەی باشووری کوردستانیان کردووەتە تورکمان. بەو قەڵای هەولێرەی کە وێنەکەیان فڕێدایە خاپوورەوە دەڵێن (قلعة اربيل التوركمانية) و بەدەمیشیاندا نایەت بەزمانی کوردی بڵێن (قەڵای هەولێری تورکمانی)!... باشووری کوردستانیان کردووەتە مۆڵگاکانی میتی تورکی... ئەوەی زۆرتر کەمنی دین کردووە!, شارێکی وەك سلێمانی کە بەهەموو تەمەنی لەوانەیە تورکمانێکی بەخۆیەوە نەبینێت, کەچی ئێستا ئەم میکرۆبانە لەوێش بارەگایان هەیە, بەوتەی خۆیان لە سلێمانی سەدان خێزانی تورکمان هەیە.. لە هەمووی ترسناکتر قوتابخانەی سەرەتایی تورکی هەیە و منداڵی کورد لە سلێمانی بە تورکی دەخوێنێت...

ئەو دوو سیناریۆیەی سەرەوە مامەڵەیەکی زۆر نادادپەروەر و زۆر نابەرامبەرە.





من ڕووی دەمم دەکەمە ڕابەران و لێپرسراوانی هەردوو دەستەڵاتی باشووری کوردستان و دەڵێم بۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆ...[1]

---

[1] پاش بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە, برای بەڕێزم (باوکی زنار) لە ژمارە 74ی هەفتەنامەی هاوڵاتیدا باسێکی زۆر جوانی لەسەر نووسینەکەی من بڵاوکردبووەوە. بڕوانە: هاوڵاتی – ژمارە 74 – 27–05–2002 – لاپەڕە 2 – کوردستان – سلێمانی.
ئەمەش نووسینەکەی بەڕێز باوکی زنارە:

## ئافەرین تورکمان.. ئافەرین فەوجێ عەسکەر

باوکی زنار

لە ژمارە (123)ی هەفتەنامەی میدیادا کە لەهەولێر دەردەچێت, گلەییەکی هاوڕێ باخەوان بڵاوکراوەتەوە و سکاڵای خۆی لەدەستی ئەو تورکمانانە دەکات کە لەدوای ئەوەی لە کوردستانەوە بەرەو ئەورووپا گەڕاونەتەوە و لە پردەکەی خاپور پەڕیونەتەوە, جانتاکانیان پشکنیون و وێنەکانیان دڕاندوون و سوکایەتییەکی زۆریان پێکردوون. دیارە کەم کەس هەیە کە نەزانێت هاوڕێ باخەوان خاوەنی یەکەمین ئینسیکلۆپیدیای مێژوویی کوردییە و کتێبەکەی (هاوڕێنامە) یەکێکە لەو کتێبە دەگمەنانەی لەدوای ڕاپەڕینەوە بڵاو کراونەتەوە.

ئەوەی من دەمەوێت باسی بکەم کتێبەکەی هاوڕێ باخەوان نیە.. بەڵکو ئەمەی خوارەوەیە:

سکاڵانامەکەی هاوڕێ باخەوان لە ژمارەی رۆژی 15ی مایسدا بڵاوکراوەتەوە, واتە پێش هەشت رۆژ, لەوانەیە رووداوەکەش پازدە رۆژ پێش دەرچوونی ئەم ژمارەیەی میدیا روویدابێت.. ئێستا دەمەوێت بیر لەوە بکەمەوە کە کابرایەکی تورکمان دەگاتە یەکێك لە بازگەکانی یەکێتی و یەکێك لە پێشمەرگەکان بەئەدەبەوە پێی دەڵێت زەحمەت نەبێت جانتاکەت چی تێدایە؟ چی دەقەومێت!! خۆم وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە: هەمووی هەشت سەعاتی پێناچێت لێپرسراوی یەکەمی تورکمانەکان گەیشتۆتە لای باڵاترین دەسەڵاتی سیاسیی لەسلێمانی (دیارە مەبەستم لەسەرۆکی حکومەت نیە, چونکە ئەوان چاویان حکومەت و سەرۆکەکەی ئێمە نابینێت) گلەیی و ناڕەزاییەکی زۆر دەردەبڕێت و خێرا ئەو پێشمەرگە بەستەزمانە لەسەر کارەکەی دەردەکرێت و رێنماییەکیش بڵاودەکرێتەوە کەلەمەودوا کەس بۆی نیە بەو تورکمانە خۆشبەختانە بڵێت پشتی چاوتان برۆیە.

کێ لەسەر هاوڕێ باخەوان هاتە دەنگ؟ کەس! کێ گرەوم لەگەڵدا دەکات کەئەگەر ئەو جوامێرە تورکمانانە, دارکارییەکی باشی هاوڕێ باخەوانیان بکردایە, کەس لەسەری نەدەهاتە دەنگ؟ کەس ناوێرێت چونکە هەمووان دەزانن کەگرەوێکە لەمسەرەوە دۆڕاوە. باشە کێ گرەو دەکات کەئەگەر لەسەر پردەکە فیشەکێکیان بنایە بەسەری هاوڕێ باخەوانەوە و فڕێیان بدایەتە ناو خاپوورەوە, کەس لەسەری نەدەهاتە دەنگ؟ دیسان کەس ناوێرێت. باشە کێ چەڵەمشکێنە دەکات لەسەر ئەوەی کە ئەم حکومەتە کوردییەی ئێمە داکۆکی لەهیچ کوردێك ناکات و لەسەر کەس نایەتە دەنگ؟ دیسان کەس!!

بەشێوەیەکی تر: کێ گرەو دەکات کە ئەگەر تورکمانەکانی سلێمانی داوابکەن کە نابێت پاسەکانی زەرگەتە بەبەردەمی باخچەکەیاندا بڕوات, یەکسەر بەفەرمانێکی قورس و گران جێبەجێ دەکرێت؟ ئەمجارەیان من ناوێرم گرەو بکەم, چونکە بەچاوی خۆم بینیومە تورکمانەکان لەهەر شوێنێك بووبن, جێگای وەستانی پاس لەو نزیکانەوە قەدەغە کراوە. بەڵام گرەو دەکەم ئەو منداڵە تورکمانەی ئەمڕۆ





لەدایك دەبێت لانی کەم لەپێش پێشمەرگەیەکی دێرینەوە لەسلێمانی زەوی وەردەگرێت. گرەو دەکەم ئەگەر تورکمانەکان خاوەنی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بوونایە نەیاندەهێشت ساڵی یەك دەقیقە بەرنامەی کوردی هەبێت. ئەگەر بە کفلەکونێك سوپاکەی یەکێتی ببێت بەسوپای تورکمانەکان ئەوا لەقاسمە رەش بستێکمان دەست ناکەوێت بۆ ئەوەی چادرێکی لێ هەڵبدەین, بەڵگەشم بۆ قسەکانم تورکە ئەسڵییەکانە نەك ئەمانەی ئێرە کە مێدی ئین تایوانن. گرەو دەکەم تورکمانی وا هەیە ئەگەر ئەم نوسینە بخوێنێتەوە لەبەر خۆیەوە دەڵێت جا کوا شتێکی وا رووی بدایە.

ئەوەی باوەڕ بەم قسانە ناکات.. بابچێت سەیری پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانە تورکمانەکانی سلێمانی بکات.. با لەسەرنوسەری رۆژنامەی (رای گشتی) بپرسێت کەچۆن وەڵامیان داونەتەوە کاتێك ویستوویانە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکەن.. با لەو کەسانە بپرسێت کەئاگری خۆشەویستی نیشتمان هەڵیان دەگرێت بەرەو کوردستان و کەدەگەڕێنەوە بۆ ئەوروپا, تورکمانەکانی سەرسنور میوانداریيان دەکەن.. با لەکوردە ئاوارەکانی کەرکوك بپرسێت.

باهەر هیچ نەبێت بڕوانێتە بەياننامە و رۆژنامەو قسەکانی خۆیان.

*تێبینی: پاش بڵاوبوونەوەی ئەم وتارەی کاك باوکی زنار لە ژمارە 79ی هەمان رۆژنامەی هاوڵاتی لە لاپەڕە 7ی رۆژی 01-07-2002, دوو وتاری تریش لەسەر هەمان بابەت بڵاو بووەوە, یەکەمیان بەناوی "ئافەرین بەرەی نیفاق, ئافەرین بەرەی تەفرەقە" لەلایەن کاك "محەمەد رەفعەت"ەوە و ئەوی تریشیان بەناوی "وەڵامێك بۆ (باوکی زنار)" لەلایەن "مونتەسر کەرکوکی"یەوە, ئەمەی دووایيان تورکمانێکە و دیارە نووسینەکەشی نێگەتیڤە.*

# نەباشووری کوردستان و نەکوردستانی ئێڕاق![1]

لاهای – هۆڵندا
2002-05-18

تەوەری ئەم جارەی ڕۆژنامەی میدیام زۆر پێگرنگە, چونکە پەیوەندیی بەیەکانگیربوونی نەتەوەیی کوردەوە هەیە ئەگەر بەشێوەیەکی فراوان سەیری بکرێت.
دەربارەی هۆیەکانی نایەکانگیریی نەتەوەییانەی کورد, باسێکی زۆر درێژە و گەلێکیش پێویستە بۆ کتێبخانەی کوردی. ئەم هۆیانە پەیوەندییان بە مێژوو و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کورد و ئایین و ژیرێتیی خودی کورد و هتد .. هەیە.. کە مەبەستی ئەم وتارۆکەیە نییە و ئەو باس و خواسانە هەڵدەگرم بۆ پەرتووکێکی داهاتووم کە ساڵانێکە خەریکی خوێندنەوەی سەرچاوە و تاووتوکردنی هۆیەکانیم.

بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (باشووری کوردستان, کوردستانی باشوور و کوردستانی ئێڕاق) بۆ بەشە کوردستانی بندەستی ئێڕاق ڕانگدانەوەی ئەو هۆیانەی نایەکانگیریی نەتەوەییانەی کوردن. هەروەکو بەکارهێنانی وشەی گەریللا بۆ پێشمەرگە و هەڵکردنی ئالایەکی سەیر بۆ کوردستان

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 124 – 31-05-2002 – هەولێر – کوردستان.



وشە پەڕتەوازەکان (بەرگی یەکەم) هاوڕێ باخەوان

لەلایەن پێکاکای ڕەحمەتییەوە لەجیاتی ئەم ئالایەی کەلەسەر ڕۆژنامەی میدیا دەیبینین؟!..

بەکارهێنانی دەستەواژەی کوردستانی ئێڕاق بەلای منەوە تابووە (حرام). چونکە ئەمە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی و ژیریی نییە و ئەم دەستەواژەیە لەلایەن کورد خۆیەوە داتاشراوە. لەباری جوگرافیی ڕامیاریشەوە بەو بەشەی خاکی وڵات بەڕەسمی دەگووترێت ئێڕاق و یان هەندێك جار دەگووترێت باکووری ئێڕاق. دیارە ئەم بەشەی وڵات لەلایەن داگیرکەی ئێڕاقییەوە پێی ناگووترێت کوردستان, بەڵکو ناوچەی ئۆتۆنۆمییە!. هەر ئەم بەشە لەدوای ساڵی 1991ەوە, ئەو ناوچانەی کە کەوتوونەتە سەروو هێڵی 36ی پانییەوە لە میدیای خۆرئاواییدا بە (نۆ فلای زۆن) ناودەبرێت و بەڕەسمی ناگووترێت کوردستان.

باشووری کوردستانیش دەستەواژەیەکی زۆر بەکارهێنراوە بۆ ئەو بەشەی وڵات. کە خۆشم زۆرجار لە گفتوگۆی ئاسایی و نووسینەکانمدا بەکاریدێنم, بەڵام ئەویش بەڕاست نازانم. بەڵام ئەگەر بەراوورد بکرێت لەگەڵ کوردستانی ئێڕاقدا, ئەوا ئەمەیان بەکاربهێنرێت زۆر چاکترە. هۆی نادروستیی باشووری کوردستان بۆ ئەم بەشەی وڵات ئەوەیە کە دابەشبوونی کوردستان بۆ چوار بەشی باکوور, باشوور, خۆرهەڵات و خۆرئاوا هیچ پاڵپشتێکی ژیرانەی نییە و ڕاستینەیەکی تاڵ و

نادادپەروەرانەیە بەسەر نیشتمانەکەماندا سەپێنراوە و خوێنەر خۆشی لەمن باشتر دەزانێت, کە ئەمە کارێکی زۆر نائاسایی و ناڕەوشتانەی زلهێزانی ئەم دنیایە بوو لەسەدەی بیستەمدا کەبەسەر ئێمەیاندا دابڕی.
چونکە لە کوردستاندا بۆ نموونە هەرێمی هەورامان یان بۆتان یاخود خۆشناوەتی هەبووە, بەڵام ئەم بەشەی کوردستان هەموو پێکەوە بکرێتە هەرێمێك و ناوی بنرێت باشوور! ئەمە کارێکی ئاسایی نییە.
بەهەمان شێوە دەستەواژەکانی کوردستانی عوسمانی, کوردستانی سەفەوی یان باشووری مەزن و هتد.. ڕاست نین.
بۆ ئەم بەشەی وڵات پێی بگووترێت (بەشە کوردستانی بندەستی ئێراق یان هەر کوردستانی بندەستی ئێراق) لە هەموویان ڕاسترە, چونکە دەستەواژەکە لۆژیکییانەترە و هەموو جارێکیش لەوە دڵنیا دەبینەوە کە ئەم بەشە داگیرکراوە و داگیرکەرەکەشی داگیرکەری ئێراقە.
دیارە هەمان تیۆریش بۆ کوردستانی بندەستی تورکیا, ئێران و سووریاش بەڕاست دەزانم.
بۆ ئێمە زۆر گرنگە لەسەر هەندێك دەستەواژەی سەرەکی و گرنگ ڕێکبکەوین, بەهیوای ئەوەم کە تەوەری ئەم جارەی میدیا بەردێك بێت بۆ دروستکردنی دیواری یەکدەنگیی کورد لەسەر هەندێك دەستەواژە..





# خۆرهەڵاتی تیمۆر, دەبێتە نوێترین دەوڵەتی سەرزەمین[1]

2002-05-20

خۆرهەڵاتی تیمۆر, پارچە دوورگەیەکە لەنێوان ئەندەنووسیا و ئۆسترالیا و نزیکەی 24 هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە, هەروەها ژمارەی دانیشتوانی 750 هەزار کەسە.
ئەم دوورگەیە بۆماوەی 400 ساڵ زۆرتر کۆلۆنیی پرتوگالییەکان بوو و پاشان بووە میراتیی ئەندەنووسیا.

شۆڕشگێڕە تیمۆرییەکان ساڵانێکە بۆ سەربەخۆیی ناوچەکانیان لەدژی داگیرکەری ئەندەنووسی دەجەنگێن و زۆرتر لە هەزار شەهیدیان لەم چەند ساڵەی دواییدا داوە.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پاڵپشتێکی بەهێزبوو بۆ سەربەخۆیی خۆرهەڵاتی تیمۆر. هەربۆیە لە ئۆکتۆبەری 1999وە خرایە ژێر چاودێری و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 124 – 2002-05-31 – هەولێر – کوردستان.

خۆرهەڵاتی تیمۆر وڵاتێکی هەژارە و نزیکەی ٪40ی دانیشتوانی کێشەی ژیانی هەیە و داهاتی ڕۆژانەیان نیو دۆلاری ئامریکییە و ساڵانەش لەسەدا دوو و نیو زۆردەبن.

سەرچاوە سرووشتییەکانیان زۆر کەمە و ئەو دارستانانەشی کەهەیانبوو زۆربەیان بەهۆی بڕینەوەوە لەنەماندان. ئەم وڵاتە کێشەی ڕۆچوونی زەوییشی هەیە.

خۆرهەڵاتی تیمۆر خاوەنی سامانێکی زۆری (لەچاو ژمارەی دانیشتوانی) نەوت و گازی سروشتییە, بەڵام وەبەرهێنانی بەمنزیکانە کارێکی ئاسان نییە و واچاوەڕوان دەکرێت بەیارمەتیی ئۆستڕالیا لە ساڵی 2005ەوە دەستبکرێت بەناردنەدەرەوەی.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆئەوەی خۆرهەڵاتی تیۆر بکەوێتە سەرپێی و ئازادیی خۆی ئاشکرا بکات و حکومەتێکی بچووك دابمەزرێنێت, نزیکەی 440 ملیۆن دۆلاری وەك یارمەتی بۆ تەرخانکرد.

ڕۆژی 19-05-2002, کوفی ئانانی سکرتێری ڕێکخراوی حکومەتە یەکگرتووکان بەئامادەیی بیل کلینتۆن وەك نوێنەری جۆرج بووشی سەرۆکی ئامریکا, سەربەخۆیی خۆرهەڵاتی تیمۆری ڕاگەیاند.

کوفی ئانان لەو مەراسیمەدا وتی "ڕۆژی سەربەخۆیی ئێوە, ڕۆژی شانازییە بۆ هەریەکێك لەئێمە" و پاشان بەزمانی پرتوگالی بەگەلی خۆرهەڵاتی تیمۆری گووت "بژی خۆرهەڵاتی تیمۆر".





بەمبۆنەیەوە خەڵکانێکی زۆر ڕژانە سەر شەقامەکان و بە ئاڵای خۆرهەڵاتی تیمۆرەوە کەوتنە خۆپیشاندان و ئاهەنگگێڕان.

ماوەیەکی کورت لەمەوبەر (کسانانا گوسماو) بەسەرۆکی خۆرهەڵاتی تیمۆر هەڵبژێردرا و ڕۆژی 20-05-2002ش (ئالکیتاری) کابینەی وەزیرانی لە 24 وەزیر پێکهێنا و هەرلە هەمان ڕۆژدا ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ ئۆستڕالیادا بۆ وەبەرهەمهێنانی نەوت ئیمزاکرد.

پیرۆزتان بێت تیمۆرە خۆرئاواییەکان... سەربەخۆیی ئێوە و دامەزراندنی دەوڵەتە بچووکەکەتان گوڕێکی ترە بۆ ئێمەی کورد و کوردستانە دابەش و داگیرکراوەکەمان.

دیارە تا کێشەی گەلانی ژێردەستەی وەکو ئێمە چارەسەر بکرێت, پاڵپشتێك دەبێت بۆ کێشە ڕەواکەمان. با ئێمە ئێستا لە سەدەی بیستویەکیشدا بژین! سەربەخۆیی خۆرهەڵاتی تیمۆر ئەوەی سەلماند کە دەکرێت نەخشەی جوگرافیای ڕامیاریی جیهان بەجۆرێکی تر چاپبکرێتەوە و ڕامیاریی نێودەوڵەتیش یەکەمین و دواهەمینی ڕزگارکردنی ئەو نەتەوانەیە کەتاوەکو ئێستا خاوەنی دەوڵەت نین.

ئێمەش وەك ئەو دانیشتووانە کەمەی ئەو دوورگە بچکۆلەیە بەهیوای ئەو ڕۆژەین کە سکرتێری ڕێکخراوی حکومەتە یەکگرتووەکان (نەك

نەتەوە یەکگرتووەکان) بەزمانی کوردی پێمان بڵێت "بژی کوردستان". بەوهیوایەشین ڕابەرانی کورد ڕێخۆشکەری ئەو ڕۆژەبن لە ڕامیاریی نێودەوڵەتیدا.

## سەرچاوەکان:

* ڕۆژنامەی هۆڵندی (سپیتس – هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا).
* کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی هۆڵندی.





# ڕاسیستەکانی ئەوروپا![1]

لاهای – هۆڵندا

2002-06-03

لەم ساڵانەی دواییدا ڕاسیزم بەشێوەیەکی بەرچاو لەبەرزبوونەوەدایە. بەتایبەتی لەدوای ڕووداوەکانی 11ی سێپتێمبەری 2001. بەرزبوونەوەی ئەم ڕاسیزمە لە ئەوروپا هێزکارێکی نێگەتیڤانەی بۆسەر نزیکەی ئەو ملیۆنە کوردە هەیە کە لە ئەوروپادا دەژین.

شایانی باسە ئەوروپییەکان بەشێوەیەکی زۆر ترسناک لەژێر هێزکاری ئامریکا و میدیای ئامریکیدان. بۆ نموونە پێش ڕووداوەکانی 11ی سێپتێمبەر ڕاسیست لە ئەوروپا هەبوون بەڵام نەك بەئاشکرا و بەشێوەیەکی بەرچاو. بەڵام پاش ئەو ڕووداوانە ڕاسیزم شێوەیەکی تری بەخۆوەگرت. زۆرینەی خەڵکی ئەوروپی ئێستا بەئاشکرا دژی ئیسلام, سەرڕەش و خۆرهەڵاتین!. ئەمە لەوانەیە ژمارەیەکی زۆریان دانی پێدانەنێن, بەڵام لەدڵەوە وابیردەکەنەوە.

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 125 – 15-06-2002 – هەولێر – کوردستان.
من ئەم وتارەم ناو نابوو (بەرزبوونەوەی ڕاسیزم لە ئەوروپا), بەڵام هاوبیرم کاك ئاکۆ محەمەدی سەرنووسەری ڕۆژنامەی میدیا سەرباسەکەیی کردبووە (ڕاسیستەکانی ئەوروپا!). (وشە پەڕتەوازەکان).

بۆ پشتڕاستکردنی ئەم دەرئەنجامە سەرنجی سەرئەنجامی ئەو گشتپرسە بدەن کە لە لە 27ی سێپتێمبەری 2001دا لە هۆڵندا پیادەکرا. شاپرسیاری گشتپرسەکە ئەوە بوو "ئەو موسوڵمانانەی کە لە هۆڵندان و هێرشەکەی 11ی سێپتێمبەریان پێباشە, ئایا بکرێنە دەرەوە یان نا؟!". لە ئەنجامدا نزیکەی ٪65ی خەڵکی هۆڵندی بە "بەڵێ" وەڵامی دایەوە. سەرئەنجامی گشتپرسەکەش بەڕەسمی لە میدیای هۆڵندیدا بە بەرفراوانی بڵاوکرایەوە. واتە لە ٪65ی هۆڵندا ڕازییە بەوەی نزیکەی نیو ملیۆن موسوڵمان بکرێتە دەرەوە. دیارە مەرج نییە تەواوی ئەو نیو ملیۆن موسوڵمانە هێرشەکانی 11ی سێپتێمبەریان پێخۆش بووبێت. بەڵام پیادەکردنی گشتپرسێکی وا و ئەو سەرئەنجامەی خۆی لەخۆیدا بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی ڕاسیزمە لە ئەوروپا. چونکە ژمارەیەکی زۆری موسوڵمان ئەو هێرشانەی پێخۆشبوو..

هەر ئەم ڕاسیزم و کێشەی بێگانانە لە هۆڵندا بووە هۆی وەدیهێنانی ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراو لە هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمانی هۆڵندی لە 2002-05-15. پارتە چەپڕەوەکان ئەنجامێکی مێژوویی زۆر خراپیان بەدەستهێنا و ژمارەیەکی زۆری کورسیی پەرلەمانیان دۆڕاند. بەرامبەر ئەمانیش پارتە ڕاستڕەوەکان ئەنجامێکی باش و چەندین کورسیی پەرلەمانیان بەدەستهێنا و ئێستا ئەمانە زۆرینەی پەرلەمانن و هۆڵندا بەڕێوەدەبەن.





تێرامێنن فراکسیۆنی ڕاستڕەوی وەك (ئێڵ.پی.ئێف) کە لە خولی پەرلەمانی پێشوودا نەك هەر کورسیی نەبوو, بەڵکو هەر بوونیشی نەبوو, کەچی لەم خولە نوێیەدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا و بووە خاوەنی 26 کورسیی پەرلەمان و دووەم پارتی هۆڵندی بۆ گەورەیی! . ئەم دەستەیە بەچەند مانگێك پێش هەڵبژاردن هاتەکایەوە و سەرکردەکەیان ناوی (پیم فۆرتاون) بوو و لە 2002-05-06 واتە بە 9 ڕۆژ پێش هەڵبژاردنی پەرلەمان لەلایەن هۆڵندییەکەوە کوژرا کە هۆکاری کوشتنەکەی تائێستا بەتەواوەتی نەزانراوە.

شایانی باسە زۆرینەی ئەوانەی کە دەنگیان بۆ لیستی پیم فۆرتاوندا گەنجەکان بوون, واتە ئەوانەی کە بۆیەکەمجار لە ژیانیاندا دەنگیاندەدا. دیارە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە نەوەیەکی نوێ بەوە گۆشکراوە کە خەڵکی بێگانەیان پێخۆش نەبێت لە وڵاتەکەیاندا.

گرنگترین خاڵی ئەم لیستە ئەوە بوو کە (هۆڵندا پڕە) و جێی کەسی تری تێدا نابێتەوە, واتە بێگانەیەکی زۆر لە هۆڵندا هەیە و نابێت بێگانەی تر بێتە هۆڵنداوە کە زۆرتر مەبەستیان پەنابەرانە و بەشێکیش لەوانە کوردن..

دیارە خوێنەرانی بەڕێز ئاگاداری هەڵبژاردنەکانی فەرەنساش بوون کە چۆن جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هۆڵندا نەبوو و خەریك بوو ڕاستەکان جڵەوی تەواوی ئەو وڵاتە بگرنەدەست.

بەریتانیاش بەشێوەیەکی بەرچاو هاتنەناوەوە و مۆڵەتدانی پەنابەرانی گرانتر کردووە. تەنها لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا بەپێی وتەیەکی

وەزارەتی نێوخۆی بەریتانی سێ هەزار پەنابەر لە بەریتانیا کراوەتە دەرەوە.

بەرپێگرتنی شەپۆلی پەنابەران و کەمکردنەوەی خەڵکی نائەوروپی یاخود وەستاندنی لەم ئاستەدا, تەنها ڕۆژەڤی خەڵکی ئەوروپی نییە, بەڵکو هی میدیا و حکومەتەکانیشیانە, هەربۆیە ئەنجوومەنی وەزیرانی نێوخۆی ئەوروپا لە ڕۆژی 30-05-2002 لە ڕۆما, بڕیاری دروستکردنی پۆلیسی سنووری ئەوروپییدا, تاوەکو شەپۆلی بێگانە بۆ ناو ئەورپا بوەستێنرێت.

ئەوروپییەکان بۆماوەی چەندین سەدە هەموو جیهانیان کردە کۆڵۆنیی خۆیان, هەرچی سامانی ئەم دنیایە هەبوو بەتاڵانی بردیانە وڵاتەکانیانەوە و ئەم شارستانییە گەورەیەی ئێستایان پێ پێکەوەنا. پاش ئەوە مێشکی ئێمەیان بەزاراوەکانی سەربەستی, ئازادیی مرۆڤ, پاراستنی ئاژەڵ و پێشکەوتنی ئافرەتان و زۆریتر شتەوە !.

هەر ئەمانن کە بوونەتە یەکەمین و گەورەترین هۆی تێکدان و نائاسایی ئەو وڵاتانەی کە خەڵکی لێیەوە ڕادەکات بۆ ئەوروپا, ئەو خەڵکەشی دەگاتە ئەوروپا, پاش چەند ساڵ داڕزان و تێکچوونی دەروونی لە کامپەکاندا, پێیان دەڵێن ببوورە تۆ لەم وڵاتەدا جێت نابێتەوە؟!..

ئەمە ڕاستینەیەکە کە دەبێت هەموو کەسێکی نائەوروپی بیزانێت..





# خۆشبەختانە شادیی تۆرانییەکان تاسەر نەبوو[1]

لاهای – هۆڵندا

2002-06-26

تیمی تۆپی پێی تورکان, ئەمساڵ بەڕێکەوت لە خولی جامی جیهانیدا پێشکەوتنێکی بەدەستهێنا. تیمی تورکان گەیشتە پلەی چارەکی کۆتایی. ئەویش بەهۆی بردنەوەی یارییەکەی ڕۆژی 22-06 ەوە بوو لەگەڵ تیمی سەنگال.

بەبردنەوەی ئەم یارییە تورکان لەزۆربەی شارەکانی وڵاتانی ئەوروپا کەوتنە ئاهەنگگێڕان و شەکاندنەوەی ئاڵای تورك و گورگە بۆر و لێخوڕینی ئوتومبیل بەشێوەیەکی زۆر ناشرین و خێرا بەسەر شەقامەکاندا و هۆڕن لێدان و هتد.

ئەوە بەهەر سوورەت, تیمەکەیان سەرکەوتنێکی بەدەستهێناوە و لەم جۆرە کارانە تاڕادەیەك لە وڵاتانی تریشدا ڕوودەدات. بەڵام ئەوەی لە

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 126 – 01-07-2002 – هەولێر – کوردستان.

من ئەم وتارەم ناو نابوو (خۆشبەختانە شادیی تورکان تاسەر نەبوو), بەڵام هاوبیرم کاك ئاکۆ محەمەدی سەرنووسەری ڕۆژنامەی میدیا سەرباسەکەیی کردبووە (خۆشبەختانە شادیی تۆرانییەکان تاسەر نەبوو). (وشە پەڕتەوازەکان).

ولاَتانی تر و لە کاتی بردنەوەی تیمەکەیاندا ڕوونادات! ئەمەی خوارەوەیە کە مەگەر هەر لە تورك و تۆرانی و تورکمان و گورگەبۆری ناوزڕاو بوەشێتەوە:

ڕۆژی 22-06, پاش بردنەوەی یاریی نێوان تورك و سەنگال, لە گەڕەکەکانی سخیلّدەرڤایك و ترانسڤاڵی شاری لاهای تورکەکان و هەندێك لە تورکمانی ئێراقی (کە لە پێشی پێشەوە بوون) بۆ پشتگیریی تیمەکەیان و دەربڕینی خۆشیی خۆیان هاتنە سەر شەقامەکان. لەو خۆشی و سەرکەوتنەیاندا ئەو نەتەوەیەیان بیرنەچووەوە کە سەدان ساڵە تیرۆریان دەکەن و بەهیچیان دادەنێن و تالاَنیان دەکەن, بۆیە پێیان باش بوو بۆئەوەی شاییەکەیان خۆشتر و بەتامتربێت ماڵە کوردەکان بدەنە بەر بەرد, سووکایەتییان پێبکەن.. بۆ ئەوەی باشتر بیسەلمێنن کە زۆر سپۆرتیڤن, ئەوەشیان بەکەم زانی بۆیە چەند چەقۆیەکیشیان وەشاند. بارەکە ئاڵۆز بوو و کوردەکانیش لەوە زۆرتر نەیانتوانی دانبەخۆیاندابگرن.. بۆیە پێکدادان تادەهات زۆرتر دەبوو و چەند کاژێرێکی خایاند.. پۆلیسی هۆڵندی هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخەکەیدا و بەوجۆرەش هێشتا چەند کاژێرێکی خایاند.. سەرئەنجام:

- برینداربوونی 3 کەس, یەك لەوانە پۆلیسە!
- گیرانی 9 کەس





- نانەوەی پشێوییەکی زۆر لە شاری لاهایدا
- وەستانی 3 شەمەندەفەری ناوشار بۆ ماوەی 9 کاژێر
- تف و نەحلەتێکی زۆر بۆ تورکەکان لەلایەن کورد و زۆربەی هۆڵندییەکانەوە, چونکە هەموو هۆڵندییەکان وەك کورد لەسەر سەنگال بوون. ئەم هەڵوێستەی هۆڵندییەکان لەبەرخاتری کورد نەبوو, بەڵکو لەدژی تورکان بوو.

ئەم شادییەی تورکان خۆشبەختانە تاسەر نەبوو و ئەمڕۆ 26-06 لەگەڵ تیمی بەهێزی بەرازیلدا دۆڕاندی و لە جامی جیهانی کرایە دەرەوە. بەڵام ئێمەی کورد لەلاهای لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو ئێستا تیمێکی جیهانیمان نەبووە و ئەمڕۆ ئەوپەڕی پشتوپەنای بەرازیل بووین, پاش بردنەوەی یارییەکە, هیچ کارێکی وامان نەکرد کە تورکەکانی پێ بوروژێنین و کاری نابەجێی لەو بابەتەی تورك و تورکمانەکان بکەین, چونکە ئەو کارانە هەر لەوان دەوەشێتەوە و هی خۆیانە و تێکەڵی خوێنیان بووە.

شا بەتاقەتتان کوردی باکوور, ئێوە هەزار پەراسووتان لە ئێمەی کوردی بندەستی ئێراق, ئێران و سووریا زۆرترە, ئێوە خەباتتان زۆر سەختە, ئێوە لەگەڵ کۆمەڵێك دڕندەی وادا دەژین کە هێشتا جەنگەڵەکانی ئەفریکا بەخۆیەوە نەیانبینیوە, ... ئەو دڕندانە ئەو تورك

و تورکمانانەن کە ماڵە کوردەکانی شاری لاهاییان بەردبارانکرد و تەحەڕوشیان پێکردن.





# من لەمێژە دەستم لە حیزبەکان شوشتووە[1]

لاهای – هۆڵندا

2002-06-03

"ئێوە بەختتان هەبوو"!, ئەمە ئەو قسەیە بوو کە هاوڕێی خۆشەویستم کاك گۆران قەراخی پێی وتین پاش گەڕانەوەمان لە کوردستانەوە.

بەختەکەی ئێمە لەوەدابوو کە سووکایەتیمان کەمتر پێکرابوو لەچاو گۆراندا. شتەکانی ئێمە بەشۆفێری تەکسییەکە فرێدرا, بەڵام شتەکانی گۆران بەخودی خۆیدا فرێدرایە ناو ئاوی خاپوورەوە. ئەو ڕووداوەی گۆران قەراخی نزیکەی دوو ساڵ! پێش ئەوەی ئێمە بوو. بەڵام کەس لەسەری هەڵینەدایە؟.

برای بەڕێزم باوکی زنار: من باوەڕناکەم بەڕێزتانم دیبێت و ناسیبێت. وتارەکەت زۆر کاریتێکردم. وتارەکەی تۆ بووە تەواوکاری ئەو سکاڵا و کێشەیەی کە من لە ڕۆژنامەی میدیادا هوروژاندم. منیش وەکو تۆ

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 127 – 15-07-2002 – هەولێر – کوردستان.

تێبینی: ئەم وتارە دەبووایە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاوببوایەتەوە, چونکە وتارەکەی بەڕێز باوکی زنار هەر لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوبووەوە. بەڵام بەداخەوە دوو جار ئەم وەڵامەم نارد بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی بەڵام بڵاویان نەکردەوە.

ناتوانم ئەو گرەوە بکەم, چونکە بەڕاستی هەر لە کوردستانەوە دۆڕاوە !. چەند سەرفرازییە کە لە ئاوارەییدا لێتدەقەومێت لایەنێك هەبێت بەرگریت لێبکات و لەسەرت هەڵبداتێ. بەڵام ئەگەر ئەو لایەنە نەبوو, ئەوا لێقەومانەکەت دەبێتە چەندبارە و لە خۆخواردنەوە زۆرتر هیچی ترت پێناکرێت.

من هەر کێشەیەك کەبەسەر تاکێکی بچووکدا دێت تا دەگاتە کارەساتێکی گەورەی وەك ئەنفال, دەگەڕێنمەوە بۆ (بێ دەوڵەتی). دەوڵەتت هەبێت, پاسپۆرتت هەیە, ڕێزت هەیە, سنوورت هەیە, هتد.. ئەگەر لەهەر لایەك سووکایەتیت پێبکرێت ئەوا دەوڵەتەکەت بەئاسانی دەتوانێت لەسەرت هەڵبداتێ, یاخود چ نەبێت مامەڵەی بەرامبەر لەگەڵ دەوڵەتی سووکایەتیکاردا بکات.

براکەم باوکی زنار: ئەو حیزبانە چۆن لەسەر من و خەڵکانی وەك من هەڵبدەنێ کە لە ساڵی 1992دا تاڕادەیەك بووبووینە حکومەت, کەچی هەر ئەوان لێیان تێکداین و ساڵانێکیان بەشەڕی براکوژییەوە بەسەربرد و هەموو کردەوەیان ئەوەبوو کامیان بستێك زۆرتر بچنە ئەوبەری دێگەڵەوە.

من دەستم لەو حیزبانە شتووە بەپاسۆکە هەڵوەشاوەکەی ئەوسای خۆشمانەوە, ئەگەرنا من چ کارێکم بەهەندەران و ژیانی ئاوارەیی و مەرزی تورك و تورکمانان هەیە.





لەوانەیە نەزانیت بەهۆی ئەم دەساڵەی هەندەرانەوە چ باجێکی دەروونیی گرانم داوە !, کە باوەڕناکەم پەنجا ساڵ ژیانی کوردستان ئەو باجەی پێبدامایە.

چاوگی کێشەکە لێرەدا تورکمان نییە, تورکمان تا ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی کوردستان, تاکە ڕێکخراوێکیش چی بوو نەیانبوو, حیزبەکانی ئێمە خۆیان ڕێکخراویان بۆ دروستکردن, هەر خۆیان زلیانکردن, هەر خۆشیان وایانلێکردن کە سووکایەتیمان پێبکەن, تەنها لەبەرئەوەی دڵی داگیرکەی تورك لێیاننەئێشێت و کەمێك حیسابیان بۆ بکات !.

ئەوانە تائێستا بەرگرییان لەئێمە نەکردووە, بەهیوای ئەوەی کەمێك بەخۆیاندا بچنەوە و من و هەرزانی وەك من جارێ بەرگریی باوکی زنار و ڕۆژنامەکانی میدیا و هاوڵاتیمان بەسە.. خۆ (ئەگەر) بەرگریی ئەوانیشمان هەبێت ئەوا دەبێتە شانازییەکی گەورە...

# پێشبینییەکی ناخۆش بۆ پەیوەندیی نێوان کورد و تورکمان[1]

هاوڕێ باخەوان

2002-07-16

ڕۆژی 14-07-2002 لە لەندەن کۆنگرەی ئەفسەرە ئێراقییە ئۆپۆزیسیۆنەکان کۆتایی پێهات. لەم کۆنگرەیە پەیمانی شەرەف بۆ ڕووخانی ڕژێمی داگیرکەری ئێراقی بەسترا و لیژنەیەکی بەڕێوەبەر لە 15 ئەفسەر بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان ڕێکخرا. زۆرینەی ئەو ئەفسەرانە دەنگیان بۆ ئەوەدا کە دەوڵەتی داهاتووی ئێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی دەبێت. دیارە ئەمە کەس نەگرێتەوە نەتەوەی کورد لە کوردستانی بندەستی ئێراقدا دەگرێتەوە.

هەڵبەت زۆرینەی ئەو ئەفسەرانە بەشدارکاری کارای جەنگەکانی داگیرکەری ئێراقی بوون لەدژی کورد و شۆڕشەکانی. زۆربەشیان تاوانباری جەنگن و دەبووایە ڕاپێچی دادگایەکی نێودەوڵەتی بکرابانایە. ئەوە تەنها بیرخستنەوەیەك بوو، چونکە تاوانە دژبە مرۆییەکانی ئەو ئەفسەرە ئێراقییانەی کە ئێستا سنگ دەردەپەڕێنن و کار بۆ ڕووخانی ڕژێم دەکەن مەبەستی ئەم نووسینە نییە.

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 128 – 01-08-2002 – هەولێر – کوردستان.





مەبەستی ئەم نووسینە ئاماژەیە بۆ ئەو ئەفسەرانەی کە دژی چارەسەری سیستمێکی فیدراڵین بۆ پاشەڕۆژی ئێراق. هەڵبەت زۆرینەی ئەو ئەفسەرانەش ئەفسەرە توکمانە "ئێراقییەکان" بوون. ئەمانە بە وشەی فیدراڵی لە کۆنگرەی لەندەندا زۆر تێکچوون. چونکە دڵنیان لەوەی ئەگەر ئێراقێکی فیدراڵ بێتەکایەوە، ئەوە کورد دەبێتە دووەمین هێزی فیدراڵی لەو ئێراقەدا. دیارە ئەمەش دەبێتە مایەی خەفەت و لووتشکانێکی گەورە بۆ ئەو تورکمانانە. چونکە ئەمانە دژی هەموو وشەیەکن کە بە تیپی "کاف" دەستپێبکات، لەوانە کورد، کوردستان، کوردایەتی و کوردەواری و هتد..

ئەمانە دە ساڵ زۆرترە، خولیای شەو و ڕۆژ و کار و کردەوەیان بووەتە هۆی ئەوەی ئەو دەستەڵاتە خۆماڵییەی کورد لە کوردستانی بندەستی ئێراقدا لەناوبەرن. وڵاتەکەیان پڕکردووە لە میتی تورك، گاڵتەیان بە هەردوو دەستەڵاتی پارتی و یەکێتی دێت و هیچ حسابێکیان بۆ ناکەن.. ئەمانە مشتەی ناو هەمانەکەن و یەکێکیشن لە هۆیەکانی جەنگی ناوخۆ و هەردەم کاریشی بۆدەکەن.

هەر ئەمانیشن دەیانەوێت پێناسی نەتەوەیی بەشێکی وڵاتەکەمان تێکبدەن و بیکەنە تورکمان. هەر ئەمانیشن هانی ئاشوورییە کوردستانییەکان دەدەن بۆ زۆرڕەوی لە مافەکانیاندا و لەسەر حسابی هەردوو شاری دهۆك و موسڵی کورد. هەرئەمانیشن کە بوونەتە هۆی

داهێنانی زاراوەیەکی ڕامیاریی زۆر سەیر و دوور لە ڕاستی ئەویش "بەکوردکردن – تکرید"ە.

ئەمانە بوونە هۆی دابڕانی کورد و تورکمانە کوردستانییەکان. ئەمانە بوونە هۆی تووڕەیی هەزارانی وەك من و باوکی زنار و عەبدوڵڵا قرگەیی و ڕۆژنامەی میدیا و زۆریتر.. هەربۆیە لەکاتی ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەکدا پێشبینییەکی زۆر ناخۆش دەکەم بۆ ئەم پەیوەندییە.

بەهیوام ئەو پێشبینییە لەوانە نەبێت کە لە ساڵی 1959دا ڕوویدا و ڕووداوەکانی عەتا خەیروڵڵاش دووبارە نەبێتەوە.

ئەی تورکمانە کوردستانییەکان: ڕابەرانتان بوونەتە دامەی ئەو تورکەی کە زۆر شانازییان پێوە دەکەن و بە پشتوپەنای خۆتانی دەزانن!. هەر ئەو ڕابەرانەشتانن کە دەتانبەن بەنشێوی جەنگی ناوخۆ لەگەڵ هاوولاتییەکانتاندا.

دڵنیابن لەچەند ڕاستینەیەك:

* هەموو کورد ئەو ناوچانەی ئێوە کردووتانەتە تورکمانستان بە موڵکی هەزاران ساڵەی خۆی دەزانێت, چونکە کاتێك ئەو ناوچانە کوردی تێدا بووە, نەك ئێوە بەڵکو ئەو تورکەشی کە شانازیی پێوە دەکەن لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نزیکدا بوونیان نەبووە. تەنانەت خێڵە دڕندەکانی قەرەقۆینلۆ و ئاققۆینلۆش لەو ناوچانەدا هێشتا بوونیان نەبووە. لەوەش دڵنیابن ئەگەر





کورد دەستبەرداری کەرکوك بێت ئەوا دەبێتە شارێکی عەرەبی نەك تورکمانی.

* ڕوودانی هەر پشێوییەك و پێکدادانێك لە نێوان کورد و تورکماندا, بەزۆری یەکەمین و دواهەمینس زیانمەند تورکمانە نەك کورد.

* ئەو تورکیایەی ئێوە شانازیی پێوەدەکەن, گەر خۆرئاوا دەستبەرداری ببێت, ئەوا ناگاتە سێ مانگ "ئەگەر زۆرم نەگوتبێت" لەبەریەك هەڵدەوەشێت و ئایا ئەوکات چ دەڵێن و چ دەکەن؟!.

* ئەو مافە ڕۆشنبیری و نەتەوەییانەی کە ئێستا لەژێر هەردوو دەستەڵاتی پارتی و یەکێتیدا بۆتان پیادەکراوە, کورد سەرەڕای دانی سەدان هەزاران شەهید لەسایەی ڕژێمی داگیرکەری ئێراقیدا دەستی نەکەوتووە. دڵنیاشبن لەوەی گەر لە سایەی تورکیادابن تورکمان ئەو مافانەی نابێت. چونکە لە کورد سووکتر لای تورك, تورکمانە بەڵام خۆتان دانی پێدانانێن. ئەی مافەکانی خۆتانتان لەسایەی داگیرکەری ئێراقدا بیرچووەوە! کە لە چەند خولەکێك بەرنامەی تورکمانیی تەلەڤزیۆنی کوردیی کەرکوك تێپەڕی نەدەکرد. کە ئەوانیش "خەبەرلەر و جوجوق دەرگیسی" بوون.

جێگەی داخە کە کێشەی نێوان کورد و تورکمان بەفیتی تورك و ڕابەرانی تورکمان و کەمتەرخەمیی دەستەڵاتە کوردییەکان هەردەم لە بەرزبوونەوەدایە, هەردوو دەستەڵاتی پارتی و یەکێتی پێویستە باشتر و زانایانەتر ئاگاداریی ئەم کێشەیە ببنەوە. چونکە هەڵسوکەوتی ڕابەرانی تورکمان بەفیتی تورکیای داگیرکەر هێزکارێکی خراپ دەکاتە سەر ستراتیژی نەتەوەییمان. دیارە ستراتیژێکی لاوازی نەتەوەییش دەبێتە هۆی هێنانەکایەی پارتییەك و یەکێتییەکی لاواز.





# وەرگرتنی تایبەت لە زانکۆکانی کوردستاندا (قبول خاص)[1]

2002-07-16

ساڵانی هەشتاکان, ئەوکات خوێندکاری یاسا بووم لە زانکۆی موسڵی کوردستانی بندەستی ئێڕاق. بۆ وەرگرتن لە کۆلیژی یاسا دەبووایە لە دوا ساڵی ئامادەییدا پلەیەکی بەرزت ببوایە. یان یەکێکی پلە یەکت کوژراوێکی جەنگی ئێڕاق–ئێران بووایە. ئەم خوێندکارانە کە هەموویان عەرەب بوون و پێیان دەگووترا خێزانی "شەهیدان", دەیانتوانی بە درهەمێکەوە لە کۆلیژی یاسا یان هەر کۆلیژێکی بەرزی تر بخوێنن!.

تەواوی خوێندکارە کوردەکانی ئەوکاتەی کۆلیژی یاسای موسڵ بەهۆی ماندووبوون و شەونخوونی و پلەی بەرزیانەوە لەو کۆلیژە وەرگیران. هەربۆیە وەرگیرانی یەکێك لە خێزانی "شەهیدان" بەپلەیەکی کەمەوە دەبووە هۆی گفتووگۆ و نادادپەروەری لەلای ئێمە, دیارە ئەوە ماف خۆشمان بوو..

ئێستا لە کوردستان لەم ساڵانەی ڕابردوودا هەمان دیاردە هەبووە و هەیە.

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 129 – 2002-08-15 – هەولێر – کوردستان.

شەهیدانی ئێمە و خەباتیان و خۆبەختکردنیان لە پێناوی ژیانێکی ئازاد و یەکساندا بوو بۆ خەڵکی کورد. ئەگەر ئێستا کەسوکاری ئەوان بە پلەیەکی کەمەوە لە خوێندنێکی بەرز وەربگیرێت, نابێتە دادپەروەری و ئەو یەکسانییەش نییە کە ئەو شەهیدانە خوێنیان بۆیداوە. هەربۆیە ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی ناڕەزایی خودی شەهیدان خۆیان.

زۆرینەی ئەو خوێندکارانەشی کە لە ئامادەییدا پلە و ئاستی زانستییان کەمبووە و ئێستا بەهۆی وەرگرتنی تایبەتەوە لە خوێندنێکی بەرزدا دەخوێنن, کێشەیەکی زۆریان هەیە و لەو ئاستەدانین کە بە ئاسانی و بە ئاسایی خوێندنەکەیان تەواو بکەن.. هەندێکیان هەربۆشیان تەواوناکرێت.

نادادپەروەرییەکە لەوەدا دەردەکەوێت کە خوێندکارێکی زیرەکی خۆماندووکار و خاوەن پلەیەکی بەرز لە هەمان ئەو کۆلیژەدا وەردەگیرێت کە یەکێك لە خێزانی شەهیدان بە پلەیەکی نزمەوە لە هەمان خوێندندایە. ئەمە لەوانەیە بارێکی دەروونیی ناخۆش دروستبکات بۆ ئەو کەسانەی کە زۆر خۆیان ماندووکردووە و هێشتا خوێندنی زانکۆیان لەو هاوپۆلانەیان کەمترە کە بەهۆی کەسێکی شەهیدەوە چووەتە خوێندنێکی بەرز...

کەواتە وەرگرتنی تایبەت نایەکسانییە, نادادپەروەرییە و هێنانەخوارەوەی ئاستی زانستیی زانکۆکانی کوردستانە...

# نەباشووری کوردستان و نەکوردستانی ئێراق!

2002–05–18

تەوەری ئەم جارەی ڕۆژنامەی میدیام زۆر پێگرنگە, چونکە پەیوەندیی بەیەکانگیربوونی نەتەوەیی کوردەوە هەیە ئەگەر بەشێوەیەکی فراوان سەیری بکرێت.

دەربارەی هۆیەکانی نایەکانگیریی نەتەوەییانەی کورد, باسێکی زۆر درێژە و گەلێکیش پێویستە بۆ کتێبخانەی کوردی. ئەم هۆیانە پەیوەندییان بە مێژوو و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کورد و ئایین و ژیرێتیی خودی کورد و هتد .. هەیە.. کە مەبەستی ئەم وتارۆکەیە نییە و ئەو باس و خواسانە هەڵدەگرم بۆ پەرتووکێکی داهاتووم کە ساڵانێکە خەریکی خوێندنەوەی سەرچاوە و تاووتوکردنی هۆیەکانیم.

بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (باشووری کوردستان, کوردستانی باشوور و کوردستانی ئێراق) بۆ بەشە کوردستانی بندەستی ئێراق ڕەنگدانەوەی ئەو هۆیانەی نایەکانگیریی نەتەوەییانەی کوردن. هەروەکو بەکارهێنانی وشەی گەریللا بۆ پێشمەرگە و هەڵکردنی ئاڵایەکی سەیر بۆ کوردستان لەلایەن پێکاکای ڕەحمەتییەوە لەجیاتی ئەم ئاڵایەی کەلەسەر ڕۆژنامەی میدیا دەیبینین؟!..





بەکارهێنانی دەستەواژەی کوردستانی ئێراق بەلای منەوە تابووە (حرام). چونکە ئەمە هیچ بەڵگەکی مێژوویی و ژیریی نییە و ئەم دەستەواژەیە لەلایەن کورد خۆیەوە داتاشراوە. لەباری جوگرافیی ڕامیاریشەوە بەو بەشەی خاکی وڵات بەڕەسمی دەگووترێت ئێراق و یان هەندێك جار دەگووترێت باکووری ئێراق. دیارە ئەم بەشەی وڵات لەلایەن داگیرکەی ئێراقییەوە پێی ناگووترێت کوردستان, بەڵکو ناوچەی ئۆتۆنۆمییە!. هەر ئەم بەشە لەدوای ساڵی 1991ەوە, ئەو ناوچانەی کە کەوتوونەتە سەروو هێڵی 36ی پانییەوە لە میدیای خۆرئاواییدا بە (نۆ فلای زۆن) ناودەبرێت و بەڕەسمی ناگووترێت کوردستان.

باشووری کوردستانیش دەستەواژەیەکی زۆر بەکارهێنراوە بۆ ئەو بەشەی وڵات. کە خۆشم زۆرجار لە گفتوگۆی ئاسایی و نووسینەکانمدا بەکاریدێنم, بەڵام ئەویش بەڕاست نازانم. بەڵام ئەگەر بەراوورد بکرێت لەگەڵ کوردستانی ئێراقدا, ئەوا ئەمەیان بەکاربهێنرێت زۆر چاکترە. هۆی نادروستیی باشووری کوردستان بۆ ئەم بەشەی وڵات ئەوەیە کە دابەشبوونی کوردستان بۆ چوار بەشی باکوور, باشوور, خۆرهەڵات و خۆرئاوا هیچ پاڵپشتێکی ژیرانەی نییە و ڕاستینەیەکی تاڵ و نادادپەروەرانەیە بەسەر نیشتمانەکەماندا سەپێنراوە و خوێنەر خۆشی لەمن باشتر دەزانێت, کە ئەمە کارێکی زۆر نائاسایی و ناڕەوشتانەی زلهێزانی ئەم دنیایە بوو لەسەدەی بیستەمدا کەبەسەر ئێمەیاندا دابڕی.

چونکە لە کوردستاندا بۆ نموونە هەرێمی هەورامان یان بۆتان یاخود خۆشناوەتی هەبووە, بەڵام ئەم بەشەی کوردستان هەموو پێکەوە بکرێتە هەرێمێك و ناوی بنرێت باشوور! ئەمە کارێکی ئاسایی نییە.

بەهەمان شێوە دەستەواژەکانی کوردستانی عوسمانی, کوردستانی سەفەوی یان باشووری مەزن و هتد.. ڕاست نین.

بۆ پەم بەشەی وڵات چێی بگووترێت (بەشە کوردستانی بندەستی ئێڕاق یان هەر کوردستانی بندەستی ئێڕاق) لە هەموویان ڕاسترە, چونکە دەستەواژەکە لۆژیکییانەترە و هەموو جارێکیش لەوە دڵنیا دەبینەوە کە ئەم بەشە داگیرکراوە و داگیرکەرەکەشی داگیرکەری ئێڕاقە.

دیارە هەمان تیۆریش بۆ کوردستانی بندەستی تورکیا, ئێران و سووریاش بەڕاست دەزانم.

بۆ ئێمە زۆر گرنگە لەسەر هەندێك دەستەواژەی سەرەکی و گرنگ ڕێکبکەوین, بەهیوای ئەوەم کە تەوەری ئەم جارەی میدیا بەردێك بێت بۆ دروستکردنی دیواری یەکدەنگیی کورد لەسەر هەندێك دەستەواژە..





# بۆچی پێم ناخۆش بوو مەلا کرێکار گیرا![1]

2002-09-28

لە چەند هەفتەی ڕابردووەوە میدیای جیهانی بەگشتی و میدیای هۆڵەندی بەتایبەتی بەشێوەیەکی تر ناوی کورد دێنێت. ئەمجارەیان لەگەڵ ناوی کورددا وشەی تیرۆریش بەکاردەهێنرێت.

ئەم وشەیە مۆدێلێکی زۆر بەکارهاتووی میدیای خۆرئاواییە لەم چەند ساڵانەی دواییدا و بەتایبەتیش لە دوای ڕووداوەکانی 11-09-2001وە.

شایانی باسە کورد هەمیشە بەدەربووە لە تیرۆر و وشەی تیرۆری نێونەتەوەیی. ئەو دابڕینە نادادپەروەرانەشی کە بەسەر پکك ی ئەوساشدا درا لەلایەن خۆرئاوا و میدیاکەیەوە, زۆر نابەجێ بوو, چونکە کورد واتەنی تورك خۆی خوای تیرۆرە و ناوزەدکردنی پکك ش بە تیرۆر و خۆلەبیربردنەوەی تیرۆرەکانی تورکیش لەبەرژەوەندیی نامرۆڤانەی خۆرئاوا و ئامریکایە و هیچی تر...

وشەی تیرۆری ئەم دواییە و بەکارهێنانی لەگەڵ ناوی کوردا بەهۆی گیرانی مەلا کرێکاری سەرۆکی ئیسلامە توندڕەوە لەدەرەوە هێنراوەکانی ناو کوردستانەوە بوو.

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 133 – 01-10-2002 – هەولێر – کوردستان.

ئەم مەلا كرێكارە داماوەی كە زۆر دڵنیا بوو لە دڵسۆزیی داگیركەری ئێرانی ئیسلامی و وایدەزانی دۆست و پشتی سەرتاسەریەتی, هەر بەهۆی ئێرانی دۆستییەوە و گەمەیەكی نێودەوڵەتییەوە پابەندكرا و بەزۆر لە وڵاتی هۆڵندا دایانبەزان و ئێستا لەوێ زیندانییە..

پاش گیرانی ئەم كابرایە, ئیتر میدیای خۆرئاوایی وەك پیشەی ئاسایی خۆی كەوتە خۆ و بۆ بڵاوكردنەوەی دەنگوباسی گیرانەكەی ئەم دەستەواژانەی بەكاردەهێنا:

- گیرانی سەركردەی كوردە توندڕەوە ڕادیكاڵەكان.
- گیرانی مەلا كرێكاری تیرۆریست.
- گیرانی ئەو سەركردە كوردەی كە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە بن لادنەوە هەبوو.
- گیرانی بازنەی گەیەنەری نێوان سەددام و بن لادن كە موسوڵمانێكی ڕادیكاڵی كوردە.
- گیرانی بازرگانێكی گەورەی ماددەی سەرخۆشكەری كورد و زۆریتر..

ئەگەر چی ئێمە و مانان هیچ گوناهێكمان لە كار و كردەوەكانی ئەم مەلا كرێكارەدا نییە, بەڵام بەهۆیەوە پرپیشكی تیرۆریش بەر ئێمە دەكەوێت و ناوێكی باش ناداتە ئێمە و دۆزە ڕەواكەمان. هەر بۆیە لەم ڕۆژانەدا هاوكارێكم لە هۆڵندا بەسەرسووڕمانەوە پێیگووتم "چۆن دەبێت كوردێك ببێتە دۆستی سەددام حوسەین, لە كاتێكدا سەددام ئەو





هەمووەی بەگازی كیمیاوی لێكوشتوون؟!". لەوەڵامی ئەم هاوكارەمدا هەر ئەوەندەم بۆكرا بڵێم "ڕاست دەكەیت.. دیارە لە هەموو شوێنێك و لەناو هەموو نەتەوەیەكدا كەسی باش و خراپ هەیە".

خۆبەخۆش چەندین جار لەگەڵ هاوڕێیانمدا گفتوگۆی گیرانی مەلا كرێكارمان كردووە و لە هەموو جارەكاندا من گووتوومە كاشكی بەو شێوەیە نەگیرابایە.

ئەم هەڵوێستەی من نە ئیسلامییە و نەدڵسۆزییە بۆ مەلا كرێكار, بەڵكو تەنها لەبەرئەوەیە, ئەگەر ئەو نەگیرابایە كەس لەم وڵاتانە ناوی مەلا كرێكاری نەدەهێنا و كورد و تیرۆریش پێكەوە باسنەدەكران. ئەمە جگەلەوەی كە تاكێكی كورد بەهۆی بیرێكی بێگانەی داسەپێنراوی لەدەرەوە هێنراوەوە, بەو شێوەیە گیرۆدە و سەرلێشێواو دەبێت و هەریەك لە نەرویژ و ئامریكا و ئوردون بەدادگایی و ڕسواكردنی خۆشحاڵ دەكات!..

# ئاشتیی ڕاستینە[1]

2002-10-11

ساڵی 1995 وەك میوانێك بەشداریی کردنەوەی پەرلەمانی باکووری کوردستانم کرد لە شاری لاهایی هۆڵندا. کردنەوەی ئەم پەرلەمانە بۆ من ڕووداوێکی مێژوویی و چەند ساتێکی زۆر خۆش بوو و هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە, بەتایبەتی لەو کاتەدا کە د. عیسمەت شەریف وانلی لەسەر سەکۆی هۆڵەکەوە وتی "من بەناوی کورد و کوردستانەوە پەرلەمانی کوردستان دەکەمەوە". لەو کاتەدا هەموو مووی لەشم بەرزبووەوە و هەر بەڕاست قورگم پڕبوو لە گریان. چونکە بەڕاستی ئەمە ڕووداوێکی زیندووی نوێ بوو بۆ من, لەبەرئەوەی لە ساڵی 1992دا و لەکاتی پێکهاتنی پەرلەمانی باشووری کوردستاندا لە دەرەوەی وڵات بووم.

من لەو کاتەدا بیرم هەر بەلای پارتی و یەکێتییەوە بوو. چونکە لەو ساڵەدا کوردستانیان کردبووە ئاگرباران.

ئەم ئاگربارانە ساڵانێکی زۆری خایاند, پاشان دوای ڕێکەوتننامەی واشنتۆن هەنگامی نەشەڕ نەئاشتی هاتەکایەوە و زۆربەمانی نائومێد کرد کە ئەم دوو لایەنە بیانەوێت بەڕاستی ڕێکبکەون و چارەسەرێکی

[1] ڕۆژنامەی میدیا - ژمارە 134 - 15-10-2002 - هەولێر - کوردستان.





ڕاستینە بۆ کێشەکانیان بدۆزنەوە و چیدی کوڕی کورد لە پێناوی هیچدا بەکوشت نەدەن. چونکە هەنگامی نەشەڕ نەئاشتی ساڵانێکی خایاند.

ڕێکەوتننامەی واشەنتۆن تاکە ڕێکەوتنی نێوان ئەم دوو لایەنە نەبوو. بەڵکو پێشتریش هەوڵی تر درابوو..

دەتوانرێت هاوکێشەی (ڕێککەوتن, بێدەنگی و خۆماتدان و دیسانەوە شەڕکردنەوە) بەسەر ئەو ماوەیەی پێش ڕێکەوتننامەی واشەنتۆندا دابڕدرێت.

بەهۆی ئەو هەنگامەوە بەجارێك ئاسایشی وڵات تێکچووبوو و کەس نەیدەزانی پاشەڕۆژی ئەم دوو لایەنە دەگاتە کوێ؟.. هەربۆیە منیش وەك هەموو ئەو کەسانەی کە لە ڕێکەوتنی تەواوەتیی ئەم دوو لایەنە نائومێد بووبوون, لەسەر پەیوەندیی نێوان ئەو دوو لایەنە لەو هەنگامەدا لەژێر ناوی (نێوانی پارتی و یەکێتی ئاشتیی درۆیینە و دوژمنایەتییەکی ڕاستینەیە) نووسینێکم لە گۆڤاری هەڤوتدا بڵاوکردەوە..

لەم ڕۆژانەدا خۆشبەختانە هەمان هەستی هەفت ساڵ لەمەوبەری کردنەوەی پەرلەمانی باکووری کوردستانم لەلا دروستبوو, بەوەی لە ڕۆژی 04-10-2002دا پەرلەمانی باشووری کوردستان بەتەواوی ئەندامانی و بەشداریکردنی هەردوو فراکسیۆنی کەسك و زەرد و بەئامادەیی هەردوو جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی پاش شەش ساڵ

یەکەمین دانیشتنی لە هەولێر کرد و پاشان پاش چوار ڕۆژی دی لە شاری سلێمانیش هەمان دانیشتن دووبارە بووەوە.

گرنگی ئەم دانیشتنە لەلای من لەوەدایە کە لەم ماوەیەدا ناوچەکەمان بەرەوڕووی ئەگەری گۆڕانکارییەکی ترسناک دەبێتەوە و تەواوی چاودێرەکانیش واڕادەگەیەنن کە هەر گۆڕانکارییەك لەناوچەکەدا بێتەدی لەبەرژەوەندیی کوردانە.

ساڵانێکی زۆر بوو خاڵێك من و زۆر کەسی تری پەست کردبوو, ئەویش ئەوە بوو کە ئەو دوو لایەنە پاش ئەو هەموو ئێران و تورانەیان و پاش ئەو هەموو کورد کوشتنە و وڵات وێرانکردنە هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان داوای لێبووردنیان لە ئێمە نەکرد کە ئەمانە هەڵە و کاری خراپیان بەرامبەرمان کردووە. هەر بۆیە من ناچاربووم لە پرۆژەی پارتی نەتەوەیی کوردیشدا باسی ئەم خاڵە بکەم.

بەڵام خۆشبەختانە لە دانیشتنەکەی ڕۆژی 04-10دا هەردوو مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی دانیان بەهەندێك لە هەڵەکانیاندانا و داوای لێبووردنیان لێکردین. ئەمە کارێکی ئازایانە و هاوچەرخانە و سیڤیلانە بوو لەوانەوە و بەهیوام زوو زوو دووبارەی بکەنەوە تاوەکو بڕوایەکی زۆرتر لای ئێمە دروستببێت.

ئەم پۆزش هێنانەوە و داوای لێبووردنکردنە شتێکی نوێیە لە ڕامیاریی کوردیدا و تاوەکو ئێستا بەو شێوەیە ڕووینەداوە, هەربۆیە خەڵکی کورد گەلێك دڵی بەو دانیشتنە خۆشە و بەکارێکی مێژوویی دەزانن.





دیارە من ناتوانم بەناوی کەسی دییەوە قسەبکەم بەڵام ئەگەر ئەو دوو لایەنە ڕووداوەکانی ڕابردوو دووبارە نەکەنەوە و پێکەوە هەوڵی دروستکردنی کوردستانێکی هاوچەرخ و ئاساییش بدەن, ئەوا من خودی خۆم لێبووردنەکەیان لێوەردەگرم, ئەگەرنا ئەوا دیسانەوە ناچاردەبم بڵێم نێوانی ئێوە بەڕاستی ئاشتیی درۆیینە و دوژمنایەتیی ڕاستینەیە و هەرگیز هیچ جۆرە لێبووردنێکتان لێوەرناگرم.

دیارە وەرگرتنی ئەم لێبووردنە لەلایەن ئەو دایکانەی کە کوڕەکانیان لەلایەن یەك لەم لایەنانەوە کوژراوە کارێکی ئاسان نییە و دەبێت ئەم دوو لایەنە باشتر هەوڵی هێمنکردنەوەی باری دەروونیی ئەوانە بدەن و ماڵی کورد ڕێکبخەنەوە, هەروەك چۆن ئێستا وتارەکانیان یەکخستووە.

دیارە کەس پێی خۆش نییە بەدرۆدا بکەوێتەوە, بەڵام هیوادارم ئەم دوو لایەنە بەندە بەدرۆدا بخەنەوە و نێوانی خۆیان بکەنە (ئاشتییەکی ڕاستینە و دوژمنایەتییەکی درۆیینە..), چیدی وا لە کەسانێکی وەك من نەکەن بێ ئومێد بن و بڵێن نێوانی ئێوە ئاشییەکی درۆیینە و دوژمنایەتییەکی ڕاستینەیە..

# داوای لێبووردن دەکەم![1]

2002-10-24

"چواردە ساڵ"! بەسەر زنجیرە ئەنفالی دووەمدا تێپەڕی. وەك دەڵێن ئێمە لەم ئەنفالەیاندا نزیکەی دووسەد هەزار مرۆڤمان لەدەست چووە, بێجگە لە کەنەفت و بریندار و هەزاران نەخۆشیی دەروونی و لەدایکبوونی منداڵی نادروست و .. هتد. هەزاران شارۆچکە و گوندمان لەگەڵ زەوییە سووتاوەکانماندا تەخت کران.

لەکاتی خۆیدا کە دەبووایە دەنگمان ببیستراپە, کەچی هەمووان کەڕ و لاڵ بوون. دەبووایە یەکەم بیسەرمان, یەکەم هانامان عەرەبەکانی دراوسێمان بوونایە. بەڵام ئەوان لە هەمووان خراتر کەڕ و کاس بوون!, نەك هەر ئەوە بەڵکو نکوڵیشیان لە هێرشە بەدناوەکانی زنجیرە ئەنفالی دووەم کرد و کیمیابارانی هەڵەبجەشیان خستەپاڵ داگیرکەری ئێران.

ئێستا خۆشبەختانە و لەسایەی هەندێك لەلایەنە باشەکانی دیاردە یان ڕامیاریی جیهانگیرییەوە, زۆرجار باسی کۆکوژییەکانی کورد دەکرێت لەلایەن دراوسێکانییەوە, تەنانەت سەرۆکی ئامریکیش لەسەر سەکۆی کۆمەڵی "دەوڵەتە یەکگرتووەکان"ەوە باسی ئەم کۆکوژییەی کوردی کرد. کەچی عەرەب هەر خەبەری نەبووەوە, یان نایەوێت بەئاگابێتەوە.

[1] ڕۆژنامەی میدیا - ژمارە 135 - 2002-11-01 - هەولێر - کوردستان.





ئێمە لەکاتی سەرگەرمیی کوردایەتیماندا و بۆ شارەزابوونمان لە خەباتی گەلان و پێشخستنی خەباتی ڕزگاریخوازانەمان, یەکەمجار لە فەلەستینەوە دەستمان پێکرد, هەموو مێژووی شۆڕشەکانیانمان وەك ناوی خۆمان هەر لە عیزەددین قەسامەوە تا یاسر لەبەرکرد. بەوەش ڕانەوەستاین و بەکەممان زانی, بووینە هاوسەنگەریان و چەندین شەهیدیشمان لەگەڵدادان. سەرباری ئەوە فەلەستینییەکان بە یاسریشەوە ئەنفالکاری کورد بە پاڵەوانی نەتەوەیی خۆیاندەزانن, لایان موجاهیدێکی مەزنە و ئێستا خەمی گەورەیان بووەتە ئەم ڕۆژەڤەی داگیرکەری ئێراقی, نەوەکو لەم ئەگەری هێرشە ئایندەیەی ئامریکادا سەرەونگون ببێت.

هەر ئەمانە هەزارویەك بەند و باڵۆرەی پیاوی ئامریکا و ئیسرائیلیان خستە پاڵ ئێمە, لەبەرئەوەی چەند جارێك سەرانی کورد هاموشۆی ئیسرائیلیان کردووە, کەچی خۆیان ساڵانێکی زۆرە لەگەڵ ئیسرائیلدا زۆر تەبان و بۆ چەواشەکردنی شەقامەکانیان ڕاگەیاندنەکانیان لە ئیسرائیل هارکردووە.

پێم سەیرە ئێمە بەنان و ئاوی نەتەوەیەکی تر نەبین و موحاسەبەمان بکەن کە یەکێك لە ڕابەرانی پارتێك یان ڕێکخراوێکمان سڵاوێکی لە جوولەکەیەك کردبێت!.

ساڵانێکە و سەدانێکە خەریکی زمان و ئایینی دراوسێکەمانین, بنچینەی ڕێزمانی زمانی عەرەبیمان لەگەڵ فارسەکاندا بۆ داڕشتن. زۆر شەڕمان

بۆ کردن, کە تائێستاش گەورەترین شانازیی مێژووەکەیانە.

فەلەستینمان بۆ ڕزگارکردن...

کەچی ئەوان گاڵتەیان بەزمانەکەی ئێمە دێت و لە ئێڕاق لەجیاتی پێمان بڵێن (کاکە) دەڵێن (حکاکە — واتە بنکڕی برنج) و لە میسریش (کورد) واتە جنێو!. ئەم کوردبوون بەجنێوە لە میسردا لەپاداشتی ئەوەوە هاتووە کە ئەمیرولشوعەراکەیان کوردە و کەسانی وەك عەباس مەحود عەقاد و ئەحمەد بەدرخان و ژمارەیەکی زۆری تری نووسەر و هونەرمەندی سەردەمی ڕێنیسانسەکەیان کورد بوون.

کە (جەمیلە) لە جەزائیر بوو بە ژێر تانکە فەڕەنسییەکەوە, ئێمە لە کوردستانەوە ملیۆنان درووود و سڵاومان بۆ گیانی پاکی نارد, هۆزانمان بۆ نووسی و گووتمان:

ئەی جەمیلە

سڵاو لە ئاگر و ژیلە...

ئێمە هەزاران جەمیلەمان بوون بەژێر تانکی دروشمی (امة عربية واحدة - ذات رسالة خالدة)وە و کەچی نە درودێ نە سڵاوێ, نە بەیتە شیعرێکمان لە بازاڕی عوکازەوە بۆ نەهات.

ئێمە پاش ئەو هەموو سەرگەردانییە و لەگەڵ ئەوەشدا بەشی ئێمە لای ئەوانەوە هەر ژەهری ماری بیابان بووە, پێمان گووتن:

برای عەرەبی چاوڕەشم

تاڵ بوو بەشت تاڵ بوو بەشم..

کەچی ئەوان هەر فززەیان نەکرد.



وشە پەرتەوازەکان (بەرگی یەکەم) هاوڕێ باخەوان

پاش ئەنفالکردنمان, لەناو خۆماندا هەزار گریمانمان دانا, هەزاران پرسیارمان لەخۆمانکرد.

ئایا ئەنفالکردن و ڕاگواستنی دووسەد هەزار کەس لە کوردستانەوە بۆ بیابانی عەرعەر بەبەرچاوی عەرەبستانی سعودییەوە, چەند سەربازی چاوڕەشی ویستبێت بۆ جێبەجێکردنی. دیارە بەدڵنیاییەوە و بەلایەنی کەمەوە سەد هەزار چاوڕەشی ویستووە.

بەڵام ئەوەی کە مێشکی ئێمەی وەستاندووە ئەوەیە کەتاوەکو ئێستا یەك لەو سەد هەزارەی دراوسێمان ویژدانی نەجووڵا پێمان بڵێت, ئەوانەی ئەنفالمانکردن وامانلێکردن و وان لەوێ و هەندێك لەو چیرۆکانەمان بۆ بگێڕێتەوە.

سەیرە وا چواردە ساڵە ئێمە هیچ زانیارییەکی بەڵگەدارمان لەوانەوە دەربارەی بارزانییەکانی قوشتەپە و ئەنفالکراوەکان نەبیست.

لەوەش سەیرتر پاش چواردەساڵ کۆمەڵێك "ڕۆشنبیر"ی عەرەب بە ئێمە دەڵێن "داوای لێبووردن دەکەین لەو کارە ناهەموارانە".

منیش دەڵێم لێبووردنەکەتان زۆر درەنگە, ئەی ئێوە لە ساڵی 1988دا لە کوێ بوون. ئەم لێبوودنەتان بۆچی چواردەساڵی خایاند!, تۆ بڵێی ئەم "ڕۆشنبیرانە ئەم چواردەساڵە خەریکی ساخکردنەوەی تاوانی ئەنفال بووبێتن, و بەتەواوەتی دڵنیا نەبووبن کە کردەوەی ئێڕاقە, چونکە ئەم ئێڕاقە سەردەمانێك لای زۆربەیان پاسەوانی خۆرهەڵاتی

نیشتمانی عەرەب بووە و پارێزەری خاکەکەیان بووە و ناکرێ و نابێت کاری واهیی لێبووەشێتەوە ! ".





# هیوادارم پێشبینییەکەم ڕاست دەرنەچێ[1]

کورد زۆرجار بووەتە پرد بۆ سەرکەوتن و سەرفرازیی نەتەوەکانی تری سەردەستی. هەموومان ئەوە دەزانین کە چۆن دەوڵەتی تازەی تورك بەیارمەتیی کورد کەوتە سەرپێی و دواتر هەر ئەوان نەیانهێشت بەزمانی خۆمان بدوێین و کوردستانیان کردە سووتماك. دیارە نموونەی لەم بابەتە لەگەڵ فارس و عەرەبیشدا گەلێکن و بەشێکی زۆری مێژووی نەتەوەکەمانی داگیرکردووە..

کورد هەردەم لە ژێر سایەی دەسەڵاتە یەك لەدوایەکە داگیرکەرە ئێراقییەکاندا دیسانەوە پرد بووە و هەمیشە مافە نەتەوەییەکانی کراوەتە قوربانیی نەتەوەی عەرەبی سەردەست و یەکێتیی خاکی ئێراقی دەستنێژی ئینگلیز و خۆرئاوا و هەروەها ململانێی عەرەب و ئەو ئیسرائیل و زایۆنیزمەی کە هیچ پەیوەندییەکی نێگەتیڤانەی بەکوردەوە نەبووە و نییە..

ئێمە هەردەم بەگشتی لەلایەن عەرەبی دراوسێمانەوە کراوینەتە جیابوونەوەخواز و بە شۆڕشەکانمانیشیان گووتووە دەستنێژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم؟!..

---

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 139 – لاپەڕە 2 – 2003-01-01 – هەولێر – کوردستان.

ئەم بیرۆکە ناڕاستانە لەبەرژەوەندیی نەتەوەیی هاوسێ و هاوئایینەکەمانەوە سەرچاوەی گرتووە و هێزکاریشی کردوەتەسەر ئەو لایەن و رێکخراوە عەرەبییانەی کە دژی ئەو رژێمانە بوون و نموونەکەیان ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقییە و ئەمانیش هەڵوێستیان لەو دەوڵەتە داگیرکارانە باشتر نەبووە و باوەڕپیش ناکەم بەمزووانە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت, چونکە ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی لە سەدا 95ی ئەندامانی دروستکار و راگری ئەو رژێمە داگیرکەرانە بوون کە بەشێکی کوردستانیان داگیرکردووە.

لە رۆژی 14-12-2002دا کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی بەپاڵپشتی ئامریکا و خۆرئاوا لە لەندەن بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا, یەکێتی و پارتی بەشێوەیەکی کاریگەرانە بەشدارییان کرد و خودی کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانیش ئەندامی کۆنگرەکە بوون.

دەربارەی سەرکەوتنی کۆنگرەکە چاودێران دەڵێن گەر کورد بەشداریی کۆنگرەکە نەبووایە ئەوا هەرگیز سەرکەوتوو نەدەبوو.. سەرکەوتن و ژێرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە بەپێی چەند بۆچوونێکی جیاواز چەند پێوانەیەکی جیاوازیشی هەیە. بۆ نموونە بەبۆچوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی عەرەبی ئێراقی سەرکەوتوو بوو, چونکە رژێمی سەددام لادەبرێت و ئۆپۆزیسیۆن دەبێتە فەرمانڕەوای پاشەڕۆژی ئێراق و کوردستان و هەروەها لە هەمووشی گرنگتر بۆ ئەوان ئەوەیە کە ئێراق بەیەکگرتوویی دەمێنێتەوە. دیارە لەمەدا ئەوەندەی کورد جەختی لەسەر ئەم خاڵە دەکرد ئەوان ئەوەندە باسیان نەدەکرد؟!!





زلهێزە کوردەکان لەم ماوەیەی دواییدا بەبێ ئەوەی پرسیان پێ کرابێت, یەکسەر و یەکەم وتەیان پابەندییانە بە یەکێتیی خاکی ئێراقەوە و لە هەموو کەس زۆرتر دژی جیابوونەوەن. بەبۆچوونی زلهێزە کوردەکانیش کۆنگرەکە سەرکەوتوو بوو و مافەکانی کوردی بندەستی ئێراقیش بەتەواوەتی لە ئێراقی ئایندەدا پارێزراوە.

بۆچوونێکی تر و پێوانەیەکی تر بۆ ئەو کۆنگرەیە سەرنەکوتنییەتی, کە خۆی لە دوو بەرەدا دەبینێتەوە:

یەکەمیان, ئەو لایەنە عەرەبییە ئۆپۆزیسیۆنە ئێراقییانەن کە بانگ نەکرابوون بۆ کۆنگرەکە یان بەشێوەیەك لە شێوەکان بەشداریی کۆنگرەکەیان نەکرد و کەوتنە دژایەتی و جاڕی سەرنەوتنیان بۆ لێدا.

بەرەیەکی تر و پێوانەیەکی تر کە لە هەموویان باوەڕپێکراوترە, ئەوانەن کە پاشەڕۆژی کورد لەو کۆنگرەیەدا بەئاڵۆزی دەبینن و پێیان وایە کە لەو کۆنگرەیەدا خاڵەکان بەتەواوەتی نەخراونەتە سەر تیپەکان و پارتی و یەکێتی دەبووایە زەختی زۆرتریان لە کنگرەکە بکردایە نەك بەو شێوەیە نەرمییان پیشانبدایە.

دیارە من لایەنگری ئەو بەرەیەم و ترسی ئەوەم هەیە کە کورد جارێکی دیکە لەم هەلە زێرینەدا کە پێدەچێت تاماوەیەکی زۆر دووبارە نەبێتەوە, دیسانەوە ببێتەوە دەسکەلایەك بۆ دراوسێکەی و ئەوەی کە دەیان ساڵە پێکەوەی ناوە لەسەر سینییەکی زێڕین پێشکەشی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی بکرێت و دەستی دەستییەکەی 1970 بۆ 1974 دووبارە ببێتەوە, تاوەکو ئەم حکومەتە نوێیە سەرپێی خۆی دەکەوێت

و پاشانیش پاشگەزبوونەوە لەو بەڵێنانەی کە لە کۆنگرەکەدا بە کورد ڕەوان بینراوە.

ترسی ئەم بەرەیەی دوایی لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

1– ئەوەی کە ئێستا کورد لە باشووری کوردستاندا هەیەتی هیچی لە دەوڵەت کەمتر نییە, ئەو فیدرشاڵییەشی کە داواکراوە و لە کۆنگرەکەدا دانی پێدانراوە زۆر کەمترە لەو سەربەستی و حکومەتە هەرێمییەی کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا هەیەتی!.

2– زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی ئەمڕۆ, ئەندامانی دوێنێی داگیرکەران بوون, ئەمانە سەردەمانێك دژی مافە ڕەواکانی کورد وەستاونەتەوە و تەنانەت تیاشیاندا هەیە کە بەشداریی جەنگی کیمیایی و ژینۆسایدی لەدژی کورد کردووە, لەوانە زۆرینەی ئەو ئەفسەرە کۆنانەی کە هەنووکە نێوی ئۆپۆزیسیۆنیان لە خۆیانناوە. لەبەرئەوە ئەم بەرەیە چ بڕوایەکی بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی نەبووە و نییە..

3– ئەو دیموکراسییەی کە کۆنگرەکەی لەندەن هەوڵی بۆ دەدات, کراسێك نییە لە بازاڕی (هاڕۆدز)ی خودی لەندەندا بکڕدرێت و بکرێتە بەر گەلانی ناو چوارچێوەی ئێراق. بەڵکو دیموکراسی پرۆسەیەکی مێژوویی درێژخایەنە و پەیوەندە بە چەندین بارودۆخی خودی و بابەتییەوە و, ژیرێتی خۆرهەلات و بەتایبەتی عەرەبی سەردەست بەمزووانە هەرسی ئەو سیستمە رامیارییە ناکات.





دیارە یەکێك لە بنەما گرنگەکانی دەوڵەتی فیدراڵیش دیموکراتییە, هەربۆیە ترسی سەنەکەوتنی ئەو دەوڵەتە فیدراڵییە زۆرە و نەبوونی سیستمێکی فیدراڵیی سەرکەوتووش لە خۆرهەڵاتدا ئەوەندەی تر پاشەڕۆژی ئەو فیدراڵییەی ئاڵۆزکردووە, نەدەبووایە کورد بەو هەموو ئەزموون و قوربانییانەوە بکرێتە سوورەی بەر لەشکری فیدراڵی لەگەڵ عەرەبی ئێراقیدا, کە لە ئەنفال و کیمیایی زیاتر چیدیکەمان لێنەبینین هەر ئەوە نەبێ کە پاش 12 ساڵ چەند رۆشنبیرێکیان داوای لێبووردن لە ئێمە دەکەن.

4– ئەو فیدراڵییەی کە پارتی و یەکێتی بانگەشەی بۆ کرد, بڕیاری دوو زلهێزی کوردستانە و خەڵکی کورد بەگشتی بەشدار نییە تیایدا. دەبووایە لە هەنگاوێکی وا گرنگ و چارەنووسسازدا هەردوو زلهێز گشتپرسێکیان بە خەڵکی کوردستان بکردایە. دیارە ئەم گشتپرسەش دوو سوودی مێژوویی دەبوو: یەکەمیان بڕیاری پەسەندکردن یان نەکردنی فیدراڵی دەبووە بڕیاری گشتیی گەل, دووەمیان پارتی و یەکێتی جارێکی تر نەدەکەوتنەوە بەر نێزەی رەخنە و ئەوانیش ناچارین دیسانەوە داوای لێبووردنمان لێبکەنەوە. دیارە خەڵکی هەر جارێك یان دوو لێبووردنی دەبێت..

5– هۆیەکی تری ئەو ترسەش ئەوەیە گەر ئێمە بتوانین چارەسەرێکی باشتر و چارەنووسئامێز بۆ خۆمان پێکەوە بنێین بۆنا, چونکە بەپێی رای تەواوی چاودێران و هەروەها لایەنگرانی ئەم بەرەیەی دووایی کە منیش یەکێکم لەوان کۆمەڵگەی

نێودەوڵەتی بەتەواوی پشتگیریی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی لە باشووری کوردستاندا دەکات, ئەی بۆنا, ئەوەیان دەبێتە پرسیارێکی مێژوویی..

بەگوێرەی لێکدانەوە و پێشبینیی خۆم دڵنیام لەوەی کە پاش ئەم گەمەی فیدراڵییە دیسانەوە سەرکردایەتی داوای لێبووردنمان لێدەکەنەوە, بەڵام رەنگە لێبووردنی ئەم جارەیان لە هەولێر و سلێمانی نەبێت.. بەڵکو تا ناوپردان و خڕی ناوزەنگ بۆی برۆ..
هیوادار م ئەو پێشبینیەم راست دەرنەچێ.





# سووڕی ژیانی کۆمۆنیستەکانی کورد لە سروشتدا[1]

مۆدەی کۆمۆنیستایەتی دەیان ساڵە هەر لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە بیر و مێشکی هەندێك لە تاکەکانی کوردی داگیرکردووە...
ئەم کۆمۆنیستە کوردانە وەك هەر کەس و دیاردەیەکی تری نێو کۆمەڵگە خاوەنی سووڕی ژیانی تایبەتن بەخۆیانەوە کە هەر سووڕێکیان تایبەتە بە هەنگامێکی رامییاری یان خودیی ئەو کۆمۆنیستە کوردەوە.

یەکەمین سووڕی ژیانی ئەو کۆمۆنیستانە عێراقچێتی بوو بە هەموو مانایەکی وشە. بەجۆرێك نەتەوەکەی خۆیانیان بە هیچ دەزانی و پاش ماوەیەك لەبەر عەیبە و لەبەرنامەی خۆیاندا کردیانینە (ئوممە)؟!..
ئەم سووڕە لای هەندێکیان هەر بەردەوامە و زۆریان بەو ئاواتی عێراقە کۆمۆنیستەوە سەریانناوەتەوە. بەڵام خۆشبەختانە ئەو ئاواتەیان نەهاتەدی و هەرگیزیش نایەتەدی. ئەو دەوڵەتە کرێکارییە کۆمۆنیستە عێراقییەی ئەوانیش لە خەونەکانی دۆنکیشۆتیشدا نییە.

[1] رۆژنامەی میدیا - ژمارە 140 - 2003-01-15 - هەولێر - کوردستان. هەروەها ئەم نووسینە رۆژی 2003-05-02 لەسەر ماڵپەڕی کوردستان نێت و پاشان لەسەر ماڵپەڕی پاسۆك بڵاوکراوەتەوە.

پاشەرۆکی ئەم سوورە ئەوانەن کە تاوەکو ئێستا باوەڕیان بە ئەندێشەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا هەیە و دژی لادانی دیکتاتۆر سەددامن و هەر بەهیوای ئەوەن شوورای کرێکاری و حکومەتی کرێکاری دابمەزرێنن و ناسیۆنالیزم و بیری نەتەوەیی کوردی بە شەرمەزاری دەزانن بۆ مرۆڤایەتی و ... خۆشیان ناوناوە کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقی یان ئێرانی بەبێ ئەوەی دوو عەرەب یان فارسێکیان لەناودابێت, یان عەرەب و فارس بەهیچیان بزانن و حسابیان بۆ بکەن...؟!!...
لەم ساڵانەی دواییدا کۆمۆنیستەکانی لەمەڕ خۆمان سەرباری ئەو سوورەی پێشوویان, سێ سووری تری ژیانیشیان ئافراندووە.

یەکەمیان: گەڕانەوەیانە بەرەو خواپەرستی و ئیسلامایەتی و کارێکی وایانکردووە نەعوزوبیللا ڕەخنەش لە ئەئیممەی ئیسنەی عەشەر بگرن؟!...

دووەمیان: هەر ئەوانەی کە لە ساڵانی پەنجا و شەست و هەفتاکاندا دژایەتیی ئێمەیاندەکرد و بە دەوڵەتی کوردییان دەگووت خەیاڵ پڵاو و هاوبیرانی بیری نەتەوەییان بەدەستنێژی ئیسرائیل و ئیمپریالیزمی ئامریکی دەزانی, کەچی ئێستێ لەباتی هەفت, چواردە بەردیان داوە بەپشتی ئێمەدا و بەجۆرێکی وا کەوتوونەتە کوردایەتی! کە زۆرڕەویی تەواوەتیی پێوە دیارە و خەریکن ئێمەش ناوزڕ دەکەن. بەڕادەیەك





ئەگەر چەند بۆمبایەکی ئەتۆمیان بکەوێتە دەست بەلایانەوە ئاساییە بیدەن بەسەر بەغدا و تاران و ئەنکەرە و شامدا!.
ئەمانە زۆربەیان هەروەك چۆن کاتی خۆی لە کۆمۆنیستایەتییەکەیان بەهەڵە گەیشتن, هەرواش بەهەڵە لە کوردایەتیی ئێمە گەیشتوون. چونکە سادەترین پێناسەی کوردایەتی (خۆشویستنی کورد و گەیاندنێتی بە مافە ڕەواکانی کە ئەویش دەوڵەتی کوردییە و پێکهێنانی ژیانێکی ئازاد و یەکسان بۆ کوردستان و ڕێزگرتنی کەمە نەتەوەییەکانی نێو کوردستان و دراوسێکانیشی لەسەر پرنسیپی مامەڵەی بەرامبەر).
دیارە ئەم سوورە حوکمێکی ڕەها نییە بۆ ئەو کۆمۆنیستە هەڵگەڕاوانە. لەوانە تیاشیاندایە بەشێوەیەکی ئاسایی و ژیرانە بوونەتە نەتەوەیی و کوردایەتی بەپێی ئەو پێناسەیەی سەرەوە دەکەن. پیرۆزیان بێت...
هەڵبەت ئەم سوورەیان بەتاکە تاکەیە و نەبینراوە باڵێکی پارتێکی کۆمۆنیست بێتە نێو پارتێکی نەتەوەییەوە.

سووری سێیەمیان: لە کۆمۆنیستی عێراقی و .. و ئێرانییەوە بوونەتە کۆمۆنیستی کوردستانی و لەسەر ڕێبازی کوردستانی خەباتی کۆمۆنیزمانەی کوردستانانەیان بەردەوامە. دیارە لە کوردستاندا لەمسەری ڕاست تا ئەوسەری چەپی تێدایە, بوونی کۆمۆنیستی کوردستانیش پێویستە و ئەمە یەکێکە لە باشترین دوا سوورەکانیان لەدوای سووری کوردایەتییە ئاسایی و ژیرانەکەیان.
سەرکەوتووبێت هەموو خەباتێکی کوردستانی...

# نامەی شادمانی[1]

2003-04-05

چەند شادمان بووم کە هەزاران تۆن بۆمبای قورس بەسەر کۆشکەکانی بەغدادا دەکەوتن, چونکە لەو کۆشکانەوە هەرچی کارەسات و ماڵوێرانی هەبوو بەسەر کوردا دەبارین.

چەند شادمانم کە هێزەکانی ڕژێمی ئێراقی بەتایبەتی هێزەکانی گاردی کۆماری بەبێدەستەڵاتی دەبینم لەبەردەم سوپا خۆرئاواییەکاندا, چونکە کوردستانم بەبەردەوامی بەهۆی ئەو هێزانەوە دەسووتا.

چەند شادمانم کە دەبینم تانکەکانی جۆری (ت-72)ی گاردی سەددامی بەوانەی کە تیایدان دەسووتێن, چونکە ئەو تانکانە گوندی کوردانی لەگەڵ زەویدا تەخت دەکرد.

چەند شادمانم کە زیلەکانی سوپای ئێراق دەبینم دەسووتێن, چونکە بەو زیلانە 182 هەزار کوردی لە کوردستانەوە بۆ بیابانەکانی ئێراق پێگوێزرایەوە و لە هێرشەکانی ئەنفالی شوومدا زیندەبەچاڵ کران.

چەند شادمانم کە هێزی ئاسمانیی ئێراقی و فڕۆکە جەنگاوەرەکانی دەبینم بوونەتە "هیچ" لەبەردەم هێزەکانی خۆرئاوادا, چونکە ئەو فڕۆکانە شاری هەڵەبجەی لە 16-03-1988دا کیمیاباران کرد.

[1] ئەم نامەیە بەزمانی عەرەبی لە گەرمەی جەنگی کەنداوی سێیەمدا نووسرا و دووجار نێردرا بۆ ڕۆژنامەی ئەلحەیات, بەڵام بڵاوییاننەکردەوە !.





چەند شادمانم بۆ باروودۆخی ئەو پاسەوانەی کە پاسەوانیی تەنانەت خۆشی پێناکرێت.

چەند شادمانم بۆ ئەوانەی وتافیان دەکێشا و چەپڵەڕێزانیان بوو بۆ تاوانبار سەددام, بەڵام ئێستا سەرشۆڕن و لە گریان زیاتر هیچ کارێکیان لەدەست نایەت.

چەند شادمان بووم ئەو کاتەی هاوڕێیەکم تەلەفونی بۆ کردم و پێی گووتم پیرۆزە, ئەوە هێزەکانی ئامریکا لە ناوەندی بەغدادایە.

چەند شادمانم کە دەبینم سوپای ئێراق دەکوژرێت و دەسووتێت و گەلی کوردیش کە بەشە شێری هەبووە لە ماڵوێرانیی ئەو سووپایە, شادمانە و دوورە لە ئاگری بۆمباکانیانەوە.

ئەی نەتەوە بریندارەکەم بەهۆی ئەم ڕژێم و سوپایەوە: من شادمانم لەبەرئەوەی ئێوە شادمانن.

# من بوومایە لەجیاتیی کاک فەلەکەدین کاکەیی وام دەگووت![1]

2003-04-15

سەرلەئێوارەی 15-04-2003 کاتژمێر 8:15 بەکاتی ناوەڕاستی ئەوروپا لە کەناڵی ئەلجەزیرەی عەرەبە بەعسییەکانەوە، فەیسەڵ قاسمی بەعسی و شۆڤێنی لە بەرنامەی (ما وراء الاحداث)ەوە بە کاک فەلەکەدین کاکەیی گووت کە پێشمەرگەی کورد شارەکانی موسڵ و کەرکوکی تاڵان کردووە...

دیارە ئەم کەناڵە یەکەمجار و یەکەم کەناڵیش نییە کە پێشمەرگە و خەڵکی کورد بە دز و جەردە و تاڵانکەر پیشانی جەماوەری عەرەبی بدات و کاک فەلەکەدین کاکەییش یەکەم کورد نییە کە بەو شێوە زۆر نەرمانەیە وەڵامی ئەو کەناڵانە بداتەوە.

بەڵام من بوومایە لەجیاتیی کاک فەلەکەدین کاکەیی بەم عەرەبییە شەقوشڕەی خۆمەوە دەمگووت:

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 16-04-2003.





ئێوە کەناڵێکی بەعسی و شۆڤێنین و ڕێگا خۆشدەکەن بۆ جەنگی ئەهلیی نێوان کورد و عەرەب و کورد و تورکمان.

دەمگووت: ئێوە ئێستاش لەسەر پاشماوەکانی سەددامی تاوانبار و ئەنفالکاری کورد شین و یابە یابەتانە و هەر پێتان وایە کە سەددام سەرکردەیەکی مەزن و پارێزەری عروبە و ڕزگارکەری فەلەستینە.

دەمگووت: ئەو زانکۆ ئەکادیمیانەی کە باسی دەکەن و تاڵانکراون، هەر ئەوان بوون بڕوانامەی پرۆفیسۆرییان بە پلەی ئیمتیاز دایە تاوانبار عودەیی کوڕی تاوانبار سەددام حسێن لەسەر (پاشەڕۆژی نیشتمانی عەرەب لە سەدەی 21دا!).

دەمگووت: ئەو دام و دەزگایانەی کە تاڵانکراون زۆربەیان یارمەتیدەری ئەنفال و جەنگی کۆکوژیی کورد و تێکدانی باری دیمۆگرافیی هەردوو شاری میسڵ و کەرکوکی کوردستانن.

دەمگووت: تۆش لە هاوکار و هاوبیرت (د. مەروان بەشارە)ی تۆژەرەوەی ڕامیاریی! کەناڵی ئەبوزەبی باشتر نابیت کە زۆر بێشەرمانە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر گووتی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ناچێتە خانەی چەکی فرەکوژەوە. چونکە بەلای ئەوەوە ئەوەی لە هەڵەبجە و شوێنەکانی تری کوردستاندا بەکارهێنرا دی دی تی بوو و ئەوانەشی کوژران مرۆ نەبوون بەڵکو مار و مێرووی زیانبەخش؟!..

دەمگووت ئێوە زۆر نادادپەروەرن لە بەرنامە و وەرگرتنی تەلەفونەکانتاندا، چونکە هەر کە زانیتان یەك لەوانە کوردە یەکسەر

قسەکەی پێدەبڕن و دەڵێن ببوورن بەهۆی هەڵەیەکی هونەرییەوە پەیوەندییەکە پچڕا.

دەمگووت: ئێمە نەبووینەتە ئەسپەکەی تەروادە, بەڵکو هەزار و چوارسەد ساڵە بووینەتە دەستی ئێوە و ئێوەش بێبەزەییانە مارمان پێدەگرن و لەباتی چاکە, تا ئێستا دووجار ئەنفالتان کردووین.

دەمگووت: چیتان بەسەر دێت, ئاهی ئەو هەموو کارە دڕندانانەتانە کەبەسەرماندا هاتووە.

دەمگووت: نازناوی من کاکائی نییە و کاکەییە و ئەمەش وەك ناوی شار و شوێنەکانی تری کوردستان تەعریب مەکە.

دەمگووت: زۆری ترم پێدەگووت.....

پێم سەیرە خەڵکی بەسرە لەو هەموو نەهامەتی و بێ سەروبەرییەدا بەزۆر پەیامنێر و دەرهێنەر و کامێراوانەکانی کەناڵی بەعسیی ئەلجەزیرە بکەنە دەرەوە, لەسەر دیوارەکانیان بنووسن "بڕوخێ ئەلجەزیرە" و بابایەکی بێ پشتی وەك "عەلی شێخ عەلی" لە کەناڵی ئەلکوەیتەوە بتوانێت ئەو هەموو ڕەخنە و توانجانە بگرێتە ئەو کەناڵە بەعسییانە. کەچی ئێمەی کورد لەگەڵ ئەوەشدا لە خاکی خۆماندا و لەچاو شارەکانی باشووری ئێڕاقدا ئەو هەموو هێز و ئاسایشەمان هەیە؟! نەتوانین یان نەوێرین بەو کەناڵە بەعسی و بەعسییانە لە گوڵ کاڵتر بڵێین؟!......





# پانۆرامای ڕووداوەکانی جەنگی کەنداوی سێیەم و پەیوەندییان بە کوردەوە[1]

2003-04-28

کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکانی جەنگی کەنداوی سێیەم, لە هاوڕێنامە وەرگیراوە و لە 27 لاپەڕەی ئەی 4دا لە ڕۆژی 29-04-2003 لە ماڵپەڕی کوردستانێت بڵاوکراوەتەوە.

بڕوانە هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد.

## بۆ وەدەستهێنانی زانیاریی زۆرتر بڕوانە هاوڕێنامە

[1] تێبینی: ئەم پانۆرامایەم بۆ گۆڤاری گوڵان نارد, بەڵام بڵاویاننەکردەوە.

# کەمبوونەوەی دۆستەکانی ئامریکا و دەوڵەتی کوردی[1]

2003-04-30

پاش ڕووداوەکانی 11ی سێپتێمبەری 2001, دەرکەوت کە ئەوانەی ئەو هێرشەیان ئەنجامداوە 15یان خەڵکی عەرەبستانی سعودین. هەربۆیە لەوکاتەوە پەیوەندیی نێوان سعودیە و ئامریکا بەرە و ساردییەکی زۆر ڕۆیشت.

ئەم ساردییە گەییشتە ڕادەیەکی وا کە لە ڕۆژی 29-04-2003دا هەردوو دۆناڵد ڕامسفیلدی وەزیری بەرگریی ئامریکا و میر سوڵتان بین عەبدولعەزیز لەسەر ئەوە ڕێکبکەون کە هەرچی بنکە سەربازییە گرنگەکانی ئامریکا هەیە لە سعودییەوە بگوێزنەوە بۆ قەتەر. بەو شێوەیە پێدەچێت قەیرانێکی گەورە لەنێوان هەردوولادا ببێت و ئامریکا دۆستێك و بنکەیەکی سەربازیی گرنگی لە خۆرهەڵاتی نێویندا لەدەستدابێت. هەرچەندە ئەم قەیرانە سەرزارەکی باس ناکرێت و واڕادەگەیەنن کە هیچ کێشەیەکی سەربازی لە نێوانیاندا نەبێت!.

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت - 01-05-2003.

تێبینی: ئەم وتارەم بۆ ڕۆژنامەی (برایەتی) نارد بەڵام بڵاویاننەکردەوە.





ئامریکا دەمێکە هەستی بەگرنگی و بوونی هێزەکانی خۆیی لە ناوچەکەدا کردووە, ڕوودانی جەنگی کەنداوی دووەم هەلێکی باشی ڕەخسان بۆ چەسپاندنی ئەو هێزانە لە ناوچەکەدا و لە جەنگی کەنداوی سێیەمیشدا ئەو هێزانە ئەوەندەی تر بوون.

دیارە تورکیای داگیرکەری بەشێکی گەورەی کوردستان, ساڵانێکی زۆرە هاودەنگ و پارێزەری بنکە سەربازییەکانی ئامریکایە, بەڵام بەهۆی جەنگی کەنداوی سێیەمەوە و خۆشبەختانە ئەو هەڵە مێژووییەی کە تورك تێیکەوت بۆ ڕێخۆشنەکردنی هێزەکانی ئامریکا بۆ هێرشکردنە سەر ئێڕاق بووە هۆی ئەوەی کە پەیوەندیی هەردوولا ساردییەکی تەواو بەخۆیەوە ببینێت و کار بگاتە ئەوەی ئامریکا هەڕەشە لە تورکیا بکات تاوەکو هێز نەباتە باشووری کوردستانەوە.

کەواتە لەماوەی ساڵ و نیوێکدا ئامریکا سعودییەی دۆستی لەدەستدا و گومانیشی لە تورکیای دۆستی پەیداکردووە. هەربۆیە ئامریکا دەبووایە بیری لە دۆستێکی تر و بنکەیەکی سەربازیی تر بکردایەتەوە. دیارە ڕزگارکردنی ئێڕاقیش ئەو بنکەیەی بۆ ئاسانکردووە و چاو دێرەکانیش واڕادەگەیەنن کە باشووری کوردستان ئەو بنکە سەربازییە بێت. پتەوکارییە سەربازییەکانی سوپای ئامریکی لە باشووری کوردستاندا زۆرتر ئەم ڕایە پشتڕاستر دەکەن.

ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا بۆ کورد هاوکێشەیەکی ڕامیاریی نوێ هاتۆتە کایەوە (تا ئامریکا دۆستی لە ناوچەکەدا کەمتر ببێتەوە, ئەگەری

دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نزیکتر دەبێتەوە) چونکە دەکرێت کورد ببێتە دۆستێکی نزیکی ئامریکا و خاکەکەی بۆ بنکە سەربازییە ئامریکاییەکان والآبکات و بشبێتە دۆستی ئیسرائیل.

سەرکردە ڕامیارییەکانی کوردیش ئەمڕۆ لەوباوەڕەدام لە گرنگی و لە دوورییەکانی نامەکەی بارزانی بۆ کیسنجەر تێگەیشتبێتن کە تێیدا نووسیبووی (ئێمە ئامادەین ببینە ویلایەتی 51ەمینی ئامریکا).

هەربۆیە ئێستا هەموو ئاسانکارییەك بۆ ئامریکاییەکان دەکەن. دیارە لەمەدا هیچ ڕێیەکی ترمان لەبەردەمدا نییە, چونکە ناچارین بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەنفال نەکرێینەوە و سوپای تورك نەیەتەوە سەرمان و ئەوەی لەماوەی ئەم دەساڵەی ڕابردوودا ئاوەدانکراوەتەوە, تێکنەچێتەوە, دەبێت ببینە دۆستێکی ئامادەباشی ئامریکا.

هەربۆیە دەبێت ڕابەرایەتیی ڕامیاریی باشووری کوردستان, بەتایبەتی پارتی و یەکێتی گەلێك ئاگاداری "دوا هەل"ی دامەزراندنی ژیانێکی نوێ بن بۆ کورد.





# کەرکوك و سیناریۆکانی[1]

01-05-2003

## کەرکورك شارێکی عەرەبییە:

ئەمە سەرباسی ئەو سیناریۆیەیە کە عەرەبە شۆڤێنییەکان هەر لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە بەباڵای کەرکوکیاندا دابڕیوە. ئەو عەرەبە شۆڤێنییانە بۆ پشتڕاستکردنی ئەم سیناریۆیەیان خاوەنی هیچ بەڵگەیەکی مادی و زانستی نین کە تەنانەت خۆیشیان بڕوای پێبکەن. بەڵام بۆ بردنەسەری سیناریۆکەیان کەوتنە چەواشەکردنی مێژوو و دەرکردنی زۆربەی ماڵە کوردەکانی ناو شاری کەرکوك و دەوروبەری و هێنانی عەرەبە عەشایرەکانی عەرەبستانی ئێراق بۆی. هەڵبەت ئەم

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت, ماڵپەڕی پاسۆك و ماڵپەڕی ڕۆژنامەی بارزان 07-05-2003. ڕۆژنامەی بارزان – ڕۆژنامەیەکی گشتییە لە ئەمەریکا دەردەچێت – ژمارە 40 و 41 – لاپەڕە 16 – مایی 2003.

ئەم وتارە گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر دروستبوو. کوردێکی کەرکوکیی کۆمۆنیست بەرپەرچی وتارەکەمی دایەوە و برای بەڕێزیشم کاك حەمە ڕەشی هەرەس بەرپەرچی ئەو کۆمۆنیستەی دایەوە. بەڵام گفتوگۆکان زۆی خایاند و بووە موجادەلەیەکی نێوان بیری نەتەوەیی و کۆمۆنیستی و بیری کوردبوونی کەرکوك و بەعێراقیکردنی کەرکوك لەلایەن کوردە کۆمۆنیستەکانەوە.

سیناریۆیە هەموومان زۆر باش شارەزای ناڕاستییەکەیین و بینیمان کە پاش ڕزگارکردنی کەرکوك بەشێکی زۆری ئەو عەرەبانە کەرکوکیان بەجێهێشت و دانیشتووانە ڕەسەنەکانی خۆی کە کوردن چوونەوە جێگاکانیان, دیارە ئەمە هەموو ئەو عەرەبانەی نەگرتەوە و ئێستا لە کەرکوك ژمارەیەکی زۆری عەرەبی پڕۆسەی بەعەرەباندنی تێدایە و بەهیوای ئەوەی کە ئەوانیش خاکی کوردستان بەجێبهێڵن و بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان.

ئەم سیناریۆیە دەیان ساڵە لەگەڵماندا دەژی و هەموومان زۆر باش شارەزایین, هەربۆیە لەم نووسینە کورتەدا هەڵوێستەی زۆری لەسەر پێویست نییە. بەڵام جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە سەرژمێرییەکەی ساڵی 1957ی حکومەتی ئێڕاقی بدەین کە بەشێوەیەکی مادیی دابڕ دەیسەلمێنێت کە کەرکوك شارێکی کوردییە و زۆرینەی خەڵکەکەشی کوردن.

بەداخەوە هەندێك لەلایەنگرانی ئەم سیناریۆیە ئەو دەستە و لایەنە ئێڕاقییانەش دەگرێتەوە کەدژی ڕژێمی داگیرکەری بەعس بوون و بەخۆیان دەڵێن ئۆپۆزیسیۆنی ئێڕاقی.

کاشکی ڕۆشنبیرە عەرەبەکان وەکو بەڕێزان مونز ئەلفەزل و حەسەن چەلەبی بیریان دەکردەوە, بەڕێز مونز ئەلفەزل لە کورتە لێکۆڵینەوەیەکیدا کوردستانیبوونی شاری کەرکوکی بەشێوەیەکی زانستییانە سەلماندووە.





*بڕوانە: حقوق الانسان والتنوع الاپنی لسکان کرکوك – الدکتور منژر الفچل – الندوە العلمیە المنعقدە عن کرکوك مدینە القومیات المتێخیە (نموژجا لعراق المستقبل) لندن 21–22 تموز 2001.*

## کەرکوك شارێکی تورکمانییە:

تەواوی سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تورکمان پێش سەدەی هەڤدەهەم بوونی نەك لە کەرکوك بەڵکو لە تەواوی باشووری کوردستاندا نەبووە. ئەم تورکمانانە بە هۆی دەوڵەتی عوسمانییەوە لەو سەدەیە بەدواوە لە کەرکوك و شوێنەکانی تری باشووری کوردستاندا وەك پیاوێکی ئەڵقەلەگوێی تورك نیشتەجێ کراون. زۆربەی ئەمانە کاریان بۆ دەوڵەتی عوسمانی کردووە و بە تێپەڕبوونی کات بوونەتە کوردستانی. بەڵام ئەمانە هەرگیز بڕوایان بە ناوی کوردستان نەبووە و بە وڵاتیان نەزانیوە و هەمیشە خزمەتی دەوڵەتی عوسمانییان کردووە و پاشانیش بوونەتە داردەستی حکومەتە یەکبەدواییەکانی ئێڕاق.

ئاشکرایە کە تورکیای داگیرکەری بەشێکی گەورەی خاکی کوردستان, پاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و ڕزگاربوونی داگیرگەکانی, هەمیشە هەر چاوی لەسەر هەردوو شاری موسڵ و کەرکوکی کوردستان بووە. هەربۆیە بەردەوام خەریکی بزواندن و گەشەپێکردنی هەستی تۆرانییە لەناو تورکمانەکانی باشووری کوردستان بەگشتی و شاری کەرکوك بەتایبەتی, ئەمەش لەبەرئەوەیە کە کەرکوك شارێکی دەوڵەمەندە و

دەکرێت بگوترێت کە بە تەنها بەرامبەر هەموو ئابووریی دواکەوتووی تورك دەوەستێتەوە.

ئەم هەستی تۆرانییەی تورکمانەکانی کەرکوك وایکرد کە زۆرجار پێکدادان لەنێوان کورد و تورکماندا پێك بێت. پشێوییەکانی ساڵی 1959 لە کەرکوکدا نموونەیەکی مێژووییە و کوردەکان ناچاربوون عەتا خەیروڵڵای تورکمان لەناوجەرگەی کەرکوکدا بکەن بەداردا.

هەر لە هەمان ساڵیشدا تورکمانەکان ڕێیان خۆشکرد بۆدانانی بۆسەیەك لە شاری کەرکوکدا بۆ سەرۆك بارزانی بۆ ئەوەی بیکوژن بەڵام خۆشبەختانە سەرکەوتوو نەبوون. بەم کارەیان لەو کاتەدا هەموو کوردیان هەژاند, چونکە بارزانی ئەو کات نەك هەر ڕابەری شۆڕشی کورد بوو لە باشووردا بەڵکو لە تەواوی بەشەکانی کوردستاندا بەسەرۆکی نەتەوەیی کورد دەزانرا.

تورکمانەکان تاساڵی 1991 و ڕزگارکردنی شاری کەرکوك لەلایەن پێشمەرگە و خەڵکی کوردەوە بەبێدەنگی و سەرکزی لەژێردەستەڵاتی بەعسدا گوزەرانیان دەکرد بەبێ ئەوەی هیچ دەنگێکی ناڕەزایی بەرزبکەنەوە. تەنانەت ئەو تورکمانانەی کە بەخۆیان دەڵێن دانیشتووی ڕەسەنی ناوچەکە و ڕەچەڵەکی خۆشیان دەبەنەوە سەر سۆمەرییەکان و کەرکوك بە شارێکی تورکمانی دەزانن و بە قەڵای هەولێریش دەڵێن (**قلعه اربیل الترکمانیه** – قەڵای ئەربیلی تورکمانی) تا ساڵی 1991 تاکە ڕێکخراوێکی سەربەخۆشیان نەبوو.





بەڵام دوای ڕاپەڕینەکە و بەیارمەتیی تورك و هەندێك لە پارتە کوردستانییەکانی لەمەڕ خۆمان, تورکمان هاتنە سەر گۆڕەپانی ڕامیاریی باشووری کوردستان و لاوازیی داگیرکەری ئێراق و شەڕی ناخۆی کورد و بەهێزیی میتی تورکی لە ناوچەکەدا تورکمانی سیاسیی بەهێز کرد و لە زۆر جاریشدا بوونە ڕێگر لەبەردەم ئەزموونی باشووری کوردستاندا.

تورکمانی سیاسی بەهۆی بارودۆخی ئەو 12 ساڵەی ڕابردووەوە هێڵی سووری کوردیان تێپەڕاند و نەخشەیەکی تۆرانییان بڵاوکردەوە کە نیوەی زۆری باشووری کوردستانی تێدا کرایە تورکمان, لەوانە شارەکانی کەرکوك, مەندەلی, توزخورماتو, پردێ و تەلەعفەر و زۆری تر. ئامارێکی ناڕاستییان بۆ سەرژمێری تورکمان لە باشووری کوردستاندا بڵاوکردەوە کە لە 3 تا 4 ملیۆن تورکمان تێپەڕیکرد. باشووری کوردستانیان کردە میتخانە و زۆری تر...

پاش هەڵگیرسانی جەنگی کەنداوی سێیەم و ڕزگارکردنی کەرکوك لەلایەن هێزی هاوپەیمان و کوردەوە. تورکمانی سیاسی گەیشتە کەرکوك و بە ئاشکرا دەڵێن کەرکوك شارێکی تورکمانییە و زۆرینەی خەڵکی کەرکوك تورکمانە و ئاماری تورکمانی کەرکوکیان بە 700 هەزار تورکمان دانا. دروشمی سیاسیی تورکمانی سیاسی کە بە زمانی عەرەبی لە شاری کەرکوکدا هەڵیدەواسن بریتییە لە (**کرکوك مدینة**

**ترکمانية و تبقى ترکمانية للأبد**) واتە (کەرکوک شارێکی تورکمانییە و بۆ هەتا هەتا بە تورکمانی دەمێنێتەوە.
لە ڕۆژانی ڕزگارکردنی شاری کەرکوکدا پشێوییەکی کەم لەناو کەرکوکدا ڕوویدا و تورکمانەکان وەك پیشەی هەمیشەیی خۆیان کوردیان تاوانبارکرد. هەربۆیە لە ڕۆژی 13–04–2003 تورکمانەکان خۆپیشاندانێکیان ڕێکخست و هەموو دەستیان وەك گورگە بۆرەکانی (مێ هێ پێ) بەرز کردەوە.
هەر ئەم تورکمانە سیاسییە لەگەڵ تورکدا ڕێکەوت تاوەکو تورکیا بەدزییەوە چەند کۆماندۆیەکی خۆی بنێرێتە شاری کەرکوک بۆ تێکدانی بارودۆخی نێوان کورد و تورکمان. ئەمە جگەلەوەی کەمانگی سووری تورکی یارمەتیی تورکمانەکانی کەرکوک دەدات و بەهۆیەوە چەك و جبەخانە دەنێرێتە شاری کەرکوك.
بەپێی سەرژمێرییەکەی ساڵی 1957 ژمارەی کورد لە کەرکوکدا 187593 کەسە و ژمارەی تورکمانیش 83371 کەسە. بەڵام تورکمانەکان بڕوا بەم سەرژمێرییە ناکەن و دەڵێن ئاماری تورکمان لە کەرکوکدا پێش ساڵی 1957 زۆر لەوە زۆرترە، کەچی بەپێی ئەنسیکلۆپیدیای ناوەکانی زانای تورك شەمسەدین سامی لە ساڵی 1896دا ژمارەی کورد سێ بۆ چواری دانیشتوانی کەرکوکە و ئەو چارەکەشی کە دەمێنێتەوە تەنها تورکمان نییە، بەڵکو جوولەکە، ئاشووری، کلدان و عەرەبن لەگەڵ تورکماندا. هەروەها لە لاپەڕە 3842 دەڵێت (کەرکوك شارێکی کوردییە و دەکەوێتە ناوجەرگەی





کوردستانەوە). بەپێی ئەم وتەیەی شەمسەدین کوردبوونی توزخورماتوو و سنووری حەمرینیش دەبنە بەڵگەنەویست.
تورکمانی سیاسی یاخود شۆڤێنی هەر لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە ئەم سیناریۆ دوور لە ڕاستییەیان هێناوەتە ناو ناوانەوە بەبێ ئەوەی هیچ پاڵپشتێکی زانستی و بەڵگەیەکی مێژووییان هەبێت. چونکە کەرکوك لە پێش بوونی ناوی کوردیشدا شارێکی مادی بووە و ناوی گوڕ کوا بووە (واتە ڕووناکیی ئاگر). لە سەرەتای چاخە مێژووییەکانیشدا سۆمەرییەکان بە کەرکوکیان وتووە کارکۆك واتە (کاری کۆك یان کاری مەزن).

## کەرکوك شاری برایەتییە:

ئەم سیناریۆیە لەگەڵ سیناریۆی کەرکوك شارێکی ئێراقییە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. سیناریۆی کەرکوك شاری برایەتییە زیاتر دەستکردی هەندێك سیاسەتمەداری کوردە. دیارە ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە ترسی لەدەستدانی شاری کەرکوك لە دەیان ساڵی ڕابردوودا هەبووە و بۆ ئەوەی کەرکوك لەدەست کورد نەچێت ئەم سیناریۆیە وەك تاکتیك کاری پێکراوە. دیارە ئەمە سیناریۆیەکی زۆر ترسناکە و هیچی لەو دووانەی پێشەوە باشتر نییە. چونکە دەوڵەتی ئێراق دەوڵەتێکی عەرەبییە و ئەندامی کۆمەڵەی عەرەبییە و نەخشەکەشی دەکەوێتە ناو نەخشەی نیشتمانی عەرەبییەوە. بەو

شێوەیە ئەگەر کەرکوک ناوی کوردستان یان کوردستانی فیدراڵ یاخود لەخراپترین بارەکاندان نەکەوێتە ناو سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە ئەوا دەکەوێتە سەر شارە عەرەبنشینەکان. سیناریۆی کەرکوک شاری برایەتییە ترسناک نابێت ئەگەر چوارهەمین سیناریۆ کە پاشان دێمە سەری بێتە کایەوە. چونکە ئەو کات کەرکوک دەبێتە شارێکی کوردستانی و هەڵبەت گەر تەواوی کەمە نەتەوەییەکانی ناو شاری کەرکوک بێجگە لە کورد خۆیان بە کوردستانی بزانن. ئەوا ئەو کات دەکرێت بگوترێت کەرکوک شاری برایەتییە.

سیناریۆی کەرکوک شاری برایەتییە, سیناریۆیەکی ساختەیە. چونکە ئەو عەرەبانەی لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە هێنراونەتە کەرکوک ئەستەمە ببنە برای ئەو کوردەی کە لە ماڵەکەی خۆیدا دەرکراوە و خانوو و شوێنکارەکەی دراوەتە ئەو عەرەبەی کە بەعس هێناویەتی.

سیناریۆی کەرکورک شاری برایەتییە, سیناریۆیەکی ساختەیە. چونکە ئەو تورکمانە سیاسییەی کە میتی تورکە و ئاژاوە دەخاتە شاری کەرکوکەوە و کەرکوکی کوردستان دەکاتە شارێکی تورکمانی ئەستەمە ببێتە برای ئەو کوردەی کە دەیان ساڵە خوێنی بۆ کەرکوکی ئازاد ڕشتووە و چەندین گفتوگۆی کورد و ڕژێمی لەسەر هەڵوەشاندووەتەوە و تورکمانی سیاسیش یان پێشتر بەعسی بووە یان ئەمڕۆ میت.

## کەرکوک شارێکی کوردییە و دەکەوێتە سنووری کوردستانەوە:





بۆ ئەم سیناریۆیە تەنها چەند ڕاستییەکی کۆن و نوێ بیری هاوبیرانی ئەو سیناریۆ ساختانەی سەرەوە دەخەمەوە:

- لە گفتوگۆی ساڵی 70 بۆ 74 سەرکردایەتیی کورد داوای لە داگیرکەری ئێراق کرد کە گۆڕە کوردەکانی شاری کەرکوک سەرژمێر بکرێت وەك بەڵگەیەکی مادی بۆ کوردستانیی شاری کەرکوك. جێی داخە زۆربەی ئەم گۆڕانەش بەر شاڵاوی بەعەرەباندن و ئەنفال کەوت و فەوتان.
- کەرکوک شارێکی مادی بووە و پێی گوتراوە (گوڕ کوا واتە ڕووناکیی ئاگر).
- لە فەرهەنگی ناوەکانی عوسمانیدا (قاموس الاعلام) نووسراوە: *کەرکوك دەکەوێتە سنووری ویلایەتی موسڵی کوردستانەوە بە دووریی 160 کیلۆمەتر بەلای باشووری خۆهەڵاتدا, کەرکوك ناوەندی ناوچەی شارەزوورە, ژمارەی دانیشتووانی 30 هەزار کەسە.... سێچارەکی شارەکە کوردە و ئەوەشی دەمێنێتەوە تورك و عەرەب و می ترە....* بەپێی ئەم زانیارییە تورکییە ئاماری کورد لە شاری کەرکوکدا لە کۆتایی سەردەی نۆزدەدا نزیکەی 22 هەزار کەس زۆرتر بووە.

- ئاماری شاری کەرکوک لە ساڵی 1957دا:

| نەتەوە | کورد | تورکمان | عەرەب | ئاشووری | هیتر |
|---|---|---|---|---|---|
| ئامار | 187593 | 83371 | 109620 | 1605 | 665 |

- کورد لە شاری کەرکوکدا لە هەموو کەمە نەتەوەییەکان زۆرتر بەر شاڵاوی بەعەرەباندن و دەرکردن کەوتووە, هەربۆیە ڕێژەی ئاماری کورد لە کەرکوکدا لە چاو ساڵی 1957دا هاتووەتە خوارەوە. هیچ نەتەوەیەکیش وەك کورد لە کەرکوکدا نەچەوساوەتەوە و نەعەرەبێنراوە و دەرنەکراوە. بەڵکو عەرەبە هێنراوەکان بەم چەوسانەوەیە خۆشحاڵ بوون و کاریان بۆی کردووە و تورکمانی سیاسیش بەهەمان شێوە.
- تەواوی سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تورکمان پێش سەدەی هەڤدەهەم بوونی نەك لە کەرکوك بەڵکو لە تەواوی باشووری کوردستاندا نەبووە.

بەچەسپاندنی سیناریۆی کەرکوك شارێکی کوردییە لە ئێراقی داهاتوودا, کەرکوك دەکەوێتە سنووری کوردستانی فیدراڵەوە و هەرکاتێکیش کورد لە ئێراق جوودابووەوە ئەوا بەشداریکردنی کەرکوك لە دەوڵەتی کوردستاندا دەبێتە کارێکی بێکێشە.





ئەمڕۆ پارتی و یەکێتی بوونەتە دەمڕاستی کوردی باشوور لە بەغداد و هەر سازشێك لەم سیناریۆیەدا دەبێتە هۆی لەدەستدانی کەرکوك. لەبەرئەوە پێویستە ئەوان ئەو سیناریۆیە بچەسپێنن و ئێمەی ڕۆشنبیرانیش قەڵەمەکانمان لە چاو و گوێی هاوبیرانی ئەو سیناریۆ ساختانە بکەین.

# کورد و بەغدا[1]

عەرەب بە بەغدا دەڵێت (دار السلام) واتە خانەی ئاشتی!.

لەم شارەوە و لەم خانەیەوە, عەرەب گەلانێکی زۆری لە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتە عەرەبییە ئیسلامییەکاندا بەڕێوەبردووە و کۆلۆنیی کردوون.

دەشێت ئەم بەغدایە بۆ عەرەب خانەی ئاشتی بێت, یان بۆ هەر گەلێکی تر. بەڵام ئەم دارولسەلامە بۆ کورد بەدرێژایی مێژوو هەر دارولشەڕ بووە, واتە خانەی شەڕ.

لەم دارولشەڕەوە حکومەتە یەکلەدوای یەکەکانی داگیرکەری باشووری کوردستان بڕیاری ئەنفالکردنی کوردیان دەرکردووە...

لەم دارولشەڕەوە کوردستانیان عەرەباندووە...

لەم دارولشەڕەوە کوردیان ڕاگواستووە و هەڵەبجەیان کیمیا بارانکردووە..

لەم دارولشەڕەوە کەرامەتی نەتەوەیی کوردیان ڕووشاندووە و هەزاران پلانیان لەدژ گێڕاوە...

لەم دارولشەڕەوە ئەوەی ئاشتی پێی ناخۆش بێت و شەڕ پێی شاگەشکە بووبێت بە کورد کراوە...

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 08-05-2003.





هەندێك جار شۆڤێنییە عەرەبەکان بە بەغداش دەڵێن پایتەختی ڕەشید. ئەمەیان پێم وابێت لەجێی خۆیایەتی, چونکە پاش ماوەیەك هەمان ئەو شۆڤێنییانە بە بەغدا دەڵێن پایتەختی عودەی, چونکە هیچ جیاوازییەك لە نێوان هارون و عودەیدا نییە. ئەویان محاجەرەی پلیکانەکانی سنگی ئافرەتی چواردەساڵ بوو و شەو تا بەیانی خەریکی فەسادی بوو, ئەمیشیان هەموو کۆشکەکەی کردبووە سۆزانیخانە و تێرکردنی ئارەزووە پیس و نەخۆشییە دەروونییەکانی.

بەغدا ئەو شارە بووە کە هەردەم سەرکوتکەری کورد بووە, ئەو شارە بووە کە هەردەم کورد ڕوویتێکردووە بۆ تکاکردن.

بەغدا ئەمڕۆ ئەو پایتەختی هارون و عودەیەی جاران نەماوە و ڕابەرانی کورد بۆ دروستکردنی "حکومەتێکی دیموکراتیی فیدراڵی" ڕوویانتێکردووە.

ڕابەرانی کورد و ڕامیاریی نێودەوڵەتی گەر نەتوانن ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە بەبارێکی تردا بگۆڕن و ئەنفال و گازی کیمیاوی و تەعریب و ڕاگواستن بۆ هەتاهەتا لەو شارەوە بۆسەر کورد ڕابگرن, ئەوا بەغدا لای من هەر دارولشەڕە و هەر پایتەختەکەی هارون و عودەیە.

ڕابەرانی کورد زۆرجاران ڕوویان لە بەغدا کردووە و دەستییان پێکراوە و بە دڵشکاوی گەڕاونەتەوە بۆ چیاکانی کوردستان. بەربۆیە

تکام بۆ ئەو ڕابەرە بەڕێزانە ئەوەیە کە ئەمجارە دوا هەلی ژیانێکی ئاسوودە بۆ ئەوانیش و بۆ ئێمەش لە کیس نەدەن, لەبەرئەوە تکایە ئەم هەلە مەکەنە قوربانی برایەتیی ساختە, ئەو برایەتییەی کە تەنها لەلای گەلێکی بندەست و بەشبەشی وەك کورد باوی ماوە و کاری پێدەکرێت.

پێویستە پەیوەندییەکانمان لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بەکوردیکردنەوەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان و ڕوونەدانی هەرەس و ئەنفال و بۆمبارانی کیمیاوییەوە سەرچاوە بگرێت...

06-05-2003





# کورد و جامیعەی عەرەبی[1]

جامیعەی عەرەبی, یان کۆمەڵەی عەرەبی ناوی ئەو ڕێکخراوەیە کە زۆر جاران بەر گوێمان کەوتووە. ئەم کۆمەڵەیە وەك دەگووترێت و لە ئەدەبیاتەکانیدا نووسراوە, بۆ ئەوە هاتووەتەکایەوە تاوەکو ببێتە سەیوانێك بۆ "وڵاتە عەرەبی"یەکان...

جامیعەی عەرەبی پاش تەواوبوونی جەنگی جیهانیی دووەم, بەهاندانی بەریتانیا لە 22-03-1945دا بڕوانامەکەی لەلایەن چەند دەوڵەتێکی عەرەبییەوە ئیمزاکرا.

سەرەتا بڕوانامەی جامیعەی عەرەبی لەلایەن سووریا, لوبنان, ئوردون, ئێراق و میسرەوە ئیمزاکرا و پاشانیش سعودیە و یەمەن و تاوای لێهات هەموو دەوڵەتانی عەرەب و بەناو عەرەبیی وەك سۆماڵ و جیبۆتی بوونە ئەندامی ئەم جامیعەیە.

جامیعەی عەرەبی, بووە خاوەنی ئەنجوومەنێك کە هەموو دەوڵەتانی هاوبەش بەشێوەیەکی یەکسان نوێنەرایەتی بکات. ئامانجەکانی ئەم ئەنجوومەنە جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتننامە و کۆبوونەوانەیە کە ئەندامان لەنێوان خۆیاندا دەیبەستن و سەروەری و سەربەخۆیی ئەندامانیش پتەو بکات و کێشەکانی ئەندامان چارەسەر بکات.

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 13-05-2003.

بڕیارەکانی ئەم ئەنجوومەنە پێویستە لەلایەن ئەندامانییەوە پیادە بکرێت. هەروەها بەپێی بڕوانامەی ئەم جامیعەیە نابێت بەهیچ جۆرێك ئەندامان هێز بەکاربهێنن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

جامیعەی عەرەبی بۆ تۆژینەوەی بارودۆخی عەرەبی و چارەسەرکردنی کێشەی ئەندامان تاوەکو ئێستا چەندین کۆنگرەی بەستووە. لەوانە یەکەم کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە قاهیرە لە 1964 بەهۆی ئەوەی کە ئیسرائیل ڕێڕەوەی ڕووباری ئوردونی گۆڕی. هەروەها کۆنگرەی ڕیبات لە 1974دا و کۆنگرەی تونس لە 1979دا و کۆنگرەی عومان لە 1987 و کۆنگرەی دارولبەیزا لە 1989 و کۆنگرەی قاهیرە لە 2000دا و هتد...

جامیعەی عەرەبی بۆ بەڕێوەچوون و ئاسانکردنی کارەکانی بەسەر چەند بەشێکدا کارەکانی دابەشکردووە لەوانە:

- ئەنجوومەنی جامیعە: کە بەرزترین دەستەڵاتی جامیعەیە و لە نوێنەری وڵاتە عەرەبییەکان و ڕێکخراوی ڕزگاریی فەلەستین پێکدێت و هەریەك لەمانە خاوەنی دەنگێکە لە ئەنجوومەندا.
- لیژنە هەمیشەییەکان: لەوانە ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و هتد.
- ئەنجوومەنی گشتی: کە بەڕێوەبەرێکی هەیە و دەبێتە سکرتێری جامیعەی عەرەبی.





لە ڕەوەندی زۆرتر لەو نیو سەدەیەی هاتنەکایە و کارکردنی ئەم جامیعەیەدا گەلێك ڕووداوی گرنگ و ترسناك لە ناوچەکەدا ڕوویداون و گەلێك کێشەی کۆمەڵایەتی, ئابووری و ڕامیاری و هیی تریش خراونەتە بەردەم جامیعەی عەرەبی بۆ چارەسەرکردنیان.

دیارە ناکرێت بگووترێت ئەم جامیعەیە هیچی ئەوتۆی بۆ عەرەب نەکردووە, بەڵام دەکرێت بگووترێت ئەم جامیعەیە ئەگەر بەدرۆشەوە بێت سەیوانێکی وڵاتە عەرەبییەکانە و هەنگاوی یەکەمە بۆ خەو و خەیاڵی یەکێتیی عەرەبی.

لەوانەیە جارجارە ئەم جامیعەیە جێپەنجەی بەسەر چارەسەرکردنی کێشەیەکی ئابووریی نێوان ئەندامانەوە بووبێت بەڵام ئاستەمە بەدرێژایی ئەو مێژووەی توانیبێتی کێشەیەکی سیاسیی نێوان دوو ئەندام یان زۆرتری چارەسەر کردبێت.

ڕێزگرتنی خودی ئەندامان بۆ جامیعە و بڕیارەکانی بووەتە گاڵتەوگەپی نێوان خەڵکی سادەی عەرەبی, چونکە دەزانن ئەم جامیعەیە بێدەستەڵاتە و هیچی لەدەست نایەت. بەتایبەتی کە جەماوەری عەرەبی دەبیستێت لە یەکێك لە کۆنگرەکانیدا دەبێتە شەڕە تەپڵەك و شەڕە جنێوی نێوان ئەندامان و لە دواهەمین کۆنگرەشیدا نوێنەری عەرەبستانی سعودی بە گەززافی دەڵێت: "تۆ درۆزنیت و پیاوی ئیسرائیلیت" و نوێنەری داگیرکەری ئێراقی عیززەت ئەلدوریش بە نوێنەری کووەیت دەڵێت: "گوو بە سمێڵت" و زۆری تریش کە ئێمەومانان نەماندیوون و نەمانبیستوون.

جامیعەی عەرەبی هەمیشە خاوەن بڕوانامەیەکی عەرەبییانەی شۆڤێنییانە بووە و بەدرێژایی ئەو مێژووەی تاکە ئاوڕێکی لەو نەتەوانە نەداوەتەوە کە عەرەب نین و لە چوارچێوەی ڕامیاریی وڵاتانی بەناو عەرەبدا دەژین یان بەو وڵاتانەوە لکێنراون. کە کورد نموونەیەکی ئەوانە و دوو بەشی کوردستان بەدوو وڵاتی داگیرکەری سووریا و ئێراقەوە لکێندراوە و هەردووکیشیان ئەندامی ئەم جامیعەیەن.

ئەم جامیعە شۆڤێنییە و ئەندامانیان زۆرباش ئاگاداریی ژینۆسایدی کورد و عەرەباندنی کورد بوون لەم دوو وڵاتەدا. زۆرباش ئاگاداری کیمیاباران و هێرشی بەدناوی ئەنفال بوون. بەڵام لەو هەموو کۆبوونەوە و کۆنگرانەی ئەم جامیعەیەدا بەتەنها وشەیەکیش پشتگیریی ئەم کارە نامرۆڤانەیە نەکراوە, چونکە بەلای جامیعەوە ئێراق دەوڵەتێکی عەرەبییە و نابێت دژایەتیی بکرێت.

ئەم جامیعەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو وڵاتانەی تاوانبار نەکرد, بەڵکو لە هەموو بارودۆخێکدا پشتی گرتن. ئەمانە و چەندین هەڵەی مێژوویی تر کە ڕەنگدانەوەی بیری شۆڤێنیی جامیعەی عەرەبین و وایکردووە کە مەترسیی هەڵوەشاندنەوەی ئەم جامیعەیە بێتەکایەوە, بەتایبەتی کە چەند جارێك چەند ئەندامێکی هەڕەشەی پاشەکشەیانکردووە و ناوزڕانی جامیعە بۆ پشتگیریی کوێرانەی بۆ ئێراق و بێدەستەڵاتیی و هیچ لە باردانەبووی و زۆریتر... چەندین هەڕەشەی ترن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم جامیعە تاوانبارە..





**بەهیوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم جامیعە شۆڤێنییە تەنها عەرەب بینە...**

10-05-2003

# سیناریۆیەکی دی بۆ کەرکوك؟![1]

کۆنە شیوعییەکان لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بە هاوبیرانی کاژیکیان دەگووت: "ئەمەندە بێئەخلاقن داوای دەوڵەتی کوردی دەکەن"!. (زۆر داوای لێبووردن لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەم کە ناچاربووم وشەی "بێئەخلاقی"ی ئەو شیوعییانە لێرەدا لە زمانی خۆیانەوە وەکو خۆی بینووسمەوە, بەڵام بەداخەوە ئەمە ڕای زۆرینەی کۆنە شیوعییەکانی کورد بوو بەرامبەر بە کاژیك. چونکە ئەمانە گاڵتەیان بە هەموو شتێکی کورد دەهات و هەمیشە لەپشەتەوە ئامادەبوون بۆ لێدانی شۆڕشی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەی, دیارە بەرە نانیشتمانییەکەیشیان لەگەڵ داگیرکەرانی بەعسدا لە هەفتاکانی هەمان سەدەدا باشترین نموونەیە).

پاش ڕووخانی ئیمپریالیزمی سۆڤیەتی و ڕیسوابوون و هەرەسهێنانی پیادەکردنی سیاسەتی مارکسیزم — لینینیزم و پاش ڕووداوەکانی پێریسترۆیکا, ئەو کۆنە شیوعییانە و تازەکانی ئێستاشیان, بەتایبەتی ئەوانەی کە ئێراقچین و پارێزەری ئەو سنوورە دەستکردەن کە ئینگلیز

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت و ماڵپەڕی پاسۆك – 14-05-2003.
هەروەها ئەم وتارە وەڵامە لەسەر ماڵپەڕی دەنگەکانیش بڵاوکرایەوە, بەڵام پاشان ماڵپەڕی دەنگەکان لایبرد.





بۆ ئێراقی داڕشت, هەر بەردەوامن لەسەر دژایەتیی هەر شتێکی کوردی و پێمان دەڵێن ڕاسیست, وەکو ئێمە خاوەن دەوڵەت بین و عەرەب و نەتەوەکانی ترمان کورداندبێت و ڕامانگواستبێت و بەکاژیك و پاسۆکمان کردبێتن!.

ئەم ئێراقچییانەی کە هاوڕێکانیان تاوەکو ئێستا لە مۆسکۆ وێنەی سەددام بەرزدەکەنەوە و بەڕووخانی سەددام کۆستیان کەوتووە, بۆ کەرکوك و پاشەڕۆژی ئەم شارە خاوەنی سیناریۆیەکی ئێراقچییانەی تایبەت بەخۆیانن. سیناریۆیەکی وا ئەگەر لەو زمانە کوردییە کاڵوکرچە پڕ لە هەڵەیەیانەوە بکرێت بە تورکی یان تورکمانی و ناوی نووسەرەکەی بنێیت "مستەفا ئەسیل تورك" ئەوا کەس ناڵێت ئەمە کوردێك نووسیویەتی!. (*هەڵبەت ئەمانە زۆر گوێ بە زمانی شیرینی کوردی نادەن و دژە ڕەسەنن, چونکە ئەوان زۆرتر بەزمانەکانی عەرەبی و فارسی خەریکی خوێندنەوە و نووسینن*).

بەپێی ئەم سیناریۆ دوور لە ڕاستییەی ئەم کوردە ئێراقچییانە, کورد و کوردستانیبوونی کەرکوك خۆڵ کردنە چاوی خەڵکییە, ڕاسیستییە, نەتەوەپەرستییە و ناسیۆنالیستیی کلاسیکیانەیە! و زۆریتر کە مەگەر هەرخۆیان شارەزا و داهێنەری ئەو زاراوانەبن.

هەوادارانی ئەم سیناریۆیە پێیانوایە کە گووتت کەرکوك شارێکی کوردییە و کوردستانییە, ئەوا هەرچی کەمە نەتەوەی تری ئەو شارەیە کردووتەتە کورد. پێیانوایە کە لەبرایەتیی ساختەی کورد و عەرەب و عەرەب و تورکمان و کورد و تورکمان و یەکێتیی خاکی ئێڕاق کە سەددام زۆر هەوڵی بۆدا کەم دەکەیتەوە و هەڵدەوەشێنیتەوە.

هەوادارانی ئەم سیناریۆیە بەتایبەتی کوردەکانیان تەنها لەبەرئەوەی ئێڕاقچین و یەکێتیی خاکی ئێڕاقیان لەلا مەبەستە نابێت کەرکوك شارێکی کوردی و کوردستانی بێت و بچێتە سەر کوردستانی فیدراڵ یان ئۆتۆنۆم یان کوردستانی سەربەخۆ. بەڵام چونکە بیری نەزۆکی ئێڕاقچییانەی سەرتاسەرییان هەیە, ئەوا دەبێت ببێتە شارێکی ئێڕاقی و نابێت پێی بگووترێت شارێکی کوردی؟!.

لایەنگرانی ئەم سیناریۆیە ئاماری ساڵی 1957 بەو شێوەیە بەکاردێنن کە خۆیان پێیان باشە و خزمەتی بیرە ئێڕاقچییە دژبەکوردەکەیان دەکات و دەڵێن ڕاستە کە کورد لە تەواوی پارێزگای کەرکوکدا زۆرینەیە بەڵام لە ناو ناوەندی شاری کەرکوکدا وانییە و کورد زۆرینە نییە, وەکو کەرکوك کەرتی خۆرئاوای فەلەستین بێت و لە چەمچەماڵەوە بە فڕۆکە بەسەر هەنجیرە ڕەشەدا "*قەرەهەنجیری تورکێنراو*" بۆی بچیت و بووبێتە دەریاچەیەکی تورکمانی لەناو پارێزگای کەرکوکی کورددا.

بۆ هەوادارانی ئەم سیناریۆیە زۆر جەرگبڕ نییە کە تورکمان بە ئاشکرا و بەیارمەتیی دەوڵەتی تۆرانیی تورکیا هاوار دەکات و دەڵێت کەرکوك





شارێکی تورکمانییە و بۆ هەتاهەتاش هەر بەتورکمانی دەمێنێتەوە. بەڵام بۆ کوردێك کە مافی مێژوویی, جوگرافی, ئایینی و نەتەوەیی خۆیەتی ئەمە تابووە و نابێت بگوترێت کەرکوك شارێکی کوردییە. تورکمانەکان لەوەدا زۆر خۆشبەختن کە کوردی تۆرانچی و ئێڕاقچیی لەم جۆرە هەن و جا دوژمنیان بۆ چییە.. چونکە ئەوان هەر لەسەر داواکەی خۆیان سوورن و داواکەشیان یەك لەو کوردە عێڕاقچییانەی نەوروژاندووە و نەهەژاندووە, ئەگەرچی ئەو کوردە عێڕاقچییەش خەڵکی شاری کەرکوك بێت و هەزار و یەك جار پردی خاسەی دیبێت و کۆڵانەکانی کەرکوکیش زۆرباش شارەزابێت و وەکو خەڵکانی کۆلکەخوێندەواری قسەنەبڕی وەك منیش تەنها پێیدا تێپەڕیبێت.

هەوادارانی ئەم سیناریۆیە سەرباری ئەوەی کە بەهەڵە بەکوردی لەدایکبوون و کوردن و ئاشنایی تەواویان لەگەڵ ئەو هەموو قوربانی و ئەنفالانەدا هەیە کە کوردی کەرکوك و گەرمیان داویەتی و نەتەوەکانی تری ئەم ناوچەیە یان بکەری ئەو تاوانانە بوون و یان بینەرە خۆشحاڵە خۆشەویستەکان, کەچی دەڵێن: "*ئەم شارە نە کوردییە و نە عەرەبی و نە تورکمانی*". و ئەوەشی بە کەرکوك بڵێت شارێکی کوردییە ئەوا وەك ئەو تۆرانییانە وایە کە کەرکوك دەکەنە شارێکی تورکمان و ئەوانە هیچیان لە گورگە بۆرەکانی مێ هێ پێ کەمتر نییە ! چونکە هەر ئەوانن و جامانە و مشکیی گوڵنکداریان کردووەتەسەر. دیارە ئەم پەندەیان ئەو شەهیدە گەرمیانیانەش دەگرێتەوە کە بە هەزارانیان لەدژی

داگیرکەری بەعس داکۆکییان لە کوردیبوونی شاری کەرکوك دەکرد. بەداخەوە ئەمەش ئەمەکی یەکێك لە بەناو هاوزمانەکانییەتی و دەڵێت: "گورگە بۆریت و بە کوردی قسەدەکەیت و جامانەت بەسەرەوەیە و بۆ کوردیبوونی کەرکوك خۆتت بە کوشتداوە!". بەڕاستی ئەم زانیارییە زۆر نوێیە بۆ من و نەمزانیوە کوردیش گوگەبۆری هەیە؟!....

خۆشبەختانە ئەم کوردە عێراقچییانە وەك سەددام و ستالینی هاوڕێیان خاوەن هێزێکی وانین, ئەگینا زمانیان دەبڕین و کەرکوکیان کوردبژێر دەکرد, تاوەکو ببێتە عێراقیی خالیسە.

لایەنگرانی ئەم سیناریۆیە کە بەخۆیان دەڵێن "*پێشکەوتنخوازان*", تەنها لە لایەنە نەرێتییەکانی جیهانگیری گەیشتوون و خۆشحاڵن بە لەناوبردنی هەموو شتێکی ڕەسەن. بەڵام نازانن کە هەر ئەو جیهانگیرییەیە کە کێشەی کوردی بندەستی بەجیهان ناساند و ڕۆژانە لە هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بەلایەنی کەمەوە باسێك یان زۆرتر لەسەر چەوسانەوەی کورد پێشکەشدەکرێت.

دوا چەپکە گوڵی ئەم کوردە عێراقچییانە بۆ نەتەوە داگیر و بەشبەشکراوەکەیان ئەو داکۆکییە ڕووهەڵماڵراوەیان بوو بۆ موجاهیدە تیرۆریستە ئەنفالچییەکان کە هەمیشە دژی کورد و بزووتنەوە





ڕزگاریخوازانەکەی بوون و هەموومان بینیمان کە چۆن لە ڕەوەکەی بەهاری 1991دا ڕاوە کوردیان دەکرد.

هەرخۆتان بەخۆتان بن.......

12-05-2003

# دەنگی زوڵاڵی شۆڕش, حەمە ڕەشید هەرەس..[1]

لەم مانگەدا بەهۆی بەرگریکردن لە نووسینێکی من و کوردستانیبوونی کەرکوك, کە هونەرمەندی نەتەوەیی کاك حەمە ڕەشید هەرەس نووسیبووی, لەلایەن پرۆلیتاریایەکی ئەورپانشینەوە کۆمەڵێك فەرمایشتی ناڕەوا بۆ کاك هەرەس هەڵبەسترا و لەسەر کوردستان نێت بڵاوکرایەوە.

دیارە من نە کاتی ئەوەم هەیە و نە بە پێویستیشی دەزانم ڕستە بە ڕستەی ئەو نووسینە لە مەنگەنە بدەم, ئەگینا گەلێك باس و خواس هەڵدەگرێت, هەر لە سەرباسە بێئاستەکەیەوە هەتا ئەو مەنجەڵە یاپراخەی کە کاتی خۆی ئێمەی پاسۆك تێرمان پێیدەخوارد.

بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەو دەستەواژەیەیە کە لە سەرەتای نووسینەکەدا کە کاك هەرەسی پێ پێناسە کراوە و دەڵێت: ".... حەمە ڕەشید ناوەکەی نەناسراوە و ...".

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت, ماڵپەڕی دەنگەکان و ماڵپەڕی پاسۆك – 15-05-2003.





پرسیاری من تەنها ئەوەیە, کەسێك ڕۆشنبیر بێت و لەدایکبووی شەستەکان بێت و خەڵکی شارەکانی هەولێر و کەرکوك و سلێمانی بێت, دەبێت تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردیی بیستبێت کە لە هەفتاکاندا بەبێ پێشبڕکێیەکی ئەوتۆ پێشڕەوی شانۆی کوردی بوو و کەسانی وەك مامۆستا کەمال سابیر, مامۆستا ئەحمەد سالار و شەهیدی نەمر مامۆستا دڵشاد مەریوانی و کاك هەرەس و هیی تر یەکێك بوون لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی.
بەڵام دەبێت هونەری کوردی بۆ ئەوان چی بگەیەنێت؟.

کەسێك لەو شارانەدا لەدایك و پەروەردە بووبێت, دەبێت شانۆییەکانی لانەوازان و تەنەکەی بیستبێت و بینیبێت. خۆ کەسایەتیی ڕەفیق لە هەفتاکان و هەشتاکاندا بووبووە بەشێکی زیندووی ژیانمان. ڕەفیق ڕۆڵی خوازرا و "تقمص"ی هەرەس نەبوو. بەڵکو ڕەفیق, هەرەس بوو و هەرەسیش ڕەفیق. ڕەفیق کەسایەتیی ڕاستینەی هەرەس بوو. هەربۆیە بەو سەرکەوتووییە ئەو ڕۆڵەی بینی و ئێستاش زۆر کەس پاش زۆرتر لە چارەکە سەدەیەك بە کاسێت و سی دی تەماشای لانەوازانی کەمال سابیر و هەرەس و ئەوانی تر دەکەن.
بەڵام دەبێت چیرۆکی لانەوازان بۆ ئەوان چی بگەیەنێت؟.

تۆ بڵێی ڕۆشنبیرێك هەبێت لەو تەمەنەدا و لەو شوێنانەدا گوێی لە دەنگی ئێزگەی شۆڕشی باشووری کوردستان "شۆڕشی ئەیلوول"

نەبووبێت؟. ئەو دەنگەی کە هەموو کورد لە هەموو بەشەکانییەوە گوێیی لێدەگرت و بوو بووە هیوای هەموو کورد. ئەو دەنگە لەو کاتەدا بەدووانی وەکو ڕەوانشاد عەبدولخالق مەعروف و حەمە ڕەشید هەرەس دروست و پەخشدەکرا. کە هەمیشە لەژێر بۆمبارانی فڕۆکەی سۆخۆ و میکی هاوڕێ ڕووسەکانتاندا بوون.

بەڵام ئەوان کەی گوێبیستی ئەم دەنگە بوون؟ خۆ ئەوە ڕادیۆی مۆسکۆ نەبووە؟, ئەوان ئەوکات سەرگەرمی بەرە ڕووهەڵماڵراوە نانیشتمانییەکەیان بوو لەگەڵ بەعسدا.

ئەی لەخۆتان نەپرسی چ داخ و کەسەرێك ناوی حەمە ڕەشیدی کردە "هەرەس"؟.

حەمە ڕەشید هەرەس خاوەنی چەندین بەرهەمی شانۆیی هەمیشەزیندووە, کۆمەڵێك نامیلکە و وتاری بەپێزی هەن, جا کەسانێك نەیانبیستبێت و نەیانخوێندبێتەوە!, دەبێت ئەوە چی لە ناوبانگ و ڕابردووی پڕشکۆی هەرەس کەمبکاتەوە.

هەرەس گیان: دەزانم تۆ مانگەشەویت... دەریایت و خاوەن ئەزموونێکی زۆر.. ئەو وتارە هەر تەنها سووکایەتی نییە بەتۆی هونەرمەندی نەتەوەیی, بەڵکو سووکایەتیکردنە بە کەرکوکی کوردستان و بە کاژیك و بە پاسۆك و بەهەموو هاوبیرانی نەتەوەیی. ئەوە کردەوانە بووەتە پیشەی ئەوان.





من لەدەمێکەوە بەنیازی ئەوەم پەڕتووکێك لەسەر پاسۆك بنووسم و بۆ ئەو مەبەستەش چەندین سەرچاوەم کۆکردووەتەوە. ئەو وتارەی تۆی پێخرایە پشت کەندو و گاڵتە بەهاوبیرانی نەتەوەیی دەکات بەوەی کە بەمەنجەڵێك یاپراخ تێردەخۆن! لە نەزانیی ئەوان و دڵسۆزیی ئێمەوەیە. بەڵێن بێت ئەو پەڕتووکەم ناوبنێم (مەنجەڵێك یاپراخ) و دەشی سەلمێنم کە ئەو پەندە نیشانەی پاکیی هاوبیرانی نەتەوەییە, نیشانەی ئەمەکە بۆ دۆزی کورد, نیشانەی بەشدارینەکردنیانە لە هیچ سازشێکدا.. نیشانەی "ڕەسەن"ایەتییە.. و زۆریتر..

با ئەوانە باش بزانن کەسێك شێتانە بەردمان تێبگرێت من ناچاردەبم بگەڕێمەوە بۆ شیعری "کلاسیك" و بەرقیان تێبگرم. نازانم ئەوانە بۆچی بە وشەکانی ڕەسەن و کلاسیك لەو "جەرەیان"ەدا "شێلگیر" دەبن.

ئەو دەڵێت "لەمنەوە کۆتایی کاتی ئەم بابەتانەم نییە". منیش لە وەڵامی ئەم مەقولە لەنگ و ناتەواوەدا دەڵێم: باوەڕناکەم لەمن پشوو درێژتر بیت, "دۆشاو بەبیرت" من تەنها کتێبێکم هەزار لاپەڕەی خورشیدییە A4 و با باشیش بزانێت کە زۆر کەس لەسەر وتارەکەی من بەنیازن هەڵبدەنێ, بەڵام تکام لێکردوون نەکەن, نەوەکی یەك لەوان بکەوێتە ئەو هەڵە گەورەیەی مامۆستای بیریارمان مەسعود محەمەدەوە و ئەمیر حەسەنپوورێکی ترمان بۆ بکاتە دومبەڵان!.

**تێبینی:**

چیرۆکی ئەم مەنجەڵە یاپراخە لە قسەخۆشی شاری سلێمانی کاک عەزیز ئەحمەدی ناسراو بە (کاک عەزەی ئەحەبۆق)ەوە هاتووە, کاک عەزیز ئەم قسەیەی تەنها بۆ شۆخی کردووە, چونکە خۆی یەکێك بووە لە کەسەنزیکەکانی پاسۆك و شەهید مولازم حەمە شەوقیش ژنبرایەتی. بەڵام ناحەزانی بیری نەتەوەی ئەم وتەیەی کاك عەزیز بەبارێکی تردا بۆ بیری نەتەوەیی بەکاردێنن.

14-05-2003





# پڕۆلیتاران؟! ئەمەتان لەچی؟! و ئەوەتان لەچی؟![1]

ڕۆژی 07-05-2003, کۆمیتەی ڕابەری! ڕێکخراوی بەناو "کوردستانی"ی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە بەیاننامەیەکدا بەناوی (پەنادانی تاوانبار شێخ جەعفەر و هاوشێوەکانی درێژەدانە بەهەمان تاوانەکانی ڕژێمی بەعس!), ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر پەنادانی پارتی و یەکێتی بۆ شێخ جەعفەر و تاوانبارانی دیکە دەربڕی. هەڵبەت منیش دژی ئەو پەنادانەیانم و بەکارێکی زۆر خراپی دەزانم, چونکە ئەوانە هەردەم دەستی ڕەشی داگیرکەری ئێراقی بوون و کوردستانیان وێرانتر دەکرد.

ئەمەیان بەجێی خۆی و زۆر لەسەری ناوەستم. بەڵام هەر ئەم پڕۆلیتارانەی حککع لە ڕۆژی 20-04-2003دا بە خامەی تاهیر ناوێك, نامەیەکی بەناوی پڕۆلیتارانەوە ئاڕاستەی کوفی ئەنانی سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان کرد, تاوەکو بەهانای عەرەبی کەرکوکەوە بێت, چونکە کوردەکان هێرشیان بۆ دەبەن و لەشاری کەرکوك دەریاندەکەن.

[1] هەفتەنامەی جەماوەر - ژمارە 31 - هەولێر - 26-05-2003. ماڵپەڕی دەنگەکان و پاسۆك - 15-05-2003.

تێبینی: ماڵپەڕی (نووسەری کورد) ڕازینەبوو ئەم نووسینە بڵاوبکاتەوە.

دیاره بەلای ئەمانەوه پەنادانی شێخ جەعفەر درێژەدانه بەتاوانەکانی بەعس. بەڵام هێشتنەوەی سیاسەتی تەعریب و نەگەڕانەوەی کورد بۆ کەرکوک! درێژەدان نییه بەتاوانەکانی بەعس!. ئەی هەریەك لەو عەرەبانەی که بەپاره هێنرانه کوردستانەوه و لەناو ماڵه کوردەکاندا نیشتەجێکران شێخ جەعفەرێك نین بۆخۆیان؟!.

لەوەش گەڕێ. ڕۆژی 17-04-2003 هەمان حیزبی پڕۆلیتار بەیاننامەیەکی تری دەرکرد و تێیدا پشتگیریی خۆیی بۆ ڕێکخراوی تیرۆریستی موجاهیدینی کوردکوژ دەرکرد له دژی ئامریکا. دیاره لای ئەم پڕۆلیتارانه هەریەك لەو موجاهیدانه شێخ جەعفەرێك نین بۆخۆیان؟!.

بەبێ هیچ پاکانەیەك, ئەوەی حیزبه کوردییەکان دەیکەن جێی دڵتەنگی و توڕەیی گشت لایەکه, بەڵام ئەگەر ئەوان پێنج کەسی وەك شێخ جەعفەریان لابێت ئەوا ئەوانەی که ئێوه بەبەیاننامەکانتان پەناتان داون بەدەیان هەزارانن!.

ئێوەی پڕۆلیتار بەو دوو بەیاننامەیەتان له یەکێتی و پارتی زۆرتر داڵدەی عەرەبەکانی سیاسەتی تەعریب و تیرۆریستەکانی موجاهیدتاندا و لەوانیش خراپتر درێژەتان بەتاوانەکانی بەعسدا. پیرۆزتان بێت , ئەمه ئامانج و کار و پیشەی خۆتانه و هەر لەخۆتان دێت.

بۆ زانیاریتان, ئەو چوار لاوەی له بەیاننامەکەتاندا باستانکردووه و لەبەر قوتابخانەی ڕۆشنبیردا له ناوەڕاستی هەشتاکاندا گوللەبارانکران و ئێوه بەو بەیاننامانەتان جارێکی تر گوللەبارانتانکردنەوه, ئەوانه چوار





هاوبیری نەتەوەیی من بوون و ئەندامی پاسۆك بوون. دڵنیام ئەمەتان نەزانیوه, ئەگینا ئەوانه بەلای ئێوەوه ڕاسیست و نەتەوەپەرست و ناسیۆنالیستی کلاسیکن و وەك نموونەیەك له بەیاننامه "سوور"ه کەتاندا ئاماژەتان پێنەدەکردن.

نازانم ئەمەتان لەچی و ئەوەتان لەچی؟!.

هەرخۆتان بەخۆتان بن.

13-05-2003

# کراسێك لە حیزبوڵڵای کورد دادڕن![1]

حیزبوڵڵای کورد پارتێکی کوردیی ئیسلامی بوو و لە ساڵی 1983دا بەهۆی هەر هۆیەکەوە بووبێت دامەزرا. ئەم حیزبە لە سەرەتای دامەزراندنیدا ژمارەی چەکدارەکانی گەیشتە هەزاران.

ماوەیەکە ئەم حیزبە چووەتە هەنگامی سڕبوونەوە و کەس ناوی نەبیستەوە. تا ڕۆژی 14-05-2003 بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆییدا.

ئەم بڕیاری هەڵوەشاندنەوەیە ئەگەر بڕیاری خودی ئەدهەم بارزانی بێت یان بڕیاری پارتی. ئەوا من بە بڕیارێکی باشی دەزانم و حیزبێت کە ڕۆڵێکی ئەوتۆی لەسەر گۆڕانکارییە ڕامیارییەکان نەبێت, ئەی بۆچی ببێت؟.

یەکێك لە ڕابەرەکانی مارکسیزم – لینینیزم, کە پێم وایە لینینە دەڵێت: "دوو پارتی کرێکاری لە یەك شوێندابن, ئەوا یەکێکیان لادەرە". دیارە ئەم وتەیەی لینین زۆر ڕاستە.

لە کوردستان کۆمەڵێکی زۆر لەو پارتە کرێکارییانە هەن و هەمووشیان ناوی کۆمۆنیستیان بەخۆیانەوە ناوە, بەبێ ئەوەی بنچینەیەکی

[1] هەفتەنامەی جەماوەر – ژمارە 33.
ماڵپەڕی کوردستان نێت و ماڵپەڕی پاسۆك – 18-05-2003.





جەماوەرییان ببێت و ڕۆڵێکی ئەگەرچی کەمیش بێت لەسەر گۆڕانکارییە ڕامیارییەکانی کوردستان و ناوچەکە ببینن.

نازانم ئێمەمانان بڕوا بە وتەکەی لینین بکەین یان بەوان!.

دەبێت ئەوانە کامیان لادەر بن و کامیان کۆمۆنیست؟. تۆ بڵێی هەموویان کۆمۆنیست و هیچیان لادەر نەبن و لینینیش هەر بۆخۆیی گووت؟!.

پێم وابێت کاتی ئەوە هاتووە زۆربەی هەرەزۆری ئەم پارتە کۆمۆنیستانە کراسێك لە حیزبوڵڵا و ئەدهەم بارزانی دادڕن و خۆیان هەڵبوەشێننەوە و کرێکارانیش لەو دڵە ڕاوکێیە ڕزگاریان ببێت.

2003-05-15

# نامەیەك بۆ عەبدولباری عەتوان[1]

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا گۆڕێکی بەکۆمەڵی شیعەکانی باشووری عێراق لە ناوچەی سەماوە دۆزرایەوە, منیش یەك و دوو ڕۆژ پاشتر ئەم نامەیەی خوارەوەم بەزمانی عەرەبی بۆ عەبدولباری عەتوانی سەرنووسەری ڕۆژنامەی قودس نارد و هاوکات هەمان نامەشم بۆ ڕۆژنامەی شەرقلئەوسەت نارد بۆ بڵاوکردنەوە. هەرچەندە باوەڕناکەم شەرقلئەوسەتی هاوبیری عەتوان نامەی واهیی بڵاوبکاتەوە, بەڵام ئەمە کورتەی وەرگێڕانە کوردییەکەی ئەو نامەیەیە.

## ئێستا چی دەڵێیت؟, ئەی عەبدولباری ئەی عەتوان!

لە ڕۆژانی ڕابردوودا یەکێك لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی باشووری ئێراق دۆزرایەوە. ئامارە سەرەتاییەکان ئاماژە بە ژمارەیەکی زۆر ترسناك دەکەن, کە ئەویش 13 هەزار کەس لەم گۆڕە بەکۆمەڵەدا لەلایەن سەددامی لێکەوتوو و ڕژێمەکەیەوە بەمردوویێتی و بە زیندوویێتی لەم

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2003-05-19.

تێبینی: ئەم نامەیە بەزمانی عەرەبی نێردرا بۆ ڕۆژنامەی عەرەبیی (الشرق الاوسط), بەڵام بڵاویاننەکردەوە.





بیابانەی باشووری ئێراقدا نێژرابێتن. لەنێو ئەوانەدا منداڵ, ئافرەت و کەسانی پیریش هەن.

مرۆ بێ ئەوەی گوێ بداتە پێکهاتەی نەتەوەیی و بیروڕاکانی, کە قەسابخانەیەکی لەم جۆرە دەبینێت, دیارە هەر دەبێت نەعلەت لە بیرە شۆڤێنی و خانەوادەییەکانی سەددام بکات.

ئەوکاتەی کە ئەم گۆڕە بەکۆمەڵەم لەسەر سکرینی تەلەڤزیۆنەکان بینی, یەکسەر بیرم لە عەبدولباری عەتوانی نووسەری عەرەب کردەوە, کە یەکێك بوو لە گەورەترین داکۆکیکەرانی سەددام و ڕژێمەکەی. خودی خۆم یەکێك لە ڕووبەڕووەکانیم لەسەر سکرینی ANN لەکاتی جەنگی ڕزگاریی ئێراقدا بینی کە دەیگووت زۆر شەرەفمەندم کە داکۆکی لە سەددام و ڕژێمە عەرەبییەکەی دەکەم!.

ئێستا من زۆر حەز بەوەدەکەم بزانم "عەتوان کە ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە دەبینێت بیر لەچی دەکاتەوە؟", ئایا ئێستاش هەر شەرەفمەندە بە داکۆکیی لە سەددام و ڕژێمەکەی؟!. ئایا ئەو داکۆکییەی هەرماوە کاتێك ئافرەتێکی عەرەبیی ئێراقی دەبینێت بەسەر پارچە کاسەسەری کوڕەکەیدا دەگری؟. یان دەڵێت خەڵکینە من هەڵە بووم سەددام دیکتاتۆری زەمانەیە و ئەوەی لێیمان بیست درۆ بوو! یان چیمان پێ دەڵێیت عەتوان؟!.

2003-05-15





# بڕیارێکی نادادپەروەرانە[1]

تایبەتە بە کوردستان نێت

لەو دەیان وتار و لێکۆڵینەوە کورت و درێژانەی کە لە ساڵی 1986ەوە تاوەکو ئێستا, دەربارەی کورد و کوردایەتی و ڕۆژهەڤەکان نووسیوومن, باوەڕناکەم لە هیچ کامێکیاندا بەخراپە نێوی نووسەرێکی کوردم تیایاندا بردبێت.

زۆر جاران نووسینێك یان وتارێکم بەرچاو کەوتووە و ئەوەندە پێی پەست بووم کە مووی لەشمی ڕاستکردووەتەوە, بەڵام پاشتر ساردبوومەتەوە و لەبیرخۆمم بردووەتەوە و کارم پێیان نەماوە. دواهەمینی ئەو وتارانەی کە پەستی کردم "ئازادی کۆمەڵگای عێراق بەندە بە بەهێزکردنی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە"یە! کە لە ڕۆژی 18-05-2003 لەسەر ماڵپەڕی کوردستان نێت بلاوبووەوە. ئەم ساردبوونەوەیەشم لەوەوە هاتووە کە مرۆ ئازادە لە ڕاوبۆچوونەکانی و هەمیشە سانسۆرم بە کارێکی دزێو داناوە و ناشبێت ئەوەی دەنووسرێت بەدڵی گشت لایەك بن و ئەوەشی من دەینووسم هەمووان بەخێرهاتنی لێبکەن! . ئەگەر وابووایە ئەوا ژیان و نووسین هەر بوونیان نەدەبوو.

---

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت - 20-05-2003.

لە مێژووی ئەو هەڤدەساڵەی نووسینمدا تەنێ وتارێك کەمن نووسیبێتم و ڕەخنە ئامێزبێت لە نووسەرێك یان ڕووناکبیرێکی کورد، وتاری "گرفتی کورد گرفتی ڕووناکبیرانێتی – ئاڵای ئازادی – ژمارە 267 – 30-03-1998 – سلێمانی" بوو کە لە دژی هاوڕێی پاش ئەو نووسینەم کاك نەهرۆ هەینی نووسیبووم، لە دژی ئەو بۆچوونانەی کە خودی کاك نەهرۆ لە دژی هۆزانەوانی نەتەوەیی مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو و خوێندنەوەیەکی "بەلای منەوە" ناڕاست بۆ شەڕی براکوژی نووسیبووی. "*بڕوانە: نەهرۆ هەینی – عەبدوڵڵا پەشێو، ئاو لە ئاشی خائینان و داگیرکەران دەکات – ئاڵای ئازادی – ژمارە 260 – 22-12-1997 – سلێمانی*".

کاك نەهرۆ هەینی ئەوکات لە ڕاگەیاندنی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستاندا کاریدەکرد و ئەوەندە سپۆرتیڤ بوو، هەر کە نووسینەکەی من لە شامەوە و لەڕێی کاك فەتاح خەلیلی نوێنەری زەحمەتکێشان لەلای داگیرکەری سووریاوە گەیشتە دەستیان، خودی خۆی وتارەکەی منی تایپ کرد بەبێ ئەوەی کۆمایەکیشی لێبپەڕێنێت و لە ژمارەی 267دا پەخشیکردبوو.

دیسەمبەری ساڵی 2000 کە چوومەوە بۆ وڵات لە سلێمانی چەند جارێك یەکتریمان بینی و ئەوەی من هەستم کرد ڕێز و خۆشەویستییەك کەوتە نێوانمانەوە. تەنانەت سەردانی ماڵی باوکیشمی کرد و بەڵێن وابوو زۆرتر یەکدی ببینین، بەڵام بەداخەوە لەبەر کورتیی مانەوەی من لە وڵات بۆم نەلوا.





بەڵام ئەوەی لە ئەنجامی نووسینی وتاری "کەرکورك و سیناریۆکانی – ماڵپەڕی کوردستان نێت – 07-05-2003"دا تووشی بووم بەپێچەوانەوە بوو!. هەرچەندە ئەم وتارە گشتییە و ناوی کەسیشم تێیدا نەبردووە و بەرپەرچدانەوەی هیچ نووسەرێکی کوردیش نییە.

نازانم گەشتی ساڵی 1995 بوو یان 2000 کە چوومەوە بۆ وڵات و لە هەولێر بەهۆی کاك "هەژار کامەلا"ی هاوڕێمەوە نووسەری "بشفرێت هەر گۆلکە!!!!! – 15-05-2003 – ماڵپەڕەکانی کوردستان نێت و دەنگەکان"م بینی و ئەوەی لەیادم مابێت کەمێکیش باسوخواسمان گۆڕییەوە. پاشان ئەم بەڕێزەمان بەڕێکرد و تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆ نەمبینیوەتەوە.

ساڵی پار بەهۆی هاتنەدەرەوەی هەمان هاوڕێی هەولێریم، کاك هەژار کامەلا و پێداویستیی هاتنی و کێشەی هاتووچۆی پارەی هاتنەکەی، لەسەر داوای هەژار کامەلا خۆی، چەند جارێك تەلەفوونم بۆ نووسەری بشفرێت هەر گۆلکە!!!!! کرد و ئەویش جارێك یان زۆرتر تەلەفونیکرد. لەو تەلەفونانەدا باسی هاتنەکەی هەژار کامەلا و خەرجیی هاتنەکەیی و زۆریترمانکرد. هەروەها پێشی وتم با سەمینارێکت لەسەر پاڵتۆڵك بۆ بکەم، بەڵام من بەڵێنم نەدا. لەیادمە جارێکیشیان بەشۆخییەوە پێیمگووت: "باشە تۆ ئەو هەموو کاتە بۆ پاڵتۆڵك تەرخاندەکەیت؟!، ئەی ماڵ و منداڵت!".

هەرچۆنێك بێت كاك هەژار گەیشتە نەمسا و ئیتر منیش لەگەڵ ئەو نووسەری بشفرێت هەر گۆلکە!!!!!دا پەیوەندیم نەما و بەهیچ جۆرێکیش نەمزانیوە کە ئەوەی بەخەروار وتار لەسەر سایتە کوردییەکان "نەك ساید" بڵاودەکاتەوە هەمان ئەو نووسەری بشفرێت هەر گۆلکە!!!!!یە کە لە هەولێر بینیوومە. تەنانەت پاش نووسینی وەڵامی "ئەمجارەیان ڕەسەن سەرمان دەخوات – 12-05-2003 – ماڵپەڕەکانی کوردستان نێت و دەنگەکان" لەلایەن ئەوەوە هەر نەمزانی ئەوە!, ئەو ڕۆژە بەرێکەوت لە ئەمستەردام بووم و لەوێ زانیم کە ئەمە ئەوە و دەیناسم و لە هەولێرێ بینیوومە. ئەوەشی ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆینەچووبێتم, ئەوەیە کە لەلایەن ئەوەوە, بەڵکو تەنانەت لەلایەن هەر کوردێکی ترەوە! بەو شێوەیە بەرپەرچی "کەرکوك و سیناریۆکانی" بدرێتەوە. دیارە خەفەتی من تەنها ئەوەیە کە هاوزمانێکم شەڕەگورزی کورد و کوردستانیبوونی کەرکوکم دەگەڵدا بکات و دەستی ڕەشی تورکمانیش لە ژێرەوە خەریکی پتەوکردنی خانەکانی میت بێت لە کەرکوکدا.

پاش خوێندنەوەی وتارەکەی بەو سەرئەنجامە گەیشتم کە ئەمە شەڕی کەرکوك نییە, بەڵکو شەڕی وتاری "سووڕی ژیانی کۆمۆنیستەکانی کوردە لە سروشتدا" یە. بڕوانە: "ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 140 – 15-01-2003 – هەروەها ئەم وتارە لە کوردستان نێتیشدا بڵاوبووەتەوە" و لەوانەیە لەو وتارەدا سووڕێکی خراپی بۆخۆی هەڵبژاردبێت!.





هاوبیرم کاك حەمە ڕەشی هەرەس لە کەنەداوە لەژێر ناوی (ئا, ئا ڕەسەن.. ڕەسەنایەتی, دژی ناڕەسەن) بەکورتی وەڵامی وتارەکەی نووسەری بشفرێت هەر گۆلکە!!!!!ی دایەوە و خۆشم لەژێر ناوی "سیناریۆیەکی دی بۆ کەرکوك!" وەڵامم دایەوە, هەردوو وەڵامەکە لە ماڵپەڕەکانی کوردستان نێت, دەنگەکان و پاسۆك دا بڵاوکرایەوە. چونکە کوردستان نێت ڕازی نابێت بەوەی ئەو نووسینەی بۆلایەکی دی بنێردرێت لەوێدا بڵاوبیبێتەوە, هەربۆیە وەڵامەکەی منیش و کاك هەرەسیش لە کوردستان نێت لابران. بەڵام بەداخەوە نووسینی بشفرێت هەر گۆلکە!!!!! هەر لەسەر سایتی کوردستان نێت مایەوە و تەنها لەسەر بابەتەکانی ئەو ڕۆژە و ئەو مانگە لابران, ئەگینا نووسەری بشفرێت هەر گۆلکە!!!!! خاوەنی لاپەڕەیەکی تایبەتییە لە کوردستان نێتدا و لەوێدا هەر ماوەتەوە.

پاش ئەو وەڵامانە, بە نووسینی بشفرێت هەر گۆلکە!!!!! وەڵامی وەڵامەکانی ئێمەیی دایەوە و هەڕەشەی ئەوەشی لێکردین کە لای ئەم, ئەم گفتوگۆیە کۆتایی نییە و خامەی هزرەکانی بەرەکەتتر دەبێت!.

بەڵام دیار بوو پاشتر بە گفتوگۆکاندا چووبووەوە و لەلایەن چەند مامۆستایەکیشییەوە ئامۆژگاری کرابوو کە بۆ بردنەوەی گفتوگۆکە پەنابەرێتە بەر "لایەنی سێیەم" و تێیدا لایەنە جینسییەکەی "پردی خاسە" تەئویل بکات و بڵێت هاوڕێ باخەوان سووکایەتیی بە کەسایەتیی من کردووە و داوای لێبووردنم لێبکەن و و لەویش نیگەران

بن. "بڕوانە: بۆ هەردوو سایتی کوردستان نێت و دەنگەکان – نووسەری بشفرێت هەر گۆلکە!!!!! – 16-05-2003".

ئەو لایەنی سێیەمەش هەردوو ماڵپەڕی دەنگەکان و کوردستان نێت بوون. بەڵام نازانم بۆچی یەخەی پاسۆکی نەگرتبوو!, خۆ نووسینی "سیناریۆیەکی دی بۆ کەرکوك!", تاوەکو ئێستاش لەسەر سایتی پاسۆك دەدرەوشێتەوە.

دیارە من بەهیچ جۆرێك پەنام نەبردە بەر لایەنی سێیەم لە کاتی بڵاوکردنەوەی وتارەکانی "ئەمجارە ڕەسەن سەرمان دەخوات" و " بشفرێت هەر گۆلکە!!!!!"دا و نامەیەکی لەو بابەتەی ئەوم بۆ "کاك عومەر فارس عەزیز"ی بەرپرسی ماڵپەڕی کوردستان نێت نەنارد و پێی بڵێم کاك عومەر: "بەڕێزتان وەك لە (پەیڤێك)دا بەڕاشکاوی نووسیووتانە ... ئەم ماڵپەڕە بەخەستی لە پێناوی بیری نەتەوەیی کوردا هەوڵ دەدات و .... و نووسەری بشفرێت هەر گۆلکە!!!!! ئەو بیری نەتەوەییە بە ڕاسیست و نەتەوەپەرستی دادەنێت و دەیخاتە یەك تەرازووەوە لەگەڵ گورگە بۆرەکاندا؟!".

کورتەی وتە: بڕیاری دادگای ماڵپەڕی دەنگدان بڕیارێکی نادادپەروەرانە بوو بەوەی تەئویلکردنی "بینینی پردی خاسە" بە سووکایەتیکردنی نووسەری بشفرێت هەر گۆلکە!!!!! دابنێت و خۆیشی لە من نیگەران بکات و ئامۆژگاریشم بکات کە جارێکی تر بەئەدەبەوە بنووسم. "بڕوانە بڕیارەکەی دەنگدان لە ڕۆژی 16-05-2003دا".





لە سلێمانی کابرایەك هەبوو پێت بگووتایە "حاجی بەغای نەدیوە!" تووڕە دەبوو و دۆ و دۆشاوی تێکەڵ دەکرد, ئەم چیرۆکی بینینی پردی خاسەیەش هەر شتێکە لەو بابەتە بەڵام بەپێچەوانەوە. ئەو نەیدیوە و ئەم دیویەتی.

گریمان هاوڕێ باخەوان بینینی پردی خاسەی بە ئەنقەست و بەلایەنە جینسییەکەی بۆ نووسەری بشفرێت هەر گۆلکە!!!!! بەکارهێناوە! و بڕیارەکەی دادگای دەنگدانیش بۆ ڕەدی ئیعتیباری ئەو و تاوانبارکردنی منیش لەجێی خۆیدایە! ئەی دەبێت ماڵپەڕی دەنگدان دەربارەی ئەم خاڵانەی خوارەوە چی بڵێت:

- وتاری "کەرکوك و سیناریۆکانی", وتارێکی گشتییە و بەهیچ جۆرێك ناوی نووسەری بشفرێت هەر گۆلکە!!!!!ی تێدا نەهاتووە, ئەگەر ئەو نووسەرە بیەوێت بەهۆی بەرپەرچدانەوەی ئەو جۆرە نووسینانەوە ناوی خۆی بهێنێتە ناوانەوە, ئەوە شتێکی ترە.
- لە نووسینی "ئەمجارەیان ڕەسەن سەرمان دەخوات", بەم شێوەیە سووکایەتی بە من و بیری نەتەوەیی کوردی و کورد بەگشتی کراوە و ئەو دەستپێکەر بووە:

- کۆلکە خوێندەوار (من کۆلیژی یاسام تەواو کردووە, بێجگە لە خوێندنەکانی ئەورووپام, ئەی دەبێت بڕوانامەکانی ئەو چی بێت).
- ناووردبینی لە سیاسەتدا.
- گاڵتەکردن بە ڕەسەنایەتیی کوردی.
- بەڕای ئەو, من فێڵ لە خوێنەری بەڕێز دەکەم و خۆڵ دەکەمە چاوی, چونکە من دەڵێم کەرکوك کوردستانە.
- من بە تەزویر کورد دەخەمە سەر وڵاتەکەی خۆم!, وەك من "قاچاخچی بم و بازرگانی بە مرۆڤەوە بکەم!".
- ئەوانەی کە بە کەرکوك دەڵێن تورکمانییە, بیروباوەڕیان لە منەوە نزیکە بەڵام لەسەر شێوە تورکمانییەکەی.
- بە وتەی ئەو من تورکمانم لە کەرکوکدا کردووەتە میوان, ئەمە هەڵبەستە.
- مێژوو تێکەڵ بە ئەفسانە دەکەم.
- کوردم کردووەتە نەتەوەی هەڵبژاردە!!. وەك گووتبێتم ئەلەکترۆنزانی و ژوورەکانی پاڵتۆڵك لە داهاتنی پەنجەی ڕەسەنایەتیی کوردییە!.





- تێکدانی ڕاستییەکان و بە وتەی ئەم کوردی سیاسی پێشتر لە کەرکوکدا نەبووە و وەك غەیری کورد لە 20-03-1991دا کەرکوکی ڕزگار کردبێت؟!. خۆ ئەو کات تاکە سەربازێکی ئامریکی لە کوردستاندا نەبوو!.
- بیری نەتەوەیی کوردی هەمان پێناسەی MHPی هەیە و جامانەی بەسەرەوەیە.
- گاڵتەکردن بە زمانی کوردی و بەتەوسەوە دەنووسێت "زمانی خۆشەویستی ڕەسەنی کوردی".
- بەگاڵتەپێکردنەوە بەمن دەڵێت: "**هاوڕێ** گیان دەزانم تۆ هەر شتێ ڕەسەن بێت و کوردی بێت بەهەموو دنیای ناگۆڕیتەوە. هەر بۆیەشە شەرواڵی بەفەقێیانە و مشکی گوڵنگ دار و کڵاشی پەڕۆین و کوڵە باڵی قاوەیی نەبێت لەبەرناکەیت تەنانەت لە ئەورووپاش". ئەمە سووکایەتیکردنە بەو شەڕواڵەی کە من لە هەشتاکاندا بۆ پێشمەرگایەتی لە شاخ لەبەرمکردووە.

• ئەم هەموو سووکایەتییانە کرا بەبێ ئەوەی من چم گووتبێت!.

- لە نازانم ناوی بنێم چیی " بشفرێت هەر گۆلکە!!!!!"دا کەنازانم مەبەستی ئەو پێنج نیشانەی سەرسوومانە چییە؟!, کە لەوانەیە منیش وەك ئەو بۆ هەر پێنج بەشەکەی کوردستان تەئویلی بکەم!. ئەم سووکایەتییانەی تێدا هاتووە.

– بەر لە هەر هەرشتێك سەرباسەکە خۆی سووکایەتییە. کورد دەڵێت بشفرێت هەر بزنە, بۆ بوو بە گۆلك! ئەوەیان نازانم, ئەمە تێکدانی پەندی کوردییە.

– شەلم کوێرم کاك هەرەسی داگرتووەتەوە و لە کاروکردەوەکانیی هێناوەتە خوارەوە و بە کەسێکی نەناسراوی دادەنێت. "دیارە نامەێت لێرەدا پێناسەی هەرەس بکەمەوە و پێشتر, بە وتاری دەنگی زولاڵی شۆڕش, حەمە ڕەشید هەرەس – ماڵپەڕەکانی دەنگدان و پاسۆك – 2003-05-15", وەڵامیم داوەتەوە.

– سووکایەتیی تەواو بەبیری نەتەوەیی و پاسۆك دەکات, بەوەی مەنجەڵێك دۆڵمە بەشیان دەکات. دیارە دەبێت ماڵپەڕی دەنگەکان باش ئەوە بزانێت کە پاسۆك هیچی نەکردبێت, ڕۆژێك لە ڕۆژان سازشی بۆ داگیرکەرانی کوردستان





نەکردووە. دیارە ناشڵێم پاسۆك ئەو پێشڕەوە جەماوەرییەی کورد بووە و هەموو بەشەکانی کوردستانی یەکخستووە و دەوڵەتی کوردیی دامەزراندووە!.

– جورئەتی کردووە لەو نووسینە بێهێزەدا باسی شەهیدێکی مەزنی نەتەوەکەمان بکات, دیارە لێرەدا مەبەستەکانی لێك نادەمەوە, بەڵام دەتوانرێت بەهەزار جۆر تەئویل بکرێت, نەك تەفسیر. هەروەکو تەئویلەکەی خۆی بۆ پردی خاسە. لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم ئەو شەهیدە مەزنە فەرماندەی یەکێك لە گەورەترین و ئازاترین و چالاکترین هێزەکانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بووە کە ژمارەیەکی زۆری هاوبیرانی کاژیکی لەخۆگرتبوو.

– ماڵپەڕە کوردییەکان بوونەتە زبڵدان, دیارە بەوەی خۆشتانەوە!.

– نەتەوەییەکانی کورد ژەهری ڕاسیزم بڵاودەکەنەوە.

– بەپێی بیر و دروشمی کوردایەتی کەسانی وەك د. نوری تاڵەبانی و د. جەبار قادر کورد نین!.

- بەرەی نەتەوەییەکانی کورد خراوەتە تەرازوویەك لەگەڵ تیرۆریستێکی وەك ئوسامەدا.
- کە دەڵێت زۆربەتان ناوێرن چل ساڵی کەش بەسەردانیش بڕۆنەوە, ئەمە لە 100٪ مەبەستی مامۆستای بیریارمان جەمال نەبەزە, ئەگینا هەموو نەتەوەییەکانی کورد لە جارێك زۆرتر سەردانی کوردستانیان کردووەتەوە و تاکە کەسێك کە نەچووبێتەوە وڵات مامۆستا نەبەزە کە نزیکەی 40 ساڵە لە هەندەران دژی.

بەڕێزان دەنگەکان: ناکرێت ئێوە ئەو هەموو سووکایەتییانە بخەنە یەك تەرازووەوە و بەبینینی پردی خاسەی کەرکوك هەموویان بکەنە پووش برنج و بیانبەن بەئاسماندا.

دیارە بەپێی ئەو تەئویل و بڕیارە نادادپەروەرانەی ئێوە بێت دەبێت دادگایەکی ئادابی زۆر گەورە دابنرێت, چونکە نیوەی کورد پردی خاسەی بینیوە بە من و ئەو و ئەویتر و خۆشتانەوە.

هەڵبەت من پاش ئەو هانابردنەی نووسەری بشفرێت هەر گۆلکە!!!!!دا بۆ ئێوە, کەوتمە سۆراخی پردی خاسە لای هاوزمانە کەرکوکییەکانم, (بەپێی قسەی ئەوان: قسەکەی من سووکایەتی دەبوو بەو ئەگەر بمگووتایە هەزار و یەکجار "ژێر" پردەکەی خاسەت بینیبێت). بەڵام دیارە من شتی وام نەگووتووە...





دڵنیابن من داوای نامەیەکی لەو جۆرەی ئەوتان لێناکەم کە بۆ ڕەددی ئیعتیباری نووسەری بشفرێت هەر گۆلکە!!!!!تان نووسیبوو. بەڵکو تەنها بۆ ئەوەیە کە بزانن چەند نادادپەروەر بوون و لە پاشەڕۆژدا گەر تووشی شتێکی تری وابوون, هەوڵی ئەوە بدەن بەتەواوەتی گوێ بۆ هەردوولا ڕابگرن... تاوەکو ڕاستییەکانتان لێ ون نەبێت و بۆ دڵڕاگرتنی کەسێك هەزارانی نەکەن بە قوربانی.

هەر سەرکەوتووبن لە پێناوی گەیاندنی وشەی "ڕەسەن"ی کوردی.

2003-05-18

# پێشگیریی جەنگی ناوخۆ لە کەرکوکدا بڕیاری بوێرانەی دەوێت[1]

لە ڕۆژانی ڕابردوودا چەند پشێوییەکی ترسناك لە شاری کەرکوك لە نێوان کورد و عەرەبدا ڕوویدا. سەرچاوەکان هەریەکەیان بەجۆرێك باسی ئەم ڕووداوانە دەکەن. بەهۆی ئەو پێکدادانەی نێوان کورد و عەرەبەوە نزیکەی 10 کەسێك لە هەردوولا کوژران و دەیانیش برینداربوون.

هەندێك لە سەرچاوەکان باسی دەستپێشکەریی ئەعرابەکانی پرۆسەی بەعەرەباندن دەکەن لە ئافراندنی ئەو پشێوییەی شاری کەرکوك, بەوەی کە کۆمەڵێك لەوان بەوتافکێشان بەگیانی سەرۆکی لێکەوتووی بەعسییەکان بەناو شاری کەرکوکدا گەڕاون و چەند ماڵە کوردێکیشیان داوەتە بەر ڕێژنەی گوللە. لە ئاکامدا کوردەکانیش هاتوونەتە دەست لێیان و بووەتە هۆی کوژانی چەند کەسێك لە هەردوولا و ئەم پشێوییە چەند ڕۆژێکی خایاندووە.

دیارە ئەمە کارێکی ترسناکە لە کەرکوکدا, چوونکە ئەو شارەی کە لەسەر مێژوو و مافی کورد کراوەتە "مۆزەخانەی توخمە خۆرهەڵاتییەکان", بووشەتە بۆمبایەکی فتیلکراو و بەداخەوە ئەگەر

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 22-05-2003.





لایەنە پەیوەستەکان خەمێکی گەورەی لێنەخۆن ئەوا دەتەقێتەوە و پریشکەکەی تورکمانەکانیش دەگرێتەوە.

ڕووداوە مێژووییەکان ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە کە جەنگی ئەهلی چ لە نێوان ڕۆڵەکانی نەتەوەیەك یان چ لە نێوان دوو نەتەوە یان زۆرتری جیاجیا, بەهۆی کارێکی بچووکەوە هاتوونەتە گۆڕێ و وایلێهاتووە کە ئەو شەڕانە گەورە ببن و تەڕوهیشك پێکەوە بسووتێنێت. بۆ نموونە جەنگی "بەسوس"ی ناو عەرەبەکان لەسەر وشترێك بوو و چل دانە ساڵی خایاند, هەربۆیە زۆرجار پێشی دەگووترێت جەنگی چلساڵە و جەنگی ناوخۆی کوردیش لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا هەر لەسەر شتێکی هیچ بوو, ئەگینا وەنەبێت هەردوو لایەنی نەیار خاوەن بیرێکی جوودابێتن. دیارە هێزکارە خراپەکانی ئەو جەنگی کورد و کوردە تاوەکو ئێستا و چەند نەوەیەکی تریش بەدەستییەوە دەناڵێنێت. چونکە ئەوە بەسە بۆ ئەو منداڵە کوردەی کە لە سەدەی بیستودوودا لەدایك دەبێت و بڵێت باپیرەگەورەی من لەشەڕی کورد و کوردا لە دێگەڵە کوژراوە.

خراپترین جەنگی ئەهلی ئەو جەنگەیە کە لە نێوان دوو نەتەوە یان زۆرتردا بێتە گۆڕێ, کە بەهۆی ڕەفتارە دژبە کوردەکانی 50 ساڵی داگیرکەرە یەك بەدوایییەکەکانی باشووری کوردستانەوە بەداخەوە زەمینەیەکی فتیلدراو بۆ جەنگی ئەهلی لە کەرکوکدا هاتووەتە کایەوە. ژمارەی ئەو کوردانەی کە بە گوللەی وێڵی ئەعرابەکانی نێوان بەغدا و

کەرکوك هەر لە 09-04ەوە تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆ کوژراون سەرەتایەکی خراپە بۆ ئەو جەنگە دزێوە.

هەڵبەت چ هێزەکانی ئامریکا و چ خودی یەکێتی و پارتی, هەڵەیەکی مێژوویی گەورەیانکرد لە کاتی ڕزگارکردنی کەرکوکدا تاوەکو ئێستا, بەوەی کە کێشەکانی شاری کەرکوکیان بەهەڵواسراوی هێشتووەتەوە. کە ئەمە گەلێك ترسناکە و ئەو کوردانەشی کە ماڵ و شوێنکارەکانیان لەلایەن ئەعرابەکانەوە داگیرکراون ناتوانن چیدی لەوە زۆرتر ئارام بگرن, چونکە ئەوانە لە سنوورەکانی یەکێتی و پارتیشدا کێشەیەکی گەورەی ژیانیان هەیە.

هێزە کوردییەکان چەندێك گرنگی بە شاری بەغداد دەدەن, پێویستە دوو هێندە و زۆرتر گرنگی بەشاری کەرکوك بدەن. چونکە مانەوەیان لە بەغداد و بەشداریی حوکمی ئێراق و فیدراڵی بۆ کوردستان بەندە بە پاشەڕۆژی شاری کەرکوکەوە. چونکە بەڵگەنەویستە کە کورد بەبێ کەرکوك لە بەغداد بێهێزە. هەربۆیە دەبێت کاری جیددی بۆ گەڕانەوەی پاشماوەی ئاوارە کوردەکانی کەرکوك بکەن و ئەو ئەعرابانەی کە لە شەستەکانەوە بۆ عەرەباندنی ئەو شارە هێنراونەتە کەرکوك لە کەرکوکەوە بگەڕێنرێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان و قەرەبووی تەواوی ئەو کوردانەش بکەنەوە کە دەیان ساڵە سوود لە خانو و شوێنکار و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان بەزۆر وەردەگیرێت.

هەروەها پێویستە سنوورێکیش بۆ ئامانجە تۆرانییەکانی تورکمانەکانی کەرکوك دابنرێت, بەتایبەتی بەناو ڕێکخراوی بەرەی تورکمانی و





دەستێوەردانەکانی تورکیاش بۆ بزواندنی هەستی تۆرانێتیش سنووردار بکرێت و چیدیش کار بۆ دروستکردنی پشێویی نێوان کورد و عەرەب لە کەرکوکدا نەکەن. چونکە بەپێی ڕای هەندێك چاودێرێك ئەوان بەو جەنگەی نێوان کورد و عەرەب زۆر خۆشحاڵ بوون.

پاشان پێویستە شوێنکەوتەی کەرکوك بە هەموو شارۆچکەکانی دەوروبەرییەوە بە تەواوەتی لە کوردستانی فیدراڵدا بچەسپێت و ئەمە خاڵی یەکەم و مەرجی بەشداریکردنی کورد بێت لە حکومەتی ئایندەی ئێراقدا.

خۆزگە پارتە کوردستانییەکان ئەم پشێوییەی ناو شاری کەرکوکیان بەشێوەیەکی تێپەڕ وەرنەدەگرت, چونکە دڵنیام هێشتنەوەی ئەو بارودۆخە بەهەڵواسراوی, ڕووداوی خراپتری لێدەکەوێتەوە.

2003-05-20

# کەری زێڕین؟![1]

2003-06-08

"کەری زێڕین", ئەمە ناوی ئەو خەڵاتەیە کە ساڵانە لە هۆڵندا بەهۆی بەرنامەی بەناوبانگی "Kopspijker – سەرەبزمار"ی کەناڵی VARA – فاڕای هۆڵنداوە دەدرێتە کەسێك.

خەڵاتەکە بریتییە لە پەیکەرێکی بچووکی کەر کە بە ئاوی زێڕ ڕووپۆشکراوە. بەرنامەی سەرەبزمار کاری ئەوەیە کە هەرچی هەڵە و پۆرتێك کە کەسێکی سیاسەتمەدار, نووسەر, هونەرمەند و هتد هەیە بخاتە ڕوو و ئەو هەڵە و پۆرتانە ساڵانە دەخرێنە هەڵبژاردنەوە و جەماوەری بەشداربووی بەرنامەکە بڕیار لەسەر خراپترین قسە یان پۆرت دەدەن و پاشان خەڵاتی کەری زێڕین بەدیاری دەبرێت بۆ خاوەن پۆرت, یان ئەو کەسەی کە قسە خراپە دوور لە ڕاستییەکەی کردووە.

ڕۆژی 2003-06-07 خەڵاتی کەری زێڕین بەزۆرینەی دەنگ درایە گۆرانیبێژ "ئێدی ڤالی", نێوبراو بەوە ناوبانگی خۆیی دەرکردووە کە بەشێوەیەکی زیندوو نەبێت گۆرانی ناڵێت, بەڵام لەڕاستیدا زۆربەی

[1] هەفتەنامەی جەماوەر – ژمارە 34 – لاپەڕە 8 – 16-06-2003–
(تێبینی: هەفتەنامەی جەماوەر ناوی منی لەگەڵ وتارەکەدا بڵاونەکردبووەوە).
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 10-06-2003.





گۆرانییەکانی دۆبلاژە و ئەمە بووە هۆی ئەوەی خەڵاتی کەری زێڕینی پێ ببەخشرێت. چونکە ئەم ناوبانگەی درۆیە و دوورە لە ڕاستییەوە..

بەداخەوە بەرنامەی سەرەبزمار ئاگادارییی تەواوی لە ڕووداوەکانی خۆرهەڵاتی نێوین نییە, دەنا دەبووایە زۆرینەی کەرە زێڕینەکان لەوێ ببەخشرایەتەوە. هەربۆیە بەوە بەرنامەی سەرە بزمار بەگشتی ناهەقیی گەورەی بەرامبەر سیاسەتمەداران و کەسانێکی زۆری خۆرهەڵاتی کردووە و بەتایبەتی بەرامبەر نووسەری عەرەب "عەبدولباری عەتوان". عەبدولباری عەتوان دەبووایە خەڵاتی کەری زێڕینی 2003ی پێببەخشرایە, چونکە لە وەڵامی ئەو نامانەی کە هەر لەم هەفتەیەدا بەهۆی ماڵپەڕی کوردستان نێتەوە[1] سەدان کورد ئاڕاستەی کەناڵە

[1] ئەمە نامەکەی کوردستان نێتە:

**الى السادة القائمين على ادارة القنوات الاعلامية ادناه:**
**فضائية الجزيرة**
**فضائية ابوظبي**
**فضائية العربية**
**جريدة القدس العربي**

بدا لي واضحا في الاونة الاخيرة الدور الذي تضطلعون به كوسيلة رخيصة للدعاية وتزوير الحقائق لصالح الانظمة الدكتاتورية والتنظيمات الارهابية، واتخاذكم مواقف مناوئة لتطلعات الجماهير المنكوبة بنار وطغيان اعتى انواع الدكتاتوريات في العالم وخاصة النظام الدكتاتوري الدموي والطاغية المهزوم صدام حسين الذي اوقع العراق في مصائب وويلات قل مثيلها باشعاله حروب مدمرة اهدرت فيها كل خيرات وواردات العراق ودماء مئات الالاف من شبابه ومارس بحق العراقيين

عربا واكرادا ابشع الجرائم واستخدم اقسى اساليب القمع والارهاب بما فيها الابادة الجماعية في مذابح الانفال الهولوكوستية وقصفه للابرياء من الشعب الكردي بالقنابل الكيمياوية والمذابح الجماعية لسكان الجنوب العراقي حيث المشاهد المرعبة للمقابر الجماعية على طول العراق وعرضها خير دليل على ذلك، بينما كانت سياسات ذلك النظام وبالا على الشعوب العربية حيث كانت سببا رئيسيا في حالة التشتت وعدم الوفاق الذي تتسم بها العلاقات بين الدول العربية.

انني اذ استنكرو بشدة تلك المواقف اللامسؤولة والمحاولات الرامية الى حجب تلك الحقائق المرة او التقليل من شأنها اتسال:

1- ماهي الدوافع الحقيقية وراء مواقفكم هذه ولماذا هذا الموقف اللاانساني تجاه الشعب الكردي الذي تعرض لسياسة التطهير العرقي من النظام الصدامي المقبور ولا يزال يتعرض الى الظلم القومي من الانظمة الاخرى في الدول التي تتقاسم ارضه وخيراته؟ ولماذا هذا الاهمال المتعمد لقضية شعب لم يوّد غير الوفاق والوئام مع الشعوب التي تجاوره.

2- لماذا كل هذا التناسي المتعمد للحقائق الدامغة والتحيز لصالح الافكار العروبوية والطائفية والمذهبية والتستر الواضح على الاساليب الاجرامية للعصابة المقبورة وتكريس وسائلكم الاعلامية لخدمة الة الارهاب القومي والديني التي اعطت اقوى المبررات للتدخل الامريكي البريطاني في المنطقة.

انني في حين الذي اطالبكم بتبني الموضوعية في تناولكم لمجريات الاحداث في خضم التعقيدات التي ترافق القضايا السياسية الراهنة، انوه بان الشعب العراقي عامة والشعب الكردي في كل ارجاء كردستان سوف لا تنسى تلك المواقف المعادية وسوف لن يغفر لهؤلاء الذين يؤازرون السياسات اللاانسانية لاعداء قضيته العادلة.





عەرەبییە شۆڤێنییەکان و ڕۆژنامەی شۆڤێنیی "القدس" کراوە و تێیدا ناڕەزایی لە شێواندنی ڕاستییەکان و پشتگیریکردنی داگیرکەری بەعس و زۆریتری تێدا خراوەتە ڕوو... عەبدولباری عەتوان دەڵێت[1]:

"... سوپاس بۆ خوا دۆزەکەتان لەمەودوا پێویستی بە یارمەتیدان نییە, چونکە ئێوە ئامریکییەکانتان هەیە و چیشتان دەوێت لەوە زۆرتر کە زەویی خەڵکی تر داگیردەکەن و لەماڵەکانی خۆیاندا دەریاندەکەن....".

عەبدولباری عەتوان مەبەستی زەویی خەڵکی تر, ئەو زەوییانەیە کە عەرەبەکان لە هەنگاوی بەعەرەباندنی کوردستاندا لە کوردیان زەوت کردووە و ئێستا کورد لێیاندەستێنێتەوە و بەکارێکی ناڕەوای دەزانێت. ئایا ئەمە یەکەم کەسێك نییە کە لەم ساڵی 2003یەدا دەبووایە خەڵاتی کەری زێڕینی وەربگرتایە؟!.

**تێبینی**:

پاش دوو ڕۆژ بڵاوبوونەوەی ئەم وتارەی من, برای بەڕێزم کاك "ڕێبوار فەتاح" بیرۆکەی ئەم کەری زێڕینەی کردە ئینگلیزی و لەگەڵ کۆمێنتارێکی خۆیدا, لە ماڵپەڕی "کوردیش میدیا" بڵاویکردەوە..

[1] ئەمە وەڵامەکەی عەبدولبارییە:
المستغرب انكم تريدون من الناس و من القنوات الفضائية ان تتبنى اي قضية انتم ل اتحتاجون احد ان يتبنى قضيتكم بعد الان والحمدلله عندكم الامريكان و هل تريدون اكثر من ذلك والان تصادرون اراضي الغير و تطردون الناس من بيوتها و ماذا تريدون اكثر من ذلك و شكرا.

ئەمە نووسینەکەی کاک ڕێبوار فەتاحە بەزمانی ئینگلیزی:

Golden Donkey Award suggested for Abdul Bari Atwan

10/06/2003 KurdishMedia.com

London (KurdishMedia.com) 10 June 2003: Kurdish writer Hawre Baxewan has suggested (Kurdistannet.org 08.6.2003) that this years Dutch Golden Donkey Award should be given to Arab activist and the editor in chief of the London-based Arabic daily Al-Quds Al-Arabi, Abudl Bari Atwan.

The Golden Donkey Award is given to someone whom via the media misleads the public. Last year it was awarded to a well-known Dutch singer Kopspijker, who claimed that he only performed live. However, on many occasions Kopspijker performed with playback and was awarded the prestigious Golden Donkey Award.

Abdul Bari Atwan has said that Kurds are currently occupying "lands of others," referring to deported Kurds from traditional Kurdish lands, who are now returning to their homes. For this statement, Baxewan believes that Atwan deserves the Dutch Golden Donkey Award.

Several Kurdish cities and villages were "arabised" by successive Arab governments in Iraq, which meant the forced expulsion of Kurds from oil-rich Kurdish cities such as Kirkuk and Mosul, in an attempt to change the ethnic character of the cities in question, so that it could be claimed as Arab lands. This process was escalated under Saddam Hussein's rule and many Arab tribes were brought from southern Iraq to occupy abandoned Kurdish lands. With the fall of the regime, thousands of Kurds have since returned to claim their properties.





# هەواڵێك لە خاتوو "تادوهیبا"ی میتانی، "نیڤەرتیتی"[1]



پەیکەرێك و "مۆمیا"ی خاتوو تادوهیبای میتانی

شازادەی میتانی خاتوو "تادوهیبا"، کە زۆرتر بە "نێڤەرتیتی" یان "نێڤەرتاری" ناسراوە، کچی پادشایەکی میتانییە –میتانییەکان ڕەگەزێکی کۆنی کوردستانین–. ئەم شازادەیە بەهۆی ڕێکەوتنێکی ڕامیاریی نێوان میتانییەکان و میسرییە کۆنەکان شوو بە فیرئەونی

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 145 – لاپەڕە 6 – 28–07–2003 – کوردستان – هەولێر.

ماڵپەڕی کوردستان نێت – 14–06–2003. ماڵپەڕی ژننامە – 00–02–2004.

میسر, "ئەخناتۆن" دەکات. تاوەکو بەهۆیەوە ئاژاوەی نێوان میتانییەکان و میسرییە کۆنەکان کۆتایی بێت و چیدی میتانییەکان هێرش نەکەنە سەر میسر, چونکە لە هەزارەی دووی پێش زاییندا میتانییەکان گەورەترین ترس بوون بۆسەر شکۆی دەوڵەتی فیرئەونەکان.

بەهۆی ئەم زەماوەندە مێژووییەوە و چوونی خاتوو تادوهیبا بۆ میسر, گۆڕانکارییەکی مەزن لە میسردا دروست دەبێت. کە گرنگترینیان لەباری ئایینییەوەیە.

ئاشکرایە کە میسرییە کۆنەکان پێش ئەم زەماوەندە باوەڕیان بە تاکپەرستی نەبووە و چەند خوداوەندێکیان هەبووە, بەڵام پاش چوونی خاتوو تادوهیبا بۆ میسر و بەهۆی کەسایەتی و دەستەڵاتی بەهێزی خاتوو تادوهیبا بەسەر مێردەکەیی و خێزانی پادشایەتیدا, توانی ئەم فرەپەرستییە بگۆڕێت بۆ تاکپەرستی میتانییەکان و خوداوەندی خۆر بکاتە تاکە خوداوەند لە میسردا, بەمەش میتانییەکان بوونە یەکەمین داهێنەری تاکپەرستی لە میسر و ناوچەکانی تردا. داهێنانی ئەم تاکپەرستییە لە میسردا, لەلایەن هەمووانەوە بەخێرهاتنی نەکراوە, هەربۆیە ئەخناتۆن و خاتوو تادوهیبا کۆمەڵێك بەرهەڵستکارانیان بۆ دروستبووە, بەڵام پاشتر هەر پرنسیپی تاکپەرستی سەرکەوتوو بووە.

ناوە میسرییەکەی خاتوو تادوهیبا, نێفەرتیتییە و واتای "ئەو جوانەی کە هاتووە" دەگەیەنێت, چونکە خاتوو تادوهیبا یەکێك بووە لە کچە کوردستانییە هەرە شۆخەکانی سەردەمی خۆی و پەیکەر و نووسراوە





میسرییەکان ئەم جوانی و شۆخییەی خاتوو تادوهیبامان بۆ دەگێڕنەوە و لەسەردەمی خۆیدا نموونەی جوانی و جێ لاسایی هەموو ئافرەتانی میسر بووە.

دیارە هێڵکاریی دەموچاو و گەردنە بەرزەکەی خاتوو تادوهیبای کوردستانی, تاوەکو ئێستا لە نێو کوردا هەر ماوە و ئێمە خۆمان بەباشی هەستی پێناکەین. بۆ بەرجەستەبوونی ئەو هێڵکارییەی تادوهیبا لە نێو ئافرەتی ئەمڕۆی کورددا سەرنجتان بەلای ئەم چیرۆکە ڕاستینەیەدا ڕادەکێشم:

"نووسەری بەناوبانگی هۆڵەندی پرۆفیسۆر (خاتوو: مینەکە فان ئێسن) دەبێتە ناسیاوی کچێکی بنەماڵەکەی من. ئەم نووسەرە بەردەوام بەو کچە کوردە دەڵێت تۆ لەیەکێك دەچیت بەڵام بۆم ناچێتەوە سەریەك, ئەو کەسە کێیە..؟. پاش ماوەیەك نووسەرەکە بە کچە کوردەکە دەڵێت, دۆزیمەوە !, هێڵکاریی دەموچاوی تۆ کتومت (نێفەرتیتی)یە".

هەر لەسەرەتای دۆزینەوەی یەکەم بەڵگەی ئارکیۆلۆژی لەسەر خاتوو تادوهیبا, شێوە و هێزکاری ئەم خاتوونە کوردستانییە سەرنجی زۆری مێژوونووسانی ڕاکێشا. بەڕادەیەك دەتوانرێت بگووترێت کە تادوهیبا یەکەمین ئافرەتی کۆنە کە لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کرابێت و گرنگیی زۆری پێدرابێت.

لەم دواییەدا مۆمیایەك دۆزرایەوە و هەندێك لە زانایان پێیانوایە کە مۆمیای خاتوو تادوهیبایە, چونکە لەنێو گۆڕستانی شاهانەی

ئەخناتۆندا دۆزراوەتەوە و شێوە و گەردنی مۆمیایەکەش زۆر بەو پەیکەرانەی خاتوو تادوهیبا دەچن کە پێشتر دۆزراونەتەوە.

(بەڵام لەم ڕۆژانەدا بەپێی هەواڵێکی ئەنجوومەنی باڵای شوێنەواری میسری گومان لەو مۆمیایە کرا و وەك هەواڵەکە دەڵێت دڵنیا نییە کە ئەوە هی خاتوو تادوهیبا بێت, چونکە بەپێی ئەو تۆژینەوە زانستییانەی کە لەسەر ئەو ئافرەتە مۆمیاکراوە کراوە, تەمەنی ئەو ئافرەتە 16 ساڵە و کەچی خاتوو تادوهیبا لە تەمەنی 30 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. بۆ درێژەی ئەم هەواڵە بڕوانە: ماڵپەڕی عەرەبیی CNN.)

2003-06-11





# چەند مەرجێکی سەرکەوتنی ریفراندۆم[1]

بەرەو ریفراندۆم یان گشتپرس, ئەو ڕۆژەڤەی هەنووکەی باشووری کوردستانە کە ماوەی چەند هەفتەیەکە زۆرینەی ڕووناکبیران و دڵسۆزانی ماف چارەی خۆنووسینی کوردی بەخۆوە خەریك کردووە و هەندێکیشیان بەتەواوەتی خۆیانیان بۆ وەدیهێنانی تەرخانکردووە.

لەسەر وەدیهێنانی ئەم ریفراندۆمە چەندین لیژنە ئامادەکراوە و چەندین وتار و لێکۆڵینەوە لەسەر ئنتەرنێت و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە, چەندین کۆڕ بەستراوە و تەنانەت کەناڵی کوردساتی سەربە یەکێتیش بەرنامەیەکی هەفتانەی بەناوی (بەرەو ریفراندۆم) ڕێکخستووە, وەك پشتگیرییەکی ریفراندۆموانان.

بەرلە هەرشتێك دەمەوێت ئەوە بڵێم کە منیش وەك ئەو ریفراندۆموانانەی تر, هەواداری ئەم پرۆسە گرنگەم و هیوام سەرکەوتنییەتی و دەمێکیشە لە نووسینی ترمدا بانگەشەم بۆی کردووە, چونکە ئەم پرۆسەیە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی 1992ی

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 147 – لاپەڕە 2 – 09-09-2003 – کوردستان – هەولێر.

ماڵپەڕی کوردستان نێت – 04-09-2003. ماڵپەڕی کوردستان پۆست – 23-09-2003. ماڵپەڕی پاسۆك 26-09-2003. ماڵپەڕی کوردستان نیوز – 15-09-2003.

باشووری کوردستان گرنگتر نەبێت, ئەوا هیچی کەمتر نییە, هەڵبژاردنەکەی ساڵی 1992 کوردی کردە خاوەن پەڕلەمان و حکومەتێکی هەرێمی, بەڵام لەوانەیە ئەم جارەیان ئەم ریفراندۆمە کورد بکاتە خاوەن پەڕلەمان و حکومەتێکی جیهانی لە باشووری کوردستاندا.

هەڵبەت ریفراندۆم خۆی لەخۆیدا هەڵبژاردنە بەڵام بەشێوەیەکی هاسانتر. چونکە لە هەڵبژاردندا خەڵکی دەنگ بۆ چەند پارتێك و چەند کەسێك دەدەن و پرۆسەکە ئالۆزترە, بەڵام لە ریفراندۆمدا خەڵکی تەنها دەنگ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێك یان دووان دەدەن کە ئەویش لە زۆربەی کاتدا یان (بەڵێ) یان (نەخێر)ە..
بەڵام ئەوەی کە پرۆسەی ریفراندۆم لە هەڵبژاردن ئالۆزتر دەکات سەرئەنجامەکەیەتی, چونکە سەرئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردن ئاشکرایە و دامەزراندنی پەڕلەمان و حکومەتێکی نوێیە, بەڵام سەرئەنجامی ریفراندۆم لەوانەیە زۆر لەوە گەورەتر و چارەنووسسازتر بێت, لەوانە جیابوونەوەی نەتەوەیەك لە چوارچێوەی رامیاریی ولاتێکدا و دانانی مافی چارەنووسی, یان بەشداریکردن لە پرۆتۆکۆڵێکی سەربازی یان ئابووری یان هەر کارێکی دی.
خاڵێکی تری جیاکەرەوەی نێوان ئەم دوو پرۆسەیە ئەوەیە کە هەڵبژاردن (جگە لەوەی باشووری کوردستان و هەندێك لە ولاتانی جیهانی سێیەم) بەشێوەیەکی رێکوپێك و هەرچەند ساڵ جارێك ئەنجام





دەدرێت. بەڵام ریفراندۆم بەو جۆرە نییە و لە مێژوودا نموونەی لەم بابەتەمان کەمە و ولات هەیە لە مێژوویدا ریفراندۆمی بەخۆیەوە نەدیوە. زۆرجاریش گەمەی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی نانەوەی تۆوی دووبەرەکی و جەنگی ناوخۆ, بەڵام ئەمە لە ریفراندۆمدا کەم روودەدات, یان هەر روونادات.

ئەوەی ئەم ریفراندۆمەی باشووری کوردستان لەهەر ریفراندۆمێکی دیکە جیادەکاتەوە, ئەو لایەنەیە کە بیرۆکەی ریفراندۆم بڵاودەکاتەوە و بانگەوازی بۆدەکات, کە لە لایەنی یاساییەوە هیچ فەرمایەتییەکی نییە. چونکە زۆربەی ئەو ریفراندۆمانەی لە مێژوودا روویانداوە یان حکومەتێك یان رێکخراوێکی نێودەوڵەتیی وەك نەتەوە یەکگرتووەکان پێی هەڵستاوە. لەوانە ئەو گشتپرسانەی کە حکومەتی کەنەدا بۆ جیابوونەوەی بەشە فەرەنسییەکەی پیادەی کردووە و وەڵامەکەی تائێستا (نەخێر) بووە و ئەو ریفراندۆمەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جیابوونەوەی تیمۆری خۆرهەڵات پیادەیکرد و وەڵامەکەی (بەڵێ) بوو.
لە ئەنجامی بەدواداچوون و خوێندنەوەی ئەو نووسینانەی کە پەیوەستن بەبیری (ریفراندۆم)ەوە, بۆ سەرکەوتنی ئەو ریفراندۆمە تێبینی و پەییم بەم مەرجانەی خوارەوە کردووە و بردووە, بەو هیوایەی زۆر بەباشی و بەوردی لەلایەن ریفراندۆموانانەوە شەنوکەو بکرێت.

- تەوەری ریفراندۆم پێویستە یان باشتر وایە لەیەك پرسیار زۆرتر نەبێت, چونکە ئامانجی ریفراندۆمەکە بۆ گشت لایەك روونتر دەبێت و هیچ کێشەیەك دروست ناکات. لەم بارەی ئێمەدا پرسیارەکە (جیابوونەوەیە لە ئێڕاق) یان بۆ نموونە (ئایا دەتەوێت لە ئێڕاق جیابیتەوە و باشووری کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ).
- وەڵامی پرسیارەکە دەبێت یان (بەڵێ) یان (نەخێر) بێت. هیچ وەڵامێکی تر لەسەر بەڵێ یان نەخێر دانەنرێت و نەژمێردرێت, لەوانە (نازانم, بیری لێدەکەمەوە, خوا دەیزانێت و هتد).
- پێویستە (نەخێر) واتایەك بێت بۆ دروستکردنی ئێڕاقێکی دیموکراتیی فیدڕاڵ, کە تێیدا کورد لە باشووری کوردستاندا لەسەر بنچینەی فیدڕاڵیی نەتەوەیی بە مافە ڕەواکانی خۆی بگات و ڕێژەی بەشداریکردنی کورد لە ئێڕاقی ئاییندەدا بەپێی ئامارێکی راست و رەوان بێت. نەك وەکو ئەوەی کە ئێستا لە ئەنجوومەنی دەستەڵاتدا هەیە.
- کێ هەڵدەستێت بە ریفراندۆم؟ ئەمە پرسیارێکی گرنگە. چونکە ریفراندۆم بەچەند کەسانێکی بێلایەن و بێدەستەڵات ناکرێت. ریفراندۆموانان پێویستە کارێکی واهی بکەن, جگەلەوەی بیری ریفراندۆم بەناو خەڵکیدا بڵاودەکەنەوە, هەردوو کارگێڕیی هەولێر و سلێمانی بەجێبەجێکردنی ریفراندۆم بسازێنن و بەوانیشەوە نەوەستن یان واش لەوان





بکەن ئامریکا و ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش رابکێشنە ناو بازنەی ریفراندۆمەوە و ببنە چاودێر, چونکە تەنها من و تۆ و ئەو بەس نین بۆ ریفراندۆم, لەوانەیە یەکێتی و پارتیش بەس نەبن!.

- ریفراندۆم لەکوێدا دەکرێت؟ ئایا ریفراندۆم تەنها شارەکانی دهۆك و هەولێر و سلێمانی یان ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی یەکێتی و پارتی دەگرێتەوە؟. یان ناوچە رزگارکراوەکانی دوای جەنگی رزگاریی ئێڕاقیش؟.
- ئایا هەڵوێستی ئەو کوردستانییانەی کە کورد نین بەرامبەر ریفراندۆم چی دەبێت؟. دەبێت چی بکرێت بۆئەوەی ئەوانیش بڵێن (بەڵێ)؟. چونکە جێی داخە هەندێك نووسەری "کوردزمان" هانی ئەو کوردستانییە ناکوردانە دەدەن بۆ ریفراندۆمێك تاوەکو لە چوارچێوەی ئێڕاقدا بمێننەوە.
- کێ بەشداریی ریفراندۆم دەکات؟. واتە کێ بۆی هەیە بڵێ بەڵێ یان نەخێر. لێرەدا مەبەست (ئامار)ە. چونکە تاوەکو ئێستا ئامارێکی راستینە لە گۆڕێدا نییە و کەس بەتەواوەتی نازانێت ئاماری باشووری کوردستان چەندە. دیارە نەبوونی ئامارێکی راست و روون رەوایەتیی سەرئەنجامی ریفراندۆم گوماناوی دەکات.
- خاڵێکی تر کە ئەمەیان زۆرتر سەرئەنجامە, ئەگەر وەڵامی ریفراندۆم (نەخێر) بوو, چی دەبێت و چی بکەین. ئەگەر

(بەڵێ) بوو چی دەبێت و ئایا ئامادەین بۆی؟. دەبێت کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی چۆن پێشوازی ئەم بەڵێیەی ئێمە بکات؟. ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو هەموو دژایەتییەی تورکیا و ئێران و سووریا و وڵاتانی تر دەکەین؟!.

- باشتر وایە تاوەکو بەئەنجامگەیاندنی ریفراندۆم و وەدەستهێنانی (بەڵێ)یەکی زۆر, ئامانجەکانمان تەنها لەچوارچێوەی باشووری کوردستاندا بهێڵینەوە و لە هەنگاوی یەکەمدا لەسەر ئاستی نەتەوەیی هیچ هەنگاوێکی بەرچاو نەنرێت و باشتریش وایە کۆمەڵانی کورد لە بەشەکانی تری کوردستاندا پاڵپشتی ئەم ریفراندۆمە بن.
- مەرجێکی گرنگی تر کە ئەمەیان هەمیشە هۆیەکی کوژەری هەر هەلێکی ئەم 30 ساڵەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی باشووری کوردستان بووە, دیارە ئەویش پەیوەندیی نێوان پارتی و یەکێتییە و پەیوەندیی ئەوانیشە بە ریفراندۆمەوە. پێویستە زۆر لێزانانە ئەو پەیوەندییانە رێکبخرێت, چونکە هەندێك چاودێر باسی پشتگیریی یەکێتی دەکەن بۆ ریفراندۆم و دەڵێن پارتی لێی بێدەنگە..
- بیری ریفراندۆم پێویستە ببێتە کایەیەك بۆ بەرژەوەندیی هاوبەشی نەتەوەیی و کوردستانیمان, واتە هەر کێشەیەکی کەسی و لایەنی و هەرێمی بدرێتە دواوە و گوێ نەدرێتە ئەوەی کێ دەستپێشکەر بووە و لە کوێوە ئەم بیرە سەری هەڵداوە و





کێ بزوێنەرییەتی. پێویستە هەموو لەیەك روانگەوە بڕوانینە ئاسۆی (بەڵێ)ی سەرئەنجامی ریفراندۆم.

بەهیوای روودانی ریفراندۆم...

بەهیوای بەدەستهێنانی (بەڵێ)یەکی زۆر و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی...

02-09-2003

# بیرخستنەوە و پێشنیار[1]

2003-09-17

لەكاتی ڕەوی ئاوارەكانی پاش ڕاپەڕینی بەهاری 1991ی كوردستانی بندەستی ئێراق, سەدان هەزار (ئەگەر كەمم نەگوتبێت) كورد بەناچاری ئاودیوی سنووری فەرمیی ئێراق و ئێران بوون و لەلایەن هاوزمانانی كوردستانی بندەستی ئێرانەوە ئەوپەڕی خێرهاتنیان لێكرا.

دیارە ئەوە چیرۆكێكە هەموومان دەیزانین و ماڵ هەبووە دەیان! كەسی لەخۆگرتووە بۆ ماوەی چەند مانگ و خەرجییەكی زۆریان بۆكرا و بەوپەڕی ڕێزەوە پاش هێوربوونەوەی بارودۆخەكە ڕەوانەی كوردستانی نۆ فلای زۆن كرانەوە.

لێ مەخابن لەپاش ئەو مێژووەوە تاوەكو ئەمساڵ, ئامارێكی زۆر ترسناك لەبەردەستدایە, ئەویش تیرۆركردنی زۆرتر لە 300 هاوزمانی كوردستانی بندەستی ئێرانە لە سنوورەكانی پارتی و یەكێتیدا و زۆربەیان ئەندامانی حدكا و یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان و كۆمەڵە بوون.

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 148 – 2003-10-01 – لاپەڕە 6 – كوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی كوردستان نێت – 2003-09-19. ماڵپەڕی پاسۆك 2003-09-26.





ئەو پێشمەرگانە لە ناوەڕاستی هەشتاكانەوە بەهۆی بارودۆخێكی نالەبارەوە ئەمدیو بوون و بەناچاری خەباتی ئەوان بەگشتی بووە دانیشتنی نێو بارەگاكانیان و هەندێكیشیان ناچاری پەنابەریی وڵاتانی تر بوون و هەندێكیشیان خەریكی كاروباری بژێویی خۆیان و خێزانیانن.

لەنێو ئەو تیرۆركراوانەدا كەسێكی وەكو هاوبیری لەیادنەچووم ڕەوانشاد (سەعیدی یەزدانپەنا) بوو, نێوبراو تاكە هیوای ئەوەبوو ئەو ئەزموونەی كوردستانی بندەستی ئێراق وەسەركەوێت و ببێتە هیوای هاوزمانانی تری.

جێگەی داخە هاوبیر یەزدانپەنا و هەموو ئەو 300 شۆڕشگێڕەی تر بوونە قوربانیی ئەو بێسەروبەرییەی كە دوو زلهێزەكەی كوردستانی بندەستی ئێراق گەورەترین هۆكاری بوون.

ئەوەی لێرەدا شایانی ئاماژەپێكردنە, ئەوەیە, پێش ڕاپەڕینەكەی بەهاری 1991, شۆڕشگێڕانی ئەودیو ئاسایشیان تاڕادەیەك پارێزراو بوو. بەڵام لەكاتی دەستەڵاتی خۆماڵیدا 300یان لێ تیرۆركرا؟!... ئەمە پرسیارێكە تەنها دوو زلهێزەكە و حسك دەبێت وەڵامی بدەنەوە.

ماوەیەكی زۆرە تیرۆركردنی ئەو شۆڕشگێڕانە لەیادكراوە و هیچ كەس و لایەنێك باسیان ناكات. هەربۆیە ئەم بیرخستنەوەیەم بەپێویست زانی.

هەرچەندە تاوانباری یەكەمی ئەو تیرۆرانە داگیركەری ئێرانە بەڵام ئەوەی جێی داخە تاوەكو ئێستا پشكنینێكی وەك پێویست لە بكوژانی ئەو شۆڕشگێڕانە نەكراوە, چونكە نابێت لەماوەی دوازدە ساڵدا 300 كەس تیرۆر بكرێن و تاكە تاوانبارێك دەستگیر نەكرێت؟!. هەربۆیە

پێشنیاری دامەزراندنی لیژنەیەك دەکەم بۆ کۆکردنەوەی ناوی ئەو تیرۆرکراوانە و شوێن و بارودۆخی تیرۆرکردنیان و چ لێکۆڵینەوەیەکی دادوەری بۆ دۆزینەوەی بکوژانیان کراوە؟ و ئایا هەردوو حکومەتی پارتی و یەکێتی تا چ رادەیەك جددی بوون لە دۆزینەوەی بکوژانیان؟...

هەروەها ئەم لیژنەیە کارێکی وابکات لەو شوێنانەی ئەو کەسانەی تێدا تیرۆرکراون سەرلەنوێ بەهۆی پۆلیس و ئاساییشی ئەو ناوچانەوە لێکۆڵینەوە دادوەرییەکانیان نوێبکرێتەوە و هەوڵی دۆزینەوەی بکوژانیان و سزادانیان بدەن... چونکە بەهیچ پێوەرێك نابێت لەماوەی 12 ساڵدا 300 کەس تیرۆر بکرێت و تاکە بکوژێت نەدۆزرێتەوە..





# دەستوور و تەنەکەی خۆڵ![1]

بەبێ هیچ پێشەکییەك, من وەك یاساوانێکی کورد, گەر دەستووری ئایندەی ئێراق ئەم خاڵانە لەخۆنەگرێت, ئەوا ئەو دەستوورە دەخەمە تەنەکەی خۆڵەکەوە !.

ئەو خاڵانەش ئەمانەن:

- لەو دەستوورەدا پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێت کە ئێراق دەوڵەتێکی عەرەبی نییە و باشووری کوردستان بەشێك نییە لە نیشتمانی عەرەب و ئێراقیش نەبێتە ئەندامی جامیعەی عەرەبیی ناوزراو, چونکە وڵاتێك دەبێتە ئەندامی ئەو جامیعەیە کە عەرەبی بێت.
- سنووری کوردستانی فیدراڵ بەناوچە بەعەرەبکراوەکانی وەك کەرکوك و خانەقین و مەندەلی و ژەنگار و بەدرە و جەسسان و ئەوانی ترەوە لە دەستوورەکەدا دیاری بکرێت.
- زمانی کوردی یەکەمین زمانی فەرمیی باشووری کوردستان و دووەمین زمانی فەرمیی ئێراق بێت.
- لەسەر دراوی ئێراقی بەزمانی کوردیش بنووسرێت.

---

[1] ڕۆژنامەی جەماوەر – ژمارە 48 – 29-09-2003 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕی کوردستان نێت – 01-10-2003.

- هەموو نامه فەرمییەکانی ئێراق بەزمانی کوردیش بنووسرێت و لە پەرلەمانی یەکگرتووی ئێراقیشدا زمانی کوردی زمانێکی کارپێکراو بێت, وەك زمانی عەرەبی.
- هەموو ئەو یاسایانەی کە بەپێی ئەم دەستووره دەردەچن, رەچاوی ئەوە بکات کە کوردی بەشەکانی تر, بۆ باشووری کوردستان وەك هەمان عەرەبەکانی میسر و سووریا و ولاتانی تری عەرەبین و هەمان مافی ئەوانیان لە ئێراقدا ببێت, بەتایبەتی لە یاسای رەگەزنامەدا. واته نەك هاولاتیانی عەرەبیی ولاتانی تر, هاولاتیی ژمارە دووی ئێراق بن و کوردی بەشەکانی تریش بە بێگانە؟!...
- لەو دەستوورەدا عەرەب واتەنی "نەسسەن وە روحەن" ئەوە بنووسرێت کە کورد بۆی هەیە رۆژێك لە رۆژان بەهۆی گشت پرسێکەوە لە بەشە عەرەبییەکەی ئێراق جوودا ببێتەوە و دەولەتێکی سەربەخۆی خۆی دابمەزرێنێت.
- ئالای کوردستان بە فەرمی لەو دەستوورەدا بناسرێت.
- لەو دەستوورەدا ئەوە بنووسرێت کە تەواوی ئەو کوردانەی بەهۆی رژێمی بەعسەوە زیانیان لێکەوتووە, بەهەر شێوەیەك بێت بۆیان ببژێردرێتەوە و هەروەها داهاتی ئێراق بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر باشووری کوردستانیش دابەش بکرێت.





ئەو خالانەم کورت و کرمانجی نووسی و گەر وانەبێت دەستووری ئایندەی ئێراق بۆ من هەمان دەستووری بەعسییانە و دەیخەمە تەنەکەی خۆلەکەوە...

2003-09-28

# شتەکە عاممەیە![1]

26-10-2003

جاران لە سلێمانی کارەبا بکوژایەتەوە, دایکم یان باوکم دەیگووت "ئا سەرێك بکێشن بزانن عاممەیە". ئەگەر عاممە بووایە و کارەبای هەموو شار بکوژایەتەوە, ئەوە کێشەیەك نەبوو و زوو دەهاتەوە, بەڵام ئەگەر هەر گەڕەکەکەی ئێمە و دەوروبەر بووایە, لەوانە بوو زۆر بخایەنێت و تا رۆژی دوایی بێ کارەبا بماینایەتەوە. واتە کێشە بوو...

لەپاش جەنگی رزگاریی ئێراق, نهێنیی فایلی هەندێك لە سەرانی کورد هەڵماڵرا. دیارە پێشتر لیستی ئەم فایلانە ئاشکرا نەبوون و هەریەکە و لەلایەن خۆیەوە چەند ناوێکی دەخستە ئەو لیستەیەوە. بەڵام لەم مانگەی دواییدا هەندێك لەو کورد و خۆفرۆشانە فایلەکانیان ئاشکرا بوو, هەندێك لە نامەی کرداریان لە کەناڵەکانی راگەیاندندا بڵاوکرانەوە و بووەتە رۆژەڤی کوردستان.

جێی سەرسووڕمانە کە هەردوو زلهێزەکەی کوردستان بۆ ئەم رۆژەڤە تا رادەیەك هیچ خۆیانیان تێك نەداوە و بەکێشەیەکی ئەوتۆی نازانن, یان وا لەخۆیان دەکەن کە کێشەیەك نییە؟!.

تۆ بڵێی ئەمەش وەك مەسەلەی کارەباکە "عاممە" بێت؟!.

[1] رۆژنامەی میدیا – ژمارە 150 – 01–11–2003 – هەولێر – کوردستان.
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 03–11–2003.





# کاشکی نەتەوەیی بوونایە؟![1]

10-11-2003

ماوەیەکە دەستەی گومانلێکراوی دەستنێژی داگیرکەری بەعسی کە خۆیان ناوناوە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی "ئێراق"!, بەمەبەستی خراپ و سەرلێشێوانی خوێنەران و تێکدانی بیری نەتەوەیی کوردی, لە کاتی نێوهێنانی هەردوو لایەنی (پارتی و یەکێتی), دەستەواژەی "پارتی نەتەوەیی کوردی"یان پێوە دەلکێنن. تەنانەت لە بڵاوکراوە بێگانەکانیشیاندا کە بە زمانی عەرەبی دەردەچێت دەنووسن (الأحزاب القومية!...).

دیارە پێویست بەوە ناکات من ئەوە بە خوێنەر رابگەیەنم کە نە پارتی و نە یەکێتی دوو پارتی نەتەوەیی نین, چونکە پارتی نەتەوەیی لە خراپترین بارەکانیشیدا نابێت خۆی بە چوارچێوەی داگیرکەری ئێراقەوە ببەستێتەوە!.

بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمە تەنها دژایەتیی ئەو دەستەیەیە بەبیری نەتەوەیی و لێیان دەپرسم "گەر یەکێتی و پارتی بەلای ئێوەوە دوو لایەنی نەتەوەیی بن!, ئەی دەبێت کاژیك و پاسۆك کامیان نازی و کامیان لە دەستەی مۆسۆلینی و ستالینی هاوڕێتان بن؟". ئەی ئاخۆ

[1] رۆژنامەی میدیا – ژمارە 152 – 21–12–2003 – هەولێر – کوردستان.
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 02–12–2003.

چی بە مامۆستام (جەمال نەبەز) بڵێن کە لە لێدوانی ئاسایی-یشدا دەڵێت: "بەناوی ئاهورامەزداوە"؟!...

کاشکی وەك ئێوە دەیفەرموون: ئەو دوو لایەنە نەتەوەیی بوونایە! و ئەو کات ئێمە چ باکمان بوو... ئەو کات ئێمە لێدوانە ژەهراوییەکانتانمان بە هەند نەدەگرت... ئەو کات هەر بۆ خۆتان بە شان و باهووی مەنسوور حیکمەتێکی ناکوردی دژ بە کوردتان هەڵبدایە...

ئەو کات بە لیدەر و میدەرەوە هەر لە ورگی خۆتانتان بدایە...





# دوو سێزدەی دوازدە[1]

زۆرجار وتوومە، "مێژوو گیانێکی زیندووە و ئەوی بەجۆرێکی نالەبار ڕەفتاری لەگەڵدا بکات، ئەم خراتر لەگەڵیدا دەجووڵێتەوە". بیرۆکەی نووسینی (ڕۆژی شۆڕش یان ڕۆژی تیرۆر)یشم هەر لەو پرینسیپەوە هاتووە.

هاوینی ساڵی 1986، ئێمەی خوێندکارانی ئەوسای زانکۆکانی عێراق و کوردستانی بندەستی ئێراق، دەبووایە هەرسێ مانگە گەرمەکەی ئەو وەرزە کە پشووی هاوینەمان بوو، بەپێی بڕیارێکی داگیرکەری ئێراقی، ڕاهێنانی سەربازیمان بکردایە. ئەو ڕاهێنانە بۆ ئەو جەنگە بوو کە ناونرابوو "قادسیەی سەددام".

دیاربوو زۆربەی هەرە زۆری ئەو خوێندکارانەی بەشداریی ئەو ڕاهێنانەیان نەکرد، خوێندکارە کوردەکان بوون. هەربۆیە داگیرکەری ئێراقی لە ڕێی وەزیری خوێندنی "باڵا"وە کە ناوی "ئەلشێخلی" بوو و دەرچووی "پۆلی شەشی سەرەتایی" بوو!، بڕیاری دەرکردنی ئەو هەزاران خوێندکارانەی لە زانکۆ دەرکرد. ناوی من لە لیستەی دەرکراوەکاندا (1361)ەم بوو.

[1] ڕۆژنامەی میدیا - ژمارە 152 - 21-12-2003 - هەولێر - کوردستان.

ئەو بڕیارە لە ڕۆژی 13-12-1986دا دەرچوو و ئێمەیان لە زانکۆ بۆماوەی دوو ساڵ کردە دەرەوە و ڕۆژی 14-12 بەرەو ماڵە باوانمان بووینەوە.

هەڵبەت ئەوەی بەسەر ئەو خوێندکارانەدا هات تەنها مشتێکیش نییە لە خەرواری ئەنفال و کیمیاباران و عەرەباندن و ژینۆساید و زۆری تر بۆ کورد. بەڵام ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی, لە هەمان 13-12دا ئەو سەددام حسێنەی پێیان دەگووت "پاڵەوانی ڕزگاریی نەتەوەیی عەرەب"! بەهەوڵی نەتەوەی ئەنفالکراو لە گۆڕیچە هەشت مانگییەکەی هێنرایە دەرەوە و لە 14-12دا بەو شێوە ناشرین و بێدەستەڵاتییەوە لەلایەن هەموو کورد و مرۆڤایەتییەوە بینرا... پیرۆزباییتان لێدەکەم...

کێ دەڵێت هەمان سەددام بە کۆت و بەندەوە لە هەڵەبجە نابینین بۆ دادگاییکردن. هیوادارم ئەو پیرۆزباییەشمان مابێت.

2003-12-18





# ڕاپرسییەکی عەرەبییانە و چەند سەرنجێک[1]




ڕۆژی 07-01-2004, لەسەر ماڵپەڕی ئەلجەزیرەی عەرەبی, ڕاپرسییەک لەسەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بەزمانی عەرەبی دانرا.

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 09-01-2004.

ئەم راپرسییە لەخۆوە نییە و ئەوانەی لە پشتییەوەن تاسەر ئێسك و پروسکیان دژی دامەرزاندنی دەوڵەتی کوردین[1].

دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە ئەو عەرەبانە لێی دەترسن تێپەڕاندنی هێڵی سووری ئەوانە, هەر بۆیە سەرباسی راپرسییەکەش بەسوور نووسراوە.

بۆ ئەوەی باشتر لەوە بگەین کە ئەم دەوڵەتە تێپەڕاندنی هێڵی سووری ئەوانە, لە هەموو جیهاندا چرا یان کارتی "سەوز" نیشانەی "بەڵێ"یە, کەچی لەم راپرسییەدا رەنگی سوور خراوەتە پاڵ دەنگی "بەڵێ"وە و ئەگەر بە "نەخێر" وەڵام بدەیتەوە ئەوە سەوزە.

واتە کورت و کرمانجی لەگەڵ دەوڵەتی کوردیدایت, هێڵی سووری عەرەبیت تێپەڕاندووە. گەر لەگەڵیدا نیت, ئەوا لەمدیو هێڵی ئێمەوەیت.

هەرچۆنێك بێت دەیان هەزاران کەس دەنگی داوەتە ئەو راپرسییە و زۆربەشیان عەرەبن, چونکە رێژەی هێڵە سەوزەکە لەسەروو نیوەوەیە. هەڵبەت من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئەو کەسانەی دەنگی "نەخێر"یان داوەتە ئەو راپرسییە شۆڤێنی بن. نەخێر بەڵکو ئەوە سروشتی دراوسێ عەرەبەکانمانە بەگشتی, ئیتر ئایا شۆڤێنی بێت, موسوڵمان, فەلە, کۆمۆنیست, تیرۆریست, پێشکەوتنخواز و هەرچییەك بێت ئەو "بەڵێ"یە تێپەڕاندنی هێڵی سووری ئەوانە بەگشتی. هەربۆیە پێویستە "بەهەر شێوەیەك بێت" ئەو هێڵە سوورە تێپەڕێنین و ئەوانەی بەشێکی

[1] ئەم راپرسییە تا رۆژی 2004-01-10 دەخایەنێت.





نیشتمانی ئێمە بە هی خۆیان و عەرەب دەزانن, رۆژێك لە رۆژان بە ڤیزا بێنە نێوییەوە و لەو شوێنانەشی کە جێ ئەنفال و کیمیاویی ئەمانی پێوە دیارە, لێی بنووسرێت: "تۆ بۆت نییە بێیتە ئەم ناوچەیەوە, چونکە تۆ, بیری تۆ و هاوزمانی تۆ, رۆژێك لە رۆژان ئێرەی ئەنفال کردووە".

2004-01-08

# لە "ریفراندۆم" گرنگتر[1]

چەند مانگێکە بزووتنەوەی ریفراندۆم لە کوردستان و دەرەوەیدا سەری هەڵداوە و لە هەندێك رووەوە پێشکەوتنی بەرچاویشی بەخۆوە دیوە. لە گەرمەی سەرەتای ئەو بزووتنەوەیەدا, رام وابوو کە دەستنیشانکردنی سنووری نەتەوەیی کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێراقی یەکێکە لە مەرجە گرنگەکانی ریفراندۆم. چونکە دەبێت ئەوە بەتەواوی دیاری بکرێت کە ئایا ریفراندۆم بۆ کێ و لە کوێ دەکرێت.

هەڵبەت رای ئیستەم پەشیمان بوونەوە نییە لەو رایەی ئەو کاتم, بەڵکو ئێستا بارودۆخێکی وا خراپ هاتووەتە پێشەوە کە لەم هەنگامەی ئێستادا پرۆسەی ریفراندۆم بە شێوەیەکی کاتی بە گرنگ نەزانم!. چونکە ئێستا لە هەموو کات زۆرتر دیاریکردنی سنووری نەتەوەییمان بەشێوەیەکی "فەرمی" لە مەترسیدایە و کوردستانی بندەستی ئێراق لەلایەن ئەنجوومەنی حوکم و هەردوو پارتی و یەکێتییەوە بووەتە هەمان ئەو "ناوچە ئۆتۆنۆمی"یەی کە لە ساڵی 1970دا لەلایەن داگیرکەری ئێراقی و شۆڕشی ئەوکاتی کوردا دیاریکرابوو. بەڵکو

[1] رۆژنامەی میدیا – ژمارە 154 – 28-01-2004 – هەولێر – کوردستان. ماڵپەڕی کوردستان نێت 12-01-2004. ماڵپەڕی پاسۆك – 16-01-2004. ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە.





سنووری ئەو کات کەمێکیش فراوانتر بوو, چونکە مەخموور و هەندێك ناوچەی تر لە سەرەتای هەفتاکاندا لە رووی کارگێڕییەوە هێشتا سەربە بەو ناوچەیە بوو کە پێی دەگووترا "ناوچەی ئۆتۆنۆمی".

ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی 34 ساڵ بەسەر رێککەوتننامەی مارسی 1970دا, پاش ئەوەی داگیرکەری عەرەبیی ئێراقی زۆرتر لە چارەکە ملیۆنێك کەسی لێ کووشتین, گوند و شارۆچکەی کوردستانی بەپێوە نەهێشت. هێشتا ئەوەی لە پاداشتی ئەو هەموو نەهامەتی و ماڵوێرانییەدا وەرمانگرتووە, گەر بەشێوەیەکی رێژەیی لێی بکۆڵرێتەوە, زۆر کەمترە لەوەی لە ساڵی 1970دا وەرمانگرتووە. چونکە چەسپاندنی سنووری نەتەوەییمان کەوتووەتە بەر مەترسییەکی تەواوەتییەوە.

بزووتنەوەی ریفراندۆم, ماوەی چەند مانگێکە هەوڵی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی ریفراندۆمانە و دیموکراسییانە لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا دەدات. ئەمە کارێکی زۆر گرنگە بەڵام لەو گرنگتر لەم هەنگامەدا "چەسپاندنی سنووری نەتەوەیی"مان لە ریفراندۆم و هەموو کارێکی تر گرنگترە, چونکە پرۆسەی ریفراندۆم بەبێ دیاریکردن و چەسپاندنی سنووری نەتەوەییمان پرۆسەیەکی هەر لە ئێستاوە سەرنەکەوتووە. دیارە پێویست بەڕوونکردنەوەی ئەو ترسە ناکات, چونکە هەردوو پارتی و یەکێتی لەم مانگانە و لەم رۆژانەدا ئیمزایان

لەسەر کۆمەڵێك کاری چارەنووسسازی ناتەواو کردووە و ئەو عەرەبەی کە بەخزمەت و پاڵپشتی پارتی و یەکێتی چوونە بەغدا و بوونە دەمڕاستی ئەنجوومەنی حوکم, هەر ئەوانن کە پاش ماوەیەکی دی دەبنەوە دوژمنی راستەقینەمان. چونکە ئەوان هەر لە سەرەتاوە دوژمنی راستەقینەمان بوون.

هاوزمانانم, هاوکارانی بزووتنەوەی ریفراندۆم:

چەسپاندنی سنووری نەتەوەیی باشوورمان کە بەستراوە بە دراوسێ عەرەبەکانمانەوە, کەوتووەتە بەر مەترسییەکی راستەقینە و دیسانەوە ئەم کێشەیەمان هەڵگرتەوە بۆ ئەو کاتەی کە دەوڵەتی ئێراق بەهێز دەبێتەوە و دیسانەوە مێژووی ساڵانی هەفتاکان بە دەستی خۆمان و نەزانیی خۆمان دووبارە دەکەینەوە. لەبەرئەوە پێویستە هەموو هەوڵەکان بۆ چەسپاندنی سنووری نەتەوەییمان تەرخان بکرێت. چونکە بەبێ دیاریکردنی ئەو سنوورە نە مافمان مافە, نە فیدراڵی فیدراڵییە و نە ریفراندۆمیش ریفراندۆمە و نە هیچمان هیچە....

پرۆسەی ریفراندۆم و بەدەستهێنانی بەڵێ بۆ جیابوونەوە, هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە. چونکە جگە لەو لایەنانەی کە دەستنێژ و پاشەرۆکی بەعسن لە کوردستاندا و لە هەندێك رێکخراوی وەك بەناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراق و چەند کەس و لایەنێکی تردا خۆیان دەبیننەوە و ئەوانیش خۆشبەختانە بەژمارە کەمن, ئەوا





زۆرینەی خەڵکی کورد خۆشبەختانە و کوردستانبەختانە دەڵێت "بەڵێ بۆ جیابوونەوە"...

لەبەرئەوە تکایە پێش هەموو شتێك چەسپاندنی سنووری نەتەوەییمان, لە ژەنگارەوە بۆ جەسسان.

2004-01-11

# ڕووداوەکانی ساڵی 2003 لە (هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد)دا

کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکانی ساڵی 2003یە و لە هاوڕێنامە وەرگیراوە و لە 32 لاپەڕەی ئەی 4دا لە ڕۆژی 2004-01-12 لە ماڵپەڕی کوردستانێت بڵاوکراوەتەوە.

بڕوانە هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد.





# خۆخواردنەوە[1]

زۆرجار بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی ڕێککەوتنی نێوان پارتی و ئامریکا یان یەکێتی و ئامریکا یان هەردوو یەکێتی و پارتی لەگەڵ ئامریکا وەك ڕێککەوتنی نێوانی من و ئامریکا وابێت؟!. چونکە لەنێوان و من ئامریکادا بەخەوی شەویش هیچ ڕێککەوتنێك نەبووە و نابێت.

زۆرجار بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی ئەم ڕابەرانەی ئێمە زۆر زیرەك و دووربین بن و هەندێك کاروکردەوەیان کە ئێمە پەست و دین دەکەن، وانەبێت و ئەوان هەموو سەرێکی ئەو کاروکردەوانەیان بە هەزار شێوە لێك و پێك دابێتەوە.

زۆرجار بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی لەکاتێکدا ڕابەرێکی ئێمە وەك شەوی بەرات بەسەدان پارچە زەوی بەسەر تورکماندا دابەشدەکات، کارێکی زیرەك و دووربینانە بێت و بیەوێت بەهۆیەوە چەند هەزار تورکمانێك بکاتە کورد.

زۆرجار بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی سەرانی کورد بێ ئەوەی لێیان بپرسن "ئایا ئێوە کوردستانی ئازادتان دەوێت و لە ئێراق جیادەبنەوە، یەکسەر دەڵێت ئێمە عێراقین و هەر بە عێراقی دەمێنینەوە"، حیکمەتێکی تێدا بێت و من کابرایەکی چ نەزان بم و لێی تێنەگەم.

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2004-01-18. ماڵپەڕی پاسۆك. ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە.

زۆرجار بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی سەرانی کورد بەر لە هەموو کەسێك بەپەرۆشتر بن بۆ برایەتیی پتەوی کۆمەڵانی خەڵکی کەرکوك و بەگاڵتە نەڵێن کەرکوك شارێکی کوردی نیە. تۆ بڵێی ئەمە باشترین سیاسەت بێت بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان و کەرکوکیش بێتەوە نێو سنووری کوردستان.

زۆرجار بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی هەر بەڕاستی کەرکوك شارێکی تورکمانی بێت و رابەرانیش کە دەڵێن کوردی نیە و بەڵکو شاری برایەتییە, بۆ ئەوە بێت کە لە هیچی نەبوو پشکێکی کورد بخەنە ئەو شارە نەوتاوییەوە.

زۆرجار بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی رابەرانی کورد بەقەدەر تورکمانێکی کۆنە بەعسیی "تازە هاوکاریانیان" تێدا نەبێت و بڵێت کەرکوك شارێکی تورکمانییە و ژمارەی تورکمان زۆرترە لە سێ ملیۆن و پێویستە داوای تورکمانستان بکەین.

زۆرجار بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی بانگەشە نەکردنی دەوڵەتی کوردی لە دە ساڵی رابردوودا لەلایەن ئەو رابەرانەوە کارێکی چاك بووە یان تەنها لەبەر ئەوە بووە کە ئەو سامان و دەستەڵاتەی کە پێی گەیشتوون و بەهۆی کەرێتیی هێرشی سەددام بۆسەر کووەیت دەستیان کەوتووە لەدەست نەچێت و بۆ پاراستنی دەستیان گرتووە بەکڵاویانەوە.

زۆرجار بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی کە رابەرانی کورد کە خەڵکی رەشوڕووتی کورد بەخەویش کۆشکەکانیان لە هاوینەهەوارەکانیان نابینێت, هەر لەخۆیانەوە پێشوازیی سەرۆك عەشیرەتە کۆنەبەعسییە





عەرەبەکان نەکەن و دەبێت حیکمەتێکی تێدابێت. ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی کە ناوەکانیان لە خۆیان پیسترن. تۆ بڵێی کلیلی فیدڕاڵی یان ئاڵای کورد لای ئەم سەرۆك عەشیرەتانە بێت.

زۆرجار بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی کە رابەرانی کورد لەدوای عەبا و عەمامەکەی عەبدولعەزیز حەکیمەوە دەڕۆن و لەخۆشیان هەموو گیانیان دەتریکێتەوە, بەگاڵتە نەبێت و عەبدولعەزیز هەموو مافەکانی کوردی سەلماندبێت و بوونی دەنگی ئەو دەنگی هەموو شیعەکانی عێراق بێت.

زۆرجار بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی کە رابەرانی کورد ئەو ئازادییە گەورەیەی پێش رووخانی سەددام دەگۆڕنەوە بە فیدڕاڵییەك کە کەس نازانێت چ جۆرێکە لەو پەڕی دووربینی و ژیرییانەوە بێت.

زۆرجار بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی سازانی رابەرانی کورد بەو دراوە نوێیە ئێراقییەی کە بە کوردی لێی نەنووسراوە لە هۆنراوەکەی شێخ رەزاوە هاتبێت کە دەڵێت عەرەب ئێوە فازیلن. تۆ بڵێی رابەرانمان عەرەب تەنها بە دراوسێمان نەزانن و هەر بەڕاستی براگەورە و فازیلتر بن لە ئێمە.

زۆرجار بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی یارمەتیدانی خەڵکی لێقەوماوی بوومەلەرزەکەی ئێران لەوانەی کەرکوك لەپێشتر بن. تۆ بڵێی کۆماری ئیسلامی لەژێرەوە و بەناوبژیی رابەرانی باشوور خەریکی کوردستانی فیدڕاڵ بن لە خۆرهەڵاتی وڵاتەکەمدا.

زۆرجار هیوای رووخانی بەغدا و رسوابوونی سەددامم دەخواست. تۆ بڵێی بەم رووخان و رسوابوونە و بەهۆی لێزانیی رابەرانمانەوە ببینە

دەوڵەت. یان ئەوەی وەریدەگرین نیوەی ئەوەش نەبێت کە لەدوای ڕاپەڕینەوە هەمانبووە و رووخان و رسوابوونی بەغدا و سەددام ئەو هیوا گەورەیەمان بێت کە کارەساتێکی گەورەی لیٚ بکەوێتەوە.

زۆرجار بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی بێدەنگی رابەرانمان لەو ئافرەتانەی کە بە میسر فرۆشران، حیکمەتێکی تێدەبێت و ترسیان لە میسر و وڵاتانی عەرەب، ئەو ترسە بێت کە هەندێك جار پێی دەڵێن ئازایەتی؟!.

زۆرجار بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی ئەو هەموو خزمەت و یارمەتییەی کە رابەرانی ئێمە پێشکەشی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقیی کرد و تەنانەت حیمایە شەخسییەکانیشیان کورد بوون، لە دووربینیی رابەرانەوە بووە و پێش ئەوەی بگەڕێنەوە بەغدا بەڵێنی هەموو شتێکیان لێوەرگیراوە و ئەوانەشی ئێمە ئەمڕۆ لەوانییەوە دەبیستین تەنیا بۆ دەمکوتکردنی وڵاتە عەرەبییەکانە و دەنا کارمان تەواوە..

زۆرجار زۆر شت بەخۆم دەڵێم، زۆر پرسیارم هەیە، زۆر خۆم دەخۆمەوە... دیارە باشیش دەزانم کە تۆش وەکو منیت.. هەر بۆیە زۆرجاریش بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی بەم هەموو زۆر بڵێیی و خۆخواردنەوەیەم شێت ببم...

2004-01-15





# زمانی وێنە (بەشی 1ەم – سنوور)[1]



**فڕۆکەخانەی هەولێر – ژەنیوەریی 2004**[2]

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 24-01-2004. ماڵپەڕی پاسۆک 26-01-2004. ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە 26-01-2004. هەمان ئەم وتارە لەلایەن برای بەڕێزم کاك عەبدوڵڵا قڕگەییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە ڕۆژنامەی میدیای عەرەبیدا بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە: ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 155 – 08-02-2004 – هەولێر.

[2] ئەم وێنەیە لە مانگی ژەنیوەریی 2004دا لەلایەن کاك (سەرۆك)ەوە گیراوە، کەخۆی کارمەندێکی فڕۆکەخانەی هەولێرە.

که باسی بەشەکانی کوردستان دێتە پێشەوە، شانازی بەخۆمەوە دەکەم کە هەموو بەشەکانیم دیوە. لێ یەکسەر بیرم دەکەوێتەوە کە بە بینینی هەموو بەشەکانی کوردستان و ئەمدیو و ئاودیوی سنوور چ بەزمێك و چ سووکایەتییەکم پێکراوە.

هەر یەکێك لە ئێمە خاوەنی چیرۆکێکی زۆر ناخۆشە لە کاتی تێپەڕبوونی "مام هێمن واتەنی ئەو بستوولکەیەی دوژمن ناوی ناوە سنووور"دا.

ساڵی 1991 چەند جارێك چوومە کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێران، هەر جارێك لەو جارانە گرێیەکی ناخۆشی لە دڵمدا درووستکرد. لە یەکێك لەو گەشتانەمدا چەند پەڕتووکی کوردی و فارسی و هەندێك نەخشەی شارەکانی کوردستانم کڕی. لەکاتی گەڕانەوەمدا لە سنووری خانە و هاجی هۆمەرانەوە، پاسدارێکی مندالکاری بێڕەوشت ئەوەی لەدەستی هات پێیکردم. بەبیانووی ئەوەی کە من پیاوی موخابەراتی داگیرکەری عێراقیم!، ئەگینا من نەخشەی شارە کوردیەکانی کوردستانی بندەستی ئێرانم بۆ چییە؟!. کە هاتمەوە ئەمدیو بڕیارمدا جارێکی دی توخنی هیچ شوێنێك نەکەوم پاسداری لێبێت.

بەڵام بۆ جارێکی تر لە سنووری مەریوانەوە بەڵێنەکەمم نەبردە سەر و بەرەو مەریوان و سنە ئاو دیو بوومەوە، بەڵام ئەمجارەیان سەد خۆزگە بە جارانی پێشوو. ئەمجارە گرتنیشی تێکەوت.





ساڵی 1992 کە گەورەترین هەڵەی ژیانم کرد و بەرەو تاراوگە کەوتمە ڕێ، لە زاخۆوە چوومە قامیشلی بۆ کوردستانی بندەستی داگیرکەری سووریا و پاشان شامی نا شەریف. دیارە لەوێش هەزار بەزمم بەسەرهات. لەوێ ئەوەندە بێزار بووم، ناچار جارێکی تر گەڕامەوە قامیشلی تاوەکو بگەڕێمەوە زاخۆ. بەڵام بەهیچ شێوەیەك داگیرکەری عەرەبی سووری ڕێیان پێنەدام ئەمدیو ببمەوە، بەبیانووی ئەوەی مۆڵەتی ئاودیو بوونەکەم ناتەواو بووە. ناچار بەرەو لوبنان سەری خۆمم هەڵگرت و پاش ماوەیەك لە هۆڵندا گیرسامەوە.

لە ساڵی 1992 بەدواوە سێ جار بە خاکی تورکدا چوومەتەوە کوردستان، بەڵام ئەو گەشتانە هەموویان بەبینی تورك و ڕەفتاری تورك و تورکمان لە سلۆپی، بە تەواوەتی بوونەتە مۆتەکەی ژیانم، لە گەشتی دواییمدا بەجۆرێك تورك و تورکمان سووکایەتییان پێکردین کە بووە بابەتێکی بەرچاوی سێ ژمارەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە کوردستان.

هەڵبەت ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر مندا هاتوون بەهۆی ئاودیو و ئەمدیوەوە هەر هیچ نین لە چاو ئەوەی کە بەسەر کاروانچییەکاندا هاتووە، زۆر لەوانە بەداخەوە تەنانەت ژیانیشیان لەدەست داوە..

هەر بۆیە ئەمجارەیان بڕیارمداوە نابێت بە خاکی تورك و فارس و عەرەبدا بچمەوە کوردستان. مەگەر خوانەکردە بەهۆی ڕووداوێکەوە خاکی نەتەوە سەردەستەکانم ببینمەوە.

فرۆکەخانەی هەولێر گیان: لەبەرت مرم و لێرەوە پێت دەڵێم جانم فیدای سروەکەت و زوو تەواوبە و لەباوەشمان بگرە. با چیدی لەوە زۆرتر لەلایەن تورك و فارس و عەرەبەوە سووکایەتیمان پێنەکرێت.

2004-01-22





## زمانی وێنە (بەشی 2ەم – عەرەبێکی بوێر)[1]



من عەرەبێکی چاوڕەشی برای ئەکرادی چارەڕەشم. چیم ناودەنێیت بنێ. خۆم ناوم قەحتانە و باپیرەگەورەشم عەدنان. رەچەڵەکی من دەگەڕێتەوە بۆ شاری مەککەی موکەڕڕەمە, کە لەم کاتەدا هەزاران حاجیی کوردی تێداڕژاوە بۆ بەجێهێنانی یەك لە پێنج فەرمانەکەی ئەڵڵا

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 26-01-2004. ماڵپەڕی پاسۆك. ماڵپەڕی کڵاوڕۆژنە.

و یەکی بەلایەنی کەمەوە هەزار دۆلار داهاتیان بۆ عەرەبستانی سعودی بردووە.

نزیکەی هەزار و چوار سەد ساڵ پێش ئێستا باپیرە گەورەم بە فەرمانی عومەری کوڕی خەتاب هێرشی کردە سەر کوردستان و تەڕ و وشکی ئەو وڵاتەی پێکەوە سووتاند و کوردی کردە موسوڵمان. ئەوەی بەکەڵك هات لەگەڵ خۆیاندا هێنایانەوە بۆ مەککە. وەك ریوایەتکراوە باپیرەم زۆر حەزی لە کچی جوان بووە, هەربۆیە لەگەڵ خۆیدا چەند کچێکی کوردی وەك کەنیزەك هێناوەتەوە مەدینە. من هەر بەو رووداوەدا دەزانم کە ئەکراد نەزانن, ئەگینا ئەنفالی یەك 1400 ساڵ پێش ئێستا دەستی پێکردووە نەك لە ساڵی 1988دا. ئەمە قسەی من نییە, قسەی کاکات[1] و سەیداواتە, ئەوان خۆیان دەڵێن ساڵی 1988 ئەنفالی یەکەم دەستی پێکرد.

ساڵ هات و ساڵ رۆیی, ئەو سامانە زۆرەی کە باپیرە گەورەم لە ئەنفالی یەکەمدا وەدەستی هێنابوو, لە بنهات و بەهۆی هەژارییەوە بنەماڵەکەمان دوورگەی عەرەبییان بەجێهێشت و روویانکردە باشووری ئێراق. لەوێ چەند سەدەیەك مەمرە و مەژی ژیانمان بردە سەر تا ساڵی 1968.

1 کاکات, کۆی کاکەی کوردییە بە عەرەبی و سەیداواتیش کۆی سەیدای کوردییە بە عەرەبی.



وشە پەڕتەوازەکان (بەرگی یەکەم) هاوڕێ باخەوان

لەم ساڵەدا وەکو گوڵ گەشاینەوە و حیزبی بەعس لەو ناوچە وشك و بیابانەوە هێناینییە شاری کەرکوك و 10 هەزار دیناریشیان داینێ و لە شوێنی ئەکراد نیشتەجێیان کردین. هەر بۆیە ناوی جەماعەتی عەشرەتئالافمان[1] بەسەردا دابڕدرا.

لە ماوەی ئەو سی ساڵەدا بوومە ئاسایشی بەعس, خانوویەکی خۆشم کرد. منداڵم گەورە بوون و لە باشترین کۆلیژ وەرگیران. خۆشم ناوە ناوە بەهۆی بەگرتنی موخەڕڕیبین و عوساتەوە[2] ئیکرامیی سەیدولڕەئیسم وەردەگرت – کوێراییم دابهاتایە و بەو شێوەیە نەمدیبایە. ئەگەر هەر بمزانیبایە بارودۆخی داراییمان ئەو باشە نییە, دەچوومە بازاڕ و پشتملی حەککاکەیەکم[3] دەگرت و دەمگووت ئەمە عوساتە و پارەیەکی مفتم پێی وەردەگرت.

ساڵی 1988 کە ئەنفالی "دووەم" دەستی پێکرد نەخشم هێنا, کۆمەڵێك رانە مەڕی گەرمیانم تاڵانفرۆش کرد, دە تراکتۆی ئەکرادم فرۆشتەوە و هەندێك وردەواڵەی تر... یاڕەببی تۆبە باشبوو بیرم کەوتەوە, چەند کچێکی جوانی هەرزەکاریشم فرۆشتەوە بە چەند

1 دە هەزار.

2 واتە تێکدەر و یاخی. دوو ناوی عەرەبین بۆ پێشمەرگە.

3 حکاکە واتە بنکڕی برنج, عەرەب وەك گاڵتە کردن بە وشەی کاکەی کوردی بەکوردی دەڵێت.

مەلهایەکی شارع ئەهرامی[1] قاهیرە و هەندێك دەستکەوتی تر. بەکورتییەکەی ئەو ساڵە ساڵێکی هات بوو و جامیعەی عەرەبی و تەنانەت یاسر عەرەفاتیش پێی وتم "عەوافی"[2].

داخی گرانم پاش هاتنی ئامریکا و گرتنی کەرکوك, ناچار بووم لە ترسی کاکات رابکەم. ماوەیەك لەو تکریتە دانم بەخۆمدا گرت. بەڵام دوایی کە زانیم بەو شێوەیە نییە و هیچ نابێت.. جارێکی تر هاتمەوە کەرکوك.

تا ئێستا لە کەرکوکدام و لەناو ماڵ و منداڵی خۆمدام, ئەو پارە "سپی"یەشی کاتی خۆی لە حکومەتم وەردەگرت, هەندێکیم هەڵگرتووە بۆ ئەم ڕۆژە ڕەشانە و جارێ هیچ کێشەیەکی ئەوتۆم نییە. چونکە پارتە کوردییە گەورەکان دەڵێن ئەم شارە شاری برایەتییە و منیش وەك براگەورەیان لێرە دانیشتووم. هەروەها هەندێك کوردی نەزانی چەپیش بەتایبەتی ئەوانەی کە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێڕاقین بەهەموو شێوەیەك پشتمان دەگرن و نایەڵن لە کەرکوك بمانکەنە دەرەوە, بگرە ئەمانە لە بەرژەوەندیی ئێمە دژی کوردیشن. دیارە پێویست ناکات باسی پشتگیریی تورکمان و ئەندامە عەرەبەکانی ئەنجوومەنی حوکم و جامیعەی عەرەبی و وڵاتانی عەرەب بکەم کە تاسەر ئێسقان دژی کردنە دەرەوەی ئێمەن لە کەرکوك. ئامریکاش

[1] وەك دەڵێن جادەیەکی بەناوبانگی قاهیرەیە و زۆربەی مەلها بەناوبانگەکان لەوێیە.

[2] واتە نۆشی گیان.





ئەوە نەبوو کە من زۆری لێدەترسام. چونکە وامزانی لەگەڵ کاکات و سەیداواتدا لەسەر دەوڵەتی کوردی و کەرکوکی پایتەخت ڕێککەوتوون. بەڵام خۆشبەختانە ئەوەی ئێستا ئامریکا دەیداتە کورد زۆر لە مەکرەمەکەی 1974ی سەیدولڕەئیس کەمترە...

هەربۆیە جارێ پاڵم لێداوەتەوە و خەمێکی ئەوتۆم نییە... چونکە تا دوێنێ بوو سەیدولڕەئیسم هەبوو بەڵام ئێستا مەجلیسی حوکم, حککم, جامیعەی عەرەبی, بەرەی تورکمان و زۆریتر...

2004-01-25

# بەرگری لە خودا[1]

خودا، خوا، خودێ، خودان, یەزدان و هتد ئەو وشانەن کە کورد هەزاران ساڵە بۆ یەزدانی بەکاردەهێنێت. ئەم وشانە لە کوردیدا واتای خاوەنیش دەگەیەنن. پێدەچێت بیرۆکەی ناوی خوداش هەر لە خاوەندارێتییەوە هاتبێت.

زۆرجار وشەی ئەڵڵای عەرەبی بە هەڵە بۆ خودای کوردی پەرچڤە دەکرێت. دیارە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە. ئەوروپییەکان دەمێکە هەستییان بەم هەڵەیە کردووە و وشەی ئەڵڵا بۆ زمانەکانی خۆیان پەرچڤە ناکەن و هەر بە ئەڵڵایی دەیهێڵنەوە.

بەڵام لە کوردیدا ئەم وشەیە بۆ خودای کوردی پەرچڤە دەکرێت. ئەمەش لەوەوە هاتووە کە کورد لە خودی عەرەب زۆرتر موسوڵمانێتیی بەهەند گرتووە. جیاوازیی نێوان ئەڵڵا و خودا هێندەی جیاوازیی نێوان هەردوو زمانی عەرەبی و کوردییە.

لەکاتێکدا دەگووترێت "الله اکبر" و بە کوردیش بۆ "خودا گەورەیە" پەرچڤە دەکرێت، هەڵەیەکی گەورە دەکرێت و راستییەکەی ئەوەیە بگووترێت "ئەڵڵا گەورەیە". چونکە هەردوو وشەکە و واتا گیانییەکانیان جیاوازییەکی زۆری هەیە.

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 27-01-2004. ماڵپەڕی پاسۆک. ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە.





ئەڵڵا کاتی خۆی ناوی یەکێك لە بتەکانی ناو کەعبەی موسوڵمانان بووە و پاشان بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە لەم ئەڵڵایەی ئێستادا بەرجەستە بووە.

دیارە هەر نەتەوەیەك تێڕوانینێکی جیاوازی هەیە بۆ خودا، تەنانەت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تریش دەگۆڕدرێت. لای هەندێك کۆمەڵ یان کەسانێك ئەو خودانەی کە پێی دەگوترێت خودا، ئەڵڵا و ئیل و گۆد یان هەر ناوێکی تر، کەسێکی بەبەزەییە، لەخۆبردووە، میهرەبانە، ژیرە و زۆر کاری باشەی تریش.

بەڵام لای هەندێکی تر ئەو خودانە بەزەبر و زەنگە، بەناوییەوە ئەنفالی خەڵکی هەژار دەکرێت، دەبێت هەردەم بیپەرستیت، لێی بترسیت، خۆتی بۆ سەرما و برسی بکەیت... ئەگەر نا ئەوا دەسوتێیت، ئەشکەنجە دەدرێیت، سووکایەتیت پێدەکرێت و زۆریتر..

خودای منیش درۆ نەکردنە، دەستپاکییە، هاوڕێیەتییە، نیشتمانخۆشویستنە، مرۆڤخۆشویستنە، دژایەتیکردنی زۆر و زۆردارییە, کوردایەتییە و ژیانێکی ئازاد و یەکسانە بۆ هەموو کورد و هاوکوردستانییان و پاشان مرۆڤایەتی.

2004-01-26

# کە دوژمنتان یەکە, بۆ خۆتان یەك نین؟![1]

بۆ ئەنجامدانی ئەو دابونەریتەی کە چواردە سەدە لەمەوبەر لە بیابانەوە و بە زۆری شمشێر بەسەر کورددا سەپێنرا, هەر بە"هەمان بیری ئەو دابونەریتە" گۆمێکی خوێن لە هەولێری پایتەختدا دروستکرا. بەهۆی ئەم هێرشەوە چەندین سەرکردە و هاوزمانانمان کورژران[2] و بریندارێکی زۆریش هەن. ئەمە جگە لەوەی کە بەهۆیەوە باری ناوخۆیی کوردستان تێکچوو و ترسێکی زۆریش کەوتە دڵی جەماوەری کوردەوە.. چونکە بەهۆی ئەم رووداوەوە دەرکەوت, خەڵکی لە هیچ شوێنێك ئاساییشی پارێزراو نییە. لەمەشدا پۆزشێکی رەوایان هەیە و

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2004-02-02. ماڵپەڕی پاسۆك. ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە.

[2] سەرخۆشی لەگشت لایەك دەکەم و داوای لێبووردنیش لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە لە کارەساتەکەی رۆژی 01-02-2004دا کوژران و بە "شەهید" ناوم نەبردن. شەهید, وشەیەکی عەرەبییە و بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە لە پێناوی کاری تیرۆریستی و رای بیابان سەپاندن بەسەر خەڵکی و وەدەستهێنانی تالانیدا دەکوژرێن. هەربۆیە بەکارهێنانی وشەی شەهید بۆ کوژرانی پێشمەرگەیەکی کورد بە کارێکی باش نازانم و هەست دەکەم رێزی ئەو پێشمەرگەیە نەگیراوە و خراپەی لەگەڵدا کراوە, با بەو مەبەستەشەوە نەبێت. بەڵام ئەوە راستینەی واتای وشەی شەهیدی عەرەبییە.





بووردراون, گەر پارتی و یەکێتی پاسی لك و مەڵبەند و ئەندامانی سەرکردایەتیی خۆیانیان پێنەکرێت, دەبێت جەماوەر چی بکات؟!...

ئەنجامدەرانی ئەو هێرشە, هەر ئەوانەن کە خۆیان بە براگەورەی کورد دەزانن. هەر ئەوانەن کە بەهەمان شێوە و رێژە دوژمنی پارتی و یەکێتین. هەر ئەوانەن کە دەڵێن "باشترین نەتەوەین کە تا ئێستا دروست بووین[1]". هەر ئەوانەشن کە ئافرەت دەکەنە نیو مرۆڤ.[2] هەر ئەوانەن کە بە پیاو دەڵێن "دوو دوو, سێ سێ, چوار چوار ژن بێنن[3]". هەر ئەوانەن کە دەڵێن یان لە ئێمەبە یان پارە بدە یان دەتکوژین... هەر ئەوانەن کە ئەنفالی کورد دەکەن... هەر ئەوانەن کە دژی ژیانێکی ئازاد و یەکسانن بۆ کورد و مرۆڤایەتی و دەیانەوێت ژیان بگەڕێننەوە بۆ چواردە سەدە لەمەوبەر و بەجەنگی "بەسوس"ەوە خەریکمان بکەن..

سالآنێکی زۆر بوو یەکێتی و پارتی گۆمی خوێنینیان بۆ یەکدی دروست دەکرد, بیری بیابان هەردەم لایەنی یەکێکیانی دەگرت و یارمەتیی دەدا تاوەکو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد نەگاتە مەبەستی خۆی. ئەو کات ئەو بیرە پێویستی بەوە نەبوو هێرش بکاتە سەر پارتی یان یەکێتی, چونکە یەکێتی و پارتی خۆیان بەو کارە

[1] کنتم خیر أمة أخرجت للناس.

[2] فللذكر مثل حظ الأنثيين.

[3] فأنكحوا ماطاب لكم من النساء, مثنى و ثلاث و رباع...

هەڵدەستان. بەڵام بەهۆی ئەو "ئاشتی"یەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا کوردستانی گرتووەتەوە، بیری بیابان ناچار بوو لە کوردستانیشدا پەنا بەرێتە بەر تیرۆر و باری ئاسایشی کوردستان تێکبدات.

ئەو بیرە، دژی کوردە، دژی دامەزراندنەوەی شکۆی لەناوچووی کوردە، دژی پارتی و یەکێتییە و دژی هەموو دیاردەیەکی کوردەوارییە. ئنجا کە پارتی و یەکێتی دوژمنێکی سەرسەختی خۆکوژی واهییان هەیە، ئەدی بۆ خۆیان یەك نین؟!.

ئایا ئەم رووداوە "بەڕاستی" دەبێتە وانەیەکی گرنگ بۆ پارتی و یەکێتی، یان هێشتا چاوەڕوانی ئەوەن کە دوو تیرۆریستی تر روو لە هاوینەهەوارەکانی (سەری رەش و دوکان)یش بکات و سڵاوێکی لماوییش لە لووتکەی هەردوولا بکات!.

2004-02-01





# شین و شادی[1]

بەڕوودانی هەردوو کارە تیرۆریستییەکەی رۆژی 2004-02-01، پرسەی ئەو رووداوە گشت لایەکی گرتەوە. زۆر کەس و لایەن لایان وابوو کەسانێك، نووسەرانێك هەن، تەنها بە ئامانجی تێکشکانی پارتی و یەکێتی و دوژمنایەتیکردنیان رەفتاردەکەن و دەنووسن. لێ خۆشبەختانە بەهۆی ئەو رووداوەوە دەرکەوت کە تەواوی نووسەران و ئەو خەڵکانەی هەردەم لە سەنگەری رەخنە و تێبینیی ئاڕاستەکەری پارتی و یەکێتیدا بوون، بە هەموو شێوەیەك دژی ئەو رووداوە وەستانەوە و هاوپرسەیی خۆیان بۆ یەکێتی و پارتی و کەسوکاری ئەوانە دەربڕی کە بەهۆی ئەو رووداوەوە لە کیسمان چوون. دەرکەوت ئێمە بەگشتی "هەرچییەك"مان نووسیبێت و هەر رەخنەیەکمان گرتبێت، تەنها بەهۆی دڵسۆزیمانەوە بووە بۆ باشتر رەفتارکردنی ئەو دوو لایەنە لەگەڵ رووداوەکاندا.

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2004-02-03. ماڵپەڕی پاسۆك. ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە. هەروەها بەبێ پرسی خۆم و بەناتەواوی لە رۆژنامەی "خەبات"دا هەمان بابەت بڵاوکراوەتەوە. بەڵام ئاماژە بۆ سەرچاوەکەی کراوە کە ئەویش کوردستان نێتە، بڕوانە: خەبات – ژمارە: 1356 – 2004-02-05 – هەولێر.

خودی خۆم لە زۆر کاروکردەوەی ئەو دوولایەنە توورە و نیگەرانم, بەڵام ناکرێت لە ڕووداوێکی وادا هاوسۆزیی خۆم بۆ پارتی و یەکێتی دەرنەبڕم و توندتر بەڕووی تیرۆر و بیری تیرۆردا نەوەستمەوە.

شینی ئێمە بە وشەیە و شینی ماڵپەڕە کوردییەکانیش بە باکگراوندی ڕەش و بڵاوکردنەوەی پرسەنامەکانە. ئەو شینە شادییەکی زۆری بۆ من دروستکرد, ئەو شادییەش یەکڕیزیی خەڵکی کورد, نووسەری کورد, ماڵپەڕی کورد و ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆنی کوردییە لە هاوسۆزیی پارتی و یەکێتی و خەم خواردن بۆ ئەو کەسانەی لە کیسمان چوون. شادیی وەستانەوەی هەموومانە بەیەك شێوە لە دژی تیرۆر[1].

یەکێتی و پارتیش دەبێت لەم شینەدا زۆر بەوە شاد بن کە لەکاتی کارەساتدا خەڵکی کورد بەو شێوەیە هاو سۆز و هاوپشتییانە. دەبێت ئەوانیش ئەم هاوسۆز و هاوپشتییە بکەنە هەستێکی بەرامبەری دوولایەنانە. چونکە جگە لە خەڵکی کورد "هیچ کەسێك" هاوسۆزی ئەوان نییە لەم ڕووداوەدا و زۆریش بەو ڕووداوە خۆشحاڵن... و دەڵێن "بارك الله"...

[1] بەداخەوە کە پارتی و یەکێتی لە هەمان ڕۆژی ڕووداوەکەدا وەکو یەکڕیزیی خەڵکی کورد ڕەفتاریان نەکرد و هەردوولایان دوو بەیانی جیاوازیان بڵاوکردەوە. لەو ڕووداوەدا دەبووایە پارتی و یەکێتی یەك بەیانی هاوبەشیان دەربکردایە و کوردسات و کوردستان تی ڤیش بۆ ماوەی هەر سێ ڕۆژی پرسەکە بەرنامەکانیان بکردایەتە یەك..





2004–02–02

# زمانی وێنە (بەشی 3یەم – تیرۆریست)[1]



[2]

وێنە: "ئەبوبەکر"ی ژووری "کوردستان ئایینی پیرۆزی ئیسلام" لە پالتاڵك

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 156 – 15-02-2004 – لاپەڕە 11 – کوردستان. ماڵپەڕی پاسۆك – 04-02-2004. ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە. ماڵپەڕی پاسۆك.

[2] سەرچاوەی وێنە: کوردستان نێت.





من دەمێکە لەناوتاندام!, بەهەر زمانێك بدوێم و هەر ڕەگەزێکم ببێت و تەنانەت "کورد"یش بم هەر خەڵکی وڵاتێکی دوورم.

دەپرسن من کێم و سۆراخی ڕەچەڵەکم دەکەن؟ دەڵێم ئەوە من بووم "دایە ڕەزوارم"[1] خستە نێو مێژووەوە و بە شمشێری یەمانی[2] هەنجن هەنجنم کرد. هەر منیش بووم لە هەمان ساڵدا سەری "گورنەڵ"[3]م پەڕاند.

هەر لەو ساڵەشدا بوو کە لەگەڵ هاوئایینەکانمدا قەتڵوعامی جەلەولامان سازدا و ئەوەندەمان لێتان کوشت, کە پاش چەندین مانگ بۆنی لاشەکانتان ئەو ناوەی گرتبوو و هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ناوی ئەو ناوچەیەتان نا "جەلەولا"[4]. هەندێك جاریش دەستان لێدەکردینەوە و لێتان دەکوشتین. دۆڵی شەهیدانی پشدەر هەمووی گۆڕی ئێمەیە و ئەوانەشی کە ئێمە لەو شەڕانەدا بەدیل گرتمانن, لە دۆڵێکدا کوشتمانن و دۆڵەکەشمان ناونا "دۆڵی کافران". دیارە ئێستاش هەر ئەو ناوەی

[1] دایە ڕەزوار, ئافرەتێکی کورد بووە و لە جەنگی بەرگریی کوردستاندا 1400 لەمەوبەر لەلایەن عەرەبەکانەوە کوڕەکەی کوژراوە و خۆیشی بووەتە پێشمەرگە و هەر لەو جەنگانەدا خۆیی بەخت کردووە.

[2] شمشێرێکی بەناوبانگی سەردەمی کۆنی دوورگەی عەرەبی بووە.

[3] یەکێك بووە لە سەرۆکەکانی بەرگری لە ناوچەی پشدەر لە پێش 1400 ساڵ لەمەوبەر و هەر لەو جەنگانەدا خۆیی بەخت کردووە.

[4] هەندێك سەرچاوە باسی ئەوە دەکات کە جەلەولا واتای بۆگەن یان بۆگەناو دەگەیەنێت بەهۆی کوشتاری خاوەنی ئەو وێنەیەوە.

هەیە. ئەو ساڵانە زۆرمان کوشت و زۆر ئاگری ئێوەمان کوژاندەوە. هەرچیتان هەبوو لە بازاڕی "عوکاز"[1]دا هەرزان فرۆشمان کرد. تەنانەت ...

من ئەوەم کە چەندین سەدەیە دەستم خستووەتە بینتان و هەموو شتێکتان دەبێت بەفەرمانی من بێت. ناوتان دەبێت لە من بێت. منداڵتان بەزمانی من پیرۆز بکرێت. بە دەستووری من ژن بێنن. هەر بەدەستووری منیش بە خاك بسپێردرێن. دەبێت رۆژانە و چەندین جار بە زمانی من گفتوگۆ بکەن. وتم "دەبێت", ئەگەر نا, ئەوا دەکوژرێن.

ئەوە منم کە هەموو ساڵێك چەندین رۆژ برسیتان دەکەم. ئەوە منم کە چەندین سەدەیە بەیانیان لەخەو راتان دەپەڕێنم و بەشەختەی زستان دەتانشۆم و خەوتان لێدەزڕێنم. ئەوە منم دەتانترسێنم و دەتانسووتێنم...

ئەوە منم کە دەبێت بەدرێژایی تەمەن پاشەکەوت بکەیت و ماڵومنداڵت برسی بکەیت, تا بێیتە لام و ماخۆلانت پێ بخەم. منیش لێرە بە حەیزەرانێکەوە بۆت وەستاوم, بەگوێم نەکەیت لێت هان دەدەم.

ئەوە منم چەندین سەدەیە دەرزیی لماوییت لێدەدەم و بیرکردنەوەتم بەستووە. ئەوە منم لە کاتی هاتنی سوپای تورکدا

[1] بازاڕێکی بەناوبانگی مەککە بووە لە 1400 ساڵ لەمەوبەردا.





فەتوای تەڵاق کەوتنت بۆ دەردەکەم و دەتکەمە ئەو پەندەی کە کەس نەیبیستووە.

ئەوەشیان هەر من بووم پاش ئەوەی گەڕامەوە بۆ کلتووری لماوییم, بە شێوازێکی مۆدێرن لە 1988دا ئەنفالم کردنەوە, باسی ئەمەیان زۆر دوور و درێژە و تەنها ناو هێنانی یەکێك لە سەرباسی نووسینەکانم باشترین ئاماژەیە بۆ ئەو مێژووە.

زۆرم پێکردوویت و هێشتاش هەر پێت دەکەم. ئەوەی هەولێریش هەر من بووم. خۆ من لە هەولێر سەدان ماڵی خۆمم هەیە و بە زمانی خۆم ئاخاوتنی تێدا دەکەم. ئیدی بۆ لە دووم دەگەڕێن! خەڵاتەکەم بۆ بێنن بۆ ئەوێ.

2004-02-03

# هەورامان, لە "ئەنسارولئیسلام"ەوە بۆ تۆڕی ئنتەرنێت![1]

هەفتا ساڵێك زۆرتر یان کەمتر, هاوبیری جوانەمەرگم رەوانشاد ئەحمەد موختار جاف, هۆنراوە بەناوبانگەکەی "دێتە گوێم دەنگێ بەسۆز و شیوەن و گریانەوە"ی نووسی. هاوبیر ئەحمەد لەو هۆنراوەیەدا پاش ئەوەی باسی ئەو کارەساتانە دەکات کە بەسەر کوردا هاتووە و دێت, ئنجا بە ئەندێشە پیرۆزە جوانەکانی باسی ژیانی "ئازادی و یەکسانی" دەکات لە کوردستانی یەکگرتووی سەربەخۆدا و بەو شاکارەی فیلمێکی زۆر جوانی پاشەڕۆژی کوردستانی بۆ دەرهێناوین.

یەکێك لەو ئاوات و ئەندێشە جوانەی هاوبیر ئەحمەدم ئەوەیە کە دەڵێت:

پاش قڕانی موددەعی دەست پێ ئەکەن تەعمیری موڵك
ڕێگەی ئاسنین ئەچێتە ناو شاخی هەورامانەوە

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 156 – 15-02-2004 – لاپەڕە 11 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕی کوردستان نێت – 14-02-2004. ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە. ماڵپەڕی پاسۆك.





ئەم سیناریۆ جوانەی هاوبیر ئەحمەد بەشێکی لە دوای راپەڕینەکەی بەهاری 1991ی کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێڕاقدا هاتەدی, بەڵام هەموو هەورامان نەبوو کە رەوانشاد ئاواتی بۆ دەخواست. بەڵکو تەنها هەورامانی لهۆنی گرتەوە و بۆ ماوەیەك موددەعیی تێدا نەما. بەڵام ئەم موددەعی قڕانەی هەورامان ئەوەندەی نەبردوو و موددەعییانی بەعسی گۆڕدرانەوە بە ئیسلامییەکان و ئەوەندەی تر هەورامانیان تێکدا و ئەو تەعمیری موڵکەی کە لە سیناریۆکەدا هەیە گۆڕدرا بە وێرانە و کارەساتێکی تر و جارێکی تر هەورامان ئەنفال کرایەوە و "لەجیاتی ڕێگەی ئاسنین!, ئەنساری ئیسلام چووە ناو شاخی هەورامانەوە".

بەڵام ئەمڕۆ خۆشبەختانە لە کوردساتەوە گوێم لێبوو کە بەیارمەتیی ئەمریکییەکان تۆڕی ئنتەرنێت چووەتە ناوچەکانی شارەزوور و هەڵەبجە و هەورامانەوە. بەوەش بەشێکی کەمی پێشبینییەکانی ئەحمەد موختار جاف هاتەدی و منیش لەگەڵ ئەودا بەهیوای ڕێگەی ئاسنینم لەنێوان تونێلەکانی بیارە و پاوەدا و بۆ تەماشای دەستە دەستە لە هەندەرانەوە بێن بۆ بینینی.

2004-02-12

# ئێوە فایلتان ببێت و نەبێت هەمان شتن[1]

لەم رۆژانەدا نامەی کاری فایلدارانێك بڵاوکرانەوە. هەندێك لەو فایلانە بەڕاشکاوی باسی پەیوەندیی ئەندامانی کۆمۆنیستی کرێکاری دەکات کە پەیوەندیی بە داگیرکەری ئێڕاقییەوە هەبووە.

راستینەی ئەو فایلانە و بوونیان مەبەستی ئەم نووسینە نیە. چونکە کۆمۆنیستەکان کەوتوونەتە هاوار و جنێودان لەبەرئەوەی دەڵێن "گوایا ئەو فایلانە هەڵبەستراون و بۆ مەبەستێکی تایبەتیی پارتە کوردستانییەکان دروستکراون!".

هەرچۆنێك بێت هیچ دووکەڵێك بێ ئاگر نییە، بەڵام لێرەدا دەڵێم کۆمۆنیستی کرێکاری بەلای منەوە فایلی ببێت یان نا، ئەوا هیچ جیاوازییەك نابینم. چونکە ئەوان خۆیان دەستنێژی بەعسییانن و ئەوەی ئەوان دەیکەن و پەیڕەوەی دەکەن، هەمان ئەو کار و کردەوانەیە کە بەعسسیان لە کوردستاندا پیادەیان دەکرد. دیارە بەعس هەموو کردەوەکانی لە کوردستاندا بۆ تەواو نەکرا، هەربۆیە ئەوان ئێستا بەوپەڕی دەستپاکییەوە خەریکی تەواوکردنین.

بەعس دژی پارتە کوردستانییەکان بوو، ئەمان خراپتر و دەستیان بڕوات وەك ستالینی هاوڕێیان ئەنفالیان دەکەن.

[1] ماڵپەڕەکانی کوردستان نێت, پاسۆك و کلاوڕۆژنە – 07-03-2004.





بەعس بە بنەماڵەی بارزانیی دەوت "خائین و جەیبی عەمیل"، ئەمانیش دەڵێن بنەماڵەی بارزانیی جاش و دواکەوتوو و باوکسالار...

بەعس دژی کوردستانی بوونی کەرکوك بوو، ئەمان خراپتر و دەستیان بڕوات ئەو کەمە کوردەشی تیایدا ماوە لە کەرکوك دەریان دەکەن و گۆڕی ئەو کوردە کەرکوکییانەش لە کەرکوکدا لەگەڵ زەوی تەخت دەکەن, تاوەکو ئەو شوێنەوارە کوردییەش لە کەرکوکدا نەمێنێت.

بەعس دژی هەموو شتێکی کوردی بوو، ئەمان خراپتر، چونکە هەر شتێکی کوردی بە نەتەوەپەرستی دادەنێن و دەبێت ئێڕاقی بیربکەیتەوە و خزمەتی ئێڕاق بکەیت.

بەعس هەردەم خەریکی دروستکردنی فەساد بوو لە کوردستاندا، ئەمان خراپتر و دەیانەوێت کوردستان بکەنە ئەو فەسادخانەیەی کە دەیان ساڵ کۆمۆنیستەکان لە رووسیا و خۆرهەڵاتی ئەوروپادا دروستیانکرد و هەرچی هەستێکی مرۆڤایەتی هەبێت تیایاندا نەماوە و ئێستا بەهۆی رووخانی کۆمۆنیزمەوە خەریکن دێنەوە سەرخۆیان و کەمێ دەزانن رەوشتی مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤ چییە.

ئنجا کە ئێوە ئەمە کار و کردەوەتان بێت فایلتان بۆچییە، ئێوە خۆتان فایلن... هیچ پێویستییەکیشتان بە رابردووپاکی و بێفایلی نییە... چونکە هیچ ئەندامێکی ئێوە بێفایل نییە...

2004-03-05

# خوێندنەوەیەکی خێرای "دەستووری کاتیی ئێراق"[1]

ئەمە یەکەمجارم نییە لەسەر دەستوور بنووسم. دەربارەی ئەم دەستوورە نوێیەی ئێستاش پێش چەند مانگێك لە وتارمێکمدا وتم ئەگەر ئەم مەرجانەی تێدا نەبێت کە لەو وتارەدا باسم کردبوو, ئەوا ناچارم بیخەمە ناو تەنەکەی خۆڵەکەوە و وتارەکەشم هەر بەناوی "دەستوور و تەنەکەی خۆڵ!"ەوە بوو[2].

هەڵبەت ئەوەی ئێستا لەبەردەستماندایە و رۆژی 08-03-2004 لەلایەن 25 ئەندامی ئەنجوومەنی دەستەڵاتەوە ئیمزاکران و 5 لەوان هاوزمانی ئێمە بوون, تەواوی ئەو مەرجانەی تێدا نییە کە من و هاوبیرانم چاوەڕوانیین. بەڵام هێشتا زۆر زووە بۆ ئەوەی هێڵێکی راست و چەپی بەسەردا بهێنرێت. چونکە بەر لە هەر شتێك ئەو دەستوورە کاتییە و بەپێی مادەکانی ماوەیەکی کاتی دەخایەنێت و دەبێت ئەوەی

[1] ماڵپەڕەکانی کوردستان نێت, پاسۆك و کلاوڕۆژنە 12-03-2004. هەروەها بەبێ پرسی خۆم لە رۆژنامەی جەماوەردا سەرلەنوێ بڵاوکراوەتەوە, بڕوانە: رۆژنامەی جەماوەر – ژمارە 71 – 15-03-2004 – کوردستان – هەولێر.

[2] رۆژنامەی جەماوەر – ژمارە 48 – 29-09-2003 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕی کوردستان نێت – 01-10-2003.





لەم دەستوورەدا وەدەستمان نەهێنا, لە دەستووری هەمیشەییدا هەوڵی بۆ بدەین و جێگیری بکەین, ئەگەر نا ئەوا دەکرێت هێڵێکی راست و چەپ بهێنین بەسەر دەستووری هەمیشەیی ئێڕاقدا.

پاش خوێندنەوەی ئەو دەستوورە کاتییە بەزمانی عەرەبی و هەروەها خوێندنەوەی وەرگێڕانە کوردییەکەی لە رۆژنامەی خەباتی 10-03-2004دا چەندین خاڵی ئەرێنی و نەرێنیم لەسەر مادەکانی ئەو دەستوورە لا دروستبوو و هەستم پێکردن, بەڵام زۆر بەداخەوە خاڵە نەرێنییەکان زۆر زۆرترن و ئەوانەشی کە ئەرێنین, زۆربەیان پرنسیپی گشتیی نێو زۆربەی دەستوورەکانی تری جیهانن.

خاڵە ئەرێنییەکان بەگشتی بریتین لە پاراستنی مافی مرۆڤ و دژایەتیی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و بەفەرمیکردنی زمانی کوردی لە چوارچێوەی ئێڕاقدا شانبەشانی زمانی عەرەبی و بوونی ئێڕاق بە کۆمارێکی یەکگرتووی فیدراڵی و ئەو برگەی "ج"ەی مادەی 61 کە عەرەبەکان ناویان ناوە ڤیتۆی کورد و هەندێکی تر...

بەڵام خاڵە نەرێنی و لاوازەکانی زۆر لەوانە زۆرترن و لێرەدا بەپێویستی دەزانم یەکە یەکە بەکورتی گفتووگۆیان لەسەر بکەم. بەهیوای ئەوەی ئەو خاڵانە ببنە پاڵپشتی چەسپاندنی مافی زۆرتری کورد لە دەستووری هەمیشەیی ئێڕاقیدا.

دەستوورەکە پێشەکییەکی هەیە کە پێی دەگووترێت "دێباچە", ئەمە نووسینێکی زۆر لاوازە و لە دەستوورەکەدا بووایە و نەبووایە

هێزکارێکی ئەوتۆی نەبوو. هەمان ئەم دێباچەیە, بڕگەی "ج"ی مادەی یەکی بۆ تەرخان کراوە و کراوەتە بەشێکی دانەبڕاوی دەستوورەکە. ئەم پێشەکییەی کە پێی دەگووترێت دێباچە نەدەبووایە ئەوەندە گشتی بووایە و دەبووایە بەلایەنی کەمەوە تێیدا بەڕاشکاوی ئەوە بهاتایە کە ئێراق دەوڵەتێکی یەکگرتووی فیدراڵییە و لە نەتەوەکانی عەرەب و کورد و هەندێك کەمە نەتەوایەتیی تر پێك هاتوون و بە چەند هەرێمێکی فیدراڵی یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی ئێراقی پێکدەهێنن.

گرنگترین پرینسیپی نێو دەستوورەکە مافە دێموکراتییەکانە, کە دەمەوێت لەسەرەتاوە هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەم. زۆرجار پرۆسە دێموکراتییەکان بۆ مەبەستی زۆر خراپ بەکار دەهێنرێت و لایەنێکی بەهێز بەهۆیەوە دەبێتە دیکتاتۆر. بۆ نموونە لە پاشەڕۆژدا و لە پەرلەمانی داهاتووی ئێراقدا عەرەبەکان دەتوانن لە زۆربەی بڕیارە چارەنووسسازەکاندا زۆرینەی دەنگ بەسەر کورد و کەمە نەتەوایەتییەکانی تردا بەدەست بهێنن و کەسیش نابێت نارەزایی دەربڕێت, چونکە ئەو بڕیارانە بەزۆرینەی دەنگی عەرەبەکانی ناو پەرلەماندا وەرگیراوە. لەمەوە مەترسیی بڕگەی "أ"ی مادەی 3ی دەستوورەکە دەردەکەوێت کە دەڵێت: "نابێت ئەم یاسایە بەبێ رەزامەندیی زۆرینەی سێ بۆ چواری ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی و دەنگەکانی سەرۆکایەتی بگۆڕدرێت". واتە گەر عەرەبەکانی ناو ئەنجوومەن بڵێن نابێت ئەم یاسایە بگۆڕدرێت, ئەوا هەر بەو شێوەیە





دەمێنێتەوە. چونکە لە ئەنجوومەنی داهاتووی ئێراقدا هەرگیز کورد چارەکی ئەندامانی ئەنجوومەن پێك ناهێنێت. ئەم گۆڕینی یاسایە تەنها نموونە بوو بۆ پرۆسەی دێموکراتی و زۆرینەی دەنگ. دیارە زۆر بڕیاری تری کوردی دەتوانرێت بەزۆرینەی دەنگە عەرەبییەکان لە ئەنجوومەندا پووچەڵبکرێتەوە. هەربۆیە دەبووایە ئەو رێژەی سێ بۆ چوارە زۆر کەمتر بکرایەتەوە.

بڕگەی "ب"ی مادەی 3 دەڵێت: هەر یاسایەك لەگەڵ ئەم دەستوورەدا رێك نەکەوێت, پێویستە کاری پێنەکرێت. نازانم ئەو ئەندامە کوردانەی کە خەریکی دانانی گەڵاڵەی ئەم دەستوورە بوون, بیریان لەو هەموو یاسا و بڕیارە کردووەتەوە کە لەماوەی 12 ساڵی ڕابردوو لەلایەن پەرلەمانی باشووری کوردستانەوە دەرچووە. یان ئایا ئەم بڕگەیە مەبەستی ئەو یاسایانەشە کە پێش رۆژی 08-03-2004 دارێژراون, لەوانە یاساکانی پەرلەمانی باشووری کوردستان؟. ئایا ئەو یاسایانەی کوردستان تا چ رادەیەك رێکدەکەون لەگەڵ دەستووری کاتیی ئێراقدا؟.

بڕگەی "أ"ی مادەی 4 دەڵێت: "سیستمی فەرمانڕەوایی لە ئێراق, کۆماری, یەکگرتوو, دێموکراتی و فرەییی دەبێت...". دەبووایە لەم مادەیە یان لەوانەی پێشتریدا ناوی ئێراق بە فەرمی بکرایەتە "کۆماری ئێراقی یەکگرتوو". تاوەکو مەسەلەی یەکگرتن و فیدراڵی هەر لەناو

هێنانی دەوڵەتی ئێراقدا ئاشکرا ببوایە. چونکە تاوەکو ئێستا روون نییە کە ناوی فەرمیی ئێراق چییە. ئایا هەر "کۆماری ئێراق"ە کۆنەکەیە یان ناوێکی تر.

مادەی شەشەم: یەکێکە لەگرنگترین مادەکانی دەستوورەکە بۆ کورد, کە ئەویش باسی هەنگاوی کاریگەرانە دەکات بۆ سڕینەوەی شوێنەواری ئەو کردەوە سەرکوتکەرانەی رژێمی بەعس ئەنجامی داون. لەوانە راگوازتنی زۆرەملێ و زۆری تر. هەڵبەت کورد و هەرێمی باشووری کوردستان پێویستە بەشێوەیەکی خێرا بکەونە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە, تاوەکو ئەو کوردانەی لە ناوچەکانی کەرکوك و خانەقین و ژەنگار و شوێنەکانی ترەوە راگوێزراون بگەڕێنەوە و ئەو عەرەبە هاوردانەش دەربکرێن. ئەم مادەیەم خستە نێو خاڵە نەرێنییەکانەوە, نەك وەکو مادە بەڵکو وەك شێوە و کاتی جێبەجێکردنی, یاخود چۆنێتیی داڕشتنی مادەکە. چونکە لە مادەکەدا هاتووە کە هەنگاوی کاریگەر بنرێت, بەڵام کەی ئەوەیان نادیارە. چونکە گرنگترین پرۆسەی دەستوور جێبەجێکردنییەتی, ئەگەر ئەو خاڵە باشانە لەکاتی خۆیدا جێبەجێنەکرێت, باهەمووی بریتی بێت لە خاڵی ئەرێنی بۆ کورد, بەڵام ئایا ماددەی جوان و دڵخۆشکەرە چی دەگەیەنێت ئەگەر جێبەجێ نەکرێت.





بڕگەی "ب"ی مادەی 7: دەڵێت: ئێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیە, گەلی عەرەبی ئێراقی بەشێکی دانەبڕاوی نەتەوەی عەرەبە. لەم مادەیەدا یان نەدەبووایە باسی عەرەب و نەتەوەی عەرەب بکرایە, یانیش دەبووایە شانبەشانی عەرەب بگووترایە گەلی کوردی ئێراقیش بەشێکی دانەبڕاوی نەتەوەی کوردە. چونکە کوردیش وەك عەرەب لە چەند "وڵات"ێکدا دەژی و بگرە بارودۆخی کورد زۆر لە عەرەب خراپتر و پەرتترە و کورد زۆر پێویستی بەو ئاماژەیە هەبوو وەك لە عەرەب لە ئێراقدا.

مادەی هەشتەم: باسی ئاڵای دەوڵەت و سروودی نیشتمانی دەکات. بەڵام دەڵێت بەپێی یاسا. ئایا ئەو یاسا نەناسراوە لە پاشەڕۆژدا چەند دێڕێکی کوردی دەخاتە ناو سروودی نیشتمانییەوە؟. یان ئاڵای دەوڵەت هیچ هێمایەکی کوردی تێدا دەبێت. ئەمەشیان نەزانراوە. بۆ نموونە لە جیاتی ئەو ئەستێرانەی ئاڵای ئێستای ئێراق دەبێتە ئەو خۆرەی کە لە ئاڵای کوردستاندا هەیە؟.

بڕگەی "و"ی مادەی 11 کە باسی وەرگرتنی رەگەزنامە و رێکخستنی دەکات بەپێی یاسا, دەبێت بۆ هەموو نا ئێراقییەك وەك یەك بێت, کە ئەمە لەم بڕگانەدا باسنەکراون. واتە نەك بۆ عەرەبێکی میسری یان ئوردونی 3 ساڵ بێت و کوردێکی مەهابادی یان ماردینیش وەك ئەڵمانییەك بە 5 ساڵ مانەوە لە ئێراقدا ببێتە ئێراقی.

لە مادەی 23دا بەگشتی ڕێز دانراوە بۆ ئەو ڕێککەوتننامانەی کە ئێراق مۆریکردوون. ئەمە دەبووایە بەشێوەیەکی تر بنووسرایە و ئەو ڕێککەوتننامانەی لێ ریزپەڕ بکرایە کە ئێراق لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا مۆریکردوون بۆ سەرکوتکردنی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد, کە نموونەیان زۆرن و باسکردن و ژماردنیان بەپێویست نازانم.

لە مادەی 25دا ئەو کارانەی کە دراوە بە حکومەتی ئینتیقالی گەلێك زۆرن و کار و سەروەریی حکومەتی باشووری کوردستان زۆر کەم دەکەنەوە و بێدەستەڵاتی دەکەن. بەتایبەتی لە پەیوەندیی دەرەکی و خەرجکردنی سامانی ئێڕاقدا. دەبووایە ئەم کارانەی کە دراون بەو حکومەتە ئینتیقالییە زۆربەیان ناوکۆیی بوونایە لەگەڵ حکومەتی باشووری کوردستان تاوەکو دانانی دەستووری هەمیشەیی. چونکە حکومەتی ئینتیقالی توانای ئەو هەموو کارانەی نییە و لە لایەکی تریشەوە, حکومەتی باشووری کوردستان خاوەنی ئەزموونێکی تارادەیەك سەرکەوتووە لە بەڕێوەبردنی باشووری کوردستاندا, بەتایبەتی لەم چەند ساڵانەی دواییدا, ئەگەر بەراورد بکرێت بەو هەموو کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەی کە هاتووەتە ڕێی.





مادەی 27 کە باسی هێزی سەربازی دەکات, بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هێزی پێشمەرگەی لایەنە کوردستانییەکان ناهێڵێت. دەبووایە لەم دەستورەدا بەلایەنی کەمەوە دان بەوەدا بنرایە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ 5 تا 10 ساڵ بمایەتەوە, تاوەکو ببێتە دەستەبەرییەك بۆ کورد لە باشووری کوردستان و جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەم دەستوورە و هەروەها جێگیرکردنی سنووری نەتەوەیی کوردستان لە دەستووری هەمیشەییدا.

بڕگەی "أ"ی مادەی 30 باسی یاسادانان دەکات. دەبووایە ئەو ئەنجوومەنە ناوی "ئەنجوومەنی نیشتمانی"ی لێنەنرایە. چونکە ئەمە هەمان ناوی سەردەمی بەعسییەکانە. دەبووایە هەرچۆنێك بووایە وشەی "یەکگرتوو"ی بخرایەتە سەر, تاوەکو ئاماژەی بۆ هەموو هەرێمەکان بکردایە.

بڕگەی "أ"ی مادەی 31 دەڵێت ژمارەی ئەندامانی ئەنجوونی نیشتمانی 275 ئەندامە, بێئەوەی دیاریبکرێت هەر شارێك یان هەر هەرێمێك بۆی هەیە چەند ئەندامی ببێت. هەروەها بەندی 1ی بڕگەی "ب" دەڵێت تەمەنی پاڵێوراو نابێت لە 30 ساڵ کەمتر بێت. دەبێت ئەمە لە چ ڕوانگەیەکەوە خرابێتە دەستوورەکەوە؟!. هەروەها بەندی 2ی هەمان بڕگە مافی ئەوە دەداتە کۆنە بەعسییەك کە ببێتە ئەندامی ئەنجوومەن بەڵام بەمەرجێك ئەندامی فیرقە نەبووبێت. ئەمە جێی داخە

چونکە بەعسیبوون خۆی لەخۆیدا تاوانە, لە هەر هەنگاوێکی بەعسییایەتیدا بێت.

بڕگەی "ب"ی مادەی 32 کە باسی هەڵبژاردنی سەرۆك و دوو یاریدەدەری ئەنجوومەنی نیشتمانی دەکات بە زۆرینەی دەنگ, هەمان کێشەی دیموکراتی و دیکاتۆرییەکەیە و ئەستەمە رۆژێك لە رۆژان کوردێك ببێتە سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە, چونکە زۆرینەی دەنگەکان عەرەبن و عەرەبیش کورد هەڵنابژێرێت. هەمان شتیش لە بڕگەی "أ"ی مادەی 36 دووبارە دەبێتەوە کە هەمان ئەنجوومەن بەزۆرینەی دەنگ سەرۆك و دوو یاریدەدەر بۆ سەرۆکایەتیی وڵات هەڵدەبژێرێت. ئەمەش ئەستەمە بەر کورد بکەوێت, چونکە زۆرینەی دەنگەکان هەر عەرەبن. واتە عەرەب هەمیشە باڵا دەست دەبن لە ئێراقدا و کوردیش کەم دەست.

بەندی 3ی بڕگەی "أ"ی مادەی 36 کە تایبەتە بە مەرجی سەرۆکایەتیی وڵاتەوە دەڵێت بەعسییەك بۆی هەیە ببێتە سەرۆکی ئێراق بەڵام بەمەرجێك بەر لە رووخانی رژێم بە دە ساڵ لە ریزەکانی بەعس کشابێتەوە. ئەمەش جێی داخە لە دەستوورەکەدا و دەبووایە تابوو بووایە, چۆن کۆنە بەعسییەك ببێتە سەرۆك یان یاریدەدەری سەرۆکی ئێراق؟. بڕگەی 1یش دەڵێت نابێت سەرۆك و یاریدەرەکانی لە 40 ساڵ کەمتر بن. ئەمەش بە هەموو پێوەرێك بەندێکی ناڕەوایە.





بڕگەی "أ"ی مادەی 53 کە دانی ناوە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا, دڵخۆشکەر نییە, چونکە ئەو هەرێمە تاڕادەیەك بەشێوەیەکی نێودەوڵەتی دانی پێدانراوە. بەڵام خراپترین خاڵی دەستوورەکە بەرامبەر بە کورد بەشی دووەمی ئەم بڕگەیەیە کە سنووری هەرێمی کوردستان بەو خاکانە دیاری دەکات کە تا 19ی مارتی 2003 لەژێر دەستەڵاتی ئەو هەرێمەدا بوون. بەو پێیە و هەر بۆ نموونە شارۆچکەی "قوشتەپە"ش ناگرێتەوە کە چەند کیلۆمەترێك لە هەولێرەوە دوورە. ئەم سنوورەش دەستکاری ناکرێت تا دامەزراندنی حکوومەتی هەمیشەیی و دەستووری هەمیشەیی.

بڕگەی "ب"ی هەمان مادەی 53یش جەختی لەسەر ئەو سنوورە کردووەتەوە و دەڵێت سنووری کارگێڕیی هەر 18 پارێزگاکەی ئێراق لە قۆناغی ئینتیقالیدا وەك خۆی دەمێنێتەوە, واتە بەپێی ئەم یاسایە نابێت کورد بڵێت کەرکوك و ژەنگار و خانەقین و شوێنەکانی تر سەربە کوردستانن.

بەندی 1ی بڕگەی "أ"ی مادەی 58 کەباسی نەهێشتنی شوێنەواری عەرەباندن و راگواستن و هاوردەیی دەکات, دەڵێت "ئەگەر نەتوانرا ئەوانەی راگوازراون و بهێنرێنەوە شوێنی خۆیان و هاوردەکان بگەڕێنرێنەوە, ئەوا پێویستە حکومەت قەرەبوویەکی دادپەروەرانەیان بکات". ئەمە ترسێکی گەورەیە بۆ نەهێشتنی شوێنەواری عەرەباندن و نەدەبوایە ئەم ئەگەرە لەم بەندەدا بووایە و دەبووایە بەهەموو

شێوەیەک جەخت لەسەر گێڕانەوەی باری دیمۆگرافیی ناوچەکانی کوردستان بکرایەتەوە تاسەر سنووری نەتەوەییی چیای حەمرین.

ئەمە زۆر بەکورتی ئەو تێبینییانەم بوون لەسەر دەستووری کاتیی ئێراق, بەهیوای ئەوەی لە دەستووری هەمیشەییدا ئەو خاڵە نەرێنییانە لاببرێن.

زۆر کەس و لایەن, بەتایبەتی عەرەبەکان برگەی "ج"ی مادەی 61 بە ڤیتۆی کورد دادەنێن لە دەستوورەکەدا, منیش دیسانەوە دەڵێم ئەو برگەیە دەبێتە ڤیتۆ بۆ کورد ئەگەر مادەکانی دەستوورەکە جێبەجێبکرێت, ئەگەر نا ئەوا لە دەستوورەکەدا بشگووترێت ئێراق دەوڵەتێکی کوردییە و بەڵام ئەو دەوڵەتە سەربە جامیعەی عەرەبی و بەشێکی دانەبڕاوی نەتەوەی عەرەب بێت ئەوا بەهیچ دەچێت. هەربۆیە "گرنگیی دەستوور لە جێبەجێکردنییایەتی".

پاش ئیمزاکردنی دەستووری کاتیی ئێراق و دواکەوتنی بۆ ماوەیەک, خەڵکی کوردستان کەوتنە ئاهەنگگێڕان, بەتایبەتی هاوزمانانی کوردستانی بندەستی ئێران. ئەو ئاهەنگگێڕانانەیان بە خۆپیشاندانێکی جەماوەری وەرگەڕا و پێکدادانیش لەنێوان پاسداران و جەماوەری راپەڕیودا روویدا. ئەم هۆشیاریی نەتەوەییەی کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێران دەکرێت بکرێتە یەکێک لە خاڵە باشەکانی ئەم





دەستووره. هەر بۆیە ئەستەمە هێڵێکی راست و چەپ بەسەر ئەم دەستوورەدا بهێنرێت و یان بە رەش یان بە سپی بخوێنرێتەوە. چونکە ئەو هێڵە راست و چەپە ئەو ئاهەنگگێڕان و خۆپیشاندانانەش دەگرێتەوە.

ئەم جەنگی دەستووره ئەزموونێکی نوێیە بۆ کورد و سیاسەتمەدارانی, دەبێت لەم جەنگی دەستووری کاتییەدا چی فێربووبێتن بۆ دەستووری هەمیشەیی؟. ئایا لە دەستووری هەمیشەییدا سنووری کوردستان دەبێتە چیاکانی حەمرین و هەموو ئەو ناوچانەی کە لە 50 ساڵی رابردوودا عەرەبێنراون, بۆماندەگەڕێتەوە. یان هەروەک محەمەد بەحرولعلومی سەرۆکی کاتیی ئەم مانگەی ئێراق لە رۆژی 10-03-2004دا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە هەرێمی کوردستان تەنها بریتییە لەو سێ شارەی کە لە دەستوورەکەدا ئاماژەی بۆکراوە و کەرکوکیش هەڵگیراوە بۆ -خۆی واتەنی "ئەجەلێکی غەیر موسەمما – داهاتوویەکی دیارینەکراو!"...

2004-03-10

# هەڵەبجەیەکی دی و بێدەنگییەکی تر![1]

ڕۆژی 16ی مارتی ساڵی 1992 لە شاری قامیشلی بووم. ئەوەی لەو ڕۆژەدا لەو شارە و لە هاوزمانانی ئەو شارەم بینی, هەموو مووەکانی لەشمی ڕاستکردەوە و هەرگیز بیرم ناچێتەوە. من و چەند هاوڕێیەکم لەو ڕۆژانەدا لە قامیشلی گیرمانخواردبوو. بەبینینی ئەو هەستە بەرزەی خەڵکی قامیشلی کە هەموویان بە گەورە و بچووکەوە دەمەو نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بۆ یادی کارەساتی هەڵەبجە هاتنە سەر شۆستەی شەقامەکان, ئەو وەگیرخواردنەی لەبیربردمەوە. لەو ڕۆژەدا هەموو شتێك لەو شارەدا وەستا و بووە گۆمێکی بێدەنگی خەمگین و و هەست و سۆزی ئەو هاوزمانانەم بۆ ئەو کارەساتە نەتەوەییەمان زۆر دڵخۆشی کردم. چونکە ئەوە یەکەم جارم بوو یادێکی وا مەزن و پڕشکۆی هەڵەبجە ببینم و هەروەها یەکەم جاریشم بوو کە پاڵپشتی هاوزمانانی کوردستانی بندەستی داگیرکەری عەرەبی سووری لەنزیکەوە ببینم.

ئەو ماوەیەی کە لەوێ بەسەرمبرد هەستم کرد خەمی ئەمان سەرکەوتنی کوردی باکوور لەو کاتەدا بەتایبەتی و کوردی باشوورە. هەموو دەیانگووت ئێوە هیوای ئێمەن و ئێمەش پاڵپشتتان. ئەم

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 158 – 21-03-2004 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕەکانی کوردستان نێت, پاسۆك و کلاوڕۆژنە – 17-03-2004.





پاڵپشتەی ئەو هاوزمانانە هەڵبەت بەکردار بوو و "ئەگەر کەمم نەگووتبێت" ئەوا سەدانیان لە جەنگی پارتیزانی لە دژی داگیرکەری تورك و لە ریزەکانی "پکك"ی ئەوسادا گیانیان بەخت کردووە. کە لەناویاندا ژمارەیەکی بەرچاوی کچانی کوردی تێدایە. بەڵام بەداخەوە ئەو دڵسۆزی و خەمخۆرییەی هاوزمانانی کوردستانی بندەستی سووریا هەردەم لەلایەن پارتە گەورەکانی باکوور و باشوورەوە بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی پارتییانە بەکارهێنراوە و هەندێکیان تا ئەم کاتەش بۆ بەئاوەڵا هێشتنەوەی دەروازەی داگیرکەری سووری, ناڵێن کوردستانی بندەستی سووریا, بەڵکو دەڵێن "کورد لە سووریا!".

ئێستا 12 ساڵ بەسەر ئەو یادەی ئەواندا بۆ هەڵەبجە تێدەپەڕێت و لەم ڕۆژانەدا خۆیان بوونەتە هەڵەبجە. شار هەر شارێکی کوردییە, دانیشتووانی هەر بە کوردی دەدوێن. دوژمن هەر بەعسە و بەزمانی عەرەبی قسە دەکات. هەڵەبجە لایان بوو بووە حلبجە و قامیشلۆش بووەتە ئەلقامیشلی. هەڵەبجە لەژێر دروشمی عروبەدا کیمیابارانکرا و ئەمیش لەژێر هەمان دروشمدا دەسووتێت, ڕەشبگیر دەکرێت, دەکوژرێت, ماڵ و دوکانی کوردان تاڵان دەکرێت. هەڵەبجە بێکەس بوو و ئەمیش هەر بێکەس و بێپاڵپشتی کۆمەڵی نێودەوڵەتییە, تاکە پاڵپشتی هەڵەبجە خەڵکی کورد خۆی بوو, لێ پاش ئەو هەموو ساڵە و لەم چەرخەی کە پێی دەگووترێت "ئازادی و دیموکراتی و دژە تیرۆر",

قامیشلۆ بێکەسە و هەر خەڵکی کورد بەتەنیا پێوەی بیمارە و خەمخۆرییەتی.

ئەمڕۆ 15-03-2004, لە وڵاتێکی وەك هۆڵندا, تەواوی فەرمانگە فەرمییەکانی ئەو وڵاتە بۆ ماوەی 3 خولەك لە 12:00ی نیوەڕۆوە بۆ 12:03, بەبێدەنگی و ماتەمی بۆ قوربانیانی شاری مەدرید وەستان. بەڵام قامیشلۆیان بیرنەبوو. دەیان و سەدان کوژراو و بریندارى کوردیان بیرنەبوو, کە لەم ڕۆژانەدا بەبەرچاوی کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە وەك قوربانییانی ئیسپانیا لەلایەن داگیرکەری عەرەبی سوورییەوە تیرۆرکران.

بۆ هەڵەبجە 3 ساڵی خایاند, تاوەکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهۆی بەرژەوەندیی جەنگی کەنداوی دووەمەوە ئاوڕێکی بەبەزەیی لێدایەوە و کردییە وێردی سەرزمانی. بەڵام دەبێت کەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاوڕێك لە ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژەی کوردستانی بندەستی سووریا بداتەوە و خنکاندنی منداڵەکانی سینەماکەی ئامودا بە کارێکی تیرۆر بزانێت و پشتێنەی عەرەبی و تەعریب و نەدانی ڕەگەزنامەی سووری و هەموو ئەو کارانەی بەدرێژایی دەیان ساڵ تاوەکو ئەمڕۆ و سبەینێ و پاشەڕۆژی داگیرکەری سووری بە تاوان و تیرۆر بزانێت؟. دەبێت بەرژەوەندیی کۆمەڵی نێودەوڵەتی کەی بگاتە ئەو ڕادەیەی بڵێت دەوڵەتی سووری دەوڵەتێکی تیرۆریستە و پێویستە لەناو ببرێت؟. هەڵبەت ئەو کات کارەساتەکانی قامیشلۆ, دێرك, ترباسپی, ئامودا,





سەری کەهنی و ئەفرین و ئەوانی تر ڕۆژانە لەسەر کەناڵەکانیان دەبینین و دەبیستین... بەڵام پاش ئەوەی برینێکی قوڵی تر لە دڵماندا هەڵدەکەنن...

2004-03-15

# دیالۆگ.. خوێن.. ئاشتبوونەوە.. و پاشەڕۆژێکی نادیار![1]

هۆڵندا بەو پێیەی وڵاتێکی بچووك و بندەستی ئەڵمانیا بوو, هەر زوو نازییەکان لە جەنگی جیهانیی دووەمدا داگیریان کرد. وڵاتەکەیان وێران کرد. برسێتییەکی زۆر بڵاوبووەوە. ئێستاش کەناڵەکانی هۆڵندا ڕۆژانی ئەو داگیرکارییە پیشان دەدەن کە چۆن خەڵکی ناچار بوون لەسەر زەوی دەنکە گەنم کۆبکەنەوە و بەکاڵی بیخۆن. شارێکی وەك ڕۆتەردام کە ئێستا یەکێکە لە شارە بەناوبانگە گرنگەکانی جیهان بەهۆی بەندەرە گەورەکەی و باڵەخانە بەرزەکانییەوە, لە جەنگی جیهانیی دووەمدا لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە تەخت کرا. ئەم وێرانکارییەی نازییەکانی ئەڵمانیا تەنیا هۆڵندای نەگرتەوە بەڵکو بەلژیك و فەڕەنسا و چیك و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپاش لەم وێرانکاری و برسێتییە بێبەش نەبوون. بەهۆی ئەو جەنگە ئەوروپا وێرانکەرەوە, هەستی رك و کینەیەکی زۆر لە نێوان گەلانی ئەوروپا و ئەڵمانییەکاندا بڵاوبووەوە. ئێستاش لە هۆڵندا خەڵکانێك هەن کە زۆر رکیان لە ئەڵمانییە, بەو پێیەی ئەڵمانییەکان بوونەتە هۆی داگیر و وێرانکردنی وڵاتەکەیان.

[1] ماڵپەڕەکانی کوردستان نێت و پاسۆك – 29-03-2004.
ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 160 -15-04-2004 - هەولێر – کوردستان.





ئەم رك و کینەیەی نێوان نەتەوە ئەوروپییەکان بە وەستانی جەنگی دووەمی جیهانی و رووخانی و رسوابوونی ئەڵمانییەکان کەمێك رەوییەوە. لەمەشدا پێشکەوتن و کلتووری خودی ئەوروپییەکان رۆڵێکی گرنگی هەبوو, هەربۆیە ئێستا هەموو ئەوروپییەکان بە گشتی و بەهەموو نەتەوەکانیانەوە لە بازاڕێکی هاوبەشدان و خاوەن پەرلەمانێکی هاوبەش و دراوێکی هاوبەشیشن. دەتوانرێت بگووترێت کە نەوەی نوێی ئەوروپا هیچ هەستێکی رك و ناڕەزایی بەرامبەر ئەڵمانییەکان نەماوە و رۆژ بە رۆژیش ئەم هەستە لەگۆڕدەنرێت و دەچێتە نێو پەرتووکە مێژووییەکانی جەنگی جیهانیی دووەمەوە.

خۆرهەڵاتی نزیکیش بەهەمان شێوە ماوەیەکی زۆرە گۆڕەپانی جەنگ و ماڵوێرانییە. بەهۆیەوە رك و کینەیەکی زۆر لەنێوان نەتەوەکانی ئەو ناوچەیەدا نێژراوە. عەرەب رکی لە ئیسرائیلییە. فارس خۆشیی بە عەرەب و کورد و ئازەری نایە. تورك رکی لە کوردە و کوردیش لە تورك و ئازەری و هند لە پاکستانی و بەپێچەوانەوە و هتد...

من زۆر باوەڕم بەوە هەیە کە رۆژێك لە رۆژان ئەم رك و کینەیە لەنێوان نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی نزیکدا کەم دەبێتەوە و نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە بازاڕێکی هاوبەشی لەو بابەتەی ئەوروپا دادەمەزرێنن و پەیوەندییە ئابوورییەکانیان رێکدەخەن. بەڵام ئەو خەوە بە یەك ساڵ و دەساڵ نایەتە دی و نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی نێوین لە رووی ئایین و کلتوور و رۆشنبیرییەوە هێشتا نەگەیشتوونەتە چارەکی ئەوروپای پاش

جەنگی جیهانیی دووەم. هەربۆیە ئەم پڕۆسەیە پێویستی بە کات و کار هەیە.

لەم رووەوە دیالۆگی نێوان نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە و لابردنی کێشە نەتەوەییەکان و هەوڵدان بۆ ئاشبوونەوەی ئەو نەتەوانە دەبێتە هەنگاوێکی زۆر باش بۆ بەرەو ئەو یەکبوونە. بەڵام یەکبوونێکی لەو چەشنە کاتێك دەبێت کە چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا نەمێنێت و رزگاری و یەکسانی بۆ تەواوی نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە بهێنرێتەدی. کە کوردیش بەشێکی گەورەی ئەو نەتەوانەیە و سەدانێکە لە ژێر دەستەڵاتی عەرەب و تورك و فارسدا دەچەوسێتەوە.

هەڵبەت کورد هەرچەندە لەچاو تورك و فارس و عەرەبدا کەم هێز و بێ دەوڵەتە بەڵام هەردەم دەستپێشکەری ئەو دیالۆگ و ئاشتبوونەوەیە بووە. هەربۆیە ئەو دیالۆگ و ئاشتبوونەوەیە سەری نەگرتووە. چونکە ویستی تەواوی دەستەڵاتەکانی تورك و فارس و عەرەب نەبووە.

رۆژی 18 بۆ 20ی مارتی 2004 لە شاری هەولێر و بەدەستپێشکەریی پارتی، دیالۆگی عەرەبی – کوردی بەسترا. ئەم دیالۆگە لەڕاستیدا دیالۆگی عەرەبی – کوردی "بەزمانی عەرەبی" بوو. چونکە زمانی دیالۆگ، عەرەبی بوو و تەنانەت کوردە بەشداربووەکانیش هەر بەزمانی عەرەبی دەپەیڤین. هێشتا کەناڵە راگەیاندنە کوردییەکان لە باسوخواسی ئەو دیالۆگە نەبووبوونەوە، هەر لە هەمان شاری هەولێر و بەدەستپێشکەریی هەمان پارتی، کۆنگرەیەکی تر لە 26 بۆ 27ی



وشە پەڕتەوازەکان (بەرگی یەکەم) هاوڕێ باخەوان

مارتی 2004 بەسترا کە ئەویش "کۆنگرەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی ئێراقی" بوو.

دیالۆگی عەرەبی – کوردی "بەزمانی عەرەبی" لە رۆژانێکدا بەسترا کە هێشتا لە کوردستانی بندەستی داگیرکەری عەرەبی سووری خوێنی کورد بە دەستی عەرەب دەرێژرا!.

من دیسانەوە دووبارەی دەکەمەوە کە زۆر لەگەڵ ئەو دیالۆگ و ئاشتبوونەوەیەدام. بەڵام دەبێت ئەو نەتەوانە دەستپێشکەربن کە بوونەتە هۆی بندەستکردنی کورد و ئەنفال و ژینۆسایدکردنی. لۆژیك دەڵێت: پاش رووخانی رژێمی داگیرکەری بەعسی ئێراقی، کورد دەبووایە لە عەرەبەکانەوە چاوەڕوانی ئەو دیالۆگەی بکردایە و ئەوان دەستپێشەربوونایە بۆ کۆنگرەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، نەك کورد. چونکە وەڵامەکەی زۆر ئاسانە، وشەی ئەنفالی بەدناو "عەرەبی"یە، ئەو فڕۆکەوانانەی کوردستانیان کیمیابارانکرد "عەرەب" بوون. ئەوانەی هەشت هەزار بارزانییان زیندەبەچاڵ کرد "عەرەب" بوون. ئەوانەشی هێنرانە کەرکوك و خانەقین و ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی بندەستی ئێراقەوە هەر "عەرەب" بوون. ئەوانەی سەدان ساڵە دەمانکوژن هەر "ئەوان"ن و هەر بیری "ئەوان"ە.

لێرەدا ئەوە ماوە بیڵێم: ئایا رادەی رۆشنبیریی نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی نێوین ئێستا گەیشتووەتە رادەیەکی واهی کە لە دیالۆگ و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی تێبگەن. ئایا بەرژەوەندیی نەتەوە

سەردەستەکانمان ڕێ بە دیالۆگ و ئاشتبوونەوە دەدەن. ئایا ئەو هەموو دراوەی لە دیالۆگی عەرەبی – کوردی "بەزمانی عەرەبی" و کۆنگرەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی خەرجکرا, باشتر نەبوو بدرێتە کوردە ئاوارەکانی کەرکوك, یان من هەڵەم و ئێستا ڕادەی ڕۆشنبیریی نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی نێوین و بەرژەوەندیی نەتەوە سەردەستەکانمان ڕێ بە دیالۆگ و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی دەدەن!.

2004-03-27





# پەرڵەمانی ئەوروپا و بڕیارێکی نادادپەروەرانە

وڵاتانی ئەوروپا و پەرڵەمانە هاوبەشەکەیان دەمێکە ڕێکخراوی "بزووتنەوەی بەرگریی ئیسلامی" – حەماس بە ڕێکخراوێکی تیرۆریست دەزانێت و بەشێوەیەکی فەرمیش ڕێکخراوی حەماس لەنێو لیستەی ڕێکخراوە تیرۆریستەکانی پەرڵەمانی ئەوروپادایە.

سەرۆکی ڕێکخراوی حەماس (ئەحمەد یاسین) لە ڕۆژی 22ی مارتی 2004 لەلایەن ئیسرائیلەوە کوژرا. بەپێی تەواوی بڕیارەکانی پەرڵەمانی ئەوروپا لە ماوەی پێشتردا, ڕابەرانی حەماس تیرۆریستن, بەتایبەتی خودی ئەحمەد یاسین. بەڵام جێی سەرسووڕمانە کە ڕۆژی 27ی مارتی 2004, هەمان پەرڵەمان بڕیارێکی ناڕەزاییی بەرامبەر کوشتنی ئەحمەد یاسینی تیرۆریست دەرکرد.

با کەمێك بگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی نیزیکی کوردەواریمان و سەرنجی تیرۆرکردنی هەردوو ڕابەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێران بدەین لەلایەن داگیرکەری ئێرانەوە و لەسەر خاکی ئەو پەرڵەمانەی کە ناوی پەرڵەمانی ئەوروپایە[1]. ئاشکرایە کە لە

[1] د. ئەوڕەحمانی قاسملو لە 13-07-1987 لە ڤییەننا و د. سادقی شەرەفکەندی لە 17-09-1992 لە بەرلین لەلایەن داگیرکەری ئێرانەوە بەبەرچاوی ئەوروپا و پەرڵەمانی ئەوروپاوە تیرۆرکران.

هیچ دۆکومێنتێکی پەرلەمانی ئەوروپا, ناوی تیرۆر و تیرۆریستی نە بۆ حدکا و نە بۆ خودی گیانپاکان (ئەوڕەحمانی قاسملو و سادقی شەرەفکەندی) بەکار نەهاتووە و بگرە لەزۆر کار و کردەوەدا پەرلەمانی ئەوروپا لە دژی داگیرکەری ئێران وەستاوەتەوە. بەڵام بە تیرۆرکردنی ئەو دوو رابەرەی کورد, ئەم پەرلەمانە هیچ بڕیارێکی ناڕەزایی دەرنەکرد و ئەوانەشی ئەو کارە تیرۆریستانەیان ئەنجامدا, ئێستا لە هەموو کەس ئازادترن.

ئەحمەد یاسین بەلای پەرلەمانی ئەوروپاوە تیرۆریست بوو و پاش کوژرانی لە فەلەستین بەیانی ناڕەزایی بۆ کوشتنی و دژی ئیسرائیل دەردەکرێت. بەڵام رابەرانی کورد بەلای ئەم پەرلەمانەوە تیرۆریست نەبوون و پاش تیرۆرکردنیان لەسەر خاکی "ئەوروپا", ئەم پەرلەمانە زمانی هەڵنەهێنایەوە. ئەمەیە نادادپەروەری...

2004-03-28





# مۆبایلەکانیش ئەنفالکران![1]

بەهۆی ئەو هەموو تۆڕە مۆبایلانەی باشووری کوردستانی تەنیوە, زۆرمان سەرفراز بووین و پەیوەندیی نێوان باشووری کوردستان بەیەکەوە و هەروەها بەدەرەوەی وڵاتیشەوەی زۆر هاسان کردووە. هەرچەندە کوالیتیی هێڵەکان لەسەرەتادا ئەو باشە نەبوو, بەڵام ئێستا خۆشبەختانە کە تەلەفون بۆ مۆبایلێکی کوردستان دەکەیت, هەر وادەزانیت لەگەڵ وڵاتێکی ئەوروپادا ئاخاوتن دەکەیت.

تا پێش ماوەیەکیش کە تەلەفونم دەکرد و گەر خاوەن مۆبایلەکە وەڵامی نەدایایەوە یان ئامێرەکەی داخستبایە, ئەوا یەکسەر بە زمانی شیرینی کوردی ئافرەتێکی کورد بە ئۆتۆماتیکی پێی دەگووتم "ببوورە ئەو ژمارەیەی داواتکردووە لە دەرەوەی بازنەی پەیوەندییدایە یان.."[2]. پەیامی ئەم خانمە بۆ من زۆر دڵخۆش بوو بەوەی زمانەکەی منیش بووەتە زمانی تەکنەلۆژیای نوێ..

---

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 13-04-2004.
ماڵپەڕی پاسۆک – 14-04-2004.
رۆژنامەی ئاڤێستا – ژمارە 28 – 29-04-2004 – لاپەڕە 2 – کوردستان – هەولێر.

[2] بەداخەوە دەستەواژەکەییم بەتەواوەتی لەبیرنەماوە, بەڵام مەبەستی پەیامەکە ئەوە بوو کە خاوەن مۆبایلێ یان تەلەفونەکەی داخستووە یان لەدەرەوەی بازنەی تۆڕی مۆبایلدایە, واتە لە شوێنێکە کە شەپۆلی مۆبایلی ناگاتێت.

لەم ڕۆژانەدا تەلەفونم کردەوە بۆ سلێمانی و بۆ ژمارەیەکی مۆبایلێ, خاوەن مۆبایلەکە وەڵامی نەبوو و هەروەك جاران بە ئۆتۆماتیکی خانمەکە هاتەوە سەر هێڵەکە بۆ ئەوەی هەمان پەیامم پێ ڕابگەیەنێتەوە, بەڵام ئەمجارەیان خانم بەزمانێکی بێگانە پێی وتم "الهاتف مقفول أو خارج دائرة..."[1]. پاش کەمێك وەستان وامزانی پاش عارەبییەکە بەزمانەکەی خۆشم پێم دەڵێت وەك ئەوەی لە دەستووری کاتیی ئێراقیدا هەیە !, بەڵام بەداخەوە هەمان دەستەواژەی بەو زمانە بێگانەیە دووبارەکردەوە و کوردیی تێدانەمابوو. منیش هەر ئەوەم پێکرا تەلەفونەکەم بەتووڕەیی داخستەوە[2].

2004–04–12

[1] هەمان دەستەواژە کوردییەکەی سەرەوەیە و کراوەتە زمانی عارەبی.

[2] تێبینی: خاوەنی ئەو مۆبایلە کۆمپانیای "ئاسیا"یە لە سلێمانی و بەهۆی ئەوەی کۆنتراکتی مۆبایلی چەند تۆڕێکی گەورەی لە ئێراقدا وەرگرتووە, ئەو پەیامە کوردییەی کردە عەرەبی.





# قەیرانی شۆڤێنیزمی عەرەبی[1]

زۆر جار زنجیرە تەلەڤزیۆنێکی عەرەبی دەبینم کە باس لە مێژووی 1400 ساڵ لەمەوبەری ژیانی عەرەب دەکات, سەرم لە هەندێك ڕەفتار و ئێکسسواری ئەو زنجیرانە دەسووڕمێت. دیارە یەکێك زمانەکەیان نەزانێت و تەنها لە ڕووخسار و شوێنی دانیشتن و نووستنەکانیان و جۆری ئاخاوتنیان بڕوانێت, ئەوا یەکسەر بیری بۆ ئەو فیلم و سێرییانە دەچێت کە باس لە پاشەڕۆژ دەکەن و چیرۆکەکەش ئەندێشەی نووسەرێکە کە باس لە کۆتاییی هەزارەی سێیەمی ژیانی عەرەبەکان بکات!. چونکە ئەو چیرۆك و دیکۆرانەی بۆ ئەو فیلم و زنجیرانە نووسراون و دروستکراون نەك هەر دوورن لە ڕاستییەوە, بەڵکو هۆزە ڕەشماڵنشینە عەرەبەکانی عەرەبستانی سعودی لەوانەیە بە هەزار ساڵی تریش نەگەنە ئاستی ئەو پێشکەوتنە ساختەیەی کە ئەو فیلم و زنجیرانە باسیان دەکەن. سەیرەکەشی لەوەدایە ئەو فیلم و زنجیرانە باس لە سەردەمی پێش ئیسلام و بڵاوبوونەوەی ئیسلام دەکەن, کە عەرەب جگە لە زمانی شمشێر و تاڵانی و ئەنفال خەریکی هیچی تر

[1] ماڵپەڕی پاسۆك – 14–04–2004.
ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە – 19–04–2004.
ڕۆژنامەی زادگە – ژمارە 15 – 25–04–2004 – لاپەڕە 6.
ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 161 – 05–05–2004 – لاپەڕە 3 – هەولێر – کوردستان.

نەبووە, تەنانەت هەندێکیان بەو سەردەمەیان دەڵێن سەردەمی نەزانی!.

ئەم رووکەشە ساختەیەی هونەرمەندان و دروستکەرانی ئەو فیلم و زنجیرانە, ستراتیژێکی شۆڤێنیزمی عەرەبییە بۆ پیشاندانی مێژووی خۆیان بەو شێوە جوان و پێشکەوتووە و داپۆشینی ئەو هەموو ماڵوێرانی و ئەنفال و تالانییەی کە لەو سەردەمانەدا لە کەسانی نا عەرەب کردوویانە, کە کورد قوربانییەکی گەورەی ئەو سەردەمەیان بووە...

ئەم رێکەوتنەی عەرەب, یان ئەم رێکەوتنەی شۆڤێنیزمی عەرەبی, تەنها هونەر و نووسینی نەگرتووەتەوە, بەڵکو تەواوی دیاردە بیرییەکانی عەرەبی گرتووەتەوە. لەوانە دیاردە رامیارییەکان, کۆمەڵایەتی, ئابووری و هتد...

شۆڤێنیزمی عەرەبی بۆ هەموو رووداوێك روونکردنەوەیەکی ئامادەی هەیە کە رەنگدانەوەی هەمان بیری شۆڤێنییە و هەردەم لە خزمەتیدایە , بێ ئەوەی گوێ بداتە هیچ راستییەك و بنچینەیەکی زانستی, بێ پەروا بانگەشەی بۆ دەکات و بیری خەڵکانی عەرەبی پێ دەشواتەوە. لەمەشدا دەبنە هۆی تێکدانی راستییەکان و تێکدانی ئەو بارودۆخانەی کە ئەمان دەستی تێوەردەدەن.

ئەم بیرە ترسناکە هەردەم پاڵپشتی رژێمە دیکتاتۆرییە داپڵۆسێنەرەکانی عەرەب بووە, لەوانە رژێمی شۆڤێنیی ناسری لە





میسر, رژێمی داگیرکەری سووری و هەروەها رژێمی داگیرکەری ئێراقی, بە پێچەوانەشەوە ئەم رژێمانەش هەمیشە لە خزمەت و گەشەکردنی ئەو بیرەدا بوون.

بەکەوتنی رژێمی داگیرکەری ئێراقی, شۆڤێنیزمی عەرەبی پاڵپشتێکی گەورەی لەدەستدا. بگرە کەوتنی رژێمی داگیرکەری ئێراقی بووە هۆی ئابڕووبردنی ئەو بیرە. چونکە ئەو بیری عەرەبییەی ئەوان سەدان ساڵ بوو پروپاگەندەیان بۆی دەکرد, گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کەوتنە بەر چاوی کامێرای رۆژنامەنووسان و بۆ گشت لایەك دەرکەوت کە ئەو بیرە بیرێکی شۆڤێنیی تیرۆریستە.

بەم کەوتنەی رژێمی داگیرکەری ئێراقی شۆڤێنیزمی عەرەبی کەوتە قەیرانێکی زۆر خراپەوە, هەربۆیە ناچار بوون چارەسەرێك بدۆزنەوە بۆ داپۆشینی گۆڕە بەکۆمەڵەکان , زیندانەکان , ئەشکەنجەدان و هەموو ئەو تاوانانەی کە ئەو رژێمە لە تەمەنی 35 ساڵەی خۆیدا ئەنجامی دابوون.

چارەسەرەکەش داپۆشینی ئەو تاوانانەیە بە پشتگیریی ئەو پشێوییەی ئێستای ئێراق کە ناویانناوە "شۆڕش" یان "راپەڕینی جەماوەری". هەروەها نانەوەی جەنگێکی ئەهلیی نێوان ئایینزاکانی ناو ئێراق و خراپترکردنی پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب و کورد و تورکمان.

ئەم شۆڤێنییانە بەبەرزکردنەوەی پشێوییەکانی شارەدێی فەلوجە دەیانەوێت سەرلەنوێ رای گشتیی عەرەبی بۆخۆیان رابکێشن و

لەمەیاندا تا رادەیەك سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. ئەو فەلوجەییانەشی تا دوێنێ بوو خەریکی ئەنفالکردنی کورد و رووخاندنی ماڵی کورد بوون, ئەمڕۆ لەلایەن شۆڤێنییەکانی عەرەبەوە بوونەتە پاڵەوانانی دژی ئامریکا و موجاهیدینی ئیسلام و داکۆکیکەری ئازادی!.

بەڵام خۆشبەختانە ئەم رەوشەی ئێستای ئێراق ریزی جەماوەری عەرەبیی کردووەتە دووبەشەوە, ئەوەش بووتە قەیرانێکی گەورە بۆ شۆڤێنیزمی عەرەبی. هەروەها تەواوی ئەو رووداوانەی روودەدەن, بوونەتە هۆی دروستکردنی دیوارێکی بەرز لە نێوان گەلانی عەرەب و حکوومەتەکانیاندا, کە ئەمیش زەبرێکی گورچکبڕە بۆ شۆڤێنیزمی عەرەبی.

ئێستا دەتوانرێت بگوترێت بیری شۆڤێنیزمی عەرەبیی نافەرمی گەیشتووەتە لووتکە, بەوەی ئەم بیرە دژی هەر شتێکی ناعەرەبییە, دژی جوولەکەیە, دژی کوردە, دژی خۆرئاوایە , دژی شارستانێتی و پێشکەوتنی سەردەمە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هەموو جیهان پەی بەوە ببەن کە بیری شۆڤێنیزمی عەرەبی بیرێکی تیرۆریستە, بیرێکە تەنها عەرەب و ئیسلام دەبینێت. ئەو ئیسلامەشی ئەو دەیبینێت, هەر دەبێت لە خزمەتی شۆڤێنیزمی عەرەبیدا بێت و عەرەب لە هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی بە باشتر بزانێت. بیرێکە ئامادەیە ببێتە بۆمبایەکی ئەتۆم و بێجگە لەخۆی هەموو جیهان لەناوبەرێت.





جیهانیش خۆشبەختانە زۆر باش لە راستینەی ئەم بیرە شۆڤێنیزمە گەیشتووە و گەیشتووە بەو راستییەی کە بزانێت سەرچاوەی تیرۆری جیهان, بیری شۆڤێنیزمی عەرەبییە و دەبێت دژایەتیی بکرێت و لەناوببرێت.

2004-04-13

# چاوەڕوانی دوو بڕیاری گرنگی پەڕلەمانم[1]

وابزانم من یەکێکم لەو نووسەرە کەمانەی کە تاوەکو ئێستا نامەی کراوەم بۆ هیچ کەسێك و لایەنێك نەنووسیوە. ئەگەرچی هەندێك جاریش ویستوومە کارێکی واهی بکەم، بەلام خێرا پەژیوان بوومەتەوە، لەبەرئەوەی زانیومە ئەوەی بۆی دەنووسم یان رووی دەممی تێدەکەم، یان زۆر پڕکارە! یان چاوی خۆی بە پەڕە شڕەوە ماندوو ناکات!. واتە نووسین و نەنووسینی وەك یەك وابووە و وایە.

بەلام ئەم جارەیان ئەو رچەیە دەشکێنم و کورت و کرمانجی بە پەڕلەمانی باشووری کوردستان دەڵێم: "پێویستە دوو بڕیار بۆ قەدەغەکردنی هەردوو تاقمی بەکرێگیراوی بزووتنەوەی ئیسلامی و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراقی دەربکەن"، خۆ ئەگەر بەزۆرینەی دەنگیش بێت ئەوە هەر زۆر باشتر، ئەویش بەهۆی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

- هەردوو دەستەی بەکرێگیراو دوو رووی ناشرینی دراوێکن و دوو ناوی جوودایان هەیە بۆ یەك بیر، ئەو بیرەش بیری دژایەتیی هەموو شتێکی کوردییە.

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 11-05-2004. ماڵپەڕی پاسۆك. ماڵپەڕی کلاوڕۆنە. ڕۆژنامەی زادگە – ژمارە 18 – لاپەڕە 2.





- تیرۆریست بەلای بزووتنەوەوە موسوڵمانی راستەقینەن و بەلای "حککع"یشەوە نیشتمانین.
- کەرکوك بەلای بزووتنەوەوە شاری موسوڵمانانە و بەلای دیوە قەڵبەکەوە هی ئێراقییەکانە.
- کوردایەتی لەلای حککع، نەتەوەپەرستی و رەگەزپەرستی و زۆر شتی ناشرینی ترە کە مەگەر هەر لە فەرهەنگی خۆیاندا ببێت و بەلای دیوە قەڵبەکەی ترەوە، زۆر گرنگ نییە ئێمە کورد بین، بەڵکو هەموومان نەتەوەی موسوڵمانین!.
- تیرۆر بەلای بزووتنەوەوە جیهادە و بیرمان نەچووەتەوە کە چۆن چەکدارەکانیان گوێی کوژراوی یەکێتییان دەبڕی و بەوانەشی لە هەولێر خۆیان تەقاندەوە دەڵێن برا و زۆر کاری تر. بەلای دیوە قەڵبەکەی ترەوە کە حککعە هەر ئاو خواردنەوەیە و خوا بەو رۆژە نەکات گەر دەستیان بڕوات ئەوی بڵێت من کوردم لە سەددام خراپتر ئەنفالی دەکات و لە "لینین و ستالین" تیرۆریستتر دەردەچن.
- هەردوو دیوە قەڵبەکە بەردەوامن لە دژایەتی و تێکدانی زمانی کوردی و تا بۆیان بکرێت بە زمانە بێگانەکانی عەرەبی و فارسی ئاخاوتن دەکەن و هەرچییەکیش بخەنە سەر کاغەز بە ئەنقەست بە کوردییەکی واهی دەنووسن کە

کــورد لـــە پـــەنجاکانی ســـەدەی رابردووشـــدا واهـــی نەینووسیوە.

- هــەردوولا بــەپیلانی بێگانــە خــەریکی تێکــدانی ریزەکــانی بزووتنەوەی کوردایەتین و دژی هەر یەکڕیزییەکی کــوردن. چونکە بازاڕی ئەمان لە دووبەرەکیی ریزەکانی کوردایە.

زۆری تر و بەهیوای کارکردنتانم بۆ ئەو دوو بڕیارە... دڵنیــابن زۆرینــەی خەڵکی پاڵپشتتانە...

2004-05-10





# پیرۆزتان نەبێت[1]

وابــزانم لــە ژیانمــدا هێنــدەی ئــەم ســاڵ و نیــوەی رابــردوو خولیــای دەنگوباس نەبووم. دیارە هەر بەتەنیا منیش نیم, چونکە بەهەر کەسێك دەڵێم خەریکی چیت؟ دەڵێت دەنگوباس.

دەنگوباســەکان یارییــەك و ئەشــکەنجەیەکی دەروونیــی تــەواون بــۆ ئێمە. جار هەیە زۆر خۆشە و جاریش هەیە ناخۆش. بەڵام لەو ماوەیــەدا باوەڕناکەم لەم چەند رۆژانەی ناخۆشتر تێدا بووبێت. چونکە هــەموومان بینیمــان و بەتــەواوەتی بۆمــان دەرکــەوت کــورد یــان باشــتر وایــە بڵــێم ئەوانەی خۆیان کردووەتە کوێخای کورد لــە بەغــدا هیچیان بــۆ نــەکرا و ئەوەی ئەوان ساڵێکە لە بەغدا خەریکین و بــە دەنگوبــاس و راگەیاندنــە ســەرتاپا نادروســتەکانیان بــەرگی کوردایــەتی و ســەربەخۆییان بەبــەردا کردبوو, هاتە سەر "نایبی".

کێ دەتوانێت بۆمی بسەلمێنێت لەدوای رووخانی سەددامەوە ئێمە و دۆزەکەمان یەك بست بەرەوپێشەوە چووین. دیارە کەس.

کێ دەتوانێت پێم بڵێــت دەســتەڵاتی رۆژ نــووری شــاوەیس لــە تــەها محێدین مەعروف زۆرتر دەبێت. دیارە کەس.

[1] رۆژنامەی میدیا - ژمارە 163 - 2004-06-01 - لاپەڕە 5 - هەولێر - کوردستان.

ئەی کێ دەتوانێت پێم بڵێت دەستەڵاتی بەرهەم ئەحمەد لە تەها جەزراوی و ئومێدناموبارەك زۆرتر دەبێت. دیارە ئەوەشیان هەر کەس.

دەزانن بۆ؟ چونکە سەرۆکی ئێڕاق هەر سەددامە و حکومەتەکەی لە بەعسەوە بووەتە چەند بەعسییەك و داگیرکەریش هەر ئێڕاقە و کەرکوکیش شارێکی کوردی نییە.

زۆر جار سەددام دەیگووت ئەو بارودۆخەی باکوور کاتییە و ڕۆژێك هەردەگەڕێنەوە باوەشی ریزی نیشتمانی. ئەوە فەرمایشتەکەی سەرۆك هاتەدی و کوردستان گەڕایەوە باوەشی ریزی نیشتمانی و هیچیش نەگۆڕدراوە. تەنها ئەوە نەبێت لە هەموو شتێکدا وەك جاران نایبین و تەنیا ناوەکانیان گۆڕدراوە... پیرۆزتان نەبێت...

2004-05-29





# خەرواری (نووسین و بیر) و بێگوێیی دەستەڵاتی کوردی![1]

لەپاش راپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستانەوە, تاڕادەیەك هەنگاوی "ئازادیی بیروڕا و ڕۆژنامەوانی" دەستیپێکرد. لەو ماوەیەدا ئەگەر کەمم نەگووتبێت هەزاران کتێب, سەدان گۆڤار و ڕۆژنامە, هەفتەنامە, نیومانگنامە و وەرزنامە هاتنە چاپ و پەخشکردن. دەیان هەزار وتار و کورتە لێکۆڵینەوە نووسران. لەسەرەتای ئەم هەزارەیەشەوە کەناڵی ئنتەرنێت چووە ماڵ و نووسینگەی زۆربەی ئەوانەی خۆیان بەکاری پەخش و نووسینەوە سەرگەرمکردووە چ لە ناوەوەی وڵات و چ لە دەرەوەیدا. ئەوانەشی کە بەزۆری زۆرداری سواری کۆڵی ئەو کارەبوون لە هەموو کەس زۆرتر ئەو کەناڵە بەکاردێنن. هەر لە هەمان کەناڵدا و لەو ماوەیەدا شەوانە تا درەنگانێك هەزاران کۆڕ و کۆبوونەوە لە ژوورە ئەلەکترۆنییەکانی وەك پاڵتاڵك و مەسینجەردا بەستراوە و دەبەسترێت. جاری واهەبووە لەیەك ڕۆژدا ڕێکەوتی لە دوو "وتار" زۆرتری "نووسەر"ێکم کردووە کە نەبیری بیر بووە و نە زمانی زمان بووە و نە ڕێنووسیشی ڕێنووس!.

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 166 – 2004-07-15 – لاپەڕە 5 – هەولێر – کوردستان. ماڵپەڕی پاسۆک.

کورت و کرمانجی زۆر نووسراو زۆر وترا و دەکرێت پێی بگووترێت خوێنبەربوونی وتار و کۆڕ. دیارە جگە لەو وتارانەی کە هەندێك کۆنە جاش قەڵەمی نێو رۆژنامەی پارتەکان بڵاویاندەکردەوە و سووتەمەنیی جەنگی ناوخۆیی بوون, بەڵام خۆشبەختانە زۆرینەی زۆریان کەم تا زۆر لە خزمەتی بەرەوپێشچوونی ئەزموونی ئەو ساڵانەی پاش راپەڕین بووە.

ئەگەر ناوەڕۆکی زۆربەی ئەو نووسین و کۆڕانە چڕوپڕ بکرێنەوە, دەکرێت ئەم خاڵانەی لێوە هەڵبهێنجرێت:

- شەڕی ناوخۆ رابگرن.
- هەردوو حکومەتی سلێمانی و هەولێر بکەنەوە بەیەك.
- پەرلەمان کاتی بەسەرچووە و کارێك بۆ رەوایەتیی بکەن.
- سنوورێك بۆ ئیسلام و تورکمانی سیاسی دابنێن و لەوە زۆرتر بەهێزیان مەکەن.
- یەك وتاری رامیاریتان ببێت.
- فێری قسە بڕن و بزانن چی دەڵێن, (بەتایبەتی لەدەرەوەی کوردستان و زۆر بەتایبەتیش کاتێك هاتووچۆی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دەکەن).
- بەرژەوەندیی پارتییانەتان مەکەنە قوربانی ستراتیژی نەتەوەیی.





- ساڵێکی رێك لە بەغدا چتان کرد و ئایا هیچ رێکەوتنێك لە نێوان ئێوە و هاوپەیمانانندا هەیە.
- ئەوەندە بە شانوباهووی تورك و ئێران و سووریای داگیرکەر و سیستانی و بەرەی تورکمانیدا هەڵمەدەن.
- چیتان بۆ کەرکوك کرد و لەوە زۆرتر بارودۆخی تێکمەدەن.
- ئەوەندە ژەهری عێراقچێتی بڵاومەکەنەوە و باسی برایەتیی درۆزنەی کورد و عەرەب مەکەن.
- هێڵە سوورەکانمان مەپەڕێنن و زۆری تر....

ئەمانە دەکرێت بگووترێت بەگشتی کرۆکی ئەو هەموو نووسین و کۆڕە پۆزەتیڤانەن. دیارە کۆمەڵانی خەڵکیش هەمان رایان هەیە و بۆ نموونە هەرچی دەم دەکاتەوە دەڵێت تکایە هەردوو حکومەتەکە بکەنەوە بەیەك. تەنانەت هەردوو کەناڵی کوردسات و کوردستان تیڤیش دوو بەرنامەیان هەیە بۆ پرس و رای خەڵکی و لە هەرچی دەپرسن دەڵێن تکایە یەکبگرنەوە. دیارە بەقسەشیان ناکرێت و هەردووڵاشیان خۆیان بەدوو رێکخراوی "جەماوەری" دەزانن. ئەی ئەگەر "جەماوەرین" بۆ بەقسەی جەماوەر ناکەن؟!.

هەرچۆنێك بێت لەو دەیان هەزاران وتار و کۆڕانەی کە زۆربەیان ئاراستەی ئەو دوو دەستەڵاتەی کوردستانی بندەستی داگیرکەری

ئێراق[1] کراون, چۆن نووسراون و چۆنیش گووتراون, هەروا وەکو خۆیان ماونەتەوە. چونکە رێژەی لەسەدا نیوشی لەلایەن ئەوانەوە پیادە نەکراون. لەوانەیە تا ئێستا هەزار نامەی کراوە لەلایەن نووسەران و رۆشنبیرانەوە بۆ ئەو دوو دەستەڵاتە و رابەرانی بەرێکرابن. بەڵام بێ وەڵام بوون. هەربۆیە دەکرێت بگووترێت لەو لایەنەوە بەداخەوە هەوڵی نووسەران و رۆشنبیران لە ئاست ئەو دوو دەستەڵاتەدا هێزکارێکی ئەوتۆی نەبووە. چونکە لەلایەن بەرەی بەرامبەرەوە هیچ گوێگرتن و وەڵامدانەوە و بەقسەکردنێکی واهی نەبووە کە شایانی باس بێت. هەروەکو ئەو وتار و کۆڕانە بەڕووی بەردێکدا درابێت وابووە!.

هۆی ئەم تاکوەستانەوە و تەنها خۆبەراستزانییەی ئەو دوو دەستەڵاتە لەو ماوەیەدا بووەتە هۆی دروستبوونی هەنگاوێکی نائومێدی لەنێو دەستەی نووسەران و رۆشنبیراندا. چونکە دەستەی یەکەم لەو ماوەیەدا بەردەوام خەرەکی رستووە خۆیی خواردووەتەوە و دەستەی دووەمیش کە دەستەڵاتە هەردوو گوێی خۆیی کەڕ کردووە و هەر خەریکی بەرژەوەندیی مانەوە و بەهێزکردنی دەستەڵاتەکەی بووە. ئەو نائومێدییە کە ئێستا "بەڕای من" بەراییەکانی دەرکەوتووە, بەوەی ئێستا لە جاران کەمتر دەنووسرێت و کۆڕ دەبەسترێت و شانبەشانی

[1] دەوڵەتی ئێڕاق, لای من هێشتا هەر داگیرکەرە و ئەو "ئێڕاقی هیوا و ئاشییەشی!" پارتە کوردستانییەکان رێکلامی بۆدەکەن, کارێکی ئەستەمە بەبێ ئەوەی سنووری کوردستان تا سەر زنجیرە چیای حەمرین دیاری بکرێت.





ئەوەش جەماوەر رۆژ بە رۆژ لەو دەستەڵاتە سیاسییەی کوردستان وەڕەزتر دەبن. دیارە ئەوەش دەبێتە هۆی زیانێکی گەورە بەرەوشی کوردستان و چارەنووسی پاشەڕۆژە نادیارەکەی کە ئەو پاشەڕۆژە نادیارە دەستەڵاتی سیاسیی سرکی بێگوێی باشووری کوردستان یەکەمین هۆکارێتی...

پرسیاری من لێرەدا ئەمەیە:

راستە ئێستا نائومێدییەك چینی نووسەران و رۆشنبیرانی گرتووەتەوە, بەڵام دڵنیام وشەی ئەوان کەم تا زۆر هەر بەردەوام دەبێت, لێ تاکەی دەستەڵاتی کوردی ئاوا بێگوێیە؟ ئەوەیان پەیوەستە بە ژیرێتیی خودی دەستەڵاتی کوردییەوە و دڵنیاشم درێژەدان بەم سرك و بێگوێییە, کۆتایی هێنانە بەو هەلە مێژووییەی کە ماوەی سێزدە ساڵە تێیدا دەژین, بەبێ ئەوەی کارێکی ئەوتۆ کرابێت کە شایانی باس بێت.

بەڵام ئایا خۆڕێکخستنی ئەم جارەمان دەبێت چۆن بێت بۆ هەلێکی تر کە لە پاشەڕۆژێکی نادیاردا بۆمان دێتە پێشەوە؟. لەو هەلە نادیارەی داهاتوودا دڵنیام لە دڵسۆزیی زۆرینەی نووسەران و رۆشنبیران. بەڵام مەخابن لە گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی کوردی و میکانیزمی راوێژکاری بۆ چارەسەری کێشەکان دڵنیانیم.. چونکە دەستەڵاتی کوردی ئێستاش بەبیری تیرە جیاوازەکانی ماد و میرنشینە کوردییەکانی سەدەی ناوەڕاست بیردەکاتەوە و کاردەکات...

2004-07-10





# ئایا دەزانیت![1]

- ئایا دەزانیت خانزاد پێش ئەوەی لە 1614دا کۆچی دوایی بکات, بووە ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی سەربە پارتی. بەڵگەشم بۆ ئەوە پەیکەرەکەی ئێستایەتی لە هەریر چونکە ئاڵایەکی زەردی لەدەستنراوە.
- ئایا دەزانیت, ئاڵای داگیرکەری ئێراق لە هەولێر و شوێنەکانی تری ژێر دەسەڵاتی پارتی قەدەغەیە, کەچی لای زەڕنگەرەکان ملوانکەی زێڕی ئاڵای ئەنفال دەفرۆشرێت.
- ئایا دەزانیت, نرخی باشترین زەوی لەشاری سلێمانی بۆ یەک مەتر چوارگۆشە 50 دینارە ئەگەر بەرپرسێك بیت و 500 دۆلارە ئەگەر هاووڵاتییەکی سادەی وەك من بیت!.
- ئایا دەزانیت گۆرانیی پرتوقالە بووەتە ئەفیونی کورد و مەسەلەی کەرکوك و سنووری کوردستان و یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتی لەبیر خەڵك و بەرپرسانی کورد بردووەتەوە.

[1] رۆژنامەی میدیا – ژمارە 170 – 16-09-2004 – لاپەڕە 5 – هەولێر – کوردستان.

ئەم بابەتەم لەناو ئوتومبیلدا نووسی, لە کاتێکدا لەگەڵ کاك ئاکۆ محەمەدی سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا لە هەولێرەوە بەرەو دیانا دەچووین.

2004-09-12

هەولێر – کوردستان



وشە پەڕتەوازەکان (بەرگی یەکەم) هاوڕێ باخەوان

# چیم دی و چیم بیست![1]

ئەمساڵ بەهیچ جۆرێك لەبەرنامەمدا نەبوو بچمەوە بۆ وڵات. لە کۆتایی مانگی ئۆگەستدا چەند هەڤاڵێکم پێکەوە گەشتێکیان بۆ کوردستان ڕێکخست و بڕیاریاندا ڕۆژی 4ی سێپتێمبەر بگەڕێنەوە. منیش نازانم چۆن بەسەرمدا هات و لەگەڵیاندا بڕیاری گەڕانەوەمدا و دوو هەفتە مۆڵەتم لە خێزانم و لە کارەکەم وەرگرت[2].

لەو گەشتە کورتەمدا زۆرم دی و زۆرم بیست:

* ڕۆژی 4ی سێپتێمبەر لە ئامستەردامەوە بەڕێکەوتین و بۆ ئێوارەکەی لە ئەستەمبوڵەوە گەیشتینە دیاربەکر. لە فڕۆکەخانە شۆفێرێکی کورد چاوەڕوانی دەکردین و پێشتر ئەمەمان لە هۆڵاندەوە ڕێکخستبوو، بەو سیفەتەی کە ئەم شۆفێرە پیاوێکی باشە و دەستمان لەبندا نابڕێت. یان چ نەبێت لەمەچەکەوە بۆمان لێدەکاتەوە!. لێ ئەمیش وەکو هەموو ئەو شۆفێرە کوردانەی تریش کە من پێیاندەڵێم (مافیای کوردی بندەستی ئێراق) هەر دەستبڕ دەرچوو و بردینییە

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 171 – 30-09-2004 – لاپەڕە 8 – هەولێر – کوردستان. ماڵپەڕی کوردستان نێت – 01-10-2004.

[2] ئەو بەڕێزانە بریتیبوون لە: کاک بەختیاری شەمەیی، کاک حەمە ڕەشید هەرەس و کاک کاروان قەراخی.

هۆتێلی (گراند گولەر) لە ئامەد و خاوەنی هۆتێلەکەش لەخۆی دەستبڕتر بوو.

جاران لە تورکیا بە 5 هەزار لیرە دەچوویتە توالێت, بەڵام ئێستا خۆشبەختانە بووەتە نیو ملیۆن!. لەمەوە هەڵچوونی نرخی شمەکەکانی تر پێوانە بکە و بزانە ئابووریی داگیرکەری تورك لەماوەی چەندساڵێکی کەمدا چیی بەسەرهاتووە.

لە دیاربەکر بەبیستنی موزیکی کوردی بەدەنگی بەرز و ئاشکرا زۆر خۆشحاڵ بووم. لە گەشتەکانی پێشوومدا ئەمە نەبوو.

بۆ سبەینێ کە بۆ سلۆپی بەڕێکەوتین کاکی شۆفێر ئێمەی لە شاری جەزیرە بە دوو شۆفێری تری دەستبڕ گۆڕییەوە و بردینییە خاپوور.

تائێستا چوار جار لە خاپوورەوە چوومەتەوە بۆ باشوور و تاوەکو ئێستا شۆفێرێك و خاوەن هۆتێلێکم نەدیووە کەمێك وەك خۆیان دەبێژن "خۆرت" بێت. ئەوەی من دیوومە دەستبڕ و ساختەچین, زۆر کەمیشم بیستووە کەهەڤاڵێکم لەگەڵ یەکێکی باشدا هاتووچۆی ئەو ڕێگایەی کردبێت و دەستی نەبڕدرابێت. بەداخەوە تێکەڵاوبوونی زۆرینەی ئێمە بۆ کوردی باکوور بەزۆری لەڕێی ئەو شۆفێر و خاوەن هۆتێل و چێشتخانانەوەیە و لەوانەیە لای زۆربەمان ڕەنگدانەوەیەکی خراپی بۆسەر هاوزمانانی باکوور ببێت. بەڵام من خۆشبەختانە تێکەڵی خەڵکانی تری باکوور بووم و دەزانم کە بەو شێوەیە نییە و ئەو دیاردەیە بەزۆری مافیاکانی کوردی بندەستی ئێراق دەگرێتەوە, کە





ئەوانیش خاوەن تاکسی و هۆتێل و چێشتخانە و توالێتەکانن کە مەحاڵە هیچ کاتێك پارەی زۆرترت لێوەرنەگرن.

* پاش ئەو دەستبڕینانە لای نیوەڕۆی ڕۆژی 5ی سێپتێمبەر گەیشتینە سەرپردی خاپوور و لەوێ لەهیچ و خۆڕایی بۆ مۆرێك چوار کاژێری ڕێك لەو گەرما و تەپوتۆزەدا ڕایانگرتین و بەپێچەوانەی ئەو هەموو ڕێز و خزمەت و ماچوموچەی کە لە شارەکانی باشووردا لە ئەمان و نۆکەرانیان دەنرێت! خەڵکانێکی زۆر لەو سەر پردەدا ئیهانە دەکرێن و بەدڵشکاوییەوە ئەمدیو و ئەمدیو دەکەن و زۆریشیان تۆببە دەکەن جارێکی دی ئەو سەرپردە نەبیننەوە. بەڵام لەگەڵ ڕێزمدا تۆببەی گورگ مەرگە و پاش چەند ساڵێکی دی بیری کەس و کار و وڵات دەتخاتەوە هەمان گێژاوەوە و ناچاریت بەخواستی خۆت دەستت ببڕن و ئیهانەت بکەن, تا جارێکی تر چاوت بە کەس و کارت دەکەوێتەوە.

زۆرمان خۆمان دانا بۆ فڕۆکەخانەکانی هەولێر و بەکرەجۆ! بەڵام لەوە دەچێت ئەوانیش وەکو ئەو شەمەندەفەرە بێت کە دەیان ساڵە دەڵێن دەگاتە سلێمانی!.

* دەمەوئێوارە گەیشتینە شارە جوانەکەی دهۆك و ئەو ڕۆژەشمان لەکیسچوو و نەمانویست بەشەو بگەڕێینەوە سلێمانی. لە هۆتێل سۆلاڤی دهۆك دابەزین. لەم هۆتێلەدا هەموو بۆردەکان بەزمانی عەرەبی بوون و یەك تاکە وشەی کوردیم لەو هۆتێلەدا نەبینی, تەنانەت فاتوورەی هۆتێلەکەش هەر عەرەبی بوو. دیارە ئەم دیاردەیە لە

شارەکانی بادینان‌دا پاشاگەردانییەکی گەورەیە و ناکرێت و نابێت پاش 13 ساڵ راپەڕین هێشتا زمانی کار هەر عەرەبی بێت.

* ئێوارەکەی بەدهۆکدا پیاسەیەکمان کرد و هەندێك بە کتێبخانەکانی شاری دهۆکدا گەڕام کە ژمارەیان هەر زۆر کەمە. زۆرینەی کتێب و گۆڤار و رۆژنامەکان بەعەرەبی بوون و لە ژمارەی هاتووچۆکەرانی کتێبخانەکانەوە یەکسەر هەستم کرد کە خەڵکی لێرە کەم دەخوێننەوە و لە هەموو کتێبخانەکانیشم پرسی ئایا خەڵکی دەخوێننەوە؟ ئایا بە چ زمانێك دەخوێننەوە؟. هەر هەموویان دەیانگووت خەڵکی زۆر کەم دەخوێننەوە و زۆربەشیان بەزمانی عەرەبی دەخوێننەوە و بڵاوکراوە کوردییەکان کڕیاریان زۆر کەمە. لە هەمووی سەیرتر یەکێك لە خاوەن کتێبخانەکان کە دەرچووی کۆلێژی یاسا بوو! دەیگووت عەرەبی زمانێکی جیهانییە و پاش کۆمەڵێك ستایشی ئەم زمانە وتی: من تا عەرەبی وەستابێت, کوردی هەر ناخوێنمەوە و تەنها تەماشای کەناڵە عەرەبییەکان دەکەم و کەناڵی کوردی هەرناکەمەوە.

منیش نەمتوانی وەڵامی نەدەمەوە و دڵ و مێشکە عەرەبییەکەی ئاو نەدەم و ... وادیاربوو لە وەڵامەکەی من زۆر تووڕە بوو و ئەگەر قسەیەکی ترم بکردایە ئەوا لەسەر زمانی عەرەبی دەیکردمە دەرەوە!.

* کۆنتڕۆڵ و بازگەکانی سەر رێگاکانی هەردوو پارتی و یەکێتی زۆر بەڕێزبوون. بەڵام تاکو ئێستا هەریەك لەوان پسووڵەی هاتنە ژوورەوەی جیاوازی خۆیانیان هەیە و کەسیان دان بەوەی تردا نانێن و پێویستە بزانیت کۆنتڕۆڵەکە هی چ لایەکیانە و ئەو پسووڵەیەشی دەیاندەیتێ هی





کامیانە. جاران دەبووایە 50 دۆلارت بدایە پارتی و چەند سەد دینارێکیشت بدایەتە یەکێتی بۆ ئەو پسووڵانە, بەڵام ئێستا بەهۆی ئامریکییەکانەوە ئەوەش نەماوە.

* بەپشکنینی عارەبان و ئوتومبیلی وان زۆر دڵخۆش بووم و کۆنتڕۆڵەکان زۆر چاوکراوە و لەسەرپێن. هەر گومانێکی بچووك بکەن یەکسەر دەتپشکنن. خۆ ئەگەر عەرەب بیت و ئوتومبیلەکەت ژمارەی شارە ناکوردییەکانی پێوەبێت, ئەوا دەخرێیتە لاڕێ و ئەوانیش زۆر بەباشی دەتپشکنن. دەستیانخۆش بێت لەبەر دوو هۆ: یەکەم بەم کارەیان هێرشە تیرۆریستییەکانیان بنبڕکردووە. دووەم مێژووی ئەوکاتی بەعسبیانیان پێچەوانە کردەوە کە ئەوان ئێمەیان بەبێ هیچ هۆیەك دەپشکنی. بەڵام جیاوازیی ئەو دوو پشکنینە ئەوەیە کە ئەوانەی لای ئێمە زۆر بەڕێزن لەگەڵ ئەو عەرەبانەدا و تەنانەت کەپری بەرز و درێژیشیان بۆ دروستکردوون تاوەکو لە کاتی پشکنیندا لەبەر هەتاو و باران نەوەستن. ئەمەش بەدڵنیاییەوە لەوەوە هاتووە کە ئێمەی کورد لە عەرەب بەڕێزتر و ئاشتیخوازترین. لەو پشکنینەدا هەموو مافێکیان پێدەدەم, چونکە تیرۆریستان ئەگەر بەڕەگەزیش عەرەب نەبن کە ئەمە کەم روودەدات, ئەوا بیریان هەر عەرەبییە.

* ئەمجارەیان وڵاتم لە جاران سەوزتر بینی. دارستان و نزارەکان بەهۆی نەبڕینەوەیانەوە بەخۆدا هاتوون و گەورەبوون. بەگشتی خزمەتیان دەکرێت, ئەگەرچی وەك پێویست نییە. دیاردەی نەمام ناشتن لەزۆربەی شوێن و شارەکاندا بەرچاوە و رۆژانە نەمامەکان

ئاودەدرێن. خزمەتکردنی بەردەوامی ئەو نەمامانە لە چەند ساڵی داهاتوودا وڵاتمان سەوزتر دەکات.

یەك لە هۆیەکانی تری سەوزتربوونی وڵات لێدانی ئەو هەموو بیرانەیە لەلایەن بیرهەڵکەندەکانی کوردی بندەستی داگیرکەی سوورییەوە, کە ژمارەیەکی زۆریان بەئامێری بیرهەڵکەندنی رووسییەوە هاتوون بەمدیودا و بەنرخێکی گونجاو کە رۆژانە رووی لەخوارییە بیرێکی 40 تا 50 مەتری هەڵدەکەنن.

* ژینگەی وڵات پیستر بووە, بەهەر شوێنێکدا بڕۆیت و لە پەنجەرەی ئوتومبیلەوە بنواڕیتە دەرەوە بێژمار زەرفی پلاستیك, پەرداخی پلاستیك, قوتوی خواردنەوە و پاکەتە جگەرەت بەرچاودەکەوێت. شوێنم دیوە لەبەر زەرفی پلاستیك رەشی کردووەتەوە.

دووکەڵکێشی کارگەکان زۆر نزمن. گەر لە پیرمام و گۆیژەوە بنواڕیتە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی ئەوکات دەزانیت چ دووکەڵ و تەپوتۆز و پیسی بەسەر ئەو شارانەوەیە.

* ژمارەی ئوتومبیل بەشێوەیەکی ترسناك لەزۆربووندایە و ئەمیش یەکێکە لە هۆیەکانی پیسبوونی ژینگە و نارێکوپێکیی شارەکان, چونکە ئوتومبیل رۆژانە لە زۆربووندایە و ژمارە و پانتایی شەقامەکانیش هەروەك خۆیانن بەتایبەتی لە سلێمانی. ئوتومبیلەکانی ئێستای وڵات زۆربەیان ئەوانەی دەستی دوون کە لە ئەورووپاوە دەنێردرێنەوە و ئەوانی تریش ئەوانەی دوای جەنگی رزگاریی ئێراقن کە لە شارەکانی تر





کڕدراون یان دزراون. بەم ئوتومبیلانە دەگووترێت علوج و من وام هەست کرد کە ژمارەی ئەم علوجانە لە سلێمانی زۆر زۆرترین وەك لە هەولێر و دهۆك. نەشمتوانی هۆیەکەی بەتەواوەتی بزانم. چونکە هەبوو دەیگووت زۆربەیان دزین و هەشبوو دەیگووت دزراون و کڕدراون.

* لەو رۆژانەی لە سلێمانی بووم لەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە کەخۆی دەیگووت لەسەدا سەدوپەنجا وایە, بیستم دیکتاتۆر سەددام حسێن لەلایەن ئامریکییەکانەوە هێنراوەتە هاوینەهەواری دوکان و ساجیدە و کچەکانیشی لە تورکیاوە هێنراون بۆ ئەوێ و لەوێ هەردوو لەسایەی ئامریکا و میوانداریی کوردەوە بەیەکتری شاد و شوکر بوونەتەوە و پاشان سەرۆك بۆ بەغدا و خێزانیشی بۆ ئوردون و وڵاتانی کەنداو گەڕاونەتەوە.

* لە سلێمانی جموجۆڵی بیناسازی بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو دیارە باڵەخانەی زۆر گەورە دروست دەکرێن و لە پاشەڕۆژدا یان لە دوو ساڵی داهاتوودا زۆربەیان تەواو دەبن و دەبنە هۆی جوانتربوونی شارەکە. بەڵام بەپێی زۆربەی وەڵامی ئەو کەسانەی من لێم پرسیوون, خاوەنی زۆرینەی ئەو باڵەخانانە بەپلەی یەکەم بەرپرسانی یەکێتین و بەناوی خەڵکی ترەوە ئەنجامی دەدەن و بەپلەی دووەمیش هی هەمان ئەو دەوڵەمەندانەیە کە لە زەمانی بەعسیشدا هەر دەوڵەمەند بوون و هاوکاریی بەعسیان کردووە و بەرتیلیان داوە و ئێستا لەجیاتی وان پارە و بەرتیل دەدەنە بەرپرسانی یەکێتی بۆ پاراستن و بەردەوام زۆرترکردنی ماڵ و سامانیان.

* لە ماوەی دوای رزگارکردنی ئێڕاقەوە خەڵکانێکی زۆر دەوڵەمەند بوون. دەوڵەمەندبوونەکەشیان لە دەیان ملیۆن دۆلار تێپەڕیوە. ئەم دەوڵەمەندبوونە رەوا نییە و کەس ناڵێت یان ناتوانێت پێی بڵێت تۆ ئەمەت لەکوێ بوو؟ و ئەو (لۆتۆ)یەت چۆن و کەی بۆدەرچوو.

* شارە کوردییەکان عەرەبێکی زۆری تێڕژاوە. ئەمانە هەندێکیان کرێکاری دەکەن, چونکە دەستی کرێکار لە شارە کوردییەکاندا کەمە و هەندێکی تریان عەرەبە دەوڵەمەندەکانن و بۆ پشوو و گەشت و گوزاری هاتوونەتە ئەوێ و زۆربەیان لە هاوینە هەوارەکانن و هەندێکیشیان وەك دەڵێن کچی عەرەب دێننە ئەوێ بۆ لەشفرۆشی. ئەم دیاردەیە زۆر باسدەکرێت و باس لە زۆر ناوی هۆتێلیش دەکرێت. بەڵام هەندێك هۆتێل جێی ئەمانە ناکاتەوە و ئەوانیش ناچار لەسەر شۆستەکان تابەیانی رۆژدەکەنەوە.

لە شەقڵاوا لە زۆر شوێندا ژووری حەسیری دروستکراوە و بەکرێ دەدرێنە عەرەب بۆ نووستن و پشوودان ئەوانیش ئەو ژوورانەیان کردووەتە شوێنی لەشفرۆشی. ئەوەی بۆ من زۆر مەبەستە لەم لەشفرۆشییەی عەرەب مەترسیی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە خراپەکانە لە شارە کوردییەکاندا.

* لە سلێمانی زۆربەی بەرپرسان خاوەنی کێڵگەی خۆیانن لە دەرەوەی شار. ئەم کێڵگانە هەندێکیان زۆر گەورەن و باخ و شوێنی حەوانەی تێداکراوە, شەوانە بۆ خواردنەوە و قومار و شەوبەسەربردن لەو شوێنانە کۆدەبنەوە..





* زێڕینگەر کاری زۆر باشە و باس باسی زێڕە. زۆر کەس و زێڕینگەر دەڵێن زۆربەی ئەوانەی زێڕ دەکڕن دۆستی بەرپرسانن.

* ئەگەرچی کوردستان بەسەر ساردکەرەوە و بەفردان و ئامێری کارەباییدا دەڕووخێت کەچی گۆشتفرۆشان تاوەکو ئێستا بەرهەمی گۆشت لەدەرەوە دادەنێن. بەو گەرمایە و لەبەیانییەوە تاوەکو ئێوارە دەمێنێتەوە. نازانم هەردوو وەزیری تەندروستی ئەگەر دکتۆر بن! ئەقڵیان بۆبەوە ناشکێت بەبڕیارێك ئەمە قەدەغە بکەن و گۆشتفرۆشان گۆشتەکانیان لە ساردکەرەوەدا دابنێن.

* ئاسایشی شارەکان زۆر باشە و شەو تا بەیانی پیاوانی ئاسایش بەکۆڵانەکاندا دەسووڕێنەوە و هەر رووداوێك رووبدا یەکسەر ئامادەن و خەڵکی ئاسایشی پارێزراوە. هەرچەندە خەڵکی دەربارەی ئەمە دەڵێن بەرپرسان لەترسی گیانی خۆیانە وا ئاسایشیان بەهێزکردووە نەك بۆ ئێمە. بەڵام هەرچۆنێك بێت بەهۆی گوڵە وەزیرێکەوە هەزاران گوڵە گزیر ئاودەخواتەوە. بەئاسایشی شارە کوردییەکان زۆر شادمان بووم.

* لە سلێمانی پەڕتووك و گۆڤار و رۆژنامەی زۆرم دیت. پێش راپەڕین ژمارەی گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکان چوار پێنجێك بوون و ناوبەناویش پەڕتووکێك دەردەچوو و فریای هەموویان دەکەوتین بیخوێنینەوە و زۆر جاریش هیچ نەدەمان و بەکۆنەکاندا دەچووینەوە. بەڵام ئێستا "ئەگەر" خوێنەرێکی زۆر باشیش بیت ئەوا فریای چارەکێکیان ناکەویت. زۆر مەراقم بوو بزانم ئایا ئەم هەموو رۆژنامە و گۆڤارانە دەخوێندرێنەوە؟! کەوتمە پرسیار و سەرئەنجامەکەشی جگە

لە رۆژنامەکانی هاوڵاتی, میدیا, جەماوەر و هەواڵ و یەکدوانێکی تر کە لە هەموو شارەکاندا خوێنەریان هەیە ئەوانی تر لۆکاڵن و کەمدەخوێننەوە. تەنانەت هەندێك خاوەن کتێبخانە پێیان گووتم وەکو خەڵکیش نایانکڕێت بووشن بەبەڵا بۆ ئێمە و جێگەیەکی زۆری لێگرتووین.

* بڵاوکراوەی عەرەبی لەلایەن دەزگا کوردییەکانەوە زۆر دەردەچن, بەڵام لەزۆر کەسم پرسی ئایا عەرەبێك هەبێت ئەمانە بخوێنێتەوە؟ هەموویان بە نەخێر وەڵامیان دامەوە. زۆر بەداخم بۆ خەسارکردنی ئەو کاغەزانە.

* رۆژێك لە کتێبخانەیەك خەڵك زۆر هەواڵی رۆژنامەی کوردستانی نوێی دەپرسی. منیش دڵخۆش بووم کە خەڵك زۆر هەواڵی رۆژنامان دەپرسن و دیارە دەبێت بابەتی گرنگ بڵاوبکاتەوە. کەچی خاوەن کتێبخانەکە گووتی (نە کاکە گیان ئەوە لیستەی ناوی تاقیکردنەوەکانی تیوری بڵادەکەنەوە بۆیە خەڵك وا عەوداڵییەتی).

* کە یەکەم رۆژ چوومە ئیبراهیم خەلیلەوە لەیەکەم ژووری بازگەی پارتی تەلەڤزیۆنێك دانرابوو و خرابووەسەر کوردستان تی ڤی. جگە لەو رۆژە و یەك دوو جاری تر لە هیچ شوێنێك و هیچ ماڵێك نەمدیوە و نەمبینیوە تەلەڤزیۆن بخرێتە سەر کەناڵێکی کوردی. چونکە هەموویان لەسەر ئەو کەناڵانەن کە گۆرانیی عەرەبی لێدەدەن. کورت و کرمانجی تەعریب هەر بەردەوامە و خراپتر بووە. چونکە جاران تا تەلەڤزیۆنی کەرکوك نووزەی تێدابووایە, کەم سەیری کەناڵی بەغدا دەکرا.





* لەناو شارەکان ئێستا تاکسی نوێ و پاك زۆربوون, هەمووشیان ریکۆردەر و رادیۆی باشیان تێدایە. زۆرجار بۆ هاتووچۆی ناوشار تاکسیم بەکاردێنا. لەو هەموو تاکسییەدا جگە لە گۆرانیی عەرەبی و تورکی! بۆ تاکە جارێك گوێم لە گۆرانیی کوردی نەبوو.

* ئەلبوتوقالە! ئەمەیان ئێستا بۆ وڵات ئەووەل بابە و دەبێت بەتایبەتی باسی بکەم. ئەم ئەلبوتوقالەیە ناوی کلیپێکی گۆرانیی عەرەبیی ئێراقیی شروگییە. کە بەشدارانی بریتین لە مەی ئەکرەم و وەحید کە دوو کەسی رەوشت نزمن و گۆرانییان بۆ سەددام و قادسییە دەگووت و لەم گۆرانییەشدا کچەکەیان و کۆمەڵێك شروگیی لەشفرۆشی تر بەشدارن. ئەم ئەلبورتوقالەیە هەموو کوردی خەریك کردووە, لەناو تاکسی ئەلبورتوقالەیە, لە رێستوڕانت ئەلبورتوقالەیە, لە ماڵی وەزیر ئەلبورتوقالەیە, لە ماڵی گزیریش هەربەو شێوەیە. لەم کاتەدا ئەلبورتوقالە لە حەمرین گرنگترە لە کوردبوونی کەرکوك و موسڵیش خۆشەویسترە. کەناڵە عەرەبییەکانیش بەمڕۆژگارە هەر ئەلبورتوقالەیە. ئەلبورتوقالە کارێکی وایکردووە کە منداڵانی دوو سێ ساڵە بهێنێتە سەما و بە ئەلبورتوقالە گۆش بکرێن. تەنانەت لە هەولێر دوکانێکی نوێم بینی نووسرابوو ئەلبورتوقالە!.

پاشتر بیستم کە جگە لە ئەلبورتوقالە, ئەلتوففاحە و ئەلڕوممانەش داهاتوون! بەڵام من خۆشبەختانە هیچیانم نەبینی.

* خۆشبەختانە هیچ دەنگوباسێکی کۆمۆنیستە ئێراقچییەکانم نەبیست, لە کوردستان هیچ بنچینەیەکی جەماوەرییان نییە و لەوەدەچێت تەنیا لەسەر تۆڕی ئنتەرنێت هەبن.

* ئەوەی بیستم گروپی کوردیی کەرکوك زۆر ناکۆکن, ناکۆکییەکەشیان ئێستا ئاشکرایە و هەر ئەندامانی ئەنجوومەن خۆیان لە رۆژنامەکاندا شەڕە قسەیانە. دیارە پێویست ناکات بڵێم ئەو ناکۆکییە بەهۆی پارتی و یەکێتییەوەیە.

* بەرێبواری چوومە کەرکوك و هەردوو بازگەی سلێمانی — کەرکوك و کەرکوك — هەولێر کورد بوون و ژمارەیەکی کەم ئاڵای وڵاتم بینی. گەڕەکە کوردەکانی قەراخ شار هێشتا هەر بێخزمەتن و لەگەڵ سەردەمی بەعسدا هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆم بەرچاو نەکەوت.

* لە هەولێر خانەخوێیەکم بردمییە رێستورانتی کۆشکی پاشا بۆ فراڤین خواردن. شوێنێکی خۆش و خواردنێکی باش. بەڵام لیستی خواردنەکەیان بەعەرەبی بوو و گووتم بۆ کوردی نییە؟ گووتیان لەبەر عەرەب چونکە تێناگەن! ئەم پرنسیپە تەنها لە وڵاتی ئێمە هەیە و دەبێت ئەوانە هەموویان بەکوردی بن و ئەگەر لەپاڵدا بەعەرەبی و زمانی بێگانەی تر بن ئەوا لاریم لێی نییە. دیارە نەزانینی سیاسەتی مامەڵەی بەرامبەر لەلایەن رابەرانی کوردەوە رەنگدانەوەی ئەم وردەواڵانەیە.

* لەگەڵ خانەخوێیەکی ترمدا ئێوارە چووینە یانەی تاڤگە لە عەین کاوەی دەرەوەی هەولێر تاوەکو کەمێك سەرمان گەرم بکەین. ئێمە لە باخچەی یانەکەدا چووینە پشتەوە و لەنزیك پەردەیەکی درێژەوە





دانیشتین. یەکسەر خانەخوێکەم گووتی دەزانیت ئەو پەردەیە چییە؟ گووتم نەخێر. گووتی ئەوە جێیەکی تایبەتییە بۆ بەرپرسانی پارتی لەوێ دەخۆنەوە و قومار بەدۆلار دەکەن و نیوەشەو یان دەمەوبەیان دەڕۆنەوە. کە قسەکانی تەواوکرد یەکسەر بەرپرسێکی پارتیم بینی و بەفەرمووفەرموو کردیانە پشت پەردەوە.

* کتێبخانەکانی هەولێر چۆڵ بوون و جاران زۆر ئاوەدانتر بوون و هێشتا هەر پڕن لە بڵاوکراوە ئیسلامییەکان. چاخانەی مەچکۆش ئەو ئاپۆڕایەی جارانی لەلام نەمابوو.

* بارەگای پی. ئێم. ئێف هەر لە هەولێر مابوو و کەسیش نازانێت کەنگێ باردەکەن!.

* بەرپرسێکی یەندەك میوانداریی کردم و بەگێڕانەوەی هەندێك شتی زۆر خۆشحاڵ بووم. دەیگووت لەکاتی جەنگی رزگاریی ئێراق و هێرش کردنە سەر شاری مەخموور هەموو عەرەبە تەعریبەکانی ئەو ناوچانەمان دەرکرد و شێخەکەشیانمان دیل کرد و عەگالەکەی سەریمان کردە ملی و لەناو ئاودەستخانەی بارەگاکەماندا پەتمانکرد. بەوشێوەیە گەرماوگەرم عەرەبمان تێدا نەهێشت و ئێستا بووەتە یەکێك لە ناوچە بێکێشە ئازادکراوەکان.

پاش گێڕانەوەی ئەو یاداشتانەی, گفتوگۆی کەرکوکمان کرد و دەمانگووت کاشکی هەمان رەوتار لەگەڵ ئەو عەرەبانەی کەرکوکدا بکرایە و گەرماوگەرم دەرمانبکردنایە و ئێستا رەوشی کەرکوك شتێکی تر دەبوو.

* دیانا شارێکی زۆر خۆشی لێدەرچووە. کاتی راپەڕین سۆران چەند کۆڵانێك و یەك بازاڕی تێدابوو. ئێستا خانوویەکی زۆری تێدا کراوە و پرۆژەی زۆر ئەنجام دراوە و زۆریش بەڕێوەیە. ئەم شارە لە پاشەڕۆژدا زوو پێشدەکەوێت. چونکە خەڵکێکی زۆری لە گشت لایەکەوە بۆ هاتووە و دەتوانم بڵێم دووبارە بوونەوەیەکی دروستبوونی شاری سلێمانییە. بەڵام دیانا هەڵکەوتەی جوگرافیی لە سلێمانی خۆشترە و نزیکی شارۆچکەی رەواندزی مێژووییە. کاشکی ناوەکەی نەکرایەتە سۆران و هەربە دیانا بمایەتەوە.

* بنکەی میتی تورکی لە ناوەڕاستی دیانادایە و وەك بۆیانگێڕامەوە ماوەیەك لەمەوبەر ئاڵای داگیرکەری تورکیشیان لەو بنکەیەدا هەڵکردبوو, بەڵام پارتی پێیگوتوون کە دەبێت ئەو ئاڵایە دابگرن.

* فرۆکەخانەی بامەڕنی هەر لەژێر دەستی داگیرکەری تورکدایە و باوەڕناکەم بەمزووانە بە خاوەنی ببینەوە.

* لە دیانا ماسی فرۆشێك هەیە ناوی عوسمان باڵەکە و لەمێژە خەریکی ماسی فرۆشتنە. ئەم کابرایە لەکاتی کارەکەیدا هەردەم ماسییەکی بەدەستەوەیە رایدەتەکێنێت و ئەگەرچی ماسییەکە مردووە دەڵێت (زیندووە, نەمردووە). لەکۆتاییی مانگی ئۆگەستدا کە مام عوسمان خەریکی ماسی فرۆشتن و هاوارکردن بووە و ئاسایشی پارتی بەلێدان بردوویانە و بەندییان کردووە و پێیان گوتووە مەبەستت چییە لە (زیندووە و نەمردووە). دیارە ئاسایش زیندووە و نەمردووە بە یەکێتی تێگەیشتوون.





* لە خەلیفان دیاردەیەك زۆر سەرنجی راکێشام, ئەویش ئەوەبوو هەرچی سەربانی ماڵەکان هەبوو هەموویان ئاڵایەکی زەرد یان زۆرتری پێوە هەڵواسرابوو. وتم ئایا ئەمانە هەموویان پارتین؟!. وتیان نەخێر چەند رۆژێك پێش 16ی ئاب قایمقامی خەلیفان پیاوەکانی ناردووە بۆ هەموو ماڵەکان و پێی وتوون دەبێت هەمووتان لە یادی پارتیدا پەڕۆی زەرد هەڵواسن. تەنانەت لە هەریر ئاڵایەکی زەردیش خرابووە دەستی پەیکەرەکەی خانزادەوە..

* لە هەڵەبجە پارتی بۆنەیەکی دەبێت یان دەیەوێت بارەگایەك بکاتەوە, بەڵام ئاسایشی یەکێتی بەبیانووی هاتووچۆوە بۆنەکە تێکدەدات و گرژییەکی زۆر لەنێوان پارتی و یەکێتیدا دروست دەبێت.

* لەنێوان گوندەکانی قەسرێ و وەڵزێی ناوچەی باڵەکایەتی پارتی دوو قەڵای گەورەی دروستکردووە بۆ بەرگریکردن لە یەکێتی, ئەم دوو قەڵایە پارەیەکی زۆری تێچووە. بەو پارەیە ناوچەکە بەتەواوەتی ئاوەدان دەکرایەوە و رێگاکانی ئەو گوندانەی بەباشی پێ چاکدەکرا. وەك بیستم لە شوێنانی دیش پارتی ئەم قەڵا و قەڵایچانەی بەرامبەر یەکێتی دروستکردووە. کەچی حەمرینیش پڕە لە دزی عەرەب و رۆژانە کوردی تێدا رووتدەکەنەوە, کەسێك نییە ئاوڕێکی لێبداتەوە.

* فرۆشتنی کەرەستە کۆنەکان و شوێنەوارەکانی کوردستان هەر بەردەوامە. هەندێك لێپرسراو هەن بەو کارە دزێوە چەند ملیۆنێکی تریان خستووەتە سەر سامانە ناڕەواکەیان و کەسیش ناوێرێت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات.

* لە هەولێر گەر بتەوێت لەسەر کارێك دامەزرێیت دەبێت پارتی بیت یان یەکێکی پارتیت لەپشتتەوە بێت. لە سلێمانی وەك دەڵێن ئەم دیاردەیە کەمێك لە هەولێر باشترە. بەڵام ئەگەر یەکێتی بیت ئەوە هەر زۆر باشتر.

* ئێستا شەڕی براکوژیش بەعەولەمە کراوە و شەرەتفەنگ نەماوە, براکوژی ئێستا مۆبایلکوژییە, یان هەریەك لە پارتی و یەکێتی لەژێرەوە ڕۆژنامەیەکی بەناو سەربەخۆ دەردەکەن و لەو ڕۆژنامانەدا بەردەوام خەریکی شەڕەوشەن. بۆ نموونە پارتی ڕۆژنامەی جەماوەری هەیە و یەکێتیش هاوڵاتی. ئەم دوو ڕۆژنامەیە ڕۆڵێکی خراپ دەبینن لە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتیدا. جەماوەر تا ڕەخنەیەکی تاکتیکی لەسەر پارتی دەنووسێت, شەش دانە لەسەر یەکێتی بڵاودەکاتەوە. هاوڵاتیش تا ڕەخنەیەك لە یەکێتی دەگرێت شەش لە پارتی دەگرێت, چونکە ئەمەیان ستراتیژی ئەو ڕۆژنامانەیە. بەواتایەکی تر ئەم ڕۆژنامانە هەمان ڕۆڵی ڕۆژنامەکانی ئاسۆ و بزاڤی پێش ڕاپەڕین دەبینن بۆ کەرتکردنی ریزی کوردی.

* خاوەن فایلەکان لە من و تۆی بێ فایل بەڕێزترن لای لێپرسراوان, هەمان دەستەڵات و هەمان سامان و هەمانی تریان هەیە و کەسیش ناڵێت ئەرێ فایلەکەت چیی بەسەرهات؟!. ئێستا لە سلێمانی لەنێو لاواندا بۆ گاڵتە بەیەکتری دەڵێن (برۆ سووکی بێ فایل).

* ئەوانەی تا کەوتنی سەددام هەر لە بەغدا چڵکاوخۆربوون و سیخووڕییان بۆ داگیرکەر دەکرد, ئێستا زۆربەیان بەئاسانی هاتووچۆی





شارە کوردییەکان دەکەن و کەسیش لێیان ناپرسێتەوە و هەندێکیشیان لە بزنزدا بوونەتە هاوبەشی لێپرسراوان. (دیارە پێویست ناکات کە بڵێم بەشی لێپرسراو لەو هاوبەشییەدا دەبێت لە ٪51 زۆرتر بێت).

* نووسەرە براکوژەکان هەر بەردەوامن و بە قەڵەمەکانیان گرژییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی زۆرتر دەکەن, دیارە دەبێت وابکەن چونکە ئەوانە ژیانیان لەسەر خوێن و گوللەی شەڕی براکوژییە.

* لە دهۆك پارچە زەوییەکی گەورە کە بۆ باخچەی گەڕەك دانرابوو, دابەشکرا بەسەر کەسانێك کە خەڵکی دهۆك نەبوون و ئەوان فرۆشتوویانەتەوە بەخەڵکی تر و باخچەکەش لەمەودووا دەبێتە چەند خانوویەك و منداڵانیش با بۆخۆیان هەر لەسەر شەقامەکان تۆپانێ بکەن.

* هێشتا بەهەندێك دیوارە گشتییەکانی شارۆچکەی سەرسەنگەوە دروشمەکانی بەعسی پێوەماوە.

* لە کەرکوك ئامریکییەکان لە شوێنێکی گشتیدا بەشەو ئاڵای کوردستانیان داگرتووە و لەشوێنیدا ئاڵای تورکمانیان هەڵواسیوە. ئەم ڕووداوە ئەوە دەگەیەنێت کە ئامریکییەکان دەیانەوێت لە کەرکوکدا شەڕی نێوان نەتەوەکان دروست ببێت و ئامریکا لە زۆر ڕەفتاری تریشدا کورد ناچاری جەنگی ئەهلی دەکەن.

پاش ئەو ڕووداوە کە ڕۆژبووەتەوە هەندێك لەوانەی ئەو ڕەفتارەی ئامریکییەکانیان بینیوە بە کوردەکانیان گووتووە و ئەوانیش بەبێ کێشە ئاڵای تورکمانیان داگرتووە و لە شوێنیدا ئاڵای کوردستانیان

هەڵواسیوەتەوە. ئەم رووداوە وەك بۆیان باسکردم بەهاری ئەمساڵ روویداوە.

* زۆرم بینی و زۆرم بیست, بەڵام ئەوانەی یاداشتم کردن بە هەواڵی باوەڕپێکراوم زانی. هەواڵی خۆشی وڵات شانازییە بۆ هەمووڵایەکمان بە یەکێتی و پارتیشەوە. بەڵام هەواڵە ناخۆشەکان بۆ هەمووان ناخۆشە و ناچاریشین هەر بەرەورووی دەستەڵاتدارانی بکەینەوە. داوای لێبووردن دەکەم لە هەر هەواڵێکی ناڕاست.

* رۆژی 17ی سێپتێمبەر لە سلێمانییەوە بە بلێ و بارزاندا بەرەو زاخۆ کەوتمەوە رێ. دیسانەوە دەمەوئێوارەکەی بوومەوە ئاشنای شۆفێرێکی مافیای تر. جیاوازیی ئەم و ئەوانی تر ئەوە بوو کە ئەم ناوی تایەر بوو و ئەوانی تر ناوێکی تر. ئەم شۆفێرانە جگە لەوەی دەستت دەبڕن یاری بەژیانیشتەوە دەکەن. تایەر بۆ ئەوەی فریای هەندێك نەفەری تری وەك من بکەوێت لە دیاربەکر دەتووت فڕۆکەیە و لەو رێیە خراپ و پڕلە لۆرییەدا لە 150 کیلۆمەتر زۆرتری لێدەخووڕی. پاش ئەوەی لە نووسەیبین لای رێستووڕانتێکی دەستبڕی تر نانمان خوارد گەیشتینە ماردین و تایەر منی فرۆشتەوە بە شۆفێرێکی تر کە ناوی شێخ موس بوو و دەیگووت برامە. شێخی نامووبارەك لە باتی مۆبایلێك دووی پێبوو و بەو خێراییە بەمیان تەلەفوونی دەکرد و بەویان وەڵامی دەدایەوە, جارجارێکیش لە قسەکانیدا تورکیی تێکەڵاو دەکرد تاوەکو من نەزانم باسی چی دەکەن. پێش 12ی شەوێ گەیشتینە دیاربەکر و





شێخی نامووبارەك بردمییەوە هەمان هۆتێل گراند و ئەمجارەش لەوێ دەستم بڕدرایەوە.

* بۆ سبەینێ کە دەمویست بەرەو فڕۆکەخانەی ئامەد بکەومەوەڕێ, کابرایەکی ئەورووپی لەلایەن شۆفێرێکی مافیای ترەوە هێنرایە هۆتێلەکە و داوای ژوورێکی کرد بۆ یەك شەو, کابرای خاوەن هۆتێل گووتی 50 دۆلار و ئەویش یەکسەر بەو نرخە سازا. واتە بۆ یەك شەو دوو هێندەی منیان لێسەند. پاش نێونووسکردنی ئەورووپییەکە خاوەن هۆتێل چووە سەر بەرماڵەکەیی و دەستی کردە نوێژکردن. منیش دیسانەوە لەگەڵ شۆفێرێکی دەستبڕی تردا هاتمە فڕۆکەخانە و بەرەو تاراوگە و مردنێکی لەسەرخۆ گەڕامەوە.

کۆتاییی سێپتێمبەری 2004

دیاربەکر – لاهای

# ئایا ئێمە نەتەوەین؟[1]

مارشی نەتەوەیی بۆ هەر نەتەوەیەك دەبێتە پێناسی و لەهەموو بۆنەیەکی نیشتمانی و موجامەلاتێکی نێودەوڵەتیدا لێدەدرێت و ئەندامانی ئەو نەتەوەیەش زۆر بەڕێزەوە دەست دەخەنە سەرسنگیان و لەبەری هەڵدەستن و لەبەرخۆیانەوە دەیڵێنەوە. تەنانەت لە یارییە نێودەوڵەتییەکانیشدا مارشی تیمە بەشداربووەکان لێدەدرێت و زۆرجار یاریزانانم دیتووە کە بەوتنەوەی مارشی نەتەوەییی خۆیان قوڕگیان پڕبووە لەگریان.

باوەڕناکەم لەهیچ شوێنێك و لەهیچ نەتەوەیەکم بیستبێك گاڵتە بە مارشی نەتەوەیی خۆی بکات. تەنانەت عەرەبە ئێڕاقییەکان بە شیعە و سوونئەیانەوە, تاوەکو ئەمڕۆ رێزیان بۆ مارشی سەردەمی بەعسییان هەیە و ئێستاش کەسیان بەجۆرێك باسیان لێوە نەکردووە.

ئەمڕۆ لەسەر ماڵپەڕێکی کوردی گاڵتەجاڕییەك و بێحورمەتییەکی زۆرم بەرامبەر مارشی نەتەوەیی کورد ئەیرەقیب بینی. بەجۆرێك کە زۆر پەستی کردم و گشت مووی لەشمی بەرزکردەوە.

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 25-09-2004.
ڕۆژنامەی باسەرە – ژمارە 73 – 06-10-2004 – لاپەڕە 5 – کوردستان – کەرکوك.





مارشە تێکدراوەکەم زۆر خوێندەوە و زۆر تاووتوێم کرد, نەگەیشتمە هیچ سەرئەنجامێك تەنها ئەوە نەبێت کە "ئێمە نەتەوە نین" و زۆرمان ماوە هەنگاوەکانی پێکهاتنی نەتەوەییمان ببڕین. ئەگینا هەیە گاڵتە و بێحوورمەتی بە مارشی نەتەوەیی خۆی بکات و تێکی بدات و خۆیشی بە ڕووناکبیر بزانێت؟!..

2004-09-24

# دیارە ئێمە "نەتەوە" نین![1]

پاش ئەوەی سایتێکی "کوردی" لە ڕۆژی 24ی ئەم مانگەدا "بێڕەوشتی"[2]یەکی گەورەی بەرامبەر مارشی نەتەوەکەم بڵاوکردەوە, ناچاربووم هەر هەمان ڕۆژ بەنووسینێکی کورت بەناوی "ئایا ئێمە نەتەوەین؟!" وەڵامی بدەمەوە و نووسینەکەش لە سایتی کوردستان نێت لە ڕۆژی دواییدا بڵاوکرایەوە[3].

من تەنها کەس نەبووم کە بەرپەرچی ئەو بێڕەوشتییە بدەمەوە, بەڵکو لە هەمان سایتی کوردستان نێتدا چەند بەڕێزێکی تریش بەرپەرچی ئەو بێڕەوشتییەیان دایەوە.

دیار بوو نووسینەکانی ئێمە کاری خۆیی کردبوو, هەربۆیە ئەو ماڵپەڕەی کە بێڕەوشتییەکەی بڵاوکردبووەوە یەکسەر لایبرد. هەڵبەت ئەمە کارێکی کارێکی باش بوو لەوەوە. بەڵام ئەوەی کە گەلێك خراپە

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 28-09-2004.
ڕۆژنامەی باسەرە – ژمارە 73 – 06-10-2004 – لاپەڕە 5 – کوردستان – کەرکوك.

[2] هیوادارم کۆمۆنیستەکان وشەی "بێڕەوشتی" بەمانا کلاسیکییە خۆرهەڵاتییەکەی تێنەگەن و مەبەستم لەلایەنە گینسییەکەی نییە. چونکە جگە لەم وشەیە هیچ وشەیەکی ترم نەدۆزییەوە کە شایانی ئەو کارەی ئەو ماڵپەڕە بێت.

[3] من بۆ ئەوەی کێشەکە نەکەمە کێشەی نێوان دوو ماڵپەڕ یان دوو کەس, لە نووسینەکەمدا ناوی هیچ لایەکم نەبرد.





هەمان ماڵپەڕ پاش ڕۆژێك لەبڵاوکردنەوەی ئەو نووسینانەی کە بەرپەچی بێڕەوشتییەکەیان دایەوە, کەوتە بڵاوکردنەوەی هەندێك دژە بەرپەرچ و داکۆکییان لەو بێڕەوشتییە کرد!.

دژە بەرپەرچەکان کەلەلایەن کۆمەڵێك وشەچیی کۆمۆنیستەوە بوون, خۆشبەختانە لاواز و تێکەڵ و پێکەڵ بوون. وەکو نەریتی خۆیان کێشەکانیان بردبووەوە سەر پارتی و یەکێتی و تەنانەت فایلەکانی خۆشیانیان تێدا تێکەڵ کردبوو. لەهەندێك برگەی نووسینەکاندا وایان تێکەڵ کردبوو کە پەلەیی و بێئەزموونیی تەواوی پێوە دیاربوو. لە هەمووشی سەیرتر نووسینەکان لە شێوازی ئامۆژگاریدابوون و وەك بڵێی ئێمەومانان فێری ڕەخنە و جۆر و شێوازەکانی بکەن. بەکورتییەکەی لەو جەنگە دۆڕاوەیاندا دەیانەوێت ئێمەش و خوێنەرانیش بە هەندێك بابەتی لابەلاوە خەریك و ون بکەن.

کێشەکە زۆر ئاسانە: کەسێك[1] یان ماڵپەڕێك مارشی نەتەوەییی ئێمەی کردووەتە گاڵتەبازاڕ و بەئارەزووی خۆی بۆ ویستێك یان ئامانجێك کە مەبەستێتی, تێکیداوە. ئەمەش بەلای هاوبیرانی نەتەوەیی و دڵسۆزانی نەتەوەوە "تابو"وە و بێڕەوشتییەکە بە کوردستان و کورد و دۆزە ڕەواکەی و هۆزانڤانێکی نەتەوەییی کورد دەکرێت. وەڵامەکەشی

[1] بەداخەوە وەك دەڵێن خاوەنی ئەو ماڵپەڕە کەسێکە کاتی خۆی ئەندامی پارتێکی نەتەوەییی وەك کاژێك بووە, ئەلفوبێی ئەم پارتە لەناوچووەش کاتی خۆی ڕێزگرتن بووە لە دیاردە پیرۆزەکانی کوردەواری کە ئەیرەقیب یەکێك بووە لەو دیاردە پیرۆزانە.

هەردەبێت رەخنە بێت و ناکرێت بگوترێت دەستخۆش. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی سەرسوڕمانە کەسانێك دێن و بەرگری لە بێڕەوشتییەك دەکەن کە دژی نەتەوەکەیان و زمانی دایکیان و دۆزە رەواکەیەتی. ئەمە هەردەبێت لە خودی "کورد" بوەشێتەوە و ئەگەر نووسینەکەی پێشووم پرسیار بووبێت! ئەوا وەڵامی ئەو نووسەرانەی کە بە بێڕەوشتییەکەی مارشی نەتەوەییی کورد دەڵێن دەستخۆش! پشتڕاستکردنی سەرباسی ئەم نووسینەمە.. بەداخەوە.. و ئەمانە وابکەن خۆیان گووتەنی "قەد نابینین ئاڵاکەمان".[1]

[11] ئەمەش ئەو بێڕەوشتییەیە کە بەرامبەر مارشی نەتەوەکەم لەلایەن هاوزمانێکی خۆمەوە کراوە و خوێنەری بەڕێز خۆت حوکم بدە:

ئەی ڕەقیب

شیعری (دلزار)

کۆیە: گەڕەکی (تۆران ئۆغلۆ)

ئەی ڕەقیب هەر! ماوە پارتی و یەکێتی
هەرچی جاش و پیاوخراپە رابەرێتی
کەس نەڵێ کورد زیندووە کورد مردووە!
مردووە, قەد نابینین ئاڵاکەمان

ئێمە ڕۆڵەی مامە و کاکەی عێراقچین
دینمانە! ئاینمان هەر دوژمنان
کەس نەڵێ کورد زیندووە کورد مردووە!





مردووە, قەد نابینین ئاڵاکەما

ئێمە ڕۆڵەی! ڕەنگی زەرد و کەسکین
سەیریکەن جاسوسییە!... ڕابردوومان!
کەس نەڵێ کورد زیندووە کورد مردووە!
مردووە, قەد نابینین ئاڵاکەمان

لاوی کورد هەر گێژ و حۆلە ناجوولێ
تا بەخوێن نەخشی بکا کەللەی سەریان
کەس نەڵێ کورد زیندووە کورد مردووە!
مردووە, قەد نابینین ئاڵاکەمان

تێبینی: مەبەستی ئەم نووسینە تەنها دەمکوتکردنی هەندێك لە نووسەرانی ئەو ماڵپەڕەیە کە هەموو کار و کردەوەیان بووەتە پلارگرتن لەم و لەو و نووسینەکانیان جگە لە پتەوکردنی رکەبەرایەتی لە نێو ریزەکانی نەتەوەکەمدا هیچ ئامانجێکی تریان نییە..

بەداخەوە پاش بڵاوکردنەوەی ئەم وتارە بیستم کە هەمان ماڵپەڕ رۆژی 03-09-2004 هەمان ئەی رقیبی ئەتکراوی بەزمانی سویدیش بڵاوکردووەتەوە, ئەمەش ئەو بێڕەوشتییەیە بەزمانی سویدی:

Ursprungsdikt: Dilldar

Koye, Toran Ughlo kvarter

!O, du fiende

!O, du fiende! Alltjämt KDP och PUK bestå

!Ledare äro de till alla förrädare och bedragare

!Ingen säga att kurder leva, kurder äro döda

!Äro döda, aldrig vår fana vi se

!Vi äro ättlingar till irakiske farbror och storebror

!Vår religion och tro äro fienden

!Ingen säga att kurder leva, kurder äro döda

!Äro döda, aldrig vår fana vi se





2004–09–27

لاهای – هۆڵندا

!Äro döda, aldrig vår fana vi se

!Vi äro ättlingar, till färgerna gult och grönt

!Se på, det äro spioneri! Vårat förflutna

!Ingen säga att kurder leva, kurder äro döda

Kurdisk ungdom äro dum och förstenad

Inte förrän huvuden deras med blod färgas

!Ingen säga att kurder leva, kurder äro döda

Äro döda, aldrig vår fana vi se!

# بگەڕێوە بۆ ریزی ئازادی و یەكسانی![1]

هاوبیری هێژام كاك كاوە ئەمین وەك بەرگریكردن لە سروودی نەتەوەییمان و بەرپەرچدانەوەی ئەو هەموو تاوانانەی كە لە ماڵپەڕی كوردستان پۆستەوە لەلایەن كۆمۆنیستە سەرلێشێواوەكانەوە بۆم هەڵبەسترابوو, نووسینێكی بەناونیشانی "هەر سروودی ئەیرەقیب مابوو پێی..." لە رۆژی 28ی ئەم مانگەدا لە ماڵپەڕی كوردستان نێتدا بڵاوكردەوە. كاك كاوە هەمان نووسینیشی بۆ ماڵپەڕی كوردستان پۆست نارد و بۆ چەند كاژێرێك بڵاوكرایەوە.

لەو نووسینەدا ئەو بەڕێزە كۆمەڵێك ئامۆژگاریی خاوەنی ماڵپەڕی كوردستان پۆست كردبوو و ئەوەشی بۆ ئەو نووسەرە سەرلێشێواوانە روونكردبووەوە كە شتەكان تێكەڵ نەكەن و من تەنها باسی تێكدانی سروودی ئەیرەقیبم كردووە و بۆ دەیبەنەوە سەر كێشەی لابەلای نێوان پارتی و یەكێتی.

دیار بوو بەبڵاوكردنەوەی ئەو نووسینەی كاك كاوە دڵی ئەو نووسەرە كۆمۆنیستە سەرلێشێواوانە لە خاوەنی ماڵپەڕی كوردستان پۆست رەنجابوو و پێدەچێت لە رێی تەلەفون و ئیمێڵەوە ئەم داخەیان

[1] ماڵپەڕی كوردستان نێت – 30-09-2004.





گەیاندبێتە لای و ئەویش لەبەر خاتری خاتران نووسینەكەی كاك كاوەی لابرد![1].

ئەوانەی كە دەڵێن بەڵێ بۆ سووكایەتیكردن بە مارشی نەتەوەییی كورد, هەر ئەوانەن هەردەم خەریكی بڵاوكردنەوەی نووسینی ژەهراوین بۆ خراپكردنی رەوشی باشووری كوردستان و چاویان بەو "ئاشتی"یەی ئەمڕۆی نێوان پارتی و یەكێتی هەڵنایەت و چاوەڕێی ئەوەن رۆژێك زووتر بدەنەوە بەیەكدا..

ئەوانە بۆ ئەوەی كوردستان پۆست بەردەوام بێت لە سووكایەتیكردن بە مارشی نەتەوەییی كورد, بەم شێوەیە سابوون لەژێر پێی خاوەنەكەی دەدەن و ئەویش پەیتا پەیتا ئەو ژەهرانەیان بۆ بڵاودەكاتەوە, بێئەوەی هەست بەخۆی بكات چ دەكات و چ بڵاودەكاتەوە, ئەمە ئەگەر لەكاتێكدا مارشەكە لەلایەن خۆیەوە تێكنەدرابێت؟!.

نموونەی ئەو سابوونانەش ئەمانەن:

[1] هەڵبەت من ئەو نووسینەم بە فایلی پی.دی.ئێف و لۆگۆی كوردستان پۆستەوە لای خۆم كۆپی كردووە.

- دژایەتیکردنی کوردستانپۆست, دژایەتیکردنی پێنووسە ئازادیخوازەکانی کوردە ![1].
- .. بە دوای ئەو فەتوا تیرۆریستییەی بارزانیدا, کۆمەڵێك جاشەقەڵەمیان لە کوردستانپۆست و نووسەرانی ئەم ماڵپەڕە هاندا کە دەست بکەن بە دژایەتی کردنی بێسەر ئەنجامی کوردستانپۆست[2].
- ... وەك وانەکێکی تەعلیمدراو کەوتە پەلاماردانی ئەم ماڵپەڕە و نووسەرەکانی.
- لێرەدا بەپێویستی دەزانم , بەکوردستانپۆست بڵێم ئافەرین بۆ ئازایەتییەکانت, کە فایلی فایلدارەکانت هەڵدایەوە[3] , ئافەرین بۆ نەترسیت کە سیدییەکەی مام جەلالت بڵاوکردەوە[4] , ئافەرین بۆ بوێریت سەبارەت بە ڕسواکردنی

[1] ئەو نیشانەی سەرسووڕمانە هی من نییە و هی نووسەرەکەیەتی, دیارە لە ئازادیخوازیی خۆی دڵنیا نییە !.

[2] هیوادارم خوێنەری بەڕێز لە هەڵە و کەموکورتی و ناڕێکوپێکیی زمانی ئەم سیتاتانەم ببوورێت, چونکە ئەمانە چۆن نووسراون, هەرواهیش روونووسم کردوونەتەوە.

[3] ئەمە راست نییە, چونکە کوردستان پۆست تەواوی ئەو فایلانەی لە رۆژنامەکانی هاوڵاتی و جەماوەر و ئەوانی تری کوردستانەوە وەرگرتووە و بڵاویکردوونەتەوە.

[4] ئەمەشیان هەر راست نییە, چونکە بەشێکی ئەو فیلمە سەرەتا لە ماڵپەڕێکی تردا بڵاوکرایەوە, ئەگەر بەهەڵەدا نەچوویم کوردستان نێت بوو و هەر زوو لابرا.





سکانداڵی 31ی ئاب[1] , ئافەرین بۆ لێهاتوویت کە پەیکەری کاوەی ئاسنگەر ڕووخێنرا کەسێکی تر نەهاتە دەنگ جگە لەو کوردستانپۆستەی کە هەندێ نووسەر فۆبیایان گرتووە پێوەی, ئافەرین[2]...

- سووکایەتیکردنی کوردستانپۆست بە سروودی نیشتمانییەوە لەدرۆیەکی گەورەو شاخداری کۆمەڵێ نووسەر زیاتر شتێکی تر نییە[3],...
- ... بەڵکو بۆ حیزبێك کە لەڕێگای بە ناو بەرگریکردن لە سرودی ئەی ڕەقیب دەیانەوێت مەئموریەتێك کەپێیان سپێردراوە دژ بە ماڵپەڕی کوردستانپۆست , بەجێی بگەیەنن[4].

[1] 31ی ئاب رووداوێك نییە ئەمساڵ روویدابێت و کوردستان پۆست روویی هەڵماڵیبێت. دیارە "نووسەر"ی ئەو دێڕانە ئاگای لەو هەموو نووسینانە نەبووە و نییە کە کاتی خۆی لە کوردستانی نوێ و رۆژنامەکانی تری سلێمانیدا لەسەر رووداوەکانی 31ی ئاب بڵاودەبوونەوە.

[2] ئافەرینەکان زۆرن و هەستدەکەم سەیری تەمسیلی خولە چەخماخە دەکەم!.

[3] ئەمە وەك بڵێیت نووسەرانی بەرگریکار لە مارشی نەتەوەیی کورد ئەو مارشەیان تێکدابێت!.

[4] ئەم جۆرە ئەندێشانە تەنها لە چیرۆکی دۆنکیشۆتدا هەن...

ئەمانە کەمینەیەکی زۆر کەمی ئەو سابوونانەن کە نووسەرە کۆمۆنیستە سەرلێشێواوەکان لەژێر پێی خاوەنی ئەو ماڵپەڕەی دەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە نووسینانە و هانی دەدەن بۆ سووکایەتیکردنی زۆرتر بە مارشی نەتەوەیی کورد و بڵاوکردنەوەی ئەو نووسینانەی کە خوێنی براکوژییان لێدەچۆڕێت و بۆ ئەو کارە خراپانە بەخراپی بەکاریدێنن.

هیوادارم ئەو بەڕێزە بەئاگابێتەوە و چیدی نەکەوێتە ژێر هێزکاری خراپی ئەو وشەچییە ئاژاوەگێڕانەوە و زیان لەنیوەی بگەڕێتەوە چێترە و بگەڕێتەوە ریزی هاوبیرانی ئازادی و یەکسانی و هێشتا درەنگ نییە[1] ...

---

[1] ئەمە وتارەکەی کاك کاوە ئەمینە:

## هەر سروودی "ئەی ڕەقیب" مابوو پێی...کاوە ئەمین

ماوەیەك لەمەوبەر لە سایتی کوردستان پۆستدا،کەسێك کە دیارە چەرمی رووی زۆر قایمە بە ناوی، دلزارەوە لەسەر هاتای هۆزانڤانی نەتەوەیی (دلدار)،ئامبازی سروودی "ئەی ڕەقیب" بووە. بەداخەوە نەدەبوایە کاك کەمال کە خاوەنی سایتەکەیە،ئەو سووکایەتییەی بڵاوبکردایەتەوە،لەبەر هیچ نا لەبەر ئەوەی کە ئەو خۆی وتەنی چەند ساڵێك کاژیك بووە. ئەو کاتە کە دەکاتە ساڵانی شەستەکان،بە گوێرەی هەموو سەرچاوەکان و ئەوانەی کە ئەو ڕۆژانەیان بەچاوی خۆیان دیووە،کاژیك بوون، کاژیك وەك دڕکێك وابووە لە چاوی ناحەزان و دوژمنانی





---

نەتەوەی کوردا دا،بە تایبەتی چەپە قولابییە خۆ بەکەمزانەکانی کورد لە بەرانبەر نەتەوە داگیرکەکەرەکانی کوردستاندا.

سەیرە،ئێستا پاش ئەوەندە ساڵە کەسێك دێت سووکایەتی بە سروودی نەتەوایەتینامەوە دەکات و کەسانێکیش دێن لەنێو ئەو قوڕو چڵپاوەدا فەرتەژناش دەکەن و پاشان دەکەوێنە تەقە لە سروودی نەتەوایەتیمان و ئەوانەی کە پارێزگاریی لێدەکەن. لە هەمووشی سەیرتر هەندێك لەوانە دیسان سەر بە چەپی قولابی کوردن و لە کورەخانەکانی توودە و شیوعی و کۆمۆنیزمی کارگەرییەوە بە سەقەتی لە قالب دراون، دەڵێی ئەمانە بابە و باب پێیان وتراوە بۆ پێشەوە بڕۆن و نەخەڵەتابن بەملاو بەولادا بڕوانن،هەرچی کوردی و کوردوستانییە لەو کاروانەتاندا پێی بووەڕن.

باشە سووکایەتی کردن بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب"،چ پەیووەندیەکی بە ڕەخنە گرتن لە پارتی و یەکیەتی هەیە. ئیمڕۆ "ئەی ڕەقیب" لەلایەن هەموو کوردەوە وەکو سروودێکی نەتەوایەتی دانی پیانراوە،خۆ سروودی "ئەی ڕەقیب" هەری هی پارتی و یەکیەتی نییە، تەنها شتێك کە دابەشنەکرابێت ئەو سروودەیە.

سایتێك هاتووە بۆ تۆخکردنەوەی سووکایەتییەکە کە گوایە "چەپی سەربەخۆن"، باس لە قودسیەت و ناقودسییەتی "ئەی ڕەقیب" دەکەن و پێیان وایە کە کابە کەچ نابێت ڕەخنە لەو سروودە بگیرێت، بەڵام توو ویژداندان،ئەوەی ڕەخنەیە یان سووکایەتی؟ بەڵێ دەکرێت، ئاڵا و سروودی نەتەوەیی وڵاتێك بگۆڕدرێت،بەڵام ئەوە کاری تاکە کەس نییە،بەڵکو پەڕلەمان و دەوڵەت بڕیاری

شتێکی وا حەساس دەدات، نەك کەسێك بێت بۆ هەڵڕشتنی داخی ناوسکی خۆی سووکایەتی بکات بە میللەتەکەی خۆی.

خەڵکانێك کە تا دوێنێ بە ناوی چەپگەرایی و ئینتەرناسیۆنالیزمێکی درۆزنانەوە،هەچیەکیان لەدەست هات کردیان بەدژی کورد و بیری نەتەوەیی،ئێستاش خۆیانیان لێ بووەتە پارێزەری گوایە کوردایەتی، ئەمەیە دەڵێت: تا خاوەن ماڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی گرت.

ئەوانەی کە تائێستا بەدژی ئەو ناماقوڵییەی کە بە "سروودی ئەی ڕەقیب" کراوە بە جواب هاتوون، خەڵکانێکی وڵاتپارێزن، نەك وەك هەندێك پێیان وایە، بە فەرمانی دەسەڵاتدارنی کوردستان دەئاژوون و بۆ پارە و پوڵی هەڵڕژێردراوی دەسەڵاتدارنی کوردستان ئەو کارە دەکەن، نمونەشیان کاك هاوڕێ باخەوانە، کە کەسێکی مرۆڤدۆست و نیشتمانپەرەوەرێکی کوردە.

ئەوانەی کە بانگاشەی ئەوە دەکەن کە هەموو شتێك دەبێت ڕەخنەی لێ بگیرێت بە سروودی نیشتمانیشەوە،با یەك نمونە بهێننەوە کە کام تاکی میللەتێك جورئەتی ئەوەی کردووە سووکایەتی بە ئاڵا و سروودی نیشتیمانیەکەی کردووە و شار بەدەر نەکراوە؟

سروودی نیشتیمانی "ئەی ڕەقیب" ئەگەر هەڵەو کەموکوڕیشی هەبێت، ئێستا بووەتە هی هەموو کورد بە وانەشەوە کە چاویان پێی هەڵنایە. ئەگەر ڕۆژێك کورد بووەوە خاوەنی ماڵی خۆی، ئەو کاتە دەتوانرێت و دەکرێت، پەنجەرە و دەرگاکانی ئەو ماڵە، چۆن خۆی بییەوێت ڕەنگ بکات.





پاش بڵاوکردنەوەی ئەو وتارانە کۆمەڵە کوردستانییەکانی سوید لە دژی ئەتککردنی ئەی رقیب نارەزاییەکیان بڵاوکردەوە و ئەمەش ئەو نارەزایینامەیەیە:

## نارەزایی کۆمەڵە کوردستانییەکانی سوید<br>لە دژی ئەتککردنی<br>ئەی ڕەقیب

ئێمەی نوێنەرانی کۆمەڵە کوردستانییەکان, بە توندی نارەزایی خۆمان لە دژی ئەتککردنی سروودی ئەی ڕەقیب دەردەبڕین. سووکایەتی کردن بە مارشی نەتەوەییمان لە لایەن ماڵپەڕی (کوردستانپۆست)ەوە, چونکە پێشێلکردنی شکۆمەندیی کوردە, ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین بە شێوەیەکی یاسایی لە خاوەنی ئەو سایتە بپێچینەوە, بەو هیوایەی ببێتە پەند بۆ هەموو ئەوانەی سووك سەرنجی گەلی کورد دەدەن.

سوپاس بۆ هەڵوێستی کوردانەی ماڵپەڕی کوردستان نێت و هەموو ئەو نووسەرە هێژایانەی دژی ئەتککردنی سروودی نەتەوەییمان دەنگیان هەڵبڕی.

2004\10\03

- عادل دهۆکی سەرۆکی کۆمەڵەی کولتووری کوردستان لە شاری فالشۆپینگ
- ڕەمەزان عومەر سەرۆکی کۆمەڵەی کولتووری کوردستان لە یۆنشۆپینگ
- زەکی محەمەد سەرۆکی کۆمەڵەی یەکگرتنی کولتووری کوردستان لە شاری نێخوێ

2004-09-29

**لاهای – هۆڵندا**

---

- ئازاد محەمەد عەلی سەرۆکی کۆمەڵەی لاوانی کوردستان لە یۆتەبۆری
- جەمیل ئەمین سەرۆکی کۆمەڵەی کولتوور و وەرزشی کوردستان لە شاری بۆرۆس
- سەردار دزەیی بەرپرسی هەرێمی سێی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانی سوێد
- د. ئەرشەد مارف سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی لە یۆتەبۆری و بەرپرسی هەرێمی چواری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانی سوێد
- چیاڤان بامەڕنی سەرۆکی یەکێتیی لاوانی کورد لە سوێد
- ماجید عەبدولڕەحمان عەلی بەرپرسی هەرێمی پێنجی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانی سوێد
- کۆچەر خۆشناو بەرپرسی هەرێمی حەوتی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانی سوێد
- حەلیمە قادری سەرۆکی کۆمەڵەی پەپوولە – یۆتەبۆری
- دلاوەر محەمەد سەرۆکی کولتوور سێنتروم – یۆتەبۆری
- ساڵح شەرەڤی سەرۆکی یەکێتی کوردان – یۆتەبۆری
- دڵشاد ئەحمەد کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان – یۆتەبۆری
- محەمەد تۆفیق قادر سەرۆکی کۆمەڵەی ئاشتی – یۆتەبۆری.





# دیسان گورگەبۆر![1]

بەرلە ڕاپەڕینی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان, داگیرکەری تورک هێزکارێکی ئەوتۆی لەسەر ڕەوشی ئەم بەشەی کوردستان نەبوو. ئەو ترسەی کە ئەوکات من هەستم پێی کردبوو و پەییم پێی بردبوو تەنها گۆرانییەکانی هونەرمەندی بەڕەگەز کوردی وەك ئیبراهیم تاتلێساز بوو کە لاوان زۆر بەپەرۆشەوە گوێیان لێی دەگرت و هەروەها فیلمەکانی هەر ئەم هونەرمەندە و کچە هونەرمەندی بەڕەگەز کورد هۆلیا ئافشار بوو کە دیسانەوە خەڵکی بەپەرۆشەوە سەیریان دەکرن. دیارە هۆیەکەشی گۆرانییەکان و جوانیی خاتوو هۆلیا بوو.

ئەو گۆرانی و فیلمانە زۆرکەس بەلایەوە ئاسایی بوو. بەڵام من ئەو کاتەش کە ناوەڕاستی هەشتاکان بوو بەترسێکی گەورەم دەزانی بۆسەر ڕۆشنبیریی کوردی. چونکە ڕۆشنبیریی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا کە تائێستاش لەچاو بەشەکانی تردا باڵادەستە, لەژێر هێزکاری خراپی ڕۆشنبیریی عەرەبیدا بوو و دیارە ئێستاش هەر واهییە و پێشکەوتن و سەربەستییەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیوە. سەرباری ئەوەش ئەو گۆرانی و فیلمە تورکیانەشی هاتەسەر.

---

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2004-10-04.
ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 172 – 2004-10-16 – لاپەڕە 6 – هەولێر – کوردستان.

ئەگەرچی لە کوردستاندا چەند سەد ساڵێکە کەمینەیەکی تورکمان نیشتەجێی سەر پشتوێنەی سنووری نەتەوەیی کورد و ناوچە عەرەبییەکانن, بەڵام ڕۆشنبیریی تورکمان کە زۆر وابەستەی ڕۆشنبیریی تورکییە نەیتوانیوە هێزکارێکی بەرچاوی لەسەر ڕۆشنبیریی کوردی ببێت. لەلایەنی ئابووریشەوە تورکمان بەهۆی کەمیی ژمارەیانەوە نەیانتوانیوە لە کورد باڵادەست و بەهێزتربن. بەڵام ئەگەر تورکمانەکانی باشوور بەراوورد بکرێن بە ئازەرییەکانی کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێران, ئەوا ڕۆڵ و هێزکاری ئازەرییەکان لەوبەشەی وڵاتدا بەرچاوترن و هێزکارێکی ئابووریی ترسناکیان لەسەر ئەو بەشەی وڵات هەیە. هەربۆ نموونە تەواوی ئابووریی شاری نەغەدە و دەوروبەری بەدەست ئازەرییەکانەوەیە و کوردیش لە پڕۆژەکانیاندا کرێکارێکی ڕووت و برسی و چەوساوەیە.

پاش ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستان, جگە لە هێزکاری ڕامیاری و سەربازیی داگیرکەری تورک بۆسەر باشووری کوردستان, هێزکاری ئابووریش بەرەبەرە دەستیپێکرد. هێزی ئابووریی تورک باشووری کوردستانی کردە بازاڕی شمەکەکانی و زەوییەکانیشی کردە ترانزێتێک بۆ نێوان خۆیی و داگیرکەری ئێراق.

پاش ڕووخانی بەغدا, داگیرکەری تورک هەوڵە ئابوورییەکانی زۆرتر گەشەپێدا و ئێستا بۆ نموونە تەنها لە شاری سلێمانیدا پەنجا کۆمپانیای تورکی دەستبەکارن و بەشێوەیەکی فەرمی ناوەندیان لەو شارەدا هەیە و لە ژووری بازرگانیی سلێمانی ناونووس کراون و





کۆمەڵێك پڕۆژەی گەورە و هەستیاریان لەبەردەستدایە.. لەوانە پڕۆژەی فڕۆکەخانەی بەکرەجۆ..

ئەگەر هێزکاری ئابووریی داگیرکەری تورک لەپێش ڕاپەڕین بەسەر ئەو بەشەی وڵاتەوە بەڕێژەی 1٪ بووبێت, ئەوە ئێستا ئەو هێزکارە دەکرێت بگووترێت بەشێوەکی هەڕەمەکی لە 30٪ تێپەڕیکردووە, ئەمە ئەگەر کەمم نەگوتبێت, چونکە لە باشووری کوردستان دوکان و کۆگای بازرگانیم دیتووە کە زۆرتر لە 90٪ی شمەکەکانی تورکی بووە, دیارە بەشێکی زۆری ئەو شمەکە ناتورکانەی تریش هەر لە تورکیاوە هاتوون و تورك کەم و زۆر قازانجی لێیانکردووە. هەربۆیە ئەمە دەبێتە ترسێکی گەورە.

کوردستانی بندەستی ئێڕاق لە ڕووی ڕامیارییەوە بەشێکە لە داگیرکەری ئێڕاق و ئابوورییەکەی دواکەوتەی ئەو داگیرکەرەیە و هێزکاری ئابووریی تورکیش ڕۆژ بە ڕۆژ لە زۆربووندایە. بۆیە لە پاشەڕۆژدا هەر هەنگاوێك و هەر بڕیارێك دەربارەی ئەم بەشەی کوردستان, داگیرکەری تورك بەهۆی ئەو پەیوەندییە ئابوورییەیەوە تێیدا بەشدار دەبێت, ئامانج و ئاکامیشی زۆر باش دەزانین.

پتەوکردنی ئەو پەیوەندییە ئابوورییە زۆرتر بەخواهیشتی پارتی و یەکێتی بووە و لە هەندێك جار و باریشدا بەهۆی گەمارۆی داگیرکەری بەعسەوە ناچاری بووە, بەڵام خواهیشتیشی زۆر تێدابووە.

پەیوەندیی ئابووریی باشووری کوردستان بە داگیرکەری تورکیاوە تاڕادەیەکی زۆر هەڕەمەکییە و بەهۆی ڕژانی ئەو سەرمایە زۆرەی پاش

رووخانی بەغداوە, هەردوو حکومەتی باشوور پێشبڕکێیانە لەسەر هێنانی ئەو کۆمپانیا تورکییانە. بەڵام لەلای داگیرکەری تورکەوە بەبەرنامەی تەواوەتییەوەیە و ئامانجیشیان بە تورکاندن و ژێردەستەییی ئابووریی ئەو بەشەی وڵاتە.

بۆ نموونە کۆمپانیا هەیە لە 100٪ تورکییە بە کرێکارەکانیشیانەوە. تەنانەت هەندێکیان ناوی ئەو پرۆژانەشی کە دروستی دەکەن تورکین! کار وابڕوات داگیرکەری تورك تەواوی باشووری وڵات دەکاتە شاری نەغەدە و ئابووریی ئەم بەشەی وڵات بەتەواوەتی ژێردەستیان دەبێت. ژێردەستەییی ئابووریش واتە ژێردەستەیی تەواوی بڕیارە رامیارییەکانی حکومەتەکانی باشووری کوردستان. هەربۆیە دەبێت ئەو پەیوەندییە و هێنانی ئەو کۆمپانیایانە بەپێی بەرنامەیەکی واهی بێت کە مەترسی گورگەبۆرەکان لەسەر ئەو بەشەی وڵات کەمتر بکاتەوە و ژمارەی کۆمپانیاکانیشیان سنووردا بکرێت و پەیوەندی بەکۆمپانیای ئەو وڵاتانەوە بکرێت کە داگیرکەری کوردستان نین..

2004-10-01

**لاهای – هۆڵندا**





# پاشەکشەی دوا سەربازی ئامریکی کەی دەبێت؟![1]

پاش کەوتنی بەغدا بەماوەیەکی کەم پشێوی کەوتە ئێراقەوە, ئەم پشێوییە هەندێك ناویان لێی ناوە تیرۆر و هەندێکی تریش بە بەرگریکردن و جەنگی ئازادیی دەزانن.

هەڵبەت ئەو پشێوییانە لەلای من تیرۆرە, ئەم تیرۆرە هاوزمانانی منیشی گرتووەتەوە و پێش چەند رۆژێك 3 لاوی زاخۆیی بەدەستی تیرۆریستان سەربڕدران و فیلمی ئەو کارە دزێوەش لەلایەن تیرۆریستانەوە پەخشکرا و ئێستا لەزۆر شوێن و کەناڵی راگەیاندن دەتوانرێت سەیر بکرێت.

من نامەوێت لەگەڵ کەناڵی تیرۆریستی ئەلجەزیرە و زەرقاویدا بکەومە بگفتووگۆوە بۆ رەوایەتیی ئەو پشێوییانەی بەو ناوانەوە لە ئێراق روودەدەن, بەڵکو تەنها دەمەوێت گفتووگۆی دوو ئامارت لەگەڵدا بکەم و خۆشت سەرپشك بە لەوەڵامی سەرباسی ئەم کورتەوتارە.

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2004-10-05.
رۆژنامەی رۆژی وڵات – ژمارە 16 – 2004-10-17 – لاپەڕە 5 – کوردستان – کەرکوک. تێبینی: ئەم وتارە بەبێ پرسی من و بێ ئەوەی ناوی کوردستان نێت بهێنرێت لەم رۆژنامەیەدا بڵاوکراوەتەوە.

* پێش چەند مانگێك وەزارەتی بەرگریی ئامریكا بڵاویكردەوە كە خەرجیی هێزەكانی ئامریكا لە ئێراقدا 120 هەزار دۆلارە لە "چركە"یەكدا!. چركەكەم خستە نێوان دوو وێرگوولەوە نەوەكو بەهەڵەدا چووبووبێتم "خولەك" بێت. لەمەوە بۆی بڕوانە لە كاژێرێكدا سووپای ئامریكی چەندی خەرج كردووە و چەندی تریش خەرج دەكات. ئەی لە رۆژێك و هەفتەیەك و مانگێك و ساڵێكدا چەندی خەرج كردووە و چەندی تر خەرج دەكات!. تۆ بڵێی ئامریكا واز لەو هەموو سەرمایە بەفیڕۆچووەی خۆی لە ئێراقدا بهێنێت و بێئەوەی دوو هێندە و زۆرتری دەستبكەوێت, بكشێتەوە؟!.

* لەكاتی جەنگی رزگاریی ئێراق, ئامریكا 800 راكێتی تەنها لە جۆری كرۆز نابە ئێراقەوە, ئەمە بێجگە لە جۆرەكانی تر و خەرجیی تری جەنگەكە!. لەم رۆژانەدا ریپۆرتاژێكم لەسەر راكێتی كرۆز لەیەكێك لە كەناڵەكانی تەلەڤزیۆنی هۆڵندا بینی, باسی خەرجی و كاریگەریی ئەو راكێتە كرۆزانەی دەكرد كە نراون بەئێراقەوە. هەریەكێك لەو راكێتانە نزیكەی 700 هەزار یۆرۆی تێچووە!. 700 هەزار یۆرۆ لەگەڵ 800 لێكبدە و لێكیبدەوە كە كەنگێ دوا سەربازی ئامریكا لە ئێراقدا پاشەكشە دەكات!.

2004-10-04

**لاهای – هۆڵندا**





# كوردستان و كورد بوونی نییە! بیرەوەریی رۆژێكم[1]

ئەمڕۆ وەك هەموو رۆژانی تر بەیانی زوو لەخەو هەڵستام و بەرەو كارەكەم كەوتمە رێ. پاش ئەوەی چوومە ناو ئاپارتمانی كارەكەمەوە و لە لیفتی ئاپارتمانەكەدا ویستم لە نهۆمی سفرەوە بەرەو ژوورەكەم لە نهۆمی سێ سەركەوم, دەرگای لیفتەكە خەریكبوو دادەخرا كاتێك بینیم ئافرەتێكی لەچك بەسەر بەهەڵەداوان بەرەو لیفتەكە هات و گسكێكی ئەلەكتریكیی بەدەستەوە بوو بۆ پاكژكردنەوەی ئاپارتمانەكە. منیش یەكسەر دەستم خستە بەردەرگای لیفتەكە تاوەكو دانەخرێت. ئافرەتەكە بەخۆیی و لەچكەكەیی و گسكەكەی بەبێ "بەیانیت باش" خۆیان كرد بەژووردا و یەكسەر چاوی چووە سەر ناوەكەم كەبەسەر باجی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانەوەیە كە من كارمەندیم و بە توركی دەستی كرد بە قسان. منیش لەبەرئەوەی توركی نازانم بە زمانی ئینگلیزی پێم گووت من كوردم و خەڵكی كوردستانم و توركی نازانم و چونكە زمانی فەرمیی ئەو رێكخراوەی ئێمە ئینگلیزییە بۆیە پێم گووت تكایە بە ئینگلیزی بدوێ.

دیار بوو خانمی تورك فرێ بەسەر ئینگلیزییەوە نەبوو و بەو زمانە ئەوەندە پەشۆكا كە ناوی كورد و كوردستانیش تێنەگەیشتبوو,

[1] ماڵپەڕی كوردستان نێت – 21-10-2004.

هەربۆیە بەپەشۆکاوییەوە و بە هۆڵندییەکی شەقوشڕ وتی "خەڵکی کوێیت؟". منیش بەهۆڵندی پێیم گووت "من کوردم و خەڵکی کوردستانم". هەرکە وام گووت چاوی چووە پشتی سەری و دیسانەوە بە هۆڵندییە شەقوشڕەکەی و بەلێوە وشکهەڵهاتووەکەی و بەزمانی بەڕۆژووەوە وتی "کوردستان و کورد بوونی نییە!".

هێشتا کات نەبووبووە نۆی سەرلەبەیانی و منیش بەم وتە خۆشانەی ئەو ژنە تورکە و پاش ئەوەی کە من دەرگای لیفتەکەم بۆ گرت, ڕۆژەکەم دەستی پێکرد!.

دیارە زۆر پەست بووم کە وتی "کوردستان و کورد بوونی نییە". بەڵام هیچ وەڵامێکم نەدایەوە و تەنها ئەوە نەبێت بە دەستم نیشانەی ئەوەم بۆیکرد کە "بڕۆ وەل بە" و کە لە لیفتەکەش چوومە دەرەوە خواحافیزیم لێی نەکرد.

چوومە ژوورەکەم و بەدەم ئامادەکردنی قاوەوە بۆ خۆم هاوکارانم کە هێشتا نەگەیشتبوون, بیرم دەکردەوە و دەمگووت, خودایە ئەمانە دەبێت چی بن! و چ زیندەوەرێك بن, باشە پێش چەند ڕۆژێك لەیلا زانا بەزمانی کوردی لەلایەن سەرۆکی پەرڵەمانی ئەورووپاوە بەخێرهاتنی لێکرا, تۆ بڵێی نەیان بیستبێت, باشە من کەسێکم زرپ و زیندوو و هەناسە دەدەم و دێم دەچم و زمانی دایکم کوردییە ئەی چۆن من نیم!.
باشە وا کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ و دەوڵەتێکی نییە, خۆ کورد هەیە. بەڵام ئەو دەیگووت کوردیش بوونی نییە!.





بەم ئەندێشانەوە هاوکارێکی خەڵکی "زیمبابۆ"م بە بەیانیت باش بەئاگای هێنامەوە, بەڵام پاش ماوەیەکی کورت دەکەوتمەوە هێنان و بردنی ئەو قسانەی ئەو ئافرەتە تورکە و لەوەوە بەراوردم دەکرد بە ژەندرمەیەك و ژێنەڕاڵێکی تورك! ئەی دەبێت ئەوان چیمان پێ بڵێن! ئەی ئاخۆ مستەفا کەمال کوردی بەچی زانیبێت, وام لێهاتبوو خەریك بوو گومانیشم لە ئیسماعیل بێشکچی دەکرد!.

هەرچۆنێك بێت من دەمێکە بیرم لەوە کردووەتەوە و باوەڕم بەوە هەیە کە نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوین پێویستە ڕۆژێك لە ڕۆژان یەکیەتییەکی لەم بابەتەی ئەورووپا بۆخۆیان پێك بهێنن, ئەگەرچی ئەو هەموو رك و کینانەش لە نێوانیاندا هەیە و تەنانەت ئەگەر جەنگی ئەهلیش لە نێوانیاندا ڕوویدات, بەڵام بێگومان پاش ئەوەی تەواوی ئەو نەتەوانە و لەپێش هەموویانەوە کورد بە مافە نەتەوەییەکانی خۆیان گەیشتن.

هەر ئەو ڕۆژەش بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا ئەمە بیرکردنەوەی ئافرەتێکی تورك بێت, دەبێت تا چ رادەیەك و تاکەی باوەڕ بەوە بهێنن کە کوردیش پێویستە دەوڵەتی خۆیی ببێت. ئەی دەبێت ئەو ڕۆژە لە ئەنکەرە چی ڕوویدات کاتێك ئاڵای کوردستان لەسەر باڵوێزخانەی دەوڵەتی کوردستان بەرزدەبێتەوە!. ئەی دەبێت.. و زۆری تر..

بەڕێزان لەوە زیاتر بەخەفەتی ئەو ڕۆژە ناخۆشەمەوە خەریکتان ناکەم, تەنها ئەوە نەبێت دەڵێم تورك نەتەوەیەکە کە من ناتوانم

لەبیرکردنەوەیان بگەم... و باوەڕیش ناکەم بە پازدە ساڵ بەیەکیەتیی ئەورووپا راست ببنەوە.

2004-10-19

**لاهای – هۆڵندا**





# ئاست و چۆنایەتیی "دەنگوباس" لە راگەیاندنی کوردیدا[1]

دەنگوباس یان هەواڵ، پێناسەی رووداوێکە کە روودەدات. هەندێك جار ئەو پێناسەیە ئاشکرا ناکرێت و هەر بەنهێنی دەمێنێتەوە و نابێتە دەنگوباس.

بڵاوبوونەوە و دەستکەوتنی ئەو دەنگوباسانەی "کە بۆمان هەیە بیبیستین" لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا گەلێك ئاسانە و هۆیەکەشی بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی کەناڵەکانی راگەیاندن و خێراییان. هەربۆیە هەر دەنگوباسێك کە ئەمڕۆ بیسترا، بۆ رۆژی سبەینێ باسی ناکرێتەوە، مەگەر دەنگوباسەکە گەلێك گرنگ و کاریگەر بێت.

ئەم خێراییی بڵاوبوونەوە و دەستکەوتنی دەنگوباسە تاڕادەیەك راگەیاندنی کوردیشی گرتووەتەوە، بەڵام دیارە وەك پێویست نییە، هۆیەکەشی ئەوە نییە کە راگەیاندنی کوردی بێبەشە لەو پێشکەوتنەی کە راگەیاندن بەگشتی بەخۆیەوە بینیوە. راگەیاندنی کوردیش وەکو

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 25-10-2004.
کورتەیەکی ئەم وتارە لە گۆشەی (لە ماڵپەڕە کوردییەکانەوە)ی رۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە: هاوڵاتی – ژمارە 197 – 27-10-2004 – لاپەڕە 16 – کوردستان – سلێمانی.
رۆژنامەی میدیا – ژمارە 173- 01-11-2004 – لاپەڕە 5 – هەولێر – کوردستان.

ئەوانی تر کەم تا زۆر تەکنۆلۆژیای نوێ بەکاردێنێت بۆ وەدەستهێنان و پەخشی هەواڵەکان. بەڵام دەستکەوتنی ئەو دەنگوباسانە زۆرتر وەرگرتنە لە لایەنی سێیەمەوە, نەك راگەیاندنی کوردی خۆی لە رێگای کارمەندە راگەیاندنەکانی خۆیەوە وەدەستی بهێنێت.

لە رۆژانی جەنگی رزگاریی ئێراق, دەنگوباسەکان زۆر گرنگ بوون, کەچی راگەیاندنی کوردی زۆرینەی هەرە زۆری دەنگوباسەکانی جەنگی لە لایەنی سێیەمەوە وەردەگرت, تەنانەت ئەو رووداوانەشی کە لە کوردستاندا روویدەدا, هەر لەلایەنی سێیەمەوە وەریاندەگرت و هەندێك جار لە کەناڵە عەرەبییەکان و خۆرئاواییەکانەوە کوتەیەکیان دەکردە کوردی و بڵاویاندەکردەوە!.

ئێستا لە کوردستان دەیان "رۆژنامە" دەردەچن, ئەمانە ئەگەرچی دووان یان سییانیان بە تەواوەتی رۆژنامەن و هەموو رۆژێك دەردەچن, ئەوانی تریش کە هەفتەنامە و نیومانگنامە و مانگنامە و وەرزنامە و هەندێکیان "درێژتریش"نامەن! کەچی هەر بەخۆیان دەڵێن رۆژنامە. ئەم "رۆژنامانە" زۆرینەیان لاپەڕەیەك یان زۆرتریان تەرخانکردووە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباسەکان. زۆربەشیان دووبارەن.

بۆ نموونە رۆژنامەکانی کوردستانی نوێ و خەبات کە رۆژانە دەردەچن, بەردەوام هەواڵە نوێیەکان, یان هەواڵەکانی رۆژێك پێشتر بڵاودەکەنەوە, دیارە مەبەستم لەو هەواڵانە نییە کە زیانی بۆ پەزەکان هەیە!. باوای دانێین هەواڵێکی ئەمڕۆ "گیرانی دوو لاوی کوردە لەلایەن داگیرکەری سووریاوە". کەچی پاش دوو رۆژی تر رۆژنامەی میدیا





لەلاپەڕە یەکیدا هەمان هەواڵی بڵاوکردووەتەوە. دوای میدیا یان پێشتر رۆژنامەی هاووڵاتیش لە مانشێتێکی خۆیدا نووسیوویەتی "گیرانی دوو لاوی کورد لەلایەن سووریاوە". پاش شەش رۆژی تر رۆژنامەی هەواڵ هەمان هەواڵ بڵاودەکاتەوە و ئنجا رۆژنامەی نێوەند و جەماوەر و ئەوانی تریش کە هەواڵەکە کۆن بووە و سوواوە و لە هەواڵ و دەنگوباس چووەتە دەرەوە و بووەتە مێژوو!, کەچی ئەوانیش هەمان هەواڵمان پێدەفرۆشنەوە. بەکورتی و لەبەرئەوەی ئەو رۆژنامانە لە هەمان کاتدا و بەیەکەوە دەرناچن هەمان هەواڵمان بەچەندین شێواز و رێنووس و رەنگ و فۆنتەوە بۆ دەڵێنەوە. ئەمە وایکردووە کە هەواڵەکە ئەو بایەخەی نەمێنێت و لە چۆنایەتیی هەواڵەکە بهێنێتە خوارەوە.

سووانی ئەو هەواڵانە و زۆرباسکردنیان لە ئاست و چۆنایەتییان دێنێتە خوارەوە و مەرجیش نییە ئەو بڵاوکراوانە خۆیان بە بڵاوکردنەوەی ئەو دەنگوباسە بیستراوانەوە خەریك بکەن, لەجێی ئەوانە هەر باس و نووسین زۆرە. بۆ نموونە ئەگەر رووبەڕوویەك لەگەڵ یەك لەو هەزاران ئاوارانە و بڵاوکردنەوەی خەمەکانیان بکەن زۆر لەو دەنگوباسە سوواوانە باشترە. وتارێك وەربگێڕن و بڵاویبکەنەوە زۆر لەوە باشترە بۆ دەیەمین جار هەواڵێك بڵاوبکەنەوە.

ئەڵتەرناتیڤ زۆرە و خۆزگە ئەو رۆژنامانە بیرێکیان لە دووبارە و سێبارە و دەبارە نەکردنەوەی دەنگوباسەکان دەکردەوە..

2004-10-24

لاهای – هۆڵندا





# باشترین هاوڕێ[1]

لەوەڵامی دوو پرسیارێك و داواكارییەكی هەفتەنامەی كۆمەڵدا، ئامادەكردنی رەوشت محەمەد:

پرسیار: چ پەڕتووكێك زۆرترین كات لە بیرەوەریتدا ماوەتەوە؟

وەڵام: پەڕتووكی "حەمە دۆك"ی مامۆستا (یەشار كەمال)م هەردەم لە بیرە و لە هەشتاكاندا بەخوێندنەوەی زۆر خۆشحاڵبووم.

داواكاری: پێنج دێڕ لەبارەی كتێبێكی گرنگەوە بنووسە.

وەڵام: پەڕتووكی "گەشتەكەی ریچ"م زۆر بەلاوە گرنگە و یەكێكە لەو پەڕتووكانەی كە بەهایەكی مێژوویی و كۆمەڵایەتی زۆر باڵای هەیە، ریچ زۆر بەوردی باسی رووداوە گرنگەكانی سەدەی نۆزدەی بۆ تۆمار كردووین، هەر كەسێك بیەوێت لەو سەردەمە مێژووییەی وڵاتەكەمان بكۆڵێتەوە پێویستی بەو پەڕتووكە نایابە دەبێت، من لەو كتێبەوە بۆم دەركەوت كە بۆچی كورد تاوەكو ئێستە نەیتوانیوە دەوڵەتی خۆیی ببێت، لەو پەڕتووكەوە بۆم دەركەوت كە زۆرینەی میرەكانی كورد چەند سادە و نەزانبوون و چۆن بۆ بەرژەوەندییەكی كاتیی خۆیان خۆیانیان ریسوا كردووە و ئێمەش ئێستا باجی نەزانییان دەدەین.

---

[1] رۆژنامەی كۆمەڵ – ژمارە 148 – 20-11-2004 – لاپەڕە 8 – كوردستان – سلێمانی.

# لە (هۆمەری خاوەر)ەوە بۆ (تەیۆ فان خۆخ)[1]

پێش ساڵێك لە نامیلکەی (ڕۆژی شۆڕش یان ڕۆژی تـیرۆر)دا[2], چـەند بەراوردێکی ڕەفتاری خۆرئاوا و خۆرهەڵاتم بڵاوکردەوە. لەو بەراوردانەدا ئەوەم ڕوونکردەوە کە هەزاران ڕەفتاری تیرۆریستانەی خۆرئاوا دەکرێت بەژێر لێوەوە و بچـووکترین ڕەفتـاری خۆرهـەڵاتیش دەکرێـت بەهـەڵلا و وەك بڵێیــت چ شــتەك لــە دونیــادا ڕوویــنەداوە تــەنها ئــەو کــردەوە خۆرهەڵاتییە نەبێت.

ئــەو بەراوردانــەم و خوێندنەوەیــەکی کوردانــە و خۆرهەڵاتییانــەی ڕووداوەکــانی 11ی ســێپتێمبەر و شــەنوکەوکردنی هەنــدێك کــاری تیرۆریستیی تـر بـەڵام بەتێگەیشـتنێکی خۆرئاواییـەوە, وای لـە هەنـدێك خوێنەرانی ئەو نامیلکەیەم کرد, کە بە هەڵـە لـە مەبەسـتی مـن بگـەن و بێنەسەر ئەو باوەڕەی کە من ڕکم لە خەڵکی خۆرئاوا دەبێتەوە؟!.

ڕاستییەکەی مەبەستی من تەنها لەو نووسینەم ئەوە بـوو کـە تـیرۆر هـەر تـیرۆرە بـەبێ ئـەوەی گـوێ بدرێتـە ئـەوەی لایـەنی تیرۆریسـت چ ڕەنگێك و چ ئایینێکی هەیە.

---

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 176 – 15–12–2004 – لاپەڕە 8 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 24–12–2004.

[2] ڕۆژی شۆڕش یان ڕۆژی تیرۆر – چاپی یەکەم – کوردستان – هەولێر – 2003 – ژمارەی سپاردن 301.

هەر لەو تێڕوانینەمەوە هەموو کار و کردەوەکانی حەماس و حیزبولڵای فەلەستین و لوبنان بە تیرۆریست دەزانم, هەروەك چۆن رووخان و تێکدانی لانەیەکی فەلەستینیش لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە تیرۆرە.

مەبەستێکی تری ئەو نووسینەشم کە لە هەموویان گرنگترە لایەنی تیرۆریستە, زۆربەی جار لایەنی تیرۆریست ئەگەر خۆرئاوا بێت کەس باسی ناکات و هەندێك جار بەکارێکی مەدەنی و بەرگریکردن لە دیموکراسی ناوزەد دەکرێت. بەڵام هەر کارێکی تیرۆریستی لەلایەن خۆرهەڵاتەوە ئەنجام بدرێت ئەوا میدیای خۆرئاوا هەرچی کار و بەرنامەی خۆی هەیە هەڵیدەپەسێرێت و کردەوە تیرۆریستییە خۆرهەڵاتییەکە دەکاتە "برێکین نیوز".

بۆ پشتڕاستکردنی ئەو رایەم بەراوردێکی گرنگی تر بە نموونە دێنمەوە کە زۆر پەیوەندیی بە مێژووی نوێی کوردستانەوە هەیە:

لە مانگی نۆڤەمبەری ئەمساڵدا تیرۆریستێکی عەرەب لەسەر فیلمێك, هونەرمەندی بەناوبانگی هۆڵەندی (تەیۆ فان خۆخ)ی تیرۆرکرد. چونکە تیرۆریست عەرەب بوو و سەربە کلتووری خۆرهەڵات و بەتایبەتیش ئیسلام بوو, میدیای خۆرئاوا و بەتایبەتی هۆڵندا زۆر لە پێویست کەوتە خۆی بەڕادەیەك کاردانەوەی ئەو میدیایە وایکرد کە چەند مزگەوت و قوتابخانەی ئیسلامی و کڵێسای دیانان لەلایەن توندڕەوەکانی هەردوولاوە بسووتێندرێن و کاولبکرێن. دووبەرەکیەکە لە نێوان خۆرئاوا و تیرۆرەوە کرایە نێوان ئەوروپی و عەرەب و ئیسلام و پاشان ئەوروپی





و خەڵکی بێگانە بەگشتی. کورد لەمەشدا پشکی خۆیی بەرکەوت و پۆلیسی هۆڵندی کامپێکی پکك ی گرت و ژمارەیەك لە سەرنشینانی بەتاوانی تیرۆر زیندانی کرد. ئەمە بێجگە لەوەی کە چەندین تاکی کورد بووە ئامانجی توانج و هێرشی هۆڵندییە توندڕەوەکان بەهۆی تیرۆرکردنی تەیۆ فان خۆخەوە.

کەمم نەگوتووە ئەگەر بڵێم لەو رۆژەوەی تەیۆ فان خۆخ تیرۆرکراوە, هەزاران وتار, راپۆرتنامە, بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی لەسەر نووسراوە و دروستکراوە. دیارە دەتوانم تاڕادەیەك لە رەنگدانەوەی میدیای هۆڵندی بگەم کە کابرایەکی عەرەبی ئیسلامی هاتووەتە وڵاتەکەیەوە و نەرمترین زمانی گفتوگۆی ئەو فیشەکانە بووە کە ناویەتی بەجەستەی فان خۆخەوە و ئەمە کارێکە دەکرێت زۆری لەسەر بکرێت و بگووترێت...

بەڵام پرسیاری من و بەشی دووەمی بەراوردەکەم ئەمەیە: ئایا میدیای خۆرئاوا و بەتایبەتی میدیای هۆڵندی هەمان کار و کاردانەوەی هەیە بەرامبەر رووداوێکی تیرۆریستیی هۆڵندییەك بەرامبەر خۆرهەڵات؟!.

هەموومان ناوی تیرۆریستی هۆڵندی (فرانس فان ئانڕات)مان بیستووە کە لە رۆژی 07-12-2004دا لەلایەن پۆلیسی هۆڵندییەوە دەستگیرکرا. ئەم تیرۆریستە هۆڵندییە لە هەشتاکاندا هەزاران تۆن گازی ژەهراویی لەلایەن کۆمپانیا تیرۆریستە خۆرئاواییەکانەوە بۆ داگیرکەری ئێراقی بەدەست هێناوە و هەمان ئەو گازانەش لە

هێرشەکانی ئەنفالدا بەرامبەر کورد بەکارهێنراوە و شاری هەڵەبجەی پێ ژەهرباران و خاپوور کراوە.

بەڵام ئەم میدیایە، چونکە لایەنی تیرۆریست کەسێکی هۆڵەندییە، لە کاتی گیرانی فرانس فان ئانرات جگە لە چەند ستوونێکی رۆژنامەکان و چەند دێڕێکی رادیۆ و تەلەڤزیۆنە هۆڵەندییەکان "ئەویش وەك دەنگوباسێکی ئاسایی" هیچ شتێکی ئەوتۆی لەسەر باسنەکرا؟!.

روونکردنەوەی من بۆ ئەم رووداوە هەر دەبێت ئەوە بێت کە لەلایەن میدیای هۆڵەندییەوە تەیۆ فان خۆخ لە هۆمەری خاوەر "مرۆڤترە"، خوێنی تەیۆ لە خوێنی پێنج هەزار ئەنفالکراو گەشترە. فلیمەکەی تەیۆ لە 200 هەزار سیناریۆی ئەنفالکراوان بەهێزترە. لاشەی تەیۆ لەسەدان گۆڕی بەکۆمەڵی ئێمە پیرۆزترە...

کوژرانی تەیۆ تیرۆرە بە هەموو مانایەکی وشە، کوژرانی تەیۆ کوژرانی زمانی دیالۆگە. بەڵام ئەگەر کوژرانی تەیۆ یەکجار تیرۆر بێت، ئەوا کردەوەی ئەو بازرگانە تیرۆریستە هۆڵەندییە، 200 هەزار جار تیرۆرە...

چاوەڕوانی زۆرترم لە میدیای هۆڵندی دەکرد و دەبووایە گیرانی تیرۆریستێکی وەك فرانس فان ئانرات زۆر لە شینی تەیۆی زۆرتر لەسەر بگووترایە... بەڵام وادەرنەچوو! چونکە تیرۆریست هۆڵەندییە و تیرۆرلێکراویش بەهەزارانی گەلێکی دابەشکراوی بندەستەیە و ئەگەرچی ئێستا ساڵانێك بەسەر ئەنفالدا تێپەڕیوە بەڵام دەیان ساڵی تریشی پێویستە تاوەکو "کەمێك" لەبیری بکات...





دیارە ئەنفال هەرگیز بیرناچێتەوە و فرانس فان ئانراتیش بەشێوەیەکی رێژەیی ئەگەر لە رژێمی داگیرکەری بەعس تیرۆریستتر نەبێت، ئەوا هیچی لەو کەمتر نییە.

2004-12-12

# کاشکی کەرکوکیش "بودجە" بووایە![1]

وەزارەتی دارایی ئێراقی لەم مانگەدا بودجەی کوردستانی لە ٪8ەوە کردە ٪17. ملدانی وەزارەتی دارایی ئێراقی بۆ ئەم داوایەی کورد تەنها بەهۆی سووربوونی پارتی و یەکێتی بوو بۆ بەرزکردنەوەی ئەم ڕێژەیە. چونکە ئەگەر بەدەستی ئەو وەزارەتە بووایە ئەو ٪8ش دەکرایە ٪4.

خۆزگە وەك چۆن پارتی و یەکێتی ئاوا سووربوون لەسەر بەرزکردنەوەی ئەو بودجەیەی کوردستان ئاواش سووردەبوون لەسەر کەرکوك و پاشەڕۆژی.

سەرکردایەتی کورد پێی باشە کە کەرکوك بگەڕێتەوە سەر سنووری کوردستان, بەڵام بەهێندەی ئەو بودجەیە سوور نەبوون و نین. چونکە نە پێکەوە قسەیان یەکە و نە بەتەنهاش یەك قسەن. بۆ نموونە دەڵێن پێویستە هەڵبژاردن لە کەرکوك دوابخرێت تاوەکو مادەی 58ی

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 176 – 15-12-2004 – لاپەڕە 8 – کوردستان – هەولێر.

ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە – 18-12-2004.

کورتەیەکی ئەم وتارە لە گۆشەی (لە ماڵپەڕە کوردییەکانەوە)ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە: هاوڵاتی – ژمارە 204 – 22-12-2004 – لاپەڕە 16 – کوردستان – سلێمانی.





دەستووری کاتیی ئێراق پیادە دەکرێت. بەڵام ئەگەر کەرکوکیش بودجە بووایە ! ئەوا سوور دەبوون لەسەر ئەوەی کە بەبێ کەرکوك, هەڵبژاردنی کوردستانیش نابێت ببێت. بەتایبەتی ئەو شارۆچکە و ناوچانەی کە لە کەرکوك کراونەتەوە و ئێستا لەسەر هەرێمی باشووری کوردستانن.

ئەگەر کەرکوك بودجە بووایە دەمێك بوو ئێستا خرابووەوە سەر کوردستان, ئەگەر کەرکوك بودجە بووایە ئەوا ئێستا یەك ئاوارە لە ڕەشماڵدا نەدەژیا و عەرەبی هاوردەی تێدا نەدەما.

کەرکوك بودجەیە, بەڵام بودجەی پاشەڕۆژ!. بودجەی موفتی ٪17ی ئێستا راستە پێویستە و کاری باشە, بەڵام گەر کەرکوك نەیەتەوە سەر کوردستان, ئەوا بەدڵنیاییەوە هۆیەکی بێهێزیی کورد و بەهێزی بەغدا دەبێت بۆ دووبارە هێنانەوەخوارەوەی ئەو ٪17یە بۆ ٪8 و کەمتریش...

2004-12-12

# بوختانی "کەسێك" بۆ شەماڵ سائیب[1]

لە بابەتەکانی رۆژی 24-12-2004ی کوردستان نێتدا بابەتێکی کاك خالید مەجید فەرەجم بەرچاوکەوت. بابەتەکە چونکە من کەمێك ئاگاداری باکگراوندەکەی بووم, زوو سەرنجی راکێشام و خوێندمەوە...

بابەتەکە دەربارەی بڵاوکردنەوەی هەڵبەستراوێکە نەك "هەڵبەستێك" لە گۆڤاری "مامۆستای کورد"دا لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا, کە گوایا هی هونەرمەندی رەوانشاد شەماڵ سائیب بووبێت. هەڵبەستراوەکە یەکپارچە سووکایەتیکردنە بەخەڵکی سلێمانی و هەولێر و وەك لە دامێنی هەڵبەستراوەکەدا نووسراوە لەلایەن بەڕێزان کوردستان موکریانی و جەمال رەشیدەوە بۆ مامۆستای کورد نێردراوە تاوەکو بڵاوبکرێتەوە.

من لەگەڵ کاك خالیددا هاوڕام کە بڵاوکردنەوەی هەڵبەستراوێکی واهی کارێکی ناشایستەیە لەلایەن گۆڤاری مامۆستای کوردەوە و نەدەبوایە بڵاوبیکردایەتەوە. تەنانەت "ئەگەر" ئەو هەڵبەستە هی خودی رەوانشاد شەماڵ سائیبیش بووایە.

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 30-12-2004.
ڕۆژنامەی نێوەند – ژمارە 11 – 02-01-2005 – لاپەڕە 12 – کوردستان – سلێمانی.





بەڵام ئەوەی کە لەگەڵ کاك خالیددا هاوڕا نیم, ئەوەیە کە وەك بەڕێزی دەڵێت: "ئەو هەڵبەستراوە لەلایەن فەرهاد شاکەلیی[1] سەرنووسەری گۆڤاری مامۆستای کوردەوە دروستکراوە و هەڵبەستراوە". چونکە هەر پاش بڵاوبوونەوەی ئەو هەڵبەستراوە و بینینی هەردوو ناوی بەڕێزان کوردستان موکریانی و جەمال رەشید بەدامێنی هەڵبەستراوەکەوە, سەرم سوورما کە ئەوان نووسینێکی واهییان بۆ مامۆستای کورد ناردبێت. هەربۆیە یەکسەر دەستم دایە تەلەفون و لەگەڵ بەڕێز کوردستان موکریانیدا دەربارەی راستینەی ئەو نووسینە کەوتمە گفتوگۆ. دیاربوو کوردستان خان لە قسەکانیدا توند بوو و کەوتە بەرگری و بەراوردکردنی هەولێر و سلێمانی و بەهیچ جۆرێك نکوڵیی لە ناردنی ئەو نووسینە نەکرد بۆ مامۆستای کورد و زۆر بەڕاشکاوییەوە پێی گوتم: "**ئەوە هەڵبەستی شەماڵ خۆیەتی و تەنها لای ئێمە هەبووە و ئێمەش ناردوومانە بۆ مامۆستای کورد بۆ بڵاوکردنەوە وەك ئەمانەتێکی زانستی**".

لەبەرئەوە باوەڕناکەم ئەوە هەڵبەستراوی فەرهاد شاکەلیی سەرنووسەری گۆڤارەکە بێت و منیش وەك کاك خالید و هەزارانی تریش گلەییم لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەڵبەستراوە هەیە و نەدەبوایە هەڵبەستراوی وا لە مامۆستای کوردا بڵاوبکرێتەوە.

[1] بۆ ئاگاداریی کاك خالیدیش و خوێنەرانی بەڕێزیش من بەهیچ جۆرێك تاوەکو ئێستا کاك فەرهاد شاکەلیم نەدیوە و نەناسیوە. تەنها ئەوە نەبێت هەندێك لە نووسینەکانیم خوێندووەتەوە.

دیارە باوەڕی تەواویشم بەوە هەیە کە ئەوە نووسینی شەماڵ سائیب نییە. ئەوەی زۆر باش ئەو هەڵبەستراوە بخوێنێتەوە هەر لە دارشتنی زمانەوانییەکەیەوە دەزانێت ئەوە نووسینی کەسێك نییە کە خەڵکی سلێمانی بێت. نووسینی کەسێك نییە حەز بە تەبایی نێوان سلێمانی و هەولێر بکات. نووسینێکە چەندێك سووکایەتی بە خەڵکی سلێمانی دەکات, ئەوەندەش بە هەولێر.

خۆزگە بەڕێزان کوردستان موکریانی و جەمال رەشید ئەوەیان روونده‌کردەوە کە کەی و چۆن ئەو هەڵبەستەیان لە شەماڵ سائیب وەرگرتووە و بۆچی تەنها لای ئەوان بووە و بۆچی کەسی تر تا رۆژی بڵاوکردنەوەی بەو نووسینەی نەزانیوە و نەبیستووە... بۆ ئەوەی کەسی تری پێوە تاوانبار نەکرێت و ئەو تەمی گومانەش لەسەر هونەرمەندی کۆچکردووی کورد شەماڵ سائیب برەوێتەوە... بەتایبەتی کە رەوانشاد یەکەمین کوردە لە مێژوودا کە کۆمەڵێك کلیپی جوانی پێشکەشی هونەری کوردی کردبێت.. کۆمەڵە کلیپێکی وا کە نەبیری من و نە تۆ و نە بەڕێزان فەرهاد شاکەلی و نە کوردستان موکریانی و نە جەمال رەشیدیش... ناچێتەوە..

2004-12-24





# دەبووایە ئێستا کێشەکەمان کوردستانیبوونی (موسڵ) بووایە! نەك کەرکوك![1]

ساڵی 1984 بۆ خوێندن لە زانکۆ رووم‌کردە شاری موسڵ. ئەم هەنگاوە بۆ من نوێ بوو و تاڕادەیەکیش ئاسان نەبوو. چونکە عەرەبییەکەم دووکەڵی دەکرد و لە پۆلی شەشی وێژەییدا نزمترین پلەم زمانی عەرەبی بوو, هەربۆیە هۆی نائاسانیی ئەو هەنگاوەم و خوێندنم لە شارێکی تر, زمانی عەرەبی بوو. هەڵبەت عەرەبییەکەی خەڵکی سلێمانیش ئەگەر بەراورد بکرێت بە هەولێر و بادینان و کەرکوك, ئەوا جیاوازییان زۆرە و ئەوان زۆر لە خەڵکی سلێمانی لە عەرەبیدا باشترن. چونکە زۆرتر تێکەڵی عەرەب بوون و سنووریان بە ناوچە بەعەرەبییەکانەوە یان بەعەرەبکراوەکانەوەیە.

زانیاریم دەربارەی شاری موسڵ زۆر کەم بوو و ئەوەندەم دەزانی کە کاتی خۆی مادەکان پێیان گوتووە "میسپلا" و پایتەختی ئاشوورییەکان بووە و پاشان بووەتە شارێکی ئاشووری – کوردی و لە

[1] رۆژنامەی میدیا – ژمارە 177 – 30-12-2004 – لاپەڕە 8 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 04-01-2005.
ماڵپەڕی کۆمونیتای کورد – ئیتالیا.

سەردەمی عوسمانییەکانیشدا ویلایەتی موسڵ زۆربەی ناوچە کوردییەکانی باشووری کوردستانی گرتووەتەوە.

بەڵام ئەو کات کە من دەچوومە موسڵ بۆ خوێندن "دیارە ئێستاش"، موسڵ نەك هەر شارێکی عەرەبی بوو، یان بە عەرەبی دادەنرا، بەڵکو زۆرینەی ئەفسەرانی سوپای داگیرکەری بەعسیش خەڵکی ئەو شارەبوون و دەکرا بگووترێت بەعس بەبێ موسڵ، واتە ڕژێمێکی لاواز.

پێش ساڵی 1984 تەنها جارێکی تر بۆ سەردان چووبوومە موسڵ، بەڵام ئەو جارەیان زۆر بە چاوی کڕیار سەرنجیم نەدابوو و بەو گەشتە کورتەش زۆر شارەزای پێکهاتەی شارەکە نەبووم.

پاش چوونم بۆ خوێندن و مانەوەم لەو شارەدا بۆ ماوەی چوار ساڵ و تەواوکردنی خوێندن، پێتان سەیر نەبێت بێجگە لەوەی کە وانەکانمان بە زمانی عەرەبی بوو، زۆر بەکەمی نەبێت لەگەڵ هیچ کەسێکدا بە عەرەبی قسەم نەکردووە. یان سەرەتا بە عەرەبی قسەم کردووە و پاشان بەرامبەرە موسڵاوییەکەم، کە دوکاندار بووە یان چایچی یان خاوەن چێشتخانە یان ڕێبوارێك یان ...هەر کەسێکی تر، یەکسەر کردوویەتی بە کوردی و لەگەڵمدا بە بادینی ئاخافتووە.

دیارە بوونی ئەو ڕێژە زۆرەی کورد لە موسڵدا کە بە سەرنجدانی ئەو کاتەی من لە ٪50ی شارەکە زۆرتر بووە، زۆر دڵخۆشی دەکردم کە ئەم شارە با بە شارێکی عەرەبیش لەلایەن داگیرکەری ئێراقی و پارتە کوردستانییەکان! و وڵاتە عەرەبییەکانەوە بناسرێت، بەڵام هێشتا





پێکهاتەکەی شارێکی کوردستانییە و ڕێژەی کورد لەم شارەدا ئەگەر لە عەرەب زۆرتر نەبێت ئەوا کەمتر نییە. ئەوەشی زۆرتر دڵخۆشی کردم کە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی خوێندنمدا هەموو شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری موسڵ گەڕام و جگە لە شارۆچکەی حەزەر کە کوردی تێدا نەبوو، لەوانی تریدا کوردێکی زۆری تێدابوو و ڕێژەی کورد تێیاندا زۆرینە بوو. ئەمە جگە لەوەی کە کاتی خۆی دهۆك و زاخۆ و ئاکرێش لە ڕووی کارگێڕییەوە سەربە شاری موسڵ بوون!.

ئێستا ساڵانێکی زۆرە ئەو شارە کوردستانییەم نەدیوە. بەڵام بەردەوام ئاگاداری هەواڵەکانیم. بەڵام چ هەواڵ!. کورد کوشتن، کورد فڕاندن، کورد سەربڕین، ئافرەتی کورد فڕاندن، منداڵی کورد فڕاندن، شەبەك کوشتن، یەزیدی کوشتن، گەرگەر کوشتن، کڵێسا سووتاندن و تیرۆرکردنی هەر شتێکی ناعەرەبییە لە شارەکە و دەوروبەریدا و ئەوەشی کە بەو کارانە هەڵدەستێت نە کوردە، نە ئاشوورییە و نە کلدانە و نە خەڵکانی ئەو ئایینزایانەن کە دەچنەوە سەر کورد. بەڵکو تەنها عەرەبە و عەرەبە و عەرەب.

ڕۆژی 17-12-2004، پێنج پۆلیسی تورك لە موسڵ کەوتنە بەر شاڵاوی تیرۆریستان و هەر پێنجیان کوژران و سەربڕدران. تورکیا بەمە زۆر پەست بوو. چەند ڕۆژێك هەموو تورکیا بە کوژرانی ئەو پۆلیسانەوە خەریك بوو و لە ڕێوڕەسمێکی گەورەشدا پۆلیسەکان بەخاك سپێردران و بەجۆرێك گرنگیی پێدرا کە سەرۆك وەزیرانی تورك بە ئاشکرا داوای

تۆڵەی کرد و هەڕەشەی لە بکوژانی ئەو پۆلیسانە کرد و تەنانەت بە تەلەفۆنیش کوژرانی ئەو پۆلیسانەی لەگەڵ جۆرج بۆشی سەرۆکی ئامریکا باسکرد و زۆری تریش و لەلایەن هەندێك بەرپرسی تورکییەوە کوردیش تاوانبارکرا..

هەر لەپاش پرۆسەی رزگارکردنی ئێراقەوە, رەوشی کوردی موسڵ لە خراپەوە بەرەو خراپتر چوو. ئەگەرچی دەبووایە ئێستا ململانێی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا کێشەی موسڵ بووایە نەك کەرکوك و گەڕانەوەی موسڵ بووایە بۆ سنووری کوردستان نەك کەرکوك!, کەچی لەپاش ئەو پرۆسەیەوە پشکی کورد لە موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەریدا تەنها کوشتن و سەربڕین بووە و ئەمەی خوارەوە ئامارێکی بچووکی سەرپێیی ئەو کارە تیرۆریستییانەی عەرەبە بەرامبەر بە کورد لە موسڵدا و دەپرسم تورك بۆ ئەو پێنج پۆلیسە دنیای خەرا کرد, ئەی ئێمە بۆ ئەم هەموو کارە تیرۆریستییانەی عەرەب چیمان کردووە و چی دەکەین؟!.

## کورتەیەکی کرۆنۆلۆژیای کارە تیرۆریستییەکانی تەنها ساڵی 2004:

2004-02-00 ئەم مانگە: کوژرانی 3 ئەندامی پارتی لە شاری موسڵ لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە و فڕێدانی لاشەکانیان لە چەند شوێنێکی جیاوازدا.



وشه پەڕتەوازەکان (بەرگی یەکەم) هاوڕێ باخەوان

2004-03-14 تیرۆرکردنی موعتەسەم عەبدولقادر لە موسڵ لەلایەن ئەنسارولسوننەوە، نێوبراو کارمەندی دەزگای تەندروستی بوو لە کوردستان.

2004-03-28 لە شاری موسڵ هەوڵی تیرۆرکردنی نەسرین بەرواریی وەزیری ئیشغالی گشتیی ئێراق درا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و ئەم هەوڵە بووە هۆی کوژران و بریندارکردنی چەند کەسێك لە یاوەرانی خاتوو نەسرین. نێوبراو یەکەم وەزیری ئافرەتە لە حکومەتی گواستنەوەدا.

2004-04-07 تیرۆرکردنی بەڕێوەبەری لکی هەولێری مانگی سووری ئێراقی عومەر مەنتك و سازان ئیسماعیلی هاوسەری لە کاتی گەڕانەوەیاندا لە موسڵەوە بۆ هەولێر.

2004-04-27 لە موسڵ هەوڵی تیرۆرکردنی هونەرمەند ناسر حەسەن درا، بەڵام تەنها بریندار بوو و لێخوڕی ئوتومبیلەکەی و کەسێکی دی بریندار بوون. نێوبراو بەڕێوەبەری ئێزگەی تەلەڤزیۆنی کەرکوکە.

2004-08-08 تیرۆریستێکی سعودی ویستی لەبەردەم بارەگای پارتی لە موسڵ ئوتومبیلێك بتەقێنێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی کارەکەی ئەنجام بدات دەستگیرکرا.

2004-08-08 دوو تیرۆریستی عەرەبی سووری ویستیان بارەگای یەکێتی لە شاری موسڵ بتەقێننەوە، بەڵام پێش ئەنجامدانی کارەکەیان دەستگیرکران.

2004-08-22 گیرانی 2 ئوتومبیلی مینکراو لە بازگەی قەسرۆکی نێوان موسڵ و هەولێر و کوژرانی 2 تیرۆریست و گیرانی سێیەمیان.

2004-08-23 دۆزرانەوەی تەرمی نەواف محەمەد شێخۆ بەسەربڕاوی، نێوبراو ئەندامی ینك بوو لە موسڵ و پێش 4 ڕۆژ لەلایەن چەند تیرۆریستێکەوە لەماڵەکەی خۆی ڕفێنرابوو.

2004-08-29 هێرشێکی تیرۆریستی بۆسەر بارەگای ینك لە شاری موسڵ و بووە هۆی تیرۆرکردنی ئەندامێکی ینك و برینداربوونی 2 هاوڵاتی و نزیکەی 10 ئەندامی تری ینك.

2004-09-30 تیرۆرکردنی مەلایەکی عەرەب لەبەردەمی مزگەوتی عومەر زەیاب لە موسڵ، مەلای ناوبراو بەوە ڕازینەبووبوو کە فەتوایەك بۆ کوشتنی کورد و بیانە دەربکات.

2004-10-00 سەرەتای ئەم مانگە: تیرۆریستەکان لە شاری موسڵ خێزانێکی کوردیان قەتڵوعام کرد کە 5یان لێمردن و 4یشیان برینداربوون.

2004-10-02 دۆزینەوەی تەرمی عەزیز لۆمانەیی لە موسڵ، نێوبراو پێش چەند ڕۆژێك فڕێندرابوو و لەلایەن تیرۆریستەکانەوە گوللەیەك نرابوو بەسەرییەوە.

2004-10-09 تیرۆرکردنی 8 کورد لە شاری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە.

2004-10-11 موقەدەم عەبدولستار فەقێ کە موقەدەمێکی سەربازیی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لە نزیك کڵێسەی نور لە گەڕەکی تەئمیمی شاری موسڵ لەلایەن گروپێکی تیرۆرستەوە تەقەی لێکرا و کوژرا. موقەدەمی نێوبراو خەڵکی گوندی دارەتووی سەر بە دەڤەری بەردەڕەش بوو. هاوکات هەر ئەمڕۆ و لەگەڕەکی تەحریر لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە هێرش کرایە سەر موقەدەمی پۆلیس قادۆ زێباری و لە ئەنجامدا بە سەختیی بریندار بوو.

2004-10-12 تیرۆرکردنی عەبدولمەجید ئەلعەنتەر لە موسڵ، نێوبراو ئەندامێکی کوردی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ بوو.

2004-10-13 خەسرەو گۆرانی یاریدەدەری پارێزگاری موسڵ لە هەوڵێکی تیرۆریستی ڕزگاری بوو.

2004-10-19 تیرۆرکردنی 2 کورد و بریندارکردنی یەکێکی تر لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە لە موسڵ.

2004-10-25 کوژرانی پۆلیسێکی کورد لە شاری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە.

2004-10-26 کوژرانی 2 شۆفێری کوردی باکوور لە ناوچەی فایدەی موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە.

2004-10-30 کوژرانی ئەفسەرێکی پۆلیسی کورد لە شاری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە.

2004-11-00 گروپێکی تیرۆریستی عەرەبی لە شاری موسڵ کوردێکی بەناوی کامەران عەبدولستار لەسێدارەدا بەتاوانی ئەوەی دەستی لە کوشتنی شێخ محەمەد فەیزیدا هەبووە.





2004-11-00 کۆتایی ئەم مانگە: تیرۆرکردنی 13 کورد لە گەراجی تەلەعفەری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە، شایانی باسە زۆربەی ئەو کوردانە یەزیدی بوون.

2004-11-00 سەرپڕینی لاوێکی 16 ساڵە لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە، نێوبراو ناوی بەندەر جەمال بوو.

2004-11-00 گروپێکی تیرۆریستی عەرەبی بەناوی کۆمیتەی موجاهیدینی موسڵ ڕایگەیاند: لەبری هەر کوژراوێکی عەرەب خوێنی 50 کورد حەڵاڵە و دەبێت 50 کورد لەجیاتیی بکوژرێت.

2004-11-01 تیرۆریستان بارەگای پارتە کوردییەکانیان لە شاری موسڵ هاوەنباران کرد و بووە هۆی بریندارکردنی چەند کەسێکی کەم و کەوتنەوەی چەند زیانێکی ماڵیی کەم.

2004-11-04 چەند تیرۆریستێك لە موسڵ هێرشیانکردە سەر کۆمەڵە ئەندامێکی یەکێتی و 4یان لێ برینداربوو.

2004-11-09 تیرۆرکردنی 2 کورد و فڕاندنی یەکێکی تر لە موسڵ.

2004-11-13 سەرپڕینی 3 کورد لە شاری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە، ناوی یەکێکیان عەزیز مستەفا گۆرانە.

2004-11-17 تیرۆرکردنی مەحموود ئیسماعیل حەسەن لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە، نێوبراو یەکێك بوو لە پاسەوانەکانی خەسرەو گۆران.

2004-11-18 تیرۆرکردنی حەمزە حەسەن ئیبراهیم لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە، نێوبراو تەمەنی 15 ساڵ بوو.

2004-11-21 تیرۆرکردنی پۆلیسێکی کورد بەناوی ئەیاد تارق لە موسڵ.

2004-11-22 بەپێی هەندێك سەرچاوەی کوردی بەڕێوەبەری پۆلیسی موسڵ بۆ ئاکرێ هەڵهاتووە و پارتیش گرتوویەتی و ڕەوانەی بەغدای کردووە، ئەم بەڕێوەبەرە پەیوەندیی زۆری لەگەڵ تیرۆریستە عەرەبەکاندا هەبووە.

2004-11-24 جێگری پارێزگاری موسڵ، خەسرەو گۆران لە هەوڵێکی تیرۆریستی تر ڕزگاری بوو.

2004-11-28 لەماوەی 2 ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەك لە کوردی شەبەك و یەزیدی و موسڵمان لە شاری موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە تیرۆرکران. بەو شێوەیە تیرۆری عەرەب بەرامبەر بە کورد لەو شارەدا بووەتە دیاردەیەکی بەرچاو و ئەگەری دروستبوونی پشێویی گەورە لە نێوان کورد و عەرەبدا چاوەڕوان دەکرێت.

2004-11-29 لەدرێژەی ئەو هەڵمەتی تیرۆر و رەشەکوژییەدا کە ماوەیەکە دژ بە هاووڵاتیانی کورد لەشاری موسڵ دەستی پێکردووە، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ سێ هاووڵاتی کورد لەهەردوو گەڕەکی (تەنەك ) و (پیشەسازی) کوژران. لەگەڕەکی تەنەك دوو کەس بەناوەکانی خالید کۆچەر تەمەن 40 ساڵ و، عەزیز هاشم 51 ساڵ لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە تیرۆرکران. لەگەڕەکی (پیشەسازی)ش هاووڵاتییەکی دیکەی کورد بەناوی عەلوان ئیبراهیم گەرگەری تیرۆرکرا.

2004-11-30 نقوومبوونی کەڵەکێك لە ڕووباری فیشخاپووردا کە خەڵکی ناوچەکانی زومار و شەنگاری دەگواستەوە بۆ بەری زاخۆ، شایانی باسە کە کەڵەکەکە 44 کەسی تێدابوو و ژمارەیەکی زۆریان لێخنکان. ماوەیەکە خەڵکی ئەو ناوچەیە لەبەر تیرۆریستانی عەرەب بە موسڵدا هاتووچۆی دهۆك و زاخۆ ناکەن و کەڵەکی ئاو بەکاردێنن بۆ پەڕینەوەی ئەم ڕووبارە.

2004-12-03 تیرۆریستە عەرەبەکانی موسڵ هاوڵاتییەکی کوردیان بەناوی عەبدولسەلام ئەحمەدەوە ڕفاند، نێوبراو تەمەنی 35 ساڵە.

2004-12-04 هێرشێکی تیرۆریستی بۆسەر کاروانێکی پێشمەرگەی ینك لە شاری موسڵ و بووە هۆی کوژرانی 18 پێشمەرگە و بریندابوونی 12ی تر. ئەم هێرشە پاشتر گروپی زەرقاویی تیرۆریست بەرپرسیارێتیی خۆیی بەرامبەر ڕاگەیاند.

2004-12-05 بەپێی ئامارێکی لیژنەی لاوانی شەنگار لەماوەی مانگی ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ 30 کوردی ناوچەی شەنگار لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکان کوژراوە و خەڵکی ئەو ناوچانە ناچاربوون زۆر بەکەمی هاتووچۆی موسڵ بکەن.

2004-12-06 ئەمڕۆ و دوێنێ: چەند هێرشێکی تیرۆریستی کرایە سەر بارەگاکانی یەکێتی و پارتی لە موسڵ، بەڵام هیچ زیانێکی ماڵیی لێنەکەوتەوە.

2004-12-07 تیرۆریستە عەرەبەکان لە شاری موسڵ 2 کڵێسەی دیانەکانیان تەقاندەوە و چەند کەسێکیش بریندار بوون. شایانی باسە لەم ساڵەدا دەیان کڵێسە لە شاری موسڵدا کەوتە بەر هێرشی تیرۆریستان.





2004-12-08 عەرەبە تیرۆریستەکان لە موسڵ تەقەیان لە بارەگای ینك کرد و لە ئەنجامدا ئەندامێکی ینك بەسەختی برینداربوو.

2004-12-10 دۆزینەوەی تەرمی غازی سەلیم مزووری بە سەربڕدراوی لە موسڵ، نێوبراو پێش چەند ڕۆژێك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە لەگەڵ کوڕەکەیدا ڕفێندرا بوو.

2004-12-10 تیرۆریستە عەرەبەکان هاوەنێکیان گرتە گەڕەکی قودسی کوردنشین لە موسڵ و بووە هۆی کوژرانی منداڵێك بەناوی عومەر بیلال و برینداركردنی چەند کەسێکی تر.

2004-12-12 لە هەولێر هەوڵی تیرۆرکردنی ئەمین نەجاری بەرپرسی لکی 16ی پارتی درا بە تەقاندنەوەی ئوتومبیلێکی مینکراو لەسەر ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، ئەم تەقینەوەیە بووە هۆی برینداربوونی 2 هاوڵاتی و زیانی ماڵیی کەم. شایانی باسە ئوتومبیلەکە ژمارەی موسڵی پێوەبوو.

2004-12-13 تیرۆرکردنی ئەندازیار محەمەد کەریم لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە، نێوبراو بەڵێندەرێکی کوردی زاخۆ بوو و لە موسڵ کاریدەکرد. هەر لەم ڕووداوەشدا خێزانەکەی برینداربوو.

2004-12-18 دۆزینەوەی تەرمی سەید تەها برادۆستی لە موسڵ، نێوبراو پێش چەند ڕۆژێك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە فڕێندرابوو.

2004-12-18 تیرۆرکردنی محەمەد عەدنان عەزیز ئاغای تەمەن 22 ساڵە لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. نێوبراو خەڵکی شێخان بوو.

2004-12-19 تیرۆرکردنی عەبدوللەتیف حسێن لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. نێوبراو شەبەك بوو و ئەندامی ینك بوو.

2004-12-21 ڕفاندنی 2 هاوڵاتیی کورد لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە.

**وەنەبێت زۆربەی ئەم زانیارییانەم لە راگەیاندنەکانی یەکێتی و پارتییەوە وەرگرتبێت, بەڵکو ئەوان باسی زۆربەی ئەو ڕووداوانەی**

سەرەوەیان نەکردووە و لە ماڵپەڕ و ڕۆژنامە کوردییەکاندا کۆمکردوونەتەوە.

ئەو زانیارییانە هی تا چوار ڕۆژ پێش ئەم نووسینەیە و دیارە هەموو کارە تیرۆریستییەکانیش نییە و من هەر ئەوەندەم بۆ کۆکراوەتەوە. شایانی باسە لە شاری موسڵدا فرۆشتنی ڕۆژنامەکانی خەبات و تەئەخی و ئیتیحادیش قەدەغەیە و هیچ کتێبخانەیەك بۆی نییە بیفرۆشێت, تەنانەت سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەیەوێت لکێك لە موسڵ بکاتەوە عەرەبەکان لێناگەڕێن هیچ هۆڵێك بدرێتە ئەوان بەکرێ تاوەکو دامەزراندنی خۆیان ڕابگەیەنن! . لەبەرئەوەی بەئاشکرا پێیان دەڵێن ئێرە کوردستان نییە و بوونی ئێوە لەم شارەدا پێویست نییە.

دوو ساڵە کورد بە ئاشکرا لە موسڵدا تیرۆر دەکرێت و ئەوەی ئێمە کردوومانە و وەڵامی فەرمیی کورد بۆ ئەو تیرۆرە کە خۆی لە پارتی و یەکێتیدا دەنوێنێت هەر ئەوەیە کە دەڵێن "ئێمە براین". دەمانکوژن ئەوان دەڵێن "کورد و عەرەب برایە". سەرماندەبڕن ئەوان هەر دەڵێن براین. لە هەمووشی سەیرتر هەر کاتێك باسی موسڵ بێتە پێشەوە بێ ئەوەی کەس لێیان بپرسێت یەکسەر دەڵێن "موسڵ شارێکی عەرەبییە"! . من ئەمەم لە زۆریانەوە گوێ لێبووە لە کاتێکدا بۆ کەناڵە عەرەبییەکان وتاریانداوە! . ترسناکیی ئەم وتار و بەرتەکە سیاسییانەی کورد لەوەدایە کە بەناوی هەموو کوردەوە قسە دەکەن و کەسی لێ بێبەری ناکەن. ئەوان بەناوی من و تۆوە دەڵێن موسڵ شارێکی





عەرەبییە. ئەوان بەناوی من و تۆوە پاش هەر تیرۆرێکی عەرەب بۆ کورد دەڵێن کورد و عەرەب برایە..

تێبینیی ڕێژەی کوژرانی ئەو پێنج پۆلیسە تورکە و ئەو هەموو کوردکوژییەی ساڵی 2004ی موسڵ بکە و لەگەڵ بەرتەکی تورك و سەرانی کوردیشدا بەراوردێکی بکە و خۆت بڕیار بدە کە پاشەڕۆژی موسڵ و کورد لە موسڵ و ژیانی کورد لە موسڵدا دەگاتە کوێ؟. ئایا هەردوو پارتی و یەکێتی پێویستیان بەخۆتوندکردنەوە نییە لە موسڵدا و چۆن سووربوون بۆ بەرزکردنەوەی بودجەی کوردستان لە ٪8ەوە بۆ ٪17, ئاواش بیرێك لەو سەدان هەزار کوردەی موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری بکەنەوە! . چونکە لەوانەیە ئەمڕۆ بتوانن چارەسەری کوردە هەڵهاتووەکانی حەویجە بکەن! , ئەی چی لە سەدان هەزار کوردی موسڵ دەکرێت. لەبەرئەوەی برایەتیی کورد و عەرەب جگە لە کوردکوشتن هیچی تری لێوە شین نابێت و ئێمە چەند بڵێین براین ئەوان زۆرتر تیرۆرماندەکەن... واتە لە ئێمەوە برایەتیی زۆر... و لەوانیشەوە تیرۆر.

2004-12-25

# کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکانی ساڵی 2004

کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکانی ساڵی 2004ە و لە هاوڕێنامە وەرگیراوە و لە 83 لاپەڕەی ئەی 4دا و 868 ڕووداوە. لە ڕۆژی 30–12–2004 لە ماڵپەڕی کوردستانێت بڵاوکراوەتەوە.

بڕوانە هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد.





# لیستەی گۆڤار, ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکان

ئەو کەناڵانەی ئەو کورتە لێکۆڵینەوە و وتارانەی تێدا بڵاوکراوەتەوە, ئەمانەن:

- گۆڤاری دڵانپار — فینلاند
- گۆڤاری هەڤۆت — سویسرا
- ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی — کوردستان
- گۆڤاری زوروان — هۆڵندا
- گۆڤاری سیمرغ — بەلژیك
- ڕۆژنامەی میدیا — کوردستان
- ڕۆژنامەی میدیای عەرەبی — کوردستان
- ڕۆژنامەی هەتاو — بەریتانیا
- ڕۆژنامەی جەماوەر — کوردستان
- ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی عەرەبی — بەریتانیا
- ڕۆژنامەی خەباتی عەرەبی — کوردستان
- ڕۆژنامەی خەباتی کوردی — کوردستان
- ڕۆژنامەی بارزان — ئامریکا
- گۆڤاری گوڵان — کوردستان
- گۆڤاری سەربەخۆبوون — کوردستان
- گۆڤاری ڕامان — کوردستان

- ماڵپەڕی کوردستان نێت
- ماڵپەڕی نووسەری کورد
- ماڵپەڕی پاسۆک
- ماڵپەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ماڵپەڕی کوردیش میدیا — بە زمانی ئینگلیزی
- ماڵپەڕی کوردستان نیوز
- ماڵپەڕی دەنگەکان
- ماڵپەڕی کوردستان پۆست
- ماڵپەڕی کلاورۆژنە
- ماڵپەڕی ژننامە
- ماڵپەڕی باخەوان (ماڵپەڕی تایبەتیی نووسەر)
- ڕۆژنامەی ئاڤێستا — کوردستان
- ڕۆژنامەی زادگە — کوردستان
- ڕۆژنامەی باسەڕە — کوردستان
- ڕۆژنامەی ڕۆژی وڵات — کوردستان
- ڕۆژنامەی کۆمەڵ — کوردستان
- ڕۆژنامەی هاوڵاتی — کوردستان
- ماڵپەڕی کۆمونیتای کورد — ئیتالیا
- هەفتەنامەی پەیامی کورد — ئەڵمانیا





# پەڕتووکەکانی نووسەر

1: لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994.

2: پرۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994. چاپی دووەم – هۆڵندا – 1995. چاپی سێیەم – هەولێر – 2002 – لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا — چاپخانەی ئۆفسێتی هەولێر.

3: کوردستان... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە — چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1996. چاپی دووەم — دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس — کوردستان هەولێر — چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە — ژمارەی سپاردن: 91 – 2003.

4: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد — چاپی یەکەم — بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم – زنجیرە (16) – چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

5: ئاڵای کورد – چاپی یەکەم – دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – زنجیرە (117) – سلێمانی – 2001.

6: ڕۆژی شۆڕش یان ڕۆژی تیرۆر – چاپی یەکەم – ئۆکتۆبەری 2003 – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری – ژمارەی سپاردن: 301 – کوردستان – هەولێر.





Hawrê Baxewan

# Uşe Pertewazekan

Sercemî ew utar u kurte lêkolînewaneye ke le nêwan salanî 1995 u 2004da le gowar u rojname u malpere Kurdî u bêganekanî Kurdistan u Henderanda blawkirawnetewe